زنجیرەی
١٦

# پەیامی سیاسی قیبلە

د.عومەر عەلی

٢٠١٨



زنجیرە (١٦)

# پەیامی سیاسی قیبلە

د. عومەر عەلی
٢٠١٨

پەیامی قیبلە

رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتیب: پەیامی سیاسی قیبلە

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (        )ی ساڵی (        )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێش پێشەکی:

گەرچی سیاسەت هیچیش جێگەی گرنگیت نەبێت و کەسێکی سیاسی و حیزبیش نەبیت بەڵام سیاسەت کاریگەری ڕاستەوخۆی لە ژیانی تۆدا هەیە.
گۆڕانکاری و بڕیارە سیاسیەکان پەیوەستی قوڵ و بەرفراوانی لە ژیانی هاوڵاتیاندا هەیە، نابینی زۆر لە نارەزایەتیەکان گشت چینەکانی کۆمەڵگەی تێدایە، تێیدایە نازانێت سەرۆکی وڵاتەکە ناوی چی یە، تێیدایە نازانێت پەرلەمان و حکومەت چ مانایەکی هەیە، تێیدایە هیچ لە سیاسەت سەردەرناکات لە پێشی پێشەوەی نارەزایەتیەکاندا دەبینرێت و لافیتەیەکیشی بە دەستەوەیە، هۆکاری ئەوانە چین؟ بڕیارێکی سیاسی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانیدا دروستکردووە، بەلایەوە گرنگ نی یە کێ سەرۆکەو کێ بەرپرسە، بەڵام دەبینێ موچەکەی نادرێتی و منداڵەکانی چاویان لە دەستی ئەمەوەیە، ئەمیش بەبێ ئومێدی دەگەڕێتەوەماڵەوە بە دەستی خاڵی! تێدەگات کە چی بەسەرهاتووە! بەلایەوە گرنگ نی یە کورسیەکان چۆن دابەشکراوەو کێ زۆری بەرکەوتووەو بە چ کەسانێك پڕکراوەتەوە بەڵام دەبینێ ئەم بە ڕەنجە شانی خۆی پارەیەك

بە هەزار گولە مەرگی دەردەهێنێت دەبێت بەشێکی زۆری ئەم داهاتە بچێتە گیرفانی ئەوانەی کە لە ژیانیاندا نازانن کارکردن چۆنە.
لە ژیانیدا هیچ بەشداری کاری سیاسی نەکردووە، بەڵام دەگیرێت و بە تۆمەت یان بە هەڵە، ساڵانێکی تولانی لە زینداندا بەڕێ دەکات لە دوایدا یان بە داوای لێبوردنێك یان هەندێك جار بە سیناریۆیەك دەیکوژن و لەناوی دەبەن، بەهۆی ئەم کارەساتەوە کۆمەڵێك خانەوادە سەراپای ژیانیان دەبێت بە جەهەنم لە کاتێکدا نازانن ئەلف و بێی سیاسەت چی یە.
یان سیاسە دەکات وەك هاوڵاتیەك و بە مافی خۆی دەزانێت بەڵام باجێکی گەورەیی ئەو بوارە دەدات هەر بەهۆی سیاسەتی هەڵەوەو وەك هاوڵاتیەکی سیاسی مافێکی زۆری دەخورێت.
لە دائیرەیەکدا فەرمانبەرەو هەموو ڕۆژێك بە ڕێك و پێکی کاری خۆی ئەنجام دەدات و ڕۆژ بە ڕۆژ دەژمێرێت تا سەری مانگ دێت بەڵام سەری مانگ مافەکەی پێ نادرێت، ساڵ بە ساڵ بە نارەحەتی تێپەڕ دەکات و نزیك دەبێتەوە لەوەی خانەنشین بکرێت بەڵام بە بڕیارێکی سیاسی ٥ ساڵی تری خزمەتی بۆ زیاد دەکرێت! دواتر هەرچۆنێك بێت بەڕێ دەکات و ئیتر شەکەتی تەواو تینی پێ هەڵچنیوەو کۆمەڵێك نەخۆشیشی لەگەڵدایە تا خانەنشین دەبێت کەچی بە بڕیارێکی تری سیاسی موچەکەی ئەوەندە کەم دەکرێتەوە بەشی تەنها دەرمانەکانیشی ناکات، چ جای بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵی! بەو تەمەن و نەخۆشیانەشەوە.
کابرا هیچ هەتا بۆچونێکیش لە بواری سیاسەتەوە نادات بەڵام بەهۆی کێشەی سیاسیەوە ماڵەکەی کەوتووەتە زۆنێکەوە کە بیەوێت سەر لە خزمێکیشی بدات لە زۆنەکەی تردا لە بازگە جێگەی گومانی گەورەیەو بە هەزارحاڵ تا تێپەڕێت و زۆرجار بگەڕێندرێتەوەو هەتا هەندێك جار زیندانیش بکرێت و لێکۆڵینەوەی

**لەسەر بکرێت.**

**کابرا هەر پێی خۆشە ڕیشی درێژ بکات وەك حەزو ئارەزوویەك کەچی سەدان شەقی خواردووە! نا ئەمە حەتمەن مەرامێکی لە پشتدایە هەر بەهۆی سیاسەتەوە.**

**کابرا باوەڕی وایە ڕیش و سەرپۆش بەشێکە لە بیروباوەڕەکەی و ئەمیش هەڵگری ئەو باوەڕەیەو تەنها لە نێوانی خۆی و خوای گەورەدایە کەچی تێکەڵ بە سیاسەت دەکرێت و لە زۆر ماف بێ بەش دەکرێت، وەك دامەزاردن و خوێندن و زۆر شتی تر.**

**کابرا هەر ئەوەندە پێی خۆشە لە مزگەوت نوێژەکانی بکات کەچی بەهۆی سیاسەتەوە تۆمەتبار دەکرێت و لەناو کۆمەڵگەدا سوك دەکرێت بە تاوانێك هەر خەبەریشی لێی نی یە.**

**پێی خۆشە جلێك بپۆشێت کە ئارەزووی لێی هەیە دەبینی جێگەی سەرنجەو ڕێگری لێ دەکرێت و زۆرجار شەقی گەرمیشی لەسەرخوراوە.**

**هەموو ئەوانەی سەرەوەو وە زۆر نمونە گەلی تر کە تۆی خوێنەر لەگەڵ وروژاندنی ئەم باسەدا بێگومان زۆر شتی تر بە خەیاڵتدا دێت، کە زۆرجار بە نووسین نە تەواو دەبێت و وە نە ئەتوارنێت هەمووی ئاماژە پێ بکرێت.**

**دەگەین بە چ لەم وروژاندنەدا؟ ئەوەیە کە سیاسەت کاریگەری گەورەو گرنگ و قوڵی لە ژیانی گشت تاکێکدا هەیە ئیتر جیاوازی نی یە لەوەی کە تۆ کەسێکی سیاسی بیت یان سیاسەتت پێ هەرچۆن بێت.**

**ئەم کایە گرنگە چوون پەیوەندی و پەیوەستی تەواو و فراوانی لە ژیانی تاك و کۆمەڵگەکاندا هەیە ئیسلامیش هاتووە وەك کۆتا پەیامی ئیلاهی بۆ ڕێکخستنی، یان بە شێوەیەکی تر بۆ دامەزراندنی پایە هەرە گرنگەکانی ئەم کایە گەورەیە.**

**ئەوانەشی کە وەك فکرو ئایدۆلۆژی وەیان وەك حەزو ئارەزوو وەیان وەك هەر**

جۆرە بیرۆکەیەکی تر کە دژی ئیسلام دەوەستنەوەو سنورداری دەکەن ئاگایان لە دەقە شەرعیەکان یان نی یە وەیان خۆیانی لێ گێڵ دەکەن.
ناکرێت ۳۰ جوزئی قورئان کە ۱۱٤ سورەتەو پڕیەتی لە ئەحکام و یاساو ڕێساو ڕێنومایی هەمووی هەر لە نوێژو چەند عیبادەتێکی تردا کۆکرابێتەوە، وەك ئەوانەی هەردەم دەڵێن ئیسلام نێوانی خۆت و خوایە! ئەی ئەگەر تۆ قوتی منت بڕی و تۆ باوەڕیشت بە خوا نی یە من هانا بۆ کوێ بەرم؟ هەڵوێستی من لێرەدا چ بێت کە داوای مافی خۆم بکەم تاوانبار نەکرێم بەوەی کە من کەسێکی سیاسیم! هەر لەبەر ئەمەیە ڕقتان لە ئیسلامە کە یاسای توندی بۆ دز داناوە.
ئیسلام هەر ئەو ئیسلامەیە کە لە دەقەکانیەوە دەناسرێت و بە ڕوونی ئاشکراو زۆر بە شەفافی لە قورئاندا ئەحکامەکانی چەسپیوە، بە هەزار ساڵ حوکمیشی کردووە لەسەر زەویدا، کەچی چەندین ناوی بۆ دادەتاشن، هەر ئەوەندەی هەڵوێستێکت هەبوو لەسەر چەمکێکی سیاسی وەیان زۆرجار هەر ئەوەندەی داوای مافێکی خۆت بکەیت وەك ناو ناتۆرە! ناوی ئیسلامی سیاسیت لێ دەنێن.
دەبینی هەرکەس هەر جۆرە بیرکردنەوەو باکگراوندێکی هەبێت مافی بەشداری سیاسەتی هەیەو جێگەی تێبینیش نی یە! بەڵام هەر ئەوەندەی مۆرکێکی دینیت پێوە بێت گەر باکگراوندێکی پاك و پرشنگداریشت هەبوو بێت کەچی کارەکەت لێ سنوردار دەکەن و هێمای پرسیاری گەورەت لەسەر تۆخ دەکەنەوە.
کورت و پوخت، زۆرینەی کۆمەڵگەکان بە تایبەت دواکەوتووەکان زیاتر لەسەر ڕووکەشی کارەکان بڕیار دەدەن و لە ژێرناوی سیاسەتدا ستەمێکی زۆر لە چینێکی نوخبەی بە توانای کۆمەڵگەکەی خۆیان دەکەن بەهۆی فکرو ئایدۆلۆژیەوە، وە لە لایەکی ترەوە کارەکانیان گشت کۆمەڵگە باجی گەورەی لەسەر دەدات.
ئیسلامیش هاتووە بۆ ڕێکخستنی گشت پەیوەندیەکان، پەیوەندی نێوانی

مرۆڤ لەگەڵ خوای گەورەدا، ڕێکخستنی مرۆڤەکان لە نیوان یەکتردا، یاسا قورئانیەکان و عقوباتەکانیش کە لە قورئاندا چەسپیوە زیاتر لەسەر ئەو گرفتانەیە کە لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبێت، کەسێك ماڵی کەسێك دەبڕیت و ڕەنجی چەند ساڵەی لە شەوێکدا دەخوات، کەسێك بە ناحەق خۆشەویسترین کەست دەکوژێت، کەسێك هەڵ دەکوتێتە سەرت و دەتکوژێت و ماڵەکەشت دەبات، کەسێك چ دەکات و کەسێکی تر چ دەکات... لە بەشی پەیوەندیە مرۆییەکاندا ئەوسا دەبێت یاسا هەبێت بۆ ڕێکخستنی ئەم پەیوەندیانە، چ جای ئەو یاسایەی کە ڕێکخراوە بە دەستی کەسانێکەوە بن خاوەنی ئەو خەسڵەتە پیسانە بن!

# پێشەکی

ئەم پەرتوکەی کە لە بەردەستدایە بریتیە لە کۆمڵێك چاوپێکەوتن و وتارو لێکۆڵینەوە.
چاوپێکەوتنەکان دوو بەشن:
بەشی یەکەم: ئەوانەن کە قیبلە ڕێکی خستووە و لەگەڵ کەسانی جۆربەجۆردا تۆماری کردووە، وەك هەڵوێست و بەدەرخستنی ئەو کێشە سیاسیە کەڵەکەبوانەی لە باشووری کوردستانداو لە ژێرناوی حکومەتی هەرێمدا لە هاوڵاتیانی دەکرێت.
بەشی دووهەم: ئەو چاوپێکەوتنانەیە کە لەگەڵ قیبلەدا کراوە لەسەر ستەم یان پەیوەست بە دۆخە سیاسیەکانەوە.
بەشێکی تری ئەم پەرتوکە وتاری ڕۆژانەیە کە لە گۆڤار و سایت و جێگە جیاوازەکان بڵاوکراوەتەوە، یان لە کۆبوونەوە جەماوەریەکاندا پێشکەش کراوە، وەیان ئاراستەی کەسانی سیاسی کراوە، تەنها گوڵبژێری ئەوانەمان کردووە کە دەکرێت سودبەخش بێت بە بەردەوامی، زۆرینەی بڵاوکراوە سیاسیەکانمان کە بڵاوبووەتەوە نەخستۆتنە دوو توێی ئەم پەرتوکە ئەوەی کە زانیومانە سود بەخوێنەر ناگەیەنێت و زیاتر لەسەر بابەتێکی دیاری کراوی ڕۆژەوە بووە.
بەشێکی تری لێکۆڵینەوەیە کە پەیوەستە بەو دۆخانەی کە خولقاوەو پەیوەستن بە سیاسەتەوە.
هەوڵمانداوە بابەتیانە هەمووی ڕوون بێت و بەپێی گونجانی بابەتەکان یەك لە دوای یەکەوە بێن و دواتر سەرەتاو کۆتاییەکەی گرێ بدەین بە یەکەوە.
هیوادارین ئەم پەرتوکە خشتێك بێت لەو خشتانەی کە بەکاردێت لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خاوەن باوەڕو تەندروستدا.

د عومەر عەلی

# د.کەمال میراودەلی:
# دەستەڵاتی بنەماڵەی بەسەرچوو



میراودەلی: مەسئولێکی مەکتەب سیاسی حیزبێك ووتوویەکی ٢٠٠ ئافرەتم دامەزراندووەو لەگەڵ هەمووشیان ڕامبواردووە.
ماموستای ئاینی وا دەزانم بە قەدەر سەد ڕۆشنبیر ڕۆشنبیر ترە، وە کەسی واش هەیە بەناوی ڕۆشنبیرەوە بەقەدەر نیو مەلا ڕۆشنبیر نی یە.
٢٠٠ خانەی لەشفرۆشی بۆچیٚ؟
ئافرەتی وا هەبووە بۆ فەردەیەك ئارد ناچاری لەشفرۆشی کراوە
٥٠٠٠ کورد لە بەریتانیا لە زینداندان خەتای کیٚ یە؟
ڕزگار شاوازی: بێگومان ڕاپەڕینی جەماوەری تەنها چارەسەرە
لە کۆڕێکی سیاسی گشتیدا ئەمڕۆ یەك شەممە ٢٠١١/٠٢/١٣ کە لەلایەن ڕێکخراوی کۆمەڵگای کوردیەوە ڕێکخرابوو لە شاری بێرمینگهام-بەریتانیا، دکتۆر کەمال میراودەلی تیشکی ووردی خستە سەر دەستەڵاتی بنەماڵەیی و بەسەرچوونی ئەو سیستمە بەناونیشانی.

پاشەڕۆژی دەسەڵاتی بنەماڵەیی لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان ڕاپەڕینەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وبەیاننامەکەی گۆڕاندا.
ئەوەی کە کوردان زۆر پێوەی دەناڵێنن نەبوونی حوکمڕانیەکی گشتگیرە، بەشێوەیەکی وا گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە سوودی لێ وەرگرن، هەر بوارێکی پێویستی هاوڵاتیان چاو لێبکەین کەلێنی گەورەی تێدا بەدی دەکرێت، هەر هۆکاری ئەو کەلێنە گەورانەیە کوردانی پەرتەوازە کردووەو هەستی نەبوونی باوکێکی دڵسۆز لە ناخی هەموو کوردێکدا چەقی بەستووە.
ئەگەر لە ئاستی دەرەوەش وەك ڕەوەندی کوردی بڕوانین ئەوا پەرتەوازەییەکی گەورەتر لەناو کورداندا هەیە، بەشێوەیەکی وا هەوڵەکان گەرچی وەك تاك کەسی کاراو ئەکادیمی و دڵسۆز بە وولاتیش هەبن، بەڵام لەبەر دابەشکردنی ڕەوەندی کوردی بەسەر حیزبدا هەوڵەکان بە ئاکاری لاوەکیدا ڕۆشتوون و سودەکانیان بە بەرژەوەندی میللەتدا نەشکاتەوە، بەم شێوەیە ئەوەی لێ وەردەگیرێت سوود لە ئەزموونی گەلانی تر وەرنەگیراوە، وەك میراودەلیش ئاماژەی پێکرد لە ووتارەکەیدا "هەتا وولات بەسەر چەندەها بەشدا دابەش کراوە" وەك دابەش بوونیان بەسەر حیزبداو بە حیزبی کردنی خەڵکی و بەهەدەردانی هەوڵەکانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، بەشێوەیەك لە شێوەکان کوردانی کوردستان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە چوارچێوەیەکی نادیاردا دەیان سوڕێننەوە، میراودەلیش "کوردستانی بە زیندانیەك ناوبردوو قفڵەکەشی بەدەستی چەند کەسێکی دیاری کراوەوە" ئەمەش ڕاستیەکەو هەرکەس بدوێنێت ڕاستەوخۆو بەبێ بیرکردنەوە ناوی ئەو کەسانەش دەبات، لەهەمان کۆڕدا دەست بۆ ئەوەش ڕاکێشرا کە دەستەڵاتدارانی کوردستان وێنای ڕاستی خەڵکیان نەکردووە، گەرچی خۆشیان بە هەڵبژاردندا هەڵ بدەن و زۆرینەی دەنگەکان بۆ خۆیان بگەڕێننەوەو بەرگی سیاسی و شەرعی بەبەردا بکەن، میراودەلی ئەوەشی

ووت” ئەگەر بێت و ڕاپرسی لەناو خەڵکیدا بکەیت زۆری دەڵێ حکوومەتی بەعس لەمانە باشتر بوون” ئەمەش خۆی بۆ خۆی دژایەتی لەسەر ئەنجامی دەنگدانەکان دروست دەکات، ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی دادگەری و بەبێ هەبوونی ساختەکاری هەڵبژاردن بکرایە ئەوا ئەم حکوومەتەی ئێستە هەیە وەیان ڕوونتر بڵێین یەکیەتی و پارتی ئەو دەسەڵاتەی ئێستەی نەدەبوو، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوەی ئێستە هەیە شەرعیەتی ڕاستێتی نی یەو بەیاننامەکەی گۆڕانیش لە جێگەی خۆیدایە، میراودەلیش بەیاننامەیەکی لەو شێوەیەش بەمافی بزووتنەوەکە خۆیانی ناوبرد هەرچەند ڕەخنەی توندیشی لەسەری هەبوو، وەك لە بەشێکی تری ووتارەکەیاندا بڕوای خۆیان لەسەری دا کە ئەو بەیاننامەیە زیاتر لە پێنج کەس نەیبینووە!، ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆش میراودەلی لەسەر هەڵوێستە وەرگرتن پێی باش بوو بۆ هاوڵاتیان جێ بهێڵرایە، نەوەك بەسەر لایەنێکدا ساغ ببێتەوەو ئەو دابەشبوونەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ئەو هەوڵەش ئەحزەبە بکرێت، لە وەڵامی پرسیارێکیشدا لەسەر خۆ هەڵبژاردنەوەی دکتۆر کەمال بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ووتیان ” ئەگەر بێت و ساختە نەبێت ئامادەم ئەوەی گەل پێویستی پێی هەبێت بیکەم“ ڕاستێتی هەبوونی ساختەکاری فراوان دەردەخات کە میراودەلی لەناو واقعەکەدا بووە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە میراودەلی ئەرکێکی مێژووی کەوتووەتە سەر هەروەك زۆرێك بە سەرۆکی شەرعی ناو دەبات بە تایبەت لەو ناوچانەی کە میراودەلی دەنگی یەکەمی بەدەست هێنا.

ناوەرۆکی ووتارەکەی میراودەلی بەشێوەیەکی ووردوو ئەکادیمی هێمای بۆ گشت لایەنەکانی ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان تێدابوو، کە دەستەڵاتی بنەماڵەی قۆرخیان کردووە بۆ خۆیان و سوودەکانی بۆ باخەڵکی چەند کەسێکی دیاری کراودا دابەش دەبێت، بەلاشیەوە سەیر بوو کە بۆ دەستەڵاتداران سوودیان

له مێژووی ڕابردوو وەرنەگرتووە، نموونەی شای ئێران و چەند کەسێکی تر میراودەلی لە ووتەکانیان بەبیری ئامادەبوانیدا دەهێنایەوە، ئەگەر بۆ مێژووی ڕابردوو بگەڕێینەوە نموونەی زۆر زیاتری لەوەش تێدایە کە میراودەلی دەستیان بۆ ڕادەکێشا، جگە لە ئەزموونی تازەو گەرم کە لە بەردەستدایە بینیمان چۆن حسابەکانی سەرۆکی دەرکراوی تونس و میصر بلۆك کران، ئەمەش ئەو پەندە کوردیە بەبیر دەهێنێتەوە کە دەڵێ: ماڵی نەخۆر هی بخۆرە، ئەو سەروەتە زۆرە لە دەمی هاوڵاتیان دەگیرایەوەو بەنکەکانی ئەوروپای پێ پڕ دەکرا، لە کۆتایدا بوو بە مایەی حەیا چوونی خۆشیان و بەدەرکەوتنی سامانەکانیان بە فەرمی لەلایەن ووڵاتانەوە، ئەمەش پەیامێکی زۆر گەورە لە پشتیەوە خۆی حەشاردراوەوە بە گوێی هاوشێوەکانیدا دەچرپێنێت و دەڵێ: گەرچی ئەو پارانە لای هاوڵاتیان بە موڵکی دەوڵەت پەردەپۆش دەکرێت ڕۆژێك دێت ئەو حکوومەتە ئاشکرا ببێت کە تەنها کەسێکە وەیان چەند کەسێکە، هەربۆیەش قبوڵ نەکردنی ئەو زوڵمە گەورەیە لەلایەن خوای گەورەوە کە عەرەبانە چیەکی برسی دەکاتە هۆکار بۆ لەناو چوونی ئەو ستەمکارانە، ئەو پارەی لە دەمی هاوڵاتیانی برسی دەگیرێتەوە تەنها یەك کەسی برسی دەکاتە دروستکردنی شۆڕشێکی سپی بەرانبەر دەستەڵاتێکی ڕەش.

هیچ لایەنێکی گرنگی ژیانی هاوڵاتیان نەبوو میراودەلی ئاماژەی پێ نەکات، گشت چینەکان بەبێ جیاوازی، منداڵ، ژن، کاسبکاران، توێژی گەنجان، لایەنی دینی و مامۆستایانی مزگەوت، ڕۆشنبیران، بە دەزگایی کردنی گشت لایەنەکان، هەر خاڵێك کە بەبیردا بێت و ئاماژەی پێکرابێت میراودەلی نموونەی واقعی و زیندووی لەسەری دەهێنایەوە.

منداڵان چینێکی بێ دەستەڵاتن و دەستەڵاتداران هۆکارێك بوون بۆ دوورکەوتنەوەیان لە خوێندن بەهۆی بژێووی خێزانەکانیانەوە.

ئافرەتان یاریان پێ دەکرێت و خۆ سوتاندنیان بۆ ئەستۆی دەستەڵات دەگەڕێتەوە، میراودەلی ڕاشکاوانە ووتی" مەسئولێکی مەکتەب سیاسی حیزبێك ووتوویەکی ٢٠٠ ئافرەتم دامەزراندووەو لەگەڵ هەمووشیان ڕامبواردووە" بەڵام ئاماژەی بەناوی کەسەکەو حیزبەکەی نەکرد، هەتا ئەوەشیان ووت" ئەوەندە باکیشیان لەو بێ ئەخلاقیە نی یە وەك نوکتە دەیان گێڕنەوەو شانازیشی پێوە دەکەن".

لەسەر کاسبکاران و هەژاران میراودەلی بێ تاقەتی خۆی دەردەبڕی لە حاڵیان " کە سەیریان دەکەیت بەزەیت بە حاڵیاندا دێتەوە" وەك میراودەلی ووتی.

چی نەما حیزبەکان بە گەنجانی ووڵاتی نەکەن، نموونەی سەردەشت عوسمان و ئاستی زانستی زانکۆکان و یاری کردن بە ئاستی ڕۆشنبیریان و بەکارهێنانیان لەژێر سێبەری میدیای حیزبیدا جگە لە شەڕی ناو خۆو چەندەها شتی تریش.

لەسەر مزگەوت و کێشەی نێوان ڕۆشنبیران و مامۆستایانی مزگەوت دکتۆر میراودەلی زۆر بە ووردی جەختی کردە سەری و تانەی گەورەشی لە دەستەڵاتداران گرت لەسەری، بەڕیزیان ووتیان" مامۆستای ئاینی وا دەزانم بە قەدەر سەد ڕۆشنبیر ڕۆشنبیر ترە، وە کەسی واش هەیە بەناوی ڕۆشنبیرەوە بەقەدەر نیو مەلا ڕۆشنبیر نی یە" پۆلێن کردنی مامۆستایانی ئاینی و ڕۆشنبیران بەسەر ئەو دووبەشەدا ئەویش هەڵەیەکە هەر حکوومەت لێی بەژدارە، چونکە ڕۆشنبیری هەر بە نووسین و شیعر نی یە ئایا بە ئاگاهێنانەوەی خەڵکی و هەوڵەکانی مامۆستایانی ئاینی ئەوە ڕۆشنبیری نی یە؟!، جگە لەوەی چەندەها مەلا شاعیرو نووسەریشمان هەیە، تانەکەی میراودەلیش ئەوە بوو " هەر ڕۆژەو دەستەڵاتداران شتێك دێننە ئاراوەو خەڵکی پێ سەرقاڵ دەکەن و شتی تریان پێ لەبیر دەبەنەوە، بڕواشی وابوو میراودەلی کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان مەلای هەڵناوە بۆ ووروژاندنی ئەو مەسەلە، هەربۆیە میراودەلی

پێی وابوو دەبێت ئەم سیستمە لەسەرەوە بگۆڕێت چونکە ناکرێت هەر ڕۆژەوە کێشەیەك بێتە ئاراوەو ساحەی کوردی بێ سەرقاڵ بکرێت" میراودەلی نێهنی ئەو شڵەژانەشی ئاشکرا کرد کە بۆ خۆ نیشاندانەکان دژی دەستەڵات بوو لەسەر شەهید کردنی سەردەشت عوسمان و تووڕەکەی خەڵك لە دژ هەندێك جاش و دەست سوور بە خوێنی کوردان کە لە ژێر دەستەڵاتی ئەواندا بوو.

هەندێك خاڵی زۆر گرنگ کەوا هۆکاری گرنگن لەسەر گۆڕانکاری کۆمەڵگە کە ئەویش میدیایە میراودەلی بە ووردی شیان کردەوە، کەوا دەستەڵاتداران و هەتا حیزبەکانی ئۆپۆزیسۆنیش بە چاکی بەکاریان نەهێناوەو لە بەرژەوەندی حیزبیدا بەکار هاتوون، ئاماژەی سنورداریێتی ئەو میدیایانەی کردوو، سانسۆر خستە سەری دەنگی دەرەوەی ئەو حیزبانە، ئەوەشیان ووتن کە بۆ ئێستە ئەم کۆڕە بۆ نموونە نەگاتە خەڵك، وە ئامادەبوانیشی هاندا بۆ هەنگاونان بۆ دروستکردنی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی گشتی، نموونەی کەناڵی الجزیرەی هێنایەوە کەچۆن لە گەڵ خەمی خەڵکیدایە، هەتا کە لە ئەمەریکاشەوە سانسۆر خراوەتە سەری خەڵکی لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە وەری دەگرێت، ڕەخنەی لە کەناڵی کەی ئێن ئێنیشی گرت کە چاوەڕێی گەورەیان لێی هەبووە وەك الجزیرە بەڵام بەداخەوە کەوا دەرنەچوو، کەناڵی سپێدەو پەیامیش بەهەمان شێوە تەمسیلی حیزب دەکات وەك لەوەی هی گەل بێت.

دەسەڵاتداران هەرچی ڕێگە هەیە گرتوویانەتە بەر لەپێناو مانەوەی خۆیاندا، گشت دامو دەزگا حکوومەیەکان بەناوی حکوومین و بە کرداری حیزبین، وەك میراودەلی ڕاستێتی ئەو لایەنەی خستە ڕوو ووتی " لە فەڕاشیەوە تا وەزیری دەبێت پشتگیری حیزبیت پێ بێت" هەر لەسەر پشتگیری حیزب دکتۆر کەمال زیاتر دواو ووتی" کەسی وا هەیە بڕوانامەی ناوەندی هەبوو ماستەریان بۆ دەرهێناوە کردوویانە بە مامۆستای زانکۆ، لە کاتێکدا کەسێکی تریش کە لە

دەرەوە بە ڕەنجەشانی خۆی و هەوڵی نە پسانی دکتۆرای بەدەست هێناوە وەلا دەخرێت" نموونەی ئافرەتێکیشی هێنایەوە کەوا میردەکەی شەهید بووە کە ڕۆشتووە داوای موچە بڕینەوەی بۆ کردووە مەرجی حیزبی بوونیان لەسەری داناوە!" ئەو پارەیەی کە مافێکی ڕەوای ئەو میللەتەیە بەو شێوەیەو وەك سواڵ بە خەڵکی دەدەن، میراودەلی لەسەر لەسەدا حەقدەکەش ووتی بەلانی کەمەوە لە سەدا دەی بۆ خۆیان دەبەن" ڕاستی ووتووە ئەو شاعیرەی کە دەڵی: بۆ ئێمە بە ڕبەیەو بۆ خۆیان بە خەرمانە.

هەر لەسەر هەمان تەوەری بەکارهێنانی مادەی بۆ داگیر کردنی تواناو بیری خەڵکی، میراودەلی بە کۆیلایەتی بوجە ناوی برد، وەها ئاماژەشی بە حیزبەکانی ئۆپۆزیسۆنیش کرد کە کۆیلەی بودجەن، لەسەر دەعوەتێکی میراودەلی لەلایەن کارمەندێکی دەستەڵاتەوە لەسەر کارەکەی لابراوە وەك بە نموونەیەکی ڕاستی بۆ ووتەکان هێنایەوە.

میراودەلی باسی ئەوەشیان کرد مادە بووەتە هێزێکی گەورە بۆ پەرتەوازەکردنی ناوماڵی کوردی و نموونەی هەڵوێستێکی قادر عەزیزی بەرانبەر دەستەڵات هێنایەوە کە لە دژیدا سەرکردایەتی ئەو حیزبەیان لێ هەڵگەڕاندنەوە بە هێزی مادە.

لەسەر بە حیزبی کردن کارەکان میراودەلی زۆر بە سەرسوڕمانەوە دەستی بۆ کارەکانی دەستەڵات ڕادەکێشا کەوا هیچ لایەنێکی ژیان نی یە کە بەرگی حیزبی بە بەردا نەکرابیت، هەتا تیپێکی بچوکی تۆپانیش، وەگەر کەسێکیش لەسەر کارێك ئامادەی ژێرباری حیزبایەتی نەبێت ئەوا تووشی ڕێگری و سزای سەخت دەبێتەوە وەك میراودەلی نموونەی کۆمەڵێك کەسی هێنایەوە کە ڕادیۆیەکی ئازادیان دامەزراندووە دەستەلاتداران ستەمی توندی جەستەییان کردووەتە سەریان، بە حیزبی کردن کردوویانە بە چەکێکی گەورە بەرانبەر

هاوڵاتیان، ئەوەشیان ووت بە سەدان دکتۆرای حیزبی بە خەڵکی دراوە.
لەسەر بەرژەوەدنی گشتی و بەکارهێنانی ئەو ٢٠٠،٠٠٠ پێشمەرگەی کە هەیە میراودەلی بە پشتگیریەکی دەستەڵات و حکوومەتی عێراقی ناوبرد، ئەوەشیان ووت ئەگەر وا نی یە بۆ هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو بەرانبەر تۆپبارانی سنورەکان، ئەگەر هێز بۆ بەرگری میللەتە".
لە بواری ئابووری و پشتگوێخستنی کارە خۆماڵیەکان نموونەی زۆر واقعی و ووردیان وروژاندا لە کۆڕەکەدا، وەك ووتیان جاران هەولێر بە ماست و دۆی خۆماڵی دەناسرایەوە، میراودەلی نموونەی ئەو کاڵا بەسەرچووانەو دووبارەبوونەوەیان هێنایەوە کەوا دەستی دەستەڵاتدارانی لە پشتە وەگەرنا بۆ بنبڕ نابێت ئەمڕۆ دە تەن خواردنی بەسەرچوو دەسوتێنرێت، دوای مانگێکی تر هەمان کار دووبارە دەبێتەوە، جگە لە بەکارهێنانی مۆری ساختەو بەخواردن دانی سەدان تەنی خواردنی بەسەرچوو بەسەر ئەو میللەتە هەژارەدا کە دەبێتە مایەی لەناو چوونی خەڵك، جگە لە فرۆشتنی بە چەندەها قات و بڕینی باخەلی ئەو گەلە ستەم دیدەیە، میراودەلی ئەوشی ووت " جۆرێك لە دڵە ڕاوکەو بێ متمانەی هاوڵاتیانیش بەرانبەر ئەو خواردنانە دروست بووە" جگە لە کاڵای مادی دەستەڵاتداران بەهەموو شێوەیەك گرنگی بە شتی دەرەکی دەدەن و پشت لە خۆماڵیەکان دەکرێت نموونەی ئەم ڕاستیەشی میراودەلی بەوە هێنایەوە گرنگی دان بە زنجیرە فیلمی تورکی و عەرەبی و جۆر بە جۆری بیانی.
ئەمەش ڕاستیەکی ئاشکرایەو بینرا کە کەناڵی زاگرۆزی سلێمانی فیلمی سێکسی بۆ خەڵکی لێدابوو، میراودەلی نموونە تێکدانی کۆمەڵگەی هێنایەوە لەسەر بەد ڕەوشتی و سنور دانەدان بۆ ئەو مەسەلەو سنوور بەزاندنی بەشێوەیەکی فراوان.
میراودەلی لە هەمان کۆڕدا چەندەها نموونەی مێژووی ڕابردووی هێنایەوە کە

واقع لەناوی بردن و ئیتر ناگەڕێنەوە وەك سیستمی حوكمڕانیەتی شوعیەت، وە دەستەڵاتی بنەماڵەیشی بەهەمان شت چواندوو ووتیان دەستەڵاتی بنەماڵەی ئیتر بەسەرچوو.


لە هەر چەمكە نیگایەكەوە بۆ هەر بوارێكی جۆرێتی حوكمڕانی دەستەڵات بڕوانین چەندەها چیرۆك و داستانی گەورەی لە پشتە لەبەر ئەوە ناتوانرێت بە ووردی چەمكەكان هەمووی دەربخرێت، وە خەڵكیش ماندوو بوون و سەرەنجامیان دەوێت ئا لێرەدا شۆڕشی سپی میسرو تونسمان بەبیر دەكەوێتەوە، میراودەڵی ووتی" ئەو كارە پێویستی بە ئامانجداری و بەردەوامی هەیەو بە عاتیفە ناكرێت، دەستی بۆ تونس و میصریش ڕاكێسا میراودەلی ووتی: با لەوان فێربین، درێژەی پێداو ووتی جەماوەر لە حیزب بێزارە دەبێت هەوڵ بدرێت خەڵكی تورە بكرێت بەرانبەریان و تووڕەییەكان كۆبكرێتەوەو سەرتاسەری بێت، ناوچەی سلێمانی بە بڕوای میراودەلی پێویستی بە شۆڕش نی یەو دەبێت هەولێر بگرێتەوەو بۆ سەری ڕەش حەسر بكرێت، كە بە مەلاین دۆلاری بۆ سەرف كراوەو خەڵكیش برسیە، نموونەی میصری هێنایەوەو ووتی ئەگەرلە هەرشارێكی تری میصر خەڵكی هەڵ بسایە سوودی نەبوو ئەگەر لە قاهیرە نەبێت، هەربۆیە گرنگی گرتنی هەولێری لە پێش زانی و ئەوەشیان ووت كە سەری ڕەش موڵكی باو باپیرانمانە.

سەرۆكەكانی بو موجریم ناوبردوو نموونەی زۆرو جۆربەجۆری لەسەریان دەهێنایەوە، ٢٠٠ خانەی لەشفرۆشی بۆچێ، ئافرەتی وا هەبووە بۆ فەردەیەك ئارد ناچاری لەشفرۆشی كراوە، چەندەها خانەی مەی خواردنەوە بە نموونەی گەندەڵی دەهێنایەوە، هەرچەند میراودەلی گەندەڵی پێ باش نەبوو لە بەكارهێنانی بەرانبەر دەستەڵات و پێی باشتر بوو ووشەی دزو ئەو شتانەیان بۆ بەكار بهێنرێت، میراودەلی لەسەر ڕەوەندی كوردی بەریتانیا ئەوەشی ووت

٥٠٠٠ کورد له بەریتانیا له زینداندان خەتای کێ یه؟.
لێرەدا که دێینه سەر خاڵی کۆتایی ناچارین بڕوامان بەرانبەر بەیان نامەکەی گۆڕان هەبێت هەرچەند بۆچوونی دژ بەیەکیش بەرانبەر ئەو بەیاننامەیە زۆر هەیە، بەڵام بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیەکان بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەبێت ئەو سیستمە بگۆڕدرێت، میراودەلی ووتی نابێت له مەسعود بەرزانی بپاڕێینەوە" دەبێت دەستەڵاتی بنەماڵەی بڕوات.
ئەزموونی ئەم ئۆپۆزیسۆنەش بە جۆرێك له سەرنەکەوتوو میراودەلی باسی کرد وەك ووتی " ئۆپۆزیسۆن نەدەبوو بچێتە پەرلەمان تا مافی تەواویان پێ نەدرایە، ئۆپۆزیسۆن مافی پارەو ئیمتیازاتی شەخسیان وەرگرتووە، ئۆپۆزیسۆن دەترسێت بودجەکەی ببڕدرێت.
میراودەلی گوتی گەنجی ووشیارمان دەوێت، میدیای ئازادمان دەوێت، با هەمووومان هەوڵمان لەگەڕدا بێت، فەیس بووك بەکار بهێنن ئەنتەرنێت و هەر هۆکارێکی تری ڕاگەیاندن گرنگی پێ بدرێت لەناو خۆدا.
ئامادەبوانیش دەستخۆشیان بۆ لەو جۆرە هەوڵە دەربڕی،
ڕزگاری شاوازی: ئامادەبوویەکی کۆڕەکە بۆچوونی خۆی خستەڕوو ووتی" بێگومان ڕاپەڕینی جەماوەری تەنها چارەسەرە، لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا ئەم دەستەڵاتەی هەرێمی کوردستان هەموو کاتێك بە مەزاجی خۆیان هەڵسوکەوتیان کردووە، تەنها جارێکیش گوێیان له ئۆپۆزیسۆن و دەنگی جیاواز نەگرتووە، وە بیرو بۆچوونی نووسەران و ڕۆشنبیرانیان بە هەند وەرنەگرتووە، بۆیە دەبێت تەنها بە ڕاپەڕین ئەم سیستمە بگۆڕین، وە ئامادەی خۆشی لەو پێناوەدا دەربڕی.
بۆچوونەکەی ڕزگار شاوازی لەگەڵ میراودەلیدا یەك دەگرێتەوەو که دەڵێ: نووسین دەستەڵات گوێی بۆ ناگرێت.

له وەڵامی پرسیارێکی ئێمەشدا بەرانبەر میراودەلی ووتی: ئامادەم بەژداری خۆپیشاندانەکان بکەم، لە وەڵامی کەسێکی تریشدا ووتی ئەمجارە لە زاخۆوو دهۆکەوە دەست پێ دەکەم.
محەمەد جەلال: سکرتێری کۆمەڵەی کوردی بوار بەیان نامەکەی گۆڕانیشی بە ئیجابی ناو زەند کرد بۆ خۆ پێشاندان و بەخۆدا چوونەوە.
پشتیوان حەسەن: ئامادەی خۆی بۆ خۆ پیشاندان دەربڕی، ئیدریس صاڵحیش ووتی: بە خۆم و سەیارەکەم و هاوڕێیانمدا هەڵوێستم دەبێت.
بەشێوەیەکی گشتی ڕاوبۆچوونی گشت ئامادەبوان لەگەڵ دکتۆر کەمال میراودەلیدا هاوڕابوون داوای گۆڕانکاریەکی ڕیشەییان دەکرد، وە بە بڕوای زۆر لە ئامادەبوان ئەو کۆڕە هاوشێوەی تا ئێستە لە بەریتانیا نەبووە، هەتا کەسێکی حیزبی کە نەیووویست ناوی ببرێت ووتی: لە کۆڕەکانی ئێمەدا خەڵکی جگەرە دەخواو مەشغوڵ دەبن بە قسەکردن لەنێوان خۆیاندا بەڵام ئەم کۆڕە زۆر بە هێمنی بەڕێوەچوو، ئامادەبوان بە سەرنجەوە گوێیان بۆ مێراودەلی دەگرت بەهۆی سەرنجڕاکێشانی خەڵکی بۆ بابەتەکە کاتەکەی بۆ ماوەیەك درێژ کرایەوە، بەشێوەیەکی تەبای و دۆخێکی ئارام کۆتایی بە کۆڕەکە هێنراو ئومێدی دووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە هەوڵانە لەلایەن ئامادەبوانەوە دەخوازرا، هەروەك چۆن چاوەڕوانی گۆڕانکاری ڕیشەی خێرا بۆ کوردستان خوازرا.
جێگەی خۆیەتی بووترێت دکتۆر کەمال میراودەلی لەم جۆرە کۆڕانە بەردەوام دەبێت و جگە لە بەریتانیا چەندووڵاتێکی تری ئەوروپیش دەگرێتەوە.
سوپاسی ڕێکخەران و بەڕێوەبەرانی کۆڕەکە لەلایەن ئامادەبوانەوە کرا.
ماوەتەوە بڵێین ئەوەی کە باسکرا مشتێك بوو لە خەروارێك و لەکاتی خۆی و جێگەی تردا ووردەکاری تری لەبارەوە دەڵێین.

## میراوەلی:
## داوا دەکەم بەردەوام بن لە خۆ پیشاندان و سارد نەبنەوە، بەم زوانە دەگەڕێمەوە کوردستان.



لە بەردەوامی ئەو زنجیرە کۆڕە سیاسی و ڕۆشنبیریانەی دکتۆر کەمال میراوەلی دەیان بەستێت ئەمڕۆ یەك شەممە ٢٠١١/٠٢/٢٠ شاری نیوکاستلی بەریتانیایی گرتەوە، وەك بەڕێزیان ئاماژەیان پێکرد بەردەوامی دەبێت و حەفتەی ئاینده لە وولاتی سوێدو شاری گۆتنبۆرگ دەبێت، لە نزیکترین دەرفەتدا بۆ کوردستانیش دەگەڕێتەوە، وەك لە وەڵامی پرسیارێکدا بەو شێوەیە وەڵامیان دایەوە.
لە سیمینارەکەدا دکتۆر کەمال میراوەلی تیشکی ووردی خستە سەر گۆڕانکاریەکانی ئەمڕۆی کوردستان و بێ تاقەتی خۆی دەربڕی لەمەڕ ئەو هەواڵە ناخۆشانەی کە بە دەستیان دەگات، وەك کوشتن و لێدان و فڕاندنی برینداەکان لە نەخۆشخانە، بە کارێکی نا مرۆڤانەو دوور لە بەها مرۆڤایەتیەکان ناویان برد، ئاماژەشیان بەوەدا کە دەستەڵاتدارانی کورد نە سوود لە مێژووی خۆیان وە نە لە دەوروبەریان وەردەگرن، دەبوو هیچ نەبوایە ئەو گۆڕانکاریە نوێیانەیان لەیاد بوایە ئەگەری کۆنەکانیش لەیاد کراون.
هەربۆیە بە ووردی تیشکیان خستە سەر گرنگی گۆڕانکاری ئەو دەستەڵاتە موجریم و تاوانکارەو ووتیان ناکرێت هەر ڕۆژەو بۆ شتێك خۆ نیشاندان بکەین،

ڕۆژێك كارەبا، ڕۆژێك ئاو، ڕۆژێك نەخۆشخانە، ڕۆژێك كێشەی نێوان ڕۆشنبیران و مامۆستایان، ڕۆژێك جادەوبان، ڕۆژێك تیرۆركردنی ڕۆژنامەنووس ڕۆژێك... ڕۆژێك...ڕۆژێك...

كێشەكان زۆرن و گرفتەكانیش زۆر لەوە گەورەترە بەو ئاسانیە بكرێت و تەنها ڕێگا چارەسەر كە لە بەردەمدا هەبێت گۆڕینی دەستەڵاتی بنەماڵەی و گۆڕانكاری ئەو سیستمە نا دادگەری و تاك ڕەویەیە.

هەروەك چۆن هەرەسی كۆمۆنیسیمان بینی دەستەڵاتی بنەماڵەیش بەهەمان شێوە دەبێت ببینین و مێژوو بەرەوە پێش دەچێت و ناگەڕێتەوە.

میراوەدەلی لە درێژەی ووتارەكەیاندا زۆر ڕاستیان ووروژاندوو دەستی ڕاستیان بۆ درێژ كرد، گوڵبژێری هەندێك لە ووتەكانی لێرەدا باس دەكەین.

نابێت چیتر تەنها كۆمەڵێك لەسەرەوە بن و بڕیار بۆ خەڵكی بدەن، نموونەی میصر جوانترین و نزیكترین نموونەیە كە لە باوەڕی كەسدا نەبوو بگۆڕدرێت، لە كاتێكدا میصر بە بڕ بڕەی پشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، ئەو دارایەش كە لە قوڕگی ئەو میللەتە هەژارە دەگیرایەوە بە درێژای چەندەها ساڵ بە قەڵەمێك زۆری بلۆك كران و جێگای تێڕامانە بۆ دەستەڵاتدارانی كورد ئەگەر بیری تێڕامانیان مابێت و نووسین و بەدەرخستن و نیشاندانی ئەو ڕاستیانە كاریان تێ بكات.

نموونەی خراپی دەستەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و كوردستان زۆر بە تایبەتی لە ڕووی دارایەوە لە سەدا پێنج بۆ دە بۆ هاوڵاتیان سەرف ناكرێت ئەگەر زۆر چاكیش بن.

ئەگەرچی باسی خراپەو ستەمكاری دەستەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات دەكرێت، بەڵام ئەوەی لە میصردا بە درێژای سی ساڵ دروست بوو لە كوردستاندا بە چەند ساڵێك ئەو ڕیكۆردە شكێنراو ئەو ووڵاتانەشیان لە ڕووی گەندەڵیەوە بەدوای خۆیان خست.


کوشتنی خەڵکی سڤیل و بێ تاوان ئەوە یەکەم جار نی یە لە مێژووی ئەو حکوومەتەدا وەیان ڕوونترو جوانتر بڵێین یەکیەتی و پارتیدا بکرێت، بەڵکو تاوانی زۆر لەوە گەورەتریان ئەنجام داوەو هەر بوارێکی ژیانی هاوڵاتیان لێك بدەینەوە ئەو دەستەڵاتە پاوان خوازە جینۆسایدیان کردووە.
جینۆسایدی جەستەی و لە کوشتنی بە ناحەق دەستی باڵایان تێیدا هەبووە، جینۆسایدی دەروونی دکتۆرەکان ئاماژە بە ڕێژەیەکی زۆر دەدەن و هۆکاری هەندێك لەخۆ کوژیەکانیش بۆ ئەو لایەنە دەرونیە دەگەڕێنەوە، کەوا ئەو دەستەڵاتە هۆکار بوون بۆ جینۆساید کردنی، جینۆسایدی دارایی و ئابووری بستێك زەوی نەماوە بەسەر حیزب و کەسوکارو بنەماڵەدا دابەش نەکرێت و نەك تەنها ئەم جیلە بەڵکو ستەمیان لە جیلەکانی دوای ئێمەش کردووە، کە مافی بە گوێرەی پێویست باخچەی گشتی و ڕەوزەو قوتابخانەیان نی یە، لە سلێمانی قوتابخانەی وا هەیە تەخت کراوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و زەویەکان بەسەر کۆمپانیادا دەبەش کراوە، بودجەشیان دەدەنێ و یارمەتی دەریانن بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانیان و دواتر ئەو خانوانە بە قازانج بە هاوڵاتیان دەفرۆشرێت لە کاتێکدا کۆمپانیاکان هی حیزب خۆیەتی و لەژێر ئەو پەردانەدا بەرگی بریق و باقی بە بەردا دەکرێت.
داگیرکردنی ئەو شۆڕشەی کەوا لە ساڵی ١٩٩١ کە لە سەدا نەوەدوو پێنجی خەڵکی کری و دواتر دابەشکردنی ئەو شۆڕشە بەسەر حیزبدا بۆ پاراستی ئەو حیزبانەش چەندەها شەڕی نەخوازراوو هەتا دەبابەی داگیرکەر هێنرایە پایتەختی کوردستان ٣١ی ئاب.
کوشتنی ڕێژوان یەکەم جار نی یە، ئەوەی جێگەی داخیشە لە تاوانی خۆشیان پەشیمان نین و هەتا بە ئاگایی خۆشیان بەدەر دەخەن بەرانبەر ئەو سیناریۆیە کە لە ٠٢/١٧دا ڕوویدا، وەك نێچیرەڤان بەرزانی و فازڵ میرانی ئاماژەیان پێکرد کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشاوە، دیارە نەخشەکەش بۆ دەست بەسەراگرتنی

کەناڵی کەی ئێن ئێن بووەو هێرشی توند کردنە سەر گردەکە.
لە وەها سیناریۆیەکدا ڕووی ڕوونتری دەستەڵات دەردەکەوێت، وە بەیان نامەکانی حیزبەکانیش عەقڵیەتی حیزبەکان دەردەخات و جێگەی نیگەرانین.
نەخۆشخانەکان دەستەڵاتی دەستەڵاتیان بەسەردایەو ناتوانن ڕێژەی ڕاستی بریندارەکان دەربخەن، جگە لە ڕفاندنی هەندێك لە بریندارەکان کە ئەویش بەناو قبوڵکردنی ڕای جیاوازمان بۆ دەردەخەن.
هێزی ئاسایش و پاراستن و دژە تیرۆرو پێشمەرگە بۆ پاراستنی حیزب بەکار دەهێنن و لە کاتێکدا ووڵات پێویستی بەو هێزانە بووە بەکاریان نەهێناوە وەك ئەوەی لە جەلەولا ڕوویدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هێزەکان دیارە تەنها هێزی حیزبین و بۆ چاوترسان وچەواشەکاری ناو خۆین.
ئەوەی ئێستە فەرمان بۆ خەڵکی دەردەکات سەرەنجامی ئەو بڕیارەی خۆی دەگرێتەوە ئیتر نزیك بێت یان دوور.
پارتی بنکەکانی گۆڕان دەسوتێنێت بە ئەوەی لقی چوار دەڵێ پلان! ئەی ئایە کارەکەی خۆیان چی یە؟
پارتی دەڵێ نابێت تەعەدامان لێ بکرێت، ژیانی ئاسایی بەوە دەبێت ئەم دەستەڵاتە بڕوات و چونکە نازانن یاسا چی یەو دەبوو شەرم بیان گرتایە کە ناوی یاساییان بهێنایە.
لە چ ووڵاتێکدا بەرانبەر بەیاننامە دەبابەی بۆ هێنراوە، پارتی بەو شێوە دڕندانە بەرەنگاری خەڵکی دەبێتەوەو لولەی تفەنگیان تێ دەکات بەرانبەر لقێك، ئەی ئەگەر خەڵکی هەولێر هەڵسێت و بەرانبەر سەری ڕەش بگرن چ دەکەن؟!.
فازڵ میرانی عەلی حەسەن مەجید بیری خەڵکی دەهێنێتەوە.
بۆ دەستی ئێوە نەبڕدرێت کە هێرش بۆ سەر یەکگرتوو کۆمەڵ دەکەن، ٣٠،٠٠٠ پاسەوانی تایبەتی لە سلێمانیدا بۆچی.
کێ میللەت دەکاتە بەر بەرەو بەسەر سۆرانی و بادینی و سلێمانی و هەولێری و

گەرمیانیدا دابەش دابەشیان دەکات.
چ پەرلەمانێکمان هەیە کە یەك یاسا ئۆپۆزیسۆن پێشکەشی کردبێت نەیان هیشتووە تێپەڕێت.
پەرلەمان نەیتوانیووە چاودێری یەك وەزارەت بکات، سامانە سروشتیەکان ڕەدی پەرلەمان دەکاتەوە، چ پەرلەمانێك کە لە مەکتەب سیاسیەوە فشار دەخرێتە سەر ئەندام پەرلەمانەکان، یەك ئەندام پەرلەمانی دەستەڵات وەك ئەندام پەرلەمان کار ناکات، هەق بوو ئەندام پەرلەمانەکان دەست لە کار بکێشنەوە، بەڵام تەنها حاکم ڕزگار نەبێت کەس دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە، پەرلەمان بووەتە خانەیەکی موچە خواردن، کوا ئەنجامی پێداچوونەوەکان، نموونەی خوێنی سەردەشت عوسمان ئایا ئەنجامەکەی ئەوە بوو سەردەشت عوسمان تیرۆریستە؟!.
ئەم جۆرە نیشان دانانە شەڕی ئایدۆلۆژیا نین شەڕی خەڵکە بەرانبەر دەستەڵات و بە ڕوونی دەڵێن ئەم دەستەڵاتەمان ناوێت، دەستەڵات دزن موجریمن، نا دادگەرن تەنها داواکاریمان ڕۆشتنیانە، چونکە تەنها ئەوە بە ڕێگا چارە دەزانن.
تەنها چارەسەر خۆ نیشاندانە تا بۆتان دەکرێت فراوانی بکەن، قوتابیانی خۆشەویست بە جلی ڕەشەوە بۆ قوتابخانە برۆن هەڵوێستان هەبێت تا ئەم دەستەڵاتە لەسەر حوکم بێت سوود لە بروانامەکانتان وەرناگرن، پاشەڕۆژتان نی یە.
داوام لە هێزی ئاسایش و پێشمەرگە ئەوەیە وەك هێزی مصر بن گوڵ بدەن بەیەك بێنە پاڵ هێزی جەماوەر، لە سلێمانی هێزی سلێمانی تەقە لە سلێمانی ناکات پارتی هێزی دەرەکی بۆ بەکار دەهێنن ئەو دەستە ڕێگە پێ مەدەن.
هەولیرو دهۆك زیاتر لە هەموو شوێن ڕقی لە دەستەڵاتە،چەندەها ماڵ داگیر کراوە لە هەولێر، جلی ڕەش نەگۆڕن تا ئەو دەستەڵاتە دەگۆڕن، چ میللەتێك هەیە ٢٠٠،٠٠٠ خەڵکی زیندە بەچاڵ کرابێت و دواتر بەدەستی خۆشی

زیاتر کرابێت، بەردەوام کردنی جینۆسایدکردن سیاسەتی ئەوانە، کوشتن بە چەندەها وەسیلەی جۆراو جۆرا، خواردنی ئیکسپایەر، کارەساتی ئۆتۆمبێل، شەڕی دەرونی و چەندەها جۆری تر کێ هۆکارە...؟
گۆڕان کارێکی باشیان کرد لە بەغداد، دەستەڵات چیان بە سومعەی کورد نەکردووە، بۆ سومعەی کوردیان هێڵاوە.
بۆیە هەرلایەنیك چاو لێبکەین و هەڵوێستەی لەسەر بکەین جگە لە بێ ئەمەلی هیچی ترمان دەست ناکەوێت بەرانبەر ئەو دەستەڵاتە، هەربۆیە گرنگە درێژە بە خۆ نیشاندان بدرێت و هەوڵی فراوانکردنی بدرێت، تەنها چارەسەرەو ناکرێت هەر ڕۆژەو بۆ شتێك خۆ نیشاندان بکرێت، ئەو دەستەڵاتە خۆ هەر دەتان کوژێت دەتان کوژێت با هەندێکی لەپێناو ئەو ئازادیەدا بکوژێت و ببێتە چرا بۆ ئەوانی تر، نەسرەوتن تا سەرکەوتن ... با خەڵکی خۆی لە کۆیلایەتی ڕزگار بکات بەسیەتی کۆیلایەتی موچە، با حیزبەکانیش خۆیان لە کۆیلایەتی بودجە ڕزگار بکەن و بەسیەتی کۆیلایەتی بودجە، هەموو بە یەك دەنگ و بە هاوشان لەگەڵ جەماوەرو بەبێ جیاوازی یەك ڕیزبن و یەك داواکاریتان هەبێت، ئەویش لەناو چوونی دەستەڵات و بنیات نانەتەوەی دەستەڵاتێکی تازەو بەلەبەرچاوگرتنی گشتگیری ئەو سیستمە. من لێرەدا چەند خاڵێك بۆ بەرچاو ڕوونی دەخەمە پێش چاو کە تەنها بەدیل ئەمانەیە کە ناویان دەبەم بە شەش داڵ.
١دەستور.
٢-دادگا.
٣-دیموکراتی.
٤-دادپەروەری.
٥-دەزگای کردن.
٦-دایەلۆگ

# دکتۆر کەمال میراودەلی سێ شەممە کاتژمێر ٥ی ئێوارە دەگاتە فڕۆکەخانەی سلێمانی



میراودەلی: ترسم لە مردن نی یە.

هێشتا خۆ پیشاندانەکانی کوردستان دەستی پێ نەکردبوو دکتۆر کەمال میراودەلی وەك کەسێکی ڕۆشنبیرو سیاسی پێشبینی ئەوەیان دەکرد کەوا ئەم گەردەلولە کوردستانیش دەگرێتەوە، هەربۆیە هەستان بە ڕێکخستن و ئەنجامدانی کۆمەڵە کۆڕو سیمینارێکی یەك لە دوای یەك لە هەندێك شارەکانی بەریتانیاو چەند وڵاتێکی تری ئەوروپی، لە گشت سیمینارەکاندا جەختی ووردیان دەخستە سەر گشت برینەکان و گەورەی و فراوانی ستەمی دەستەڵاتداری بنەماڵەی لە کوردستاندا، هەروەها تیشکیشیان دەخستە سەر ڕێگە چارەکان و چۆنێتی و چۆرێتی بەرنامەدانان بۆ دامەزراندنی وولاتێکی سیستماتکی و دەستووری.

گەرچی هێشتا کۆڕو سیمینارەکان هەر لە سەرەتایدا بوو گەردەلوڵ کوردستانی گرتەوەو گشت گەنجە بە وەفاو جوامێرەکان شەقامەکانیان پڕ کردەوەو هوتافیان بەرانبەر دەستەڵات بە کۆمەڵ دەوتەوە لەگەڵ بەرزکردنەوەی داواکاریەکان لە

چوارچێوەی چەندەها لافیتەی جیاوازو ووتاری جیاوازدا لە بەردەم مەیدانی ئازادی لە سلێمانی و چەندەها جێگەی تری کوردستان، هەربۆیە میراودەلی بۆ پشتگیری داوای هاوڵاتیان و لەم کاتە تەنگانەدا بڕیاری دا بگەڕێتەوە کوردستان و درێژە بە کۆڕو سیمینارەکان نەدات و بیان باتە کوردستان، گەرچی هەوڵێکی زۆریان دا کە زووتریش بگەڕێنەوە بەڵام بەهۆی دەست نەکەوتنی بلیتی فڕۆکەو هەندێك هۆکاری ترەوە بۆ ئەم شی شەممە کە دەکاتە ۰۳/۸ دواکەوت.

لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا دکتۆر کەمال میراودەلی ئەوەی دووپات کردەوە کەوا لەگەڵ مەعاناتی هاوڵاتیانی کوردستاندا دەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی گشت جێگەکانی کوردستان دەکات لەپێناو سەرخستنی داواکاریەکانی هاوڵاتیان و بنبڕکردنی ئەو سیستمە نادارپەروەریەی ئێستە هەیە، بە دیهێنانی سیستمێکی نوێ لەسەر بنچینەی دەستورێکی دیموکراتی کە ماف و ئازادی هاوڵاتیان مسۆگەر بکات، بوونی دادگاو دادوەری سەربەخۆ، کە سکاڵای دادی هاوڵاتیان وەربگرێت، ژیان و ماف و کەرامەتیان بپارێزێ و لە ناهەقیەکان قەرەبوویان بکاتەوە.

شایەنی باسە میراودەلی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جگە لە کۆڕو سیمینارە تایبەتیەکان بەژداریان لە چەند خۆپیشاندانێکیشدا کردووەو پەیامی خۆی بە ڕوونی بۆ ئامادەبوانی خۆ پیشاندانەکان و دەستەڵاتداران ناردووە، جگە لە چاوپێکەوتنی کەناڵی ئەی ئێن بی کە ستۆدیۆکەی لە لەندەنەو بە زمانی عەرەبی پەخش دەکرێت زیاتر ڕوون کردووەتەوە.

ماوەتەوە بڵێین پێویستە هاوڵاتیانی کوردستان پشتگیری لە دکتۆر کەمال میراودەلی بکەن و لە پێشوازی کردنیدا لە فڕۆکەخانەی سلێمانی ئامادە ببن کە ڕۆژی سێ شەممە ۲۰۱۱/۰۳/۰۸ دەکات کاتژمێر ۰۵:۰۰ی ئێوارە.

شایەنی باسە حکوومەتی بەریتانیاو سەفارەتی ئەمەریکا ئاگادارە بە ڕۆشتنەوەی دکتۆر کەمال میراودەلی.

# دکتۆر کەمال میراودەلی گەشتە کوردستان و خۆپیشاندانەکان فراوان دەکات

ئەمڕۆ سێ شەممە ۰۳/۰۸ دکتۆر کەمال میراودەلی و وەفدی یاوەری لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانی یەوە گەشتنەوە کوردستان و لەلایەن هاوڵاتیان و زۆر لە ڕۆشنبیران و دەزگای ڕاگەیاندنەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا.
شایەنی باسە لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا میراودەلی زنجیرە کۆڕو سیمینارێکی لە وولاتانی ئەوروپی سازکرد بۆ پشتگیری لە داوای ڕەوای شەقامی کوردی و ئێستەش بۆ هەمان مەبەست سەردانی کوردستانی کردووە.
میراودەلی لە لێداوانێکیدا ئاماژەی بە گرنگی خۆ پیشاندانەکان و بەردەوامی خستەڕوو لەگەڵ دۆخی هێمنیدا.
جێگەی خۆیەتی بووترێت ئومێدێکی گەورە لە میراودەلی دەکرت کە بتوانێت ئەو ڕچە بشکێنێت کە تا ئێستە وەك هێڵی سور وابووە کە ئەویش خۆ پیشاندانە لە شاری هەولێر.
هەروەك چۆن لە کۆڕو سیمینارەکانیشدا دکتۆر کەمال جەختی لەسەر خۆ پیشاندان دەکردەوە لە هەولێرو فشار خستنە سەر دەستەڵات لە ڕێگەیەوە.
میراودەلی وەك هاوخەمیەکی و بەدەمەوە بوونی هاوزمانانی تەنها بۆ ئەو مەبەستە سەفەری کوردستانی کردووەو بەردەوام دەبێت لەگەڵ هاوڵاتیانداو دەچێتە سەر شەقام.

دکتۆر



# کەمال میراودەلی:
# سیستمی حوکمڕانی بنەماڵەی جارێکی تر نە ئەوروپا قبوڵی دەکات نە ئەمەریکا نە سایکۆلۆجیەن قبوڵ دەکرێت

لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا لە کەناڵی کەی ئێن ئێن دکتۆر کەمال میراودەلی ڕاو سەرنجی لەسەر خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان خستەڕوو.

میراودەلی ئاماژەی بە سیاسەتی بنەماڵەی و قۆرخکردنی دارایی دا لە ڕووی کۆمپانیاوەو سستکردنی بەرهەمی خۆماڵی، وەك نموونەی هەولێری هێنایەوە کە تەنها هەولێر بەس بووە بۆ بەرهەمی نان و ماست و زۆر شتی تر کە ئێستە لە دەرەوە دەهێنرێت.

لەسەر دەستەڵاتی بنەماڵەی و هۆکاری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگا نموونەی تونسی هێناوە کە چۆن دەستەڵاتی بنەماڵەی لەناوچوو گشت سەرچاوە مادیەکانیان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو، وە هەموویان خستبووە خزمەت خۆیان و بنەماڵەکەیانەوە. کوردستانیشی بە لێکچوو لە هەمان وەڵامدا وەسف کرد.

سیستمی کۆمۆنیزمی و لەناوچوونی ئەو ئەو سیستمە بە نموونەی بنەماڵەی هێنایەوە کە چۆن جارێکی تر سیستمی حوکمڕانی شوعیەت ناتوانرێت دروست ببێتەوە بنەماڵەیش بە هەمان شێوە.

سیستمی حوکمڕانی بنەماڵەی جارێکی تر نە ئەوروپا قبوڵی دەکات نە ئەمەریکا نە سایکۆلۆجیەن قبوڵ دەکرێت.

شایانی باسە میراودەلی لە هەمان چاوپێکەوتندا ووتی زۆر گرنگە ئەم شۆڕشە

جەماوەریە بە حیزبی نەکرێت. تیشکی خستە سەر دەستەڵاتی بنەماڵەی کە بە دزی و داگیرکەری حیزبی لە کوردستاندا بە نارەوا خۆی سەپاندووە. هەرچی لایەنی گرنگی ژیان هەیە بە حیزبی کراوە. دەبوایە سیستمێك هەبوایە ئێستە ئەوانی دادگای بکردایە.
ئاماژەشی بە هەندێك لە گیراوەکانی خۆ پیشاندەران داو ووتی ئەمڕۆ کۆمەڵێك گەنج کە بەردراون مانای وا نی یە کە سبەی ناگیرێنەوە، چەندەها کەس لە کەلار و چەمچەماڵ و جێگەکانی تر گیراون کەس پێیان نازانێت. لێرەدا ئەوەی لێ سیاسەتی دووفاقی دەستەڵاتدارانی لێ دەخوێنریتەوە کە ئەو کەسانەی کەوا ئێستە بەر دەدرێن لەبەر کپکردنەوەی خۆ پیشاندەرانە، ئەوەتا کەسانێك کە پێیان نازانرێت بەری نادەن. بە ڕاشکاوی ووتی ئەم دەستەڵاتە هیچ منەتی بە چارەنووسی خەڵك نی یە.
لەسەر فراوانی ستەمی دەستەڵاتدارانی کورد ئاماژەیان بەوەش دا هەتا ستەمیان لە منداڵان کردووەو جێگەی ڕەوزەشیان نەهێڵاوە، دزی و جەردەی بە جەریمە ناو برد لەکاتێکدا چەندەها جێگەی پێویستی بۆ بنیات نراوە.
نموونەی میصری هێنایەوە کە میللەتی میصر داوای لەناوچوونی دەستەڵاتی کرد هەرچی موبارەك ووتی مووچە لە سەدا بیست زیاد دەکەم دەستکاری دەستور چی و چی، بەڵام خەڵکی داوای لەناوچوونی خۆی کرد. لەمەشدا پشتگیری میراودەلی بۆ خۆ پیشاندەران دەردەخات و بە جۆرێك لە جۆرەکان پێمان دەڵێت متمانەتان بەو بەڵێنانە نەبێت کەوا مەسعود بەرزانی دەیدات و ئەویش لێکچووە لەگەڵ ووتەکانی موبارەکدا.
لەسەر گرنگی گۆڕانکاری و دەستوور تیشکی ووردیان خستە سەرو ووتیان ئێمە دەبێت دەستورێکمان هەبێت زۆرترین ماف بە خەڵکی بدات، لە هەموو بوارەکاندا، دەبێت دەستوور مافی ئیش بپارێزێت نەك لە بەر دەنگدانێك لەسەر

کارەکەی لاببرێت، دەبێت دەستوور ئەو شتانە بە جەریمە بکات.
گەلانی وەك فەرەنسا و ئەفریقا و تورکیا ئێستەش شانازی بە دەستوورەکانیانەوە دەکەن، سایکۆلۆجیەتی بنەماڵەی کورد ئەمریکا هەموو کارێکیان پێ دەکات بەبێ ڕێکەوتن.  لەسەر بەدەستێهێنانی گۆڕانکاری و دەستورێکی تازە ووتیان هەر بە پارە دەتوانین جوانترین سیستم لە ڕێگەی خەبیرەکانی دەرەوە دەتوانین دروست بکەین.
ئەو ڕووداوانەی کە تەنها لەم ماوەیەدا ڕوویدا تەنها لە جەنگەڵ دەچێت و لە دەرەوە بەو شێوەیە سەیر دەکرێت.
نموونەی وولاتانی تری ڕۆژئاوای بە بەردەوامی لە چاوپێکەوتنەکەدا دەهێنایەوەو بەراوردی دەکرد لەگەڵکوردستاندا وەك ووتی حاڵەتی لیبیان لە ڕووی مادیەوە زۆر باشە بەڵام دەیەوێت ببێتە بەشێك لە دونیای ئازاد، کوردستان زۆر زۆر شیاوی ئەوەیە کە ئەم تەقینەوەی تێدا بێت.
ڕەخنەی توندی لە پەرلەمان گرت لەوەی کە نەبووەتە کاراکتەرێکی بەهێز، پەرلەمان لە ماوەی ڕابردوودا نەیتوانیووە تەنها یەك پرۆژە یاسای کە لەلایەن ئۆپۆزیسۆنەوە پێشکەش کرابیت جێبەجێ بکرێت، ئەقڵیەتی حیزبی کارەکانی بە حیزبی کردووە هەتا لە پەرلەمانیشدا، دەبوو ئەندام پەرلەمانەکان نەچنەوە ناو پەرلەمان لەمەڕ هەندێك هەڵوێست وەك ئەوەی عەبدوڵای مەلا نووری، شەرمەزاریە پەرلەمانێك کەمال کەرکوکی سەرۆکی بێت بچینە ناوی.
دەبوو خۆ پیشاندانەکان لە هەولێرەوە دەستی پێ بکردایە، وەك وولاتانی تر.
هاوپەیمانی ستراتیجی کاریگەری لەسەر خزمەتگوزاریەکان دروست کردوو، دوو ئیداریەکەش لە ئێستە باشتر بوو، چونکە ئەوسا مونافەسەی کار دەکرا بەڵام بەو ڕێکەوتنە خزمەتگوزاریەکانیشی خنکاند.
خۆ پیشاندان مافێکی ئەوپەڕی سروشتیە، یەکێك لە بریندارەکان لە زمانی

خۆیەوە تاوانبار کراوە لەسەر بەردباران کردن بەڵام ئەوەی بە بیکەیسی کەسی کوشتووە تاوانبار نی یە، بارەگا بۆ میلیشای تێدا بێت، منداڵ هەرچی دەکات دەیکات بۆ بەو شێوەیە ڕووبەڕووی ببنەوە، لە لەندەن منداڵ هێرش دەکاتە سەر ماڵ و سەیارەی مەلیکەکە، ئەم دەستەڵاتە شەرعیەتی نەماوەو دەبێت بڕوات، لە بەرانبەر ووشەدا نان دەبڕێت، کەسێك دەعوەتی منی کردووە نانی بڕاوە، نان بڕین و کوشتن کۆتای پێ هات و قۆناغێکی تازە دروستکردووە بووەو دەبێت دەمووچاوەکانی شاخ بڕوات و حەلێکی وا دروست ببێت چارەسەری ڕیشەی دروست بکات.
شایەنی باسە دکتۆر کەمال میراودەلی لە ڕۆژی ٢٠١١/٠٣/٠٨ گەشتە سلێمانی و بۆ پشتگیری خۆی لە ئەو شۆڕشەی کە دروست بووەو لە بەرواری ئاماژە پێکراوەوە تا ئێستە لەگەڵ خۆ پیشاندەراندایەو چەندەها شارو شارۆچکەی بەسەرکردووەتەوە.

## قیبلە: دڵم لەگەڵ خۆ پیشاندەرانەو بەم نزیکانە جەستەشم دەچێتە پاڵیان

بیست ساڵە هاوڵاتیانی کوردستان تاڵاوی نا دادگەری دەستەڵات دەکێشن و مێشك و دڵ و ڕۆح و جەستەیان پێچ دەدەن لە پێناوی هاتنە دی ئەو ڕۆژەی کەوا ئێستە بەرەو هەڵهاتن دەچێت، ئەمڕۆ ڕۆژی ئەو ڕۆژەیە گرێ کوێرەکان بکرێنەوەو چیتر تەنها چەند کەسێکی دیاری کراو مێگەلانە گەل لێنەخوڕن.
**هاوڵاتیانی کوردستان...**
هیچ شتێك لە خۆپیشاندان ساردتان نەکاتەوەو تەنها ڕێگە چارەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، بیست ساڵی تر ئەم چینەی ئێستە لەسەر حوکم

بن ناتوانن داواکاریەکان بەجێ بهێنن و کاتی ئەوە بەسەرچووە گوێ بۆ درۆو بەڵێنەکان بگرن، بەڵێنی ئەم کاتە وەك بەڵێنی پێش هەڵبژاردنەکان وایە، چەندە بەڵێن و بڕیاری پرۆژەتان بیست پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن و لەگەڵ ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنە پڕ ساختەییەکان گشت بەڵێنەکان لەبیر دەکران و دەبوو هەم دیسان مێشك و دڵ و ڕۆح و جەستە پێچ بدەنەوە.

**مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی خۆشەویست...**

دەستەڵات لەماوەی ڕابردوویاندا بە کرداری سەلماندیان چۆن تێکدەری ناوتان بوون و مامۆستاو ڕۆشنبیری ڕاستی بە چەندەها بەرانبەر تێکەڵی کردن و شەهادەی تەزوویری حیزبی بە سەدان کەسی عەشایەری کرد بە مامۆستا بەسەرتانەوەو لەکەدار کردنی زانستی ڕاستی و ئاستی بەڕێزتانی کرد، بە سەدەها ڕۆژنامەو گۆڤاری سێبەرو سەدان ناوی لەژێردا ڕیز کردوون و بەناوی نووسەر ڕۆشنبیری تەشویشی لەناوتاندا دروست کردووەو حەق لە ناحەق جیا نەکرێتەوە، ئەمڕۆ ئاسۆیەکە بۆ جیا کردنەوەی مامۆستای و ڕۆشنبیری ڕاست لە سێبەرو ساختە... دەستخۆشی لەهەموو ئەو مامۆستاو کەسایەتیە ڕۆشنبیرانە دەکەین کەوا دەنگیان لەگەڵ دەنگی خەڵکەو ڕیزی خۆ پیشاندانەکان قەرەباڵغ دەکەن.. مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی خۆشەویست هەمووتان فارق ڕەفیق ئاساو ڕێبین هەردی ئاسابن... هەڵوێستی دکتۆر موسەنا ئەمین مێژوو تۆماری دەکات و تکامان وایە پەشیمان نەبنەوەو بەردەوام بن.

**مامۆستایانی مزگەوت و جێنشینی پێغەمبەران ...**

زۆر کەم بوون ئەو مەلانەی لەسەردەمی بەعسدا خۆیان بفرۆشن، بەڵام زۆر زۆرن ئەوانەی خۆیان بە کۆمەڵێکی گەندەڵ فرۆشت و بوون بە پاڵپشت بۆ خراپەکاری زیاتری خراپەکاران، ئەمر بەچاکەو بەرگری لە خراپە بەپێچەوانەوە کاری لەسەر دەکرێت، کۆمەڵێکی بەناو مەلاو بەدەستی یەکیەتی و پارتی ناوی

مەلایان لای خەڵکی ناشرین کردوو، ئێستە ووشەی مەلا بووە بە جۆرێك لە عەیبە، هۆکارەکەی چی یە؟ هەمووی ئەو دەستەڵاتەیە بە دەورەیەکی خێراو بە پاڵپشتی مادی و مەنسەبی دونیای کۆمەڵێکی بەناو مەلا دروست کردوو شەخسیاتی مەلا ڕاستیەکانی پێ لەکەدار بکرێت، مامۆستایانی من، وەك چۆن لە گشت شۆڕشەکاندا مەلاو کەسایەتی ئاینی پێشەنگ بوون لێرەشدا پێشەنگی خۆتان بسەلمێنن و مەهێڵن چیتر عەمامە سپیەکانتان لەکەدار بکرێت...مامۆستایانی ئازیز کەلیمەیەکی ئێوە لەم کاتەدا گرنگی خۆی دەبێت، هەڵوێستی ئیبن و تەیممەو ئیمام ئەحمەدو چەندەها کەسایەتی ئاینی تر کە لە حوجرەکاندا خوێندوومانە دەبێت سودیان لێ وەرگرین، ئەم ڕۆژە ئەو ڕۆژەیە ئیقتیدا بەو ئیمامانەوە بکرێت... داواکارم وەك چۆن لە نوێژەکاندا لە پێشەوەن لەم خۆ پیشاندانەشدا هەر لە پێشەوەبن، لەسەر جادەکان بۆ خەڵکی پێش نوێژی بکەن، چاوتان بە میصر نەکەوت چۆن مامۆستاکان بە تەربوشەکانیانەوە سوریان دەکردەوە لە دوورەوە؟ بۆ ئەو ڕەنگانە لە خۆپیشاندانەکاندا نابینین؟!، ئەو هێزە گەورەبوو چۆکی موبارەکی بە چۆکداداو خستیە زبڵدانی مێژووەوە.

**خوێندکارانی خۆشەویشت...**

ئەم ڕۆژانە بکەنە ڕۆژی پشوو بەژداری خۆ پیشاندان بکەن، چارەنووستان نادیارەو بە خۆ پیشاندانەکان چارەنووسی خۆتان ڕوون دەکەن، ئەی خوێندکارە وەرنەگیراوەکان ئەم دەستەڵاتە هەر ئەو دەستەڵاتەیە کە کاری ١٢ ساڵی بە فیرۆدا داون،هاوشانی خۆ پیشاندەران هەنگاو بنێنن و دروشمتان بە ڕوونی بەرز بکەنەوە.

**ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان...**

داواتان لێ دەکەین تا زووە دەست لەکار بکێشنەوەو شەرعیەتی ئەو دەستەڵاتە گەندەڵە مەهێڵن و مەبن بە پاڵپشتی بۆ بەردەوامی...ئەوەی دەستی پاك بووەو

نەگلاوە بە گەندەڵی درێژە بە کارەکەی نەدات، بەردەوامی لەگەڵ دەستەڵاتدا لەم کاتەدا خۆی بۆ خۆی دەبێت بە گەندەڵی...ئەوەی ناوی لە لیستی ڕەشی هاوڵاتیانیشدا هەیە بە دەست لەکارکێشانەوەیان لە تاوانەکانیان سوکتر دەکات.

**دەستەڵاتداران...**

داواتان لێ دەکەین بەخۆشی دەست لەکار بکێشنەوەو چیتر مەبنە هۆکاری سووربوونی خوێنی گەنج و لاوەکان...

**هاوڵاتیانی خۆشەویست...**

بەبیرتان دەهێنمەوە بۆ پێشەوە بۆ خۆ پیشاندانی هێمانەو بەردەوام بن، مەهێڵن بەڵتەچیەکان زەفەرتان پێ بەرن و ساردتان نەکاتەوە.

## پەیامێك بۆ مامۆستایانی حوجرەکان

ئەوەی بوو بە مایەی نیگەرانی لای هاوڵاتیان و دەنگۆی زۆری لێکەوتەوە هەڵکوتانە سەر حوجرەکانی سلێمانی و ئەزیەتدان و تۆمەتبارکردنی فەقیەکان بوو، سەرەڕای پشێوی جۆربەجۆرو ڕژانی خوێنی بێتاوان لەم ماوەیەدا.

ئاشکرایە لای هاوڵاتیان کە پاکترینی چینی کۆمەڵگە فەقیەکانن، چونکە تاکە کۆمەڵە گەنجن ژیانی دونیای وخۆشیەکانی سەردەمیان بە قوربانی زانستی شەرعی کردووە، زۆرن ئەوانەی شەوانە لە باڕو یانەو مەساج و نێرگەلەخانەکان دەکەنەوە، دیسان زۆرن بە هێمای بەرپرسێك و پاداشتێکی کەم و هەتا بۆ دەستخۆشیەك خوێنی ڕۆژنامەنووس و هاوڵاتی بێتاوانی ئەم کۆمەڵگەیە بە

قوربانی حەزو ناخی چەپەڵی بەرپرسێك بكات، هیچ لەوانە مەترسی نین نە بۆ ئاسایشی نەتەوەی و نە پێشیان دەوترێت تیرۆریست، جگە لەوەی دادگاش پێیان ناوێرێت بە بێتاوانیش دەردەچن!
ئەوە بەڵگە نیەو لە دادگاش كاری پێناكرێت كە بەبەرچاوی جیهان و لە زومی كامێراكانەوە بە ئاشكراو بێ باكانەو لە بەرزی باڵەخانەكانەوە خەڵكی بكوژیت، ئەوە بەڵگەیەو جێگەی هەڵوێستە كردنە كە فەقیەیەك بۆ سودی زانستی مەقالەیەكی خەزن كردبێت و تەنها بۆ خۆی بێت!
پاكی بە عەمامەو دینداری و شایەتی كۆمەڵگە نی یە، پاكی ئەو پاكیەیە لە دادگای ئەم هەرێمەدا پاكی خۆی بسەلمێنت، نەك هەر ئەوە بەڵكو لە سەرەوەی دادگا بێت و پێویستی بە مۆڵەتی ئەو نەبێت!
باشە گەر فەقیە باوەڕی بە تێكدانی ئاسایشی نەتەوەی هەیە؟ چیەتی بە شەونخونی و لەبەكردنی مەتن و ئەزیەت و سەرئێشەی تصریفی مەلا عەلی و شیعرەكانی ئەلفیەی ئیبن مالیكەوە؟ بۆ یەكسەر وەك ئەو هاوەڵەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت ناكات كە چاوەڕی خواردنی دەنگە خورماكەی نەكرد؟!
یان ئاشكرا ئەوە ئەو ڕێگەی گرتووەتەبەر بەڕاستی دەیەوێت زانستی ڕاست و دروست بە قوڵی فێربێت و خزمەتی نەتەوەكەی پێبكات، مێژوو شاهیدە حوجرە چەند خزمەتی بەم كۆمەڵگە كردووە، لە ڕووی شۆڕش و نەتەوایەتی و پێشەنگی هەتا كەلتوریەوە.
یان ئەوەتا كۆمەڵانێك دەیانەوێت نەك دەستە چەورەكەی خۆیان بەڵكو دەستە خوێناویەكانیان بە چەند فەقیەیەكی هەژارو بێ دەرامەت و بێ پشت و پەنادا بسڕن؟!
مامۆستایانی من بەرپرسیاریەتی قیامەتی و ویژدانی و هەتا دونیایشتان لەسەرتانە كە بەكۆمەڵ و چاونەترسانە ئێوە ببن بە پارێزەرەی فەقیەكانتان، ئەگەر

ئەوان ترەقە لە کۆمپیوتەرەکانیاندا بێت دەبێت قومبەلە لە کۆمپیوتەرەکانی ئێوەدا بێت!
هەرگیز لەبیرم ناچێت لە ساڵی ١٩٩٧دا بوو ئاسایشی هەڵەبجە بە شێوەیەکی خۆیان ئاسا هەڵیان کوتاوە سەرمان و بەبێتاوان چەند ڕۆژێك لە زیندان هێشتینیانەوە، نە دادگا ئاگای لێ بوو نە کێشەکەشمان چووە دادگا، دادگا هەر ئەو دادگایە بوو یەك لایەنانە ووتیان ئەم فەقیانە سەیری فلیمی سێکسیان کردووە، جا ئەگەر ئەوە ڕاست بێت مانای وایە مامۆستاکانمان ڕۆژ لەگەڵ سۆزانیەکاندا دەکەنەوە.
بەو شێوە دڕندانەو بەو تاوانە گەورە تۆمەتباریان کردین، تاکە مامۆستایەکی خۆمان مەواجەیان نەکردین لە زینداندا، ئیتر نازانم سیاسەت بوو!، حیکمەت بوو!! یان ترس!!!. لە کاتێکدا خەڵکی بە شەرەفی هەڵەبجە بەوپەڕی جوامێری و شانازیەوە سەرەیان دەگرت لە بەردەم ئاسایشدا بۆ مەواجەکردنمان، ئەو چەند ڕۆژەی لە زینداندا بووین ئەوەندە مەنجەڵە دۆڵمەو خواردنی خۆش لەو کاتە گرانیەدا بۆمان دەهات تەواوی پاسەوانەکانیش میوانی ئێمە دەبوون! لە زیندانیشدا ئێمە هەر ڕەحمەت بووین بۆیان! ئەوەشی ئێمەی لەسەرگیرا ڕقی خوێندن و شەونوێژو فێربوونی زانستە شەرعیەکان بوو! لە زیندانەکەشدا هەر بەردەوام بووین لەسەری، نوێژێکمان نەدەکرد بە تەنها بە جەماعەت نەبێت، زیکرو حەلەقەی موحازرەکان ئێشتەش لەبیرم ماوە.
پێویستە یەکەم چینێك کە هەڵوێستی هەبێت ئێوەبن لە ئاست ئەم دەسدرێژی و ناهەقیەدا، بە چ پێوەرێك بیپێویت هەر تاوانبارن، پێوەری دادگار، کۆمەڵگا، یاسا، ویژان، پێوەری شەرعیش لەسەروی هەموویەوە.
بۆ بۆ بچوکترین کێشەی ئاسای خەڵکی دێنە سەرجادەو دواکاری خۆیان دەکەن، ئایا؟ ئێوە هیچ داواکاری ناڕەزایەتیەکتان نی یە لە ئاست کوڕەکانی

خۆتان، ئەگەر قەرارە ئێوە پێشەنگیان بن پیشەنگی هەر بە ووتنەوەی نەحو صەرف و شەرحی مینهاج نی یە، ئێستە ئەو زانستانە هەمووی بە شەرحکراوی و زۆر لە ئێوەش باشتر لەسەر ڕووبەری ئەنتەرنێت دەست دەکەوێت، هەموو زانستەکان لە تەنها لە دی ڤی دیەکدا بەردەست دەبێت.

زانایانی پێش ئێوەش چەندێك بە زانستەکەیان بەناوبانگ بوون و مێژووی شاهیدی بۆ داون چەند جاری ئەوە بە هەڵوێستەکانیان، خۆ سەلاحەدینی ئەیوبی کەسێکی شەرع زان نەبووە! هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووەو کاری گەورەی کردووە.

زاناکانی پێش ئێوەو ئەوەی کە ئێستە مێژوو تۆماری کردووە تەنها زانستەکەیان نەبووە، زۆر زۆر هەبوون لەوانەش زاناترو ئێستە هەر ناویشیان نی یە.

کە تۆمەتی داوێن پیسیان دا بەسەر دایکە عائیشەدا گومانی ژن و پیاوێك کە لە نیوانی خۆیاندا لەسەر ئەو مەوزوعە گفتوگۆ دەکەن خوای گەورە لە قورئاندا تۆماری کردووە وەك هاتووە لە قورئاندا:

(ظن المؤمنون والمؤمنات بأنفسهم خيرا)

ئافرەتەکە شاهیدی داوێن پاکی بۆ عائیشە دەدات و پیاوەکەش شاهیدی لە خواترسی بۆ هاوەڵەکە، ئەو (والله هي أطهر مني بۆ عائیشە بەکار دێنێت و ئەمیش بە والله هو أتقي مني بۆ صەفوان بەکار دێنێت) لای خەڵکەکەش مونافیقەکان نەبێت قەزیەکە ڕوون بوو.

ئێستەش ئەمە هەمان قەزیەیە لای مونافیقەکان نەبێت خەڵکی دەزانێت فەقیەکان پاکن و خەڵکی دەزانێت کێ دەستی سورە بە خوێنی بە ناهەق ڕژاو، ئاشکرایە کێ ئاسایشی ئەم هەرێمەی تێکداوە بەناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە! بەڵام پێویستە ئێوەش هاوار بکەن؟! کاریگەری سلبی لەسەر فەقیەکان و کۆمەڵگەش دەبێت، من دوای ئەو ڕووداوە فەقیەیەتم لەبەرچاو

کەوت بە ناڕاستەوخۆ وازم لە فەقیەیەتی هێنا، هاتنە ماڵەکەمان و تەکلیفی دونیایان کرد گەڕاشمەوە لەبەر دڵی ئەوان چەند ڕۆژێك مامەوەو خواحافیزی یەکجارەکیم لێکردن. ڕۆشتمە ئەوروپا لەناو ئەو هەموو کچە قژزەردو چاو شینانەی ئەوروپادا دەردی کورد دەڵێ گەنجیەتیەکەم سەرفکرد، مێژوو وە کوردانی ئەوروپاو بە تایبەت بەریتانیا شاهیدین کە من خەریکی چی بووم لە ئەوێ، ئەگەر لە فەقیەیەتی سەیری فلێمی سێکسم بکردایە دەبوایە لە ئەوروپا لەسەر جادەکان ڕامبواردایە.

ئەو خوێندنە بوو بە هەوێن بۆم و بەرزترین شەهادەم دوای ئەوە هێنا، ئێستەش کە هەر ئەم دەستەڵاتە ڕێگربوون لە دانەمەزراندم، بەشێوەیەکی تر مەمنون دەبن لە زانکۆکانی کوردستاندا بە عەقد کاریان بۆ بکەم.

سەدان کەسایەتی ئەم هەرێمە بەرهەمی و بنچینەیان لە فەقیەیەتیدا بووە، ئەم کارانە گەورەترین ئیهانەو ناشرین کردنی ئەو مێژووەیە، هەروەك هەڵوێستەکانیش دەبێتە مێژوو وە بۆ خەڵکیش زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

ئەگەر ئێوە پێشەنگی کۆمەڵگەتان پێناکرێت هیچ نەبێت پێشەنگ بن بۆ فەقیەکانتان، ئەگەر ئەوەشتان پێناکرێت توخوا مەبنە مایەی ئەزیەتی زیاتریان و با بچن لە قوتابخانە حکومیەکاندا بخوێنن کە لە داهاتوودا کێشەی بڕوانامەکانیشیان بۆ دروست نابێت، بۆ زانستە شەرعیەکانیش سەرو دی ڤی دی بکڕن و هەڵوێست و جوامێریش با هەر لە مێژووی پێشینانەوە بخوێننەوە.

## به بەڵگەوە:
## ئیسلام ستەم و خیانەتی لە گەلی کورد کردووە

*حەزرەی یوسف هەرچی زەوی کشتوکاڵیە دابەشی کردووە بەسەر خزمەکانی خۆیداو تەلی بەچواردەوریدا داوەو بەشی کەس نادات، خۆ قەرار بوو بەرهەمی حەوت ساڵ بۆ حەوت ساڵی نەداری خەزن بکات کەچی هەمووی ئەودیوی ئێران کرد!.
*ئیمامی عومەر شەڕی ناوخۆی هەڵگیرساندو بووە مایە لەدەستدانی چەندین گەنجی بێ تاوانی ئەم وڵاتە!.
*سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص ٢٧ ساڵە بە تەنها دەستی گرتووە بەسەر گومرگی ئیبراهیم خەلیلیدا!.
*زەیدی کوڕی حاریثە پارەیەکی زۆر بۆ ڕاپ و گۆرانی بێژانی ئەمەریکی سەرف دەکات!.
*ئیمامی عەلی زۆر زوو مسوڵمان بوو دەبوایە پەلەی نەکردایە تا دەبوویە ١٨ ساڵ ئەوسا بڕیاری خۆی بدایە!.
*بیلالی حەبەشی چەندین بەڵگە هەیە لەسەری لە زینداندا نەك بەردی خستووەتە سەر زگی خەڵکی بەڵکو بە بەرد سەریانی پان کردووەتەوە!.
*ئیمامی عوسمان بێدەنگە لەو هەموو تاوانانەی کە دەکرێت بەبەرچاویەوەو لە دەسڵاتیشدایە!.
*زۆر سەحابەی تر قۆرخی دەستەڵاتیان کردووەو منداڵەکانی خۆیان دەنێرن بۆ طائیف نا عەفو بۆ ئەوروپاو ئەمەریکا!.
*مناڵەکانی عوسمانی کوڕی عەفان پارەیەکی زۆر لە ڕێکلام کردن لە فەیسووکدا سەرف دەکەن!.

*ئەبو هورەیرە هەزاران حەدیسی بەدەم سەرۆکەکەمانەوە هەڵبەستووە!.
*ئاخر تۆ بڵێ یاسر با سەریشی سپی بێت کەی شایەنی وەزیری سامانە سروشتیەکانە!.
*عومەری کوڕی عەبدول عەزیز هەر بە هیچ تێرناخوات و وازیش ناهێنێت!.
*ئیبن و تەیمیە دزی ئەکادیمی کردووەو بە تەزویر لە وەزارەتی ئەوقافی ئەوساو خوێندنی باڵای ئێستە شەهادەی دکتۆراکەی بەدەست هێناوە!.
*بەڵگەی سەلمێنراو لەبەردەستدایە کە خوێندنگە ئیسلامیەکان هەمووی ئیمامی شافعی سەقەتی کردووەو بە نوسراوێکی نهێنی کە لە ئیمایلە هاکگراوەکەی ئیمامی شافعیدا دەرکەوتووە بەنهێنی پەیوەندی بە ئێرانەوە کردووە بۆ ئەو مەسەلە!.
*هەموو خەڵکی دەزانێت کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل شایەنی بوون بە وەزیری نەبوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کەچی چەندین ساڵ ئەو پۆستەی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو!.
*ئەم حکوومەتە ئەو هەموو پارە لە ڕاگەندندا سەرف دەکات و هیچیش سودی نی یە خۆزگە هەروەك جاران لەسەر تەپۆڵکەیەك شیعرمان بۆیەکتر بخوێندایەتەوە باشتر بوو!.
*ئیبن و عەباس بە ئاشکرا ڕۆژنامەنووس دەکوژێت و حسابیش بۆ کەس ناکات!.
*چەندەها کاری سیخوڕی و نهێنی تر ئاشکرا بووە کە لە سەفەرەکانی سەحابەکان بۆ دەرەوەو کردوویانە!.
*موسەیلەمەی کەزاب حەق وایە پۆستێکی ڕاگەیاندنی بدرێتێ و مافی شەرعی خۆیەیتی و توانای هەیە!.
حەسەن و حوسەین مستەوای بەڕێوەبردنی بواری ئاسایشییان نی یەو تەنها لەبەر ئەوەی کوڕی ئیمامی عەلین ئەو پۆستەیان پێدراوە!.

*ئەبوجەهل لە ڕابردوودا زەحمەتی زۆری کێشاوەو حەق وایە موچەیەکی شایستەی بۆ ببڕدرایەتەوە کەچی حسابی بۆ نەکراوە!.
بەڵگەی تریش زۆرن ئەوەندە بەسە بۆ خاوەن ئەقڵەکان... [١]

## پەیامی نەورۆز سەرپان کردنەوەی زاڵمانە نەك هەڵپەڕکێ!

ئەوەی کە زۆر جێگەی تێڕامان و هەڵوێستە کردنە لەسەری بۆنەو یادە کوردیەکانە جا ئیتر جیاوازی نی یە نەتەوەی بێت وەیان هەرشتێکی کاتی و سادە بێت، هەر شتێك کە ڕوودەدات و دێتە ئاراوە لەنێو کوردەکانماندا هەموو وانە لێ وەرگرتنەکەی تەنها هەڵپەڕکێیە! ئیتر نازانین پیرۆزیەکەی لە کوێدایە؟ تۆ بڵێی هەڵپەڕکێ کارەکە پیرۆز بکات؟! لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نی یە کە ئەم بۆنە تا چ ڕادەیەك ڕاستەو بۆنەیەکی کوردیە، ئەوەش زۆری لەسەر ووتراوە بەڵام ئەوەی کە ڕاست و دروست بێت هیچ بنەمایەکی وا نی یە کە ئەم بۆنە تایبەت کات تەنها بە کوردەوە، چونکە دەزانین لە چەندەها ووڵاتی هەمە جۆر هەمان بۆنە دەکرێتەوە بەناوی بۆنەی نەتەوەی خۆیانەوە...وە لە زۆر ووڵاتێك هەمان ناویشیان بەکار هێناوە بۆی، هەندێك ووڵاتیش ناوی جیاواز بەڵام هەمان ڕۆژەو وە هەر هەمان بۆنەیان مەبەستە ئەمەش خۆی بۆ خۆی وەڵامێکە بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر بە

١ دەستەڵاتی دزو دۆڕاوی کوردی هەر بەوەوە نەوەستاوە ژینی خەڵکی خستۆتە تەنکوچەڵەمەیەکی یەکجار دژاوارەوە بەڵکو دەستی درێژکردووە بۆ پیرۆزیەکانی ئاینیش و چەندین کادیری کاسەلێس و بەکرێگیراوی دروستکردووەو گرنگیان پێ دەدات بۆ گوماندروستکردن و هێرشکردن لە دژی ئیسلامدا، ئەم نوسیگە بۆ ئەو خاوەن ئەقڵانە بەناوی سەحابەو پیاو چاکانەوەو لکاندنی گەندەڵیەکانی ئەمان بەو ناوانەوە، بۆ ئەوەی ئەقڵیان بێتەوە سەرخۆی و ئەوە ئێوەن ئەو هەموو کارانەتان کردووەو چۆن لە ڕووتان دێت باسی مێژووی زێڕینی ئیسلام و خودی گەورەیی ئیسلام بکەن.

دەمارگیریەوە دەڕواننە ئەم ڕۆژە. گەر واشمان دانا هیچ ڕاجیاوازیەك نی یەو ئەم بۆنە بۆنەیەکی کوردیەو وە هیچ وولاتێکی تریش ئەم بۆنە ناکەنەوە تەنها کورد نەبێت، پەیامی نەورۆز چی یە بۆ کوردان، هەر ئەو باسەی کە لەسەر ئەم ڕۆژە هاتووە کە کاوەی ئاسنگەر سەری زوحاکی پان کردۆتەوە هەر تەنها ئەو باسە خۆی بۆ خۆی پەیامێکیش نی یە بۆ ئێمە؟ کە هەموو زوحاکەکان سەریان پان بکرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەوان لەو سەردەمەدا بۆنەی نەورۆزیان کردبێت هەقیان بووە چونکە تەنها زوحاکێك بووەو لەناویان بردووە، بەڵام ئایا هەموو سەردەمەکانی دوای ئەو تا ئێستەی ئێمەش چەند زوحاکی تر هەبوون وەیان هەن؟ لەبری ئەو هەڵپەڕکێ و کێ بەرکێیە کە زۆرجار کوشتاریشی لێ کەوتۆتەوە باشتر نەبووە لە دژی زوحاکەکاندا بکرایە؟ لەسەر دەمی ڕژێمی لەناو چوودا جەژنی ئێمە هەڵپەڕکێ بوو یان لەناو بردنی ئەو ڕژێمە؟ ئێستە لە تورکیاو سوریاو ئێران جەژنی ئێمە هەڵپەڕکێ یە وەیان هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد؟ هەر ئەو کوردەی کە لەبەر هەڵپەڕکێ و ئاگر کردنەوە دەکوژرێت لە پێناوی خاکەکەیدا بکوژرێت باشە وەیان هەڵپەڕکێ؟ وە جەژنی ئێمەش لە کوردستانی عێراقدا هەڵپەرکێیە وەیان گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟ بۆ ئێمە ئەم بۆنە وەکو خۆی تێی ناڕوانین چەندن ئەو زوحاکانەی کە وەك هەژدیها دەمیان داچەقاندووە بەرانبەر بە کورد؟ ئێمەش بەئاگر کردنەوەو ژینگە پیس کردن و قەرەباڵغی و پێکدادانی ئوتومبێل و کێشەی جۆر بەجۆر بەرانبەریان ببینەوە؟ ئەگەر کاوە بمایە ئێستە چی بە ئێمە دەوت؟ ئەی خۆی بۆ تا زوحاکی نەکوشت جەژنی نەکرد؟ بۆیە زۆر گرنگە هەموو بۆنەکان چی ڕاست بێت وەیان بە پێچەوانەوە هەق وایە وانەیان لێ وەربگرین نەك وانەکان هەر هەڵپەڕکێ و خۆ بەکوشت دان بێت، بۆیە سەرەنجامی ئەو هەموو نا تێگەشتنەمان دەربارەی ئەم بۆنە دەتوانم بڵێم ئەگەر کاوە بمایە سەری ئێمەی پان دەکردەوە...

# شەڕی مێژوو فرۆشتن

ئەمڕۆ هەینی ٣١ی ئاب عومەر عەلی کەسایەتی ئەکادیمی و دیاری بواری ئاینی لە میانەی ووتارێکی هەینیدا کە لە مزگەوتی تەقوا پێشکەشی کرد ئاماژەی بە کۆمەڵێك مەواقیفی مێژووی دا کە ناحەزانی ئیسلام و فکرو بیرۆکە دژە ئاینیەکان و نا دینیەکان کە لە ئیسلامی دەدەن بە ڕوونی شی کردەوە.
هەر لە میانەی ووتارەکەیدا تیشکی خستە سەر ژیانی گەلانی پێش ئیسلام کە لە چ تەنگژەو زەلکاوی بێ ئاگای و نادادگەریدا ژیانیان بەسەر بردووە، خوای گەورە بە خەڵاتی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەو تەنگژەو نائاگاییەو و بە حیکمەت و گەورەی ئیسلام و قورئان دادگەری و خۆشبەختی چەسپاند.
دواتر هەر بە پلە بەندی ئاماژەی بە ژیانی خولەفاکانی ڕاشدین داو نموونە گەلێکی عومەری کوڕی خەتابی وەك شاهیدی بۆ مێژوو باس کرد، دواتر سەردەمی عومەری کوڕی عەبدول عەزیزو دادگەری حوکمڕانیەتی ئەو خەلیفە بەڕێزە کە چۆن توانی لەو ماوە کورتەیەدا کە مێژوو شاهیدە خەڵکی چەند خۆشگوزەران بوون لە ژێر دادگەری عومەری کوڕی عەبدول عەزیزدا.
وەك لە پرسیارێکدا کە لە عومەری کوڕی عەبدول عەزیزیان کرد کە چۆن توانیت لەو ماوە کورتەیەدا ئەو دادگەریە فراوانە بچەسپێنیت؟ ئەویش فەرمووی: من نێوانی خۆم و خوای گەورەم چاك کرد، خوای گەورەش نێوانی من و خەڵکەکەی باش کرد.
مامۆستا عومەر عەلیش ئەو ووتەی عومەری کوڕی عەبدول عەزیزی بەو شێوەیە لێکدایەوە کە مانای وایە نێوانی دەستەڵاتدارانی ئەمڕۆو خوای گەورە باش نی یە! هەر بۆیە نێوانی ئەوان و خەڵکیش باش نی یە!!، لەسەر دەمی عومەری کوڕی عەبدول عەزیزدا لە چیاکانیشدا گەنمیان بڵاو دەکردەوە

نەوەك باڵندەكان برسیان ببێت، بەڵام ئەمڕۆ لەژێر سایەتی دەستەڵاتی یەكیەتی و پارتی و ئەو سەروەتە زۆرەی كە هەیە زۆركەس سواڵی پێ دەشێت و بەردەوام بانگەوازی كۆكردنەوەی كۆمەك لەلایەن كەسایەتی و تەلەفزیۆنە ئیسلامیەكانەوە بەردەوامە، كە دەبوو حكوومەت شەرمی بكردایە لە نیشاندای ئەو دیمەنانەو ئێستە كوردستانی باشوور كەسێكی تێدا نەبوایە زەكاتی پێ بشێت.

دواتر گشت سەردەمەكانی بە كورتی باس كرد تا كۆتا خەلافەتی ئیسلامی كە خەلافەتی عوسمانیەكان بوو.

لە گشت مێژووی ئیسلامیشدا گەرچی كەسانێك هەبوون وەك مامۆستا وتی مێژوو لە ئاست ئەوانیشدا بێ دەنگ نەبووەو باسی خراپیان كراوە وەك حەجاج، بەڵام ئیسلام دژایەتی هەر كردەوەیەك دەكات كە لە قورئانەكەدا جێگەی نەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەش ئەوانەی كە تەعن لە مێژووی ئیسلامی دەدەن هیچیان لە حەجاج باشتر نەبوون، بینیمان حوكمی شوعیەت و عەلمانیەت و میكافیلی و چی و چی تا سەردەمی سەرمایەداری كە چۆن خەڵكی لەژێر ڕیبارو باج و خەراجێكی زۆرەو دەچەوسێننەوە، لەلای خۆشمان بەناوی مێژووی كوردایەتی و قەومیەتەوە چەند زوڵم و زۆرو كوشتار تەنها لەناو خۆمدا كراوە، نموونەی ٣١ی ئاب یەكێكە لە نموونە هەر زیندووەكان، كە ئەو مێژووەمان لەبیرە كە چۆن كوردایەتی و قەومیەت كەوتە ژێر پرسیاری زۆر جدیەوە! ئەویش بە هاتنی دەبابە! تۆپ !! تەیارە!!! لە پایتەختی كوردستان؟! و لە بەردەم پەرلەماندا؟؟!! لولەی لە ڕۆڵەی كوردەكان كردبوو؟؟؟!!!، بەهۆی هەڵە مێژوویەكانی ئەو دوو حیزبەی كە تا ئێستەش حاكم و چیان بە خەڵكی نەكرد، كوشت و بڕ بە شێوەیەكی نا مرۆڤانە پەنا بردن بۆ دوژمنەكان و كردنیان بە دۆست و یارمەتی دەری خۆیان لە پێناو مانەوەی كورسی و حەزو ئارەزووە

بۆگەنەکانیان، کوشتی گەنجی ئەو وولاتە بەشێوەیەك کە لە هیچ بەها ئەخلاقی و کۆمەڵاتی و حوکمڕانیەکاندا جێگەی نابێتەوە.
هەر لە هەمان ووتارو بە ئامادەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە پیاوو ئافرەت زیاتر دواو ووردەکاریەکانی شۆڕشەکان کە بە شۆڕشی ئیسلامی ناوی برد باس کرد، نموونەی دوو سەرکردەی ئیسلامی هێنایەوە کە ئیسماعیل هەنیەو موحەمد مورسی بوو.
بە توندی ڕەخنەی لە ئەمەریکاو بەریتانیا گرت لەو هەوڵانەی کەوا دژی حەرەکەی حەماس بەکاریان هێناو بۆ لەبار بردنی ئەو هەڵبژاردنە کە بە گشت پێوەرە هەتا ئەمەریکی و ئەوروپیەکانیش دیموراستی بوو کە چۆن دەستیان خستە ناو ئەو وولاتەو مەحمود عەباسیان دژی ئیسماعیل هەنیە قوت کردەوەو تا ئیستەش دەستی ڕەشی ئیسرائیلی بەرانبەر منداڵ و ژن و خەڵکی سڤیلی بێ تاوانی ئەو وولاتە درێغی نەکردووە.
دواتر بە درێژی باسی ئەو گۆڕانکاریانەی کرد کە محەمەد مورسی سەرۆکی میسری لەم ماوە کورتەدا کردوویەتی کە تا ئیستە حکوومەتی هەرێم پێی نەکراوە، بیست و یەك ساڵی حکومڕانی یەکیەتی و پارتی بەقەدەر ئەم دوو مانگەی موحەمەد مورسی نەیتوانیووە گۆڕانکاری و کاریگەری دروست بکات، لە کاتێدا میسرێکی بەو گەورەییەو کوردستانی باشوور بە چکۆلەییە.
نموونەی دانانی ناو الله لە جێگەی وێنەیەك کە دەبوو وێنەی موحەمەد مورسی بوایە وەك عادەتی پێشتری حوکمڕانیەتی ، نموونەی لادانی وێنەی بارزانی لە لایەن ئەرسەلان بایزەوە کە چ فەوزایەکی لەسەر هەستێنرا.
نموونەی دانانی ئایەتی وتقوا یوما ترجعون فیە الی اللە، لەبەردەم مێزی سەرۆکایەتی خۆی کەلای خۆمان لەبری ئەو ئایەتەدا جگە لە ناوی سەرۆکەکە کۆمەڵێك ووشەی پێ هەڵدانیشی لەگەڵ لکێنراوە، وەك جەنابی سەرۆك یان

فەخامەتی سەرۆك.
نموونەی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی وولاتانی بێ لایەن کە لە پایتەختی ئێران بەڕێوە چوو، چۆن موحەمەد مورسی عەقیدەو بیروباوەڕی خۆی و قوەتی پشتگیری لە گەلانی ستەمدیدە خستە ڕوو کە هیچ تەنەزولی نەکرد لەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی وەك ئەمڕۆ لای خۆمان دەیکەن بەناوی دۆخەکە ناسکەو جاری و جاری .... کە دۆخەکەی مورسی لە هەموو کەس ناسکترەو ئەوەی ئەو لەم ماوە کورتەدا کردوویەتی هیچ دەستەڵاتێکی ناوچەکە نەیتوانیووە بەو جورئەتەوە بیکات، ئەوەتا سەرۆکەکانی ئێمەو ئەمە ئەو کۆمەڵەن کە ئێوە بە تیرۆر ناویان دەبەن و بە مەترسی بۆ کۆمەڵگە دەیان ژمێرن.
نموونەی حیزبە عەلمانی و ئیسلامیەکانی خۆشمان هێنایەوە، وەك بەڕیزیان ئاماژەیان پێ کرد کە بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێت... لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەخنەی لە ئیسلامیەکانیش هەبوو، بەڵام ووتی ئەوەتا ئیسلامیەکان بە شەفافی و بە ئاشکراو بەچاوی کامێراکانەوە سەرۆکەکانیان گۆڕی و دەیگۆڕن کەچی حیزبە عەلمانیەکان دەبێت مەگەر نەوەیان نەمێنێ و کەسێکی تر دەستەڵاتیان لێ بسەنێ، جگە لە دەست پاکی و داوێنی پاکی ئیسلامیەکان و کەسایەتیە دینیەکان، کە هەموو ئەمانە گەواهی لەسەر مێژووی پاکی ئیسلام دەدەن و بۆگەنی فکرو ئایدۆلۆژیە دژە دینیەکان دەدەن.
لە کۆتای ووتارەکەیدا مامۆستای ناوبراو، جەختی توندی لەسەر هۆشیاری کۆمەڵگەو پڕچەك کردنی کرد بە زانست و هەڵوێستە کردن لەو مەواقیفە مێژوویانەی کە بە خەبات و پیرۆز پێمان دەفرۆشرێت و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕاست و دروستە قورئانیەکان و پابەند بوونی زیاترمان بە ئاینەکەمانەوە کە هیچ دین و فکرو ئایدۆلۆژیاو مێژوویەکیش نی یە شان لە شانی بدات.

## دەسەڵات بە کۆکەیەکی ئۆپۆزسیۆن دەکەوێتە ئینزارەوە

لە چاوپێکەوتنێکی بەرنامەی ئەمڕۆی سپێدە دکتۆر عومەرعەلی تیشکی خستە سەر سیستمی خوێندنی بەریتانیاو قەیرانەکانی کوردستان، شایەنی باسە ڕەخنەی توندی لە دەسەڵات گرت لە ئاست لەمپەر خستنە بەر خاوەن بڕوانامەکان و ڕێگری کردنیان لە ئاست خستنەگەڕی تواناکانیان، سەرەنجامی ئەو ڕێگریانەو زۆرێك لە قەیرانە سیاسیە چارەسەر نەکراوەکانی تریشی بەوە وەسف کرد کەوا بۆشایەکی فراوانی لە نێوان دەسەڵات و هاوڵاتیاندا دروست کردووە، بەڵێنی بەرپرسەکانی بەرانبەر کوردانی دەرەوە بە خۆڵ کردنە چاوو تەنها بەردەم کامیرە وەسف کردوو ووتی: تەنها گۆرانی بێژان و دەزگا سیخوڕیەکانی حیزب لێی سوود مەند بوون و گشت چینەکانی تر بوون بە قوربانی حەزو ڕقەکانی دەسەڵات، وەك خاوەن بڕوانامەکان، خاوەن سەرمایەدارە کوردەکان لە دەرەوە، دیپۆرتکراوەکان، هەموو کەسێکی تری ئاسایی کەوا سۆزی ووڵات بۆلای خۆی بانگ دەکاتەوە، ووتیشی دەبێت چاکسازی بنەڕەتی لە بواری پەروەردەو پێگەیاندندا بکرێت و نابێت پۆلێك ٦٠ قوتابی تێدا بێت و تەنها کات بەرێ بکرێت، ڕەخنەی تووندیشی لە دەسەڵاتگرت کەوا چینێکی نەخوێندەواری بەرهەم هێناوە لە کاتێکدا خاوەنی بڕوانامەشن بەناو، مامۆستای ئینگلیزیەو ناتوانێت ٥ خولەك بە ئینگلیزی قسە بکات، مامۆستای عەرەبیەو عەرەبی نازانێت و ڕستەیەکی بۆ ئیعراب ناکرێت،مامۆستای کۆمپیوتەرەو ئێستەش لەسەر ڤێرژنە کۆنەکانی ویندۆز ٩٨ کار دەکات و خۆیان ئاپ دەیت ناکەنەوە، جێگەی خۆیەتی بووترێت بە تووندنی دژی ئەوە وەستا کە مامۆستا جگە لە پسپۆڕی خۆی هیچ مادەیەکی تر بڵێتەوە، نموونەی خۆی هێنایەوە کە ٥ مادەی جیاوازی ووتووەتەوە تەنها یەکێکی پسپۆڕی خۆی بووە، بە تووندیش

ڕەخنەی ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد لەوەی ڕێگرن لە بەردەم خاوەن بڕوانامە کوردەکانی دەرەوەو لە ئاستی زانستی و توانایان زۆر بێ منەتانە مامەڵە دەکەن، بۆ ڕاستی قسەکانیشی داوای مێزگردوو بە دوکومێت قسەکردنی کرد لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵادا، نیگەرانی خۆشی لەوە دەربڕی کە حکوومەت نەك هیچ کار ئاسانیەکی بۆ نەکردووە بەڵکو ڕێگر بووە لە بەردەم پرۆژەو تواناکانیدا.

ئەمڕۆی سپێدە بەرنامەیەکی کەناڵی ئاسمانی سپێدەیەو ڕاستەوخۆ لە هەولێرەوە پێشکەش دەکرێت، د عومەر عەلی لە نووسینگەی سپێدە لە سلێمانی ڕاستەوخۆ لەگەڵیاندا بوو

## پێشمەرگەی ڕاستەقینە کێیە؟

دڵسۆزی ئەمڕۆ هەمووی لەوەدا کۆکراوەتەوە بە عەشوای تفەنگێك هەڵگریتو لە خۆتەوە ملی ڕێگە بگریت بۆ شەڕو یەك دوو وێنەی لە فەیسبووکیش بڵاوبکەیتەوە کە تۆ بەرگریکاری ڕاستەقینەی کوردانی!!!

لە بەریتانیا کاتێك کە بڕیاری لێدانی ئەڤغانستان درا کۆمەڵێك کورد وەك هاوسۆزیان بۆ هێزی بەریتانیا ئامادەی خۆیان نیشانداو ڕۆشتن بۆ ناونووسین کە بەژداری ئەو شەڕە بکەن و حکومەتی بەریتانیاش نەك ڕێگەی پێنەدان بەڵکو هەر جوابیشیان نەدانەوە، بە هەمان شێوە بۆ شەڕی عێراق ئامادەییان دەربڕی و ئەوانیش بەهەمان شێوە پشتگوێی خستن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە یەکیەتی و پارتی و ئەو کەمینانەی تر کە لەگەڵ ئەواندان ساڵانێکی زۆرە لە ژێر دەستیاندان و زۆرێکی چەندەها شەڕی

جۆربەجۆری بینیووە هەتا شەڕی ناوخۆش! ئێستە هێشتا هەر سەرەتایی شەڕە چۆن دەبێت بە زووی بپسێن و ئەوەندە ئامادەکاریان نەکردبێت بەرگەی شەڕێکی داعش کە کەس نازانێت لە کوێوە هاتوون و هێشتا ناسنامەیان دیار نی یەو چەند ڕۆژێکە هەندێك جێگەیان کەوتووەتە دەست ئەوان ئەوەندە مونەزەم و بەهێز بن و ئەمان بێ هێزو بێ هورەو بێ توانایی!

لێگەڕێن پێشمەرگەکان خۆیان ئەو شەڕە بکەن و لە گشت وڵاتانی جیهانیش ئەرکی شەڕ بەوان سپێردراوەو ئەوان هێزی نیزامی و ڕاهێنراوو ڕێگەپێدراون نەك گشت تاکێکی کۆمەڵگە، گەر شەڕ لەسەر وڵات چڕبوویەوەو شەڕەکە بەوان بە تەواوی نەدەکرا ئەوسا دەبێت میکانیزمی تر بگیردرێتە بەر بۆ بەژداری هاونیشتیمانیان و بە ئالیەتی خۆی ئەویش نەك بە عەشوایی.

لەبەر ئەوە لەم کاتەداو وە لە زۆربەی کاتەکانیشدا دەتوانم پێشمەرگەی ڕاستەقینە بۆ وڵات بە پرۆفیشناڵی و کارەکانیاندا بناسرێنەوە، پێشمەرگەو گیانفیداکاری تاکی کۆمەڵگە تەنها چەك لە شانەکان نین، بەڵکو ئەوانەن کە بە دڵسۆزی و بە لێبڕانەوە کارەکانیان بە باشترین شێوە ئەنجام دەدەن.

ئەو دکتۆرە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە دەوای خراپ بە نەخۆشەکان نادات و وەك دوژمن و لە بەرگی دۆستدا هاونیشتمانانی ناکوژێت.

ئەو دانسازە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە ددانێك تۆزێکی دەئێشێ و دەکرێت چارەی بکات بەڵام لە بن هەڵی ناکێشێت.

ئەو دکتۆری چاوە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە چاوی نەخۆشەکانی دەرناهێنێت و هاونیشتمانی ڕۆژی ڕۆناکیان لێ ناکات بە شەو.

ئەو مامۆستا پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە وانەکانی بەجوانی ئامادە دەکات و بە پڕ زانستیەوە دەچێتە پۆلەوە قوتابیەکانی پڕ چەکی زانست دەکات.

ئەو خوێندکارە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە وانەکانی بەباشی دەخوێنێت و

نالێین بەخوا ئەمساڵ هەموومان دەردەچێنن.
ئەو کارمەندانە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە لە کاتی خۆیدا دەچێتە دەوام و کاتەکانی بە فیڕۆ نادات و بە بزەو دڵخۆشیەوە کاری هاونیشتمانانی ڕای دەکات و ئینتیمای هاونیشتمانی بوونیان پێ زیاد دەکات.
ئاسایشە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە ڕێگە دەگرێت بەو کارە دزێوانەی کە هەندێك کەس بە هەلی دەزانن بازرگانی بە مادەی هۆشبەرو کاری سیخوڕیەوە دەکەن لەم کاتەدا.
ئەو پۆلیسی هاتووچۆیە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە ئەم پشێویە ناکاتە پشوو بۆ خۆی و قەرەباڵغی شەقامەکان بە دڵسۆزیەکانی ڕێك دەکات و هاونیشتمانیان بەهەڵەی ئەو لەناو نەچن.
ئەو سەرۆکە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە کارەکانی تێکەڵ ناکات و ناهێڵێت وڵات پارچە پارچە بێت و شەڕی ناوخۆ دووبارە دروست نەبێتەوە.
ئەو نووسەرە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە قەڵەمەکەی بۆ خیانەت و درۆو بەرژەوەندی تاکی خۆی و چەواشەکاری بەکارناهێنێت.

## قوربانیەکانی ئەنفلۆنزای گەندەڵی

ماوا نا ماوەیەك بەرگۆێمان دەکەوێت کە نەخۆشینی ئەنفلۆنزا بڵاو بۆتەوە جارێك ئەنفلۆنزای باڵندە، وە جارێك ئەنفلۆنزای نازانم چی، تا دواجار ئەنفلۆنزای بەراز کە هەنوکە بەردەوامە، وە بۆ ئەم مەبەستە ڕێگەو شوێنی زۆر پێویستی بۆ دەگیرێ و هەموولا دەکەونە خۆتێکدانی بەرگری کردن لێی، وە زۆرێکیش حەزی گۆشت خواردنیان دەمرێنن و بەناچاری دەبنە ڤیجتەریان، جگە لەوەی کە هەڵمەتی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەکرێت، بە مەلایین دۆلار

لەو پێناوەدا سەرف دەکرێت، دوای ئەو هەموو هەوڵ و ڕێگەو شوێن گرتنەو ئەو پارە زۆرەی کە سەرفی دەکەن دەبینین ڤایرۆس و نەخۆشیەکە کۆتایی پێ دێت، قوربانیانی ئەو پەتایە ڕێژەیەکی زۆر دیاری کراو دەبێت گەر بێت و دابەشیان بکەین بەسەر وولاتەکاندا هەر وولاتێك زیاتر لە پەنجەی دەستەکانی بەرناکەوێت.

لێرەوە ئێمە دەست پێدەکەین بە پرسیارێك کە ئاراستەی خوێنەرانی بەڕێز دەکەین ئایا قوربانیانی ئەنفلۆنزای گەندەڵی چەندە؟ ئەو ئەنفلۆنزایەی کە هیچ وولاتێك بێ بەش نەبووە لێی وە نە حکوومەت وە نە خەڵکیش ڕێگەو شوێنی تایبەتیان بۆ نەگرتووە؟ نەك پارەی بۆ سەرف بکەن بەڵکو پارەی لە پێناو برەو دانیدا سەرف دەکەن؟ دەستەڵاتدارانیش لەبری مراندنی ئەو حەزەیان هورگی خۆیانی پێ زل دەکەن و بە ئینتەلای سەردەنێنەوە، هاوڵاتیانیش بەگوێرەی پێویست بەدەم ئەم ئەنفلۆنزایەوە نەبوون. ئەنفلۆنزای دزی و جەردەیی و گەندەڵی جۆربەجۆر زۆر لە پێشترو جێگەی بایەخترە کە کاری بۆ بکرێت تا ئەنفلۆنزای بەراز، پێویستە هەوڵی فروان بۆ ئەنفلۆنزای گەندەڵی بدرێت وەك لە ئەنفلۆنزاکانی تر.

## خۆ پیشاندان و مۆڵەت!

بەلامەوە زۆر سەیرە کە خۆ پێشاندان هەر مۆڵەتی بووێت، ئیتر جیاوازی نی یە لەوەی کە خۆ پیشاندانەکە ئاسایی بێت یان نا ئاسایی وەك بەو دووجۆرە لە کوردستاندا پۆلێن کراوە، چونکە لە دەرەنجامی تووڕەیی و نا ڕەزامەندی هاوڵاتیانە وا دەکات خۆیانیان پێ نەگیرێ و شەقامەکان بگرن و خۆیان پیشانی

دەستەڵات بدەن لە هەر کێشەیەك کە دێتە ئاراوە، جا چۆن دەکرێت خۆ پیشاندان پۆلێن بکریت بە دوو بەشەوە، ئاسایی و نا ئاسایی، خۆ پیشاندان هەمووی نا ئاساییە، ئەگەر ئاساییە بۆ دەیکەن! لە ماڵی خۆیاندا دابنیشن و تەواو، ئیتر چی پێویست دەکات بە بەدواچوونی مۆڵەت وەرگرتن بۆی، ئەویش لە دەستی کێدابێت لەدەستی ئەوەی کە خۆپیشاندانی بەرانبەر دەکەیت! بەڕاستی پێکەناویە.

ئەم خۆ پیشاندانەش هەروایە خۆ ئەگەر هاوڵاتیان باریان ئاسایی بێت چ پێویست بەخۆ هیلاك کردن و ڕێکخستنی خۆ پیشاندان دەکات، وەگەر نا ئاسایش بوو چ پێویست بە مۆڵەت دەکات، لە کاتێکدا لەو پەڕی ئینفیعالیەوە خۆ پیشاندان دروست دەبێت و مۆڵەت وەرگرتنیش لەگەڵ ئینفیعالیدا یەك ناگرێتەوە.

من لێرەدا ئەوە دەپرسم ئایا ئەو پۆلیسانە مۆڵەتیان لە هاوڵاتیان وەرگرتووە کە بەشێوەیەکی خراپ بەرەنگاریان دەبنەوە لە خۆ پیشاندانەکاندا؟ کامیان خراپترە هاوار کردنی هاوڵاتیان یان کوشتن و لێدانیان لەلایەن بەناو بەرپرسانەوە؟ چەند جار بینوومانە لە کوردستان تەقە لە هاوڵاتیان کراوە لە خۆ پیشاندانەکاندا! بۆ بۆ تەقە مۆڵەتی نەوێت و بۆ داواکردنی مافی هاوڵاتیان مۆڵەتی بووێت.

ئەمڕۆ لەدانیشتنی پەرلەماندا یاسای خۆ پیشاندانی بێ مۆڵەتی لە سەر هاوڵاتیانیان داخست بە ٥٢ دەنگ بەرانبەر ٤٨ دەنگ.

لەم جۆرە دەنگدانەشدا ڕووی ڕاستی پەرلەمانتاران دەرکەوێت کە فعلەن کێ لەگەڵ هاواری هاوڵاتیاندایەو کێ لەگەڵیاندا نی یە.

## دەستەڵاتدارانی کورد قوتابی قەزافین و (کتاب أخضر)یان خوێندووە

کورد لە مێژە ووتوویەتی ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار، ئێمەش دەڵێین ڕۆژ بە ڕۆژ خۆزگەمان بە دوێنێ، چونکە تا دێت دزی و کزی و کوشتن و تۆقاندن زیاتر دەبێت، کە هاوڵاتیانی تونس هەستان و خۆ پیشاندانیان دەکرد چاوی کامێرای دونیا کرابووە زەینەل عابدین و بە خراپترین شێوە شرۆڤەی بۆ دەکرا، هەرکە هاوڵاتیانی تونس ڕزگاریان بوو لەو سەرکردە ستەمکارە، میصریش هەمان ڕێگەی گرتە بەر، خەڵکی ڕەحمەتی بۆ زەینەل عابدین دەنارد کە باشتر بوو لە موبارەك، کە موبارەکیش نا موبارەك کراو لیبیا دەستیان بە خۆ پیشاندان کرد، موبارەك لە چاو قەزافیدا هەق وایە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بدرێتێ، لیبیا بەردەوامی هەیەو کوشت و بڕ سات لە دوای سات لە زیاد بووندایەو ئەوەشی جێگەی تێڕامان و سەرسوڕمانە قەزافی و بەچکەکانی نکۆڵی لەو کوشت و بڕوو پشێویانە دەکەن، وا دەزانن جیهان لە گوێی گادا نووستووەو دەڵێن ووڵات ئارامەو ماستی مەیووە، قەزافی دەڵێ خۆشی بکەن و هەڵپەڕن و گۆرانی بڵێن، لەو لاشەوە دەڵێ ماڵ بە ماڵ و زەنگە بە زەنگە دوایان بکەون، ڕووداوەکانی کوردستانیش هیچ کات بە تونس و میصر ناشوبهێت و پڕاو پڕ تەنها لیبیامان بەبیر دەخاتەوە، تەقە کردن لە هاوڵاتیان و شەهید کردنی منداڵی ١١ ساڵ و خەڵکی سڤیڵی بێ تاوان، سوتاندن و دەست بەسەراگرتنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان، بارەگا سوتاندن و هەڕەشە لە مامۆستایانی ئاینی و ڕۆشنبیران، سوتاندنی خێمەو ڕێگە کرتن لە هاوڵاتیان، وە چەندەها ترساندن و تۆقاندن و کوشتنی جۆر بەجۆر و ڕفاندن، قەزافی و کتاب أخضریش پێش لە دەستدانی دەستەڵات ڕۆشتنە زبڵدانی مێژووەوە دزی و کزی چەند ساڵەیان بە هەدەر

ڕۆشت، دەستەڵاتدارانی کوردیش یەك پلە لە دوای قەزافین و زۆری نەماوە کتاب أخضری کوردیش کتابە جۆر بەجۆرەکانی خۆشیان لەسەروی هەموویەوە کتابی زەرد بەتەواوی بچنە زبڵدانی مێژووەوە.
دەستەڵات گەر ستەمکار بێت تەنها زووی و درەنگی کەوتەوەو هەردەبێت ڕۆژێك بکەوێت و تا دونیا دونیا بێت لەناو مێژودا بمێنێتەوە، وەك چۆن ئێمە ئێستە مێژووی ستەمکارەکانی ڕابردوو دەخوێنینەوە ئاوا ڕۆژگەلێکیش دێت چینەکانی داهاتووی هی ئەم سەردەمە بخوێنێتەوە، جا خۆشبەختی بۆ ئەو دەستەڵاتەی ناوی خۆی و حوکمڕانیەتی لە مێژوودا بەشێوەیەکی جوان دەنەخشێنێت و مێژووی پڕ سەروەری بۆ خۆی تۆمار دەکات.

## بودجەو خۆپیشاندان!

دەگێڕنەوە کابرایەك تازە مسوڵمان دەبێت و مانگی ڕەمەزان دەبێت، کابراش ئیتر مسوڵمانەو دەبێت ڕۆژوو بگرێت، ڕەمەزان دەگاتە بیستەکان و کابرا زۆر ماندوو بوونی پێوە دیارە، ڕۆژێك پرسیاری لێ دەکەن بۆ وا بێتاقەتی؟ خۆ ئەگەر هیلاکی ڕەمەزانیت ڕەمەزان وا خەریکە تەواو دەبێت، کابراش دەڵێ: نا من خەمی ئەم ڕەمەزانەم نی یە ئەمە تازە بووتە ڕیشمەوە خەمی ڕەمەزانەکەی ترمە.
لە ئەوروپاش زۆر لە کۆمپانیا ساختەچی و دزەکان بۆ نموونە ئۆفەری شتێك دەکەن بە خەتێکی گەورە نرخێکی کەمی لەسەر دادەنێن، وە لە ژێرەوە بە بچوکیش کە مەگەر زەڕەبین بیخوێنێتەوە نووسراوە + نرخێکی تریش دانراوە، کە ئۆفەرەکە قبوڵ دەکەیت سەری مانگ ماڵت وێران دەکەن، تازەش واژۆت کردووە! ئیتر دەبێت بناڵێنیت تا وادەکەی تەواو دەبێت!

منیش لێرەدا لەسەر نموونەی یەکەم تەنها ئەوە دەڵێم ئەو بودجەی کە تا ڕادەیەك ئاشکرایەو لە پەرلەماندا قسەی لەسەر دەکرێت خەمی ئەوەم نی یە خەمی ئەو بودجە زەبەلاحەمە کە هەرگیز نایەتە پەرلەمان و کەس بۆی نی یە قسەی لەسەر بکات!!!.

لەسەر نموونەی دووەمیش دەڵێم ئەو بودجەی کە زەڕەبینیش نایخوێنێتەوە لەوە زیاترە کە بە خەتە گەورەکان نووسراوە!!!.

لێرەدا باسی خۆپیشاندان دیسان دێتە ئاراوەو هەم دیسان زامەکەمان دەکولێتەوەو خوێنی سورکێوو ڕێژوان گەرمیان گەرممان دەکاتەوە.

هەربۆیە زۆر جێگەی خۆیەتی خۆپیشاندان دیسان دەست پێبکاتەوە، بەڵام نەك بۆ بودجە، بەڵکو بۆ ئەو دەستەڵاتەی کە ئێمە هەر دەبێت لەبیری خۆپیشاندان‌اندا بین بەرانبەریان.

وە بەڕاستیش ژیان بەم شێوەیە ناڕوات:

ڕۆژێك خۆپیشاندا بۆ بودجە...

ڕۆژێك بۆ موچە...

ڕۆژێك بۆ کارەبا...

ڕۆژێك مۆلیدە...

ڕۆژێك بۆ ئاو...

ڕۆژێك بۆ جادە...

ڕۆژێك بۆ دامەزراندن...

ڕۆژێك بۆ ...ڕۆژێك بۆ... ڕۆژێك بۆ...

هەربۆیە جێگەی خۆیەتی ئەمجارە خۆپیشاندان تەنها بۆ یەك شت بکرێت، ئەویش بۆ نەمانی ئەم دەستەڵاتەو بونیادنانەوەی دەستەڵاتێکی تەکنۆکرات و هەمە لایەن و ئاشکرا کردنی بودجە دیارو نادیارەکان...

## بووین بەژێر پرۆژەوە !

هەر لە ئانوساتی دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەم کاتەش کە ئەم بابەتە دەنوسرێت هاوڵاتیانی کوردستان هەر بەچاوەڕوانی پرۆژەوە بەسەری دەبەن! هەموو ئەو بانگەشەی پرۆژانەش لە کاتی نزیك بوونەوەی هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت بەشێوەیەکی وا هاوڵاتیان خەریکە بگەن بەو ئاستەی کە بڵێن بووین بەژێری پرۆژەوە ئەوەندەشمان نەووت.
بەڵام هەموو ئەو بانگەشانە وەك ئەو کابرایە، کە دەگێڕنەوە پیاوێکی هەژار مانگایەکی دەبێت و دەیهێنێ بۆ مەیدانی ئاژەڵان بۆ ئەوەی بیفرۆشێت دەگات بە دەڵاڵێك و بڕێك پارەی پی دەدات بۆ ئەوەی بیفرۆشێت لەبەر ئەوە مانگای کابرا زۆر لاوازو کەم شیرو سەر شێت و نەزۆك دەبیت، وە کابرای دەڵاڵ هاوار دەکات دەڵێن مانگا مانگا مانگایەك هەر ژەمەوە یەك تەنەکە شیری لێ دەدۆشرێت مانگایەك بە دوانە نەبێت نایهێنێت، مانگایەك وەك مەڕ وایە! بەشێوەیەکی وا بانگەشەی بۆ دەکات کابرای خاوەنی مانگاکە دێتە پەنای دەڵاڵەوە پێوەی دەچرپێنێت و دەڵێت برا گیان تۆ پارەی خۆت بەزیادەوە دەدەمێ بەڵام ئەم مانگا مادام وایە با لەدەستی خۆمی دەرنەکەم، وە ئەم بانگەشانەی کە ئێستە دەکرێت وەك ئەو دەڵاڵەو مانگای کابرای لێهاتووە، بەڵام دەبێت ئێمەش وەك خاوەن مانگاکە گێڵ و گەلۆر نەبین و ڕابووردوومان لەبیر نەکەین و لەبیرمان نەچێت کە ئەم هەموو بەڵێنی پرۆژانە خۆ لە هەڵبژاردنی ڕابوردووشدا دران بەڵام ئەوە چەندی بەسەردا ڕۆشتووە هێشتا تەنها کارەباکەمان بۆ جێ بەجێ نەکراوە، خۆ ئەگەر نیوەی ئەو بەڵێنانەش بەسەر ببرایەن ئەوا بوو بووین بەژێر پرۆژەوە، بەڵام هەموو ئەم بانگەشانە جێگەی ئەوە ناگرێت کە کارەباکەمان بۆ چارەسەر بکرایە، وە گەر ئێمەش وەك کابرای خاوەن مانگا گێڵ نەبین دەبێت

بزانین دەنگ بەکێ دەدەین نەك بەم بانگەشانە چەندساڵێکی تر خۆمان بۆ دوا بگەڕێنینەوە، بە ئومێدی گۆڕان لە چەند ساڵی داهاتوودا.

## بزەی پێکهێنانی کابینەی نوێ

ئەنجامی ڕێکەوتنی حیزبەکان
پارتی: ڕانێك و سنگەکەی و دڵەکەی
گۆڕان: ڕانێك و جگەرەکەی
یەکیەتی: ملەقۆتەو جیقلەکەی
یەکگرتوو: باڵێك و بان پشتەکەی
کۆمەڵ: باڵێك و دوو قاچەکەی
سەرەکەشی بەکەڵکی خواردن نەمابوو لەبەر شەڕە دەنوکی زۆر پێش هەڵبژاردن!!!
بزووتنەوە: بەزیاد بێت ئێمە بەڕۆژوو دەبین
پەڕوپۆکەشی بۆ حیزبەکانی تر دەتوانن کۆی بکەنەوە بۆ سەرین
ئێمەش: حسابات و سەر ئێشەکەی
-دکتۆر نیە لە دونیادا نەڵێ قەڵەوی خراپە، کەچی حیزبی وا هەیە ڕان و سنگ و دڵ نەبێت نایخوات! ئێ دە کەمێك ڕەحم بە خۆتان بکەن، چاوتان لە هەژارێکیشەوە بێ! هی وا هەیە هەر نان نیە بیخوات.
-حیزبی وا هەیە ڕان و سنگ و جگەری دەخوارد هیچی نەدەکرد! ئێستە بە ملەقۆتەوە چی پێدەکرێ!.
-هەر لە منداڵیەوە عادەتم وەها بووە گۆشتەکەم دەخستە ئاخرەوە دەمخوارد!

کەچی حیزبی وا هەیە هەر کە ڕان و جگەرەکەی بینی خێرا قوتی دا! خوا ماڵتان ئاواکات نان چۆن وا دەخورێت!
-حیزبی وا هەیە لەم وەزع خۆشیەشدا هەر باڵ و بان پشت دەخواو زۆر شوکریشە!.
-بەس پێم بڵێن قاچی مریشکی کوردی چی پێوەیە؟ توخوا ڕۆژوتان بگرتایە باشتر نەبوو؟.
-خۆ من ناڵێم ڕۆژووەکەتان دروست نیە، خوای گەورە لێتانی قبوڵ بکات، بەلام ڕۆژوو کاتێك خەیری زیاترە نانی باش هەبێت خۆت بگریتەوە لێی لەبەر خوای گەورە.
-پەڕوپۆم بۆ چی یە؟ بۆ سەرین، ئێمە کە نان نەبێت بیخۆین چۆن خەومان لێ دەکەوێت؟!.
-بەدبەختی تەواو بۆ ئەو حیزبەیە کە نە باوەڕی بە ڕۆژوو هەیە نە بە قیامەتە وە نە هیچیش هەیە بیخوات!!!.

## وولاتی یەك ڕۆژی

لەبیرمە یەکەم جار کە ڕۆشتمە لەندەن توشی شۆك بووم ئەویش بە بینینی هندی و پاکستانیەکان کە زۆر ئاسایی جلی خۆیانیان لەبەر بوو!، لە بازاڕدا، لە کۆڵان و شەقامەکاندا، لەسەر کارو سەفرەو خۆشی و ناخۆشیەکاندا!. لە کاتێکدا پۆشینی ئەو جلانە بەڕاستی نامۆیە بەو وولاتانە، کوردیش لە کوردستاندا ڕۆژێکی داناوە بۆ جلی کوردی! گەر لە وولاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا بوایە بە بڕوای من تا ڕادەیەکی زۆر ئاسایی بوو ئەویش دەبویە هۆکاری سەرنج و تێڕامانی گەلانی ترو دەتوانرا وەك هەلێکیش بقۆزرێتەوە، هەروەك لەبیریشمە جارێکیان قاتێکی مەلیکیم

لەبەر کردوو بەناو لەندەندا دەسوڕامەوە، هەروەك جارانی کوردستان نەك ئێستە! زۆرکەس بە سەرنجەوە تێی دەڕوانیم و منیش زۆر ئاسایی و بەدەم خەندەوە دەمووت کوردم و ئەوەی کە لێم دەهاتە پێشەوە بۆم شی دەکردەوە کە کورد چی یە، ئەوکات پێش ٢٠٠٣ بوو وەك ئێستە نەبوو بە تیرۆریست بماننناسن!، هەر بۆنەیەك لەم جۆرە بۆنانەی کە ڕۆژێکی بۆ دانراوە لە کوردستاندا بەبڕوای من هیچ گونجاو نی یە بۆ ناوخۆی کوردستان، چونکە بە لەبەرکردنی جلی کوردی لە تەنها ڕۆژێکدا سوکایەتی کردنە بە جل و کەلتوری کوردی کە ئەوەندە بەرتەسك بکرێتەوەو نامۆ بێت و بوترێت قەینا ئاساییە ئەمڕۆ دەتوانن بە جلی کوردیەوە دەوامی ڕەسمی بکەن، بەداخەوە دەبوو کار بۆ ئەوە بکرایە جلی کوردی ببوایە بە جلی ڕەسمی لە گشت فەرمانگە حکوومیەکاندا، نەك تەنها ڕۆژێك بێت و ئەو ڕۆژەش وەك پشوو!. زۆرم پێ سەیرە زۆرێك لە بۆنەکان بۆ جل و هەتا خودی مرۆڤەکان لە تەنها ڕۆژێکدا کۆیان کردووەتەوەو بووە بە وولاتی یەك ڕۆژە، هۆکاری ئەمەشە کەسێکی وەك دکتۆر کەمال میراودەلی لێهاتووەتە دەنگ و بە توڕەییەوە لەسەر ئەم ڕۆژە دەڵێن:

ڕۆژێک بۆ پۆشینی جلی کوردیی: بی ماناترین داهێنانی دەسەلاتی جەهالەت.

کەوایە ڕۆژێکێش دابنێن بۆ قسەکردن بە زمانی کورد،ی

ڕۆژێک بۆ نووسین و بەکارهێنانی کوردیی ڕاست لە نووسینی ڕۆژنامەکان و ئاخاوتنی تەلەفزیۆن و میدیاکاندا.

ڕۆژێک بۆ مۆسیقاو گۆرانی رەسەنیی کوردیی.

ڕۆژێک بۆ دزیی نەکردن وازهێنان لە گەندەڵیی

ڕۆژێک بۆ خواردنی کوردیی رەسەن و نانی کوردی

ڕۆژێک بۆ یادکردنەوەی سەربازە ونەکانی خەباتی کوردایەتی و ناونەهێنانی سەرۆک و بنەماڵە.

ڕۆژێک بۆ درۆ نەکردن کە دەبێ ئەو ڕۆژەش هەر یەکی نیسان بێت.

## بەهەڵپەڕکێ بوایە پێشکەوتوو ترین میللەت دەبووین

هەموو میللەت و کۆمەڵێك، کۆمەڵێك کارو ڕەفتاری تایبەتیان هەیە کە تایبەتە بەخۆیانەوە هەوڵیش دەدەن دەست بگرن بەو کەلتورەی کەهەیانەو شانازیشی پێوەدەکەن. دەگونجێت ئەو کەلتورەش شتی باش وە هەم خراپیشی تیادا بێت، ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر باشی و خراپیەکەی نیە بە ووردی، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیربێت نەگونجاوەو نابێت بایەخدان بەکارێك و فەرامۆش کردنی کاری تر، ئەوەی کە بەرچاوی دەبینرێت و وە بایەخی پێدەدرێت زیاتر لە هەموو کارێکی تر لەناو کوردەکانماندا هەڵپەڕکێ و گۆرانی یە بەشێوەیەك کە بووەتە ژیانی زۆرێك کە هیچ شت لەوە بە گرنگتر نابینن هەردەم لە هەوڵی ئەوەدان هەر هەڵپەڕکێ ساز بکەن. ئەگەر سەیری میللەتانی تر بکەین بەشێوەیەکی بەربڵاو بایەخ بە هەموو بوارەکانی ژیان دەدەن وە هەڵپەڕکێ و ئەو جۆرە کارانەش بەشێوەیەکی کەم و لاوەکی دەبینرێت. میللەت بەهەڵپەڕکێ پێش ناکەوێت، چونکە کارێك نیە پێویستی بە زانست و زانیاری بێت. هەمووکەس دەتوانێت بیکات، ئەوەی زۆر جێگەی نیگەرانیە کە هەرئەوەندە نیە خەڵکەکە بەرەو بەم کارانە بدەن هەر کەناڵێکی کوردی دەکەیتەوە هەر ئەم بەزمەیە، وەك وابێت هەموو کارێکمان تەواوەو تەپڵی خۆشیمان لێداوەو هەر هەڵپەڕکێکەمان نوقسانە. ئەگەر وێنەی هەموو گرفتەکانی کوردستان بهێنینە پێش چاوی خۆمان بەڕاستی تەعزیەی ئەوێت نەك هەڵپەڕکێ، مەبەستم دەستەوسانی نیەو وە دژی خۆشیش نیەم. بەڵام خۆزگە هەموو شتێك بەگوێرەی خۆی و لەکاتی خۆیدا بکرایە، وە خەڵکیش زیاتر هوشیار دەبوو، وە ئەوکاتەی بەوکارانەوە بەسەری دەبات لە زانست و زانیاری و بەدەمەوەچونی یەکتریەوە بەسەری دەبرد ئەوکاتە بەم شێوە نەدەبووین وەیان نابین، زۆرێك هەیە بۆ نمونە

ئامادەیە پارەیەکی زۆر سەرف بکات بۆ بینینی گۆرانی بێژێك و تاوێك هەڵپەڕکێ لە هەمانکاتدا هەمان کەس ئامادە نیە بە کەمتریش لەو پارە خولێکی زانستی ببینێت کە زانستی تیادا فێر دەبێت. لەکۆتایدا هیوادارم ئەوەندەی برەو بەم کارانە دەدرێت، برەو بە زانست و بە دەمەوەچوونی خەمەکانی یەکتریەوە بەسەر ببرێت، تا کۆمەڵگایەکی سەرکوتوو هوشیارمان دروست دەکرد.

## داواکاریی داخستن و سنوردارکردنی مەیخانەکانی دەربەندیخان

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
ب/داواکاریی داخستن و سنوردارکردنی مەیخانەکانی دەربەندیخان
بۆ پەرلەمانتاران
بەڕێزان: (چەند ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان و عێراق کە خەڵکی دەربەندیخانن) ناوەکان لابراون لێرەدا.
بە پێی ئەوەی بەڕێزتان خەڵکی شاری دەربەندیخانن منیش ئاراستەی داواکاریەکەم ڕوو بە ڕووی ئێوەی دەکەمەوە، زۆر ئەندام پەرلەمانی تر هەن پەیوەندی هاوڕێیەتی و جۆربەجۆرم لەگەڵیان هەبووەو هەیە بەڵام هەقی هەستان بەم کارە لەسەر شانی ئێوەی دەزانم.
پرسی هەموو ئەو مەیخانانەی کە لە دەربەندیخاندا بوونیان هەیە سەرباسی زۆر لە کۆڕو کۆبوونەوە کۆمەڵایەتیەکانن و جێگەی ناڕەزایی خەڵکی شارەکەیە بەتایبەت ئەوانەی لەسەر شەقامە سەرەکیەکانە! جگە لەوەی هەبوونی ئەو مەیخانانە دژ بە ئاینی ڕاست و دانیشتوانانی شارەکەیە زۆرێك وەك سوکایەتیەك بۆ سەر شارەکەو کەسایەتیەکانی ناو شارەکە لێکی دەدەنەوە،

ئەڵبەت ناتوانرێت بشاردرێتەوەش بەڕێزتان لەو ناوانەن کە بە بەرپرسی یەکەم ناو دەبردرێن.
ئێمە بە وڵات ئیسلامین و بە دەستوور ڕێز لە ئیسلامبوونمان گیراوە، بەڵام لە زەمینەی کرداریدا هەندێك جار ئەورووپاشمان تێپەڕاندووە!
لە وڵاتانی ئەورووپی و نا ئیسلامی بۆ مەیخانەو چۆنیەتی فرۆشتنی و هەموو ئەو یاسانەی کە پەیوەستن پێوەی یاسای زۆر قورسیان بۆ داناوە، لە کاتێکدا وەك بیروباوەڕو ئاین کێشەیان لەگەڵ خواردنەوەیدا نی یە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا سەرەڕای حەرامیەتی وەك دین و هەموو ئەو کێشە کۆمەڵاتی و هەتا جەستەییانەش کە بەهۆی مەیەوە دەکەوێتەوە یاساکان بە گوێرەی پێویست نین لە ئاستیدا.
من لێرەدا چەند نموونەیەك دەهێنمەوە گەر بێت و بەراوردی بکەین بە وڵاتی خۆمان و بە تایبەتی شاری دەربەندیخان جیاوازیەکانیان بێگومان زۆرن.
لەسەر فرۆشتنی مەشروب بەخوار تەمەنی ١٨ساڵ لە بەریتانیا هاتووە:

It is against the law: to sell alcohol to someone under 18 anywhere, and can lead to a maximum fine of £20,000 for bar staff/managers or premises may eventually be shut down.

واتە: دژ بە یاسایە فرۆشتنی مەی بە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ لە هەر جێگەیەك، گەر ئەو کارە ڕوویدا غەرامەی تا ٢٠ هەزار پاوەندی بەریتانی بۆ ئەو کەسە هەیە کە مەیەکەی فرۆشتووە، وە بۆ خاوەن مەیخانەکەش تا ئاستی داخستنی مەیخانەکەی سزا دەدرێت.
من گومانم نی یە لەوەی گەر بەدواداچوونێکی جدی تەنها لەسەر ئەوە بکرایە ئەوا دەمێك بوو مەیخانە لە تەواوی کوردستان و بە تایبەت دەربەندیخاندا نەمابوو.

هەر لەسەر فرۆشتنی مەی بەخوار تەمەنی ١٨ ساڵ گەر بێت و ناسنامەی نا دروست بەکار بهێنێت یان ناسنامەی کەسێکی تر بۆ کڕینی، واتە کەسەکە بیەوێت خۆی گەورە نیشان بدات تا پێی بفرۆشن:

**It's a criminal offence to use false or borrowed ID to gain entry to licensed premises or to buy alcohol. The maximum penalty is a £5,000 fine and up to 10 years in prison.**

واتە: جەریمەیە گەر کەسێك ناسنامەی نا دروست یان کەسێکی تر بەکار بهێنێت بۆ کڕینی، بە پێچەوانەوە غەرامەی تا ٥ هەزار پاوەندی بەریتانی بۆ هەیەو هەر لەسەر هەمان کاریش دەتوانرێت زیندانی تا ١٠ساڵی بۆ ببڕدرێتەوە.

سیمای شارەکەمان ناشرین بووە بەهۆی خواردنەوەی مەیەوە لە جێگە گشتیەکاندا بە تایبەت سەر ڕووباری سیروان بە شێوەیەك خێزانەکان شەرم دەکەن بڕۆنە سەر ڕووباری سیروان بەهۆی گەنجی مەیخۆرەوە لەسەر ڕووبارەکان و پیس و پۆخڵی سەرئاوەکان بەهۆی پاشماوەی مەیخۆرەکانەوە.

ئەو مەیخانانەی کە سەر شەقامی گشتی دروستکراوە بە تایبەت ئەوەی سەر ڕێگای کەلار دەربەندیخان موڵکی گشتی و شارەوانیەو هەق وایە بەدواداچوونی لەسەر بکرێت بە چ مافیك؟ جێگەی گشتی دراوە بە کەسێك بۆ سودی خۆی و دژی بەها دینی و کۆمەڵایەتیەکانی شارەکەی بەکاری بهێنێت؟

ئەوەی بە ئاشکراو ڕۆژانە دەبینرێت لە دەربەندیخاندا پەیوەندیدار بە مەی دژ بە چەندین وەزارەتی ناو حکوومەتی ئەم هەریمەن بۆ نموونە:

لە ڕووی دینیەوە بە ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە پێی حەرامیەتی مەی و یاساو دەقی ڕاستەخۆی قورئانی.

لە ڕووی ژینگەوە هەموو سەر ئاوەکانی دەربەندیخان شوشەو قوتوی مەشروب تا کوچەو کۆڵانەکانیشی گرتووەتەوە.

له ڕووی یاسایی هاتووچۆوە بە ئاشکرا سەیارە مەشروب دەخەنە ناویەوە هەر لەسەر شەقامەکەو هەندێك لە هۆکاری پێکدادان و وەرگەڕان و کەوتنەوەی کارەساتە دڵ تەزێنەکان بەهۆی مەیەوەیە.
گەر پەیوەندی بە پۆلیس و ئاسایشیشەوە بکەن و ئاماری قوربانی و زیان بەرکەوتووانی مەییان تۆمارکردبێت گومانم نی یە لەوەی توشی شۆك دەبن.
بەدواداچوون و گرنگیدان بەم کەیسە مایەی سوپاسگوزاری و خەمخۆری بەڕێزتان دەسەلمێنێت و بە پێچەوانەشەوە هێمایەکی گەورەی پرسیارو سەرسوڕمان (؟!) لەسەر پشتگوێخستنی شارەکەتان نیشان دەدات.
گەر پێویست بە واژۆی دانیشتوانی دەربەنیخانیش بکات ئامادەم واژۆی پێویست و دواکراوی بۆ کۆبکەمەوە.
لەگەڵ ڕێزمدا.
ئەڵبەت ئەم نامە بۆ مێژووە، هیچ وەڵامێکی نەبوو.

# چی بەچی دەناسیتەوە؟

عێراق بە ئێراندا
مالیکی بە خامنەئیدا
جێشی عێراقی بە کۆڕەودا
میدیای عێراقی بە درۆدا
مەرجەعی شیعە بە سیغەدا
سیستانی بە پاکەت و شخارتەدا
مەرجەعی سونە بە شپرزەیدا
داعش بە کەلەسەری بڕاودا
مامە بە نەخۆشیدا
بەرهەم بە بێکەسیدا
هێرۆ بە عەزەڵاتدا
بارزانی بە دەوڵەتی کوردیدا
نێچیر بە سۆرانیەکەیدا
حسك بە شارەزووردا
کاکە حەمە بە کەرکوکدا
شوعی بە نوێژو حیجابدا
ئاراستەی سێهەم بە پارتیدا
رووداو بە نەوتدا
زاگرۆس بە گرتەی سێکسیدا
گەلی کوردستان بە نهادا
کوردسات بە گەردەلولدا
پەیام بە بێ پارەیدا

سپێدە بە خەودا
ڕابوون بە تەڵخیدا
یەکگرتوو بە دیموکراسیدا
کۆمەڵ بە پێشمەرگە تیرۆرکراوەکەی هەولێردا
بزووتنەوە بە ڕیشدا
دائیرەی کوردی بە قەرەباڵغیدا
مرور بە کەمین و غەرامەدا
جادەکان بە تاسەو چاڵی گەورەدا
نەخۆشخانە بە بێ دەرمانیدا
حەریق بە بێ ئاویدا
بەنزیخانە بەسرەی دورو درێژدا
کەرکوك بە بێ نەوتیا
دهۆك بەسەری شکاوی ڕۆژنامەنووسدا
هەڵەبجە بە پارێزگادا
سلێمانی بە ١٧ی شوباتدا
جەلەولا بە مونافەسەی حیزبیدا
سەید سادق بە هۆشیاری و خۆپیشانداندا
ڕانیە بە کامەران بابان زادەدا
دەربەندیخان بە ئاوی پیسدا
پێشمەرگە بە بێ موچەیدا
ئاسایش بە دوو ڕوویدا
پۆلیس بە قات و ڕیباتدا
کورد بە قوڕبەسەریدا
عومەر عەلی بە خەم و خەفەتدا

## كوردستان يان زبڵدان

پاك و خاوێنی هەردەم نیشانەی پێشكەوتن بووە هەروەك بەبەشێك لە ئیمانیش دانراوە لە نێو مسوڵماناندا، بەڵام زۆر بەداخەوە پێچەوانەكەی شانازی پێوە دەكرێت لە كوردستاندا، وە بەڵكو نەك هەر شانازیش زۆرێك هەر بەلایەوە سوكی و عەیبەیە ئەگەر پاشەڕۆكەی تەنها خۆشی پاك بكاتەوە، وە بەڵكو بەسوكی و زۆر كەمی دەزانی ئەگەر ئەو پیسیەی كە خۆی فڕێی دەدات لەسەیرانگا وەیان ڕێگەو بانەكاندا بیانخاتە نێوە زبڵدانەكان وە كوردستان بەتەواوی خاكەكەیەوە وەك زبڵ بۆی دەڕوانن! هەروا زۆر بە سادەو ساكاری پیسی و هەموو شتێكی بەكار نەهاتوو لە هەر كوێیەكدا بن ئاسایی فڕێی دەدەن! هەردەم ئەو پرسیارەیان لەخۆیان نەكردووە خۆ ئەم خاكە سەفەری نی یەو تەنها بۆ جارێك بەكار بێت بەڵكو كەسانێكی تر دوای ئەو سود لەو جێگەو شوێنانە دەبینن و پێیدا تێی دەپەڕن وە تەنانەت خۆشیان، هەر جێگەیەك دەڕۆی نیشانەی ئەم نا شارستانیە بەڕوونی و بەزۆری دەبینی هەر لەناو بازاڕەو بیگرە تا دەگاتە ناو كۆڵان و سەیرانگاكان! زۆرینەی خەڵكی بەچاوێكی نا بەرپرسیاریەوە دەڕواننە ئەم مەسەلە ئەو ژینگە جوان و سروشتیەی كوردستانیان بەدەستی خۆیان تێكداوەو وە بوونەتە مایەی ئازاری بەرانبەر هەمووشی بەقەدەر كێوێك گلەی و گازندەی هەیە! كەسێك نەتوانێ پاشماوەكەی خۆی لە جێگەی خۆیدا دابنێت توخوا شایەنی چی یە؟ لەگەڵ ئەم هەموو كەموكوڕیەی هاوڵاتیان لەو لاشەوە حكوومەت وەكو هەموو كارەكانی تری زۆر كەمتەرخەم بووە لەم بوارەدا بۆیە نابینین شارەوانیەكان كەسانی تەرخان كراوەی بەردەوامیان هەبێت بۆ پاك كردنەوە ئەگەر هەش بێت لەوانەیە هەر لەو كەسانەبن كە هەر بۆ مووچەكانیان دەڕۆن و كارەكانیان نازانن لەكوێیە، جار جارە دەبینین هەڵمەتی پاككردنەوە

دەکرێت لە شارە جیا جیاکانی کوردستاندا بەڵام ئەو هەڵمەتانە لە ئاستی پێویستدا نین و وە پێویستە کەسانێك تەرخان کرابن کە بەردەوام لەسەر جادەو کۆڵانەکان کاری پاك کردنەوە بکەن، لە وولاتاندا چەندەها ئامێری کارەبایی و ئوتومبێلی پاککردنەوەی تایبەت هەیە، زۆر جێگە هەموو سبەینانێك پاك دەکرێنەوە لەلایەن کارمەندەکانیانەوە، بەڵام شارەکانی ئێمە حکوومەت هەر چاوەڕێی خێرخوایە پاکی بکاتەوە، لە کۆتایدا ناهەقم مەگرن کە نە قسە لەگەڵ خەڵکدا بکەم و وە نە دەنگ بدەم بە حکوومەت.


ئەم جێگە جێگەیەکی گشتی یە ئەم گەنجە بەم شێوەیە کاری تێدا دەکات!



پاشماوەی گەنجە ناهوشیارەکان



ئاوی سیروان دەربەندیخان، هەر لەو کاتەدا گەنجێك ویستی مەلە بکات شوشەی بیرە قاچی بڕی بەچاوی خۆم دیم



بازاڕی خانەقین





ناو ماڵان

کۆڵانەکان







ناو بازاڕو ماڵانی کەلار



وە بە سەدان دیمەنی لەم جۆرانە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا دەبینرێت، وە هاوڵاتیانیش گلەی نەخۆشی دەکەن.
تێبینی/ هەموو وێنەکان بەکامیرای قیبلە گیراوە

## ڕای ئازادو ڕووی ڕاستی خەڵکی

لەوەتەی زەمینەیەکی فراوان بۆ ڕۆژنامەو نووسەران کراوەتەوە بەهۆی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارو پێگەکانی ئەنتەرنێتەوە بەردەوام باس لە قبوڵکردنی ڕای ئازاد دەکرێت و هەریەك ئازادیەکە بۆی خۆی دەگێڕێتەوە!. هەندێك نووسەر هێرشی بێ بنەماو ڕقی خۆیان بەسەر ئیسلام و خواو پێغەمبەرو قورئان و مامۆستایانی ئاینیدا دەڕێژن بەناوی ئازادیەوە! ئەگەر بێت و ئەو بەناو ئازادیە ڕاڤە بکەیت بۆ خەڵکی هەمان بەناو نووسەرانی پێشوو دژی ئازادی لەقەڵەم دەدەن!، لە کاتێکدا بەهەمان ڕێگەی ئەوان کارەکان گیراوەتە بەر، بۆ نموونە

کەسێك شتێك دەنووسێت دژی ئیسلام لە ژێر ناوی ئازادی و ڕای جیاوازدا، کەسێکی تریش هەر بە نووسین وەڵامی دەداتەوە کەچی لەلایەن کەسی یەکەمەوە بە توند ڕەوو کۆنەپەرست و تۆمەتی جۆراو جۆر ناو دەبرێت.
کە باس لە ووشەی جێندەر کرا لە پەرلەماندا قسەو باسی زۆر لەسەر کرا، چەندەها ڕاڤەی جیاواز بۆ ئەو ووشەکراو وە دژایەتیەکی زۆر دروست بوو لە دووبەرەی جیاوازدا، مامۆستا فەرمان خەرابەی لە کتێبەکەیدا بەناوی (ڕاستیەکی وونبوو) کە تویژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیە بە مۆڵەتی فەرمی دەرکاوە، کەوتە بەر ڕەخنەیەکی زۆر بە تایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەژێر ناوی مافی ئافرەتدا کار دەکەن، بە شێوەیەك چەندەها داوای ئاساییان دژی مامۆستای ناوبراو تۆمار کردووە، ئەوەی بوو بە مایەی سەرنج و منی جوڵاند بۆ نووسینی ئەم بابەتە لەسەری، خۆ مامۆستا فەرمان بە نووسین لەسەر ئەو بابەتە دواوە، نەهاتووە لە مینبەری مزگەوتەوە خەڵکی دژی ئەو ڕێکخراوانە هان بدات!، وە کە باس لە ڕای جیاوازو ئازادی دەکرێت ئایا نووسینی ئەو کتێبە جگە لەو ناوانە چ مانایەکی تری هەیە، بۆ بۆ کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەی کە ئافرەتی تێدا سوککرابوو ڕێکخراوێکی ئافرەتانمان نەدی لێی بێدەنگ بن، لە کاتێکدا مەریوان هەڵەبجەی نە مامۆستای ئاینی بوو تا بەناوی ئاینەوە قسە بکات و چەندەها ئایەتی قورئان لە بەناو کتێبەکەیدا بەکار بهێنێت، وە مامۆستا فەرمان کە خۆی مامۆستایەکی ئاینیشە تەنها ئایەتێکیشی بەکار نەهێناوە لە کتێبەکەیدا، لەمەشدا ڕووی ڕاستی خەڵکی و نووسەران دەردەکەوێت کە کێن بازرگارنی بەناوی ئاینەوە دەکەن و وە کێن بەرگری لە ئاین و نیشتمان و مافی زۆرینەی خەڵکی دەکەن.

# ڕای ئازادوو موزایەدەی لایەنە سیاسیەکان

دوا بەدوای هەردوو شەهیدی قەڵەم سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمان ووروژاندنی ڕای ئازادوو بیروو بۆچوونی ئازاد لە ڕاگەیاندنەکاندا بایەخێکی زۆر زیاتری پێدرا، لە ئەنجامی بە ناهەق کوشتنی ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە ئەوەندە باس لە ڕای ئازادو بیروبۆچوونی ئازاد کرا بەقەدەر گەورەی خوێنی سۆران و سەردەشت درۆی شاخدار لەلایەن زۆرینەی لایەنە سیاسیەکانەوە بەناو ڕای ئازادەوە کرا.

عەلمانیەکان بەشێوەیەك، و نەتەوەیەکان بەشێوەیەك و ئیسلامیەکانیش بەشێوەیەکی تر، هەریەکەوە بەجۆرێك ووشەی ڕەنگاو ڕەنگ و ناوی بێ ناوەرۆکی بۆ دەهۆنیەوەو هاوڵاتیانیش لە نێوەندی چەند ڕێیانەدا سارسامن و هێشتا بیرلەوە دەکەنەوە کام ڕێگا هەڵبژێرن؟ هیچێك لە ڕێگەکان نەماوە تاقی نەکرێتەوە! لە کاتێکدا ئەو ئازادیەی باسی لێوەدەکرێت نەبینراوەتەوە.

کاتێك نادادگەریەك بەرانبەر کەس یان لایەنێك دەکرێت گرنگە ئەو نادادگەریە بە نادادگەرانە چارەسەر نەکرێت، لە دینیشدا هەروایە وەك خوای گەورە دەفەرموێت

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّه شُهَدَاء بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْم عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ}

سورەتی مائیدە ئایەتی ٨ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، زۆر بەچاکی هەستن بەئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا، ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەک هەڵتان نەنێت کەلە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە، دەی کەواتە لەخوا ترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کارو کردەوەیەی کە دەیکەن.

ئەوەندە بە ڕەهایی باس لە بازنەی ئازاد دەکرێت هیچ لایەنێك ئەو ئازادیەی کە خۆی باسی دەکات پێی نی یە.

## بە کورتی دەستنیشانی هەندێك لەو لایەنانە دەکەین.

**پارتی دیموکراتی کوردستان:** ئەو ئازادیەی کە پارتی باسی لێوە دەکات تەنها بۆ ڕووو جوانکردنی خۆیەتی وەگەرنا ئاشکرایە پارتی ئازادی ڕادەربڕین تەنها بۆ ڕۆژنامەکانی خۆیانەو ئەویش بەشانوباڵی خۆیاندا بێت! ئازادی تا ئەو ڕادەیە زیانی بۆ پەزەکان نەبێت، کە گەشت بەو ئاستە زمان حەدی چی یە ووشەی ئازادی بەدەمدا دێت، ئێستە وا لە خۆ ئامادەکردندان بۆ کۆنگرە لە لق و ناوچەکاندا تۆزێك خەریکە بیروبۆچوونی جیاوازو ڕای ئازاد دروست ببێت چونکە لە سەرەتاوە پارتی ئەمەی قبوڵ نەبووە بینیمان شەڕی تێکەوت و هەر لەناو خۆیاندا بە گژیەکتریدا هاتن. جگە لەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە بە ئاشکرا دیارە دەستی پارتی لە پشتەو ئازادی ڕاستەقینەی پێ لەبار بات.

**یەکیەتی نیشتمانی کوردستان:** هەر لەسەرەتای دروستبوونی یەکیەتیەوە تا ڕادەیەك ڕای ئازادوو بیربۆچوونی ئازاد لەناو یەکیەتیدا هەبوو بەڵام نەگەشتووەتە ئەو ڕادەی کە هەزم بکرێت و لە خزمەت حیزبەکەدا بخرێتە گەڕ، بەڵکو بە بەرژەوەندی تاك و کوتلەدا براوە، سەرەنجامی نا قبوڵکردنی ئەوەش بوو بزووتنەوەی گۆڕانی هێنایە بوون.

**بزووتنەوەی گۆڕان:** ئەوەندە باسی ڕای ئازاد دەکەن بیری هاوڵاتیانیان بەگشت لایەکدا بردووە، بەشێوەیەك گەشتووەتە ئاستێك لە هیچ چوارچێویەکدا جێگەی نەبێتەوە، ئەمەش گەرچی لایەنی پۆزەتیڤی زۆرە، بەڵام بریا لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە بنەمای ڕای ئازادیان ڕوون بکردایەتەوە بۆ ئەوەی هیچ

نەبێت کاتێك ڕای ئازاد بەرانبەری خۆیان و لەناو خۆیاندا دروست بوو نەکەونە ژێر پرسیارەوە.

**یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:** هەرکەس بە ڕەهایی باسی ڕای ئازاد بکات نابێت هیچ بزووتنەوەیەکی ئیسلامی بەو شێوەیە بیوروژێنێت، لەبەر ئەوەی هەر سەرەنجامی ڕای ئازادە سوکایەتی بە گشت بنەما سەرەکی و موقەدەساتی ئیسلامەوە دەکرێت و دواتر ئیمزا کۆکردنەوەو موزاهەرەی لە دژ دەکرێت. جگە لەوەش قبوڵ نەکردنی ڕای ئازاد بووە چەندەها ئەندامی باڵاو کارای ناو ئەو حیزبە دەست لە کار بکێشنەوە.

**کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان:** ڕای ئازاد بەرانبەر نەگۆڕەکانی ئیسلام بڤەیەو کەس مافی ئەوەی نی یە دەستی تێوەربدات ئاشکرای لای هەموو ئیسلامیەکانە مەگەر خۆیانی لێ گێڵ بکەن وەیان خۆیان گێڵ بن بەرانبەری، بەڵام خۆ لەبەر ڕای ئازادی دژ نەگۆڕەکان نەبووە ئەو هەموو جیاوازیە لەناو بزووتنەوەو دروست بوو تا گەشتە ئەو ڕادەی کۆمەڵی هێنایە بوون لەناو کۆمەڵیشدا ئەو کوتلە کاری و پاشقوڵ لەیەکدان و حەرامانە بەرانبەر یەکتر هەر ڕای ئازاد دروستی کردووە.

**هەڵوێستەیەکی گرنگ.**

پێویستە لەسەر گشت لایەنەکان بە تایبەت ئۆ پۆزیسۆنەکان کە بنەماکانی ڕای ئازاد بۆ خەڵکی جوان شی بکەنەوەو پێش هەموو کەس و لایەنێك خۆیان قبوڵی بکەن، وەگەر کەسێك ڕای جیاوازی و ئازادی دژی خۆشیان بۆ دروست بوو ئەوسا خەڵکی بنەماکانی لا ڕوون بێت و بزانرێت کە هێڵە سورەکە بەزێنراوەو ئەو فەراغەش بۆ خۆیان دروست نەکات، کۆمەڵێك کەس دەست لەکار دەکێشنەوە وەیان دەر دەکرێن لەبەرچی یە ئەگەر ڕای ئازاد یان جیاواز نی یە؟، خەڵکیش مافی خۆیەتی ئەو بنەمایانە وەك ناوی خۆی بزانێت بۆ ئەوەی

خۆیان هەقی پێدا بناسن، وەگەرنا هەرکەس بۆ خۆی باسی ڕای جیاواز دەکات و کەسیش نازانێ جیاوازیەکە چی یە.
ئیسلامیەکانیش دەبێت زیاتر ڕوونبن و بەلاغیان یەکلایەنانە بێت و سنوری ڕای ئازاد بۆ خەڵکی جوانتر شی بکەنەوە، وەگەرنا دژایەتی بیروباوەڕەکەیان لەژێرناوی ئازاددا دەکرێت، ئەو ئازادیەی بانگەشەی بۆ دەکرێت هەمووی کۆت دەکات و مانایەك بۆ ئازادی نامێنێت.

## ئەی ئافەرین وەزارەتی ئەوقاف!

ئەی ئافەرین وەزارەتی ئەوقاف!!! بەڕاستی سەلماندتان شوێنکەوتەی پێغەمبەرانن!!! ئەوەی بوەتە جێگەی سەرباس و نیگەرانی هاوڵاتیانی کوردستان تێکەڵکردنی قوتابیانە کە لە بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردەدا دەرچوو! وە ئەم بڕیارە بووە هۆی باست و خواستی هاوڵاتیان وە هەتا گەشتە ئەو ڕادەی کە زۆرێك منداڵەکانی خۆیان لە قوتابخانە دەربهێنن بەهۆی ئەم بڕیارەوە... وە هەیە تا ئێستە دەوامی نەکردووەو چاوەڕێیە بەڵکو ئەو بڕیارە بگۆڕدرێت... وە کارێکی بەم شێوە دەبوایە وەزارەتی ئەوقاف پێش هەموو کەسێك ناڕەزای خۆیان دەربېڕیایەو وە دەستیان لەم کارە وەردایە بە مەبەستی گۆڕانی چونکە ئەم کارە نەك لە بەرژەوەندی قوتابیان لە بەرژەوەندی حکومەتیشدا نی یە... بەڕای ئێمە ئەگەر تەنها یەك کەسیش بەهۆی ئەو بڕیارەوە واز لە خوێندن بهێنێ حکومەت لەو تاوانەدا بەژدارە ئیتر چۆن باوەڕ بکەین حکومەت دەیەوێت خەڵکی خوێندەوارو هوشیار بێت کە خۆیان ببنە مایەی دڵساردیو واز هێنانیان لە خوێندن. بەڵام وەزارەتی ئەوقاف لەبری ئەوەی دەستی باشیان لەم کارەدا هەبێت دەبینین دژی هەڵوێستی چاکیشین وە دژی ئەو مامۆستایانەشن

ئەگەر بیانەوێت کارێکی بەم شێوەیە بکەن باشە وەزارەتی ئەوقاف بۆچی دانراوە؟  بەڵام ئەوەی لەم جۆرە هەڵوێستانە بەدی دەکرێت دژی ناوەکەی خۆیانە! ئەمەش دەقی ئەو نارەزایەیە کە وەزارەتی ئەوقاف دەریان کردووە وەڵ لە سایتی ئاوێنەدا هاتووە:

«ئەوقاف:مامۆستایانی ئاینی بۆیان نییە دژی تێکەڵکردنی کوڕو کچ بن لەخوێندنگاکاندا

بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی، رایگەیاند بۆ هیچ مامۆستایەکی ئاینی نییە دژی سیستەمی خوێندن بوەستێتەوە، بەتایبەتی ئەو بڕیارەی رێگەدەدات خویندکاری کچو کوڕ لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندندا پیکەوە بخوێنن.

مەریوان نەقشبەندی بە ئەسوات ئەلعیراقی راگەیاند "ڕێگەنادرێت هیچ مامۆستایەکی ئاینی دژی سیستەمی خوێندن بوەستێتەوە بەتایبە لەمەسەلەی تێکەڵکردنی کوڕانو کچان لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا"، روونیشیکردەوە "وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك پشتگیری ئەو کارەی مامۆستا ئاینییەکان ناکات".

جێی ئاماژەیە لەساڵی رابردوودا دوای چەندین کۆنفرانسو لێکۆڵینەوە پرۆگرامی نوێی خوێندنی دارێژراو لەخوێندنی ئەمساڵدا ئەو پرۆگرامە نوێیە لەناوەندەکانی خوێندندا پیادە کرا. یەکێك لەماددەکانی ئەم پرۆگرامە، تێکەڵکردنی خوێندکارانی کچو کوڕە کە لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا.

لەمبارەیەوە، هەفتەی رابردوو، ژمارەیەك مامۆستای ئاینی لەچەند قەزاو ناحییەکی سەر بەشاری سلێمانی، لەدژی ئەو بڕیارە وەستانەوەو ئاماژەیان بەوەدا کە کەسوکاری خوێندکاران سکاڵایان هەیەو رازی نین ئەو کارە ئەنجامبدرێت.

نەقشبەندی ئاشکرایکرد ”وەزارەتی ئەوقاف بەهەموو شێوەیەك پشتگیری سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە دەکات و ئەوەی ئێستا لەلایەن چەند مامۆستایەکی ئاینییەوە لەقەزاو ناحییەکاندا دەکرێت، پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئەوقافە“.»
لە کۆتایدا دووبارە دەڵێین ئەی ئافەرین وەزارەتی ئەوقاف بەڕاستی سەلماندتان کە جێگیری پێغەمبەرانن!!! هەموو کارێك هەر بۆخۆتان باشە؟!

## یەك ملیۆن واژۆ بۆ پشتگیری مامۆستایان و ووتاری هەینی کۆ دەکەمەوە

قسەکردن لەسەر هەڵگرتنی ووژتاری هەینی و بەرتەسك کردنەوەی ئیشی هیچ کەس لەوانە نی یە کە واژۆیان لەسەری کردووەو دەیانەوێت بە واژۆیەك هەزارەها مزگەوت تەنها دیوارەکەی بهێڵنەوە، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە وولاتانی عەرەبی قسە لەسەر گۆڕینی ئەدای ووتاری هەینی کراو کۆمەڵێك زانا فەتوایان لەسەریدا، ئەویش پێشکەشکردنی ووتاری هەینی بوو لە شێوەی داتا شۆدا، هەرچەن زۆرێك هیچ گرفتی تێدا نابینێت و بە کارێکی جوان و مۆدێرنی دەزانێت، بەڵام دواتر هاتنە سەر ئەو ڕایەی کە پێشکەشکردنی ووتاری هەینی بەو شێوەیە لە قورسای ووتار کەم دەکاتەوەو وەك کۆڕو سیمینارێکی تری ئاسایی لێ دێت و نابێت بکرێت، چونکە ئەو دوو ووتارەی کە لە هەینیدا دەدرێت لە جێگەی دوو ڕکات نوێژدایە، هەربۆیە ئێمەی مسوڵمان لە نێوەڕوانی ڕۆژی هەینیدا لەبری چوار ڕکات نوێژ دوو ڕکات دەکەین، لای خەڵکی مسوڵمانیش زۆرجار ئەوە بووە بە پرسیارو کراوەو وەڵام دراوەتەوە، ئایا کەسێك لە تەلەفزیۆنەوە سەیری مەککەی پیرۆز بکات و قامەت ببەستێت لەگەڵ

حەرەمدا نوێژەکەی بە جەماعەت بۆ دەنوسرێت؟ وەڵامەکەشی بێگومان نەخێر بووە، ئیتر چۆن دەکرێت لە وڵاتێکی مسوڵمان نشین و دەستوور ئیسلامی وەك خۆیان دەڵێن، نوێژی هەینی بەو شێوە فراوانە بەر تەسك بکرێتەوە، جۆرێك لە جۆرەکان لە کاریگەری شیعە دەچێت بەسەر کوردستانەوە هەروەك باس لە جۆرێتی ئەو کاریگەرە دەکرێت لە ڕێگەی سەفارەت و پێشانگا بازرگانی و پەیوەندیەکانەوە، ئەو کەسانەی کەوا واژۆیان لەسەر کردووە بۆ پەرلەمان واژۆکانیان بە فیڕۆدا ڕۆشتووەو چونکە ژمارەی ئەو واژۆیانە ناگاتە ئەو ئاستەی گۆڕانگاری لەسەر ووتاری هەینی بکات بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی مسوڵمانی کورددا، خۆ ئەگەر من بمەوێت دژی ئەو واژۆیانە بۆ بەرگری کردن لە مامۆستایانی ئاینی و ووتاری هەینی کۆ بکەمەوە ئەوا بەماوەیەکی کەم یەك ملیۆن واژۆ کۆ دەکەمەوە، یاسای خۆ پیشاندان ئەوەندە نارەزای لای هاوڵاتیان دروست کردو تا ئێستەش بەردەوامی هەیە، ئەم کارە ئەگەر بچیتە پەرلەمان و بەجۆرێك لە جۆرەکان قسەو باس لەسەر وەرگرتنی یان ڕەد کردنەوەی بکرێت، ئەوا هاوڵاتیان پێش پەسەندکردنی بەردەم پەرلەمان و گشت دەزگا ڕەسمیەکان لە حکوومەت دەگرن، چونکە ئەو کارە دژی دەستووری کوردستانە کە نابێت دژایەتی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام بکرێت.

عەلمانیەت کە دەیەوێت ئاین لە دەوڵەت جیا بکاتەوە هەر وازی لەوەش هێناوە کە عیبادەتەکان مافی تاکەکان و بە پەیوەندی خۆیان و خوای گەورەیان زانیووە، خۆ نوێژی هەینی یەکێکە لە عیبادەتە فەرزەکان و هەمووومان ئەوەمان بیستووە کە زیاتر لە سێ نوێژی هەینی لەلایەن هەر مسوڵمانێکەوە فەوتا توشی تاوانی گەورە دەبێت، ئەی بۆ عیبادەتەکانیشمان پێ ڕانابینن.

ئەی ئەگەر مامۆستایانی ئاینی هەستن بە نووسینەوەی پرۆژەیەکی لەو شێوەیەو دژی ئازادیەکانی ئەوان بێت چی دەکەم، ئەی خۆ ئەمە دژایەتی

لەگەڵ دەستوورو ئازادی و یان و دارو بەردا هەیە.
گەر واز لەم جۆرە پێشنیارەو بەناو پرۆژەیانەوە نەوەستێرنێت ئەوا دوور نی یە ئێمەش بە چەندەها پرۆژەی هاوشێوەی بخەینە بەردەم پەرلەمان، من خۆم ئێستە چەند پرۆژەیەك بە شیاو دەزانم دژی ئەو پرۆژانە بەکاری بهێنم.
یەکەم: با تەنها یەك کەناڵی ئاسمانی کوردی هەبێت و پێویستمان بەو زۆری کەناڵانە نی یە، بەڵگەشم پێیە بۆ ئەم پرۆژەیەو زۆری کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان ڕەنگی کوردی لە دەرەوە شێواندووەو هەوڵی بە سەدەهای ئێمە مانانی بە فێڕۆ داوە، دەمێك دەبێت شیکاری لەسەر ئەوە بدەین لە دەرەوە کە کورد مسوڵمانەو ئەو لەقتە ڕووتانەی کە هەندێك کەناڵ نیشانی دەدات هیچ نی یەو هەڵقوڵاوی ناخی خەڵکەکە نی یە، ئەو فلیمە تورکی و ئێرانیانەی کە دۆبلاژ کراون لە قەومیەتی کورد کەم ناکاتەوە کوردان کەسانیکن قەومی و بە ئینتیمان بۆ خاکەکەیان.
دووهەم: کەناڵە لۆکاڵیەکان هەر پێویست نی یەو با هەمووی دابخرێت چونکە هەموو ماڵێك سەتەلایتی هەیە.
سێهەم: ڕادیۆکانیش تەنها یەك ڕادیۆ بهێڵرێتەوەو ئەوانی تر هەمووی مەسرەفی زیادەیەو با میزانیەکانیان بگەڕێتەوە بۆ بودجەی حکوومەت و هاوڵاتیان لێی سوودمەند ببن.
چوارەم: گۆڤارو ڕۆژنامەکان بە هەمان شێوە یەك دانە چاپ بکرێت و بەشێوەیەکی فراوان بەسەر شارەکاندا دابەش بکرێت، چونکە ئەوەندە گۆڤارو ڕۆژنامە لە کوردستاندا هەیە کاریگەری لەسەر ژینگەش دروست کردووە.
پێنجەم: ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کەوا واژۆیان لە دژ ووتاری هەینی کردووەو لە هەوڵی ئەوەدان هەزارەها مامۆستا خانەنشین کەن، با خۆیان نەچن بۆ هۆڵی پەرلەمان و لە ڕێگەی کامێراو گۆستنەوەی دەنگەوە لە ماڵی خۆیانەوە دەنگ

لەسەر پرۆژەکان بدەن، وەیان با تەنها کەمال کەرکوکی لە هۆڵی پەرلەمان بێت و ئەندامەکانی تر لە ماڵی خۆیانەوە دەنگ بدەن خۆ تەکنەلۆژیا زۆر پێشکەوتووە ئەمڕۆ، ئەوسا مەسرەفی هاتووچۆو کڕینی ئۆتۆمبێلیشمان لە کۆڵ دەبێتەوە. خۆ بینیمان ئەندام پەرلەمانەکانی گۆڕان چۆن بە شەپاڵە هاتن بەسەر مێزەکانی پێش خۆیاندا، ئەی ئەگەر لە ڕێگەی کامێراو دەنگەوە بوایە لە ماڵەوە چیان دەکرد؟! بۆ دەبێت ئەندام پەرلەمانی گۆڕان واژۆ لەسەر ئەو باسە بکەن با هەتا پەیوەندی بە بزووتنەوەکەشەوە نەبێت و ڕای تاکی خۆیان بێت ئایا؟ دژایەتی لەگەڵ هەڵوێستەکانی پەرلەمانی خۆیاندا ناکات.

شەشەم: با ئەو نووسەرانەی کە واژۆیان لەسەر ئەو بەرتەسك كردنەوە کردۆتەوە، لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن و لەگەڵ نووسەراندا کۆ ببنەوەو چەند نووسەرێکی بەهێزی چاك هەڵبژێرن لەناو خۆیاندا ئەوانی تر واز لە نووسین بهێنن.

حەوتەم: ئەو هونەرمەندانەی کەوا لەگەڵ ئەو پرژەیاندا بوون، با لەگەڵ هونەرمەنداندا ئەوانیش ڕێ بکەون و چ پێویست بەو هەمووە هونەرمەندانە دەکات، گۆرانی بێژێکی کچ و گۆرانی بێژێکی کوڕمان بەسە.

بێگومان هیچ کام لەو پرۆژانە شایەنی قبوڵ کردن نی یە، لەکاتێکدا پەیوەندی بە دین و عەقیدەشەوە نییە، ئەی ئەگەر پەیوەندی بە دین و عەقیدەشەوە بوو ئەوا کورد دەڵێ هەی هووووووووووو.

# مەلاكان و هێڵی سور بەزاندن

ناوی مەلا بەشێوەیەکی گشی بە زانای ئیسلامیەوە دەنرێت، وەیان کەسێك زانستی شەرعی تەواو دەکات و بەزمانی ئەم سەردەمە بڕوانامە وەردەگرێت، بەشێوەیەکی گشتی ناوی مەلا لەم وولاتانە باوە، ئێران، تورکیا، پاکستان، ئەفغانستان، بەشێکی قارەی هیندی، ناوەڕاستی ئاسیا لەگەڵ بۆسنەدا(بڕوانە ویکیپیدیا (http://en.wikipedia.org/wiki/Mullah

ناوی مەلا لەسەر دەمی کۆندا نەبووەو زانا ئیسلامیەکان بەهۆی زانستەکانیان و کاریگەریان ناسراوبوون، بەجیا لە دونیای ئەمڕۆ زۆرێك بۆ مەرامی تایبەتی ناوی مەلا لە خۆی دەنێت و بەبێ ئەوەی هیچ زانیاریەکی لەسەر ئیسلام هەبێت و دەرچووی هیچ قوتابخانەیەکی دینی بێت.

هەر ئەو هۆکارەشە کەوای کردووە تا ڕادەیەك لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەندێك جار بەچاوێکی کەمتر لە ئاستی خۆی سەیری مەلا دەکرێت.

سادەی خەڵکی ئاسایی و کاریگەری نا مەلاکان بەناو مەلاوە لە ئەرکی مەلا ڕاستیەکانیان کەم کردووەتەوە، وەگەرنا مەلاکان لە کۆن و نوێدا چینێکی پاکی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی بوون و کاریگەریان لە سەردەمی خۆیان و دوای خۆشیان هەبووە.

بەجیا لە قەشەکان، مەلاکان هەژارترین چینی کۆمەڵگا بوون و هەردەم لە پێناو بەئاگا هێنانەوەی خەڵکی و خەمخۆریدا ژیاون.

هەندێك جار کەسانی دڵسۆزیش بۆ دین و حیزبە ئیسلامیەکان کاریگەری نەگەتیڤیان لەسەر ئەم ناوە هەبووە، بۆ نموونە لە خۆشەویستی زانستی شەرعی، ئەو دڵسۆزانەو ئەندامانی حیزبە ئیسلامیەکان ناوی مەلایان لە خۆیان ناوە، دواتریش نە توانیوویانە بە ڕاستی ببنە مەلا وە نە وەك کەسێکی

ئاسایش مامەڵە بکەن، هەربۆیە ووتراوە ئەم ئیسلامە بەدەست دوو کۆمەڵەوە دەناڵێنێت: دۆستی نەزان، دوژمنی فێڵزان.
لە بیرمە یەکەم ساڵی فەقێیەتیم بوو هەندێك فەقێ نەیان دەتوانی فەقیەتیەکە بەنەسەرو وازیان دەهێنا، فەقێیەکمان تێدا بوو، زۆر ئەوەی دووبارە دەکردەوەو دەیووت هەرکەس دەستی کرد بە خوێندنی فەقیەیەتی زۆر گرنگە تەواو بکات و زۆر خەتەرە کە لە نیوەدا وازی لێ بهێنت، لە وەڵامی ئەوەی بۆ خەتەرە دەیووت: چونکە نە ئەوەیە مەلا بێت نە ئەوەش خەڵکێکی هیچ نەزان و ئاسای بێت، هەر شتێکی بۆ بێتە پێش خۆی بۆ خۆی دەیجوزێنێت.
زانایانی ئیسلام ئیتر هەر ناوێکی لێ بنرێت لە گشت کۆڵگەکاندا خاوەنی ڕێزو کاریگەری تەواوی خۆیان بوون بە درێژای مێژوو.
کە دوژمنە فێڵبازەکان هەستیان بەو کاریگەریە کرد، ئەوسا پلانی ووردیان بۆ داناو چڵ و لقوپۆلی زۆیان لێکردەوە! بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەریەی کە هەیان بووە.
دۆستە نەزانەکانیش دوورنی یە لەو لقوپۆپانەوە هاتبن.
یەکێك لەو کێشە هەر گەورانەی کەوا فعلەن کاریگەری خۆی هەبووە، بە کارمەندکردن و مووچەخۆر کردنی مەلاکان بووە.
ناتوانم بە تەواوی ئەو بۆچوونە ڕەد بکەمەوە کە دەڵێ باری ئابووری کەسێك بگۆڕیت دەتوانیت بیرو بۆچوونیشی بگۆڕێت.
کە مەلا مووچەخۆری حکوومەت بوو هەرشتێك لە بەرژەوەندی ئەو حکوومەتەدا نەبوو بۆی دەبێتە هێڵی سوور، لە کاتێکدا مەرج نی یە خۆی هێڵی سوور بوو بێت، چونکە ئاشکرایە زانایانی ئیسلام بەهۆی ووتنی حەقەوە لە کۆن و نوێدا بەرانبەر دەستەڵاتداران توشی کێشەو زیندانی و کوشت و بڕوو فڕاندن بوونەتەوە، بەڵام باکیشیان نەبووە چونکە بە گەورەترین جیهادیان زانیووە، وەك

**پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێت : [أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر](مسند امام احمد ، سنن ابن ماجه و ابی داود)**

**بەڵام کە باری ئابووری زاناکە بەدەستی سولطانەکە بوو! ئەوسا هێلە سورەکەی بۆ دادەنرێت کە ووشە حەقەکەیە بە نسبە سولطانە زۆردارەکەوە، ئەوسا ئیتر گرنگی ئەم زانا کەم دەبێتەوە بۆ نزمترین ئاست، و زانیاریەکەی لەسەر ڕێڕەوو چوارچێوە ڕاستە زانستیەکەیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ چوارچێوە سەناعە دروستکراوەکە کە چوارچێوە ئابووریەکەیە.**

**بۆیە تا ئەوکاتە ئەو چوارچێوە سەناعە بۆ زاناکان دانەنرابوو کاریگەری گەورەیان هەبووەو زاناکانیش ملیان بۆ بارە ئابووریەکە شۆڕ نەکردووە، ئەو بۆچوونی گۆڕینی باری ئابووریە نەیتوانیووە بەسەر زانا ڕاستەقینەکاندا بچەسپێت، چونکە زاناکان باری ئابووریان لە ژێر دەستەڵاتی خۆیاندابووە.**

**بۆ نموونە کەسێکی وەك ئیمامی طەبەری هەتا هەدیەشی وەرنەدەگرت! لە کاتێکدا هەدیە وەرگرتن هیچ ئەشکالێکی شەرعیشی تێدا نی یە، چەند جار کە لەلایەن دەستەڵاتدارەوە بانگکراوە بۆ پاداشت هیچ کاتێك قبوڵی نەکردووە، بە کەمترین خواردن بەبێ ژنیش زۆرترین جێگەی دەستی دیاربووە.**

**کەسێکی وەك سەید قوطب لە پێناویدا پەتی سێدار دەخەنە گەردەنی و بەناو مەلایەکیش دێنن بۆی تا شەهادەتی پێ بهێنێت! پێش لە سێدارەدانی، ئەویش جوانترین وەڵامی دەداتەوەو پەندێکی زۆر گەورەیە بۆ مەلا دەستکردەکان، کە سەید پێی دەڵێ من لە پێناو لا اله الا الله دا دەژیم و تۆش بە لا اله الا الله دەژیت!**

**خۆ سەید ناوی مەلایشی پێوە نەلکێنرابوو، زیاتر وەك نووسەرو ئەدیبێکی ئیسلامی ناوی دەهێنرێت، بەڵام ئیسلامەکە فێری ووتی حەقی کردبوو، هەر**

ئەوەش بوو سوڵتانە ستەمکارەکان لەپێناو ئەو هێڵە سورەی خۆیان کێشایان بوو شەهیدیان کردا!.
بە چەندەها نموونەی تری کەڵەپیاوی ئیسلامی لە مێژووی ئیسلامیدا هەیە، کە جێگەی وانە لێوەرگرتن و پەندوو سەرمەشقن بۆ زانا، مەلا، کەسایەتیە ڕاستیە دینیەکان.
شیعە بەو عەقیدە لارووێرو هەموو خورافیات و بێ ئەدەبیەشیان بەرانبەر دەقە شەرعیەکان و سەحابەو دایکی ئیمانداران، چونکە مەلاکانیان مووچەخۆری دەوڵەت نین دەبینین بوونەتە مەرجەعێکی گەورە بۆ خۆیان و حکوومەتیش لێیان دەترسێت.
ئەهلی سونەش چونکە بوونەتە مووچەخۆری دەوڵەت تەنەزول لە دینەکە دەکەن لە پێناو تیکەیەکی چەورتردا.
ئامۆژگاری ئەم فەقی چکۆلانەش بۆ مەلاو زانا ئیسلامیەکان ئەوەیە تا بۆتان دەکرێت پشت بە ئیشی خۆتان ببەستن و بێ منەت بن لە مووچەی حکوومەت، وەگەر هەر ناچاریش بوون بە مووچەی حکوومەت تەنەزولتان پێ نەکات لە ووتی حەقدا، چونکە ڕزقی سوڵتانە جائرەکانیش بەدەستی خوایە.

## نازانم بگریم یان پێبکەنم؟

ئەو ڕۆژە کابرایەکی لۆتی باسی ئەحکامەکانی شەرعی بۆ خەڵك دەکرد! وتم گەر وا بڕوات دەبێت مەلاکان ئێستەودوا کلیپ بکەن! جا بیهێنە بەرچاوی خۆت مەلا بە جبەو مێزەرەوە گۆرانی بڵێت و کۆمەڵێك ئافرەتی ڕووت لە پشتیەوە هەڵقونن! جا ئەو کاتەش ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان هەموویان دەیکەن بە هەراو دەڵێن: ئەمە سوکایەتیە بە ئافرەت دەکرێت! لە هەمووی خۆشتر کابرای لۆتی دێتە سەر کەناڵەکان و دەڵێت: ئیشی مەلا گۆرانی وتن نیە! منیش لەم نێوەندەدا دەڵێم: پێویستە مەلاکان هەموویان خانەنشین بکرێن... دەترسم تا ئەو کاتە کێشەی موچەش چارەسەر نەبووبێت و وەزارەتی دارایی بۆچوونەکەی من ڕەد بکاتەوە!! ترسی جەماعەتی بندیواریشم هەیە ڕەخنەی ئەوە بگرن و بڵێن: جا حکوومەت چۆن توانای بەخێوکردنی ئەم هەموو مەلایانەی هەیە!
خۆزگە ئەوانەی ئیش بە قورئان ناکەن ئیشیان بەو پەندە کوردیە بکردایە کە دەڵێ: نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب

## یاسای فرەژنی لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە

کوڕێکی کورد لەبەریتانیا ویستی ژن بهێنێ لەگەڵ ئافرەتێکی ئەمەریکیدا ڕێکەوتن لەسەر زەواج، ئافرەتە ئەمریکیەکە ووتی من بەهەموو شتێکی تۆ ڕازیم، وە تۆ ئەو کەسەی کە من بۆی دەگەڕام بەڵام تەنها یەك مەرجم هەیە؟ کوڕە کوردەکەش ووتی فەرموو مەرجەکەت چی یە؟ ووتی: ژن نەهێنیتە سەرم کوڕە کوردەکەش ووتی: باشە منیش یەك پرسیار لە تۆ دەکەم، کچەکە ئەمەریکەیەکە ووتی فەرموو کوڕە کوردەکە ووتی:باشە ئەگەر ئێستە من ژن

دار بم تۆ پێت خۆشە وەیان پێت باشە شووم پێ بکەیت وەیان بە تەنهایی بمێنیتەوە؟ کچەکە بێدەگ بوو وەڵامی نەدایەوە...
ئەڵبەت ئەو مەرجەش نا شەرعی نی یە بەڵکو ئافرەتان دەتوانن داوای ئەو مەرجە بکەن و وە هەتا مافی ئەوەشیان هەیە کە لە گرێبەستەکەشدا بینوسن، دواتر پیاوەکە بەهیچ جۆرێك ناتوانێت ژن بهێنێتە سەر ژنەی یەکەم، چونکە بە ژنهێنانی گرێبەستی یەکەم هەڵ دەوەشێتەوە، جا کەوابوو چی کرد هەر بە بەستنی گرێبەستێکی تازە گرێبەستی پێشوی هەڵوەشاوە، بەڵام ئەگەر بێت و بەوردی سەرنجی فرە ژنی بەین دەبینین لەبەرژەوەندی ئافرەتاندایە، دژایەتی کردنی فرەژنی لەلایەن ئافرەتانەوە دژایەتی خۆیانە چونکە ئەو پیاوەی کە ژنی دووهەم وەیان زیاتر دەهێنێ خۆ ئەویش ژنە ... خۆ پیاوی نەهێناوە، کەوا بوو بۆ ئافرەتەکان دەبنە دژی خۆیان، لەلایەکی ترەوە ئەو ئافرەتەی کە دژی ئەو ئافرەتە دەبێتەوە کە هێنراوەتە سەری ئەگەر خۆی لەجێگەی ئەودا دابنێ چ دەڵێ؟ ئەگەر ئافرەت خۆی بە ئارەزووی خۆی شوو نەکات بە پیاوی خێزاندار ئیتر هەبوونی یاسا چ مانایەکی دەبێت؟ کە بە ئارەزووی خۆشی شووی پێکرد بۆ یاسا دژی بوەستێتەوە؟ ئایا هەموو ئەو کەسانە لافی ئازادی تاکە کەسی نادەن؟ ئەی ئەمە چی یە؟
لە لایەتی ترەوە ئەگەر ووردتر بڕوانین زۆر زیاتر دەبینین هەبوونی ئەم کارە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە... بۆ نمونە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە بەبڕوای هەموو خەڵکی قەیرەی بووەتە کێشە چ چارەسەرێك هەیە بۆی؟ خۆ لێرەدا مانای وا نی یە ئیتر کەو کێشە بە هەبوونی ئەم یاسایە بنبڕ بکرێت، بەڵام هیچ نەبێت کێشەی هەندێك چارەسەر دەکات، گەر پەرلەمان ڕەچاوی شەریعەی ئیسلامی بکات بەڕاستی خۆیان گەورە دەکەن بەپێچەوانەوە لەناو خەڵکیدا بەخراپ ناوزەند دەکرێن، چونکە میللەتی ئێمە میللەتێکی مسوڵمانە ئەگەر لە سەددا

**٩٨ نەبێت نزیکی ئەو ڕێژەیە چۆن دەکرێت دژایەتی ئەو ڕێژە زۆرە بکرێت بۆ ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەم بەبەراورد لەگەڵ ئەو ڕێژەیەدا، ئەی ئیتر دیموکراتیەت مانای چی؟**
**بەڵام کۆمەڵە هەڵەیەك هەیە کە دەکرێت باش وایە ئەوانە چارەسەر بکرێت، دەبێت خەڵکی بە هەردوو ڕەگەزیەو هوشیار بکرێنەوە لێیان، یەکەم من چەند شتێك دەخەمە ڕوو بۆ پیاوان هەرکاتیك ووستیان ژنێکی تر بهێنن دەبێت ئەم خاڵانە ڕەچاو بکەن.**
**١-لە ڕقی ژنی پێشووت نەبێت، وەك دژایەتی کردنێکی بەم شێوە ڕووبەڕووی ببیتەوە.**
**٢-کارەکە شەرع ڕێگەی پێداوە دەبێت تۆش ڕەچاوی شەرع بکەیت، نەك بەبیانوی شەرعەوە پێچەوانەی ببیتەوە، وەگەرنا ئەو کارە نابێتە بیانویەك بۆ کردنی کارەکەت.**
**٣-دەبێت عەدل بیت لەنێوانیاندا کە عەدل تایبەتمەندی ئەم ئیسلامەیە، بە پێچەوانەوە سزای سەختی دوا ڕۆژی چاوەڕێت دەکات.**
**٤-بەهێنای ژنی تازە ژنی پێشووت لەیاد نەکەی، دەبێت هاوسەنگیان بپارێزیت وە خۆشەویستیت بۆ هەردوولایان هەبێت نەك لەگەڵ ژنی پێشووتدا بەردەوام قڕەو قاڵە بکەیت و، لەگەڵ ژنە تازەکەتدا پێبکەنیت و گاڵتەو گەپ بکەیت.**
**٥-مافی هەردوو لایان دەستەبەر بکەیت، ئەگەر ئەو توانایەت نی یە نابێت ژنی تر بهێنیت، وە هەتا ئەگەر توانای بەڕێوەبردنت نی یە نابێت هەر ژن بهێنیت ئەگەر ژنیشت نەبێت، چونکە ئەو کاتە ستەم لە ئافرەتەکە دەکەیت وە ستەمیش ڕێگە پێنەدراوە لە شەرعدا.**
**وە پێنج خاڵێش دەخەمە ڕوو بۆ ئافرەتان.**
**١-بە ئارەزووی خۆت نەبێت با کەس نەتوانێت ئەو کارەت پێ بکات، ئەگەر هەر**

ماموستایەکیش مارەی بڕیت بەبێ ئەوەی پرست پێ بکات دەعوەی لەسەر تۆمار بکە پێش ئەوەی بچیتە نێو کەژاوەی هاوسەریەوە، مەهێڵە ئەو کارەت بەبێ ڕەزامەندی خۆت پێ بکەن.

٢-ئەگەر ژن هێنانە سەرت کێشەیەکی گەورەیە لات داوای ئەو مەرجە بکە پێش شوو کردنت، بۆ ئەوەی هەر بەگومانەوە نەبیت لەگەڵ هاوسەرەکەتدا نەوێرێت سڵاو لە خزمێکی نزیکی بکات شەڕی پێ بفرۆشیت و بڵێی بەخوا ڕۆژێك دێت هەر ژن بهێنیتە سەرم، خۆشت و ئەویش لەم کێشە دەرباز بکە.

٣-ئەگەر بە پێویستت زانی خۆت داوای ئەوە بکە پیاوەکەت ژنێکی تر بهێنێت، بۆ نمونە منداڵت نابێت وە دەشزانی مێردەکەت حەزی لە منداڵە، وە یان نەخۆشینێکی درێژ خایەنت هەیە، وە یان مێردەکەت دەوڵەمەندەو ئەرکێکی زۆر لەسەرتە، وەیان ئەو هەموو قەیرە دەبینی لەوانە زۆرێکی خزمی خۆتە بۆ یەکێکیان لەو کێشەیە ڕزگار ناکەیت، ئەو کاتە ژنهێنانی مێردەکەت یارمەتی دەر دەبێت بۆت، وە تۆش زیاتر گەورەی خۆت دەسەلمێنی، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت دوو خوشك وەیان لەگەڵ پوردا نابێت ژنی یەك پیاو بن لەیەك کاتدا.

٤-ئەگەر مێردەکەت ژنێکی تری هەبوو جگە لە تۆ ئەوە بزانە ئەویش ژنە هەروەك تۆ مافی هەیە چۆن دژی هەمان ڕەگەزی خۆت دەبیتەوە، بەڵام ئەگەر مێردەکەت کەمو کوڕی هەبوو پێی دابین بکە، نەك هەر بیانوی پێ بگریت و شەڕی پێ بفرۆشیت، چونکە ئەگەر ئەم کارە بەدەستی تۆ تێك چوو بێگومان تاوانبار دەبیت.

٥-بەردەوام هەوڵی چاکە کاری بدە، بێگومان ئەم کارەت لای مێردەکەت زیاتر خۆشەویستت دەکات بە پێچەوانەوە لەوانەیە ببێتە مایەی ترازانتان لەیەك و جیا بوونەوەتان، ئەم خاڵە بێگومان مێردەکەش دەبێت ڕەچاوی بکات.

لە کۆتایدا هیوادارم دڵی کەسم نە ئێشاندبێت بە پەنجە خستنە سەر ئەم باسە لەم کاتەدا، بەڵام هەموو ئەوانەو وە زۆرێکی تریش لە مێشکمدا گەڵاڵە بووە لەسەر ئەم باسە، وە هیوادارم هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەن ژن و مداڵن خۆشترین ژیان و بەختەوەرترین ژیانیان هەبێت، وە ئەوانەش مێردیان نەکردووە وەیان ژنیان نەهێناوە بگەنە ئاواتی خۆیان و خیزانێکی بەختەوەر دروست بکەن.

## یاسایەك دژایەتی لەگەڵ قورئاندا هەبێت، نابێت بخرێتە دەنگەوە

یاسایەك دژایەتی لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا هەبێت نابێت بخرێتە دەنگەوە. دژایەتی یەك ئایەت لە قورئان دژایەتی هەموویەتی. قورئانی پیرۆز یەکەم سەرچاوەو وە گرنگترین سەرچاوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە هەموو ئەو سەرچاوانەی تریش کە هەن وەك فەرمووده، کۆڕەوی زانایان، قیاس، وە هەروەها عورف و عادەتی خەڵی، هەموو ئەم سەچاوانەش هەڵقوڵای قورئانن وە کە عورف و خوڕەوشتی خەڵکیش دژایەتی هەبوو لەگەڵ قورئاندا ئەو کاتە هیچ ئیعتبارێکی بۆ دانانرێت.
زانایان هەموویان کۆکن لەوەی کە دژایەتی یەك ئایەت لە قورئان ئینسان کافر دەکات و لە دینەکە پێی دەچێتە دەرەوە ئەمە قسەی من نی یەو وە بە ئارەزووی منیش نی یە. وە نوێژ کە کۆڵەکی دینە وەك واش ناسراوە لەنێو خۆماندا بە نەکردنی ئینسان کافر ناکات بە بۆچونی زۆرینەی زانایان بەڵام بە باوەڕ پێ نەبوونی ئینسان کافرە دەکات وەگەر بیشی کات، چونکە باوەڕ پێ نەبوونەکەی دژایەتی لەگەڵ قورئاندا دروست دەکات کە بە دەقی ڕاستەو خۆ نوێژ جێگیر

بووه.
میللەتی کورد کە لە سەددا ٩٨٪ی مسوڵمانە بەلانی کەمەوە، وە پاڵ پاڵێن و ئەزیەتیان کێشاوەو دەنگیان داوە بۆ لیستە کوردیەکان بۆ ئەوە دەنگیان نەداوە دوای دژایەتی بیرو باوەڕەکەیان بکرێت...!
هیچ کەسێك نی یە لە کوردستاندا کە کۆمەڵێك گلەی و گازندەی لە حکومەتی هەرێم نەبێت لەبەر دابین نەکردنی خزمەت گوزاریە سەرەتاییەکان وەك ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان، جا لەبری چارەسەرکرنی کێشەکانیان کە ڕۆژانە پێیەوە دەناڵێنن پەرلەمانیش لەم لاوە دژی بیرو باوەڕەکەیان ببێتەوە کەوابوو چی ماوە دڵمان پێی خۆش بێت نە لەڕووی دونیایەوە پێداویستیەکانمان دابینکراوە وە لەولاشەوە بیروباوەڕەکەمان ڕەد بکرێتەوەو بخرێتە دەنگەوە بزانرێت دەنگ دەهێنێ یان نە! دەنگدان نابێت بۆ هەموو کارێك بێت، پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ڕەچاوی بیروباوەڕی خەڵکەکە بکەن دەبێت لیژنەیەکی زانایانیان هەبێت کە ئەو کارانەی دەیانەوێت قسەی لەسەر بکەن بزانن دژایەتی لەگەڵ قورئاندا دروست دەکات یان نە ئەگەر خۆیان شارەزاییان نی یە، وەگەر دروستی کرد نابێت بخرێتە دەنگەوە ئەوکاتەش هەموو خەڵك لەماڵی خۆیەوە بپارێتەوەو بڵێ دەی یاخوا دەنگ نەهێنێ، کار وا چۆن دەبێ...وە پەرلەمانتارانیش مادام نوێنەری ئەو خەڵکەن دەبێت ڕەچاوی بیروباوەڕیان بکەن خۆ بۆ ئەوە هەڵنەبژێراون پێچەوانەی زۆرینەی خەڵك بن و وە خۆشیان لەسەر ئەوە بژین.
ئەوەی لە لەم چەند ڕۆژەدا بووە مایەی مشتومڕو دەنگە دەنگ لەسەری باری کەسێتی بوو، وە کاتێکیش سەرنجی قورئانی پیرۆز دەدەین دەبینین باری کەسێتی لە قورئاندا زۆر بە ڕوونی و وە درێژی باسکراوە جیا لە هەموو شتەکانی تر، بۆ نمونە حوکم و دەستەڵات کە شتێکی زۆر زۆر گرنگەو وە بایەخی پێدراوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بەقەدەر باری کەسێتی باس نەکراوە لە قورئاندا،

ئەویش دیارە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی مەسەلەکە بۆیە خوای گەورە وازی لێنەهێناوە بۆ خەڵکی تا خۆیان ئیجتیهادی تێدا بکەن، مەسەلەی زەواج و میراتی بە ووردی لە قورئاندا هاتووە.

هۆی ئەم کارانەیە کە خەڵکی سارد بوونەتەوە لە دەنگدان دڵیان بەچی خۆش بێت هەم پاڵ پاڵان بکەنەوە، بە کارەبای ٢٤ کاتژمێری؟! بە ڕێگاو بانی وەك شوشە؟! بە ئاوی جوانی پاڵێوراو؟! بە یەکسانی لە نێو چینەکاندا؟! بە حساب کردن بۆ بیرو باوەڕیان؟!

خۆ دژایەتی قورئان هەر ئەوەندە نی یە بخرێتە ئاودەستەوە وەك کە کراش لە سلێمانی بەڵکو ئەمەش دژایەتی کردنی قورئانە وە بەڵکو زۆر خراپتریشە لەوە کە بخرێتە ئاودەستەکانەوە چونکە هیچ کەسێکی ژیر نی یە لەگەڵ ئەوەدا بێت قورئان بخرێتە ناو ئاودەستەوە، بەڵام ڕەد کردنەوەی ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئاندا و جوانکردنی سیمای کارەکە بەشێوەیەکی بەرچاوی ڕاست لای خەڵکی دەشێوێنێ، ئەوەی کە وای لەمن کرد ئەو گفتو گۆیەی پەرلەمان بوو کە کرا ئەمڕۆ ٠٨/١١/٢٠٠٥ وە ئەو مشتومڕەی دروست کرد لەلای پەرلەمانتاران بەڵام ئەوەی دڵی منی ئەزیەتدا ئەوە بوو پەرلەمانتارێکی بەڕێز هەستاو بەرگری لە قورئان کرد وە قسەکانی تەواو نەبوو لە کەناڵی نەورۆزەوە قسەکەیان بڕی و نەیانگواستەوە کاتێك خستیانەوە سەری قسەکانی تەواو بوو بوو!! وە وا دیار بوو ناخۆشی دروست کردبێت وەك دانیشتنەکەش وازی لێهێنرا دوای ئەوە...وە لە کۆتایدا ماوەتەوە بڵێم ئەگەر حکومەت، پەرلەمان، ئەمە کاریان بێت بەڕاستی هەڵنەستاون بە جێبەجێ کردنی کارەکانیان وەك پێویست و، وە نابێت گلەی بکەن لەوەی کە جارێکی تر بەدەم دەنگدانەوە نەبین..

# (يداك أوكتا و فوك نفخ) بە دەمی خۆت فوت تێکردووەو بە دەستی خۆت بەستووتە

دەگێڕنەوە کابرایەك بە ڕێگەیەکدا تێ دەپەڕێ و دەڕوات تا دەگاتە ئاوێك، دەبینێت کۆمەڵە کەسێك بەلەمیان پێیەو خەڵکی بە بڕە پارەیەك دەپەڕێننەوە، ئەویش مەشکەیەکی پێ دەبێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێ جا بۆ من ئەو پارەیە بدەم ئەوە مەشکەیەکم پێیەو خۆم دەپەڕمەوە مەشکە فوو تێدەکات و دەمەکەی دەبەستێ و دەدات لە ئاو تا دەگاتە ناوەڕاستی ئاوەکە ئیتر مەشکە کونی تێ دەبێت وەیان دەمەکەی شل دەبێتەوە هەواکەی دادەبەزێت و کابرا دەکەوێتە پەلەقاژەی خنکان و هاوار دەکات فریام کەون فریام کەون خناکام، خەڵکیش هیچ بەدەمیەوە ناچن و پێی دەڵێن کاکە گیان بە دەمی خۆت فوت تێکردووەو بەدەستی خۆت بەستووتە وەك لە سەردێڕەکەدا هاتووە (يداك أوكتا و فوك نفخ) واتە لۆمەی خۆت بکەو ئێمە تاوانبار مەکە ئەگەر ئەو بڕە کەمە پارەت بدایە نەدەکەوتێنە ئەم پەلە قاژە.

گەر بیر لە ئەزموونی ڕابووردی کوردی بکەینەوە بە ئاشکرا هەڵەی زەق زەقی مێژووی دەبینین چ لە ئاستی سەرۆك و سەرکردەکان وە چ لە ئاستی هاووڵاتیانی ئاسایی و وە لە نێوەندیشیاندا بەدرێژای مێژوو کەڵە سەرۆك و سەرکردەو وە کەڵە هاووڵاتیانێکی یەکجار زۆر هەبوون و وەهەن بەڵام تێکڕای ئەوانیش بوون بە قوربانی کۆمەڵانێکی نەزان و ڕێسەکەیان بووە بە خوری وەهەم دیسان بەم کارانەش کۆمەڵە هەڵەیەکی زەقی تری مێژووی تۆمار دەبن، ئەوەی لێرەدا جێگەی خۆیەتی بەبیر هاوڵاتیان بهێنرێتەوە لەم ئانوساتەی نزیك هەڵبژاردندا چیتر نە ئەو هەڵانە بۆ خۆتان تۆمار بکەن و وە چیتر نەهێڵن هەڵەتان بەسەرەوە بکرێت ئەویش بەبیر کردنەوە لە ڕابووردوو وە بیر کردنەوەش

له داهاتوو وه پرسیار کردن له خۆو ئاراستەکردنیان بەڕاشکاوی و بێ ترس و بیم، وه لەگرنگترینی ئەو پرسیارانه که لەلای زۆرێك گەڵاڵه بووه جیا کردنەوەی حیزب له حکوومەت و دامەزراندنی حکوومەتێکی بێ لایەنانەو سەربەخۆ کار کردن تا چیتر هاوڵاتیانی ئاسایی نەبنه قوربای حیزب و ڕێسەکانیان ببێتەوه بەخوری لەبەر حیزب و حیزب حیزبێتە، بۆ نمونه کەسێك که فەرمانبەره له جێگەیەکدا بۆ ناچار بکرێت و تەنگەتاو بکرێت لەسەر پشتگیری حیزب و لایەنێك کەکارەکەی ئەو کارێکی حیزبی نی یەو هەق وا نی یه بیگلێنن بەو مەسەلەوه، وه هەر هۆکاری ئەو جۆره مامەڵانەیە که میسداقیەتی حکوومەت لای هاوڵاتیان نەماوەو هاوڵاتیان حکوومەت هەر بەحیزب تەماشا دەکەن نەك به حکوومەت با ئەو ناوەش وەك سەربەخۆییەك زۆرجار بەرگوێمان بکەوێت بەڵام لەناخی هەموو تاکێکی کورددا ئەوه جێگیر بووه که حکوومەتی کوردی هەرناوێکەو هیچی تر چونکه له واقیعدا بریتیه له حیزب و بەربەرەکانێی حیزبی، وه تا ئێسته زۆرێك له داهاتی هاوڵاتیانیش قۆرخ کراوه بۆ ئەو مەرامه، هەر بۆیه زۆر کاری دەوێت تا ئەو متمانەیە بگەڕێتەوه لای هاوڵاتیان ئەویش به دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆو دوور له تێوەگلانی بەکاری حیزبیەوه تا هەموو هاوڵاتیان بەیەکسانی بتوانن بەژداری هەموو ئەو کارانه بکەن که به قازانج بەسەر میللەتەکەماندا دەشکێتەوه، چونکه هۆکاری کاری حیزبی و تەسك کردنەوەی کارەکان لەو چوارچێوەدا زۆر له تواناداره‌کان دەتەکێنێتەوه له چوونیان بۆ دام و دەزگاکان و کار کردن تێیاندا، وه ئەزموونی با هەر ئەم هەژده ساڵەی دوای ڕاپەڕینی ۱۹۹۱باس بکەین حیزب حیزبێنەو شەڕه پەڕۆ دیاردەیەکی ئاشکرای ناو کۆمەڵگەی کوردی بوون، هەرچەند هاوڵاتیانیش تاوانبارن و لەم کێ بەرکێیەدا بەڵام دەستەڵاتداران تاوانەکانیان گەورەترەو دەبێت کارەکان لەوانەوه بۆ خوار بگەڕێتەوه ئەوجا ئەنجامی زۆر کاریگەرو

خێراتر دەبێت، بۆ نمونە گەر هەڵبژاردنی ڕابووردوو کار لەسەر ئەمە بکرایە ئێستە حکوومەتێکی تا ڕادەیەك دامەزراومان دەبوو وە متمانەی هاوڵاتیان بەم شێوەی ئێستە نەدەبوو بەرانبەر بە حکوومەت، وە هەتا حکوومەتی هەرێم تا ئێستەش کەوا چەند هەفتەیەك ماوە لەبەردەماندا بۆ هەڵبژاردن هەر پێڕەوی ئەو سیاسەتە دەکات کە هەموو شتەکان بۆ حیزبایەتی قۆرخ بکرێت بۆ نمونە لەکار لادانی زۆرێك لە هاوڵاتیان لەسەر کارەکانیان، وە هێرش کردنە سەر ئەوانی تریش بۆ دەنگدان پێیان و ڕێکلام کردن بۆیان، هەربۆیە گەر زۆر جێگەی خۆیەتی هاوڵاتنیان لەم کاتەدا ئەو داواکاریەیان هەبێت و بیکەن بەمەرج لەبەسەر حیزبەکانەوە نەوەك ئەوان دواتر لەبری جیا کردنەوەی حیزب لە حکوومەت داواو بانگەشەی جیا کردنەوەی دین بکەن لە دەوڵەت، دینێك کە لەناخی زۆرینەی کورددا چەسپیوە وەك بیروباوەڕێکی ئاسمانی چۆن دەتوانرێت لە حکوومەت جیا بکرێتەوە کە بەئاشکرا زۆرێك لە خیتابە قورئانیەکان ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە جا حکوومەت لەبری کار کردن بەو دەقە قورئانیانەو زیندوو کردنەوەیان لەنێوە کۆمەڵگەیەکی کوردی مسوڵماندا زۆر ئاسانە چونکە لە دڵی زۆرینەیاندا جێگیری بووەو ئەگەر وەك خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت خەڵکی خۆی بەدەمیەوە دێت، بەڵام لەبری کار کردن بۆ ئەوە کە پەیوەندە بەناخی هاوڵاتیانەوە نابێت بانگەشەی ئەوە بکرێت دین جیا بکرێتەوە لە دەوڵەت چونکە شتێکی زۆر نەشیاوە لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا کار بۆ ئەوە بکرێت، با لەبری ئەوە کار بۆ ئەوە بکرێت حیزب جیا بکرێتەوە لە دەوڵەت کە لە قازانجی هاوڵاتیان و وە وولاتدا دەشکێتەوە چونکە وولات پێویستی بە کۆمەڵانێکی کاراو دڵسۆزە کەکاری بۆ بکات بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی نەوەك هەموو تاکەکان لەسەر ئەوە ڕابهێنرێت کەکار بۆ حیزب بکەن پێش هەموو شتێك وە دواتر بۆ دەوڵەت وە کاری دەوڵەتی لەگەڵ کاری

حیزبیدا تێکەڵ بکەن وەك زۆرێك لە هاوڵاتیانی کوردەوە ئێستەش بەدەم ئەو دەردەوە دەناڵێنن نازانن ئایا ئەوان کارمەندی حکوومەتن یان حیزب ! وەك کارو پیشە کارێکی حکوومیە بەڵام لەم لاوە وەك حیزب مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و منەتی بەسەردا دەکرێت مەرجی جۆراو جۆری بۆ دادەنرێت هەروەك بەمەرج و تەسکیەش زۆرێکی دامەزراوە، ڕەنگدانەوەی ئەم کاری حیزبایەتیە تاڕادەیەکی زۆر بەسەر هەموو حیزبەکاندا زاڵەو جێگەی گومانی هەموو حیزبەکانە بەرانبەر یەکترو وە بێ لایەنەکانیش بەرانبەر هەموویان هەر بۆیە ئەو ئاستە ناسەنگە بە هاوڵاتیانەوە دەبینرێت بەرانبەر حیزبەکان و وە لە دڵی زۆرێکدا هیچ حیزبێك وا نابینن کە جێگەی متمانەی تەواو بێت هەرچەند هەندێکی لە هەندێکی تری باشتر بێت لە کۆمەڵێك ڕێگەوە، بەڵام هەبوونی حیزبایەتیەکی بەرچاوو ئەقڵ تەسك بێ متمانەی لای هاوڵاتیان دروست کردووە، وە پێویستە هەر لە ئێستەوە کار بۆ ئەوە بکرێت کە دەستورێکی وا دابنرێت کە لەگەڵ بیرو بۆچوونی هاوڵاتیاندا بگونجێت و پێچەوانەی بیروباوەڕەکەیان نەبێت، وە کاری حیزبی کاڵ بکرێتەوەو هەموو ئەوکارانە کە پەیوەستە بە ڕاگرتنی دەوڵەتەوە لەسەر بنەمایەکی جێگیر دابەش بکرێت و حیزب هیچ کات مەرج نەبێت بۆ پێدانیان، ئەوسا هاوڵاتیان گلەیشیان لە حیزبایەتی نابێت مادام دەستوورەکە لەگەڵ بیرو باوەڕیاندا بگونجێ و وە وولاتەکەشیان بەدەست کەسانی شیاوو لێهاتوو بێت نەك حیزبی، لێرەدا جیگەی خۆیەتی دەستەڵاتداران و خاوەن لیستەکان ئەو دووخاڵە سەرەکیەیان لەبیر بێت و وە کاری زۆر جدی بۆ بکەن و ئەو متمانەیە بدەن بە هاوڵاتیان هەروەك جیگەی خۆشیەتی هاوڵاتیان بیکەن بە مەرج بەسەریانەوە، وەگەر وا نەکرا بە بڕوای ئێمە دەبێت هەر سەرزەنشتی خۆمان بکەین، وە جێگەی خۆشیەتی لۆمەی خۆمان بکەین گەر هەرچیمان بەسەر هات چونکە خۆمان ئەوەمان هەڵبژاردووە، بۆیە پێویستە کە ئێستە

كە پێش هەڵبژاردنە پێش ئەوەی لە ئاوەکە بدەین ئەو هەوڵە بەرانبەر خاوەن لیستەکان بدەین، وەگەرنا شایەنی ئەوەین لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا تێدا بچین.

## ئەو پەنجە دەبڕم کە بچێتە ناو مەرەکەبی دەنگدانەوە/پێشمەرگەیەکی دێرین

ئەگەر سەرنجێکی میدیایی جیهانیمان دابێت بە ئاشکرا بینیومانە هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان کاندید دەکەن بۆ هەڵبژاردنەکان هەڵدەستن بە بەڵێن دان بەهاوڵاتیان کە چەندەها کاری جۆر بەجۆریان بۆ بکەن، وە هەر لەسەر ئەو بنەمانە هاوڵاتیانیش دەنگیان بۆ دەدەن و وەچاوەڕوانی جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانە دەکەن کە پێش هەڵبژاردن درابوو، جا کە سستی وەیان پشگوێ خرا هەموو وەیان هەندێك لەو بەڵێنانەوە دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکرێت کە هاوڵاتیان سارد ببنەوە لە دەنگدان وەیان کاردانەوەیان هەبێت، ئەوەی جێگەی سەرنجی هاوڵاتیانەو بەردەوام گلەی و گازندەی خۆیان بەرز دەکەنەوەو وە زۆرجاریش ڕێپێوان دەکەن لەسەری جێبەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەیە کە پێش دەنگدان دەدران، بۆیە دەبینین هاوڵاتیان متمانەیەکی وایان بە دەسەڵاتداران نەماوە چیتر پاڵ پاڵین بکەن بۆ دەنگدان و وەکارەکانیش هەمان کار بێت پێش دەنگدان و دوای دەنگدان!.
هەر بەو بۆنەو وە بۆ ڕاوەرگرتنی کۆمەڵێك هاوڵاتی قیبلە هەستا بە چاوپێکەوتن و ڕاپرسیەك لەناو هەموو چینەکانی هاوڵاتیاندا بۆ ئەوەی هەرکەسەو ڕای خۆی بڵێ و وەهۆکاری دەنگدان وەیان بە پێچەوانەوە باس بکات، ئەگەر چی زۆرێك هیچیان نەوت وە هەندێکیش دیار بوو بە گومانەوە تێی دەڕوانین بەڵام کۆڵمان نەدا تا ڕای کۆمەڵێکمان وەرگرت لەو بارەوە کە پۆلێنیان دەکەین بەم جۆرە:

**کۆمەڵێك لە قوتابیانی زانکۆو پەیمانگاکان:** ئێمە دەنگ نادەین چونکە لەم وڵاتەدا هیچ نەکراوە بۆ گەنجان و وە پێشتگوێ خراون، وە ئێمە دڵمان هەتا بە خوێندنەکەشمان خۆش نی یە، چونکە چارەنوسمان نادیارە ئەوەتە دەبینین زۆرێك لەوانەی کە دەرچووی پەیمانگاو زانکۆکانن هەروا لەماڵدا دانیشتوون، نە ئەوەیە دابمەزرێن وە نە دەتوانن کارێکی تری ئاسایی بکەن، چونکە هەموو تەمەنیان بە خوێندن بەسەر بردووەو وە ڕانەهاتوون لەسەر کارکرنی دەرەوە، هەروەها بوونی ڕۆڵی حیزبایەتی لە ناو پەیمانگاو زانکۆکاندا دڵیشمانی سارد کردۆتەوە لە خوێندن، چونکە دەبینین ئەو کەسەی کە بەلای حیزبدا دەڕوان کارەکانی بۆ ئاسان دەکرێ و لە پێشەوەیە، هۆکارەکان زۆر زۆرن لەبەر ئەوە ئێمە دڵمان بە دەنگدان خۆش نی یە چیتر، بەردەوام ئێمە لەم کێشانەدا دەژین وە هۆکاری هەموو ئەم کێشانە وامان لێ دەکات دوای خوێندن بیر لەوە بکەینەوە کە وڵات بەجێ بهێڵین.

**چەند مامۆستایەکی زانکۆ:** لەناو ئێمەدا ئیش کردن بەپێی زانیاری نی یە ئەوەی کە حیزبیە دەبرێتە سەرەوەو کاری گرنگی پێ دەسپێردرێت لە کاتێکدا زۆر لەو بەتوانا تر هەیە هەر لە جێگەی خۆیدایە، تا حیزب حیزبێنەو ئەو کێشمە کێشە هەبێت لەو بڕوایەدا نین دەنگدانمان چاکسازی بکات.

**کۆمەڵێك کاسبکار:** ئێمە هەر کاسبی خۆمان دەکەین چی لەم دەنگدانانە کار ئاسانی بۆ ئێمە کردووەو بەرەو پێشمان بەرێت، ئەوەتە ڕۆژ بەڕۆژیش کاڵاکان هەر بەرەوە سەرەوە دەچن ئەو هەموو ساختەو ساختەکاریەش دەکرێت کوا دەستی حکومەت لە چاکسازیدا، لەبری ئەوەی بچین بۆ دەنگدان دوو قران پەیدا دەکەین.

**کۆمەڵێك خاوەن تەکسی:** هەرچەند ئێستە تاڕادەیەك باشترە بەڵام ئێمە زۆربەی کاتەکانمان لە سرەی بەنزیندا سەرف کردووە، لە وڵاتی بەنزین و نەوتدا جاری

وا هەبووە سێ ڕۆژ لە سرەدا بووین بۆ بەنزین و لەناو تەکسیەکەماندا خەوتووین کەچی مەسئولێك لەولاوە دێت بەبێ سرە دەڕواتە پێشەوە سەیارەی خۆی پڕ دەکات! ئێمە دەنگ بۆ ئەوە بدەین؟، وەیەکێك لەناو خاوەن تەکسیەکاندا واللە حکومەت کاری باشیشی زۆر کردووە ئەوەتە دەبینین جادەو بانەکان تاڕادەیەکی باش چاککراون بەڵام شتەکانی تر هەر گەلەك زۆرن بەخودای ئەمن دەنگێ نادەم.

**کۆمەڵێك هاوڵاتی بێ کارو سەرجادە:** ئێمە سەیری خەڵکی دەکەین و هەر ئەم نانە بەو ڕۆنەمانە، چ لە دەنگدانەکان کارێکی باشی بۆ ئێمە دۆزیوەتەوە، هەموو ئەو کەسانەش کە کاریان پێ دەدرێت دەبێت دەستی حیزبی تێدا بێت و کەسی کار پێدراو لەو ڕێگەیەوە بۆ کار دەبرێت بەڵام ئێمە گەر حیزبی نەبین بۆ پشتگوێ بخرێین خۆ لە ئەستێرەیەکی ترەوە نەهاتووین؟ ئەی ئایا ئێمەش ڕۆڵەی ئەم وولاتە نین؟ ئەی بۆ ناهەقی حیزبی بەعسمان دەگرت خۆ ئەگەر ئەویش بەعسایەتیت بۆ بکردایە هەر دەیبردیتە پێشەوە، بۆ هەر هەمان ڕێڕەو لەم وولاتە نابڕێت هەریەکەو بەناوێکەوە بەجۆرێکی جیاواز.

**کۆمەڵێك بەتەمەن و خانەنشین:** واللە ئێمە گیانمان بەم حکومەتەوەیە موچەمان دەداتێ گەرچی لە ڕاستیدا زۆر کەمەو ناتوانین ژیانی خۆمانی پێ بەرینە سەر بەڵام هەر جێگەیەك دەگرێت، وەگەرچی ئێمە هەقمان زۆر لەوە زیاترەو خانەنشین بووین، بەڵام هەشە لە چەند لایەکەوە دەیخوات جێگەی سەرنجی ئێمەیە، وە گەرچی واسیتەو واسیتەکاری لەمەشدا هەر دەور دەبینێ. وەگەر دەنگدانەکان بۆ کوردو عەرەب بێت دەنگ دەدەین بە کورد لەبەر کوردایەتیەکە نەك یەکێتی و پارتی.

**کۆمەڵێك پێشمەرگەی دێرین و خانەنشین:** لەناو ئێمەدا جیاوازیەکی هەر زۆر کراوە هەیە خزمەتی زۆر زۆر بۆ زیاد کراوە لەکاتێکدا کە خزمەتی زۆر کەم

کردووە، وە هەشە بە پێچەوانەوە! وە دانی پلەی بەرز لەناو ئێمەدا نازانین لەسەر چی بنەمایەکە...هەیە پارەیەکی خەیاڵی وەردەگرێت وە هەشە ئەوەندە وەردەگرێت بیدەیت بە منداڵێکی ئەم سەردەمە وەری ناگرێت لێت، وەیەکێك لەناویاندا ووتی من ئەو پەنجە دەبڕم کە بچێتەناو مەرەکەبی دەنگدانەوە، ئێمە کەی کارمان بۆ ئەم ڕۆژە گەندەڵیە کرد، جاران ئێمە گەرچی لە شاخیش دەژیاین یاسای تێدا بوو بۆ نمونە هەموو کەس دەبوو جامانەی لەسەر بێت، گەر کەسێك بەد ڕەوشتی بکردایە ڕێگری لێ دەکراو وەگەر بەردەوام بوایە دەکوژرا، کەچی ئێستە بەدڕەوشتی بۆتە شتێکی بەرچاوەو باو، جاران ئێمە ڕێزو خۆشەویستی لەنێوانمان هەبوو، ئێستە ڕێزو خۆشەویستی بە پارە گۆڕاوەتەوە جاران کار بە لێهاتووی و دڵسۆزی دەکراو دەدرا ئێستە پێوەرەکان هەمووی مادەن، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئێمەدا بوون زۆرێکیان ئێستە هەر ناتوانین بیشیان بینین.

یەکێکی تر خۆزگە من ئەو کاتە شەهید ببوایەم ئەم ڕۆژەم نەدیایە.

گەر سەرنجی وەڵامی هەریەك لەم کۆمەڵانە بدەین گەرچی تاڕادەیەکیش ڕووناکبیری هەبێت بەڵام زۆر گلەیی و گازندەیان هەیە بەشێوەیەکی وا دەنگدان بە دوو قران ناگۆڕنەوە، گەرچی تاڕادەیەك گۆڕانیش بە ووڵاتەوە دەبینرێت بەڵام بە بڕوای زۆرینەی خەڵك ئەویش هەموو کۆمپانیایە بۆ زیاتر جێگیری خۆیان و ڕەونەق دان بەکارەکانیان. گەر بە پێچەوانەش بێت هەر ئەوە نی یە کە هاووڵاتیان چاوەڕوانی دەکەن لە حکومەت، ئەو هەموو پارەیەی کە دەست حکومەتی هەرێم دەکەوێت و ئەو هەموو توانا کە هەیانە بەبڕوای زۆر لە خەڵکی بۆ تاکی خۆیان بەکاری دێنن، دەنگدانی هاوڵاتیان هەر بەبڕوای خۆیان یارمەتی دەرێکە بۆ زیاتر تێرکردنی دەستەڵات داران، ئێمەش وەك قیبلە هەر ئەوەندە دەڵێین حکومەتی هەرێم پێویستی بەزۆر کار هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی هەموو ئەو کەمو کوڕیانە کە کراوەو وە هەیە، وە نەشرۆشتوو بڕوات ساحەکە

هەر لەبەردەمیاندایە، وەگەر هەر بەم شێوەیە بێت ڕۆژێك دێت هاوڵاتیان چیتر نەتوانن خۆیان بگرن و دەبێت تەحامولی کاردانەوەکەشی بکرێت، وە ئاقاری کوردستانیش بەرەو کوێ دەڕوات ئەوە مێژوو تۆماری دەکات و لە ئەستۆیاندا دەمێنێتەوە تا دونیا دونیایەو نەوەکانی دوای ئێمە بیلێنەوە ...

## ئازادی سەردەمیانە (مۆدێرن)!

خۆش ویستنی خاك و وولات بەهاوڵاتیانیەوە شتێکی سروشتیە (فطرية). بەڵام ئەم خۆش ویستنە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕی، هەیە زمانی زۆر پاراوەو دەتوانێت بە ووتە دەری ببڕێت، هەیە بەنوسین، هەیە بەگیان، هەیە...تاد. وە هەشە بەچەند شتێك لەوانە بۆ نمونە بەگیان وە هەروەها نوسین. وەهەشە بەهیچ کامیان بەڵام هەر لەناخیدا خاك و ووڵاتی بە هیچ ناگۆڕێتەوە. بێگومان هەشە بەناو دڵسۆز بەڵام لەناوەرۆکدا بەپێچەوانەوە! وە ئەم خۆشەویستیە ئەوە ناسەلمێنێت کە ئەو ووڵاتە بێ کەم و کوڕی و ووڵاتێکی پێشکەوتوو ناودار بێت... ئەمەشمان تاقیکردۆتەوە ئەو پرسیارەمان ئاراستەی دەیان کەس کردۆتەوە دەربارەی ووڵاتەکەی زۆر بەشانازیەوە پیایدا هەڵداوەو بەخۆشحاڵیەوە دەیانووت

ووڵاتەکەم ووڵاتەکەم. ئەمەش مانای وانیە دەبێ قوڕوقپ لێی ( My country, my country )

دابنیشین هەرچیەك بوو قبوڵی بکەین و هەر ئەشهەدو بیلا بکەین، ئەوسا جیاوازی چی دەبێ لەگەڵ ڕژێمی بەعس، خۆ ئەگەر هەر ئەشهەدو بیلامان بۆ حکوومەتی بەعس بکردایە، خوا هەڵناگرێ نەوتەشجاعەشی دەدا پێمان،

بەڵام چ نەوتەشجاعەیەك! كە خەڵك لە دڵیاندا بە نەوتەجەبانەی بزانن. زۆر بەداخەوە كە ئەوپاشماوە لەناو حیزبەكانماندا هەر هەیە وە زۆر ڕێگەیەك دەگرنە بەر بۆ زاڵ كردنی خۆیان لەوانە: ترساندن،بەندینخانە،موچە بڕین،فەسڵ كردن،كوشتن...تاد. وە ئەوەی بە پێچەوانەیان بێت ناوی جۆراو جۆری لێدەنێن بەشێوەیەكی وا ئەگەر ئەوەش نەبێت ببێت بە ئەوە!!! گومان لەوەدا نیە ئەگەر ڕێگری كرا لە هاووڵاتی بەشێوەیەك، كاردانەوەی بەشێوەیەكی تر دەبێ.. كەوا بوو باشترین ڕێگەچارە لەیەك گەشتن و ئاخافتنە نەك ترسان و.....ئەوەی كە زۆر مەبەستمە لێرەدا بیڵێم سەرئەنجامی ترس و بەندیخانە وای لە زۆرێكمان كردووە هەر لە ترس و بەندیخانەدا بژین..! ئێمە كە ڕاستیەكمان بەدیكردو ئاماژەمان پێنەكرد لە ترسی ترس و بەندیخانە خۆی بۆخی ئەمە بەندیخانەیە... بەڵكو خراپتریش جیاوازی چیە لەوەی جەستەت لە بەندیخانەدا بێت یان هەموو فكرەو ئازادیەكانمان؟! ئیتر كوا هەموو ئەو ئازادیانەی بانگەشەی بۆ دەكەین؟! بۆ دەبێت هەر بەعسیانە بیر بكەینەوە؟! ..ئەمە چ جۆرە ئازادیەكە!.

لە كاتی ڕژێمی بەعسدا كاتێك كە هەڵبژاردن دەبوو لە تەلەفزێۆنەكاندا دەیان ووت كە ڕۆشتن بۆ دەنگدان زۆر زۆر بەئازادی خۆتان بڵێن بەڵی بۆ سەدام!! ئەمە چ ئازادیەكە كە تەنها یەك ئیختیارمان هەبێ؟.دەبێت ئەوەشمان لە پێش چاو بێت زۆر جار خەڵك ئەو ستەم و زۆرە لەسەر خۆی قبوڵ دەكات ئەمەش بەهۆی بێدەنگیان لەبەرانبەر كارەكانیان هەتا ئەگەر هەڵەش بن! جا بۆ ئەوەی كە بەهەڵەدا نەچین دەبێت كەهەڵە بوو بڵێین هەڵەیە، بە مەبەستی چاككردنیان. وە دەبێت بەو شێوەشەوە بڕوانینە یەك لەئاستی هەڵەكانی یەكتری بێدەنگ نەبین هەروەک بەرانبەریش نابێ بە پێچەوانەوە بیربكاتەوە. بۆ نمونە ئەگەر یەكێك بێت و پێم بڵی تۆ ئەوەت هەڵەیە لەم نوسینەدا یان هەر نوسراوێكی تر دەبێت منیش پێیدا بچمەوە وە سوپاسی كابراش بكەم وە گەرنا

من هەر لەسەر هەڵە بەردەوام دەبم بەشێوەیەکی وا ڕادێم لەسەری کەهەرگیز بەهەڵەی نەبینم وەك بەسەر زۆرێکدا هاتووە. مەرجیش نیە نارەزای ئێمەش تەنها لە بەرانبەر کاری هەڵەدا بێت بەڵکو دەبێت لەئاستی ئەو کارانەش دا بێت کە چاکتر هەڵدەگرن.. ئەمەش بێگومان دڵسۆزیمان بەرانبەر کارەکە نیشان دەدەن.

## ئایندەمان لە مەترسیدایە

ڕابوردومان وا بووە هەر دەست بەسەر بوین و لە ژێر چەپۆکدا بین، چ لەلایەن حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە وە چ لەلایەن خۆمانەوە! وە لەلایەن دەرەوەش بەناوی جۆراو جۆرو بریقو باقەوە، لێرەدا باس لە حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکان ناکەین، چونکە گرفتمان ئەوە نیە ئێستە، وە هەروەها باس لە دەستی دەرەوەش ناکەین، بەڵکو گلەی لە خۆمان دەکەین، چونکە بە گونجان و ڕاست کردن لەگەڵ خۆمانداو وە بە دڵسوزی کارکردنمان دەتوانین زاڵ بین بەسەر هەموو گرفتەکاندا، هەموو ئەو ئەزمونانەی کە بڕیمان لەگەڵ بێگانەو ئەمولاولادا دەبوایە سودمان لێ وەربگرتایەن و هەموو ئەو ئەزمونانە لەگەڵ هەموو توانایەکمانەوە بمانخستایەتە گەڕ بۆ بەرەو پێشچونی وڵاتەکەمان ئەوکاتە بەرهەمی کارەکانمان دەبینرا یان دەبینرێ، بەڵام بە کەم زانینی خۆمان و بەرەوچونمان بۆ کەسانی بێگانە بێگومان بچوکمان دەکاتەوە. وە چونمان بەرەو بێگانە لەوەدا نەماوە هەر خۆمان بۆی بچین بەڵکو بەشێوەیەکی وا کاری بۆ دەکرێ هەردەم لە ترسی ئەوەدابین نەوەك لێمان ڕازی نەبن ئیتر ڕای ئازادو بۆچونی بەرانبەر بەرژەوەندی گشتی تەنها وتەی بەتاڵە..، وە گەر ئەو ترس و بیمە لای هاوڵاتیان بێت چۆن؟ پێش دەکەوێت کە نەتوانیت هەر هیچ بڵێی.

بۆیە ئیتر بەستە دارەدەستی و وەرن پێکەوە تواناکانمان بخەینە گەڕ بە پشت بەستن بەخواو دواتر بە یەك وەگەر وا نەکەین ئایندەمان لە مەترسیدایەو هەر بچوك دەبین. زۆرن ئەو وڵاتانەی کە نەکسەی خراپیان بەسەردا هاتووە وە دواتر بە پشت بەستن بە خۆیان هەستانەتەوەو بەرەو پیشچوون، ئەمەش مانای وانیە پەیوەندی بڕین لەگەڵ هەمووولادا نەخێر بەڵام بونی پەیوەندیەکان جیاوازە، پەیوەندی بۆ  نمونە بۆ بازرگانی، فێربوون...تاد ئاساییە بەڵام نەك کارکردن بۆ بێگانە وە لە بەرژەوەندیەکانیاندا.

## با مەرگی حەمایل خان بکەینە هەنگاوی پێکەوە ژیان

سستی پەیوەندی و یەکتر قبوڵ نەکردن جێگەی تێبینی و ناڕەزای و نیگەرانی هاوڵاتیانی کوردو حیزبە سیاسیەکان بوو تا هەنوکە.
زۆرجار بۆ کێشەیەکی زۆر چارەنووس سازیش نەتوانراوە پەیوەندیەکان توندوو تۆڵ بکرێت!، هەندێك جار توڕەیی زۆرو هەتا خوێنیش بەدوایدا هاتووە، کەچی نەفسیەتی لوت بەرزی و بچوککردنەوەی بەرانبەر بەربەست بووە لە بەردەم پەیوەندی و پێکەوە ژیانەوە، لە زەمینەی کرداری و ناو خەڵکی عەشایەرو چینە جیا جیاکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی و عەرەبی پێکەوە ژیان تا ڕادەیەکی باش بینراوەو دەبینرێت، لە دوای ئەو هەموو ڕقەی کورد لەسەر کردارەکانی سەدام و سیاسیەکان بۆیان دروست کردین، کەچی ئەو هەموو عەرەبە ڕوویان لە کوردستان کردو لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەبێ کێشە لەگەڵ کوردەکاندا دەژیان، هەتا یارمەتی زۆریش دەدران، عەرەب دەزانم لە خانوی کرێی کورددایە خاوەن خانوەکەی زۆرجار کرێی خانووەکەی لێ وەرنەگرتووە، دراوسێکان

یارمەتی زۆریشیان داوە، کاریشیان بۆ دۆزیوەتەوە، نموونەی پێکەوە ژیانی خەڵکانی سادە جێگەی تێبینی جوانن لەناو کۆمەڵگەدا.
لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کێشەکان گەورەکانن، ئەوان بەربەست و کێشە دروست کەر بوون لە بەردەم پێکەوە ژیان و پەیوەندیەکاندا، عەرەبم بە درندە دەزانی تا هەندێکم لێ ناسین، کەچی وا دەرنەچوون، هاوڕێی عەرەبم هەیە نەك هەر تەنها عەرەب و سونی مەزهەب بەڵکو شیعەش، لەگەڵ ئەوەدا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ژیانی ڕۆژانەو پێکەوە ژیانماندا گرفتێکی وا دروست نەبووە نە زمان و نە مەزهەب بەربەست بێت لە پچڕانی پەیوەندیماندا، ئەوە گەورەکانن هاوڵاتیان دەکەنە دوژمنی یەکترو بۆ مەرامی کورسی و سیاسی خۆیان بەکاری دێنن، ئەگەر گەورەکان بۆ خۆیان ڕێك بکەون و کێشەیان نەبێت، هاوڵاتیانی ئاسایی کێشەکانیان زۆر ئاسایی تر دەبێت.
کە بیر لە کروچوکاڵی پەیوەندی حیزبە سیاسی و کەسایەتیە دیارەکانی ناو کوردو هەتا عەرەبیش دەکەینەوە زۆرجار وا بۆی دەچین دەبێت چ کێشەیەکی ئاڵۆزو گەورەیان لە پشت بێت، کە تەنها بۆ دانیشتنێك سەدەها مەرجی جۆر بەجۆرو جێگەی جۆر بەجۆی بۆ دەگۆڕن، بەڵام لە مەرگی ئافرەتێکی بەساڵاچووی تەمەن ٨٥ ساڵ زۆر بە ئاسانی و تەنها بە دیاری کردنی جێگەو کاتەکانی هەمووی بەبێ جیاوازی پێوەی پابەند بوون و جێگەی خۆشحاڵی و هەتا سەرسوڕمانی هاوڵاتیانیش بوون بە گشتی.
کۆتایی بە باسەکەم دێنم و دەڵێم ئەی حیزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتیە دیارو گەورەکان، ئەوەندە مەرگی ئافرەتێکتان بەلاوە گرنگ بوو، بۆ ژیانی مەلاین هاوڵاتیانتان بەلاوە گرنگ نی یە؟!.
تەعزیەی حەمایل خان ئەو نهێنیانەی ئاشکرا کرد کە بەسەدەها لێکۆڵینەوە ئاشکرا نەدەبوو، ئەی بەرپرسان: بەردەوام کۆو کۆك بن و مەهێڵن درز بکەوێنە

نێوان خۆتان ڕەعیەکانتانەوە، بە زیندووی ڕێزمان بگرن و بە مردووی مەمان پەرستن.
پرسیار: حەمایل مانی چی یە؟
وەڵام: حمایل ناوێکی عەرەبی یە، واتە کەڵانی شمێر ئەو جێگەی کەوا شمشێری تێ دەکرێت یان هەڵدەگیرێت.
ئاسۆ گەلاڵی
سلآو و ڕیَز...
سڵاو بۆ ئێوەش

## تاك: بەگشتی ئەدای لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟بەتایبەت ئیسلامیەکان؟

**قیبلە:** نکۆڵی لە کاریگەریان ناکرێت بەڵام لە ئاست خواستی هاوڵاتیاندا نین، تا ڕادەیەکی زۆر پاشەکشەیان پێوە دیارە، هاوڵاتیان ئێستە لە هەموو کات خۆیان زیاتر بە بێ خاوەن دەزانن نە ئومێدیان بە دەستەڵات ماوە نە بڕوای تەواویش بە ئۆپۆزیسۆن. ئیسلامیەکانیش دووجار لاوازن جارێك لە ئۆپۆزیسۆن بوونیان بەرانبەر دەستەڵات و جارێکی تریش لە بۆشای دروست کردن لەو متمانەی کە لەگەڵ هاوڵاتیاندا بوویان و وازهێنان لە کارە کۆمەڵایەتی و دەعەویەکانیان.
**تاك:** ئایا ئیسلامی سیاسیی لە هەرێمیش وەك ناوچەکە لەگەشەدایە، یان وەك بیری عەلمانی ئەمیش لە پاشەکشەدایە و بۆچی؟
**قیبلە:** گشت هزرو ئایدۆلۆژیاکان تاقی کرانەوە دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی هەمووی بێ ئومێدو لەدەستدانی متمانەی لەلایەن خەڵکیەوە

بەدوادا هات، ئێستە گەشەی ئیسلامی دووبارە خەریکی چرۆکردنە، بە بڕواوە خەڵکی بە پیریەوە دێت، باوی ئەوە نەما چیتر سیاسەتی لە ئیسلامی وەك دوو چەمکی جیاواز باسی لێوە بکرێت، خەڵکی ئێستە بەرەوە هۆشیاری و چاوکراوەی دەڕوات، عەلمانیەت بە ئەزموون هەرەسی هێنا لەبەرانبەریشدا هیچ هێزێکی تری هاوشانی نی یە جگە لە ئیسلامی سیاسی.

**تاك:** پێت وایە سێ پارتە ئیسلامیەکەی هەرێم وێنایەکی جوان و شیاویان بۆ شەریعەتی ئیسلامیی و سیاسەتی ئیسلامی کردبێت؟

**قیبلە:** بە شێوەیەکی گشتی بێگومان، گەرچی ڕەخنەی توندیشمان بەرانبەریان هەیە لە ڕووی کارو ئەدای سیاسیانەوە وەك دەمارگیری حیزبی و گرنگی دان بە پلەو پایەو کاریگەری مادی لەسەریان، بەڵام لە ڕووە شەرعیەکەوە ئەندامێکی هیچ لایەنێکی سیاسی ئیسلامی نی یە تا ئێستە لەسەر دزی، بێڕەوشتی، خیانەتکردن ئەوەی عەلمانیەکان پێوەی گیرۆدەبوون و ئاشکرای لای خەڵکیە ئەمان هەیان بێت، نمونەی کوڕە مەلایەك یان کوڕە بەرپرسێکی سیاسی ئیسلامیش ناتوانرێت لەسەر حیزب حسێب بکرێت.

**تاك:** مامەڵەی یەکێتی و پارتی لەگەڵ ڕەوتی ئیسلامی لە لایەك و ئیسلامیەکانی کوردستان لەلایەکی دیکەوە چۆنە؟

**قیبلە:** یەکیەتی و پارتی واقع ناچاری کردن مامەڵەیان نەرمتر لە ڕابردوو بێت، هەروەك بەرانبەر خۆشیان بە هەمان شێوە، بەڵام بە بڕوای من بە فشاری میدیاو هۆشیاری خەڵکی ئەم واقعە هاتووەتە بوون نەك وەك بڕوایەك یەکیەتی و پارتی پێی هەبێت، ئەوەتا بینیمان کە چۆن پارتی مامەڵەی ڕاستی خۆیان زوو زوو لە بادینان تازە دەکەنەوەو بە ئاشکرا پێمان دەڵێن کە ئێمە بیست و دوو لەسەر حەوتین. ئیسلامیەکانیش تا ئێستە ستەملێکراو بوون بە هەموو شێوەیەك دەچەوسێنەوە، هێشتا ترسی فەصڵ و نقڵیان هەیە، هێشتا هەر ناچارن

پاساوی هەڵەی پارتی سیاسی دەرەکی بۆ خۆیان بهێننەوە، بەشێوەیەك دەڵێی پارتی ویەکیەتی هیچ ئەزموونیان لەگەڵیاندا نەبوو بێت ، وە ئیسلامیەکانیش پێویستە ئەو ئەزموونە تێپەڕێنن و ئەزموونی نویٰ تاقی بکەنەوە.

**تاك:** پێت وایە بەرەی هاوبەش لەلایەن ئیسلامیەکانەوە، ئەو پارتانە بەرەو گەشەکردنی زیاتر ببات؟

**قیبلە:** تەنها ئەو بەرە تاقی نەکراوەتەوە، چوار حیزبەکە کە بە ئاشکرا بە شکستی یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسلامی شکایەوە هیچ کەسێك نەبوو بڕوای وا بێت گەر بەرەکە ئیسلامی هاوبەش بوایە باشتر دەبوو، پێویستە کە دەوترێت ئیسلامی، ئیسلامیانەش بیر بکرێتەوە، هەم لە یەکگرتن، هەم لە وەلانانی هەندێك غەرەزی دەرونی و شەخسیەوە، لە پێناو پتەوکردنی ئەو بەرەیەدا، گەر ئەوە ڕەچاو بکرێت گومانم نی یە لەوە ئەنجامی گەورەی بەهێزو چاوەڕوان نەکراو چاوەڕێیان دەکات.

**تاك:** سەبارەت بە یەکگرتنی سیٰ پارتەکە و بەتایبەت کۆمەڵ و یەکگرتوو چی دەڵێیت؟ پێت وایە ئەوە رووبدات؟

**قیبلە:** زەمەن گرنگی ئەو یەکگرتنەی هێناوەتە پێشەوە، لەناو ئەندامانی خوارەوەشدا زەمینەی بۆ خۆش بووە گەر غروری هەندێك سەرکردەو واقع نەبینی هەندێکی تر ڕێگر نەبێت، ئەوەش پرسیارێکەو زۆرجار دەکرێت ئایا؟ یەکگرتوو کۆمەڵ جیاوازیان چی یە؟ جا کە ئەو جیاوازیەکە نەتوانرێت بە ئاشکرا هەستی پیٰ بکرێت ئەم دوو ناوە یان سیٰ ناوە بۆ؟.

**تاك:** پێشبینی بەهاری ئیسلامی دەکەن لە کوردستان لەداهاتوودا یان پایزی ئیسلامیەکان، وە بۆچی؟

**قیبلە:** پێویستە ئەو بۆشاییە دەعەویە لە نێوان خەڵکی و لایەنە ئیسلامیەکاندا دروست بووە پڕبکرێتەوەو بە ڕۆحیەتە کۆنەکەوە گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی

و دەعوە بدەن، تا ئەو بۆشاییە پڕ نەکرێتەوە بەبڕوای من گەر بەهار ئیسلامیش ڕوویدات دەبێت واتە مسوڵمانی ئاساییش ئەو بەهارە دروست بکەن بە پایزو غەیری ئیسلامی دەیقۆزێتەوە.

**تاك:** پێت وایە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەنگی ئیسلامیەکان لەبەرامبەر عەلمانیەکاندا چیان لێ دێت؟

**قیبلە:** وەك پێشتریش باسم کرد گەر بۆشاییە کۆمەڵایەتی و دەعەویەکە پڕنەکرێتەوە، جیاوازیەکان شتێکی وا نابن شایەنی باس بن کورسیەك کەم یان زیاد دەبن.

**تاك:** ئۆپۆزسیۆن بوون بۆ ئیسلامیەکان فازانجە یان چوونە ناو حکومەتەوە؟

**قیبلە:** کام حکومەت! لە ئێستەدا چونە ناو حکومەت تەنها ئابڕوی خۆ بردنە، ئایا ئەوەی ئێستە حکومەت دەیکات لەگەڵ چ بەهاو هاوکێشەیەکی ئیسلامی یەك دەگرێتەوە؟! ئۆپۆزسۆن بوون قازانجە بە تەکانێکی دەعەوی و کۆمەڵایەتیەوە.

**تاك:** ڕەخنەی ئەوە لە ئیسلامیەکانی هەرێم دەگیرێت کە ئیسلام و شەریعەتەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆیان و لەپێناو خۆیاندا بەکاردێنن، ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**قیبلە:** ئیسلام دژی بەرژەوەندی نیە مادام دژایەتی لەگەڵ دەقێکدا نەبێت، وەیان ئەو بەرژەوەندیە هی تاك بێت و لەسەر حسابی کۆ، بۆ نموونە کەسێك جادەیەك دەکات بە خانوو بۆ خۆی، ئیسلام تەحامولی زیانی ئەم تاکە کەسە دەکات بە ڕووخانی خانووەکەی لە پێناو ڕێگەی گشتیدا. کە دەوترێت بەرژەوەندی هەموو کارەکان هەر بەرژەوەندین، دەکرێت ئەو بەرژەوەندیە ئامانجیش بێت، مادام لە چوارچێوە شەرعیەکە نەچێتە دەرەوە، ئیسلامیەکان بێ کەموکوڕی نین و کەلێنیان لەگەڵ هاوڵاتیدا بە پشتگوێ خستنی دەعوەو خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان وای کردووە بە بەرژەوەندکار بناسرێن.

**تاك:** دەوترێ دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان ئیسلامیەکانی هێنایەوە ساجەی سیاسیی کوردستان، ئایا ئەمە راستە؟
**قیبلە:** تا بزووتنەوەی گۆران دروست نەبوو بوو، ئیسلامیەکان وەك هیزێکی دەعەوی زیاتر کاریان دەکرد لە دوای دروست بوونی بزووتنەوەی گۆڕان فۆڕمەکەیان زیاتر نیشتمانی بوونی بەبەردا کراو ئەو پارسەنگیەیان نەتوانی بپارێزن لە نیوان ئیشکردن وەك هێزێکی نیشتمانی وە یان ئیسلامی و دەعەوی، وەلا نانی کارە دەعەویەکان وای کرد وا دەربکەون کە هاتوونەتەوە ناو ساحەی سیاسیەوە.
**تاك:** پێشبینی دەکەی لە داهاتوودا ئیسلامیەکان حوکمی هەرێم بکەن؟ پێت وایە ئەزمونی ئەفغانستان دووبارە دەکەنەوە یان هی تورکیا و میسر؟
**قیبلە:** بە بڕوای من ئەزموون و خواستی خەڵك بەرەو ئەو ئاراستەمان دەبات، گەر لایەنی دەعەوی و کۆمەڵایەتی و ئەو خزمەتکردنەی هاوڵاتیان لە ڕابردوودا دەکرا لەلایەن ئیسلامیەکان (بە تایبەت یەکگرتوو) پەرەی پێ بدرێتەوە حوکم دەگرنە دەست وەك تورکیاو میسر، ناکرێت بە هێزی ئیسلامی بێ چەکی مەدەنی باسی ئەڤغانستانی لەگەڵدا بکرێت.

# هەمواری یاسایی هەڵبژاردن

**ئا.محمەد بەرزنجی . سوید**

وەک روون و ئاشکرایە بە هۆی هەموار کردنی یاسای هەلبژاردەنەکان لە پەرلەمانی عیراق کە زۆر خالی ئیجابی و سلبی لە خۆگرتوە ،یەکێک لەو خالە سلبیانە مادەی ٦ بوو کە زۆر بەزەقی ئاماژە بە ناوی پاریزگای کەرکوك دەکات وەک گومانێك لە ریژەی سەرژمیری ئەو شارە، ئەمەش وا دەکات ئەگەر زۆرینەی کورسیەکانی کەرکوك کەوتە دەست کورد ئەوا نەیارانی دەستبەجێ دەتوانن کۆسپ و لەمپەر بخەنە بەردەم ئەنجامی بەرایی هەلبژاردنەکەو هەلوەشانەوەی سەرجەم دەنگەکان ، بەلام بەداخەوە گۆڵیکی لێزانانە بوو لە لیستی هاوپەیمانی کرا ،کە دەبوو پاڵپشتی کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بوایەن کە بایکۆتی دەنگدانەکەی کردو لە هۆڵی پەرلەمان چوە دەرەوە ، دوای ئەو رووداوە چەندین نوسەرو رۆشنبیرو سیاسی کورد ئەم هەلویستە نەتەوەیی نیشتیمانیەیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان بەرزنرخاند، کە توانی پارێزەرێکی دلسۆزی گەلی کورد بێت لە بەغدا لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی پەرلەمانی بەغدا ، پێمان باشە رای چەند رۆشنبیرێك لەو بارەیەوە وەرگرین.

سەرەتا نوسەرو رۆشنبیر بەرێز عومەر عەلی خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری بوار

()چۆن دەروانیتە خاڵە سلبیەکانی مادەی ٦ کە لە پەرلەمانی عێراق دەنگی بۆ درا؟

«هۆکاری دەنگدانی لیستی هاوپەیمانی چۆن لێکدەدەیتەوە لە کاتێکا نەیان توانی وەک یەکگرتویی ئیسلامی بایکۆتی دەنگ دانەکە بکەن؟

قیبلە: ئەوەی لە مادەی شەشدا دەبینرێت خاڵێکی زۆر هەستیارە ئەویش

بەهۆی پەیوەندی داریێتی بە شاری کەرکووکەوە، وە دەبوو لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش زۆر هەستیارانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو مادەیەدا بکردایە، بەڵام بە داخەوە بەو شێوەیە نەبینرا، وە بە لێکدانەوەی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنی ژێر بەژێرو پێش دانیشتنی پەرلەمان، وە بە دووریشی نازانین لەو ڕێکەوتنانەدا سودی حیزبی و مەنسەبی لیستی هاوپەیمانێتی کوردستانی تێدا بوو بێت.

« ئەو هەلوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانیەیی کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامی چۆن دەنرخێنیت کە زۆربەی ڕۆشنبیران و سیاسیەکان باسی دەکەن کە بایکۆتی دەنگدانی کردو هۆڵی پەرلەمانی جێهێشت ؟

قیبلە: بەڕاستی هەڵوێستێکی بوێرانە بوو، وە هۆکارەکەشی ڕوون و ئاشکرایەو خەم خۆری دەستەکەوتەکانی کوردستان بوو، وە گرنگی دانی بوو بەسەر پلەو پایەی حیزبیدا کە بەداخەوە لە پەرلەمانی عێراقدا کەمتر ڕەچاو دەکرێت لە لیستەکانی تردا.

« لە سالی ٢٠٠٥ کاتێ یەکگرتووی ئیسلامی بە تەنها بەشداری هەلبژاردنەکانی کرد دەیان سیناریوێو هێرش و پەلاماردان و تۆمەتی نادروستیان سازدا لە دژی کە گوایە یەکگرتوو پالپشتی لیستی هاوپەیمانی نیەو دەچیتە پال عەرەبەکان ،بەلام سەلماندی ماوەی ئەم چوار سالە پارێزەرێکی دلسۆزو کارا بون بەرامبەر بە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی گەلی کورد ، ئایە رای بەریزتان لەو بارەیەوە چیە؟

قیبلە: لیستی یەکگرتوو لە کاتی دەنگداندا هەرچی بکات دەبێتە مایەی تۆمەتی بەرانبەر بەتایبەت لیستی هاوپەیمانی، چونکە ئەوان هێشتا ئەو فەلسەفە سیاسیە بە دروست مامەڵەیان لەگەڵ نەکردووەو وەك پروپاگەندەیەکی هەڵبژاردن بۆ خۆیان ئەو کارەیان کردووە، وە بەدەرکەوت یەکگرووی ئیسلامی کوردستان ئەکتیڤ ترین لیست بوون لە پەرلەمانی عێراقداو هەوڵی

پەرلەمانتارەکان وەك مانگی چواردە دیار بوون، جگە لەوەش کە بەو شێوەش نەبوو کە لیستی هاوپەیمانێتی لەسەر یەکگرتوو بڵاویان دەکردەوە کە گوایە دەچنە پاڵ عەرەبەکان، یەکێتی و پارتی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان عەرەبەکان برایانەو نایانەوێت عێراق لەت ببێت، بەڵام ئەو برایەتیەیان بۆ بەرانبەر ناوێت لە کاتێکدا خۆیان زۆر ڕێکەوتنی نهێنی دەکەن بۆ وەرگرتنی پلەو پایەی ئەندامەکانی خۆیان و باجەکەشی کورد بەگشتی دەیدات، بەمەش ئەرکێکی زیاتر لە بەغدا بۆ پەرلەمانتارانی یەکگرتوو وە هاوشێوەکانیان دروست دەبێت.

## ئەمەریکا تا قیامەت لە عێراق دەبێ، ئەگەر ڕەوشی ئاسایش هۆکاری مانەوە بێ

وەکو کورد، کاتێك ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد وەهەتا پێش داگیر کردنیشی هەر بەویستنی بۆ ئەنجام دانی ئەو پرۆسەیە، بەشێوەیەکی گشتی خۆشحاڵی دەربڕا لەلایەن هاوڵاتیانی کوردەوە،گوڵباران کردنەکەش ڕاستێی دەسەلمێنی. وەیارمەتی دانیش لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە هەروەها. لێرەدا نامانەوێت هۆکارەکانی باس بکەین بەڵام زۆرێك لەو هۆکارانە خۆشبەختیمان دەبەست بەلەناو چوونی ڕژێمی بەعسەوە. لەوانەیە تاڕادەیەك سودمەنیش بووبین بەڵام چارەنووسمان بەتەواوی ڕوون نیە مادەی ١٤٠ و زۆرێك لە کێشەکانیش ئەمە دەسەلمێنن.
ناشمانەوێت باس لەسەر شەرعیەت و ناشەرعیەتی داگیر کردنی عێراق بکەین، چونکە زۆری لەسەر وتراوە، بەڵام تەنها ڕێژەی هاووڵاتیانی خۆیان ناشەرعیەتی ئەو کارە نیشان دەدات، وە هۆی نەبوونی ئەو چەك و ئەسڵەحانەی کە نەبوون

لە عێراقدا وەکو زۆربەی ڕۆژنامە ئەمەریکی و بەریتانیەکان لەسەری دەنوسن، نارەزایی زۆرێکیش لە سیاسەتمەدارانی خۆیان لەولاوە.
ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام وە تا ئیستا لە بیرمە هەردەم وەك زەنگێك لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە ئەوە بوو چاوپێکەوتنێك بوو لەگەڵ تۆنی بلیری سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیادا لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەتدا، یەکێك لەو ئافرەتانە ڕوو بەڕووی تۆنی بلێر بووەوەو بەچاوی پڕ لە فرمێسك و گەروی پڕ لە گریانەوە ووتی ( من لە کارەساتەکەی ٠٩/١١ یانزەی سێپتەمبەردا کوڕێکم کوژراوە، من دەزانم زامی کوڕ کوشتن چەند سەختە، جا داوات لێدەکەم با ئەم کارە نەبێ،چونکە بێگومان چەندەها دایك وەك منی لێ دێت). خۆشمان وە نەبێت زامی ئەو دەردە نەزانین هەرماڵێك کەسێکی لەلایەن بەعسەوە نەکوژرابێ، بێگومان لە شەڕی ناوخۆدا کوژراوە...
بەهەرحاڵ هیچ شتێك نەیتوانی ڕێگر بێت لە لێدانی عێراق لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانیەوە، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش! ئەوەی کە ئێستا جێگەی باس و لێکۆڵینەوەو پرسیارە لای هەمووان، ڕژێمی بەعس تەواو لەسەرکار نەماو سەدامیشمان بینی چۆن لە سێدارەیان دا. هێشتا ئەمەریکا هەر لە عێراقە بە بیانوی ئەوەی عێراق پێویستی بە سیکورتی هەیەو تەقینەوەو کاری تیرۆری تیادا ئەنجام دەدرێت. ئەگەر دیراسەتێکی هۆکاری شڵەشان و نائارامی عێراق بکەین دەبینین ئەمەریکا خۆیان هۆکارن لەبەر ئەوە ووتمان (ئەمەریکا تا قیامەت لە عێراق دەبێت، ئەگەر ڕەوشی ئاسایش هۆکار بێت) بۆ سەلماندی ئەم ڕاستیە بە کورتی ئاماژە بەو تاقم و تاکانە دەکەین کە کاری تەقینەوەو ...ئەنجام دەدەن، وە پۆلێنیان دەکەین بەم شێوە:
١-کۆمەڵێك/تاك بەرەنگاری هێزەکانی ئەمەریکا دەبنەوە، وەك ئەرکێکی دینی و جیهاد کردن، من لێرەدا بە ئیشی خۆمی نازانم ئەم کۆمەڵە لە ڕووی شەرعەوە

هەڵ بسەنگێنم لەبەر ئەوە جێی دەهێلم بۆ زانایان. بەڵام ئەوە ئاشکرایە ئەم جۆرە کۆمەڵە بەهیچ شێوەیەك تەنەزول کردنیان نیە، چونکە خراپترین ئیحتمال بۆیان کوشتنە وە ئەمەش گەورەترین شەرەفە لایان ، بە پێی سەردەم و بارودۆخ کەم و زۆر دەکەن بەڵام بنبڕکردن شتێکی محاڵە، دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت مەرج نیە ئەمە هەر کۆمەڵ بن دەکرێت تاکیش هەبێت و هەڵگری هەمان بیرۆکە بێت، چ گەرەنتیەك هەیە و چۆن دەتوانرێت ووڵات بنبڕ بکرێت لەو کەسانەی کە هەڵگری ئەم بیرۆکەن. کەوا بوو تا ئەمەرکا لە عێراق بێت ئەم کۆمەڵە بەردەوام دەبن، بەئاشکراش داوای دەرچوون لەهێزەکانی ئەمەریکا دەکەن،کەوابوو ئەمەریکا هۆکارە.

٢-کۆمەڵێك/تاك وەك داگیرکەر سەیری ئەمەریکا دەکەن و بەهێچ شێوەیەك چاویان بەرایی نادات ببینن ئەمەریکی لەسەر خاکەکەیانە چ جای ئەوەی بە ئاشکرا سوکایەتیشیان پێ بکرێ و بیان کەن بە نیشانە شکێن!. وەکو کورد من پێم وایە ڕەوا نیە بۆمان بڵێین ئەم کۆمەڵە ناحەقیانە. چونکە دژایەتیەك دروست دەبێت لەوەی کە کردوومانە بەرانبەر داگیرکەر، بۆ نمونە بیربکەرەوە چۆن لەناو ئێمەدا سەیری جاش دەکرا، کەوا بێت دەبێت ئەو حەقەش بدەین بە ئەوان هەرکەسێك هاوپەیمان و یارمەتی دەری ئەمەریکا بێت بە جاش سەیری بکەن. ئەو هەموو جاشە دروست بوو لەناو کورددا، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك بوون لە شاخ، نەتوانرا ئەم کۆمەڵە کەمە بنبڕ بکرێت تا گەشتنە مەرامی خۆیان ڕاپەڕین ڕوویداو جاشەکانیش خیانەتێکیان بۆ خۆیان تۆمار کرد،وەکو مۆرێکە بەناوچاوانیانەوەو ئێستاش باس دەکرێ.جا کەوابوو زۆری جاش نەبوونی پێچەوانەکەی نیشان نادات.ئەمەش وانیشان دەدات ئەمەریکا هۆکارن.

٣-کۆمەڵێك/تاك وەك تۆڵەیەك هەڵ دەستن بەم کارە، بۆ نمونە باوك،ژن،برا،مام، کەسێکی کوژراوە، وەیان تەنها باخێکی خورمای هەبووە هەمووی وێران کراوە،

وەیان مەزرەعەو حەیوانەکای هەمووی تیا چووە، لەوانەیە ئەمەتان بەلاوە سەیر بێ. بەڵام بەلای ئەوەوە گرنگە، چونکە تەنها سەرچاوەی ژیانیەتی، وەیان چەند ساڵ بە بەدبەختی و کرێکاری و بە قەرزو قۆڵە خانویەکی هەرچۆن بێت دەبر کردووە ئێستە ڕماندوویانە. لەناو ئێمەشدا بە چەندەها کەس هەن کوشتو برِ کەوتۆتە بەینیان هەر بەهۆی ماڵەوە وە چەندەها کەسیش هەن تا ئێستا بۆ هەلێك دەگەڕێن یەکتر بکوژن هەر بەهۆی ماڵ و سامانەوە، کەوابوو چۆن بتوانین ناحەقیان بگرین.

٤-کۆمەڵێك/تاك رق و قینێکی بۆ دروست بووە بەهۆی زۆر شتێکەوە بۆ نمونە ئەو سوکایەتیانەی کە کرا بە سجنەکانی ئەبو غرێب، ئەڵبەت ئەوە مشتێکە لە خەروارێك. لەوانەیە بڵێین بۆ کاری کۆن بە بادەکەن، بۆ ئەوانە شتێك بوون لەبیر بکرێن؟!. تا ئێستاش لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا دەردەچێت و لەکەناڵەکانیش باس دەکرێن، جگە لەوەی لە چەندەها سایتی ئەنتەرنێت بە باس و ڤیدیۆ هەن.

٥-کۆمەڵێك/تاك هەر حەزیان بە ئارامی نیە، لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەن، ئەمەش هەلێکە بەنسبەت ئەوانەوە بۆ قۆستنەوەی مەرامەکانیان،خەڵك گرتن و بە پارە بەردان هەروەک هەتا لە ئەوروپاشدا هەیە. جا ئەو تێکەڵی و پێکەڵی عێراقە هەلێکی زێرینە بۆیان. بە مانەوەی ئەمەریکا ئەم کۆمەڵە نانیان لەڕۆندایە،کەوابوو ئەمەریکا هۆکارن.

٦-گومانی زۆرێك لە بوونی دەستی ئەمەریکا لە زۆرێك لەو تەقینەوانەدا، لەوانەیە بڵێین ئەمەریکا بۆ؟ هەر سەردێڕی ئەم بابەتە وەڵامەکەیەتی، بۆ مانەوەیان، هەرکەسێك دەدوێنم لە بەریتانیا بۆ چی ئەمەریکاو بەریتانیا لە عێراقە، بە بێ بیر کردنەوە دەڵێ(پیترۆڵ) وە بە مانەوەیان زیاتر لێی سودمەند دەبن... کەمیش نین ئەو سەرچاوانەی کە ئاماژە بەم کارانە دەکەن وە هەریەکەو بە جۆرێك. وە تازەترین هەواڵ کە لەو بارەوە ئاگامان لێی بێت لەلایەن ( بی

بی سی )یەو بوو وە درێژەی باسەکەش لە سایتی بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەیە بەکوردی. ئەمەش هۆکارێکی زۆر ناشرینەو ترسناکە چونکە خەڵك ئەو سامانە وەك هی خۆیان سەیر دەکەن،وە کە دەبینن خۆیان بەقەدەر ئەوان سودمەند نەبوو لێی!

٧-پاش ماوەو خۆشەویستانی ڕژێمی لەناوچوو، حکوومەتێك کە تەمەنێك حوکمی کرد بێت هەر ئەوەندەی هەیە، ئەگەری کارەکەی پێ چاك نەکرێ خراپی بکات، هەر لە ڕقدا. لەناوچوونی حیزبیش هەروا ئاسان نیە. زۆر بوون ئەو حیزبانەی کە فاتیحەشیان بۆ درا کەچی سەریان هەڵداوە.ناڵێین ترسمان لە هاتنەوەی هەیە بەڵام بەلانی کەمەوە لە هاوشێوەیان دەترسین.

جا ئەوەی کە باسمان کرد لەسەرەوە هەر لە هەواڵەکانەوە دەتوانرێت دەرکی پێ بکرێت، وە کێشەی عێراقیش زۆر لەوە گەورەترە لەباسێکی ئاوادا هەموو شتێك بوترێت،بەڵام ئاشکرایە زۆربەی کێشەکان بەستراون بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاوە، وەکو ڕوونمان کردەوە لەسەرەوە، وە ناتوانین بڵێین بە دەرچوونی ئەمەریکاش وەکو چەسپی سەریع دەیگرێ و،وولات دەبێت بەماستی مەیو.

ووتەی خانمە بەریتانیەکەتان بە بیر دەهێنمەوەو دەڵێم چەند دایك وەك ئەوی لێهات ؟چەند دایك هەر خۆی نەما؟ چەند منداڵ بوون بە قوربانی؟چەند پیرو لاو کوژران؟ چەند ماڵ و خانوو کران بەنانە قەیسی؟ کۆتایی پێدەهێنین و دەڵێین کوا مافی مرۆڤ؟کوا مافی ئافرەت؟کوا مافی منداڵ؟کوا مافی ژینگەو کوا....کوا...کوا...

# لە کوێن خۆشەویستانی قورئان

ئەوەی کە کرا لەم چەند ڕۆژەی ڕابووردودا لە لایەن سەربازانی ئەمەریکیەوە بەرانبەر قورئانی پیرۆز، کوردی خومان دەڵێ (مشتێکە لە خەروارێك). ئەگەر بمانەوێت بڕۆینە ناویەوە بە وردنی بە ئاسانی لێی دەرناچین. لە مارکێتێکی گەورە ئیشم دەکرد کۆمەڵێك ئینگلیزی لێ بوو یەکێکیان بەناوی (پۆڵ) ئەم کابرا بووە برادەرێکی نزیکم، زۆربەی کاتەکان لەکاتی ئیش و، وە لەکاتی ئیسراحەتدا پێکەوە قسەمان دەکرد، ئەم کابرا ٢٤ ساڵ سەربازی کردبوو، وە مەسولیاتێکی گەورەی هەبوو بوو لەناو هێزەکانی بەریتانیادا. لە لێدانی عێراق ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردبوو، کۆمەڵێك سیدی بۆهێنام باس لە چۆنیەتی و لێدانەکەی ساڵی ١٩٩١ دەکات وە هەتا چەندەها شتی تریش، ئەمەش وای لێکردم قسەکانی بە جدیەوە وەربگرم. زۆر پرسیارم لێدەکرد یەکێك لەو پرسیارانەی لێم کرد ووتم بۆچونت چۆنە دەربارەی سەربازانی ئەمەریکی، دیار بوو زۆر زۆر توڕە بوو لێیان، زۆرشتی لەبارەیانەوە ووت وە لە کۆتایی قسەکانیدا ووتی ( بە سەدیەکی ئەوەی ئەوان دەیکەن ئەگەر ئێمە بیکەین توشی سەدان مەحکەمەو کێشە دەبینەوە ). ئاشکراشە کە سەربازانی بەریتانی چیان کرد!! منیش دەڵێم بە سەدیەکی ئەوەی کە سەربازانی بەریتانی دەیکەن و وە کردیان ئەگەر لە بەریتانیا بیکەن تووشی سەدان مەحکەمەو کێشە دەبنەوە. ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ سەر قسەکەی (پۆڵ) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو کارەی ئەمەریکیەکان کردیان کارێکی زۆر سادەیە بە نسبەت ئەوانەوە...ئەتوانین بڵێین هەر بۆ ئەوە هاتوون. با کۆمەڵێك بەرژەوەندی ئێمەشی تیا بێت وەکو گەلی کورد. پێم وایە ئەو بۆچەنانەش پێچەوانە بووەوە کە ئیتر وا بیر بکەینەوە. یەکێك لەو کارانە کە لە ڕومادی سەربازانی ئەمەریکی دەیانکرد هاوڵاتیانیان

دەكرد بە نیشانە شكێن!! ئەمەش بابڵێین قەیناكە چونكە تاقەتیان نەبوو قوتولە بنێنەوە !!. تا هەموو ئەو شتانەی تر كە دەركەوتن هەر لە سجنەكانی ئەبو غرێبەوە بیگرە تا كۆتایی ...زۆر بە دڵنیایەوە دەڵێم زۆرێك لەو گروپ و تاكە كەسانەی كە لە جنوبدا دروست بووەو كاری تەقاندنەوەو ئەو شتانە ئەنجام دەدەن وە نەبێت پەیوەندی بەئیسلامەوە هەبێت هەر سەرەنجامی زوڵم و زۆری ئەمان دروستی كردوون، وەك تۆڵە سەندنەوە ئەو كارانە دەكەن بۆ نمونە برای كوژراوە ماڵی ڕماوە ...هتد. وە قسەكەی بۆش خۆشی باڵەو لاوە بوەستێت كە ووتی( ئەمە شەڕی سەلیبیەت و ئیسلامە ! ) بەهەرحاڵ من ناڵێم باهەموومان بكەینە دارو كوتەك و كڵاشینكۆفدا بەرانبەر لێزەری ئەمەریكا. هەر ئەوەندە دەڵێم كوا خۆشەویستانی قورئان ...ئایا ئەمە هیچی لە سوكایەتیەكەی كە بەرانبەر پێغەمبەرمان درودی خوای لێ بێت كرا كەمترە، من گومانم لەوەدا نیە ئەگەر پێغەمبەرمان بمایە ئەوەی كە كرا بەرانبەر بە ئەو لێی خۆش دەبوو چونكە ئەوەندە لێبوردە بووە بەرانبەر حەقی شەخسی ، بەڵام گومانم نیە كە لە ئەمە خۆش نەدەبوو. ئایا ئەمە كارێكی وا ئاسانە كە لێی بێدەنگ بین؟ ئەوە نایەنێت هیچ نەبێت موزاهەرەیەكی بۆ بكەین؟ ئەمە گرنگترە یان مووچەكەمان زیاد بكات؟ئەمە گرنگترە یان جادەكانمان چاڵو چۆڵی تیایە؟ ئەمە گرنگترە یان یان... بۆ، بۆ هەموو ئەوانە ناڕەزای خۆمان دەر دەبڕین بەڵام لە ئاستی ئەمەدا بێدەنگبین؟!

# نەیارانی ئیسلام ناوی محمد لە سەر پێڵاو دەنوسن ئێمەش لەسەر دڵمان

نەیارانی ئیسلام ناوی پێغەمبەرمان محمد درودی خوای لێ بێت لەسەر پێڵاو و ژێری پێڵاو و ئەملاو لای پێڵاوەوە دەنوسن ئێمەش لەسەر دڵمان دەینوسین و نەخشی دەکەین. بێگومان تا دژایەتی ئەم پەیامە پاکە بکرێت بەهێز تر دەبێت واقعیش شایەتحاڵی ئەم ڕاستیەیە. جگە لەوەی کە دژایەتیکەران وێنەیەکی خراپ و ناشرینی خۆیان نیشانی خەڵکی دەدەن.

چ حیکمەتێك لەو کارەدا هەیە؟ چ لە کەسایەتی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت کەم دەکاتەوە؟ کەسایەتیەکی وەك پێغەمبەر زۆرجار نا مسوڵمانەکان ئەوانەی کە لە کەسایەتی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت تێگەشتوون و وە دەمارگیر نێن لە مسوڵمانەکان باشتر پیایدا هەڵدێن، کەسایەتی پێغەمبەر تەنها بەسە بۆ وەسفی ئەو خوشەویستەمان ( وانك لعلى خلق عظيم ) ئیتر هەرچشتێك بکرێت بەرانبەر بەو کەسایەتیە نازدارە هەمووی بی بەهاو ڕقو قینی ناخێکی چەپەڵ نەبێت هیچی تر ناسەلمێنێت. بەڵام لێرەدا وە ئەوەی لەم جۆرە دژایەتیانەدا دەردەکەوێت خراپی پێغەمبەر ناسەلمێنێ بەڵکو بە پێچەوانەوەیە خراپی دژایەتی، دژایەتی کەران دەسەلمێنێ. هەروەها بێ ڕێزیشیان دەسەلمێنێ بەرانبەر مافی مرۆڤ کە بەم کارەیان دڵی مەلایین کەسی پێ ئەزیەت دەدەن. ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك بکرێت ئامانجەکەی ناسەلمێنێ، چونکە ئەگەر بیانەوێت کەسایەتی پێغەمبەر ناشرین بکەن بێگومان سەریان دای لەبەردو ناتوانن ئەوە بکەن کەسێك خوای گەورە وەسفی بکات، کارگەیەك چی یە ڕەدی بداتەوە. ئەگەر بۆ دژایەتی ئیسلام بیکەن ئەم کارانە دەبنە هۆی ئەوەی خەڵکی زیاتر لە ئیسلام تێ بگەن و بۆی بێن وەك

ئاشکرایەو بەچاوی زۆر واقعیەوە دەبینین وە لە زمانی خۆیانەوە گوێمان لێ دەبێت. ئەگەر بۆ ڕەواج دان بۆ کارەکەیان بێت بێگومان ئەویش هەر سەرکەوتوو نی یە بینیمان و چۆن کارگە دانیمارکیەکان هاواریان لێ هەڵسا. بەڵکو تەنها یەك شت دەردەخەن ئەم جۆرە دژایەتیە ئەویش ناخێکی پیس و ناحەز بەرانبەر ئیسلام وە لەهەمان کاتدا هیچیشیان پێ ناکرێت بەرانبەری و ناتوانن ڕێگری بن لە گەشتنی بەناخی مرۆڤەکان دێن بەو جۆرە وەك سوکنای دانێك بەدڵی خۆیان ئەم کارە دەکەن وە لە کۆتایدا غەمەکە زیاتر دەبێت لەسەر دڵیان نەك هەر سوکناییان بۆ نەهات.

لە کۆتایدا حەز دەکەم ئەوەش بڵێم لە نوسینی ئەم بابەتەمدا بووم خێزانم نامەیەکی بۆ هێنام ووتی ئەم نامەت بۆ هاتووە بە پۆستدا کە کردمەوە بینیم کتێبێکە لەسەر کەسایەتی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت بەناوی ( لە دیداری موحەمەددا ) کە نازانم کێ ناردوویەتی هیچ ناونیشانی نێرەری لەسەر نی یە. کە بەڕاستی ئەم کارە دڵسۆزی کەسانیك نیشان دەدات کە هەیانە بەرانبەر ئەو زاتە پاکە.. کێ ئامادەیە کارێکی وا بکات بەبی بەرانبەرو ئاگای ئەوەی کە بۆی دەنێری؟ جگە لە ئەزیەت و پارەیەکی زۆریشی دەوێت. وە ئەم کارە ڕاستێتی ئەوانەی باسمان کرد دەسەلمێنێ.

# مەلا موسلیم:
# لەهەولێرەوە داوا دەکەم لەمامۆستایانی ئاینی و موسڵمانان بە تێکڕاو بێ جیاوازی: بێ دەنگ نەبن لە هەر بێڕێزی و بێ ئەدەبیەك کە دەکرێت بەرامبەر بە پیرۆزیەکانی دینمان و ڕۆژانە دێتە پێشێ



سازدانی دیمانە: قیبلە

زیادە ڕۆی نی یە گەر لە گشت بوارەکانی ژیاندا مامۆستایانی ئاینی بە پێشەنگ و خەمخۆرو نموونەی جوانی ناو گۆمەڵگە بهێنین، گەر کەسێکیش نا هاوڕابێت لەگەڵماندا با بڕوات مێژووی پڕ سەروەری ئیسلامی بخوێنێتەوەو بە ویژدانەوە سەیری کارو جێ دەستی مامۆستایانی ئاینی بکات و ویژدانی خۆی بکات بە دادوەر، گەرچی هەندێك کەسیش پیشەی مەلایەتی پێدراوە وەیان ناوی مەلای پێوە لکێنراوە وەك دەستێك بۆ لەکەدار کردنی مامۆستاو زانا ڕاستیەکانی ئیسلامدا، بەڵام ئەو دەستانەش گەرچی لە ڕواڵەتدا میکیاژێکی سیاسی کرابێت، بەڵام دەستی دینداری هەر زوو بۆ کێشراوەو زانراوە کەسێکی بۆیاخ کراوە، مامۆستایانی کوردستان هەر لە سەردەمی ڕژێمی لەناو چووی بەعسەوە نموونەی جوانی خۆیان نیشانداو جگە لە بۆیاخ کراوەکان نەبێت هیچ مەلایەکی

ڕاستەقینە بەشان و باڵی ئەو ڕژێمە لەناو چووەدا هەڵی نەداوە، تەنانەت زۆرێکی تفەنگیان لە شانیان کردوو خەباتی شاخیان هەڵبژارد بەرانبەر ئەو دەستەڵاتە، وەك ئەرکێکی ئاینی و نیشتمانی کە دوو شتی پێکەوە گرێ دراون، مامۆستایانی ئاینی بەژداری خەباتی شاخ و شارن، لەو ئاسایشەی کە ئێستە لە کوردستاندا هەیە کەس بۆی نی یە ڕقی خۆیانیان پێ بفرۆشێت و کارەکانیان سنووردارووو لەکەدار بکات، ئەو کەسەشی کە ئەو جۆرە کارانە دەکەن یان دەیانەوێت بیکەن بە بڕوای ئێمە ئەوانیش هەر میکیاژ بۆ کراون و هیچ کەسێکی خەمخۆر بە دین و ژینی کوردی ڕووبەڕوویان نابێتەوە، لەسەر سنووردار کردنی وتاری هەینی و ناو زڕاندی مامۆستایانی ئاینی لە ژێر چەندەها ناوی جۆراو جۆردا پێمان باش بوو ڕووی کۆمەڵە پرسیارێکمان ئاراستە بکەینە بەڕێز مامۆستا مەلا موسلیم مەلا ساڵح فریزی، ئیمام و خەتیبی( مزگەوتی مەلاصالح لە شارۆچکەی کەسنەزان) یەکێك لە مزگەوتەکانی نزیك شاری هەولێرو کەسایەتی دیاری ناو ڕاگەیاندنی کوردی، سەرەتا ڕوومان تێکردوو بەم شێوەیە دەستمان پێکرد.

**قیبلە:** کەسانێك مامۆستایانی ئاینی بە تێکدەرو گرفتیان دەزانن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی، وەڵامی بەڕیزتان بۆیان چی یە؟ ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

+ سەرەتا بەناوی خوای میهرەبان، زۆر سوپاسی بەرێزتان دەکەم کە منتان بەسەرکردەوە، لەپاشان ئەوجۆرە کەسانەی ئەم قسانە دەکەن لەناخێکی ناحەزی ئەمە دەرەبڕن ((قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاو مِنْ أَفْوَاهِهِمْ)).. بەڵام دەشبێ ئەو ڕاستیەش دەرك پێ بکەین و بیزانین: ((وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ)) ال عمران:١١٨، بەڵام دیسانەوەو بەردەوام مامۆستایانی ئاینی فەزڵیان بەسەر حکومەت و خەڵك (لەناویشیاندا ئەو جۆرە کەسانەش) هەبووەو هەیە..کە هێمن و لەسەرەخۆ مامەڵە لەگەڵ وەزعی ناسکی کوردستان دەکەن، دەنا

گەر ئەوجۆرە کەسانە چەند کەسێکیان بەدەستەوە بێت لە دژی مامۆستایانی ئاینی بڕژێنە سەر شەقام..ئەوە مامۆستایانی ئاینی دەتوانن بەهەزاران خەڵکی بەکاتێکی کەم کۆبکەنەوە، ئەگەر چەند سەد واژۆیەك دژی مزگەوت و مامۆستایانی ئاینی کۆبکەنەوە .. ئەوا بۆ پشتگیری لە مامۆستایانی ئاینی بە ملیۆن واژوو کۆدەکرێتەوە (وهکذا..)، رۆڵی مامۆستایانی ئاینی لەناو کۆمەڵگە وەك سەر وایە ئەگەر سەر نەبێت کۆمەڵگەش ناژیێت.!

**قیبلە:** خستنە ڕووی پرۆژەی بەرتەسك کردنەوەی کارو چالاکیەکانی مامۆستایانی ئاینی و نەهێشتنی ووتاردان لە مزگەوتەکاندا جگە لە چەند مزگەوتێك وەك لە هەر شارەو باس لە یەك مزگەوت کرا، تا چەند لە ڕووی شەرعیەوە ڕێگە پێدراو گونجاوە لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان نشیندا، کە بەلانی کەمەوە لە سەدا ٩٥٪ی مسوڵمانە؟

+ جوانیان هێناوەتەوە کە دەگوترێت: ئەوجۆرە خەڵکە با خەمی نادی و بارەکانیان لەبەربێت و مەراسیمی عیبادەتیش لێ گەڕێن بۆ (ئەهلی مزگەوت) بۆ نوێژخوێنان و مامۆستایانی ئاینی، من زۆرم پێ سەیرە ئەو جۆرە کەسانە کە (لەناویاندا: شێوەکارو سەماکارو...هتد.) تێیاندایە.. کە لە ڕاستیدا هەندێکیان هەر ڕووی قیبلەش پێ نازانن! ئینجا چۆن ڕێگە بەخۆیان دەدەن لەم شتە حەساسانە بدوێن و ئازادی خەڵکی بەرتەسك بکەن، لەکاتێکیش کە ئەوان داوای ئازادی دەکەن و کەچی لە لێدوانەکانیشیان دەڵێن: نابێ مامۆستایانی ئاینی لە هونەرو رۆشنبیری و...هتد. بدوێن! لەکاتێکیشدا ئەوان ئەومافە بەخۆیان دەدەن کە لە وتاری هەینی و نوێژو مەراسیمەکانی دینی مامۆستاو موسڵمانان بدوێن؟! من وای بۆ دەچم کە ئەوەی ڕوویدا تەنها زیرەیەك بوو لەداخی مامۆستایانی ئاینی(پارێزەرانی حەق و ڕاستی و ئەخلاقی میللەت) لێ یان بەرز بۆوەو دەنا هیچی تر...

سەبارەت ڕووی شەرعیەکەی؟ خۆی لەرووی شەرعیەوە مەرجی دروستبوونی وتاری هەینی چوارن، یەك لەو چوارانە: ئەوکەسەی کە وتار دەخوێنێتەوە دەبێ (خودی خۆی) لەناو خەڵکەکە ئامادە بێت.

**قیبلە:** هەندێك بەناو نووسەرو شاعیر هێرش و تەشهیر بە ئیسلام و مامۆستایانی ئاینی بە ئاشکراو لە بڵاوکردنەوەکاندا بڵاو دەکەنەوە، دواتریش هێرش دەکەنە سەر مەلاکان کە تەشهیریان بەوان کردووە، خوێندنەوەی بەڕێزتان بۆ ئەو مەسەلە چی یە؟

+ خۆزگە ئەم تەشهیرو بێ ئەدەبیانە تەنها بوەستابا لەسەر مامۆستایانی ئاینی.. ئەوکاتە زۆر بەلامان ئاسایی دەبوو..بەڵام هەندێك لەو جۆرە خەڵکە بێ ئەدەبیەکانیان (لە وتاری نوسراوو گوتراو) گەیشتۆتە لوتکە! بێ ئەدەبی بەرامبەر بە قورئان و بە ئیسلام و بە پێغەمبەر(صلی الله علیەوسلم)و تا ئەو ئەندازەی بەرامبەر بە(خوا)ی پەروەردگار (پەنامان بەخوا)! کە بەڕاستی ئەمە جێ ی قەبووڵ نییە! نە مامۆستایانی ئاینی و نەموسڵمانان ئەمە قەبوڵ ناکەن! دەبێ دەسەڵات هەرچی زووە سنورێك بۆ ئەوە دانێ! دەنا گەر وابڕوات: مامۆستایانی ئاینی و خەڵکی بەشەڕەفی کوردستان دێنە وەڵام! وە ئەوەی جەماوەریشی ڕاگرتووە تاوەکو ئێستاش لەگەڵدابێ ئەوە تەنها چینی مامۆستایانی ئاینی بەرێزن کە دەیانەوێت ئاسایشی کوردستان نەشێوێ و لەڕێگەی یاساوە ئەم گرفتە(گەورەیە) چارەسەر کەن (کەچی لەبری پێزانینو دەستخۆشی بەم جۆرە لەسەریان دەخوێنن)!، بەڵام (گەر لەڕووی یاساوە هەرچی زووە چارەسەر نەکرێتو سنورێك بۆ هەموو ئەو بێ ئەدەبی کارانە دانەنرێت ئەوا) وەکو کوردەواری خۆمان گوتەنی: (هەرکاتێك جام پڕبوو لێ ی دەڕژێت..!)

**قیبلە:** شێواندنی کەسایەتی مامۆستایانی ئاینی لەلایەن ڕاگەیاندن و هەندێك جار دەستەڵاتەوە تاچەند کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات

**که ماموستایانی ئاینی به پیشەنگ دەزانن؟**

**+زۆر جار وارێك دەكەوێت جادوو بەسەر خودی جادووكەرەكەدا دەشكێتەوە! خوای تعالی دەفەرموێ: ((وَعَسَى أن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أن تُحِبُّواْ شَيْئاً وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لا تَعْلَمُونَ)) البقره:٢١٦، تەبیعەتی مرۆڤ وایە كە بەردەوام مەدحی پێ خۆشە..بەڵام زۆر جار وایە زەمبو دژایەتی بەرامبەر بۆی ئەوا بەخێر بۆی تەواو دەبێت، من وای بۆ دەچم كە (هەموو ئەوانە لە صاڵحی ماموستایانی ئاینی و موسڵمانان تەواو دەبێت) ئەوانە جەماوەری ماموستایانی ئاینی و وتارەكانی هەینی یان بەم جۆرو شێوازانە زیاتر كردوەو زیاتریشی دەكەن، هەروەك كاتی كە ناوی ئیسلامەتیان زڕاند لە وڵاتان! لەهەندێك وڵات خەڵكێك هاتە ناو ئیسلامەتی كە لەپێشدا هیچ زانستێكی دەربارەی ئیسلام پێ نەگەیشتبوو..خۆیان هەڵسان و لێكۆڵینەوەیان لەسەركردو بوە مایەی هیدایەت بۆیان، هەروەكو كاتێ كە كاری كاتێرو بێ ئەدەبی كرا بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیەوسلم)! ئۆمەتی ئیسلام زۆر پێ ی تێكچوو تورەبون! بەڵام وەك بینیمانو بیستمان سەرەنجام بەخێر بۆ ئیسلام و موسڵمانان تەواو بوو، خەڵكی هەڵسان بەخۆ شارەزاكردن لە ژیانی پێغەمبەر(صلی الله علیەوسلم) ئەم واقیعەش بووە هۆكاری هیدایەتی زۆر كەس ((يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجاً)) (سبحان الله)، هەروەك كاتێ كە قەشەیەكی توندڕەو لەساڵی ٢٠١٠ هەڕەشەی سوتاندنی قورئانی كرد! موسڵمانانی جیهان (دووبارە) زۆر پێ ی تێك چوون (كە ئەوە نیشانەی باوەڕە دەبێ وابێ)! بەڵام (شوكر بۆ خودا) زۆر بەباشە بۆ موسڵمانان و قورئانی پیرۆز تەواوبوو، كە خەڵكی غەیرە دین هەستان بە دیراسەكردنی و (تاوەكو بزانن ئەو كتابە چیە كە ئەو قەشەو هاوشێوەكانی لێ ی تۆقینە)؟ سەیریان كرد نورێكەو ڕاستیەكان لەناو ئەوەوە سەرچاوە دەگرێتو كتابێكی پیرۆزە دڵەكان ئاسوودە دەكاتو ((لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ**

خَلْفه، تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَميد)) فصلت ٢
بەم هۆیەوە بەهەزاران خەڵکی بەرچاو ڕوونیان بۆ ڕوون بویەوەو نوری قورئان سینگو دڵیانی ڕووناکو فەراح کردو شوێنی کەوتنو بوونە موسڵمان..
ئیتر بەم شێوازە ((وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللّهُ وَاللّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ)) ألانفال: ٣٠، واتە: کافرانو بێ باوەڕان پیلان دەگێڕن خوای گەورەش پیلانیان هەڵەوەشێنێتەوەو (بەسەر خۆیان دا دەیشکێنێتەوە-خوای گەورە شارەزای پیلانی بێ باوەڕانەو لەهەموو کەس زاناترە،
هەربۆیە سەیر دەکەی هەرچی ناحەزانی دینو مەلاو موسڵمانان دەیکەن لەهەر نووسراوو گوفتارو ڕەفتارێك ئەوە سەرەنجام بەخراپە بەسەر خۆیان دادەشکێتەوەو بەباشەش بۆ موسڵمانان تەواو دەبێت.
**قیبلە:** بەدران ئەحمەد حەبیب بەکەسێکی دژ بە ئیسلام و مسوڵمانان وەڵامێکی زۆر دراوە لەلایەن نووسەرە ئیسلامیەکانەوەو بە کەسێك دژ بە ئیسلام ناویان هێنا، ئێستەش داوایەکی یاسایی لەدژ مەلا مەسعود کانی کوردەیی تۆمار کردووە بە تۆمەتی دزینی کتێبێك پێش بڵاو کردنەوەی، شی کردنەوەی بەڕێزتان لەسەر ئەو پێکدادانە چی یە؟
+ پێشینان جوانیان هێناوەتەوە کە دەڵێن: (هەتاوەکو خاوەن ماڵ دزی گرت دز خاوەن ماڵی گرت!)، من ئەو بەرێزناوەی هەر لەدوورەوە دەناسم، بەڵام لەکەسێکی نزیکی خۆیان باس کراوە بۆم کە دایکو باوکێکی موسڵمانی خواناسی هەبووە.. بەڵام گوتراوە لەوەلیان فاسق دەبێت..! من بەو قسە هەڵبەستراوو ناشیرینە زۆر پێ تێکچووم کاتێك کە ٢٠١١/١/١١ لەرۆژنامەی ئاوێنەو ئاسۆ باس لەمە کرابوو کەوتە پێش چاوم! بەڵام ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردم: ئەوەبوو کە هەمان دەستەواژەی نامۆو ناشیرینو بوختانو تەشهیر بەمامۆستا مەلا مەسعود کانی کوردەیی لە سایتی فەرمی وەزارەتی ئەوقاف لە ناو بابەتە

هەواڵێك هێنایانەوە (بە زیادەوەش- کە نوسیبویان: سەبارەت بەکێشەیەکی لەگەڵ بەرپرسی دەزگای ئاراس کە لەدادگا شکاتی لێکردوە لەسەر دزینی کتێبێك)! کە دەبوو سایتی ناوبراو (کە وەزارەتەکە هەر خۆی دامەزراوە بەناو بۆ خزمەتی مەلاو مزگەوت) دەبوایە دیفاعیان لە مامۆستا کردبا نەك بوختان بۆ هەڵبەستانو تەشهیرو ناوزڕاندن بەهەمان شێوازی ناحەزانی مەلاو مزگەوتو موسڵمانان بەڵام بەداخەوە..!

کوردەواری خۆشمان گوتەنی: (پەتی درۆ کورتە)، هەر زۆر خێرا حەقیقەت بۆ هەموولا ئاشکرابوو، هەربۆیە کتێبەکە بەفەرمانی سەرۆکی هەرێم هەرهەمووی سەحب کرایەوە لەبازاڕو کتێبخانەکان..(کەواتە: ئەم کتێبە پێشتر لەبازاڕ هەبووە! بۆیە فەرمانێکی لەم شێوازەی لەسەری دراوە)، کە هەر ئەوەندەش بەس نیە، بەڵکو پێویستە: ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ نووسەرو بەدرانو هاوکارانیان بکرێت لەسەر ئەو هەموو کوفریو بێ ئەدەبیو بێ ڕێزیانەی بەرامبەر بە پیرۆزیەکانی ئیسلام و موسڵمانانیان کە کردووەو دەیکەن..!

**قیبلە:** فشارێکی زۆر لەسەر وەزارەتی ئەوقاف لەم ماوەیەدا دروست بوو لەسەر ووشەی جێندەرو ووتاری هەینی مامۆستایان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو فشارانە هۆکاری نەرێنی لێکەوتنەوەی ناو کۆمەڵگەیە یان دەستی سیاسی لە پشتە؟

+ من دەڵێم: هەرکەس لەپشت ئەم لابردنەی ئەم دەستەواژەوە بوو(گەر بە وتار یانیش بەنوسراو.. گەر بە نوکە قەلەمێکیش بوبێت) لە خوارەوە تا سەرەوە.. (خوا) پاداشتیان بداتەوە،

زمانی کوردی هێندە هەژار نیە تاوەکو دەستەواژەی بیانی بێننو جەنجاڵیەك دروست کەن وەکو بەرپایان کرد! هەڵوێستی وەزارەتی ئەوقافو بەتایبەتی خودی وەزیر زۆر باش بوو لەسەر ئەم مەسەلەیەو بەتەواوەتی لەگەڵ نەمانی

دابوو، بەڵام بەداخەوە لەناو وەزارەتو لەژێر سلکی بەرێوەبەری ڕاگەیاندنو وتەبێژی ئەوقاف زۆر بێ نەزاکەتانە چووە سەنگەری ئەوانەی کە داوای چەسپاندنی جەندەریان دەکرد! هەروەك دوای نەمانی لە وتەبێژی و لەژێر ناوی بەرێوەبەری ڕاگەیاندنی ئەوقاف لەسایتی خەندان مەوقیفی خۆی دەربڕی لەسەر واژووەکانی ئەودووایییەی دژی مزگەوتو وتاری هەینی و گوتی: (من ١٠٠٪ لەگەڵ ئەو پڕۆژەیەدام)! کە ئومێدەوارم چۆن لە وتەبێژی لادرا بەهەمان شێوەش لە بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی ئەوقاف لابدرێتو کەسێکی شیاو بۆ ئەم پۆستە دابنرێت ئەوکاتە من دڵنیام کە هیچ ناکۆکیەك لە نێوان مامۆستایانی ئاینی و وەزارەتی ئەوقاف ڕوو نادات،

هۆکاری نەرێنیو ناوێکی نامۆو هەستی میللەتو هەڵوێستی مامۆستایانی ئاینی و موتمانە بە سەرۆکی هەرێم هەموو ئەوانە هۆکاری سەرەکی لابردنی ئەو دەستەواژەیە بوون.

**قیبلە:** جۆرێك لە جۆرەکان کێشە لەناو وەزارەتی ئەوقافدا بەدەر دەکەوێت وەك لە دانانی ووتەبێژێکی تازە بۆ وەزارەتەکەو ڕەد دانەوەی لەلایەن ووتەبێژی پێشووەوە بەناوی بێ ئاگای و کردنی کارەکانی لەماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا بە جوانی، ئایا فعلەن کێشە لەناو وەزارەتی ئەوقافدا هەیە وەیان تەنها ووروژاندنە لە ڕاگەیاندنەکانەوە؟

+ هەرچەندە کارەکە ئیداریەو لەلایەن بەرێز وەزیری ئەوقافەوە ئەم فەرمانە لە ٢٠١١/١/٥ بەفەرمی دەرچوو، لەگەڵ ئەوەی ئەگەری هۆکاری لابردنەکەی زۆرن بەڵام دەتوانم بڵێم: مامۆستایانی ئاینی هۆکارێك بوون لە هۆکارەکانی لێسەندنەوەی وتەبێژی ئەوقاف لە بەرێز مەریوان.. وە من وای بۆ دەچم گەر لە هەڵوێستەکانی پاشگەز نەبێتەوە ئەوە مامۆستایانی ئاینی هەڵوێست وەربگرنو یاداشتنامەیەك بەرزکەنەوە لەدژی کاك مەریوان کە موتمانەی بەرێوەبەری

راگەیاندنی ئەوقافیشی لێ بستێننەوە! یانیش ئەوەتە دەبێت خۆی چاك كاتو هەڵوێستەكانی بەتەواوەتی بگۆڕێتو بێتەوە سەنگەری مەلاو مزگەوت.. نەك لەسەنگەری دژ بێتو ئاگر خۆشبكات!

من بەش بە حاڵی خۆم سەبارەت بەگۆڕینەكەی دەڵێم: ئەمە كارێكی ئیداریەو وەكو مەلایەك دەستخۆشی لە جەنابی وەزیری ئەوقاف دەكەم لەسەر ئەم مەوقیفە جوانەی..

سەبارەت بەكێشەی ناو وەزارەت..هەموو دامو دەزگایەك بایی خۆی كێشەو گرفتی هەیە..من لەدەرەوەی وەزارەتم بۆیە بۆ ئەمە پێویستە كەسێكی شارەزا لەبواری راگەیاندن لەناو وەزارەتی ئەوقاف بدوێننو سوود لە زانیاریەكانی وەربگرن.

سەبارەت بەوەی كە زۆر دەیڵێو دووبارەی دەكاتەوە لەماوەی ١٢ ساڵی رابردوو.. هتد. ئەم قسە مەدح كردنو بەسەر خۆدا هەڵگوتنە.. دەبێ لێ بگەڕێ ی خەڵكی كاروكردارو گوفتارت هەڵبسەنگێنی نەك خۆت! بێ گومان شتی باشی هەبووەو خراپیش، ئێمە لەباشە دەستخۆشی دەكەینو لەخراپەكەش تا سەر ئێسقان چاو پۆشیو ئارامگری دەكەین.. مامۆستایانی ئاینی شەرمیان بەخۆیە بچن قسەچنی بكەن! دەنا ئەم بەڕێزە لەمێژ بوو گۆڕینو لابردنی هاتبوو.

**قیبلە:** چۆن لە ئەدای كاری وەزارەتی ئەوقاف دەڕوانن كە بەدەست بزووتنەوەی ئیسلامیەوەیە بە بەراورد لەگەڵ خولەكانی پێشوودا؟ ئایا فشار لەسەر بەڕیز وەزیری ئەوقاف هەیە وەك تەنگژە دروست كردن بۆی وەك ئەوەی سەر بە دوو حیزبی دەستەڵات نی یە؟

+ سەرەتا كە لە مێژووی وەزارەتی ئەوقاف كەسێكی ئیسلامی داندرا مامۆستایانی ئاینی ئۆخەیان كردو زۆر دڵیان پێ خۆش بوو.. بەڵام دوواتر كە بۆمان روون بویەوە هیچێكی وای بەدەست نیە ئەوەبوو وەكو جاران نەبووینو موتمانەكەمان

لەدەستدا، من بەش بەحاڵی خۆم زیاتر لە چەند جارێك بانگی ئەوقاف کراوم و لێکۆڵینەوە لەگەڵم کراوە لەسەر بابەتەکانم، کاتی خۆی کە وەزیر عەلمانی بوو تەنانەت یەك جاریش بانگی ئەوقاف نەکراوم، کەچی لەسایەی ئەم وەزیرە بەرێزە چەندین جار بانگ کراوم! بۆیە من لەلایەك دڵم پێ ی خۆشە کەوەزیر کەسێکی ئیسلامیەو کورە مەلاو خۆی دەرچووی حوجرەیەو لەلایەکی تریش خۆزگە بە کەسانی تر دەخوازم چونکە (کردارو گوفتارو فەرمانەکانی) لەسەر ئیسلام و موسڵمانان هەژمار ناکرێت! هەرچۆنێك بێت تاقی کردنەوەیەکی دژوارەو هیوای سەرکەوتن بۆ بەرێز وەزیری ئەوقاف دەخوازم.

قیبلە: ئەگەر شتێکی زیادتان هەبێت لەسەر ئەم تەوەرە؟

+ دوا پەیامم رادەگەیەنم و دەڵێم: (ألحمدلله) سوپاسی (خوا)ی گەورە دەکەم کە بە موسڵمانێتی خەڵقی کردووینەو ئێمەی گێراوە بە ئۆمەتی پێغەمبەر(صلی الله علیەوسلم)، هەروەها سوپاسی ئێوەی بەرێز دەکەم بۆ ئەم دیمانەیەو دوعای خێرتان بۆ دەکەم، هەموولایەکیش دڵنیا دەکەمەوە کە ئەو دینە پیرۆزەو پێغەمبەر صلی الله علیەوسلم و مزگەوت و مامۆستایانی ئاینی خوای گەورەیان هەیەو لەسەریان بەجەوابە.. بەڵام مەوقیفی لە موسڵمانان دەوێ، لە هەرلێرەوە داوا دەکەم لەمامۆستایانی ئاینی و موسڵمانان بە تێکڕاو بێ جیاوازی: بێ دەنگ نەبن لە هەر بێرێزی و بێ ئەدەبیەك کە دەکرێت بەرامبەر بە پیرۆزیەکانی دینمان و رۆژانە دێتە پێشێ، هەرکەسەو لەڕاستەخۆی هەر چۆنێك بۆی گونجاوە مەوقیف بنوێنێت بۆ قەبرو قیامەتی خۆی (لەدەرکردن و نوسین و دەعم کردنی رۆژنامەو گۆڤارو سایتو نامیلکەو کتێب...هتد. هەرشتێك کە خزمەت بە ئیسلام و موسڵمانان بکات زیاترو زیاتری کەن)، خوای گەورە بەڵێنی داوە هەرکەسێك دینی خوا (بە جۆرێك لە جۆرەکان) سەربێخی ئەوا خوا سەری دێخی و(لە ژیانی هەردوو دونیا) سەربەرزی دەکات هەروەك دەفەرموێ: ((وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ

مَنْ يَنْصُرُه،ان الله لقوي عزيز)) الحج ٤٠
هەروەها دەفەرموێ: (( وليعلم الله من ينصروه ورسله بالغيب، ان الله قوي عزيز)) الحديد ٢٥
دووباره سوپاس بۆ دیمانەکەتان و (و اخر دعوانا أن الحمدلله رب العامين)
والسلام عليكم ورحمەالله وبركاته
**قيبله:** زۆر سوپاس بۆ ئێوەش مامۆستا گیان، خوای گەورە یارو یاوەرو یارمەتی دەرتان بێت بۆ ووتی حەق و خزمەت کردنی دین و ژینی کوردی، خوای گەورە پاداشتی بەخێرتان بداتەوە بۆ ئەوە دەرفەتەی پێتان داین.

## پرۆفایڵ

کورتەیەك لە ژیانی مامۆستاو نووسەر
ناوی تەواوی: مسلم صالح حسن فريزی
لە ساڵی: (١٩٧٩) لە گەڕەکی سێتاقانی هەولێر لە دایك بووە
تا دووی ناوەندی لە قوتابخانە بووەو پاشان لەسەر پێشناری باوکی بەڕێزیان کە خۆی مەلا بووە نێراوە بۆ خوێندنی ئاینی
درێژەی بە خوێندن داوە لە (المدرسه الدينيه فی محافضه أربيل) لە ١٩٩٣م تا ٢٠٠٢م
دەرچووی (المعهد الائمه والخطباء فی أربيل)ە، پەیمانگای پێشنوێژو وتارخوێنان لە هەولێر
لە ساڵی ٢٠٠٣وە بە فەرمی لەسەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ئەو کات و ئاینیەکەی ئێستە بەردەوامە لەسەر کاری مەلایەتی
لە ساڵی ١٩٩٨م ژیانی هاوسەری پێکهێناوە
*بانگەوازی ئیسلامی و ئەرك و کاری مەلایەتی لە چەند شوێنێکی کوردستاندا

ڕاپەڕاندووە
سەرەتای کاری مەلایەتی لە کەسنەزان بووە کە وەك پێشنوویژی و ووتاردان و لە ژێر چاودێری باوکی ڕەحمەتیانداو وە وەك یارمەتی دەرێکیشی لە کاتی نەخۆشیدا
لەسەر داواکاری خەڵکی لە چەندەها جێگەی جیاواز بە ئەرکی مەلایەتی هەستاوە پاشان بۆ کەسنەزان گەڕاوەتەوە
بەهۆی وەفاتی باوکیانەوە خوای گەورە لێی خۆش ببێت لە ٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە کەسنەزان بە یەك جارەکی جێگەکەی باوکی کە ٢٢ساڵ لە خزمەت خەڵکی کەسنەزاندا بووە، هەر ئەوەش بووەتە مایەی ئەوەی مزگەوتە بەناویەوە ناو بنرێت و خەڵکەکەش خۆشیان بە نەوەی هەمان مامۆستا بێت کە درێغی نەکردووە لە خزمەت کردن
ئێستە بەردەوامە لەسەر کاری مەلایەتی لە مزگەوتی حاجی مەلا صاڵح لە ناحیەی کەسنەزان
یەکێکە لە مامۆستا دیارەکانی کوردستان و کە جگە لە پیشەی مەلایەتی، وەك گەنجێکی خوێن گەرم و ئاگادار لە واقع و ژیانی خەڵکی بەردەوام لە ڕێگەی پێنووسەکەیەوە خزمەتی زیاتری کردووە
ئێمە دوعای بەخێرو دەستخۆشیمان بۆی هەیە.

## له مه‌لا عومه‌ره‌وه بۆ مه‌لا عومه‌ر

له مه‌لا عومه‌ری به‌ریتانیاوه بۆ مه‌لا عومه‌ری چنگیانی وه‌یان سه‌له‌فی له کوردستان، زۆرجار باس له مه‌لا عومه‌ری چنگیانی وه‌یان سه‌له‌فی ده‌کرا وه هه‌ندێك جاریش له‌سه‌ری ده‌نوسرا منیش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی نه دوور نه نزیك نه‌مده‌ناسی هه‌ر بێ ده‌نگ ده‌بووم و گوێم ده‌گرت وه هه‌ندێك جار هه‌وڵی کپ کردن و گۆڕینی باسه‌که‌م ده‌دا به قسه‌یه‌کی خێرو به ساده‌یی بۆ ئه‌وه‌ی زۆر باسی لێوه نه‌کرێت، تا ئه‌و کاته‌ی مه‌لا عومه‌ر له که‌ناڵی زاگرۆزه‌وه ده‌رکه‌وت، هه‌رچه‌ند من خۆم زۆر به که‌می سه‌یری ته‌له‌فزیۆن ده‌که‌م و وه له نێوه‌ندیشیاندا زۆر زۆر به ده‌گمه‌ن زاگرۆز ده‌که‌مه‌وه وه هۆی بوونی زاگرۆزیش له ڕیزبه‌ندی سه‌ته‌لایته‌که‌مدا هه‌ر هۆی کوردیه‌که‌یه‌تی و کوردی خۆشمان ده‌ڵێت له هیچ باشتره به‌ڵام وا خه‌ریکه هیچ له‌و باشتر ده‌بێت، هه‌ندێك جار سه‌ردانی هه‌ندێك له که‌ناڵه‌کانم ده‌کرد به خێرای وه چه‌ند جارێك مه‌لا عومه‌رم به‌رچاو ده‌که‌وت وه چه‌ند جارێکیش له‌میوانی و ماڵانی تر ئیتر منیش پێم خۆشه وه‌ك مه‌لایه‌ك گوێم له مه‌لا بێت، به‌ڵام وێڕای ده‌ستخۆشم بۆ مه‌لا عومه‌ر له شته باشه‌کانی ئه‌وه‌ی بوو به مایه‌ی سه‌رنجی من له تێکڕای ئه‌و ووتارانه‌ی که گوێم لێ ده‌گرتن به شێوه‌یه‌کی جوان شی ده‌کردنه‌وه گه‌ر بێت و هه‌ر له‌سه‌ر هه‌مان ته‌وه‌ره‌ی ووتارو ناو نیشانی ووتاره‌که بڕوایه زۆر سه‌رکه‌وتوو ده‌بوو، به‌ڵام زۆر به‌داخه‌وه له هه‌موو ووتارێکدا وه‌ك وا بێت پێیان ووتبێت بایده‌داوه به‌لایه‌کداو له ته‌وه‌ره‌ی بابه‌ته‌که ده‌رده‌چوو به هێنانه‌وه‌ی چه‌ند نمونه‌یه‌ك که جگه له ڕق و قین چاندن له نێو کورده‌کاندا هیچی تری لێ نافامرێت، له کاتێکدا ئیسلام ئاینی ته‌واو لێ بووردن و یه‌کسانی و جیاوازی نه‌کردنه له نێو هه‌موو چین و توێژه‌کاندا ته‌نها شتێك که پێوه‌ر بێت له ئیسلامدا بۆ جیاوازی له نێو به‌نده‌کانی خوادا له خوا

ترسانه ئەو جیاوازیەش بە نسبەت خوای گەورەوەیە کە ئەو کەسانەی زیاتر خۆش دەوێت کە زیاتر لێی بترسن و بەندایەتی بۆ بکەن، بەڵام بە نسبەت خەڵکی یەوە وا نی یە چونکە ئێمە نازانین کێ زۆرتر لە خوا دەترسێت کەسی وا هەیە لەوانەیە لە ڕواڵەتدا وا دیار بێت کە خراپ و دوور لە دینە بەڵام لە ناوەرۆکدا وانی یە کەسێکی لە خواترس و زۆر چاکە، وە کەسی واش هەیە لە ڕواڵەتدا لە خواترس و پیاو چاکە کەچی لە ناوەرۆکدا فێڵبازو مونافیق و درۆزنە، هەر بۆیە لەسەرمەلاکان پێویستە ڕق و کینەو خۆپەرستی لەناو خەڵکیدا نەهێڵن و بانگەشەی ئەوە بکەن بۆ ئیسلام کە ئیسلام داوای کردووە وەك دەفەرموێ [يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَـٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَـٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ] واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەك دروستکردووە (کەباوکەئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بەچەندەها گەل و تیرەو هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە ... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتان کەزۆرتر لەخواترسەو فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بەهەمووان .

نەوەك بەسرەییەك بە نمونەی خراپ بهێنێتەوە عەرەب بوونیەکەی بە عەیب نیشان بدات، لە کاتێکدا بەسرەی کەسی وەك حەسەنی بەسری تێدا بووەو وە ئێستەش کەسی وەك [شێخ عبدالله جدیع]ی تێدایە کە ئێستە دانیشتووی بەریتانیایە بەهەزارەها کەس سودمەندی وانەو ووتارەکانی دەبن لە نێوەندیشیاندا کوردەکانی خۆمان، وە هەروەها هاوڵاتی سعودی و عەرەب بە عەیب و عارو داگیر کەر نیشان بدات، لەکاتێکدا دەکرێت نمونەی زۆر زیندوو تر لەبەردەستیدایە خۆی لێ دەدزێتەوەو بەسەریدا باز دەدا ئەویش ئەو هەموو خراپەو خراپەکاریەیە کە لەو کەناڵەی بەڕێزی ئەو ووتارەکەی تێدا دەدات،

ڕۆژێك لە ڕۆژان گوێمان لێ نەبوو ئاگاداریەك بدات بە بەڕێوەبەرایەتی کەناڵی زاگرۆز وەیان پارتی دیموکراتی کوردستان وە یان حکوومەتی هەرێم لەسەر ئەو کەناڵانەی کە جلی کوردی بۆ سەماو بێ شەرعی بەکار دێنن و لە کوردستاندا خەریکە ئەو جلە کوردیەی ئەو شانازی پێوە دەکات بووە بە عەیب و تایبەت کراوە بە کاتی سەماو هەڵپەڕکێ، من لێرەدا دیفاعم لە عەرەب نی یە بەڵام وەك ڕاستیەکی دینی دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە هەموو نەتەوەکان ڕێك بخات و دیاردەی ڕەگەزپەرستی لە نێوەندیاندا نەهێڵی وەگەر کەسێکیش لە هەر کۆمەڵگەیەك توشی هەڵەی ڕەگەزپەرستی بووەوە بە ڕەگەز پەرستی چارەسەر ناکرێت، وە دوا ووتەم بۆ خوێنەرانی ڕوون بکەمەوەو بیکەم بە شاهیدێك بەسەر مەلا عومەرەوە ئیسلام دوورە لە رق و ڕەگەز پەرستی و لای خوای پەروەردگار عەرەبێکی بەسرەی و عەرەبێکی سعودی و کوردێکی هەولێرو سلێمانی جیاوازیان نی یە بە تەقوا نەبێت، وە نە دیسداشەش عەیبەو نە جلی کوردیش، شەرع ستری عەورەی دیاری کردووەو مەرجی جلەکان ئاشکران لە شەرعدا، ئیتر دیسداشە بێت چاکەت و پانتۆڵ بێت وەیان قات و مراخانی، وە هیچێکیش لەو جلانە تایبەت نی یە بە ئیسلامەوەو ئیسلام لەسەری فەرز نەکردوون کە دەبێت دیسداشە وەیان پانتۆڵ وەیان شەرواڵ لەپێ بکەین ئەوە ئارەزووی کەسەکانەو ڕێگرتن لە ئارەزووی کەسەکانیش ستەم کردنە سەر ئازادیەکانیانە ئەوەی کە شەرع ڕێگەی پێداوە ئەو ڕێگەی لێ دەگرێت!!!

تێبینی/ زۆر جار ئیمەیڵم بۆ هاتووە بەناوی مەلا عومەری چنگیانی یەوە خەڵکی بە ئەوم تێگەشتوون.

# (وەك خۆی) بیرەوەریەکم لەگەڵ بەڕێز کاك ئەحمەد شەش پەنجەدا

ئەوەی لە بزووتنەوەم دی لە هیچ حیزبێکی ترم نەدی لە کوردستاندا بە ئیسلامی و غەیرە ئیسلامیەوە. ئەوکەسانەی کە خاوەنی شەخسیاتن، وەیان پێگەیەکیان هەیە چ لە حکومەتدا، وە چ لە هەر ڕێکخراوێکی تری حکومی وە یان مەدەنیدا لەوانەیە زۆر جار هەتا بینینیشیان ئاسایی نەبێت، وە بۆ بینینیان کۆمەڵە ڕێگەیەك هەبێت، وە زۆر جار بێگومان بۆ زۆرکەسیش نە!

مەگەر لە حکومەتە ئیسلامی یەك لەدوای یەکەکانی ئیسلامیدا بوو بێت بەڵام لەم سەردەمەدا زۆر دەگمەنە. ئەوەی لە مێژووی هەندێك لە حکومەتە ئیسلامیەکانی ڕابردوودا خوێندمەوە بە چاوی خۆم لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا بینیم. نەوەدەکان بوو سەفەرێکم بۆ هاتە پێش بۆ هەڵەبجەی کۆن بۆلای چەند خۆشەویستێکم کە لە هێزی سیروان و گەرمیانی ئەوکاتە بوون، ڕۆشتمە سیروان هەر کەدابەزیم لەسەیارەکە پرسیارم لە چەند پێشمەرگەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی کرد، هێزی سیروان لە کوێیە؟ زۆر بەجوانی و ئەدەبەوە نیشانیان دام بەشێوەیەکی وا کوردی خۆمان دەڵێ شەرمەزاریان کردم. کات هاوین بوو هاوینی لای خۆشمان ئاشکرایە گەرمیەکەی چۆنە! وەکاتیش نیوەڕۆ بوو! کە زۆر زۆر گەرم بوو بەشێوەیەکی وا کوردی خۆمان دەڵێ مەگەر یەکێك دەری بکەیت ئەگینا بەو کاتە ناچێتە دەرەوە.

گەشتمە بەردەم هێزی سیروان بینیم کاك ئەحمەد شەش پەنجە لەگەڵ کابرایەکی تردا خەریکی بیر هەڵکەندن بوون و بلۆکیان بۆ دەکێشا کاك ئەحمەدم بینی پشتوێنەکەی کرابووەوەو ماندوو بونێکی یەکجار زۆری پێوە دیار بوو، بەو گەرما گەر هیچیش نەکەیت هەر مانەوە لەدەرەوە ئینسان خۆی

بۆ خۆی هیلاك دەبێ، جا چ جای ئەوە بەوشێوەش کار بکەیت و بڕۆیتە ناو بیریشەوە...!! منیش زۆر ئاسای سەلامێکم لێکردن هەروەك پێشمەرگەکانی تر زۆر بەئەدەب و خۆشحاڵیەوە هاتن بەدەممەوە.. بەبێ ئەوەی لێم بپرسن تۆ کێیت؟ کارت چیە؟ بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟ کابرایەکی مەدەنی؟ شێوەشت لە بێگانە دەچی؟ زۆر پرسیاری تر... کە من خۆم بۆ ئامادە کردبوو... هیچ پرسیاریان لێنەکردم بەڵکو لەبری پرسیار فەرموویان لێکردم! منش پرسیاری هاوڕێکەم کرد کاك ئەحمەد هات تا لە ژوورەوە هاوڕێکەمی نیشاندام و گەڕاوە بۆ سەرکارەکەی!! لەگەڵ هاوڕێکەمدا کەوتینە گفت و گۆ گردن وە باسی کاك ئەحمەد هاتە ناو، ئەو کاتە من هەر ناوەکەشم نەدەزانی بەو شێوە هێنایە بیرم، ووتم ئەو کابرای کە کاتێك هاتم بۆ ئێرە خەریکی بیر هەڵکەندن و بلۆك کێشان بوو!. ووتی بەڵێ ئەو مەسئولی هێزەکەمانە! زۆر سەرم سوڕما!! ئەمە چۆن مەسئولێکە!!لەکاتێکدا هەموو پێشمەرگە ئاساییەکان لە سێبەری ژوورەوە دانیشتبوون و دەمەتەقەیان دەکرد، ئەو بەو جۆرە کاری دەکرد. چونکە من واتێگەشتبووم و وەوام بینیوە لە وولاتی خۆماندا لە مەسئول، ئەو بەپێچەوانەی ئەوانەوە بوو، چەند ڕۆژێك مامەوە لەوێ کارێکم بو دروست بوو پێویستم بە یارمەتی هەبوو هەر ئەو کاك ئەحمەدە بە سەیارەی خۆی زیاتر لە حەفتەیەك منی گەڕاند بەم لاو لادا، بەبێ ئەوەی تەنها گرژیەك، ناڕەحەتیەکی تیا بەدی بکەم ! زۆر لەوە زیاتریش وای نیشاندەدا کەمن ئەو کارە بۆ ئەودەکەم لەکاتێکدا کە من نە بزووتنەوە بووم و وە نە بزووتنەوەم. نەکارەکەم پەیوەندی بەوانەوە بوو!! لەدوایدا تێکەڵاویم دروست بوو لەگەڵ ئەو دوو هێزەدا وە ئەو لێبوردەیی و یارمەتی دانی یەکترو بەدەمەوە چونی یەکترە کە لەوانم دی، زۆر سەرنجی ڕاکێشام چونکە بەڕاستی جێگەی سەرنج ڕاکێشان بوو، چونکە پێشتریش چەندەها جار چووبومە مەقەڕەکانی حیزبەکانی تر هەر بە مەبەستی سەردانی

هاوڕێی و خزم و کەسوکارم، خۆ ئەگەر بمەوێت بەراوردیان بکەم کارێکی زۆری ئەوێ.

دوای نزیکەی دوو ساڵ هاتمە هەندەران و لە بەریتانیا نیشتە جێ بووم بەڵام ئەو ساتانەم هەر لەبیر بوو ئەوەی کە نوسیم تەنها ئاماژە پێکردن بوو نەك چوونە ناویەوە بە ووردی. دوای بیستم کاك ئەحمەد گیرا! چۆن گیرانێك بەفێڵ و تەڵەکە، وەك وابێ هەواڵی مردنی کەسێکی زۆر خۆشەویستم بیستبێ، چونکە ئەوەی من لەو کابرام دیی و وەدواتریش لە هاوڕێکانم بیست لەسەر کەسایەتی کاك ئەحمەد هیچ هەڵەیەك هەڵناگرێت.

هەردەم هەواڵم دەپرسی لەخەڵك، کاك ئەحمەد بەربوو یان نە؟ بەڵام زۆر بەداخەوە دوای شەش ساڵ بەربوو بەبێ ئەوەی هیچی لەسەر بێ!! ئەمەش دەقی ئەو بڵاوکراوەیە کە دوای بەربوونی کاك ئەحمەد بڵاو کراوە لەسەری ژمارە ٢٧٤ ی ڕۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی لاپەڕە ١.

## ئەحمەد شەش پەنجە پێشمەرگەی دێرینی بزووتنەوەی ئیسلامی دوای شەش ساڵ زیندانی ئازاد کرا

سایتی باسك:»هێزەکانی ئاسایشی گشتی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٢ زاینیی لەبازگەی شارۆچکەی سیروان پێشمەرگەی دێرین و بەوەفای باسکیان دەستگی کردو دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆ ئازادکردنیی لە لایەن سەرکردایەتی باسك و دۆست و خۆشەویستانی کاك ئەحمەدەوە ، بەڵام ئەم هەوڵانە بێ کەڵك بوون ماوەی ٦ ساڵ کاك ئەحمەد لە زیندانەکانی سلێمانی و ئاسایشی گشتی مایەوە و لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە ئەو ماوە زۆرە لە زیندان بێ

دادگا مایەوە ، تا ئێستاش نەزانرا هۆکاری مانەوی کاك ئەحمەد لە زیندان چی بوو؟ بەڵام ڕۆژی ١١ شەشەڵانی ١٤٢٨ کۆچی بەرامبەر بە ٢٢-١٠-٢٠٠٧ز کاك ئەحمەد ئازاد کراو بە خاو خێزان و منداڵان و دۆستانی شاد بوویەوە، شایەنی باسە کاك ئەحمەد ئەندامێکی کارای باسك بوو، ئێستاش باری تەندروستی کاک حەحمەد زۆر خراپەو چەندین نەخۆشی وەك شەکرەو فشاری خوێن لە گەڵدایە ...لێرەوە ئێمەش بەخێرهاتنەوەی کاك ئەحمەد دەکەین وهیوادارین خوای گەورەو میهرەبان ئەو ماوە زۆرەی زیندانی بە بەندایەتیی و خواپەرستی لێوەبگرێ و پاداشتی خێریشی بداتەوە.»

خۆ ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوەیەك لەم بارەوە بکەین کاتێکی زۆری دەوێ تەنها ئەوەندە دەڵێم هەتا ئێستاش کە مەسەلەی تیرۆر بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو تەشەنەی کردووە وە هەتا ئەو شاڵاوەش بەریتانیای گرتەوە تائێستا لە بەریتانیا ٢٨ ڕۆژ بۆیان هەیە کەسێك بگرن تا دادگای دەکرێت ئەویش ئەگەر گومانی تیرۆری لێ بکرێت، وە پێشتر ٣ ڕۆژ بوو، هەتا ئێستاش نارەزایەکی زۆر هەیە لە سەر ئەو ٢٨ ڕۆژە چ جای ٦ ساڵ!!! ئەگەر یەکێك بەبێ تاوان وەك کاك ئەحمەد دەربچی دەبێ قەرەبووی ئەو ماوەیەی بۆ کرێتەوە کە لە بەندیخانەدا بەسەری بردووە، بەڵام قەرەبووی چی! لای ئێمە خوا خوایانە هەم نەگیرێنەوە!! بەبێ هیچ

وە لە کۆتایدا دەڵێم ووڵاتێك ئەو هەموو ستەم و زۆرەی تیا بکرێت چۆن تووشی خێر دەبێ، وەك مامۆستایەکی بەڕێز دەیووت خەڵکی عێراق دەستیان چووە خوێنی ئالوبەیتی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت چۆن تووشی خەیر دەبن. وە من داواکارم لە حکومەت و بەرپرسان کە بە مەسەلەی زیندانیاندا بچنەوەو چیتر تەمەنی بێتاوانان لە زینداندا بەسەر نەبرێ

# تەقینەوەو کارە تیرۆریەکان

زۆر جار بە بیستن یان بە بینینی کارەساتێکی تەقینەوە، وە یان هەر کارێکی تری تیرۆریستی کە دەکرێت تەزینێك، موچرکەیەك ،بە جەستەماندا دێت و زۆر داخو خەفەتی بۆ ئەخۆین و وە چەندەها پرسیارمان لا دروست دەبێت بە هەر ڕووداوێك لە و ڕووداوانە.

دەبێت کێ بێت ئەو کارەی کردبێت، بۆچ کرا، چ قازانجێکی هەبوو،بۆ دەبێت مرۆڤ مرۆڤ بکوژێت،سەرەنجامەکەی دەبێت چ بێت،چ دڵ ڕەقیەکە،دەبێت منداڵان چ تاوانێکیان هەبێت ،دەبێ کێ سودمەند بێت بە ئەنجامدانی ئەم کارانە،هۆکارەکانیان چیە، وە چەندەها پرسیاری تر...

هەر ڕووودانی ئەم کارانەیە کە بووەتە مایەی هەژاندنی هەموو دونیای ئەمڕۆ، بوەتە مایەی عەزیەت و ئازاری هەزارەها مسوڵمانان لە زۆر لایەك، بووتە سەرباس و لێکۆڵینەوەی گەرمی هەمووڵایەك بە تایبەت کەناڵە ئاسمانیەکان.

بە مەلایین دۆلاری لە پێناودا خەرج دە کرێت و، وە دەتوانم بڵێم پێشی پەیدا دەکرێت!!! بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخ و بێتاقەتیە وای لێهاتووە بەڕوودانی هەرکارێکی تیرۆری وە یان هەر تەقینەوەیەك لە هەرلایەك کە ڕوو دەدات، ئیسلامی پێ تاوانبار دەکرێت و وە وایان لێ کردووە کە باسی ئیسلام دەکەین خەڵکی ئەو کارەساتانەی بەبیر دێتەوە، بەو شێوە سەیری ئاینی ئیسلام دەکەن یانی ئەو جۆرە شتانە. لە هەمان کاتدا ئەگەر بێت و تۆسقاڵێك بیر بکەنەوە ئەم کارە تیرۆریستیانە چەند ساڵێکە دروست بووە وە ئیسلام کەی هاتووە !!! نیوانیان زۆر زۆرە. ئەڵبەت ئێمە لێرەدا بیانوو وە یان پاکانە ناکەین بۆ ئەوە کە مسوڵمان دەستی لەو کارانەدا نیە، بە دڵنیاییەوە مسوڵمانیشی تێدان!!! بەڵام چ مسوڵمانانێك ...!!! بە بۆچوونی ئێمە ئەوانەشی کە ئەمڕۆ دژ بە تیرۆرن

خۆیان هۆکارێك بوون بۆ تیرۆر!سەرەنجامی ناهەقی و زۆڵم و زۆر، زۆرێکی لەوانە درووست کردووە بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخە ئەوە یە کە ئیسلامەکەیان پێوە لکاندووە.جا

من لێرەدا ڕوو دەکەمە ئەو کەسانەی کە بەناوی ئیسلامەوە ئەو کارانە دەکەن و وە ئەم پرسیارانەیان لێ دەکە م ئیسلام بۆچی هاتووە؟ ئایا ئیسلام هاتووە بۆ ڕەشو ڕووتی و خە ڵك لەناو بردن؟ بۆ ئازارو ئەشکەنجەی خەڵك هاتووە؟بۆ لە ناوبردنی خە ڵك هاتووە بەهەر شێوەیەك بێت؟ هۆکارە گرنگەکانی ئەم ئیسلامە چیە بۆچی هاتووە ؟ هەرخۆمان جواب دەدەینەوە ئیسلام هاتووە بۆ پاراستنی پێنج شت .١- بۆ پاراستنی ئاین خۆی٢- بۆ پاراستنی مرۆڤ٣-بۆ پاراستنی وەچە ٤-بۆ پاراستنی ژیری ٥- بۆ پاراستنی ماڵ . وەکو لە زۆربەی کتێبە مەدخەلیەکان و وە کتێبە مەقاصیدیەکاندا هاتووە. بۆ هەریەکەش لەوانە بەڵگەی قورئانی هەیە. لە کۆتایدا دەڵێین سەیری ئەو مەبادیئە سەرەکیانە بکەن و بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەو کردەوانەدا،چەند دژایەتی دەبینیت؟ لە ئیسلامدا جیهاد هەیە ئەوە شتێکە نکوڵی لێ ناکرێت بەڵام ئایا ئەم کردەوانە دەچنە ئەو چوار چێوەوە! ئایا ئێوە خۆتان خاوەنی خۆتانن تا خۆتان لە ناو ببەن؟! یان خوای گەورە خاوەنیەتی .

# سەبارەت بە تۆپبارانکردنی سنورەکان لە لایەن ئێران و تورکیاوە

ئەم وتارە لەبەردەم جەماوەرێکی زۆردا لە شاری دەربەندیخان خوێنراوەتەوە

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

بەڕێزان خوشکان برایان، دەستەڵات، ئۆپۆزیسیۆن، ڕێکخراوە حکوومی ئەهلیەکان، پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەین و هاتنتان بەدەم ئەم بانگەوازەو خۆپیشاندانەوە، دڵسۆزی و بە ئەمەکی و هەستی پاکی کوردایەتیتان دەردەخات، لەبەر ئەوە جێگە پێکانتان دەنەخشێنین و کزەیەکی فێنکیش لەم گەرمایەدا بە دڵماندا دێت، ئەوەی کە دەوترێت هاوڵاتیان هەستی کوردایەتیان لاواز بووە، ئێمە بەرانبەریان دەڵێین: نەخێر نەخێر تا خەڵکی ئامادەی هەڵوێستی مابێت نیشانەی بوونی ئینتیمای بەهێزی کوردایەتیە، گەرچی نکوڵی لە لاوازبوونیشی ناکەین و ئەویش هۆکارو شتی تری لە پشتەوەیەو دەکرێت کۆڕو سیمیناری لەسەر ببەسترێت و هەوڵی چارەسەر کردنی بدرێت، بەڵام ئاشکرایە بەشێکی زۆری ڕووبەڕووی دەستەڵات دەبێتەوە.

بەڕێزان ئامادەبوان ڕاگەیاند کارەکان، ئەمڕۆ ئێمە کۆبوونیتەوە بۆ نیشاندانی خۆشەویستیمان بەرانبەر براو خوشکەکانمان لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان و خۆشەویستیمان بەرانبەر ئەو خاکەی ئەمڕۆ بە حکوومەتی هەرێم ناو دەبریت، هەڵوێستمان بەرانبەر دوو وڵاتی دراوسی کە پێویستە دینیەن، ئەخلاقیەن، ئینسانیەن فێربکرێن و پێیان بووترێت مافی دراوسێیەتی بەم شێوەیە نابێت، جمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیا، پێیان دەڵێین بڕۆن چاو بە گشت دەقە شەرعیەکاندا بخشێنن و دەقێکمان بۆ بدۆزنەوە کە ئەم کارە نامرۆڤانە بە ڕەوا بزانێت، وە بێگومان ئەو تۆپ باران کردن و کوشتن و خەساردان

لە خەڵکی سڤیل و بێتاوان، دوورە لە گشت بەها مرۆڤایەتی و لە ڕەوشتی هیچ وڵاتێکی سەلیمەوە دەرناچێت، نێودەوڵیەن و وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ هەر وڵاتەو سنوری خۆی هەیە سنور بەزاندنیشە، ئێمە زۆرجار وەك تاکە کەسی سنورمان بەزاندووە بەڕووی وڵاتاندا، بەڵام بۆ فەقیری و داماوی خۆمان ڕۆشتین و خۆمان شاردووەتەوە نەوەك بمان بینن و ئەم فەقیریەمان لێکدانەوەی تری بۆ بکرێت، وەك بیستوومانە کە زۆر جار بۆی کراوەو گەنجێکی فەقیر بەچەندەها مانگ و بگرە ساڵیش زیندان کراوە، بەڵام ئەوان بەسەرماندا تۆپ دەتەقێنن و ڕۆڵە بێتاوانەکانمان شەهید دەکرێن، گوند نشینەکان زۆر بەداخەوە لە کۆن و نوێدا هەر جێگەی تەزحیەدان بوون، لە کۆندا بەهۆی پشتگیری و یارمەتی دانی پێشمەرگەو کەوتنە بەر هێرشە دڕندانەکانی بەعسی لەناو چووەوە لەسەر کوردایەتیان، لە ئێستەشدا بەهۆی پشگتوێ خستنی حکوومەتی هەرێم و یارمەتی نەدانیان و وە هەروەها گرنگی نەدان پێیان تا ئەوەتا بەچاوی خۆمان لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەبینین چۆن منداڵ، ژن، پیرە مێردوو گەنجی خوێن گەرمی ئەم وڵاتە بە هەدەر دەچن.

ئەزیزانی من لە وڵاتان خوێنی کەسێك دونیای لەسەر دێننە جواب، تا هەقەکەی دەستێن، ئەو چەند گەنجە ئەمریکەی لە سنووری هەڵەبجەو خورماڵەوە کە دەڵێن بۆ سەفرە سنوریان بەزاندووەو ئێران دەستگیری کردن، ئەگەر موتابەعەتان کردبێت ئەمریکا چۆن لێی بەدەنگ هات، خۆ ئێران ئەو سێ گەنجەی نەکوشتووە، هەر دەیەوێت لێیان بکۆڵێتەوە بزانێت فعلەن بۆ سەفرە بووەو لە نەزانی بووە یان سیخوڕ بوون، لە کاتێکدا ئەمەریکاو ئێران دراوسێ نین، ئەی بۆ ئەوان نە بە مرۆڤ بە تۆپ و تانک و تەیارەی کوژرەر وڵاتەکەمان وێران دەکەن، ژێرخانی ئابووریمان دادەڕمێنن، لادی نشینێکی هەژار ژیانی لەسەر ڕەزو باخ و مەڕو ماڵاتەکانیان وەستاوە، بینیمان چۆن ئەو شوانە هەژارە

به مردووی له پاڵ مەڕو ماڵاتەکانیدا هەڵاژابوو، من وام زانی لەبەر ماندووی و بۆ تاوێك پشتوو سەری ناوەتەوە، بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو بەڵکو گولەی پڕقین و دژ بە گشت بەهایەکی بەرز، خەوی یەکجارەکی بەسەردا دابوو، مەڕو ماڵاتیش جگە لەوەی بەشێکی ئابووری ووڵاتی لەسەر بەندەو ژیانی هەزارەها داماوی پێوە بەستراوە، بینیمان چۆن وەك فەردەی سپی لەپاڵ یەكدا ڕز کرابوو، خۆ ئەگەر ئێمە تاوانبارین هەر بەزەیتان بەو مەڕو ماڵات و درەختانەدا بێتەوە، هەمووومان بەسەرهاتی فەتحە ئیسلامیەکانمان بیستووە هەر لەسەردەمی پێشەوای گشت مرۆڤایەتی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت، کە چۆن فەرمانی بە هاوەڵەکانی دەکرد کە درەخت نەشکێنن، پیرو منداڵ و شەڕ نەکەر نەکوژن، ئەی جێگەی پرسیارو جێگەی هەڵوێستە کردن لەسەری نی یە ئێمەش بڵێین ئەی جمهوری بەناوی ئیسلامی و بەکردەوە نا ئیسلامی خۆ ئێمە نەك شەڕ نەکەر نین بەڵکو دۆستیشتانین، بڕۆ عەلاگەیەك شتوومەك بکڕە لەو بازاڕەدا نیوەی ئێرانیە، جگە لەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی بە هاوکاری و ئاسانکاری حکوومەتی هەرێم کراونەتەوەو بە ئازادانە ڕیکلامی بۆ دەکەن.

ئامادەبوانی بەڕێز، تورکیاش وە نەبێت لە ئێران بە ڕەحمترو چاکتر بێت زۆر بەداخەوە کە ئەوەمان لێ چاوەڕوان نەدەکردن، دەبینین چۆن سۆزو بەناو هەڵوێستیان بۆ غەزەو سۆماڵ دەردەخەن، کەچی زۆر بەداخەوە خۆیان غەزەو سۆماڵیان بەرانبەر ئێمە دروست کردووە، هیچ کاتێك خوێنی فەلەسطینیەك لە خوێنی کوردێك سورتر نی یە، ئەو کوردە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی سڕینەوەی ناوی، شوناسی، هەست و ئارەزووی گشت ماف و حەزەکانی دەدرێت، تەسەور ناکەن کوردی باکور چەندە تینوی ئازادیە، چەندە توینی ووشەی کوردە، من خۆم بۆ خۆم لەناویاندا ژیاوم و کارم لەگەڵیاندا کردووە، تەنها نموونەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە کە باسی قەڕن و ساڵانی پێشووی نی یە، لە ئەسطەنبوڵ ڕۆشتمە

یەکێك لە مەکتەبەکانی بلیت کڕین و بلیتێکم دەویست بیکڕم بۆ سلوپی بە مەبەستی گەڕانەوەم بۆ کوردستانی باشوور، کە لە سەرەکەدا وەستابووم چەند کارمەندێك بلیتیان دەفرۆشت، بینیم یەکێکیان بە ئینگلیزی قسەی کرد لەگەڵ موشتەریەکەدا، منیش ئەوەم پێ خۆشتر بوو هەوڵم دا بکەومە لای ئەوەوە چونکە کێشەی ئینگلیزیم نەبوو، کە ڕۆشتمە لای کەوتینە قسەکردن و مامەڵەی بلیتەکە پرسیاری لێ کردم و ووتی پێم

Where are you from

واتە خەڵکی کوێیت

منیش ووتم

I am from Kurdistan

واتە خەڵکی کوردستانم، هەر کە ووتم کوردستان، ئەو کابرا لە پڕ باوەشی پێداکردم و بە تووندی بەخۆیەوە گوشیمی و بە هەناسەیەکی قوڵ و دەنگێکی مەزڵومانەوە ووتی الله ئەو ووشە چەند خۆش بوو، ووتی ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە کەسێك بپرسم خەڵکی کوێیت و بەبێ هیچ پێچ و پانەیەك ڕاستەوخۆ بڵێت خەڵکی کوردستانم، ئیتر زۆر بەخۆشحاڵیەو بە کوردی قسەی لەگەڵ دەکردم و ووتی واز لە ئینگلیزیەکە بهێنە ...

لە کۆی ئەم قسەو باس و ڕوونکردانەوەدا من کۆتای بە ووتارەکەم دەهێنم بە چەند پەیامێك:

پێش پەیامەکان وەك بەرپرسیاریەتیەکی قیامەتی و وەك ئەوەندەی لەسەر ئیسلام دەزانم بە کوردی بڵێم، پێویستە ئەم کارانەی جمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیا، کارەکانیان بەرانبەرمان لە ڕووی ئاینی پاکی ئیسلامەوە جێگەی نابێتەوە، چونکە ئیسلام هاتووە بۆ پاراستنی پێنج ئامانجی سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە: پاراستنی دین، نەفس،عەقڵ، نەسل، ماڵ. دێمە سەر

پەیامەکانم و لە گرنگترین پەیامەوە بە ڕیزبەندی دەست پێ دەکەم.
پەیامی یەکەم: بۆحیزب و لایەنە سیاسیەکانی دەستەڵات، بە نموونەیەك پەیامەکەمتان بۆ ڕوون دەکەمەوە، دەگێڕنەوە کابرایەك کرێکاری دەکات، یەکێ دەیبات هەندێك ئیشی پێ دەکات و دەڵێ زۆر سوپاست دەکەم هیچی پارە ناداتێ، یەکێ تریش دیبات و دەڵێ لەشت ساغ بێت یاخوا، یەکێ تر دەیبات و دەڵێ خوا جەزای خێرت بداتەوە، ئیتر کابرای داماو پشووی لێ دەبڕێت دینارێکی دەست نەکەوت کە کابرایەکی تر دەیبات و دەڵێ زۆر مەمنونم و پێی دەزانم، کابرای کرێکاریش تووڕە دەبێت و دەڵێ کاکە سوپاس و پێزانین بدەم بە نان، بدەم بە ئاو بدەم بە پێداویستی ماڵ، بیدەم بە کرێی خانووی چی لێ بکەم.
حکوومەتی هەرێم هەر ئیدانە هەر ئیدانە هەندێکیش دەڵێن ئەمە مانای ئیدامەیە ،ئەویش بە چەند دێڕێکی کورت و لەژێر فشارێکی زۆردا، ئەی ئەم ئیدانە زەعیفانە ڕەزی باخەکانیان پێ چاك بکەینەوە، مەڕو ماڵاتەکانی پێ زیندوو بکەینەوە، شوانی تری پێ بگرینەوە، بۆ لای مەڕو ماڵاتەکانی تر، لە هەمووی گرنگتر چی پێ بکەین بەرانبەر قوربانیەکان، هەربۆیە پێوستە هەڵوێستی جدی وەربگیرێت، جاری ئیدانە دوان ئاگاداری ئەگەر تێی نەچەقی دەبێت تۆش هەڵوێستی توند ترت هەبێت، دەتوانن لە ڕێگەی سەفارەتەکانیان و فشار خستنە سەریان هیچ نەبێت ڕێگریان لەگەڵدا بکەن و پلە بە پلە، ئەگەر بەدەمەوە نەهاتن سەفارەتەکانیان وەدەرنێن، کۆمپانیا بازرگانیەکانیان ڕاگرن، دەریان کەن، وە کۆتا هەڵوێست پێویستە بەڕاستی حکوومەتیش هێز ببەنە سنوورەکان هەر لە حکوومەتی هەرێم و هەم حکوومەتی عێراقی فیدراڵیش، کوردستان بەداخەوە بەناو دوو خاوەنی هەیە کەچی وەك چێشتی فرە ساحێبی لێهاتووە کورد دەڵێ یان کەم خوێ دەبێت یان بێ خوێ، وە شەڕی دیفاعیش

شتێکی سروشتیه، مریشکێکیش ئەگەر پەلاماری جوجەڵەکانی بدەیت هەڵ دەگژێت پێتاو چڕنوکت لێ دەگرێ و ناهێڵێت جوجەڵەکانی ببەیت.
پەیامی دووهەم: بۆ ئۆپۆزیسۆن، زۆر بەداخەوە هەڵوێستی ئەوانیش زۆر بەلاواز دەیان بینین و زیاتر لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنەکانەوە خۆیان دەبینیننەوە، ئێمە هەوڵی ڕاگەیاندن بەرز دەنرخینن و ڕۆڵێکی بەرچاو کاریگەری خۆی هەیە لەم ڕۆژەدا، بەڵام تەنها ڕاگەیاندن بەس نی یە، دەبێت ئۆپۆزیسۆنیش خۆیان بە بەرپسیار بزانن و هەر چاوەڕێی دەستەڵات نەکەن، بە بیانوی ئەوەی لە حکوومەتدا نین خۆیان لە هەوڵی جدی ببورێنن، بۆ نموونە ئەو پەیوەندیانەی کە هەتانە دەبوو لەم کاتانەدا سودیان لێ وەرگیرایە، یەکگرتووی ئیسلامی کە پەیوەندی بتەویان لەگەڵ دادو گەشەپێداندا هەیەو شانازیشی پێوە دەکەن و زەقی دەکەنەوە، با وەفدتان بناردایە بۆ تورکیاو ڕۆڵتان لە وەستان و بەرگری کردن لە خەڵکی بێ تاوان نیشان بدایە، ئەوسا ڕاگەیاندنەکانیش هەنگاو بە هەنگاویتان بۆ خەڵکی بگوازرایەتەوە.
کۆمەڵی ئیسلامی کە پەیوەندی بتەویان لەگەڵ ئێراندا هەیە بە هەمان شێوە، باشە ئەگەر ئەم پەیوەندیانە لە بەرژەوەندیە ڕەواکانی میللەتەکەمانەدا سودی لێ وەرنەگرن ئەی بۆ کەیتانە.
بزووتنەوەی گۆڕان کە قورسایەکی زیاتری لە دوولایەنەکەی تری ئۆپۆزیسیۆن هەیە دەبوایە ئەگەر ئەوان هەر یەکەیان بۆ یەك وولات بڕۆشتانە دەبوو ئێوە بۆ هەر دوو وولات وەفدتان بناردایە.
جێگەی پرسیارە لای من ئەوەندە هەوڵ بۆ گەڕانەوەی بودجە درا لەلایەن ئۆپۆزیسۆنەوە ئەوەندە هەوڵی جدی نەدرا بۆ وەستانی تۆپبارانەکان.
ئەوەی کە بووەتە جێگەی تێبینی و نیگەرانی لای خەڵی ئەوەیە گشت حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لە پەیوەندیان بەڕووی دەرەوەو وولاتانی دراوسێدا

بەداخەوە بۆ مەرامی حیزبی و هەتا هەندێك جار زۆر بچوكتریش وەك شەخسی بەکار هێنراوە، لەبری گەورە بیرکردنەوەو گرنگی دانی بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تایبەتی و حیزبیدا.
سێیەم پەیام و کۆتا پەیامم: بۆ هاوڵاتیان بە گشتی ئەوەیە شتوومەکە بازرگانیە تورکی و ئێرانیەکان نەکڕن و موقاطعەیان بکەن، لە پێشدا کۆمپانی و بازرگانەکان، دواتر دوکاندارەکان و دواتریش کڕیارەکان. ئەم کردارە بە کەم مەزانن، والله کاریگەری گرنگی خۆی دەبێت بینیمان چۆن دانیمارك بەچۆکدا هات لە ئاست ئەوەی مسوڵمانان موقاطعەی پەنیرو شتوومەکە بازرگانیەکانیان کرد. هەڵوێستیان وەرگرت بەرانبەر ئەو کارە قێزەونانەی کە کردیان و هەموومان دەزانن ئەوە بوو، وێنەی پێغەمبەری مەزنیان کردبوو بە کاریکاتیر.
لە کۆتایدا حیزب و لایەنە سیاسیە کوردیەکانی ئەم شارە ئاگادار دەکەمەوە کە پێویستە تایبەتمەندی خۆتان هەبێت و بە کرداری چاك و جوان و جوامێرانە تایبەتمەندیەکی دیارتان تێدا بێت لە جێگەکانی تر جیاتان بکاتەوە، بەڕاستی شەرمە شاری دەبەندیخان لە وەها هەڵوێستێکدا لە ڕیزی دواوە بێت دەبوو ئەم خۆ پیشاندانە چەندەها جار دووبارە بووبایەتەوە تا ئێستە، سوودی هەمووشی تێدا یەکسانەو ڕاستێتی ڕاستییش لەم جۆرە هەڵوێستانەدا دەردەکەویت، ئەگەر بێت و هەر لایەنێك شلگیر بێت تێیدا ئەوا من گومانم نی یە لەو قورسایەیە کە هەریەکەتان هەتانە دێنێتە خوارەوە.
دووبارەو سێ بارە سوپاسی ئامادەبوانی گشت لایەك دەکەین و هەڵوێستان بەرانبەر ئەو کارە نا مرۆڤانەی تورکیاو ئێران بە خاك و خوێنمانی دەکەن نیشانەی دینداری و کوردایەتی و ئەخلاوقی و ئینسانیەتانە.
لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا

# گەنجانی دەربەندیخان شایەنی خەڵات و سوپاسن نەك هەڕەشە

(وەڵامێك بۆ بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دەربەندیخان لەسەر هەڕەشەکانتان بۆ سەر مامۆستا خالید و گەنجانی دەربەندیخان)

لەو شاڵاوە جۆرە بەجۆرەی کە هەر ڕۆژەو لە ئاوازێك دەخوێنێت لە کوردستاندا، دەبێت چاوەڕێی ئەم جۆرە هەواڵانەو وە خراپتریشیان لێ بکرێت، خوێندومانەتەوە گەر نەشمان بینی بێت کە چۆن هەڵکوتراوەتە سەر زۆرێك لە دڵسۆزان و ڕۆژنامە نوسان و خەمخۆرانی وڵات و مرۆڤایەتی، وە زۆر بەداخەوە هەندێك جار لەوەش تێپەڕیوەو گەشتۆتە حاڵەتی تیرۆر کردن و چەندەها شتی جۆراو جۆری حاشا هەڵنەگر!

هەموو ئەو کردەوانانە تاوانبار خۆی ئاشکرایەو پێویستی بە ئاماژە پێ کردن نی یە، بەڵام لێرەدا جێگەی تێڕامان و قسە لەسەر کردنە هەموو ئەو کردەوانانە بۆ؟ دەبێت چ دەستێك لە پشتیەوەیان بێت؟ ئەوەی کە هەڕەشە وەیان ...هتد دەکرێتە سەر، تاوانەکەی چی یە؟ بۆ کێی کردووە؟ وە خودی مرۆڤەکە خۆی کێیە؟ ئایا کەسێکی تاوانکارە؟ وە پێشتر هیچ تاوانێکی دژ بە خاك و وڵات و مرۆڤایەتی ئەنجام داوە؟ چ هەڵوێستێکی خراپ لەژێر دەستیاندا ڕوویداوە؟ هەموو ئەوانەو زۆرێکی تر کە شایەنی تێڕامانن بۆ دەرکەوتنی ئەو جۆرە هەڕەشەو گوڕەشانە، گەنجانی دەربەندیخان نمونەی جوانی و بەرزی دەربەندیخانن کۆمەڵێك گەنجی خوێن گەرمی سود بەخش بەبێ بەرانبەر کاردەکەن! لە پێناو شارو وڵاتەکەیاندا، ئائەمەیە پاداشتان بۆیان لەبری ئەوەی بەسەریان بکەنەوەو پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەن و سوپاسیان بکەن بە هەڕەشە بەسەریان دەکەنەوە؟! ئایا بەبیرتاندا نەهاتووە کە ئەو کۆمەڵە هیچ نەبێت

خۆیان و کۆمەڵێکیش پەروەردە دەکەن؟ ئایا لە نزیکەوە کارەکانیانتان بینیوە؟ هەموو ئەو پرسیارانەو ئەوەی کە بەبیری خۆشتاندا دێت هەموویان دەتوانن بیکەن و گومانم نی یە کە زۆر بە شەفافیەت وەڵامەکانیان بە سینەفراوانیەوە لەلایەن گەنجانی دەربەندیخانەوە دەدرێنەوە.
ئەوان کە هەواڵێکیان بڵاو کردۆتەوە ئەگەر هەڵە بێت ئەویش زمانی خۆی هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی، وەگەر ڕاستیشە نابێت قەڵس بن پێی، دەبێت خۆتان ڕاست بکەنەوە ئەوجا بێ باك بن لە هەموو هەواڵێك، دەبێت ئەوە باش بزانین ئەو جۆرە کردەوانانە کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات نەك چارەسەر.
تەنها بەوە کۆتایی پێ دەهێنین ئەگەر ئەو کۆمەڵە کەسانێکی خراپەکار بوایەن ئێوە چیتان پێ بوو بۆ پەروەردەکردنیان؟ ئەی ئەوەتان نەزانیوە کە ئەوان نەك خۆیان زۆرێك لە گەنجانی دەربەندیخانیشیان سەرقاڵ کردووە بە خولی بەسودی جۆراو جۆرو برایەتیەکی پتەو لە نێوانیاندا وەگەر ئەو کۆمەڵە هەروا بێکارو بێ بەرنامە بن چ فەوزایەك ڕوودەدات؟ هەربۆیە تا زووە داوای لێ بوردن کردن تاوانەکەتان سوکتر دەکات...
ئەم بابەتە وەڵامێك بوو لەسەر هەڕەشەکردن لە مامۆستا خالیدی سەنتەری گەنجانی دەربەندیخان لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێك.

## ماری ژێر کا (ماسۆنی)

لەوانەیە ناوی ماسۆنی بەلای زۆرێکەوە تازە بێت. وەیان هەر نەیبیستبێ و، وە وا بزانێت ئێمە باس لە شتێکی تازە دەکەین. ئێمە خۆمان وامان دەزانی زۆرینەی خەڵك ئاگادارن و دەزانن ماسۆنی چییە. بەڵام نەك زۆرینە کەمینەیەکی زۆر کەم دەزانن ماسۆنی چییە. لای زۆر ڕۆشنبیرو مامۆستا باسی ماسۆنیمان کردووە کەچی تەقەی سەریان هاتووە! یەکەمجاریان بووە بیبیستن ئەو ناوە،

بەشێوەیەکی وا گومانیشیان لە دڵیَ ئێمەدا دروست کرد لە ڕاستێتی بوونیان.
جا ئەگەر کەسانێکی ڕۆشنبیرو مامۆستا بیَ ئاگا بێت لەوە بێگومان کەسانی تر لەوانەیە بەگومانیشەوە سەیری بکەن، بە جۆرێك وا بزانن ئەمە شتێکی خەیاڵیە لە کاتێکدا زۆر ڕاستیە. وەرن با پێکەوە بزانین ماسۆنی چییە؟ ماسۆنی کێین؟ کاریان چییە؟ لەکوێن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەو زۆرێکی تریش لە باسەکەماندا دەریان دەخەین.
بەشێوەیکی گشتی هەموو ئەو ڕێکخراو حکومەت و کۆمەڵانەی کە هەن ئاشکران . بە ئاشکراش بانگەشەش بۆ بیرۆکەکەیان دەکەن. مەگەر زۆر بەکەمی هەبن کە شاراوە بن وەیان بانگەشە نەکەن بۆ بیرۆکەکەیان، ئەوەش بەڕاستی جێگەی تێڕامانە ئەگەر ئەوەی کە هەرکەس لەسەریەتی و بەشایستەی ئەوەی بزانیَ دەبێت بانگەوازی بۆ بکات بە ئاشکرا. بەڵام بۆ نایکا ئەوە پرسیارێکەو بەجێی دەهێڵین. کابرایەك لە ئەستەمبوڵ پێکەوە ئیشمان دەکرد خاوەنی دینێك بوو ناوەکەی ناهێنم نەوەك کەسێك بێت بۆ بەرگری کردن لەو دینە من تەکفیر بکات! جگە لەوەی کە خاوەنی ئەو دینەش بوو لە ناو حیزبی شیوعیشدا بوو، ئەم کابرا مامۆستاو نوسەری یەکێك لە ڕۆژنامە چەپیەکان بوو، کۆمەڵێك کە پێکەوە بووین ئەم مامۆستایە لەگەڵ کەسیاندا نەیدەکرا بەڵام لەگەڵ مندا زۆر بەینی خۆش بوو! هەموو کات دڵی خۆی بۆ دەکردمەوە وە منیش زۆر باسی ئیسلامم بۆ دەکرد. زۆر بە جوانی گوێی بۆدەگرتم و هیچ ڕەخنەشی نەبوو! خۆشی ئەوەی دەگوت باشە من خاوەن دینێکی واو وە لە حیزبی شیوعی و ..تاد . وە تۆ کابرایەکی مسوڵمانی ...تاد. چۆن بەم شێوە دەمانکرێت پێکەوە!.
ڕۆژهات و ڕۆشت منیش ووتم مامۆستا ئەگەر زەحمەت نەبێت تۆزێك باسی دینەکەی خۆتم بۆ بکە بزانم چۆنە؟ ڕەنگی تێك چوو! هەر کە وام ووت! گوتی نا نا نا نابێت! وتم بۆ؟ وتی چۆن لە دینی ئیسلام دا هەیە کە دەبێت هەوڵی

بڵاو کردنەوەی بدەیت، بە پێچەوانەوە لە دینەکەی ئێمەدا دەڵێ نابێت باسی بکەیت بۆ کەس! مەبەست لەم بەسەرهاتە تەنها ئەوە بوو کە بانگەواز نیە لە دینەکەیاندا!. لێرەدا کە باسەکە لەسەر ماسۆنیەتە ئایا ئەمانیش وان؟ نەخێر بەڵام بانگەوازەکەی ئەمان بە نهێنی یە هەر هۆی ئەوەشە کە خەڵك زۆر نازانن. مانای ماسۆنی: ماسۆنی یانی دروستکردنی ئازادی لە زمانەوانیدا. ماسۆنی ڕێکخراوێکی شاراوەی یەهودیە، تیرۆریستێکی شارەوەو نادیارن، ڕێکخراوێکن ئامانجیان دەست بەسەراگرتنی هەموو جیهانە لەژێر دەستی یەهودیدا. بانگەشەیان بۆ ئیلحادەو وە ڕەوادان بە کاری بەد ڕەوشتی بە هەموو جۆرێکیەوە، بەڵام لە ژێر ناونیشانێکی خەڵەتێنەردا وەك: ئازادی، برایەتی، یەکسانی، مۆڤایەتی، هەموو ئەو کەسانەی کە لەم ڕێکخراوەدا کار دەکەن هەموویان نهێنین و وەلەسەریانە بە نهێنی بیپارێزن، هەرکەسێك بچێتە ناویانەوە ئاهەنگی بۆ دەگێڕن ئەویش هەر بەشاراوەی، بۆشی نیە وازبهێنێ خۆ ئەگەر واز بهێنی دەیکوژن. بەشێوەیکی گشتی هەوڵ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی جیهانی بێ ئاینی دەدەن!. ئەم ڕێکخراوە دامەزراوە لەلایەن (هیرودس أکریبا) ئەم کابرا لە ساڵی ٤٤ی میلادی مردووە یەکێکە لە پاشاکانی ڕۆمان، هیرودس ئەم ڕێکخراوەی بەیارمەتی چەند مستەشارێکی یەهودی دامەزراند وەك: (حیران أبیود) کە جێگیری سەرۆك بووە، وە (موآب لامي) کە یەکەم کەس بووە ئەم نهێنیەیان پاراستووە. لەسەر ئەو بنەمانە دروست بوون. بەڵام بە کۆمەڵێك ناوی بریقەداریان لە خۆ ناوە. بە کورتیەکەی ڕێکخراوێکی یەهودیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی. هەرچەند ڕا جیاوازیەك هەیە کە ئایا کەی ئەم ڕێکخراوە دامەزراوە، هۆی ئەم ڕا جیاوازیەش ئەگەڕێتەوە بۆ شاردنەوەیان و بە وردی و کار کردنیان بۆی، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە لە ساڵی ٤٣ی میلادی دامەزراون یانی هەر پێش مردنی هیرودس بەساڵێك. لە سەرەتاوە ناویان هێزی شاراوە بوو، بەڵام چەند

قەرنێکە ئەو ناوە گۆڕاوە، دەتوانین ئەمە بە مەرحەلەی یەکەم ناو ببەین بۆ دامەزراندیان. وە مەرحەلەی دووەمی ماسۆنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٧٠ ی میلادی ئەویش لە ڕێگەی (ادم وایزهاویت) کە کابرایەکی ئەڵمانی مەسیحیە لە ساڵی ١٨٣٠ میلادی مردووە. وە ئەم کارەیان دامەزراند و بەرنامەیان بۆ دارێژا بۆ دەست بەسەراگرتنی جیهان. بەرنامەکەیان لە ساڵی ١٧٧٦ ی میلادی تەواو بوو وە ئاهەنگێکیان بۆگێڕا لەو کاتەدا بە ناوی (ئاهەنگی پرشنگدار) هۆی ئەو ناوەش دەگەڕێننەوە بۆ شەیتان کە ئەوان بە گەورەوە سەیری دەکەن. لە سەرەتایی داڕشتنی کارەکەیان تا کۆتایی شەش ساڵی پێچوو تا بنەمایەکی سەرەکی وای بۆ دانێن کە کاری لەسەر بکەن. ئەم ڕێکخراوە توانیان زیاتر لە هەزار کەسی گەورەو ناودار و ڕۆشنبیری گەورە بخەڵەتێنن! لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئالێرەدا گومانێك هەیە پێم خۆشە ڕاستی بکەمەوە ئەویش ئەوەیە کە هەردوو خاوەن کەسایەتی ناوداری ئیسلامی (جەمالەدینی ئاڤغانی) وە (موحەمەد عەبدە)ی میسری کە دوو خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزو ناودارن و وە کاریگەریەکی یەکجار گەورەیان هەبووە لە کاتی خۆیاندا نەك تەنها لە وڵاتی خۆیاندا بەڵکو لە زۆر وڵاتانی تردا، وەك ئێران، تورکیا،میسر، فەرەنسا بۆ نمونە. جا گومانەکەش ئەوەیە کە گوایە ئەم دوو خاوەن کەسایەتیە لەگەڵ ئەواندا بوون، بۆ گۆمان و دودڵی لەسەر دڵی مسوڵمانان، هەروەك چۆن هەندێك هەن ئێستا لەسەر سەید قوطب دەنوسن و بڵاو دەکەنەوە، جا ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم دوو بەڕێزە لەگەڵ ئەواندا نەبوون، وە هەندێك دەڵێن لەگەڵیاندا بوون لەسەرەتاوە ئەویش لەوەدا بەهەڵە ڕۆشتوون لە ئەو شتانەی کە بانگەشەیان بۆ کردووە، وەك مرۆڤایەتی و برایەتی. هەرکە زانیویانە بنەڕەتیان چۆنە وازیان هێناوە، وە ئایا چۆن نەیانکوشتون ئەوەش خوا خۆی دەزانێ، ئەڵبەت لەو هەوڵانە دەرباز بوون. هەرکەسیك جەمالەدینی ئەفغانی و موحەمەد عەبدە بناسێت ئەو کاتە دەزانێت

کە هەموو ئەو قسانە دەیکەن لەسەری درۆن، هەروەك هەرچەند لەسەر سەید قوطبیش بڵێن هەروەها، کەسیش بێ تاوان نیە. ئیتر هەندێك شتی تر دەوترێ بۆ نمونە هەندێك لە مسریەکان وەکو تەعلیقێك دەڵێن: موحەمەد عەبدە کە ڕۆشتە فەرەنسا تەڕبوشەکەی فڕێدا. وەلامەکەی ئەوەیە ئەی خۆ دینەکەی فڕە نەدا، چ ئەشکالێك هەیە بۆ نمونە مەلایەکی لای خۆمان جبەو مێزەری لەبەر کردبێت و دوای هاتبێتە ئەوروپا جلێکی تری لەبەردا بێت، ئەمە ئیستە زیاتر خەڵك لێی تێدەگات دەزانن کارێکی ئاساییە.

ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵێك پلەیان هەیە بۆ ئەندامەکانیان و دواهەمین پلەیان دەگاتە ٣٣، شتێکم بەبیر کەوتەوە لێرەدا، مامۆستایەکم هەبوو لە زانکۆ خەڵکی جەزائیر بوو، بۆ خۆشی پرسیارم لێ کرد ووتم مامۆستا ماسۆنی دەناسی دەزانی کێین ئەویش ووتی: ئەی بێ قەزابیت چۆن نازانم هەموو سەرکردە عەرەبەکان تا پلەی ٣٣یان هەیە!!!.

هەندێك لە بیروباوەڕی ئەم کۆمەڵە:

*باوەڕ نەبوون بەخوای پێغەمبەرو قورئان. هەموو غەیبیات، وە هەموو ئەو شتانە بە درۆو دەلەسەو خورافیات دەزانن.

*کارکردن بۆ لەناوبردنی دین.

*کارکردن بۆ ڕوخاندنی هەموو حوکمەتێکی شەرعی و ڕوخان و لەناوبردنی هەموو حوکمەتێك لەسەر ئەو بنەما دابمەزرێت.

*ڕەوادان بە کاری جنسی و بەکارهێنانی ئافرەت وەك ئامێرێك بۆ سەرکەوتنیان!.

*کارکردن بۆ تێکدان و درستکردنی کێشەی فیکری لەناو دینەکانداو بڵاوکردنەوەی بێ باوەڕی.

*بەکارهێنانی بەرتیل بەماڵ و جنس! لەگەڵ خەڵکدا بەتایبەت لەگەڵ ناوداراندا، ئەوانەی کە شوێنێکی دیاری وەیان حەساسیان هەیە لە ناو کۆمەڵگەدا، بۆ

بره‌ودان به‌كاره‌كه‌يان.
*ئه‌گه‌ر يه‌كێك وازيان لێبهێنێ ده‌ی كوژن.
*هه‌وڵدان بۆ ده‌ست به‌سه‌راگرتن و به‌كارهێنانی هه‌موو كه‌ره‌سته‌يه‌كی ڕاگه‌ياندن، چونكه كاريگه‌ری ئه‌مانه زۆر خێرايه.
ماسۆنی له پشت هه‌موو گرفته‌كانی ووڵاتانی ئيسلاميه‌وه‌ن، هه‌روه‌ها له پشت ڕۆخاندنی خه‌لافه‌ته ئيسلاميه‌كانه‌وه‌و وه لابردنی سلطان عبد الحميد.
ئه‌م ده‌سته‌ش ئيسته ده‌بينرێت به ئاشكرا ئه‌گه‌ر سه‌رنج بده‌ين. نمويه‌كی زۆر بچوك خۆ ئاشكرای هه‌موو لايه‌كه كه حه‌ره‌كه‌ی حه‌ماس به هه‌ڵبژارن و ئه‌وپه‌ڕی ديموكراتی هاتنه سه‌ر حوكم. ئه‌گه‌ر ديموكراتی هه‌بێت! ئه‌و گه‌له سته‌مديده‌يه كه به درێژای ٦٠ ساڵه سته‌ميان لێده‌كرێت، به به‌رچاوی هه‌موو جيهانه‌وه!! ئومێدێكيان به حه‌ره‌كه‌ی حه‌ماس هه‌بوو كه هه‌ر هيچ نه‌بێت تۆزێك بحه‌سێنه‌وه له‌ژێر سێبه‌رياندا. كه‌چی هه‌ر دوای سه‌ركه‌وتنيان ئاوايان پێ ده‌كه‌ن كه له شاشه‌ی ميدياكانه‌وه ده‌يان بينين! ئيتر ناشزانم مافی مرۆڤ و هه‌موو ئه‌وانه‌ی كه ئه‌و لافانه لێده‌ده‌ن له كوێن؟. ڕابوردوی ئه‌و حيزبه‌ش ئاشكرايه كه له‌ساڵی ١٩٨٧ له ژێر ده‌ستی احمد ياسين دامه‌زراو وه باڵی ئيخوانين، وه احمد ياسينيان به‌و شێوه شه‌هيد كرد، ئه‌و كابرا كه ته‌نها ملی كاری ده‌كرد، ئێسته‌ش هه‌موو كه‌س ئيسماعيل هه‌نيه ده‌ناسێ و جێگه‌ی شانازی هه‌موو مه‌ردێكه وه فه‌له‌ستينيه‌كان به ئاشكرا ئه‌وانيان ده‌وێ وه‌ك هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ش ئه‌م ڕاستيه ده‌سه‌لمێنی، به‌ڵام هه‌موو ئه‌و گرفتانه‌يان بۆ دروست كردن، وه‌ك ئابڵوقه‌دان به‌شێوه‌يكی گشتی، هه‌تا مافی ئه‌وه‌شيان پێناده‌ن بڕۆن له ووڵاتێكی دراوسێی ئيسلامی خۆيان هه‌تا (شۆپينێكيش) بكه‌ن به‌پاره‌ی خۆشيان. له‌م لاشه‌وه فه‌تحيان لێ قوت كردونه‌ته‌وه له‌ناو خۆياندا خه‌ڵكيش ده‌ڵێ مسوڵمانه‌كان به‌ربوونه‌ته خۆيان! خۆ نازانن مه‌حمود

عەباس لەوانەیە هەر زوو پلەی ٣٣ بڕی بێت! وەك زۆر لە فەلەستینیەکان بڕوایان وایە، وە من خۆم لەوە خراپتریشم لێ بیستوون.
لە کۆتایدا حەزناکەم زۆر بابەتەکە درێژ بکەم ئەگینا ماسۆنی زۆر زیاتر لەوە هەڵدەگرێ کە نوسیومانە، وە بەجێی دەهێڵم بۆ نوسەرانی تر بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە، وە ئەم سەرچاوانەش ئاماژە پێدەکەم بۆ سود وەرگرتن لێیان.
سەرچاوەی بەسود لەسەر ماسۆنیەت:
*الماسونية سرطان الامم- أبو اسلام أحمد عبدالله
*القوة الخفية التي تحكم العام، جان مينو
*الدنيا لعبة اسرائيل، وليم كار
*السر المصون في الفرمسون، لويس شيخو-سنة ١٩١٢م
*هيكل سليمان، يوسف الحاج-سنة ١٩٣٤م
*أسرار الماسونة، الجنرال رفعت أتلخان
*تاريخ الجمعيات السرية والحركات الهامة، عبد الله عنان
*الماسونية، أحمد عبدالغفور عطار
تاريخ الماسونة العام، جرجي زيدان
*أصل الماسونية، ترجمة عوض خوري
*حقيقة الماسونية، د.محمد علي الزغبي
*أحجار على رقعة الشترنج، ترجمة سعيد (الجزائري)
*اليهود يجب أن أيعيشوا، صموئيل روث
*المذاهب المعاصرة، د عبدالرحمن عميره
*الماسونية في المنطقة ٢٤٥- أبو اسلام أحمد عبدلله
*الماسونية العالمية فى ميزان الاسلام- د. عبدالله سمك

## دیاردەی ماسۆنیەت لە کوردستاندا

ئەم دەستەش ئیستە دەبینرێت بە ئاشکرا ئەگەر سەرنج بدەین. لە ڕووسیا کەسێکی ماسۆنی لە وەزارەتێکدا کاری دەکرد کاری ئەم کابرا ئەوە بوو کە مامۆستا لەسەر کار دابمەزرێنێ، دواتر دەزگای پاراستنی ڕووسیا دەریان خست ئەو کابرا ماسۆنیە، بۆ ماوەیەکی زۆر چاودێریان خستەسەری لە هەموو ئەو پەیوەندیانەی کە دەیکات و وە پێوەی دەکرێت وەك: پۆست، تەلەفۆن، ئەنتەرنێت، وە هەموو ئەو کاتەی چاودێری هیچیان بەدەست نەکەوت ئەوەندە بە نهێنی کار دەکەن وە دواتر کابرایان گرت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵداکرد وە پێیان ووت هیچ گومانێکمان نی یە لەوەدا کە ئێوە لەگەڵ ماسۆنیدا کار دەکەن وە دەبێت پێمان بڵێی کە تۆ ئەم ماوەیەی کە کارت لەگەڵدا کردووین چی کارێکت کردووە بۆ ماسۆنی؟ وەگەرنا ملت دەپەڕێنین ئەویش ووتی: تەنها یەك کارم کردووە بۆ ماسۆنی، ووتیان چی بووە؟ ئەویش ووتی هەرکەسێك کە هاتبێت بۆ ئەوەی کە دایبمەزرێنم داممەزراندووە لەجێگەیەکدا کە تایبەتمەندی خۆی نەبووە بۆ نمونە کەسەکە مامۆستای زمانی ڕووسی بووە من کردوومە بەمامۆستای جوگرافیا وەیان مامۆستای مێژوو بووە من کردوومە بە مامۆستای زمان ئیتر بەو شێوە.

ئەمەیە کە من زۆر بەلامەوە گرنگە جەختی لەسەر بکرێت چونکە بەڕاستی ئەو کارە وولات بۆ دوا دەگەڕێنێتەوە وە بەڵکو هەر لەناوی دەبات کە لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆمەڵانێك پێدەگەن و کار دەکەن هیچیان زانیاری ڕاست و دروست و تەواویان نابێت لەسەر کارەکانیان چونکە بۆ ئەگەر مامۆستایەك مامۆستای وانەیەکی کرد کە خۆی لەو بوارەدا تایبەت نی یە چۆن دەیڵێتەوە ناچارە هەر بەڕێی بکات وەگەر مامۆستا هەر وانەی بەڕێ کرد دەبێت چاوەڕوانی چی لە

قوتابیان بکرێت ئەمەیە هۆکارێکی زۆر کاریگەری لەسەر قوتابیانی ئێمە کە زۆرێك لەو مامۆستانەی کە وانەیان پێ دەڵێنەوە خۆیان مامۆستای ئەو وانە نین! ئیتر هەم ساردو سڕی لەلایەن مامۆستاوە دەکرێت وەهەم قوتابیانیش ساردو سڕ دەبن هەرچەند قوتابیان خۆیان بۆ خۆیان وەنەبێت زۆر کارا بن ئەمەش دێتەپاڵی وە ئیتر بەتەواوی گوێیان لە وانەکان نامێنێ، ئەمە لێرەدا حکوومەت بەرپرسیارە لە چارەسەر کردنی هەروەك چۆن خۆی ئەم هزری ماسۆنیەی هێناوەتە ناوەوە خۆشی بنبڕی بکات، بەڵام حکوومەت نەك هەر خۆی ئەم کارەی هێناوەتە ناوەوە بەڵکو لەلایەکی ترەوە هاندەری قوتابیانە بۆ نەخوێندنیان ئەویش بەدامەزراندنیان لە زۆر جێگەیەك کە هەر ئەسڵەن پێویستی بە بڕوانامە نی یە چونکە کەسی کارمەند پێویستی بە مومارەسەی ئەوەیە کە خوێندوویەتی نایبێت، کاتێك کە قوتابی دەزانێ لە داهاتوودا کارێکی وای دەست دەکەوێت کە پێویستی بە زانیاریەکی تەواو نی یە لەسەر مادەکەی ئیتر هەر بەڕێی دەکات و تەنها بۆ بڕوانامەکە دەخوێنی وە ئیتر بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەکەی کۆمەڵە ڕێگەیەك دەگرێتە بەر کە بەدەر نی یە لە بیروباوەڕەکەی ماسۆنی، ئەمەش بەبڕوای نووسەر حکوومەت تێیدا بەرپرسیارە چونکە گەر ئەوان کار ئاسانی نەکەن بۆ قوتابی وەیان خۆیان زەمینەی بۆ نەسازێنن ئەوان ناتوانن سەرکەووتوو بن تێیدا، وەگەر حکوومەت ئەو کەسانەی کە بڕوانامە بەدەست دەهێنن لە جێگەیەکی وادا دایان بمەزرێنێ کە پێویستی بەزانیاری تەواو بێت ئەوکاتە قوتابی ناچار دەبێت کە تەنها بۆ بڕوانامەکە نەخوێنێ بەڵکو هەوڵی تەواو دەدات بۆ خۆ پڕ زانیاری کردن هەروەك چۆن لە وولاتانی تر دەبینین قوتابیان بەردەوام سەریان بەسەر پەرتوك و کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتەوەیە بۆ خوێندن بەلام لە کوردستاندا سەرقاڵی هەڵپەڕکێ و گۆرانی...! گەر قوتابی بزانێت بەبێ زانیاری تەواو کاری دەست ناکەوێت ئەوکاتە هەرخۆی

هەوڵی زانیاری تەواو باش خوێندن دەدات نەك تەنها بڕوانامە. بێگومان زۆرێك لەکارەکانی تری حکوومەت هاوشێوەن لەگەڵ هزری ماسۆنیدا، هەموو ئەو بیرباوەڕەی لەناو ماسۆنیدا هەیە لە کوردستانیشدا گەر زیاتر نەبێت کەمتر نی یە لێرەدا بەکورتی دەستنیشانی ئەو خاڵانەی کە باسمان کردووە لە بیرو باوەڕی ماسۆنیدا بەکورتی بەراوردی دەکەین لەگەڵ کارەکانی حکوومەتدا.

١-ماسۆنی: باوەڕ نەبوون بەخوای پێغەمبەرو قورئان. وە هەموو غەیبیات، وە هەموو ئەو شتانە بە درۆو دەلەسەو خورافیات دەزانن.

*حکوومەتی هەرێم: هەرچەند حکوومەت بەئاشکرا ئەو بانگەشەیە ناکات لەناو خەڵکدا بەڵام بێدەنگ بوون لە ئاستی ئەو هێرشانەی کە دەکرێتە سەر دین هاوشێوەی لەگەڵ ماسۆنیدا نیشان دەدات.

٢-ماسۆنی: کارکردن بۆ لەناوبردنی دین.

*حکوومەتی هەرێم: ئەمیش هەروەها بەئاشکرا ڕەدی ناکرێتەوە بەڵام وەك زۆرجار کە لە پەرلەماندا گوێمان لێ بووە کە دەڵێن ئێمە هەموو شتێکی دین وەرناگرین بەڵکو هەمە لایەنە، بەحسابی خۆیان ئەم کارە کارێکی باشەو دڵی هەمووی پێ ڕازی دەکرێت بەڵام پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ زۆرینەدا کە ئاشکرایە زۆرینەی کورد مسوڵمانە بەڵکو نەك تەنها زۆرینە ڕێژەکەی زۆر لە سەدەوە نزیکە. پێچەوانە بوون لەیەك ئایەت پێچەوانێتی هەموو قورئانە.

٣-ماسۆنی: کارکردن بۆ ڕوخاندنی هەموو حوکمەتێکی شەرعی و وە ڕوخان و لەناوبردنی هەموو حوکمەتێك لەسەر ئەو بنەما دابمەزرێت.

*حکوومەتی هەرێم: هەرچەند هەموو ئەمانە حکوومەتی هەرێم بەئاشکرا بانگەشەی بۆ ناکات بەڵام ناوبردنی ئیسلام بەتیرۆرو سەربڕین و ترسی سەرکەوتنی حیزبە ئیسلامیەکان ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ.

٤-ماسۆنی: ڕەوادان بە کاری جنسی و وە بەکارهێنانی ئافرەت وەك ئامێرێك بۆ

سەرکەوتنیان!.
*حکوومەتی هەرێم: زۆربوونی دیاردەی لەشفرۆشی لەسەر شەقامەکان و هوتێلەکانداو هێنانی کەسانی لەشفرۆش لەدەرەوەی وولاتەوە ئەم ڕاستیەش دەسەلمێنێ، پەرتوکی ئۆقیانوسێك لەتاوان ئەو شایەتیەش دەدات.
٥-ماسۆنی: کارکردن بۆ تێکدان و دروستکردنی کێشەی فیکری لەناو دینەکانداو وە بڵاوکردنەوەی بێ باوەڕی.
حکوومەتی هەرێم: ڕەواج دان بە دینی زەردەشت و زەقکردنەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا ئەم ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ.
٦-ماسۆنی: بەکارهێنانی بەرتیل بەماڵ و جنس! لەگەڵ خەڵکدا بەتایبەت لەگەڵ ناودارانداو، ئەوانەی کە شونێکی دیاری وەیان حەساسیان هەیە لە ناو کۆمەڵگەدا، بۆ برەودان بەکارەکەیان.
*حکوومەتی هەرێم: دانی بەرتیل شتێکی هەر زۆر بەربڵاوە بەتایبەت لەکاتی دەنگدانەکاندا وە نمونەی ئەمە ئەوەندە زیندووە هیچ نکۆڵیەك هەڵناگرێت وە زۆرن لەوکەسانەی پشکیان بەرکەوتووە.
٧-ماسۆنی: ئەگەر یەکێك وازیان لێبهێنی دەی کوژن.
*حکوومەتی هەرێم: ئەمە کارێکی ئاسان نی یە کردنی وەگەرنا ئاساییە بەلایانەوە، وە بەخراپ ناوبردن و مامەڵە لەگەڵ کردنی لەبری کوشتندا بەکار دەهێنرێت وە هەردوو حیزبی دەستەڵات چ لەگەڵ خۆیانداو وە چ لەگەڵ ئەندامی حیزبەکانی تردا مێژوویەکی ڕەشیان لەم بوارەدا تۆمار کردووە.
٨-ماسۆنی: هەوڵدان بۆ دەست بەسەراگرتن و بەکارهێنانی هەموو کەرەستەیەکی ڕاگەیاندن، چونکە کاریگەری ئەمانە زۆر خێرایە.
*حکوومەتی هەرێم: ئەوەندە کەناڵی لۆکەڵی و ئاسمانیان زیاد کردووە ناوەکانیمان بۆ لەبەرناکرێت وە زۆربەیان پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕەوە

دەجوڵێنەوە کە هاوڵاتیان هەیانە.
لێرەدا دەبێت ئەوە بەبیرخۆمان بێنینەوە هەموو ئەم کارانەو وە زۆرێکی تریش ئایا لە بەرژەوەندی خاك و وڵات و هاوڵاتیانن یان لەبەرژەوەندی دەستەڵاتداران، وەڵامەکەی ئاشکرایەو وە پێویستە چیتر حکوومەتی هەرێم ڕۆخێنەری ئەو بیرۆکانە بێت نەك برەودان پێیان ئەوسا میللەت بەرەوپێش دەچێت و بەدوور دەبێت لە گومانی دەستی دەرەکی و وە وڵاتێکی خۆماڵی ڕاستەقینە دەردەچێت، لێرەدا ئێمە چەند خاڵێك دەخەینە ڕوو بۆ حکوومەتی هەرێم:
١-خۆ بەدوورگرتن لە دژایەتی کردنی بیروباوەڕی هاوڵاتیان کە مسوڵمانن چ لە میدیاکانەوە وە چ بەڕێگە گرتن لەو هێرشانەی کە ڕاگەیاندنەکانەوە دەکرێت بە میدیاو ڕۆژنامەیەوە.
٢-پەیڕەوی کردنی شەریعەتی ئیسلامی ئەویش بە دەستوور دەچەسپێ نەوەك حوکمە شەرعیەکان بخرێنە دەنگەوە! دەرکردنی یاسایەکی پاراستنی ئاینی بەشێوەیەکی گشتی، نەك هەر ماموستایەك کارا بێت دەریان بکەن.
٣-لەناو بردنی هەموو دیاردە گەندەڵیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوەو، دەرکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە لەجێگەی شیاودا دانەنراون وە پڕکردنەوەیان بە کەسانی پسپۆڕو کارا.
٤-دابەشکردنی ئەو داراییەی کە دەست کوردستان دەکەوێت بەشێوەیەکی یەکسانی بەسەر پرۆژەو فەرمانبەراندا، نەك ئەندام پەرلەمانیك بەقەدەر ٢٥٠ کەم ئەندام پارە وەربگرێت.
هەروەها چەند خاڵێك دەخەینە بەردەست هاوڵاتیانیش:
١-پابەند بوون بە ئاینەکەیانەوەو ئینتیما بوون بۆی لەگەڵ وڵاتەکەیاندا چونکە ئەویش داواکراوێکی دینییە.

٢-بێ دەنگ نەبوون لەئاست هەر گەندەڵیەك بەهەرشێوەو لەژێر هەرناوێکدا بکرێت.
٣-هەوڵدان لە پێناو زانستی ڕاست و دروست و بەرزداو وە بە ئومێدی بەگەڕخستنی لە پێناو خزمەتکردن بە ووڵاتدا نەك تەنها بۆ بڕوانامە خوێندن.
٤-خۆ پاك کردنەوە لەهەموو خراپەیەك چونکە حکوومەتیش پێکهاتەی هاووڵاتیانە ئەگەر هەر یەکەو لای خۆیەوە خۆی بەپاکی ڕابگرێت حکوومەت ئۆتۆماتیکی خۆی چاك دەبێت.
بەئومێدی ڕەچاوکردنیان و لە پێناو ووڵاتێکی نمونەیدا.

## لە دەمارگیری مەزهەبیەوە بۆ دەمارگیری حیزبی

دەمارگیری و خۆپەرستی خەسڵەتانێکن ئەو کەسانەش کە ئەو خەسڵەتانەیان تێدایە بۆ خۆشیان ناتوانن پشتگیری لێ بکەن ئەگەرچی لە کرداری خۆشیاندا ڕەنگی دابێتەوە، چونکە شتانێکن ژێری باوەڕی پێیان نی یەو هەردەم بەخراپ ناویان هێنراون، هەربۆیە لە دونیاشدا دەبینین سزا بۆ بکەرانی دانراوە لە یاسادا، بۆ نمونە کەسێك خۆپەرستی و دەمارگیری بەرانبەر یەکێکی تر بکات هەرکات بەدەرکەوت و جێگیر بوو سزاکەی وەردەگرێت، ئیتر لە ووڵاتێکەوە بۆ ووڵاتێکی تر جیاوازی لە جۆرێتی سزاکەدا هەیە، ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت باسی لێوە بکەم بەدووره لەو دەمارگیری و خۆ پەرستیانەی کە لەسەر خود یان کۆمەڵگەیەکی تایبەت دروست دەبێت بەرانبەر کەسانی تر، بەڵکو ئەو دەمارگیریە مەزهەبیەیە کە لە مێژووی ئیسلامیدا بەرانبەر مەزهەبێکی تری جیاواز هەبووە ئێستە هەمان دەمارگیری و خۆ پەرستی زۆر بە توندترو بەجۆرێکی تر دروست بۆتەوە بەڵام لەسەر حیزب، کاتێك باس لە مەزهەب

دەکرێت هەرچەند مەزهەب بۆ خۆی زۆر بووە لە سەرەتاوە بەڵام کۆمەڵێك دۆخی جۆراوجۆر وای کرد کە تەنها چوار مەزهەب وەك مەزهەبی سەرەکی بمێنێتەوەو پەیڕەوی مەزهەبەکانیان لە سەرانسەری جیهاندا بکرێت، لە مێژوودا ئیسلامیداو لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەبوونی ئەم چوار مەزهەبە کێشەی زۆری ناوەتەوە بەجۆرێك هەندێك جار ڕێگری لە ژن و ژنخوازی لەسەر دەمارگیری مەزهەبی کراوە، وە هەروەها شەڕو پێکدادانیش هەر لەسەری دروست بووە، هەموو ئەم پیا هەڵشاخانەو لێك تێنەگەشتنە لەسەر تێنەگەشتنیان بووە لەسەر خودی ئیسلام وەگەرنا مەزهەب نەك چوار بەڵکو چلیش بێت کێشەی تێدا نی یە، دواتر ئەم کێشمەنکێشە بووە بە مایەی سەرنجی بانگخوازان و کاری زۆر بۆ کرا تا کاڵ بکرێتەوەو مەزهەبیان لا ئەوەندە گەورە نەبێت کە ڕێگریان بکات لەسەر کاری خێرو چاکە، چونکە مەزهەب مەزهەبە، نەك دین، دین لە مەزهەب گەورەترەو دینەکەیە مەزهەبەکانی لە ژێردا جێ بۆتەوە، من لە بیرمە منداڵ بووم لە کۆمەڵگەی کوردیدا کار بۆ ئەم کاڵ بوونەوەی مەزهەبیە زۆر دەکرا لە ناو مزگەوتەکانی کوردستانداو مەلاکان بۆ خەڵکیان ڕوون دەکردەوە کە گرفت لەوەدا نی یە لە شتێکدا بە گوێی مەزهەبێك بکەین و لە شتێکی تردا بە گوێی مەزهەبێکی تر، زۆرجار نمونەی دەستنوێژ شکاندن دەهێنرایەوە، دەوترا ئێمەی کورد لەسەر مەزهەبی شافعین و دەستنوێژمان لە خێزان و ئافرەتان دەشکێ ئەگەر دەستمان بەردەستی یەکتر کەوت، بەڵام کە ڕۆشتین بۆ حەج خۆمان دەبەینە سەر مەزهەبی حەنەفی و دەستنوێژ ناگرینەوە، چونکە ناکرێت و زەحمەتە لە حەجدا خەڵکی زۆری لێیەو بەناچاری هەر بەر یەکتر دەکەون، هەندێك وردترو جوانتر دەیان ووت ئێمە شوێن بەڵگە دەکەوین ئیتر جیاوازی نی یە لە حەج بین یان دەرەوەی حەج مادام بەڵگەی ئیمام ئەبو حەنیفە بەهێزترەو دەڵێ ناشکێ با لە حەجیش نەبین هەر دەستنوێژ ناگیرنەوە،

هەندێکیش چونکە لەسەر دەمارگیری مەزهەبی دامەزرابوو باوەڕی دەکرد بە بەڵگەی ئیمام ئەبو حەنیفەو بە دەستنوێژ نەشکانی لەگەڵ خێزانیدا، بەڵام هەر دەیگرتەوە دڵی ئاوی نەدەخوارد، لێرەدا ئەوەی زۆرگرنگ و لە جێیە بوترێت ئەو دەمارگیریەی لەسەر مەزهەبەکان هەبوو خۆ مەزهەبەکان چوارن لە کاتێکدا جیاوازیەکان هەموو فیقهی بوون، بەڵام ئێستە دەمارگیری و خۆ پەرستی یەکتر قبوڵ نەکردن لەسەر حیزب دروست دەبێت و هەر حیزبەو مەزهەبێکی جیاوازی بۆ خۆی دروست کردووەو کەسیش ئەوی تری قبوڵ نی یە، وە زۆرجار ڕاجیاوازیەکان لە فیقهیش زیاتر بووە، لە چوار مەزهەبەوە بۆ ١٠٠٠ مەزهەب ئێستە. وە هیچ وولاتێکیش نی یە پشکی لەم دەمارگیریەدا بەرنەکەوتبێت، گەر بێت و باسی کوردستان بکەین چەند حیزبی ئیسلامی تێدایە ئەوەندە مەزهەبی جیاوازەو وە هەتا لەناو حیزبەکانیشدا باڵی جیاوازی تێدایەو ئەوانیش مەزهەبێکی جیاوازیان بۆ خۆیان دروست کردووەو هەر بە مەزهەبی حیزبەکەی خۆشیان ڕازی نین، جگە لەوەش لەسەر جێگەو شوێن مەزهەبی جیای تریش هەن، ئەم جیاوازیەش گەرچی پەیڕەو پرۆگرامی خۆشیان هەیە بەڵام بەهۆی حەزی تاکەوە گۆڕانکاری و دەمارگیری دروست دەکات و لەسەر حیزبەکەش کاریگەری دەبێت، هیچ کەسێك نی یە باوەڕی بە ڕاستێتی دەمارگیری حیزبی نەبێت مەگەر دەمارگیری بەشێوەیەکی لێ کردبێت نکۆڵی لەمەش بکات، نمونە زۆرن لەسەر گشت حیزبەکان کە چاویان بەیەکدا هەڵنایەت و هەرکەس ئەوەی خۆی نەبێت ئەوی تر ئامادەش نی یە لە حەجیشدا خۆی بۆ بباتە سەری، هەر لەسەر بنەمای حیزب و دەمارگیری کوێرانە بۆی مسوڵمان هەیە لەگەڵ براکەیدا قسەناکات و بۆ هەلێکیش دەگەڕێ پشتی بشکێنێت، منیش دەڵێم تا مسوڵمانان لەناو یەکدا بەم جۆرە بن دروست بوونی حکوومەتی ئیسلامی و گەڕانەوەی خەلافەت خەونێکی شاعیرانە.

جا ئەمە بۆ ئەحزابە ئیسلامیەکان، وایە بۆ عەلمانیەکان بە نوسین مافی پێ نادرێت کە ئەو هەموو خوێنە لە نێوانیاندا ڕوویداوە، لانی کەم لەناو ئیسلامیەکاندا تەنها فکری و نەزەریەو نەگەشتووەتە حاڵەتی بەرکەوتن، بەڵام یەکیەتی و پارتی ڕووبارێك خوێنی یەکتریان ڕژاندووە، هەربۆیە بۆ ئەمانیش دەڵێم تا لەناو یەکتردا بەو شێوەیە دەبێت تەنها وتەکەی مام جەلال بڵێینەوە کە لە تورکیا بەبەرچاوی دوژمنانی کوردەوە وتی: دەوڵەتی کوردی خەونێکی شاعیرانەیە.

## شـیوەنێك بۆ ئازادی

ئەگەر بمانەوێت پیناسەیەی ئازادی بکەین بەلاتانەوە نامۆ نەبێت کە نەتوانین.. لەبەر ئەوە نیە کە پێناسەکەی نارەحەت بیت و لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە، بەڵام ئەوەی کە دەیبینین بەناوی ئازادیەوە دەکرێت پێچەوانەی ئەوەیە کە لە پێناسەی ئازادیا دەیبینین، وە یان تێگەشتووین جالەبەر ئەوە بەجێی دەهێڵین ..

کاتێك سەرنجی دروشمی زۆرینەی وولاتان دەدەین دەبینین ئاماژەیەکی تێدایە بۆ ئازادی زۆر جار ڕاستەو خۆ وە هەندێ جار نا ڕاستەو خۆ، هەریەکەو بە تەعبیرو زمانی خۆی، زۆرێکیش لەو ئازادیانە پێچەوانەی یەکترن!. ئەگەر بێت و گوێ لە وتارەکانیان بگرین زۆر بە وورد ترو قوڵتر باسی ئازادی دەکەن بەشێوەیەکی وا ئەگەر بیسەر خاوەنی بیرو باوەڕێکی دامەزاو نەبێت زوو دەخەڵتێت و بە کوێرانە شوێنی دەکەوێت، سەرەنجامی ئەمەیە زۆرێك لە خەڵکی هەر ڕۆژەو لەگەڵ حوکومەتێك وە یان دەسەڵاتیك دایە.

ئەگەر بێت و سەرنج لە کردارەکانیان بدەین جیاوازیەکی زۆر هەیە لە وەی

كە بانگەشەی بۆ دەكەن وە لەگەڵ ئەوەی كە دەیكەن. جا ئەو ووڵاتە وەیان ئەو لایەنە چ حوكومی بێت یان مەدەنی. ئەگەر ئیسلامی بێت هەڕەشەیەكی سەخت دەیگرێتەوە وە كو خوای گەورە دەفەرموێ { یاایها الذین آمنوا لم تقولون مالا تفعلون، كبر مقتا عند الله ان تقولوا ما لا تفعلون }سورەتی الصف ٢-٣ وە ئەم مەفهومە ئاشكرایە لای زۆرێنەی خەڵك بە تایبەت مسوڵمانان، دەبێت كردەوە لەگەڵ وتاردا وەك یەك بێت. دەگێڕنەوە مامۆستایەكی ئاینی دەبێت زۆر داوای لێ دەكەن باسی ئازاد كردنی بەردە بكات ئەویش هەر دوای دەخات مامۆستا هەژار دەبێت دەڕوات ئیش دەكات پارە پەیدا دەكات و بەردەیەكی پێ دەكڕێ و ئازادی دەكات دوای ئەوە لە ووتاری هەینیدا باسی بەردە ئازاد كردن و خەیری ئازاد كردنی بەردە دەكات، وە دوای ئەوە خەڵكەكە پرسیاری لێ دەكەن دەڵێن مامۆستا چۆن ئێستا ئەو باسەت كرد لە كاتێكدا ئێمە لە كۆنەوە ئەم داواكاریەمان لێ دەكردیت مامۆستاش دەڵێ پێم خۆش بوو كاتێك باسی بكەم كە خۆم هەستابم بەكارەكە تا خەڵی نەڵێن مامۆستا خۆی هەژارەو بەردەی نیە بۆیە وا دەڵێت.

ئەگەر غیری ئیسلامیش بێت ئەو متمانەیەی نامێنی لای خەڵك زۆرمان بینی ئەو كەسانەی كە ئامادە بوون خۆیان و ماڵ و منداڵیان بەخت بكەن لە پێناو حوكمەتێك وە یان لایەنێك بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە.

گەر ئازادی هەیە ئەو هەموو خەڵكە چ دەكەن لە بەندینخانەكاندا بەئیهمال كراوی، گەر ئازادی هەیە بۆ نەوێرین ئازادانە بیر بكەینەوە، گەر ئازادی هەیە بۆ نەوێرین ئەوەی باوەڕمان پێیەتی بە ئاشكرا بیڵێین، گەر ئازادی هەیە بۆ واو بۆ وا.....

بەڵام ئەوەی لە و جۆرە ئازادیانە تێدەگەین ئازادیەكی تەسكەو تەنها لە چوار چێوەی خۆیاندا دەسوڕێتەوە. لە كۆتایدا ماوە بڵێین خۆزگە چاوێك بەو

ئازادیانەدا دەخشێنرا و وە چیتر خەڵکی نەدەخەڵەتێنرا بەناوی ئازادیەوەو، خەڵکیش زیاتر هوشیار دەبوو.

## کوردایەتی یان خۆ پەرستی !

خۆشویستنی گەل و، وولات و، خاك دەتوانم بڵێم لە هەموو کەسێکدا هەیەو شتێکی سروشتی یە. ئیتر جیاوازی نیە لەوەی ئەو کەسە هەر ئاین و فیکرەیەکی هەبێت. ئەگەر بێت و ئەو پرسیارە ڕووبە ڕووی خەڵکی بکرێتەوە ئەو ڕاستیە زیاتر ئاشکرا دەبێت. جا ئەو کەسەی کە ئەو پرسیارەی ئاراستە دەکرێ دیسان جیاوازی نیە لەوەی کە خەڵکی وولاتێکی زل هێزو ناودارو پێشکەوتوو بێت، وەیان بە پێچەوانەوە. ئەگەر بێت و سەیری مێژوویش بکەین هەر شایەتی لەسەر ئەم ڕاستیە دەدات،بۆ نموونە ئەو هەموو ناکۆکی و کوشتارەی کە کراوە لەسەری. وە کە ئیسلامیش هات زیاتر جەختی لەسەرکردەوە بەڵکو بوو بە، بەشێکیش لە ئاینەکە، ئاشکرایە کە ئاینی ئیسلام هات ئەو شتانەی کە خراپ بوو لەناوی بردن و قەدەغەی کرد وە ئەوەیشی کە باش بوو هێڵایەوە. جا ئەو خۆشەویستیەمان بۆ گەل و وولات و خاك دەبێ زیاتر بێت لە خەڵکی ئاسای مادام خۆمان بە مسوڵمان بزانین. بەداگیر کردن و زوڵم زۆر لێی جیهادمان لەسەر واجب دەبێت. ئەمە ڕاستیەکە ئەگەر خەڵات بکرێن لەسەری وەیان بەپێچەوانەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و ئەسەفە بەڕاستی وە بەشێوەیەکی بەربڵاو دەبینرێت ئەوەیە زۆرێك ئەم خۆشەویستیەیان والێکردووە بردوویانەتە ئاستی خۆپەرستیەوە بەشێوەیەکی وا کە هەر کورد، کوردیانە، دان بە حەق و زۆر ڕاستیەکدا نەنێن کە ئەمەش بە بۆچونی من زوڵمێکە لە کوردایەتیەکەمان دەکرێت. بەتایبەتی ئەم دژایەتیە دەتوانم بڵێم دەبینرێت بەرانبەر بە عەرەب

ئەڵبەت من لێرەدا دیفاع لە عەرەب ناکەم بەڵکو وەکو ڕاستیەك دەیخەمە ڕوو، هەر گەلێکی تریش بوایە ئاماژەم پێ دەکرد. وە باوە ڕ ناکەم هێچ عەرەبێکیش ئەم نوسراوە بخوێنێتەوەو بێت دەست خۆشیم لێ بکات و بڵێ حیاك الله یااخی لهذة الرسالة. دەتوانم هۆکارەکەشی بگەڕێنمەوە بۆ ئەو هەموو تاوانانەی کە صدام بەرانبەر بە کوردی کرد، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت بە عەرەبیشی کرد چەندەها تەصویری ڤیدیۆیم لایە ئەگەر بێت و باسی بکەم لەوانەیە نەتوانم ئەم نوسینە تەواو بکەم. بەڵام ئەوە تاکە کەسێك بوو نەك هەموو عەرەب.

ئەمە دەبێتە مایەی دڵ ئێشانی بەرانبەرمان و، وا لە بەرانبەرمان دەکات کە بەرەنگارمان ببنەوە، وەیان هەر نەبێ ئەوانیش دان بە حەقی ئێمەدا نەنێن، ئەوەی کە دەمەوێت بیڵێم لێرەدا ئەوەیە دەبینین چ لە هاووڵاتیانی فەلەستین دەکرێت. گەلێکی مسوڵمان مەزڵوم کاتێك دەیان بینم دەڵێم مەگەر ئێمە لە ئێوە خراپ ترمان بەسەرهاتبێت. ئاشکرایە کە حەرەکەی حەماس لە هەڵبژاردن، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بە زۆرینەی دەنگ و وە زۆر بە دیموکراتی ئەگەر دیموکراتی هەبێت!!! هەر دوای دەرچوونیان ئاوایان لێ دەکەن کە پێیان دەکەن لە لایەن جولەکەوە، هەموو عالەمیش سەیریان دەکات و وە لە سەرووی هەموویانەوە ووڵاتە عەرەبیەکان!!. وەکو وابێ هەر هیچ ڕووی نەدابێت! تا ئێستە هەر خۆگر بوون و توانیویانە تەحەمولی بکەن. ئەو هێزوو تینە گەشتە ئەوەی کە حصار بخەنە سەریان بەڵام چ حصارێك خۆ ئێمەش حصارمان بینیوە بەڵام ئەمە زۆر جیاوازە لەوەی خۆمان، ئێمە شت هەبوو بیکڕین هەموو ئەملاو لایەك تارادەیەك هەبوو بەڵام نەمان بوو...

بەڵام فەلەستینیەکان بەند کراون لە غەزەدا مناڵی تیدایە پیری تیدایە ئەگەر تاوان باریشی تیادا بێت ئایا تاوانی ئەو هەموو خەڵکە چیە بۆ وایان

لێ بکرێت؟؟؟ ژنێك پشیلەیەکی بەند کرد، بوو بەمایەی چوونە دۆزەخیەوە وەکو لە حەدیسیکدا هاتووە. بەڵام ئەمە میللەتێکە!!! لە کۆتایدا دەڵێم ئێمە زۆرمان بەسەرهاتووە مەگەر هەر ئێمە بزانین ئەو دەردانە چەند گرانە بۆ بێ دەنگ بین خۆ ئەگەر ئێمەش دان بەو ڕاستیانەدا بنێین و دەنگمان لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکەدا بەرز بکەینەوەو،وە هەر نەبێت بڵێین ئەمانە تاوانن دەرهەقیان دەکرێت،خۆ لە کوردایەتیەکەمان کەم ناکاتەوە! ئەگەر قازانجیشی نەبێت زیاتر بوونمان دەسەلمێت ئەگەر هەستی دینیمان ناجوڵێت با هەستی ئینسانیمان بجوڵێت.

## محمد مورسی ڕوی دیموکراتی ڕەشکرد

تا چەند ساڵێك پێش ئێستە کۆمەڵە ناوێك زۆر کەسی پێ دەخەڵەتێنرا، هەتا لە ڕابردووشدا ئەمە ڕوویداوەو گەورە زانای ئیسلامیش پێی کاریگەر بووەو بۆ ماوەیەك فریوی خواردبوو! لە ژێر ئەو ناوە بێ ناوەرۆکانەدا!، نموونەی گەورە زانای ناوداری میصری وەك موحەمەد عەبدە، یان کەڵە زانای وەك جەمالەدینی ئەڤغانی لە ژێر دروشمە بریقەدارەکانی ماسۆنیەتدا.
هەڵگری ئەو شیعارانەی کە ماسۆنیەت هەڵگری بوون و بە ڕواڵەت کاریان بۆ دەکرد، زۆر زانا کەوتنە ژێر کاریگەریان، بەڵام هەر کە بۆیان دەرکەوت خۆیان لێ کشاندنەوە.
لە دوای دەرکەوتنی ماسۆنیەت و دەستخستنە کاری ڕۆژهەڵاتەوە، زۆر دەستی تر بەردەوام بەناوی تری جۆراو جۆرەوە کاری کردووە، هیچ هزرو ئایدۆلۆژیایەك نەماوە تاقی نەکرێتەوە لەگەڵ خەڵکەکەیدا! کەچی هیچیشی نەچووەتە ناخی خەڵکیەوە، نمونەش بۆ گەواهی لەسەر ئەو وتانە گەلێك زۆرن وەك نوێژ کردنی

ئەندامانی شوعی و پابەند بونی ئەندامانی حیزبە عەلمانی و چەپەکان لەسەر دینداری، هەتا بەو ڕادەش سەرکردەکانیان لەلایەن هاوڵاتیان و ئەندامانی خودی حیزبەکانەوە زۆرجار ناچار کراون لەگەڵ ئەوەی دژ بە دین کار دەکەن پابەندیان بۆ دین نیشان بدەن!، ئیتر هەرچی لەسەر بە زۆر سەپاندنی دین دەکەن بەسەر کۆمەڵگەکانیاندا زۆریش دەکەن بۆ ئەوەی لێیان بسەننەوە تا ئێستە سەرکەوتو نەبوە، ئەمەش خۆی دیسان گەواهیەکە لەسەر ئەوەی دین بەزۆر بەسەر ئەم کۆمەڵگانەدا نەسەپیوە، چونگە گەر وا بوایە بە زۆریش لێی دەتەکایەوە؟! دین بە شایەنی حوکمڕانی نازانن بەڵام ناچاریشن بیخەنە دەستورەوە؟! ناشتوانن حسابی تایبەت بۆ دین و زۆر بە تایبەتی بۆ ئیسلام نەکەن، گەر بۆ سەردانێکی سیاسیش سەردانی سعودیە بکەن ناچارن لەگەڵیشیدا عەمرەیەك بکەن، خۆیان دین تێکەڵ بە سیاسەت بکەن! چەندەها جۆری هێزو بیرو هزری جیاواز لە ڕۆژهەڵاتدا تاقی کرایەوە هیچی سەری نەگرت و هاوڵاتیانیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەوە ئیسلام دەچن و مزگەوت و کۆڕو کۆبونەوە دینیەکان زیاتر قەرەباڵغی بە خۆیەوە ببینێت!، هەتا گەشتونەتە ئەو باوەڕەی کە چیتر ئەم خەڵکانە قبوڵی ئەو بۆچونانە ناکەن کە دینەکەیان لێ دابڕنێت و ناچارن ئەوان خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن، هەرچی هەوڵ دەدرێت بۆ ئەوەی دین پەراوێز بخرێت زیاتر پەل دەکێشێت!، هەربۆیە ئەو بیرو هزرانەی گەرچی لە بنەڕەتدا دین ڕەد دەکەنەوەو بە هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگەی دەزانن ناچارن وازی لێ بهێنن و بۆ لە دەست نەدانی جەماوەریان خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن، لێرەدا جگە لەوەی گلەی هەیە لە ناهۆشیاری خەڵك لەم ڕاستیانە، لەولاشەوە زیاتر ڕەخنەی توند ڕوبەڕوی ئەو سەرکردانە دەبێتەوە کە ئەوانیش نەتوانن لەگەڵ هزرەکەی خۆیاندا ڕاستگۆ بن، هەربۆیە سیاسەتیش بە درۆو دەلەسەو دوڕو زۆرجار لەم کۆمەڵگانەدا ناو دەبرێت.

لێرەدا گرنگی گەڕانەوە بۆ بنەڕەت دێتەوە کایەوە دوای ماندوبونێکی زۆرو تاقیکردنەوەی گشت بیرو هزرەکانی تر، ئەوەتا بینیمان لە گشت شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی یاخود ئیسلامی کۆمەڵگە بە پەرۆشی و خۆشحاڵیەوە چاوەڕوانی دەستەڵاتێکی ئیسلامی دەکەن، هەر ئەو پێوەرانەش کە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمەریکا کە دایان ناوەو پەیڕەوی دەکەن و ناوی بریق و باقیان لێ ناوە بەو پێوەرانەش سەرکردە ئیسلامیەکان هەر لە پێشن و زیاتر خەڵکی بەرەو ڕویان دێت.

نمونەی دەرچونی دکتۆر موحەمەد مورسی سەرۆکی میصر بە زۆرینەی دەنگ گەورەترین بەڵگەی ئەو شۆڕشانەیە، لەم لاشەوە گرفت خستنە ناوو ناکۆکی دروست کردن بۆیان ئەوەی ناویان ناوە شەرعیەتی دەنگدان و دیموکراسی و حوکمی گەل و زۆر ناوی تر، زیاتر بیرۆکە چەپەکان و ئاشکرا بونی دەستەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لێرەدا ئێمە هەڵەیەکی گەورەو مەترسیەکی کاریگەر بۆ ئەم کۆمەڵگانە لە ژێر ئەم پشێویەدا دەبینین ئەویش هاندانی خەڵکیە بە لایەنە توندیەکەدا، ئەوەی کە ناوی لێ دەنێن تیرۆرو ئیسلامی ئوصوڵی و جیهادی لە دژ ئەو بیرۆکانە، چونکە ئەزموونی کارکردن و قبوڵ نەکردنی سندوقی دەنگدان و دەرفەت نەدان بە کار کردن هەمووی بە ئاشکرا هاندانە بۆ وازهێنانی لایەنە ئیسلامیەکان بە خەباتی سلمی و گرتنە بەری ڕێگەی جیاواز.

ئەزمونی کاری ئیخوان لە ڕابردودا بەو شێوە سلمیەی کە کاریان کردوەو ئارامیان لەسەر زیندان و شەقی نا موبارەکی بەناو موبارەك و ئەو مێژوە دورەی کە ئاشکرایەو دەستخستنە ناو هەوڵی زۆرینەی خەڵکی میصرو تێکدانی شۆڕشەکەیان ئێمە وای دەبینین کە زۆر بە خراپ بەسەردا بشکێتەوەو ڕێگە بۆ ئەو ڕێکخراوانە زیاتر خۆش بێت کە لە زوەوە بڕوایان بەم جۆرە کارە نەماوەو

هەڵبژاردن بە میكیاج و هەڵ خەڵەتاندنی دەزانن، چونكە لە ڕاستیشدا ئەم دەستە پشێویە بە ئاشكرا خەڵكی بەو لایەنانەدا هان دەدات.
ئەوەی جێگەی نیگەرانی و هەڵوێستەی زۆر جدیشە لەسەری پشتگیری ڕاگەیاندنە عەلمانیە كوردیەكانی كوردستانە لەسەر دژە مورسیەكان؟! كە زۆر ئاشكرایە مورسی لەگەڵ ئەو ناهەقیە زۆر گەورەیەش كە پێی دەكرێت چۆن بە زمانی گفتوگۆ قسە دەكات، لە كاتێكدا لە حەقدەی شوبات و ئەو شۆڕشەی دژی گەندەڵی بیست ساڵ حوكمڕانی دەستەڵاتدارانی كورد بە چ شێوەیەك لە بری زمانی گفتوگۆ بە فیشەك و كوشتن و تۆقاندن و نانبڕین كۆتاییان پێی هێنا، دەبو هەركەس پشتگیری دژە مورسیەكان بوایە دەستەڵاتی كوردی پشتیوانی مورسی بونایە، چونكە بە بیست ساڵی خۆی دەڵێت ساوا دەبو ئەم چەند مانگەی مورسیشی هیچ نەبێت بە ساوا بزانیایە، بۆ دەرفەت نادەن بە مورسی كە بە هەرچی پێوەر هەیە مافی حوكمرانی هەیە، بەڵام دیارە بەم چەند مانگە كورد دەڵێ دەمو دۆی تاقی بویەوە بۆ ئەو دەستانەی ئێستە دەیانەوێت بیشێوێنن كە ناكەوێتە ژێر باریان و دەیەوێت میصریانە بیر بكاتەوە نەك ئێرانی و ئیسرائیلی و ئەمەریكیانە.
ئەو دەستەی كە هەڵبژاردن و شەرعیەتی فەلەستینی تێكداو ڕازی نەبوو بە حەماس و فەلەستینی كرد بە دوو پارچەوە ئێستەش میصر ئەو ئەزمونەمان دەخاتەوە یاد، هەربۆیە گەر بێت و ئەو دەستە پشێویەی كەوتۆتە ناو میصرەوە نەوەستێت دور نی یە بە زیانی زۆر گەورەی هەم میصر خۆی بە پلەی یەكەم و هەم گشت ئەو دەستانەی لە پشتیەوەن بشكێتەوەو زۆر لەو كەسانەی كە باوەڕیان بە خەباتی سلمی و دیموكراتیانە هەبووە نەمێنێت و ڕێكخراوی قاعیدەو هاوشێوەكانی زۆرتر پێ بەهێز ببێت و ڕۆژهەڵات ببێت بە سەرباس و مانشێتی ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەكان.

لە کۆتایشدا هیوادارین لەم نێوەندەدا دەستەڵاتدارانی کورد گەر پشتگیری لە مورسیش نەکەن هیچ نەبێت دژیشی نەبن، بۆ ئەوەی گۆڕان بە هزری لایەنە ئیسلامی و هزرە ئیصلاحگەریە ئیسلامیەکانی خۆشماندا نەیەت و ئەو خەباتە سلمیەیە ئێستە لە کوردستاندا هەیە جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ خەباتی چەکداری. وە پەرلەمان و دەنگدان زیاتر بەرەوە پێشەوە بچێت.

## کوردایەتی لە نیوان دژایەتی ئیسلام و ئینتیمای نەتەوەیدا

ئەوەی زۆر بەگوێی هاوڵاتیانی کوردستاندا دەدرێت و پێشتریش لە خەباتی شاخدا پێی کراوە دژایەتی ئیسلامە! بە بیانوی ئینتیمای نەتەوەی، هەروەك وابێت ئیسلام ڕێگر بووبێت لە نەگەشتنی کورد بە خواستەکانی، دۆستایەکی کەمینەترین دین دەکرێت لە کوردستاندا! بەرانبەر ئیسلام و ژیانی یەکترقبوڵ کردنی دینەکانیش مەرامی ئەم چینە دژ بە دین و نەزان بە ئینتیمای نەتەوەییەدایە.

مێژوو شاهیدە ئەگەر ئیسلام دژی بەدەوڵەت بوونی کورد بووبێت لەوەشدا یەکسانی کردووە، چونکە بەرانبەر نەتەوەکانی تریش وا بووەو ڕۆحیەتی یەکپارچەی فراوانی هەڵبژاردووە، ئەگەر لە دینەکەش بگەڕێین هەر ئەوە لە سودی مرۆڤایەتیدایە، کە ئازادیەکانی لەو پەڕی فراوانیدایە، بۆ نموونە ئێستە ئێمە لە هەرێمێکی بچکۆلانەدا گیرمان خواردووە، تاکە وڵاتێك نی یە لە دونیادا فیزەمان نەوێت بۆی، خەڵکمان هەیە نەخۆش بووە تا فیزەی بۆ هاتووەتەوە گیانی دەرچووە! ئەوە خۆشبەختی دونیایە بە بەرتەسك کردنەوەی سنورو ئازادیەکان! ئەوەی ئێستە پێشکەوتنە لە ئەوروپا لە سەدەی ٢١دا کە بەبێ فیزە وڵاتانی ئەوروپا دەتوانیت بگەڕێیت، ئیسلام بەچەندەها سەدەی

پێشی ئەو بەرهەمی هێنابوو بەڵكو زۆر زیاتر ئازادیەكانیش فراوانتر بوو، چونكە ئەمەی ئێستە پاسەپۆرتی دەوێت بەڵام فیزەی ناوێت، بەڵام ئەوەی ئیسلام پاساپۆرتیشی نەدەویست!
هەندێك لە عەلمانیەكان ڕەخنە لە وولاتانی عەرەبی دەگرن و دەڵێن ئەوان سودیان لە ئیسلام وەرگرتووە بۆ بوون بە دەوڵەتیان! ئەی خێرە ئیوە بەقەدەر ئەوانیش مێشكتان بەكار نەهێناوە، با ئێوەش سودتان لە ئیسلام وەرگرتایەو ببایەن بە دەوڵەت نەك هەر لە خانەی نەزانیدا بسوڕێنەوە، ئەوەی نزیك بووبێت لە ئیسلام سودی لە ئیسلام وەرگرتووە ئەگەر ڕاستیشی لەگەڵ نەكردبێت، نابینی مونافیقەكان چەند دەستكەوتی دونیاییان بەدەست هێناوە!، خۆ لە ڕوانگە دینیەكەوە ئەم چینە خراپترینی مرۆڤەكانن، بەڵام ئەوان قەناعەتیان بەوە هەیە لە پاڵی ئیسلامدا دەتوانن سودمەندی یەكەمی دونیایی خۆیان بن.
لەبەر ئەوە دژایەتی كردنی ئیسلام بەناوی ئینتیمای نەتەوەییەوە گەورەترین زیانی بە گەلی كورد گەیاندووە، ئەوەی لەگەڵ ئیسلامەكەدا ڕاستی كردووە دووجار خۆش بەخت بووە، جارێك لەم دونیاو جارێك لەو دونیاش، ئەوەشی ڕاستی نەكردووەو خۆی داوەتە پاڵی جارێك قازانجی كردووەو جارێك زیانی كردووە، وەك مونافیقەكان و دەستكەوتە دونیایەكی بەهۆی ئیسلامەوە، بەڵام كورد لە هەردوو جەژنە بووە! ژیانی دونیای بەدەست ئەو كۆمەڵە سەركردەوە ژیانی قیامەتیش بەهۆی ئەو ئەقڵیەتەوە.
هاوڵاتیانیش نەتوانراوە لە ئیسلامەكە پاشەكشەی پێ بكرێت، چونكە لەوە تێگەشتوون كە ئەم دونیاشیان فت ببێت هیچ نەبیت با دونیایەكی تریان هەبێت.

# ئیسلامیەکان موشریکن!

دانانی شەریك و هاوبەش بۆ خوای گەورە یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی کە لێخۆشبوونی نی یە لە ئاینی ڕاستی ئیسلامدا، قورئان بە ڕاشکاوی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت وەك خوای باڵا دەست خۆی دەفەرموێت:

(إن الله لا يغفر أن يشرك به ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء)

ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ مێژوو وە لە پێش هاتنی ئاینی ڕاستی ئیسلامەوە دەست پێبکەین، کافرەکانی ئەو سەردەمە زۆرینەی بتیان دەپەرسن لەشێوەی بەردو تاشراوی بە ئارەزووی خۆیان! لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بەو خوایە هەبوو کە لە ئاسمانەو خولقێنەری گشت بوونەوەرە، قورئان ئەمەشمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە وەك دەفەرموێت:

(وَلَئِنْ سَأَلْتهمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَوَات وَالْأَرْض لَيَقُولُنَّ اللَّه)

بەڵام ئەوەی کە کێشەی گەورە بوو باوەڕ نەبوون نەبوو بەخوا لە ڕووی پەرستنەوە، بەڵکو دانی مافگەلێك بوون بەو دارو بەردە کە کاری ئەوان نەبوو کاری خوای باڵا دەست بوو، لە باوەڕبوون بەخوادا کێشەیان نەبوو، لە پەرستنی خوای گەورەدا کێشە هەبوو، ئەمەش دانانی بەردێکە لە جێگەی خوادا کە ئومێد گەلێکیان پێوە بەستووە ئیشی ئەو بەردە نی یەو بۆی جێ بەجێ ناکرێت، بەڵکو ئیشی خوای گەورەیە، ئەو کارانەی کە مافی خوای گەورەیەو تەنها هەر بەویش دەکرێت ئەوان ئەو مافەیان بەو بەردە دەدا لە جێگەی خوادا بۆیان بکات! نەك هەر ئەوە بەڵکو بە حسابی خۆشیان لە خوایان نزیك دەکاتەوە!

بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار خواکان زۆر زیادی کرد! نەك خوای تاك و تەنها لە باوەڕبووندا، چونکە ئێستەش هەمووی هەر باوەڕی بەوە هەیە، بەڵکو لە هاوبەش بڕیارداندا بۆ خوای گەورە کە کۆمەڵێك مافی خوای گەورە هەیە

بەسەر بەندەکانیەوە لێی دەستێننەوەو دەیدەن بە شت گەلێکی تر وەك بەردە تاشراوەکەی سەردەمی جاهیلی.

ئیتر ناوەکان زۆر بوون جاران خوا دروستکراوەکان تەنها بەرد بوون، دوای وای لێهات بوو بە ئینسانیش! وەك بوزیەکان کە ئەوەندە ئومێدیان پێوە دەبەست دوای مردنیشی هەم دیسان ئینسانەکە کراوە بە پەیکەر! ئێستە لە بەردەم پەرستگاکانیاندا کە خۆم دیومە لە وولاتان لەسەروی هەموویەوە لە بەریتانیا هەیەو زۆر ڕێزی لێ دەگرن! لە وولاتی زانست و تەکنەلۆژیاو مەعریفەتدا کەسانێك هەن ئەوە ئەقڵەکەیانە!، هەشە زۆر لەوە زیاتر کە باوەڕی بە هیچ پەرستراوێکی تر نی یە! بەڵکو تەنها بەخۆ نەبێت!!، ئێمە زۆرمان لەم شێوەیە بینووە باوەڕی تەنها بەخۆی هەیە چۆن؟ خۆی کردووە بە شەریك و هاوبەشی خوا، ئەڵبەت نەك خۆشی وەك لایەنە فیزیکیەکە، بەڵکو ئارەزووەکانی!!!، کەسێکی شەرواڵ پیسە بۆ نموونە ئامادەیە لە پێناو ئەو شەرواڵ پیسیەدا هەتا زەواج لەگەڵ دایك و خوشك و کەسە نزیکەکانی خۆشیدا بکات، کە زۆرمان لە ڕاگەیاندنەکاندا بینووە، پێچەوانەی هەموو ئەقڵێکی سەلیمە، ئەوە ئەگەر پەرستن نی یە چی ناوێکی تری لێ بنێین؟ هەیە پارەی کردووە بە هاوبەشی خوا ئامادەیە لە پێناویدا ژن و منداڵەکانی لە خەودا بکوژێت لە پێناو پارەدا، ئامادەیە گەوادی بۆ ژنەکەی خۆی بکات لە پێناو پارەدا! ئەرێ خەڵکینە زانایانی ئیسلامی بەڕێز ئەمە پەرستن نی یە؟! هەیە بۆ کورسیەکەی ئامادەیە هەرچی کورسی دونیا هەیە بیڕوخێنێت و بیسوتێنێت ئەگەر پێی بکرێت، ئایا ئەمە پەرستنی کورسی نی یە؟، بە واتایەکی تر هەر شتێك هەوڵەکانی بۆ چڕکراوەو لە پێناویدا تەزحیەی بۆ بدرێت و گوێ بە چوارچێوە شەرعی و دەقەکانی خوای گەورە نەدرێت و بۆی بشکێنرێت ئەوە هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردنە لە پەرستندا، هەمان تێگەشتن و ئامانجی بەردەکەی سەردەمی جاهیلی بەسەردا دەدرێت

با بەردیش نەبێت، هەیە عەورەتە، هەیە ماڵ و خانوی جوانە، هەیە سەیارەیە، هەیە دڵدارەکەیەتی، هەیە پارەیە، هەیە کورسیە، ئافەرنییێکە کە لێی بکرێت، هەیە حقدە، هەیە هەمووشیەتی بەس تەنها خوا نی یە...!

ئەمانە بە بڕوای من دوای ٢٠ ساڵ لە خوێندنی شەرعی و چەند بڕوانامەی شەرعی گەشتووم بەم ئیجتیهادە...ئەگەر هەڵەشم تکایە ڕاستم بکەنەوە چونکە من ملم لە موباریکتر بەرانبەر شەرع و ئایەت و حەدیس، ئامادەم کام وولات دوورە بۆی بڕۆم لەسەر مەسرەفی خۆم بۆ گەشتن بەم حەقیقەتە.

ئێستە با بە کورتی بێینە سەر پەرستراوێکی تر لە کوردستاندا کە ئەویش پەرستنی حیزبایەتیە لەبیرمە هەر لەسەرەتای خوێندنی شەرعیدا زۆر بە گوێماندا دەدرا ئەم فەرموودەیە (لا طاعة لمخلوق في معصية) ئێ ئەگەر طاعەتی مەخلوك کرا بۆ مەعصیەتی خالق ئەوە چی یە ئەگەر پەرستن نەبێت، باس لەوە ناکەین بەزۆرو ئەوەی کە شەرع ڕێگەی پێداوە، کابرا دەنێرن فلان بکوژێت! قەتڵ ئەی هاوار بەبێ بڕیاری دادگا بەبێ هیچ بنەمایەی شەرعی دروست کەسی قاتڵ ئەو کەسەی کە ئەمری پێ دەکات بکوژە نەیکردووە بە شەریك لە پەرستندا؟ کەسی ئەمر پێکەر ئارەزووەکەی نەکردووە بە شەریکی خوای گەورە؟

ئەو هەموو بتە ئێستە لە کوردستاندا هەیە بۆ زۆرتر باسی لێوە ناکەن و ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵکی، ئەوەندە عوزرمان بۆ بەرانبەر هێنایەوە سنوری شەرعی تێپەڕاند، خوای گەورە پەنامان بدات خەریکە ئەمیش ببێتە هاوبەشێك بۆ ئێمە.

کابرا نوێژکەرە بەس نوێژەکەی بە حساب بۆ خوایە کە لەناو نوێژەکەیدا بیر لە بێ ئەمری خوا دەکاتەوە، واتە هەر وەستانێکی درۆی فاتیحەیەك نازانێت مانای چی بەبێ ئەوەی دانیشی پێدا بنێ هەر بەلێو دەیخوێنێت بە حساب بۆ خوایە، ئیتر باقی ئەوە بۆ حیزبەکەیەتی! ئامادەیە قەتڵ، جاسوسی، دزی،

داوێن پیستی، هەرچی پێچەوانەی ئەو ڕێگەی ڕاستە بێت کە لە فاتیحەکەدا بە حساب دەیخوێنێت ڕۆژانە، ئەمانەش هێشتا چینێکن لە پێش چینێکی ترەوە کە گاڵتەی بەو نوێژەش لێ دێت! ئەی ئایە ئەمە پەرستن نی یە؟
کەسێك حوکمی بەدەست بێت و حوکم بە قورئان نەکات چی یە؟ ئیتر واز لەوەش دێنم ئایەتەکان خۆم بیهێنمەوە بۆ خۆتانی جێدەهێڵم بەدوایدا بگەڕێن...
کەسی حوکم دەر بەدەر لە حوکمە شەرعیەکان، ئەو ئارەزووە ئەگەر خوا نی یە چی یە؟ ئەگەر هاوبەشی خوا نی یە چی یە؟ ئەگەر ترس لە غەیری خوا نی یە چی یە؟ ئەگەر ماف سەندنەوە لە خواو دانی بە غەیری ئەو نەبێت چی یە؟
بەداخەوە ئێمەیان تا ئێستە بە نوێژێکی بێگیان و سەرپۆشێکی درۆ یان نیوە سەرپۆشێك خەڵەتاندووە! دین نێوانی ئینسان و مرۆڤەکانە، ئەی ئەو هەموو ئایەتی ئەحکامە چی یە لە قورئاندا؟ دین نێوانی ئینسان و خوای گەورەن ئەی بۆ کەسێك نی یە ژنەکەی بەبێ مەلا مارەببڕێت باوەڕی بە یاساکەی ئەوانیش نی یە؟ ئەی ئەوە بەینی خواو مرۆڤەکانە یان بەینی مرۆڤ و مرۆڤەکان؟ دین نێوانی خواو ئینسانەکانە فقهی عقوبات و فهقی موعامەلات و فیقهی زەکات و زۆر شتی تر کە لەشەریعەدا هاتووە بۆ کاری پێ دەکرێت و چ دەکات لەناو شەریعەتی ئیسلامدا؟ ئەی ئەوان ئاگاداری ئەوە نین نابێت ئێمە بە ڕاشکاوی، بەبێ موجامەلە، بە گوێیاندا بدەین؟ ئەوان نازانن خۆ ئێمە هەر لە حوجرەدا مەتنەکانیشیان پێ لەبەر دەکردین، دوای خۆمان لە قورئانەکەشدا حەقیقەتەکەیمان بینی!
هەربۆیە لەو ڕوانگانەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە بەرانبەر پەرستن و جێگرتنەوەی حەزەکان لە جێگەی پەرستنی حەقیقیدا بووە بە هاوبەشی خوای گەورە.

ئێمه زۆر به ڕاشکاوی دەیڵێین بارزانی و خوستەکانیان جێگەی زۆرێك لەو پەرستنانەی گرتووەتەوەو بووە بە هاوبەش بۆ خوای گەورەو خەڵکانێك هەن ئەمەیان لە دڵەوە قبوڵ کردووە! کابرا ئامادەیە لەسەر لقی چواری پارتیەوە بەبەرچاو کامیرای خواو کامیرای هاوڵاتی و بەرچاوی حەقیقی خەڵکیەوە منداڵ بکوژێت ئەوە پەرستن نی یە چی یە؟

لە بادیناندا چەندین جار بارەگاکانی یەکگرتوویان سوتاند دوکەڵەکەی گەشتە ئاسمان ئەوە پەرستن نی یە چی یە، یەکگرتوویەکی داماو مەزڵوم ئەمە چ حقدێکە لە بارەگای شەرعی خۆیاندا بە قورئانەکانەوە بیان سوتێنن! ئەوان چەك بەدەست نین و ڕێگەی هابیلیان هەڵبژاردووە، بۆ ئێوە هەمووتان بوون بە قابیل لە ئاستیدا، دەرهێنانی گەنجان لە مزگەوتەکاندا لە ترسی تیرۆرە! ئەی خوای گەورە ڕیسوای دونیاو قیامەتتان بکات، ئەی ئەو هەموو گەنجە زۆربەی لە ژێرەوە دەچوو بۆ تیرۆرتان کردوو کردنتان بە قوربانی خواستە گڵاوەکانی خۆتان.

ئیسلامیەکانیش ئاشکرایە ئەوەیان قبوڵ نی یە، خوایان لە ڕووی باوەڕو پەرستن بەهەموو ماناکانیەوە تێگەشتوون و ئامادەنین طاعەتی غەیر مەخلوق بکەن بۆ مەعصیەی خالق، کەوابوو ئیسلامیەکان هاوبەشیان بۆ بارزانی پەیدا کردووەو موشریکن بەرانبەر بارزانی نەك خوای گەورە وە شیرکیش لێخۆشبوونی نی یە، بۆیە بارزانیش بەو شێوەیە بەرانبەریان دەبێتەوە.

# کورد یان ئیسلام کامیان له پێشه

بێزارترین پرسیارێك که دەوروژێنرێت و جگه له دژایەتی و پیسی ناخ هیچ بەرهەمێکی تری نی یه، ئەویش ئەو پرسیارەیه، تۆ کوردیت؟یان!ئیسلام؟ کامیان له پێشه؟ ئیسلامەتی؟ یان کوردایەتی؟!
بەبڕوای من هیچ کەسێکی ڕۆشنبیرو کورد پەروەر ئەو پرسیاره ناکات، گەر له زاری کەسێکەوه هاته دەر له دوو شت بەدەر نی یه، کەسی پرسیار کەر یان ئەوەتا ڕاست لەگەڵ کوردایەتیەکەیدا ناکات، وەیان کەسێکی نەفام و ناڕۆشنبیره، چونکه چ ئیسلام و کورد بوون هەردووکیان خەڵاتێکی خواین که به ئیسلامیەتی هێناوینیەته ژیان و زمانی کوردیشی پێ بەخشیووین.
هەرگیز پێویست بەوه نی یه ئەو دوو وشه لێك جیابکرێتەوەو به زۆرداری یەکێکیان هەڵبژێریت، هەر وەك ئەوه وایه به کەسێکی حیزبی بڵێیت تۆ کوردیت یان پارتی، یان هەر حیزبێکی تری کوردی، دەی وەڵامەکەی خۆ ئاشکرایه کوردیشەو پارتیشه، دەکرێت بڵێیت نا یان دەبێت کورد بیت یان پارتی، دەی ئەوه بۆ حیزبێکی کوردی نەکرێت بۆ ئیسلام چۆن دەبێت؟!
ئێمەی کورد کورد بوونمان زۆربەی خۆشیەکانی دونیای لێ سەندووینەتەوە! خەریکه بەهۆی نەفامی هەندێك کەس و لایەنیشەوه خۆشمان بێ بەش بکەین له خۆشیەکانی دواڕۆژ، ئێمەی مسوڵمان و کورد زوبان بڕوامان وایه پاداشت لەسەر ئەزیەته دونیایەکانمان وەردەگرین هەر لەبەر ئەوەشه له ناڕەحەتترین و دژوارترین کاتدا بەرگەمان گرتووەو باجی کوردایەتیەکەمان بەخۆمان داوه، زۆرن ئەو کەسانەی که دینیان نی یه یان هەر بەناوه له دەستپێکی ناڕەحەتیەکاندا کوردو خۆشیان به دوژمن فرۆشتووه؟!
لەبەر ئەوه وروژاندنی ئەو پرسیاره سەرچاوەیەکی دژه دینی و هەتا کوردیشه،

چونكه كورد گەلێكی مسوڵمانە، لە ئیسلامەكەشدا دژایەتی تێدا نی یە، ئەو كەسانەش كە دەڵێن كورد بە زۆر ئیسلامی بەسەردا سەپیوە من باوەڕم وا نی یە، من باوەڕم وایە كورد كوردبوونی بەزۆر بەسەردا سەپیوەو خوای گەورە بەبێ پرس بە كورد دروستی كردووین، بەڵام ئیسلامەكەمان بە ئارەزووی خۆمان وەرگرتووە، چونكە من ئێستە دەتوانم واز لە ئیسلامەكە بهێنم و ئەو هەڵبژاردەم لەبەر دەمدایە، بەڵام كورد بوونەكەم گەر حەزیشی پێ نەكەم تازە هەر كوردم، هەركەسیش حەزی لە ئیسلامەكە نی یە بەو ناحەزیە لە ئیسلامەكە دەچێتە دەرەوەو باشترە بە یەكجاری بانگەوازی بۆ بكات، نەك بە دووڕووی بمێنێتەوە. چونكە دوو ڕوو (مونافیق) هەم لە دونیاو هەم لە دواڕۆژدا خراپترینی كەسەكانن.

## كورت و پوختی وتەی من
## لە بارەی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش

زۆرجار لە كۆڕو كۆبوونەوەكان باس لە ڕەوایەتی و ناڕەوایەتی كارەكانی داعش دەكرێت، هەیە ڕاستەوخۆ هەشە ناڕاستەوخۆ وە هەشە زۆر بە توندی ڕەدیان دەكاتەوە، هەیە ئەم هێزەی پێخۆشە هەبوونی و بە تەواوەتی دەیكات بەماڵ بەسەر ئیسلامەوە، هەشە بە تەواویەتی بێ بەری دەكات لە ئیسلام و وەك لە كوردەواریدا دەڵێن جولەكە لە چاویاندا شێخە.
زۆرجار ئیسلامیەكان و ئەوانەی هەڵگری بیرۆكەی ئاینین وەك تانەو تەشەرێك پێیان دەوترێت بۆ ناچی بۆ ناو داعش؟! یان ئێوەو داعش جیاوازیتان نی یە!؟ ئیسلامی ڕاستەقینە ئەوەیەو مانای وایە تۆ لەگەڵ ئیسلامدا ڕاست ناكەیت! ئەو وتە بە خودی خۆم وتراوەو ئەمەش وەڵامی من...
باوەڕی تەواوم بە ئیسلام و هەموو یاساكانیشی هەیەو هەر لە منداڵیمەوە

نوێژو عیبادەتم کردووەو لە مەدرەسەی دینیدا خوێندوومەو بڕوانامەی زانستی مەلایەتیم بەدەستهێناوە، وە دەرچوووی کۆلێژی شەریعەشم.
من وەك خۆم بەهیچ شێوەیەك فەراغێك نابینمەوە کە دژی خاك و میللەتی خۆم شەڕبکەم، لە کاتێکدا بە ئازادی مومارەسەی ئاینی خۆم دەکەم و خەڵکیشی بۆ بانگ دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزی زۆرم لێ دەگیرێت بەهۆی دینەکەوە، ئاینی ڕاستی ئیسلام ئاینێکی ڕێزلێگیراوە لە کۆمەڵگەی کوردیداو لە هەرجێگەیەك کۆمەڵێك پێکەوە بن گەر چەندین زاناو پسپۆڕی جیاجیاش هەبێت ڕووی دەمی خەڵکی زیاتر لە مەلاو کەسایەتیە ئاینیەکانە.
کۆمەڵێك کەس پێکەوە دانیشتبوون کە پزیشکێکیش لەناوماندا بوو کابرایەك پارچەیەك حەبی هێناو بە منی دەدا تا بزانم بۆ چی باشە!
مەلا خەلیلێکمان هەبوو کاتی خۆی سەردەمی فەقیەیەتی دەیگوت لە گوندێك مەلا بووم خەڵکی گوندەکە ئەگەر بزنێکیشیان قاچی بشکایە هەربۆلای من دەهاتن.
ئەوەندە باوەڕ بە ئاینی ئیسلام هەیە زۆرجار کارانیك دەکرێت لە کۆمەڵگەی کوردیشدا پێچەوانەی دینە بەڵام دەبینین لە باوەڕ بوون بە دینەوە سەرچاوەی گرتووە، هەرچەند هەڵەشە! وەك ئەوەی کە نەخۆش دەکەوێت دەچێتە سەر شەخسێك و داوای لێ دەکات کە چاکی بکاتەوە! هەرشتێك کە مۆرکێکی دینی پێوە بێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا جێگەی ڕێزە، قەناعەتیشم بەوە هەیە زۆر کەسایەتی دینی کە لە ڕابردوو وە ئێستەشدا پلەی حیزبی و حکومیان وەرگرتووە بەهۆی دینەوە بووە نەك تواناو پسپۆڕی خۆیان.
زۆرجار سیفەتی ڕەقی هەڵگرانی ئاینی ئیسلام هۆکاری دوورکەوتنەوەی خەڵکی بوون لە ئیسلام و وە بە پێچەوانەشەوە هۆکاری پێشوازی گەرمی خەڵکی بووە بۆ ئیسلام، ئەندەنوسیا کە یەکەم وڵاتی ئیسلامیە لەسەر ڕووی

زەویداو دانیشتوانەکەی ٣٠٠ ملیۆنە لەو ٣٠٠ ملیۆنە ٢٤٤ ملیۆنی مسوڵمانە، لەکاتێکدا بەهۆی ئەخلاقی بەرزی بازرگانەکانەوە ئیسلامیان پێگەشتووەو مسوڵمان بوون.

جیهادیش لە ئیسلامدا فەرزەو نکۆڵی لێناکرێت بەڵام خودی جیهادەکە بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەیە کە لە ڕێگەی دەعوەو بانگەوازدا دەکرێت... لە ئەوروپاش بەسەدان کۆڕو سیمینارو وتارو لێکۆڵینەوەی ئاینیم بڵاوکردووەتەوە ڕێگری لە ڕێگەمدا نەبووە، پێش نوێژو وتاری خوێنی مزگەوت بووم و بە تێگەشتنی خۆم باسی ئیسلامم بۆ خەڵکی کردووەو چەندین ئەوروپی لەژێر دەستمدا بە فەزڵی خوا بوون بە ئیسلام و ڕۆژێك بانگ نەکراوم و موحاسبە نەکراوم کە بۆ ئەو کارە دەکەیت...هەتا جارێکیش توشی کێشە بووین بەهۆی چەند کەسێك ئەوانەی کە هەر دەیانەوێت بە هێز خۆیان بسەپێنن لە کۆتادا حەقەکە بەمن درا، هەتا لە بنکەی پۆلیس حوکمیان بە شەرع کردین نەك بە یاسای بەریتانی!

بەبڕوای من حیزبە ئیسلامیەکان و زۆرێك لە کەسایەتیە ئیسلامیەکانیش بە هەڵەدا ڕۆشتوون بەرانبەر داعش، من زۆرجار پرسیارم لێ دەکرێت ئایا کوشتن هەیە لە ئیسلامدا؟ دەڵێم بەڵێ هەیە..دەڵێن دیل کوشتن هەیە؟ دەڵێم بەڵێ هەیە... دەڵێن زۆر شتی تر دەڵێم بەڵێ هەیە...دەڵێن ئەی بۆ ئەوان دەڵێن نی یە! بە بڕوای من هەر نی یە وەڵامی خەڵکی ناداتەوە دەبێت هۆکاری هەیەکەیان بۆ ڕوونبکرێتەوە نەك بە نی یە لە کۆڵی خۆتی بکەیتەوە، من کار بۆ ئیسلام دەکەم و ڕێگاکەی ئەوانیشم پێ هەڵەیە هەروەك چۆن کەسێك کوردایەتی دەکات و لەناو حیزبێکەوە وە حیزبەکانی تری پێ هەڵەیە.

پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت ئەگەر لە مەکەدا بیان هێشتایە بە ئازادی باسی خوا پەرستی بۆ خەڵکی بکات هەرگیز کۆچی نەدەکرد بۆ مەدینە، کاتێکیش کە فەتحی مەکە کرا هەڵ نەستا بە کوشتنی خەڵکەکەی لە کاتێدا

دەستەڵاتی هەبوو، دەیفەرموو هەرکەس بڕواتە مزگەوت ئەوە پارێزراوە، هەرکەس بچێتە ماڵی خۆی پارێزراوە، هەرکەس هەتا بچێتە ماڵی ئەبو سوفیان کە دوژمنێکی سەرسەختی پێغەمبەر بوو درودی خوای لەسەر بێت کە خێزانەکەی جەرگی حەمزەی ئامۆزای پێغەمبەری خوارد نەیکوشتەوە، دواتر بە ئارەزوومەندانە مسوڵمان بوون.
باوەڕبوون بە زۆر ناسەپێت و لە ڕووی مەنتیقیشەوە هەر نەگونجاوە، چەندین هاوڕێی خۆشەویستم هەیە کە دەرفەتی موناقەشەی دینیمان هەبووەو تا ئێستە باوەڕی پێم نەکردووە، منیش پێم خۆشە دەرفەتی ژیان لەبەردەمیدا بێت و بیربکاتەوەو بە مسوڵمانیەتی بمرێت، نەك دەستەڵاتم هەبێت ملی بپەڕێنم، کام دەزگاری حکومی و حیزبی هەیە لەم وڵاتەدا بەس دەستنیشانی بکەن بۆ من وەعد بێت سبەی بچم لەوێ باسی ئیسلامیان بۆ بکەم، ئەوان ئەگەر بە خۆشی قسەکانم وەرنەگرن بەخوا بە شەڕیش وەری ناگرن و منیش دەڵێم (لکم دینکم ولی دین)

## شەهیدو بە شەهید کراوەکان

لە کۆمەڵگەی ئێمەو لە ڕاگەیاندنە کوردیە عەلمانیەکان و ئەوانەی پێیان کاریگەرن زۆر بە توندی دژی عەرەب و عەرەبی و هەندێك جار قورئانیش دەوەستنەوە!.
کە باسی ئیسلامیش دەکەین خۆیان بە مسوڵمانی عیارە ٢٤ لە قەڵەم دەدەن!، کە باسی قورئانیشیان بۆ دەکەین دەڵێن ئەوە نێوان خۆت و خوای گەورەیەو سیاسەت و دین دوو شتی لێك جیاوازن و ئیسلام پاکە نابێت تێکەڵی پیس و هیچ گەردێك بکرێت!

واته خۆشیان چاك دەزانن ئیسلام پاكە! هەروەك چۆن گومانیشیان لە پیسی خۆیان نی یە! وەك لە ووتەكاندا دەردەكەوێت!.
ئێمە لێرەدا باسی ئیسلام و سیاسەت ناكەین كە دوو شتی پێكەوە گرێدراون و جێگەی نكۆڵی نی یە لای شارەزایانی دین.
بەڵكو تەنها وەڵامی دوو گومانی زۆر دووبارە كراو دەدەینەوە كە عەلمانیەتی كوردی و هەندێك كەسی ناحاڵی بە ئیسلام و ئیسلام پەروەرەكانی دەفرۆشن كە ئەویش: عەرەبی و ئیسلام خۆیەتی.
عەرەبی لە ڕوانگەی ئەو ووشە عەرەبیانەی كە خۆیان بەكاری دەهێنن، سیاسەتیش هەر لە ڕوانگەی ئەو سیاسەتەی كە خۆیان دەیكەن و ئیسلامی بۆ بەكاردێنن و بۆ خۆیان بە ڕەوای دەزانن و بۆ بەرانبەر بە ناڕەوا.
لەژێر هەمان ئەو ناونیشانەی كە ئەم بابەتەی پێ ناونراوە كە ئەویش ئەو ووشە زیندووەیە لە دڵماندا.
شەهید
زۆرگرنگە كە دەوترێت شەهید بگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەوانەی كە ئەو ووشەی داهێناوەو بە چی مەبەستێك و كێی پێ مەبەست و شەهیدە.
شەهید لە ڕووی زمانەوانیەوە: لە سێ ووشە پێك هاتووە: ش. ە، د «شهد»
لە قاموسی عەرەبیدا بەم شێوەیە هاتووەو شیكراوەتەوە:
# * ش ه د * * الشهادة * خبر قاطع تقول * شهد * على كذا من باب سلم وربما قالوا * شهد * الرجل بسكون الهاء تخفيفا وقولهم أشهد بكذا أي أحلف و * المشاهدة * المعاينة و * شهده * بالكسر * شهودا * أي حضره فهو * شاهد * وقوم * شهود * أي حضور وهو في الأصل مصدر و * شهد * أيضا مثل راكع وركع و * شهد * له بكذا أي أدى ما عنده من الشهادة فهو * شاهد * والجمع * شهد * مثل صاحب وصحب وسافر وسفر وبعضهم ينكره وجمع الشهد * شهود * و

* أشهاد * و * الشهيد * الشاهد والجمع * الشهداء * و * أشهده * على كذا * فشهد * عليه و * استشهده * سأله أن يشهد و * الشهيد * القتيل في سبيل الله تعالى وقد * استشهد * فلان على ما لم يسم فاعله والاسم * الشهادة * و * التشهد * في الصلاة معروف و * الشهد * بفتح الشين وضمها العسل في شمعها والجمع * شهاد * بالكسر قلت إنما قال في شمعها لأن العسل يذكر ويؤنث ولكن الأغلب عليه التأنيث على ما نذكره في ع س ل.

ئەوەی سەرەوە لە ڕووی زمانەوانەی و قاموسی عەرەبییەوە، کە جگە لە لە سەلماندی کە ووشەیەکی عەرەبیە، هەموو شێوازەکانی شیکردنەوەشی ڕوونکردوەتەوە. بە کورتی شەهیدی بە مانای شایەتی دان و بینەری ڕووداوێکیش دێت، وەك لە خوارەوە زیاتر ئەمە دەسەلمێت.

لە قورئاندا

لە قورئانی پیرۆزیشدا لە چەندەها ئایەتداو بە چەندەها جۆر هاتووە وەك:

(وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا )

بەو شێوەیەش ئێوەمان بەگەلێکی میانەڕەو گێڕاوە (لە هەموو ڕوویەکەوە، لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستیەوە، لە ڕووی دنیاو قیامەتەوە، لە ڕووی داخوازیەکانی ڕۆح و نەفسەوە.. هتد) تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە (تا بزانن ئەم ئاین و بەرنامەیە هەمووی مایەی خێرو سەربەرزیە بۆ تاك و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا) و بۆ ئەوەی پێغەمبەریش (لە هەموو ئەو بوارانەدا مامۆستاو ڕابەری ئێوە بێت و لە ڕۆژی قیامەتدا) شایەتی بدات (بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر ئەوەی بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون ).

(قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا تَعْمَلُونَ )

ئەی پیغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە خاوەنانی کتێب بڵێ: بۆچی ئێوە باوەڕ

ناکەن بە ئایەتەکانی خوا، خۆ خوا شایەتە لەسەر هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن .
(فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰؤُلَاءِ شَهِيدًا )
ئینجا دەبێت حاڵی ئەو خەڵکە چۆن بێت کاتێک لە هەر میللەتێک شایەتێکمان هێنا و تۆشمان هێنا (ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) بەشایەت بەسەر ئەو خەڵکەوە (کە پەیامی خوات پێڕاگەیاندوون) .
(فَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِنْ كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَافِلِينَ )
ئینجا خوا بەسە کەشایەت بێت لەنێوان ئێمە و ئێوەدا، بەڕاستی ئێمە ئاگاداری پەرستن و پاڕانەوەی ئێوە نەبووین .
لە قورئانی پیرۆزداو بە چەندەها جۆر ووشەی شەهید باس کراوە کە دەتوانن بگەڕێنەوە سەری بیان بینن لەم سورەتانەدا.
سورەتی: البقرة ١٤٣ ، ٢٨٢. ال عمران ٩٨. النساء ١٦٦ ،١٠٥،٧٩،٧٢،٣٣،٤١. المائدة ١١٧. الأنعام ١٩. یونس ٢٩، ٤٦. الرعد ٤٣. النحل ٨٤، ٨٩.الاسراء ٩٦. الحج ١٧، ٧٨. القصص ٧٥.
لە فەرموودەدا
١٠٣٠ـ عن أَنَسَ بْنَ مَالِك (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (مَا مِنْ أَحَدٍ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ، يُحِبُّ أَنْ يَرْجِعَ إِلَى الدُّنْيَا وَأَنَّ لَهُ مَا عَلَى الْأَرْضِ مِنْ شَيْءٍ، غَيْرُ الشَّهِيدِ، فَإِنَّهُ يَتَمَنَّى أَنْ يَرْجِعَ فَيُقْتَلَ عَشْرَ مَرَّاتٍ، لِمَا يَرَى مِنَ الْكَرَامَةِ).[ بخاری / الجهاد/ ٢٦٦٢]

(أنس)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (هیچ کەس نییە بچێتە بەهەشت و حەزکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا با هەرچی لەسەر زەویشدا هەیە هی ئەوبێت جگە لە شەهید کە حەز دەکات

بگەڕێتەوە و دەجار بمرێت، لەبەر ئەو ڕێز و شکۆیەی دەستی دەکەوێت و بەچاوی خۆی دەیبینێت).
فەرمووده گەلێکی زۆر هەیە کە باس لە شەهید دەکەن و ئەو ووشانەش کە لە قورئاندا هاتووە هەمان شێوە لە فەرموودەکانیشدا بەرچاومان دەکەوێت.
بە پێی قاموسی عەرەبی و قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت بۆمان دەرکەوت کە ووشەی شەهید لە ڕووی زمانەوانیەوە عەرەبیەو تایبەتە بە ئیسلام، هەرچەند لە پێش ئیسلامیشدا لە ئاینی جولەکەو مەسیحیشدا بەکار هاتوون بەڵام ئیسلامیش درێژە پێ دەرو تەواوکەری دینە ئاسمانیەکانی ترەو بەو بەکار هێنانە ووشەی شەهید لە تایبەتمەندیەکان دەری ناکات و بەڵکو ڕاستی ئیسلام و تەواوکەری دینەکان نیشان دەدات کە هەڵقوڵاوی یەك سەرچاوەن.

لێردا پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا کە ئەو ووشە عەرەبیەو سەرچاوەیەکی قورئانی و دینی هەیە ئەی شەهید کێیە؟
هەربۆیە گرنگە مادام سەلماندمان شەهید ووشەیەکی عەرەبیەو لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە دەبێت پێناسەشی بۆی هەبێت و بە ڕوونی دیار بێت کە کێ شەهیدە.
شەهیدی لە ئیسلامدا
(حدثنا عبد الله بن يوسف أخبرنا مالك عن سمي عن أبي صالح عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال الشهداء خمسة المطعون والمبطون والغرق وصاحب الهدم والشهيد في سبيل الله )
واتە: شەهید پێنج جۆرن:-
یەکەم: ئەوەی بە نەخۆشی تاعون دەمرێت.

دووهەم: ئەوەی بە ئێشی سك دەمرێت.
سێهەم: ئەوەی لە ئاودا دەخنكێت.
چوارەم: ئەوەی خانوو یان بینای بەسەردا دەڕوخێت.
پێنجەم: ئەوەی لە پێناو خوای گەورەدا لە جیهاددا دەكوژرێت.

بە كورتی شەهید لە ئاینی ئیسلامدا كەسانێكن كە لە پێناو ڕێبازی خوای گەورەدا خەبات دەكەن و دەكوژرێن، یان بە یەكێك لەو هۆكارانە دەمرن، بەو كوشتنە یان مردنە ووشەی شەهیدی بۆ بەكار هاتووە لە دیندا، چونكە ژیانی خۆیان بەخت كردووە لە پێناوی بانگەوازی خوای گەورەداو گەیاندنی دینەكەی و ئەوە غەمیان بووە هەروەها پێغەمبەران شاهیدن كە بانگەوازەكەیان گەیاندووە

چەندەها ڕوونكردنەوە لەسەر ئەوەی بۆ بە شەهیدی دەڵێن شەهیدی هاتووە لەوانە:
یەكەم: فریشتەكانی خوای گەورە شایەتی بۆ دەدەن كە بە باشترین كار ژیانی كۆتای پێ هاتووە.
دووهەم: پێغەمبەران شایەتیان بۆ دەدەن كە بەباشترین شێوە شوێن دین كەوتوون.
سێهەم: خوای گەورە شایەتیان بۆ دەدات كە نیەت و دڵسۆزیەكی باشیان هەبووە.
چوارهەم: فریشتە شایەتیان بۆ دەدات لە دونیاو دواڕۆژدا.
پێنجەم: لەبەر ئەوەی شایەتی بۆ دراوە لەوەی پارێزراوە لە ئاگر.

لێرەدا جێگە خۆیەتی هەڵوێستەیەكی كورت لەسەر شەهید و بە شەهید

کراوەکان بکەین و شەهیدی ڕاستی لە شەهیدە ساختەو بەزۆر بە شەهید کراوەکان لە دونیادا جیا بکەینەوە.
کاتێك دەوترێت شەهید لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی ئاینی هەیەو ئاین خۆی پێناسەی تایبەتی بۆی هەیەو دیاری کردووە کێن ئەو کەسانەی کە بە شەهید دەژمێردرێن ئیتر ئێمە ناتوانین کەسانێکی تر کە بەدەرن لەو چینانە بەزۆر بیان لکێنین پێیانەوە.
پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت حەزی دەکرد مامی لەسەرە مەرگدا شەهادە بهێنێت و لە ڕیزی مسوڵمانان بژمێردرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە تا ئەو کاتە سوجدەیەکی بۆ خوای گەورە نەبردبوو بەڵام بە حەزەکەی پێغەمبەر دەرنەچوو، هەربۆیە جیاوازی ئەم مردنە لەگەڵ عەمارو یاسردا جیاوازی زۆرە، با ئەم مامی پێغەمبەر بێت درودی خوای لەسەر بێت و عەماریش هیچی پێغەمبەر نەبێت... هتد.
کاتێك ئێمە کەسێکمان لەناو چووەو سەر بە حیزبێك یان لەبەر هۆکارێکی دیار کوژراوە بە حەزی ئێمە ناکرێت بە شەهید.
لێرەدا پرسیاری زۆر جدی خۆیمان لێ قیت دەکاتەوە دەڵێ ئایا؟ بۆ دەستەڵاتدارانی ئەمڕۆ کوژراوەکانیان ناوی شەهیدی لێ دەنێن؟ بۆ کە باسی زمانی عەرەبی دەکرێت ڕوو بەڕووی دەبنەوە؟ بۆ کە باسی ئیسلام دەکرێت دەڵێن بەینی خۆت و خوایە؟ بۆ دەڵێن ئیسلام و سیاسەت دوو چەمکی جیاواز؟ بۆ ... بۆ ... بۆ... کە چەندەها پرسیاری تری هاوشێوەش هەن کە تەنها لەبەکارهێنانی ووشەی عەرەبی شەهیدو بە سیاسی کردنی و بەکارهێنانی وەڵامێك بێت بۆ خۆیان لە بەرانبەر هەر ئەو پرسیارانەی کە خۆیان دەیکەن.
ئەگەر بە عەرەبی قەڵسی بۆ ووشەی عەرەبی شەهید زۆرترین ووشەیەکە کە لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە بەرگوێمان دەکەوێت و شانازیشی پێوە دەکەن.

ئەگەر دین تەنها بەینی خۆت و خوایە ئیتر شەڕی بۆ چی یە بیکەت! لە ماڵ خۆتدا پەرستشەکان بکەو بۆ لە پێناویدا گیانت بەخت دەکەیت.
ئەگەر ئیسلام و سیاسەت دووچەمکی لێك جیان ئێوە بۆ؟ لە سیاسەتدا ئەم ووشە بەکار دەهێنن و لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا زۆرترین پشتی پێ دەبەستن؟!.
وە چ بەکار هێنانێکیش بەشێوەیەك کە زۆربەی لە پێوەرە ئیسلامیەکەدا جێگەی نابێتەوە!
هەیە لە خیانەتی نیشتیمانیدا گیانی لە دەست داوەو ئێستە پێی دەڵێن شەهید و موچەی شەهیدانەی هەیە.
هەیە لە ڕێزی حکوومەتی بەعسدا بۆ دەستکەوتەکانی ئەو ڕژێمە هەوڵی داوەو کوژراوە ئێستە پێی دەڵێن شەهید و موچەی شەهیدانەی هەیە.
هەیە ئینکاری دین و ئیسلامی کردووەو کوژراوە ئێستە پێی دەڵێن شەهید و موچەی شەهیدانەی هەیە.
هەیە لە کاتی دزی و بەد ڕەوشتیدا گیانی لەدەست داوەو ئێستە پێی دەڵێن شەهید و شەهیدانەی هەیە.
هەیەو...هەیەو...هەیە.
هەربۆیە لە جێگەی خۆیدا نی یە بەکار هێنانی ووشەی شەهید بۆ زۆر لە کوژراوەکان و تێکەڵ کردنی بە موقەدەسە ئاینیەکان بۆ مەرامی سیاسی تایبەت، پێویستە لەبری ووشەی شەهید ناوێکی تری لێ بنرێت وەك چۆن دەڵێن پێشمەرگە بۆ مردنەکەشیان ناوێکی تایبەتی بۆ بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی مسوڵمانەکان شەهید و ئەو ناوەی تر گەر دابهێنرێ لەیەکتر جیا بکرێتەوەو ئەوسا ئەو میللەتە مسوڵمانەش سەرپشك بێت لەوەی کامیان هەڵ دەبژێرێت و ئیتر هەرکەس بە ووشەی خۆی و هەوڵ خۆی سیاسەت بکات.

هەرکەس لە ژێر هەر ئاڵایەك و بە هەر هۆکارێك بکوژرێت یان بمرێت ئەوە شەهید نی یەو پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر بێت لە فەرموودەیەکدا فەرموویەتی ( من قتل تحت راية عمية , يدعو عصبية أو ينصرعصبية , فقتلته جاهلية )

## دەسەڵاتی علوج مەلای علوج بەرهەم دەهێنێت

لە مێژە ئەم دەسەڵاتەو مەلا بووە بە جێگەی مشتومڕی گشت کۆڕو کۆبوونەوەکان، لەسەر دەستەڵات گەورەترین خۆپیشاندان کرا کە قەبارەی وا بۆ ڕووخانی سەدامیش نەهاتە سەر شەقام، جگە لە مانەوەی لەسەر شەقام بۆ زیاتر لە دوو مانگ، هەرچەند دەسەڵات بە بڕوای خۆی خۆپیشاندان کۆتای پێهاتووە! بەڵام ڕق و قین و تەوژمی نارەزایەتی هەر بەردەوامەو بەبڕوای من لە کاتژمێری سفردایەو چاوەڕوان نەکراوانە لە تەقینەوەدایە.
لێرەدا دەتوانین لەو هۆکارانە بپرسین کە وایان کردووە هاوڵاتیان تووڕەبن بەرانبەر دەسەڵات... لە کاتێکدا دەسەڵاتەکە ئەمجارەیان بەعس و عەرەب و تورك و فارس نین بەڵکو کوردن! سەرۆکەکەشی جلی کوردی لەبەردایە!
ئێمە گەر وەڵامی یەك بە یەکی هۆکارەکانمان بوێت ئەوسا بە بابەت چارەسەرناکرێت پێویستی بە کتێبی قەبارە زلە زلتر لە زگی زۆر لە دەسەڵاتداران بۆ هێماکردنە سەر نەخۆشیەکان.
ئێمە لێرەدا تەنها وەڵامێکی سادەی یەکێك لەو هۆکارانە دەدەینەوە ئەویش دروستکردنی مەلای علوجە لەلایەن دەسەڵاتەوە!
ئەم پرسە پێش هەموو شت ڕەهەندێکی فکری هەیە...لە سەرەتاوە گشت ئەو حیزبانەی کە ناوی خۆیان ناوە عەلمانی و دژی مەلاو کەسایەتیە دینیەکان

بوون... گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی عەلمانیەت و ئەو شۆڕشەکەی کە کردی دژی دین و پیاوانی کەنسە ئەتوانین تا ڕادەیەکی یەکجار زۆریش پشتگیری ئەو عەلمانیەتە بین! بۆ ؟ چونکە پیاوانی کەنیسەو بەناوی دین و مەسیحیەتەوە هیچ بەهایەکی مرۆیی، ئەخلاقی، ویژدانی، بژێوی، گشت ئەوەی کە مرۆڤەکان پێویستیان پێی دەبێت لە ژێر پێی خۆیان نەنێن و سەرکوتکەرانە دژی بەرهەڵستکارەکانیشی بوەستنەوە، لەبەر ستەمی زۆرو نادادگەریەکانی پیاوانی کەنیسە عەلمانیەت توانی پێی خۆی بەچاکی لە ڕۆژئاوادا دابکوتێت و زۆر لە سەروەری و بەها مرۆیەکان بۆ مرۆڤایەتی بگەڕێنێتەوە.

ئیتر بەو شێوە زۆرێك لە کەسایەتیە ڕۆژهەڵاتیەکانیش کە لە بنەڕەتدا خۆشیان کینەیان بەرانبەر دین هەبوو وە نەیان دەتوانی پەیڕەوی بیرۆکە دینیەکان بکەن ئەم هەلەیان بۆ خۆیان قۆستەوەو لاسای ئاسا دەستیان کرد بە شۆڕش! چونکە دەیان ووت دین هەر دینەو هەمووی کۆنەپەرستی و خورافیاتە، دەبێت سیاسەت لە دین جیا بکرێتەوە، دەبێت دین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، دین بەینی خۆت و خوایە! دین واو دین ئاوا... وەك بە داخەوە ئێستەش هەندێك جار دەیبیستین.

ساڵانێکی تولانی بەو شێوەی کارکراو ئەنجامی نەبوو، بەڵکو نەك هەر ئەوە ئەو کەسانەی کە لە ڕێزی ئەو شۆڕشەشدا بوون زۆری دیندار بوو، وەك زۆرجار بە گاڵتە ئامێزو بۆ نوکتەش دەگێردرێتە کە شوعیەکان کە پیش عەلمانیەکانیش بوون نوێژکەرن، یان فڵان کەسی فلان حیزبی عەلمانی کە لە ئاستێکی باڵادایە سەری بڕوات نوێژی ناڕوات، وە لە سەروی هەموویانەوە حەج و عەمرەش دەکەن... ئەم جۆرە کارانە پێش هەموو شت هەرەسی فکری حیزبەکان بوو! چۆن دەبێت شوعی نوێژ بکات؟ عەلمانی و حەج کوجا مەرحەبا! هەموو ئەمانە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە کە ئەو بیرۆکە دژ بە دینیەی عەلمانیەکان

هەڵیانگرت و شۆڕشیان پێی دەکرد هەڵە دەرچوو، ئەوەتا تا ڕادەیەکی زۆر شۆڕشەکەش سەرکەوت، بەڵام خەڵکی لە قوڵای دڵیەوە دینی دەوێت، کاکە ئەم دینە ئەو دینەی مەسیحیەت نی یەو ناکرێت بەراورد بکرێت، دین هەر دینە لە ڕووی ناوەوە بەڵام ناوەڕۆکەیان جیاوازە، پیاوانی ئاینی ئیسلامی ناشوبهێت بە پیاوانی کەنیسەوە چونکە مەلاکان زوڵمیان نەکردووە، کورە فەقیرانە نەك هەر ئەوە بەڵکو لە جێگەی بەزەی خەڵکیدا بوون و زەکات و سەرفترەیان پێداون... ئیتر بە کرداری عەلمانیەکان بۆیان دەرکەوت بیرۆکەکان هەڵە دەرچوون و گەر بێت و ڕێگەچارەیەك نەگرنە بەر نفوسیان کەم دەکات، نەك هەر ئەوە نامۆش دەبن لەناو کۆمەڵگەکەیاندا، هۆکاری سەرکەوتنی شۆڕشەکانیش بەشێکی زۆری بۆ بیرۆکە ئاینیەکە دەگەڕێتەوە کابرا بڕوای وا بووە کە لەو پێناوەدا بکوژرێت شەهیدە، ئەوە نی یە پێشیان دەوترێت شەهید! ئەوە نی یە موچەی شەهیدانەشیان هەیە! ئەوە نی یە وەزارەتی شەهیدانیش هەیە! ئەی ووشەی شەهید مەگەر قورئانی نی یەو تایبەت بەئیسلام نی یە؟.

هەربۆیە ئەدای کاریان بەشێوەیەکی نیفاقی لادا بەلای دیندا، گرنگیان بە کەسایەتیە دینیەکان دەدا بە ڕواڵەت! گرنگ نی یە زانستی ئیسلامی و مەوزوعیانە ئاگای لە دین بێت! گرنگ جامانەیە! گرنگ نیشاندانی مۆرکێکی دینیە! ئەویش نەك بە تەواوی، بەڵکوعەمامە بەبێ ڕیش! تۆ سەیر ئەو لنگاو قوچ کردنەوەی شێوەی مسوڵمانێتی، عەمامەکە کە ئەسڵ نی یە بووە بە ئەسڵ و ئەسڵەن گەرجارێك بەبێ عەمامەوە ببینرێت ئەوە تاوان و سوکیە، لە کاتێکدا ڕیشەکە ئەسڵە بووە بە جێگەی مەترسی و گەر ڕیشت درێژ بێت ئەوە ئیتر ئاشکرایە چیت پێ دەڵێن.

بە کورتی و پوختی لە جێگەی هەموو شتێکی ئەسڵدا شتێکی ئیستیرادو تەزویریان خستە جێگەکەی! میللەتەکەش چونکە ئاستی هۆشیاری کەمە

زۆربەی ئەم شتانە ئاو دەخوات و تا ئێستە دەوری هەبووە، هەربۆیە ناشیانەوێت ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە بەرز ببێتەوە، چونکە تا کۆمەڵگە خوێندەوار بێت و ئاستی زانستی بەرز بێت ئەوان نزم دەبنەوە، ئەم دەستە چەورەی خۆشیان دەدەنە پاڵ ئیسلام و ئیسلام بە دواکەوتوو ناو دەبەن، لە کاتێکدا یەکەم ئایەتی قورئان بە بخوێنە دەستی پێکردووە.
هەوڵی دروستکردنی زۆر مەلایان دا وەك دەواجن کۆمەڵێك مەلایان تروکاندو کڵاویان نایە سەریان! ئەو عەمامەو کڵاوانەی لەسەر هەندێك لە مەلاکانە کڵاوو عەمامەی ئیسلام نی یە بەڵکو کڵاو لەسەرنان و خەڵەتاندیانە دژ بە ئیسلام، ئەم چینە مەلایە خۆیان بوون بە بار بەسەر ئیسلام و بەناوی ئیسلامەوە، ئەم کۆمەڵە جگە لە علوج ناوێکی تری شیاوتر بەخۆیانم شك نەبرد.
ئەم دین فرۆشیەش لە پای چ؟ بۆ کۆمەڵێك بەرژەوەندی دونیایی، زۆرجار هەندێك لەو مەلایانە کە دەبینم، عەمامەکەیانم وەك خاکەنازو قوڵنەو چەکوش و ئامێری پاککردنەوەو وەسائیلی ئیشکردن دێتە پێش چاو، زۆرێك لەو مەلانە گەر غیرەتی نەك دینداری بەڵکو غیرەتی ئیشکردنیشیان بجوڵێت عەمامەکەی فڕە دەدات و کاسپیەکی تر دەکەن، وای لێهاتووە لە کۆمەڵگەیەکی دیندارو مسوڵماندا ئەسڵەن ووشەی مەلا جۆرێك لە عەیبە بێت! دەبێت بڵێی مامۆستا گەرنا ناو مەلا بە تەنها جۆرێکە لەسوکی!
زۆرم پێ سەیرە لە وڵاتێکدا وەزارەتی ئەوقافی لێیە! یەکیەتی زانایانی لێیە، حیزبی ئیسلامی لێیە! میللەتەکەش بۆ خۆی دیندارە! ئەمەش حاڵی مەلاو مسوڵمانان بێت.
بە مێژوو وە بەکرداری عەلمانیەکانمان بۆ دەرکەوت کە مەلا دروست دەکەن بۆ گەشتن بە مەرامی خۆیان و سوککردنی خودی مەلا خۆی و مۆرکە دینیەکان، بە بڕوای من پێش هەموو شت سوککردنی خۆشیانی تێدایە تۆ کە باوەڕت بە دین

نی یە بۆ پەنای بۆ دەبەیت، دین لە دەوڵەت و سیاسەت جیا دەکاتەوە مەلاکان لە ووتاری هەینیدا بۆ دەبێت دوعا بۆ چاکبوونەوەی مام جەلال بکەن! لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبێت بانگەشەی هەڵبژاردن بکەنو سواڵی دەنگیان بۆ بکەن! تۆ گەر باوەڕت بە دین نی یە بە هێزی هزرو توانای خۆت خۆت بەرز بکەرەوە، نەك بە عەمامەیەکی تەزورو دەنگی تەزویر خۆت بەرز بکەیتەوە.
ئەی باشە لەمانە گەڕێن چۆن مەوقیفی وەزارەتێك بەو گەورەو گرانیە ئەوەندە زەعیف بێت و ڕۆڵی دین وەك خۆی نیشانی خەڵکی نەدەن، بۆ لە وولاتانی ڕۆژهەڵات کە وەزارەتی ئەوقافیش نی یەو لەناو جەرگەی عەلمانیەتیشدا دینی ئیسلام قورسایەکی زیاترو پاکتری هەیە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامی، لەوەش با بگەڕێین ئەم وەزارەتە سەر بە دەسەڵاتە، ئەی یەکیەتی زانایان ئێوە کارتان چییە؟ کوا ئاستی بەرزی ئێوە، کەسایەتی وا بەناو باڵای تێدایە ئەوەندە ڕۆشنبیری نی یە ئاگای لە پەیڕەو پرۆگرامی نەك ئیسلام ڕێکخراوەکەشی نی یە، گرنگ ئەندام بیت و هەویەیەکت هەبێت! بە بڕوای من زۆرێك لەو هەویانە هەویەی سەرشۆڕی و ڕیسواییە! کوا تەنسیق و کاری پتەوی ڕێکخراوەیتان، بەهەرحاڵ ئەمانیش دەستی بەهێزی هەمان دەسەڵاتی پێ گەشتووە علوجیش لەناو ئەمانەدا بوونی هەیە.
ئەی ئەی هاوار حیزبە ئیسلامیەکان ئێوە بۆ وا دەکەن، کاری ئیسلام و مەلا نەبوایە ئێوە بەو مێژووە کورتە سیاسیە ئێستە ئەوەندە سوقلتان دەبوو؟، زۆربەی ئەو دەنگانەی کە دەیهێنن خەڵکی لە ڕێگەی خوادا پێی داون، ئێوەیان بە نوێنەری ئیسلام و وەسیلەیەکی بەهێز زانیووە بۆ گەشتن بە بەهەشت... کوا ڕۆڵی مەلاو عەمامە پاکەکان، بۆ لەبری ئەو هەموو مەلا عەمامە لەسەرە کەسێك ووتاری ئاینی دەدا نەك عەمامەی بەسەرەوە نی یە توکیشی بەسەرەوە نی یە! عەلمانیەکان بێ ئینسافانە کەوتوونەتە ناو مەلاکان ئێوە بۆ بەرزیان ناکەنەوە؟

بۆ مەلا ئەحمەدی شافعی کەس نایناسێت؟ ئەو عالمە گەورەوە بەڕێزە، بۆ زومی کامێراکەت ناخەیتە سەر مەلا موسا، ئەو مەلا عەمامە پاکە، بۆ تەفیسرەکەی مەلا حەسەن شەمێرانی ناگوێزیتەوە، ئەو مەلا بە تەقواو خوا ناسە، بۆ مەلا عوزێر لەبەر خاتری دەنگ ناردت بۆ پەرلەمان و سەقەتت کرد، بۆ مەلا طاهیرت لەبەر دەنگ دوورخستەوە؟ بۆ بۆ؟ عەلمانیەکان خۆیان چیان لە تەقلید کردن و سوککردنی مەلادا دەست کەوتووە تا ئێوە دەستان بکەوێت، وەڵامتان بۆ قیامەت چی یە؟ مەلا بۆ بەکارهێنانی دەنگ بەکار دێنیت و دواتر پشتیشی تێ دەکەیت! یان مەلا کاری نا مەلای پێ دەدەیت!. یان مەلایەك حیزبی نی یە وەیان لەناو حیزبێکی جیاوازی ئیسلامی یە بۆ پشتگیری ناکەن؟ ئەی هەمووتان حیزبی خوا نین؟

گرنگ و پێویستە کاری جدی لە خستنە سەر ڕێچکەی ڕاستی بکرێت و گشت حیزب و وەزارەت و ڕێکخراوەکانیش بەخۆیاندا بچنەوە بەم شێوەیە.

١-عەلمانیەکان گۆڕانکاری پەیڕەو پرۆگرامی خۆیاندا بکەن و چیتر ناوی عەلمانی بەکار نەهێنن، چی تیایە هێزێکی نیشتیمانی بن بەو بیروباوەڕەی کە ئیسلامەو هەیەتی، ئیتر مەرجیش نی یە ناوێکی ئیسلامیش بەکار بهێنن، ئەوسا کردەوەکانیان ڕێك بکەنەوەو خۆیان لە جێگەی گومانی خەڵکی بەدوور بخەن.

٢-ئیسلامیەکان گرنگی زیاتر بە مەلاکانیان بدەن و ڕۆڵی دینداری و مەلایەتی ئەسڵی بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوەو شەرمیان لێی نەبێت.

٣-ڕێکخراوەکان خۆیان لە دەستێوەردانی حیزبی و حکوومی بپارێزن و علوجەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ حوجرە، یان فەقیەیەکی زیتەڵ بن یان مەلایەکی عەمامە پاك و پڕ زانست، ئەم کۆیلە مەلایەتی و علوجایەتیە لەم نێوەندەدا کار ناخوات.

٤-وەزارەتی ئەوقاف با کاریگەری دینەکەی بەسەرەوە بێت نەك حیزب و حکوومەت، موچە نەکرێت بە هێز بەرانبەر بە مەلاو ناچارکردنیان بە ژێر بار بوون، پێوەرتان با دین بێت نەك ئینتیمای سیاسی و مادی.
لە کۆتایدا ئومێد دەکەم ڕۆڵی دینی ڕاستەقینەو مەلایەتی وەك خۆیان بۆناو کۆمەڵگە بگەڕێتەوە، نە زانست وە نە دینیش بەکڵاوو عەمامە نەناسرێتەوە.

## پەیامێك بۆ مامۆستایانی ئاینی

ئەڵبەت من لە ئاستی ئێوەدا خۆم بە سوختە دەزانم و هەردەم بە ئەژنۆوە ئامادەی خوێندنی عەوامیلەکانم و دەستی دەست بە قورئانتان بە گەرمی دەگوشم.
وەك قوتابیەکی خۆتان تەنها چەند دێڕێك بە بیرتان دەهێنمەوە.
مامۆستایانی بەڕێز لە خزمەتی زۆربەتاندا بووم و لە نزیکەوە دەمناسن، هەر لە حوجرە، ناو بارەگای یەکیەتی زانایان، بۆنەو موناسەبە دینیەکان، هەڵوێست و کارە شەرعیەکان.
بەڕێزەکانم، تاقە چینێك لەم کۆمەڵگەدا کە زۆر ستەمی لێکرابێت ئێوەن، هەیە هەر ١٢ عیلمەکەی خوێندووەو ئێستە لەماڵدایەو بە هەزاران مزگەوت لەم کوردستانەدا هەیە بەبێ مەلا!، موچەی سەماکارێك دوو هێندەو نیوی موچەکەی ئیوەیە! وەك مزراح دەتان سوڕێننەوە بۆ بەردەم ئەوقاف و هەر ڕۆژەو تاقیکردنەوەیەك بە بیانویەك، شەهادەکانی ئێوە بەردەوام جێگەی پرسیارەو بێ شەهادەکانی ئەوان نا پرسیار، موستەشارەکان دەرماڵەو نەسریەیان هەیە ئێوەش بە کەمترین موچەوە لە خزمەت هەموو کەسان، ئەوان هەرگیز ڕاستیان

لەگەڵ ئێوە نەکردووە! دەڵێن سیاسەت لە دین جیا بکرێتەوەو مزگەوت نابێت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکار بهێنرێت، بینیمان ئاڵای حیزبەکان بەسەر منارەکانی مزگەوتەوە خۆشتان دەزانن چەند فشاری سیاسیتان لەسەرە، مزگەوت و زانست و تواناکانتان خەڵکی عەوام چاوی لێیەتی، ئایەتەکانی حوکم و عەدالەت  بە گوێی خەڵکیدا بدەن، فەرموودەو هەڵوێستە سیاسیەکانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە، ئیمامی ئەحمەدو ئیبن و تەیمیەو سەید قوطب بە خەڵکی بناسێنن، خەڵکی عەوام بێ ئاگایە ئێوە بە ئاگان بەرانبەر قورئان، خەڵکی ئیمانی بە ڕازقی خوای گەورە لاوازە! ئێوە ئایەتی وَفي (السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ) دەخوێننەوە، خەڵکی لە دەستەڵات دەترسێ ئێوە لە حکومەتی بەعس نەدەترسان، ئێوە بۆ بوون بە چینێکی وەلا نراو! کەی ڕەوایە ئێوە شارەزای قورئان بن و کەسانێك باسی ئیسلامتان بۆ بکەن کە بێ ئاگان لە شەرع و قورئان، ستەمی ئەم کۆمەڵگەیە زۆرینەی لە ئەستۆی ئێوەدایە! ئێوە بێ دەنگ بن بەرانبەر موچەیەکی کەم بۆ لۆمەی خەڵکی بکرێت بۆ موچەیەکی زۆر، کاتی ئەوە هاتووە ئیمامی ئەحمەدو ئیبن و تەیمییە ئاسا بەرانبەری دەستەڵات ببنەوە، ئێوە بەخۆتان تەزحیە بدەن گومانتان لەوە نەبێت یەکەم خواو دووهەم کۆمەڵگە لە پشتتان دەبێت، جاڕی دینداری و ئازادی بە ئاشکرا بدەن، (لا اكراه فی الدين) بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە بە مەنتیقەوە لەگەڵ (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا) بۆ خەڵکی باس بکەن، (إن الحكم إلا لله أمر ألا تعبدوا إلا إياه) بۆ دەستەڵاتدارەکان باس بکەن و سنوری خوا هێڵی سوری بۆ بکێشن و سنوری ئەوانیش دیاری بکەن، بە نا ڕوونی مەڵێن هەرکەس چاکە دەنگ بەوە بدەن چاکەکانیش بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەن، ئەگەر چاکەکانیش بە گشتی دیار نەبن خۆ خراپەکان حاشا هەڵنەگرن، دز لە ئیسلامدا دەستی دەبڕدریت لە کوردستاندا دەستە پاکەکان دەبڕن! زینا کەر لە ئیسلامدا ساڵێك

دوور دەخرێتەوە پاکەکانی ئێمە لە وولات وەدەر دەنرێن، ئێوە ستەم لەکەس ناکەن بۆ بهێڵن ستەمتان لێ بکرێت.

## کاتێك تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنرێت

لە کاتێکدا ئیسلام وەك دەق و پرۆژەیەکی هەمیشەیی بە نوسراوەیی هەیە کەچی زۆرکەس و لایەن و تا ئاستی وڵاتیش ڕەوشتی کەسێك دەکاتە پێوەر بۆ خوێندنەوەی دەقەکان!
ئەو جۆرە خوێندنەوە تەنها بەرانبەر ئیسلامیش دەکرێت، بۆ نمونە گەر سەرنجی تەنها ڕاگەیاندنە ئەوروپیەکانیش بدەین ڕۆژانە تاوانی جۆربەجۆرمان بەرچاو دەکەوێت، هەروەك بڕوایەکی بتەویش لە شاردنەوەی زۆر ڕوداوی تریشدا هەن! هەموو جۆرەکانی ئەو تاوانە بە تاوانبارکردنی تەنها خودی کەسەکە کۆتایی پێدێت... زۆرجاریش گەورەیی تاوانەکە سوك دەکرێت بەوەی کە گوایە کەسی تاوانکار نەخۆشی دەرونی هەبووە...
هەرگیز لە میدیاکانەوە نابینیت سیفەتی دینی بدرێتە پاڵ کەسەکان بۆ نموونە ئەو نەرویجیەی کە کۆمەڵکوژیەکەی کردو بە ئاشکراو ڕۆژی نیوەڕۆ ٧٧ کەسی نەروجی خۆیانی کوشت یەکسەر هێرشیان کردە سەر ئیسلام و ڕاگەیاندنەکان ڕووی قەڵەمیان لە مامۆستا کرێکار کرد! تا کەسەکە خۆی گیرا، دواتر وتیان نەخۆشی دەرونی هەبووە! خۆشی وەڵامی دایەوە وتی هیچ کێشەیەکم نی یەو ویستومە زیاتر خەڵکیش بکوژم و پەشیمانیش نیم! بەڵام نەوترا کەسێکی مەسیحی ٧٧ کەسی تیرۆرکرد! تەنها مەگەر ئیسلام بێت! ئەوسا لێی دەکەن بە هەرا! گشت دەقەکان پشتگوێ دەخرێت و دیسان بۆشایەکی گەورە دەکەنەوە بۆ قسەکردن لەسەر ئیسلام و سەدان لێکدانەوەی جۆربەجۆری بۆ دەکرێت...

به ئاشكراو بەبێ پەردە هێرشێكی نارەواو نا شایستەو نەخوازراو دژی ئیسلام و پیرۆزیەكانی لە ڕاگەیاندنەكانەوە هەستی پێ دەكرێت! هەندێكجار بە ڕەواج دان و زەقكردنەوەی بەدڕەوشتی و دەرخستنی جەستەی ئافرەت وەك كەرەستەیەكی وروژێنەرو بە ئامانجی دان لە دین و بازرگانی پێكردنی...!

هەموو بەها دروستە كۆمەڵایەتیەكان و تەواوی دینەكانی سەرزەویش دژی بەدڕەوشتی دەوەستنەوە، كەچی ڕاگەیاندن لە ژێری ناوی هونەر، سینەما، وێنەكێشان هەتا تا ئاشكراكردنی تایبەتمەندیە كەسێتیەكانیش پەرەی سەندووەو بە ناوی ئازادی بیروڕا ئازادی مەلاین كەس ژێر خواستە دژ بە بەها بەرزە دینی و مرۆڤایەتیەكان دەوەستنەوە.

لە كێشە ڕەوشتیەكانەوە بگرە تا شۆڕ دەبێتەوە بۆ گشت جوڵەو كارەكانی تر دەبینین تۆوی دووبەرەكی و هێرشی نەخوازراو ڕەنگاو ڕەنگ دەكرێت و دەمێك بە مانشێت و دەمێك بە كاریكاتیر گوزارشت لە ڕاكانی خۆیان دەكەن.

لە ئەوروپا گەر وێنەی منداڵێكی چكۆلانە بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەكەی بڵاوبكرێتەوە یاسای تایبەتیان بۆی هەیە بەڵام وێنەی پێغەمبەری ئیسلام كە لە خودی ئیسلامداو هیچ تاكێكی ئیسلام خۆی بۆی نی یە وێنەكەی بە جوانترین و شیاوترینیش شێوەش بكێشێت و بیچوێنێت بە پێغەمبەرەوە وە كەس تا ئێستە جورئەتی نەكردووەو ڕێگەی پێنەدراوە چ جای ڕۆژنامەیەكی گاڵتە ئامێزی فەرەنسی. هەتا لەو فلیمە دوكومێنتاریانەوە كە زۆرجار دەخوازرێت خودی پێغەمبەری ئیسلام تێدا دەربكەوێت بە شێوازێكی تر ئەو كارە ئەنجامدراوە، بۆ نمونە لە فلیمی ریسالەدا هەموومان بینومانە كە چۆن گوزارشت لە كەسیەتی پێغەمبەر وەك بەژداری لەو فلیمەدا نیشان دەدرێت.

كەچی نا واقعیانەو زۆر دوور لە هەستی بەرپرسیاریەتی و ڕەچاونەكردن بۆ پیرۆزیە ئیسلامیەكان ڕۆژنامەیەكی فەرەنسی بەشێوەیەك وێنەی پێغەمبەری

ئیسلام درودی خوای لەسەر بێت دەکێشێت و بە ڕووتی بڵاویشی دەکاتەوە! هیچ کەس بۆ خودی خۆی و خانەوادەکەی قبوڵی نی یە.
ئەمڕۆ ئازادی بیروڕا بووەتە چەکێك بە دەستیانەوە زیاتر لە تۆپ و تەیارەکان خەڵکی پێ دەکوژن! وە خۆشیان لەگەڵ ئەو ئازادیەی کە داوای دەکەن ڕاست ناکەن، زۆر زۆر بە تایبەتی فەرەنسا کە بە ئاشکرا حیجابیان قەدەغەکرد! ئازادی بیروڕا وایلێهاتووە هەرکە بەرگوێمان دەکەوێت یەکسەر وێنەیەکی شێواوی ئیسلام دێتە پێشچاومان.
ڕۆژانە چەندین کەس دەستگیر دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت لەسەر دەربڕینەکانی گەر بۆنی ئەوەی لێبکرێت پشێوی ئاسایشی نەتەوەی لێبکرێت، بەڵام ئەوەی حسابی بۆ نەکرێت خودی ئیسلام و پیرۆزیەکانیەتی! مامۆستایەکی ئاینی کە ناخی دەسوتێت لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتیە دینیە کە هەیەتی و بەجێنشینی پێغەمبەر وەسف دەکرێت و وەك ڕەد دانەوە وەڵامی کەسێکی بەناو ڕۆشنبیروو ڕۆژنامەنوس بداتەوە لێی دەکەن بە هەرا! ئەی ئەگەر قەرارە ئازادی هەبێت بۆ لێناگەڕێنن وەڵامی وشە بە وشە بدرێتەوە؟ کاتێك گەنجێکیش نازانێت چۆن تەعیبر لە ناخی کوڵاوی بکات کە بەرانبەر بیروباوەڕەکەی کراوەو ئەکشنێك دەکات، هەمووی ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە وەڵامی وشە بە وشە بدرێتەوە، کەچی وشەی مامۆستا ئاینیەکە وەك تۆپ و تانك سەیرکراوە.
لە ئەوروپا ڕاستە بە بەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە بەناوبانگن بە وڵاتانی ئیسلامی زۆر مافی زیاتر بە هاوڵاتیانی دەدات و من نکوڵی لەوە ناکەم، چونکە ئەوەی کە پێی دەوترێت وڵاتانی ئیسلامی قیادەکانیان هەر ئەو ئەڵقە لە گوێیانەی غەربن و تا بیانەوێت بەکاری دەهێنن و کە ئیشیشیان پێیان نەما لجوئیشیان نادەنێ.

من تەحەدای تاك بە تاکی ئەو مسوڵمانانە دەکەم کە نیشتەجێی ئەوروپان و ڕۆژێك لە ڕۆژان باجی مسوڵمانیەتیەکەیان نەدابێت؟ ئەگەر هەتا زمانیش نەزانن و تاکە وشەیەکیشیان نەوتبێت!، لە فڕۆکەخانەدا، لە شوێنە گشتیەکاندا، لە ناوەکەیاندا، لە سەر ڕەشیاندا، لە ڕەنگی پێستیاندا، لە وەرگرتنی کاری ئاسایدا، لە پلەو پۆست و بەرپرسیاریەتیدا.

هەموو ئەوانە نکۆڵی ناکرێت کۆمەڵگەی ئەوروپی و دەستەڵاتی ئەوروپی زۆرجار تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنن و ڕق و قین لە ناخی هاونیشتمانیەکانی خۆیاندا دروست دەکەن ئەویش تەنها لەسەر بیرباوەڕیان، نازانم بۆ بیرورِا ئازادەو بیروباوەڕ قەدەغەیە!!!

ئێمە پشتگیری لە کوشتن ناکەن بەڵام کاتێك ڕۆژنامەیەك هەڵە دەکات دەبێت چاوەڕوانی کاردانەوەی هەڵەش بێت!

## مزگەوت ڕووخاندن و دیسکۆ دروست کردن!

گەر بێت و سەرنجی کارو کردەوەکانی حکوومەتی هەرێم بدەین زۆر شتی سەیرو سەمەرەمان بەرچاو دەکەوێت کە شایەنی ئەوەن خۆیان لە شاشەی کەناڵەکانیانەوە بیکەن بە وێنە هەوڵ و لە ژێریدا بنوسن هەواڵی سەیرو سەمەرە، میللەتی کورد میللەتێکی مسوڵمان و خاوەنی مێژوویەکی درێژو کەلتۆرێکی تایبەتە لە ڕووی ئیسلامەوە گەرچی هەندێك لەگەڵ ئەم ڕاستیەشدا نەبن بەڵام ئەوە ڕاستیەکەو مێژوو نیشانی داوین، وە مێژووش من نەمنوسیووە، دەستگرتن بەو مێژووە دێرینەو برەودان بە کەلتورە تایبەتیەکانمانەوە مێژووکەمان زیاتر ڕەنگین دەکات و ئەرشیفی سەروەریان دەوڵەمەند تر دەکات، وەگەر هەندێك کەسیش کە زۆر کەمینەن و چاو لەئاستی ئەم ڕاستیانە دادەخەن بەڵگەی ئەو

ڕاستیانەمان نابێت لەبیر بباتەوە، گەرچی هەندێك خۆشی بەلادینی بزانێت بەڵام زۆرێك لە کارەکان ئەگەر دینیشی لێ دەربهێنین و هەروەکو دونیایش تێی بڕوانین شایەنی هەڵوێستە لەسەر کردن و قبوڵ نەکردنیەتی، ئەوەی لە حکوومەتی هەرێم بەدەر دەکەوێت لەسەرەنجامی زۆرێك لە کارەکانیدا بیرکردنەوەی هەرزانەو بڕیاری نابەجێن کە لەگەڵ سەروەریەکانماندا ناگونجێن و یەکناگرنەوە، بۆ نمونە دروست کردنی دیسکۆ لە سلێمانی چی پێویست دەکات و چۆن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەدا دەگونجێنرێت کە بە ئاشکرا دەبێتە مایەی چەندەها کێشەی جۆر بەجۆری ئەخلاقی و سەرەنجامی زۆرێك لەو کێشانەش ڕووبەڕووی حکوومەت دەبێتەوە، ڕووخاندنی مزگەوت گەورەترین پرسیار لەلایەن هاوڵاتیانەوە دروست دەکات لەسەر حکوومەت و ڕوویانی زیاتر لەلایەن خەڵك ناشرین دەکات، لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵێکە حکوومەت ڕێگیری و کار گرانی دەکات لەگەڵ هەوادارانی مزگەوتدا لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە کەچی وا ئێستە مزگەوتیش دەڕوخێنن، وەگەرچی ڕوویەکی یاسایش بەم کارەیان بدەن بەڵام ئەوە واناکات کە متمانە لای هاوڵاتیان دروست بکات، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دژایەتی ئاین و کەلتوری کوردی لەلایەن حکوومەتەوە دەکرێت و لە زۆر لە کارەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، کاتێك حکوومەت خۆی مزگەوت دروست ناکات ئەمە خۆی بۆ خۆی جێگەی پرسیارە وەگەر بیشی ڕووخێنێت ئەوسا پرسیارەکە گرانتر دەکات، کاتێك باس لە ئازادی بیروڕاو ئاین دەکرێت ئەو ڕاستیە لە کوێدا دەردەکەوێت؟ بۆچی بۆ کۆمەڵێکی کەم لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا دیسکۆ دروست بکرێت! بەڵام بۆ زۆرینەی خەڵك مزگەوتەکانیان لێ دابخرێت و بەبەرچاویانەوە بڕوخێنرێت.

٢٠٠٩/١٠/١٠

# پیرۆزو بە پیرۆزکراوەکان

لەم ماوەیەدا لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستم کە هەردووکمان لە یەك زانکۆ دەخوێنین گفتوگۆیەکی زۆر کەوتە نێوانمان و باسمان لە زۆر شت کرد بە تایبەت لە بواری نووسین و شیعرو کاریگەریەکانیان لەسەر کۆمەڵگە، ئەوەی زیاتر جێگەی هەڵوێستەکردن بوو لەسەری ووشەی (پیرۆز) بوو کە چی پیرۆزە؟ چونکە لەمرۆدا زۆرشت ناوی پیرۆزی لێ دەنرێت و بە بقە دەکرێت لای هاوڵاتیان لە کاتێکدا شتەکە خۆی بۆخۆی پیرۆز نی یە وەیان بەجۆرێکی تر بڵێین ئەو ووشەی بۆ شیاو نی یە بە ڕەهایی، چونکە کاتێك دەوترێت پیرۆز جۆرێك لە قەدەغەکردنی مەعنەوی بەرانبەر شتەکە دروست دەبێت و ئەو بۆشایەی لای هاوڵاتیان دروست دەبێت بە پیرۆکردنی بەربەستێکی بۆ دادەنرێت، جگە لەوەی ووشەی پیرۆز خۆی جۆرێك لە تێکەڵی و لادانی بەسەردا دێت لە بنەڕەتی خۆی، ئەوەی بەڕێزیان لایان بوو بە جێگەی مولاحەزەکردن ئایا چی پیرۆزە؟ خاك؟ ووڵات؟ نەتەوە؟ زمان؟ حکوومەت؟ پەرلەمان؟ سەرۆك؟ وە وە، هەمان کار لای منیش گەڵاڵە بوو جگە لەوەی بەڵێنم بە بەڕێزیان دا کە بابەتێکی لەسەر بنووسم ئامانجەکەشیم لا خۆشەویست بوو، هەربۆیە بوو بە بابەتێکی گرنگ لام و سەرەنجامەکەی بەم شێوەیە دەرچوو.

وەك خۆم کاتێك شت دەنووسم وەیان باسێك هەڵ دەبژێرم ئەگەر بابەتەکە پێویست بە بەدواداچوون بکات هیچ کات بڕیاری پێش وەختم نی یە، بەڵکو ئەنجامی ووردەکاریم لەسەر بابەتەکە دەبێتە بڕیار، جگە لەو بابەتانە نەبێت کە پێشتر ئامانجەکەی بە پێی ئەزموون لام ڕوون بۆتەوە.

پیرۆز، کە عەرەبیەکەی (مبارك) دەکات ئەم ووشە وەك قورئان خوێنێك بەردەوام بەرچاوم کەوتووە لە قورئاندا زۆربەی ئەو ئایەتانەش زۆر بە ئاسانی بە دەمما

دەهات، هەربۆیە یەکەم دەستپێکی کارەکەم بۆ ئەم ووردەکاریە پێم چاك بوو لە قورئانەوە دەست پێ بکەم و بە تەواوی قورئاندا بگەڕێم و گشت ووشەکانی (مبارك) دەربهێنم و لە پێش و پاشیان بکۆڵمەوە، جگە لەوەش کە دەوترێت پیرۆز ئیتر خەڵکی وەکو دین لێی تێ دەگات و تێی دەڕوانێت، یەکەم ئایەت کە پێی دەگەین گەر لە سورەتی فاتیحەوە دەست پێ بکەین ئەم ئایەتەیە:

{إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِلْعَالَمِينَ} آل عمران ٩٦

قال مجاهد: تفاخر المسلمون واليهود، فقالت اليهود: بيت المقدس أفضل وأعظم من الكعبة لأنه مهاجر الأنبياء وفي الأرض المقدسة، وقال المسلمون: بل الكعبة أفضل، فأنزل الله تعالى هذه الآية.

هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە وەك موجاهید دەفەرموێت ئەو شانازی کردنەی جولەکەکان بوو کە بە مسوڵمانەکانیان دەوت قودس لە کەعبە پیرۆزترە چونکە جێگەی کۆچێ پێغەمبەران بووە، تا خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند کە واتاکەی بەڕاستی یەکەم خانە و ماڵ و مەنزڵگەیەک کە بۆ خەڵکی دانرا لەسەر زەوی (بۆ خواپەرستی) ئەوەیە لە مەککەدایە، کە پیرۆزە و هیدایەت و ڕێنموویی بەخشە بۆ هەموو خەڵکی جیهان.

لێرەدا پیرۆزی بۆ مەککەی قیبلەی مسوڵمانان دەگەڕێتەوە کە شوێنێکی پاك و تایبەتە بە خوا پەرستی بەدوور لە هەموو خراپەکاریەك.

{وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ مُصَدِّقُ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنْذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا} الانعام ٩٢

«مبارك مصدق» نعتان لـ «كتاب»، والموصول مضاف إليه، وإضافة «مصدق» غير محضة فهو نكرة.

ئەم قورئانە ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە پیرۆز و فەڕدارە ئەو کتێبانەش پێش ئەو هاتوون بەڕاستیان دادەنێ هەروەها بۆ ئەوەی دانیشتووانی مەککە و

دەوروبەری ئاگادار کەیتەوە و بیانترسێنی جا ئەوانەی بڕوایان بە دواڕۆژ هەبێ بڕوا بەو (قورئانە) دێنن ئەوان پارێزەرن بۆ نوێژەکانیان و بەچاکی لەکاتی خۆیاندا دەیانکەن.
لێرەدا پیرۆزیەکە بۆ قورئان دەگەڕێتەوە کە کتێبکی ئاسمانیەو لە ڕێگەی جبرەئیلەوە گەشتووە بە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت و لەویشەوە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی.
{وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ} الانعام ١٥٥
جملة «أنـزلناه» نعت «كتاب» و«مبارك» نعت ثانٍ،
وە ئەم قورئانە پیرۆزە بە فەرمان ناردۆتە خوارەوە کەواتە ئێوەش شوێنی بکەون و خۆتان بپارێزن (پارێزکار بن) تا ڕەحمتان پێ بکرێ.
هەم دیسان پیرۆزیەکە بۆ قورئان دەگەڕێتەوە.
{وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنْتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا}مريم ٣١
( وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا ) اختلف أهل التأويل في معنى ذلك، فقال بعضهم: معناه: وجعلني نفاعا.
وقال آخرون معنى ذلك: جعلني معلم الخير.
وقال آخرون: كانت بركته الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر.
(وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنْتُ) أي نفاعا حيث ما توجهت. وقال مجاهد: معلما للخير. وقال عطاء: أدعو إلى الله وإلى توحيده وعبادته. وقيل: مباركا على من تبعني.
( وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنْتُ ) أي: في أي: مكان، وأي: زمان، فالبركة جعلها الله فيَّ من تعليم الخير والدعوة إليه، والنهي عن الشر، والدعوة إلى الله في أقواله وأفعاله، فكل من جالسه، أو اجتمع به، نالته بركته، وسعد به مصاحبه.
منی موبارەک و پیرۆزیش کردووە لە هەر کوێدا بم و ئامۆژگاری کردووم کە

نوێژەکانم ئەنجام بدەم و لە زەکاتدانیش درێغی نەکەم هەتا لە ژیاندا هەم.
لێرەدا پیرۆزی بۆ عیسا سەلامی خوای لەسەر بێت دەگەڕێتەوە کە هەر بە منداڵی قسەی کردووەو خوای گەورە کردوویەتی بە پێغەمبەر لە دایکێك بەبێ ئەوەی شوو بکات، کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە. جگە لەو مشتومڕەش کە لەسەرەوە هاتووە لەسەر هۆکاری پیرۆزیەکەی وەك بەرگری کردن لە خراپەو فەرمان کردن بە چاکە، وە وەك کەسێکی سودبەخش، جگە لەوەش خۆی بۆ خۆی پێغەمبەر بووەو بەدوور بووە لە تاوان.
{وَهَذَا ذِكْرٌ مُبَارَكٌ أَنْزَلْنَاهُ أَفَأَنْتُمْ لَهُ مُنْكِرُونَ} الأنبياء ٥٠
وە ئەم (قورئانە) یاد خەرەوەیەکی بەفەڕ و پیرۆزە ناردوومانەتە خوارەوە دەی ئایا ئێوە دانی پێدا نانێن (باوەڕی) پێ ناکەن.
پیرۆزیەکە هەم دیسان بۆ قورئانەکە دەگەڕێتەوە.
{وَقُلْ رَبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلا مُبَارَكًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ}} الؤمینون ٢٩
هەروەها بڵێ: پەروەردگارا لە شوێنێکی موبارەك و پیرۆز دامبەزێنە. چونکە تۆ چاکترین زاتێکی بۆ ئەوەی لە شوێنی موبارەك و پیرۆزدا دامانبەزێنیت (ئیتر کەشتیەکە لەسەر کێوی جودی لە کوردستانی باکور لەنگەری گرت).
لێرەدا کێوی جودی بە پیرۆز ناوبردووە، ئەمە دڵخۆشکەرێکە بۆ ئێمەی کورد کە لە سنوری کوردستاندا.
{اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لا شَرْقِيَّةٍ وَلا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُورٌ عَلَى نُورٍ يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَضْرِبُ اللَّهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ}} النور ٣٥
خوا ڕووناك کەرەوەی ئاسمانەکان و زەوی یە (بە خۆرو مانگەکان) وێنەی ڕووناك کردنەوەی خوا وەك تاقێك وایە چرایەکی تێدا بێت ئەو چرایەش لەناو

شوشەیەكدا بێت ئەو شوشەیەش وەك ئەستێرەیەكی گەش و پرشنگدار بێت (ئەو چرایە) دائەگیرسێ بە (ڕۆنی) درەختێكی زەیتونی بەفەڕو بەرەكەت كە نە ڕۆژهەڵاتی بێ نە ڕۆژئاوایی بێ (سێبەر نایگرێ نە كاتی هەڵهاتنی خۆر نە كاتی ئاوابوونی) (ڕۆنەكەی ئەوەندە پاك بێت) نزیكە ڕۆنەكەی داگیرسێ با ئاگریشی بەرنەكەوێ ڕووناكی لەسەر ڕووناكی (ڕووناكی زەیت و ڕووناكی ئاگر) خوا هەر كەسی بوێ ڕێنموونیی دەكات بۆ لای ڕووناكی (ئایینی خۆی) وە خوا چەندین نموونە دەهێنێتەوە بۆ خەڵكی وە خوا زانا و ئاگادارە بە هەموو شتێك.

لێرەدا پیرۆزیەكە بۆ دار زەیتون دەگەڕێتەوە كە كۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە.

{لَيْسَ عَلَى الأَعْمَى حَرَجٌ وَلا عَلَى الأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلا عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَنْ تَأْكُلُوا مِنْ بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ آبَائِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ إِخْوَانِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَعْمَامِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَالِكُمْ أَوْ بُيُوتِ خَالاتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُمْ مَفَاتِحَهُ أَوْ صَدِيقِكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَأْكُلُوا جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا فَإِذَا دَخَلْتُمْ بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِنْ عِنْدِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ} النور ٦١

كوێرو نابینا گوناهو گلەییان لەسەر نییە، هەروەها شەل، نەخۆش، هەروەها خۆیشتان، كە خواردن بخۆن لە ماڵی خۆتان یان ماڵی باوكتان یان ماڵی دایكتان، یان ماڵی براكانتان یان ماڵی خوشكەكانتان، یان ماڵی مامەكانتان یان ماڵی پوورەكانتان (خوشكانی باوك)، یان لە ماڵی خاڵەكانتان یان لە ماڵی پوورەكانتان (خوشكانی دایك)، یان ئەو ماڵەی كە كلیلی لای ئێوەیە، یان ماڵی هاوەڵتان، هیچ گوناهتان ناگات كە بە كۆمەڵ (لەسەر یەك سفرە) نان بخۆن یاخود جیا بە جیا، هەر كاتێك چوونە هەر ماڵێك، سەلام لە خۆتان بكەن و سەلام لە یەكتر بكەن، سەلامێك لە لایەن خوای گەورەوە، كە پڕە لە بەرەكەت

و فەڕو جوانی و پاکی، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیرو هۆش بکەنەوەو لێکی بدەنەوە (کە چ پەروەردگارێکی دڵسۆزو غەمخوارمان هەیە، چۆن دەیەوێت ژیانمان بە شێوەیەك ڕێك بخات کە بە خۆشی و شادی پێکەوە بژین، دوور لە گرفت و کێشەی دەروونی و ڕەوشتی و کۆمەڵەیەتی).

لێرەدا پیرۆزیەکە بۆ ئەو سڵاوە پاکە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن خوای گەورەوە دانراوە.

{فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِيَ مِنْ شَاطِئِ الْوَادِ الأَيْمَنِ فِي الْبُقْعَةِ الْمُبَارَكَةِ مِنَ الشَّجَرَةِ أَنْ يَا مُوسَى إِنِّي أَنَا اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ }القصص ٣٠

کاتێك کە موسا لە ئاگرەکە نزیك بۆوە لە کەناری لای ڕاستی دۆڵەکەوە لە شوێنێکی پیرۆزەوە لە پاڵ درەختەکەوە بانگی لێکرا ئەی موسا: (ئەوەی گفتوگۆت لەگەڵدا دەکات) ئەوە بەڕاستی منم (الله) کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانم.

لێرەش پیرۆزیەکە بۆ ئەو دۆڵە دەگەڕێتەوە کە موسا سەلامی خوای لەسەر بێت لەگەڵ خوای گەورەدا قسەی کردووە.

{كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الأَلْبَابِ} ص ٢٩

ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە بۆ لای تۆ، بۆ ئەوەی ئایەتەکانی لێک بدەنەوە و بیری لێ بکەنەوە و بۆ ئەوەی خاوەن بیرو هۆشەکان پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و تێفکرن.

لێرەش جارێکی تر پیرۆزی بۆ قورئان دەگەڕێتەوە.

{إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُبَارَكَةٍ إِنَّا كُنَّا مُنْذِرِينَ}الدخان ٣

بەڕاستی ئێمە لە شەوێکی بە فەڕو پیرۆزدا (کە شەوی قەدرە) دامانبەزاندووەتە خوارەوە، بێگومان ئێمە هەمیشە بێدارکەرەوەی بەندەکانمانین.

لێرەدا پیرۆزیەکە بۆ شەوی قەدر دەگەڕێتەوە کە قورئانی تێدا دابەزیووە.
{وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً مُبَارَكًا فَأَنْبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ}
ق ٩
وە لە ئاسمانەوە باراندوومانە بارانێکی بەپیت و فەڕ جا بەو بارانە ڕواندومانە باخات و دانەوێڵە (ی ئەو کشتوکاڵانەی) کە دروێنە دەکرێن.
لێرەدا پیرۆزی بۆ باران دەگەڕێتەوە کە ژیانی پێوە بەندە.
لە ئەنجامی گەڕانم لە قورئاندا ئەم ١٢ ئایەتەم دۆزیەوە، کە ووشەی موبارەك بە ڕاستەوخۆ هاتووە، هەروەها لەسەر ووشەی بارکنا ش ئەم ئایەتانەم هەمووی دۆزیەوە،ئەنجامی گەڕان بەدوای ئەو ووشەشدا، لە قورئاندا بەرچاوم کەوت کە ئەوانیش ٦ ئایەتن:
{وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُوا يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُوا وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَاانُوا يَعْرِشُونَ}
الاعراف ١٣٧
ئەوسا ئەو قەوم و گەلەی لاواز دەکران و دەچەوسێنرانەوە لە هەموو خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئەو وڵاتەی کە فەڕو بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاند بوو کردە جێنشین و بەڵێنی ڕاست و جوانی پەروەردگارت (ئەی محمد(صلی الله علیه وسلم) جێبەجێ بوو بۆ نەوەی ئیسرائیل بەهۆی ئەوەی کە ئارامیان لەسەرگرت، (کەواتە ئەگەر ئوممەتی تۆیش ئاوا خۆگربن بێگومان هەمان ئەنجام بەدەست دەهێنن)، هەرچیش فیرعەون و قەومەکەی دروستیان دەکردو ئەو کۆشک و تەلارسازیەی کە دەیانکرد، هەر هەموویمان کاول و وێران کرد.
{سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ} الإسراء ١

پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەی کە شەورەوی کرد لە بەشێکی کەمی شەودا بەبەندەی خۆی (محمد صلی الله علیه وسلم) لە مزگەوتی (حرام، کەعبەی پیرۆزەوە) بۆ مزگەوتی (الاقصی) لە (بیت المقدس) کە دەوروبەریمان پیرۆزو پڕ بەرەکەت کردووە، تا هەندێك نیشانەو بەڵگەو دەسەڵاتداری و توانایی خۆمانی نیشان بدەین، بەراستی ئەو زاتە بیسەرو بینایە.
{وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا إِلَى الأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ}الأنبياء ٧١
ئێمە ئەویش و - لوط - ی برازایشمان ڕزگار کرد و ناردمانن بۆ (وڵاتی شام) ئەو سەرزەمینەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندووە بۆ هەموو خەڵکی.
{وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِي بِأَمْرِهِ إِلَى الأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَكُنَّا بِكُلِّ شَيْءٍ عَالِمِينَ}
الأنبياء ٨١
بۆ سولەیمانیش بایەکی بەهێزو تیژمان ڕەخساند کە بەرمانی ئەو، جاروبار هاتووچۆی دەکرد بۆ ئەو زەویەی کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندبوو و ئێمە بەهەموو شتێک زاناو شارەزاین.
{وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ}
سبأ١٨
(لەوەودوا) ئێمە لە نێوان ئەوان و ئەو شوێنەدا کە بەرەکەتمان بەسەردا ڕژاندبوون دێهات و ئاوەدانی ئاشکرا هەبوون، کە بەبێ ماندوبوون ئەو سەفەرانەیان دەکرد لە نێوان شام و یەمەندا) ماوەی نێوان دێهاتەکانیان دەبڕی بە ئاسانی و بێ ماندوبوون، وە (پێمان وتبوون، دە سەفەرو بازرگانی بکەن)، بڕۆن چەندەها شەو و ڕۆژ بێ ئەوەی هیچ ترس و بیمتان هەبێت.
{وَبَارَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَى إِسْحَاقَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِنَفْسِهِ مُبِينٌ}
الصافات١١٣

خێرو بەرەکەتمان ڕژاند بەسەر ئیبراهیم و بەسەرئیسحاقدا و لەنەوەی هەردووکیان، واتە: ئیسماعلیل و ئیسحاق چاکان و پاکان، هەروەها ئەو کەسانەش پەیدادەبن بەروونی ستەم لە خۆیان دەکەن.

ووشەی تبارکیش نۆ جار لە قورئاندا هاتووە کە ئەوانیش:

{ان ربكم الله الذي خلق السماوات والارض في ستة أيام ثم استوى على العرش يغشي الليل والنهار يطلبه حثيثا والشمس والقمر والنجوم مسخرات بأمره ألا له الخلق والأمر تبارك الله رب العالمين}٥٤الاعراف

بێگومان پەروەردگارتان (الله)یە کە دروستکاری ئاسمانەکان و زەویە لە ماوەی شەش ڕۆژدا (مەگەر هەر خۆیشی بزانێت ئەو ڕۆژانە ماوەیان چەندە)، پاشان لەسەر عەرش و تەختی فەرمانڕەوایی وەستا (ئەڵبەتە چۆنیەتیی وەستان و تەختی فەرمانڕەوایەتی و گەلێ شتی لەو بابەتانە لەرادەی بۆچوونی ئێمە بەدەرە، تەفسیری ئەم ئایەتەیان لە پێشەوا مالیک و ئەحمەد پرسیووە، لە وەڵامدا وتوویانە: وەستانەکە حەقیقەتی هەیە، چۆنیەتیەکەی شاراوەیە، پرسیار کردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕ بوون پێی واجبە)، بەشەو، ڕۆژ دادەپۆشێت؛ لەکاتێکدا بەشێنەیی عەوداڵە بەدوایدا، خۆرو مانگ و ئەستێرەکان (هەر هەموویان) بە فەرمانی خوا کەوتوونەتە گەڕو لە فەرمانی دەرناچن، ئاگادار بن و بزانن و تێفکرن کە: هەرچی دروستکردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە، (کەواتە دەبا هەمووان فەرمانبەرداری ئەو بین و لە فەرمانی دەرنەچین)، موبارەک و پیرۆزو گەورەیە زاتی (الله) پەروەردگاری جیهانیان.

{ثم خلقنا النطفة علقة فخلقنا العلقة مضغة فخلقنا المضغة عظاما فكسونا العضام لحما ثم أنشأناه خلقا اخر فتبارك الله رب العالمين} المؤمنون ١٤

لەوەو دوا نوتفەکەمان کردووە بە خۆ هەڵواسەرێك (سەرە مێکوتەیەك) پاشان خۆهەڵواسەرەکەمان کردووە بە گۆشتپارەیەك، ئینجا (شێوازی) گۆشتپارەکەمان

به پەیکەری ئێسك گۆڕیوەو بە گۆشت پەیکەری ئێسکەکەمان داپۆشیوە، ئەوساله شێوەیەکی تردا دەرمان هێناوە (کە شێوەی ئادەمیزادێکی ڕێکو پێکە و ڕۆحی پێ بەخشراوە)، بە ڕاستی خوای مەزن بەرزو پیرۆزو موبارەکەو چاکترین بەدیهێنەرو چاکترین دروستکارە.
{تبارك الذي نزل الفرقان على عبدة ليكون للعالمين نذيرا} فرقان ١
بەرزو پیرۆزو پاک و بڵندە ئەو زاتەی کە قورئانی دابەزاندووە تا ببێتە جیاکەرەوەی ڕاست و ناڕاست، بۆ سەر بەندەی خۆی (محمد صلى الله عليه وسلم) تا ببێتە هۆشیار کەرەوەو بێدارکەرەوەی دانیشتوانی جیهان لە هەموو سەردەمێکدا .
{تبارك الذى ان شاء جعل لك خيرا من ذالك جنات تجري من تحتها الانهار ويجعل لك قصورا} الفرقان ١٠

(لەحاڵەتێکدا) ئەو زاتە مەزن وپیرۆزە،زاتێکە کە ئەگەر بیەوێت زۆر لەوەی کە خوانەناسان باسی دەکەن چاکترت پێ دەبەخشێت..باخ وباخاتی (جوان و ڕازاوەت هەرلە دنیادا بۆ دەڕەخسێنێت) کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، هەروەها کۆشک و تەلاری بەرزو بڵندت پێ دەبەخشێت.
{تبارك الذي جعل في السماء بروجا وجعل فيها و قمرا منيرا} الفرقا ٦١

زۆر گەورەو مەزنە ئەو زاتەی لە ئاسماندا چەندەها خولگەی گەورەی (بۆ هەسارەو ئەستێرەکان) بەدیهێناوە، هەروەها چرایەکی پڕشنگدار، کە خۆرە و مانگێکی ڕوناکیشی بۆ زەوی دابین کردووە.
{الله الذى جعل الكم الارض قرارا والسماء بناء وصوركم فأحسن صوركم ورزقكم من الطيبات ذالكم الله ربكم فتبارك الله رب العالمين} غافر ٦٤
خوا ئەو زاتەیە کە زەوی بۆ کردوون بە شوێنی سرەوتن و ژیان و حەوانەوە،

ئاسمانیشی بەسەرتانەوە ڕاگرتووە، ڕووخسارو شێوازتانی نەخشاندووە، بەجوانترین شێوەش نەخشاندویەتی، لە ڕزق و ڕۆزی چاک و پاک و بەسوود بەهرەوەری کردوون، جا ئا ئەوەیە خوای پەروەردگارتان، پاک و بێ گەرد و بڵندە ئەو خوایەی کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.
{وتبارك الذي له ملك السماوات والأرض وما بينهما وعنده علم الساعة والية ترجعون الزخروف} ٨٥
ئەو زاتەی کە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیانە زۆر موبارەك و خێربەخش و پاك و بێ گەردە و هەر ئەو دەزانێت کەی قیامەت بەرپا دەبێت، بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە.
{تبارك اسم ربك ذي الجلال والاكرام} الرحمن ٧٨
موبارەک و بەرزو بەڕێزە ناوی پەروەردگاری تۆ، چونکەئەو زاتێکە خاوەنی بەرزی و بڵندی و ڕێزی بێ سنوورەبۆ ئیمانداران.
{تبارك الذي بيده الملك وهو على كل شىء قدير} الملك ١
گەورەو موبارەك و پیرۆزە، ئەو زاتەی کە هەموو بوونەوەرو جیهانی بەدەستە، ئەو زاتەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.
پێم باش بوو بۆ ووشەی (قدس)ش بگەڕێم چونکە مانای هەردووکیان قدس، لەگەڵ مبارك، هەردووکیان واتاکەی بە کوردی هەر پیرۆز دێت، ئەگەرچی هاوڕێکەم ووشەی قدس تقدیس ی دەگەڕاندەوە بۆ ئاینی مەسیحی بەڵام لەبەر هاتنی لە قورئانداو گەشتن لە باسەکە زیاتر بە شیاوترم زانی گەر لاپەڕەکانی قورئان بۆ ئەویش هەڵ بدەمەوە، هەشت ئایەتم لەقورئاندا دۆزیەوە لەسەری.

{وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لا

تَعْلَمُونَ}البقرة ٣٠
(ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) باسی ئەوە بکە لە دێرین زەماندا) پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم (بۆ ئاوەدانی و دینداری)، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە خراپەو تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنرێژی تێدا ئەنجام بدات؟! لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدرو ڕێزی تۆ چاك دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین، (لەوەڵامیاندا) خوا فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم.
لەم ئایەتەدا بۆمان دەرکەوت کە (نقدس) کە بە مانای پیرۆز دێت وەك لە تەفسیری ڕاماندا هەمان ووشەی بۆ بەکار هێناوە، وە بە مانای قەدرو ڕێز لە تەفسیری ئاساندا هاتووە، ئەم پیرۆزیە بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە، چونکە قسەی فریشتەکان بوو لەگەڵ خوای گەورەدا.
{وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِنْ بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَى أَنْفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ} البقرة ٨٧
سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە تەوراتمان دا بە مووسا وە دوا بەدوای ئەو پێغەمبەرانمان نارد وە چەند نیشانەیەکی ڕۆشنمان دا بە عیسای کوڕی مەریەم وە پشتیوانیمان کرد بە جوبرەئیل جا هەرکاتێ پێغەمبەرێکتان بۆ بهاتایە بە جۆرێک کەڕێکی ئارەزووتان نەبوایە لووت بەرز بوون و خۆتان بەگەورە گرتووە جا دەستەیەکتان(لە پێغەمبەران) بە درۆ زانیوە وە دەستەیەکتان کوشتوون.
لە پوختەی تەفسیری قورئانیشیدا جوبرەئیل بە پیرۆز القدس هاتووە.
{تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِنْهُمْ مَنْ كَلَّمَ اللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ

الَّذينَ مِنْ بَعْدهِمْ مِنْ بَعْد مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَكِن اخْتَلَفُوا فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ وَمِنْهُمْ مَنْ كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَاا اقْتَتَلُوا وَلَكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ}} البقرة ٢٥٣

ئەو پێغەمبەرانەی (باسکران) ڕێزی هەندێکیانمان داوە بەسەر هاندێکی تریاندا، هەیانە خوا گفتوگۆی (یەکسەری) لەگەڵدا کردووە (وەک موسا) و پلەوپایەی هەندێکیانی بەرز کردۆتەوە بە چەندەها پلە (وەک محمد (صلی الله علیه وسلم) و چەندەها بەڵگەی ڕوون و ئاشکرامان بەخشیووە بەعیسای کوڕی مەریەم، (وەک زیندووکردنەوەی مردوو، چاکردنەوەی نەخۆشی زگماک،.. هتد بەویستی خوا) و پشتگیریمان کردووە بە فریشتەی سرووش کە (جوبرەئیل)ە، خۆ ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوایە (ئەو خەڵکە هەمووی باوەڕدار دەبوون)، دوای هاتنی پێغەمبەرەکانیان جەنگیان دژبەیەک نەدەکرد، پاش ئەوەی چەندەها بەڵگەی ئاشکرایان (لەسەردەستی پێغەمبەران) بۆ هاتبوو، بەڵام دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە، هەندێکیان ئیمان و باوەڕی هێناو، هەندێکیشیان بێ باوەڕ بوو، ئەگەر خوا ویستی لەسەر بوایە جەنگیان دژ بەیەک نەدەکردو یەکتریان نەدەکوشت، بەڵام خوا هەرچیەکی بوێت هەر ئەوە ئەنجام دەدات هەر ئەوە پێش دەهێنێت.

لێرەشدا دیسان پیرۆزیەکە بۆ فریشتە دەگەڕێتەوە.

{يَا قَوْم ادْخُلُوا الأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ و وَلا تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ} المائدة ٢١

لە تەفسیری المیسردا ماناکەی بەم شێوەیە هاتووە: يا قوم ادخلوا الأرض المقدسة -أي المطهرة، وهي «بيت المقدس» وما حولها- التي وعد الله أن تدخلوها وتقاتلوا مَن فيها من الكفار، ولا ترجعوا عن قتال الجبارين، فتخسروا خير الدنيا وخير الآخرة.

ئەی قەوم و عەشیرەتم بچنە ناو ئەو زەویە پیرۆزەی (القدس)، کە خوا پێویستی

کرد لەبەر سوودی خۆتان بچنە ناوی، پاشگەز مەبنەوەو پاشەکشێ مەکەن تا خەسارەتمەندو زەرەرمەند نەبن.
لێردا پیرۆزیەکە بۆ قودس دەگەڕێتەوە کە خوای گەورە بڕیاری داوە لە بت پەرستی بەدووری بخات و پاك ڕابیگرێت.
{إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَى وَالِدَتِكَ إِذْ أَيَّدْتُكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَإِذْ عَلَّمْتُكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَاالإِنْجِيلَ وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنْفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي وَتُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوْتَى بِإِذْنِي وَإِإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنْكَ إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ إِنْ هَذَا إِلا سِحْرٌ مُبِينٌ} المائدة ١١٠
بیر بکەرەوە کاتێ خوا بە عیسای کوڕی مەریەمی فەرموو بیر بکەرەوە لەچاکە و بەهرەی من بەسەر خۆت و دایکتەوە کاتێ کە پشتیوانیم لێکردیت بەگیانی هەرە پیرۆز(جوبرەئیل) کاتێ لەبێشکەدا بوویت و بەگەورەییش قسەت لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد وە کاتێکیش فێری کتێب (نووسین) و دروست کاری و تەورات و ئینجیلم کردیت وە بیر بکەرەوە کاتێ بەفەرمانی من لەقوڕ شتێکت لە شێوەی باڵندە دروست دەکرد ،دەست بەجێ بەفەرمانی من ئەبوو بە باڵندە وە بەفەرمانی من کوێری زکماك و بەڵەکیت چاك دەکردەوە ، وە کاتێ بەفەرمانی من مردووانت لەگۆڕ دەردەهێنا بەزیندوو کراوەیی وە بیربکەرەوە کاتێ بەرگری نەوەکانی ئیسرائیلم کردلێت (بتکوژن) کاتێکیش موعجیزە ڕوونەکانت بۆ هێنان جا ئەوانەیان کە بێ باوەڕ بوون وتیان بەڕاستی ئەمە هیچ نی یە جگە لەجادوویەکی ئاشکرا.
لێرەش پیرۆزیەکە بۆ فریشتە دەگەڕێتەوە، کە بێگومان فریشتەش دروستکراوانێکی خوان و پاکن و بەدوورن لە تاوان.

{قُلْ نَـزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِنْ رَبِّكَ بِالْحَقِّ لِيُثَبِّتَ الَّذِينَ آمَنُوا وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ} النحل ١٠٢
ئەی محمد صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ: ڕوح القدس، (جوبرەئیل، ئەم قورئانەی) لە لایەن پەروەردگارتەوە بە حەق و ڕاستی دابەزاندووە، بۆ ئەوەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دامەزراو پایەدار بکات و ڕێنموویی و مژدەشە بۆ موسوڵمانان.
لێرەش هەم دیسان بۆ جوبرەئیل دەگەڕێتەوە پیرۆزیەکە.
{إِنِّي أَنَا رَبُّكَ فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِي الْمُقَدَّسِ طُوًى} طه ١٢
دڵنیابە من پەروەردگاری تۆم، کەواتە پێڵاوەکانت دا بکەنە، چونکە بێگومان تۆ لە دۆڵی پیرۆزی - طوی- دایت.
لێرەدا پیرۆزیەکە بۆ دۆڵەکە (شیو)ەکە دەگەڕێتەوە کە موسا سەلامی خوای لەسەر بێت لەگەڵ خوای گەورەدا ڕاستەوخۆ قسەی کردووە.
{إِذْ نَادَاهُ رَبُّهُ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى}النازعات ١٦
کاتێک کەپەروەردگاری بانگی کرد لەشیووی پیرۆزی طووا وە.
لێرەشدا دیسان پیرۆزیەکە بۆ هەمان دۆڵە کە موسا سەلامی خوای لێ بێت لەگەڵ خوای گەورەدا قسەی کردووە.
چەند فەرموودەیەك کە ووشەی موبارەکی تێدا هاتووە
{حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْلَمَةَ عَنْ مَالِك عَنْ نُعَيْم بْن عَبْد اللَّه الْمُجْمر عَنْ عَليِّ بْن يَحْيَى بْنن خَلَّاد الزُّرَقيِّ عَنْ أَبِيه عَنْ رفَاعَةَ بْنَ رَافع الزُّرَقيِّ قَالَ : كُنَّا يَوْمًا نُصَلِّي وَرَاءَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ فَلَمَّا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنْ الرَّكْعَة قَالَ سَمعَ اللَّهُ لمَنْ حَمدَهُ قَالَ رَجُلٌ وَرَاءَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ حَمْدًا كَثيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فيه فَلَمَّا انْصَرَفَ قَالَ مَنْ الْمُتَكَلِّمُ قَالَ أَنَا قَالَ رَأَيْتُ بِضْعَةً وَثَلَاثِينَ مَلَكًا يَبْتَدِرُونَهَا أَيُّهُمْ يَكْتُبُهَا أَوَّلُ} رواه البخاری

عَنْ عَليٍّ بْن أَبي طَالب (رضي الله عنه)، عَنْ رَسُول اللَّه (صلى الله عليه وسلم): أَنَّهُ كَانَ إذَا قَامَ إلَى الصَّلاَة قَالَ: (وَجَّهْتُ وَجْهيَ للَّذي فَطَرَ السَّمَاوَات وَالْأَرْضَ حَنيفًا وَمَا أَنَا منَ الْمُشْركينَ، إنَّ صَلاَتي وَنُسُكي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتي للَّه رَبِّ الْعَالَمينَ، لَا شَريكَ لَهُ، وَبذَلكَ أُمَرْتُ، وَأَنَا منَ الْمُسْلمينَ. اللَّهُمَّ أَنْتَ الْمَلكُ، لَا إلَهَ إلَّا أَنْتَ، أَنْتَ رَبِّي وَأَنَا عَبْدُكَ، ظَلَمْتُ نَفْسي وَاعْتَرَفْتُ بذَنْبي فَاغْفرْ لي ذُنُوبي جَميعًا، إنَّهُ لَا يَغْفرُ الذُّنُوبَ إلَّا أَنْتَ، وَاهْدني لأَحْسَن الْأَخْلَاق لَا يَهْدي لأَحْسَنهَا إلَّا أَنْتَ، وَاصْرفْ عَنِّي سَيِّئَهَا لَا يَصْرفُ عَنِّي سَيِّئَهَا إلَّا أَنْتَ، لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ، وَالْخَيْرُ كُلُّهُ في يَدَيْكَ، وَالشَّرُّ لَيْسَ إلَيْكَ. أَنَا بكَ وَإلَيْكَ، تَبَارَكْتَ وَتَعَالَيْتَ. أَسْتَغْفرُكَ وَأَتُوبُ إلَيْكَ). وَإذَا رَكَعَ قَالَ: (اللَّهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ، وَبكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، خَشَعَ لَكَ سَمْعي وَبَصَري، وَمُخِّي وَعَظْمي وَعَصَبي). وَإذَا رَفَعَ قَالَ: (اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ، ملْءَ السَّمَاوَات وَملْءَ الْأَرْض، وَملْءَ مَا بَيْنَهُمَا، وَملْءَ مَا شئْتَ منْ شَيْءٍ بَعْدُ). وَإذَا سَجَدَ قَالَ: (اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، سَجَدَ وَجْهي للَّذي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ، تَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالقينَ). ثُمَّ يَكُونُ منْ آخر مَا يَقُولُ بَيْنَ التَّشَهُّد وَالتَّسْليم: (اللَّهُمَّ اغْفرْ لي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ، وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ وَمَا أَسْرَفْتُ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ به منِّي، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ، لَا إلَهَ إلَّا أَنْتَ). وفي الرواية: كَانَ رَسُولُ اللَّه (صلى الله عليه وسلم) إذَا اسْتَفْتَحَ الصَّلَاةَ كَبَّرَ ثُمَّ قَالَ: (وَجَّهْتُ وجهي...) إلَى آخره.

(علی) کوری (ابی طالب)(خوای لێ ڕازی بێت) لەپێغەمبەری خواوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە کاتێ هەستاوە بۆ نوێژکردن فەرموویەتی : (وجهت وجهي للذي فطر السموات والارض حنيفاً، وما أنا من المشركين ان صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين لاشريك له وبذلك امرت وانا من المسلمين) اللهم

انت الملك لا اله الا انت، انت ربي وانا عبدك ظلمت نفسي واعترفت بذنبي فاغفرلي ذنوبي جميعاً، انه لايغفر الذنوب الا انت واهدني لاحسن الاخلاق لا يهدي لأحسنها الا انت، واصرف عني سيئها لايصرف عني سيئها الا انت لبيك وسعديك، والخير كله في يديك، والشر ليس اليك، انابك واليك تباركت وتعاليت استغفرك واتوبجه اليك، كاتێ ڕكوعی دەبرد دەيفەرموو: (اللهم لك ركعت، وبك امنت ولك اسلمت خشع لك سمعي وبصري ومخي وعظمي وعصبي) كاتێ لەڕكوع هەڵدەستايەوە دەيفەرموو: (اللهم ربنا لك الحمد ملء السموات وملء الارض وملء مابينهما، وملء ماشئت من شيء بعد، كاتێ سوجدەی دەبر دەيفەرموو: (اللهم لك سجدت وبك امنت ولك اسلمت، سجد وجهي للذي خلقه وصوره وشق سمعه وبصره تبارك الله أحسن الخالقين) ئينجا لەكۆتايی تەحياتداوە پێش سەلام دانەوە دەيفەرموو: (اللهم اغفر لي ما قدمت وما أخرت وما اسررت وما اعلنت وما اسرفت، وما انت أعلم به مني، انت المقدم وأنت المؤخر لا اله الا انت) لەڕيوايەتێكيشدا پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) كاتێ دەستی دەكرد بە نوێژ تەكبيری دەكردو دەيفەرموو: (وجهت وجهي) تا كۆتايی.

عَنْ حطَّانَ بْن عَبْد اللَّه الرَّقَاشيِّ قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ أَبي مُوسَى الْأَشْعَريِّ (رضي الله عنه) صَلاَةً، فَلَمَّا كَانَ عنْدَ الْقَعْدَة قَالَ رَجُلٌ منَ الْقَوْم: أُقرَّت الصَّلاَةُ بالْبرِّ وَالزَّكَاة، قَالَ: فَلَمَّا قَضَى أَبُو مُوسَى الصَّلاَةَ وَسَلَّمَ انْصَرَفَ، فَقَالَ: أَيُّكُمُ الْقَائلُ كَلمَةَ كَذَا وَكَذَا؟ قَالَ: فَأَرَمَّ الْقَوْمُ، ثُمَّ قَالَ: أَيُّكُمُ الْقَائلُ كَلمَةَ كَذَا وَكَذَا؟ فَأَرَمَّ الْقَوْمُ، فَقَالَ: لَعَلَّكَ يَا حطَّانُ قُلْتَهَا؟ قَالَ: مَا قُلْتُهَا، وَلَقَدْ رَهبْتُ أَنْ تَبْكَعَني بهَا، فَقَالَ رَجُلٌ منَ الْقَوْم: أَنَا قُلْتُهَا، وَلَمْ أُردْ بهَا إلَّا الْخَيْرَ، فَقَالَ أَبُو مُوسَى: أَمَا تَعْلَمُونَ كَيْفَ تَقُولُونَ في صَلَاتكُمْ، إنَّ رَسُولَ اللَّه خَطَبَنَا، فَبَيَّنَ لَنَا سُنَّتَنَا، وَعَلَّمَنَا صَلَاتَنَا فَقَالَ: (إذَا

صَلَّيْتُمْ فَأَقِيمُوا صُفُوفَكُمْ، ثُمَّ لْيَؤُمَّكُمْ أَحَدُكُمْ، فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا، وَإِذْ قَالَ: [غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ] فَقُولُوا: آمِينَ، يُجِبْكُمُ اللَّهُ، فَإِذَا كَبَّرَ وَرَكَعَ فَكَبِّرُوا وَارْكَعُوا، فَإِنَّ الْإِمَامَ يَرْكَعُ قَبْلَكُمْ وَيَرْفَعُ قَبْلَكُمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): فَتِلْكَ بِتِلْكَ، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، فَقُولُوا: اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ، يَسْمَعُ اللَّهُ لَكُمْ، فَإِنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قَالَ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّهِ (صلى الله عليه وسلم): سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، وَإِذَا كَبَّرَ وَسَجَدَ فَكَبِّرُوا وَاسْجُدُوا، فَإِنَّ الْإِمَامَ يَسْجُدُ قَبْلَكُمْ، وَيَرْفَعُ قَبْلَكُمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): فَتِلْكَ بِتِلْكَ، وَإِذَا كَانَ عِنْدَ الْقَعْدَةِ فَلْيَكُنْ مِنْ أَوَّلِ قَوْلِ أَحَدِكُمُ: التَّحِيَّاتُ الطَّيِّبَاتُ الصَّلَوَاتُ لِلَّهِ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ).

(حطان) کوڕی (عبدالله الرقاشی) دەڵێ: لەگەڵ (ابو موسی الاشعری)دا نوێژێکم کرد، کاتێ کاتی دانیشتن هات پیاوێك لەو خەڵکە وتی: نوێژ کراوە بەهاوتای چاکەو زەکات. دەڵێ: کاتێ (ابوموسی) لەنوێژەکەی بوویەوە سەلامی دایەوە، وتی: کێتان بوو قسەیەکی ئاواو ئاوای کرد؟ خەڵکەکە هەموو بێدەنگ بوون کەس وەڵامی نەدایەوە، ئینجا وتی: کێتان بوو قسەیەکی ئاواو ئاوای کرد؟ خەڵکەکە بێدەنگ بوون و کەس وەڵامی نەدایەوە بۆیە وتی: ئەی (حطان) لەوانەیە تۆ وتبێتت؟ وتی: نەموتووە، دەترسام سەرزەنشتم بکەیت. پیاوێك لەو خەڵکە وتی: من بووم وتم، مەبەستیشم تەنها خێر بوو، (ابو موسی) وتی: نازانم لەنوێژەکانتانا چی دەڵێن، پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وتاری بۆداین و سوننەتەکانی بۆ ڕوون کردینەوە، نوێژەکانی فێرکردین و فەرمووی: (ئەگەر نوێژتان کرد ڕیزەکانتان ڕێك بکەن، ئەگەر وتی: (غیر المغضوب علیهم ولا الضالین) بڵێن: امین، خوای گەورە نزاتان گیرادەکات. ئەگەر تەکبیری کرد

تەکبیر بکەن و ڕکوع ببەن، ئیمام لەپێش ئێوەوە ڕکوع دەبات و لەپێش ئێوەشەوە بەرزدەبێتەوە فەرمووی: ئەمە یان بەوە (ئەم پێشکەوتنە بەودواکەوتنە) * ئەگەر وتی: (سمع الله لمن حمدة) بڵێن: (اللهم ربنا لك الحمد) خوا لێتان دەبیستێ، چونکە خوای گەورە لەسەرزمانی پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (سمع الله لمن حمده) ئینجا ئەگەر تەکبیری کردو سوجدەی برد، ئێوەش تەکبیر بکەن و سوجدە ببەن، چونکە ئیمام لەپێش ئێوەوە سوجدە دەبات، لەپێش ئێوەشەوە بەرزدەبێتەوە، ئینجا پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ئەمەشیان بەوە، ئینجا ئەگەر لەدانیشتنا بوو بایەکەم قسەی هەریەکێکتان : (التحيات لله والصلوات لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، ، اشهد أن لا اله الا الله واشهد أن محمدا عبده ورسوله).

[عَن ابْن عَبَّاس (رَضيَ اللَّهُ عَنْهُمَ) أَنَّهُ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّه (صلى الله عليه وسلم) يُعَلِّمُنَا التَّشَهُّدَ كَمَا يُعَلِّمُنَا السُّورَةَ منَ الْقُرْآن، فَكَانَ يَقُولُ: (التَّحيَّاتُ الْمُبَارَكَاتُ الصَّلَوَاتُ الطَّيِّبَاتُ للَّه، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبيُّ وَرَحْمَةُ اللَّه وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عبَاد اللَّه الصَّالحينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه). وَفي رِوَايَة ابْنِ رُمْحٍ: كَمَا يُعَلِّمُنَا الْقُرْآنَ].

(ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) تەحیاتی فێردەکردین وەکو فێری سوورەتی قورئانمان بکات، دەیفەرموو: (التحيات المباركات والصلوات الطيبات لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمداً رسول الله) .

عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَجُلًا جَاءَ فَدَخَلَ الصَّفَّ وَقَدْ حَفَزَهُ النَّفَسُ، فَقَالَ:

الْحَمْدُ للَّه حَمْدًا كَثيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فيه. فَلَمَّا قَضَى رَسُولُ اللَّه (صلى الله عليه وسلم) صَلَاتَهُ قَالَ: (أَيُّكُم الْمُتَكَلِّمُ بالْكَلمَات). فَأَرَمَّ الْقَوْمُ، فَقَالَ: (أَيُّكُم الْمُتَكَلِّمُ بهَا، فَإِنَّهُ لَمْ يَقُلْ بَأْسًا). فَقَالَ رَجُلٌ: جِئْتُ وَقَدْ حَفَزَني النَّفَسُ، فَقُلْتُهَا. فَقَالَ: (لَقَدْ رَأَيْتُ اثْنَيْ عَشَرَ مَلَكًا يَبْتَدرُونَهَا أَيُّهُمْ يَرْفَعُهَا).

(انس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك بەهەناسە بڕکێ هاتوو چووە ڕیزی نوێژەوە، وتی: (الحمد لله حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه) کاتێ پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لەنوێژەکەی بوویەوە، فەرمووی: (کێ بوو ئەو وتەیەی وت؟ خەڵکەکە هەموو بێدەنگ بوون، فەرمووی: (کێتان بوو ئەو قسانەی کرد؛ خراپی نەوتووە) پیاوێك وتی: من بووم کاتێ هاتم هەناسە بڕکێم بوو ئەو قسەیەم کرد، فەرمووی: (چاوم لێ بوو دوانزە فریشتە پێشبڕکێیان بوو لەسەر ئەوەی کەکامیان بەرزی بکاتەوە).

بە گەشتن لەو ئایەتانەو تایبەتکردنیان بە شتەکانەوە پیرۆزیەکەیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. وەك لە ئایەتەکانی سەرەوە بۆمان دەرکەوت ئەم شتانە پیرۆزن.

١-خوای گەورە.

٢-جوبرەئیل، فریشتە.

٣-پێغەمبەر عیسا سەلامی خوای لەسەر بێت.

٤-مەککەی موکەڕەمە.

٥-قودس.

٦-کێوی جودی کە کەشتیەکەی نوحی لەسەر نیشتووەتەوە.

٧-دۆڵی طوی کە موسا سەلامی خوای لەسەر بێت قسەی لەگەڵ خوای گەورەدا تێدا کردووە.

٨-باران.

٩-قورئان.
١٠-سڵاوی خوای پەروەردگار.
١١-شەوی قەدر ئەو شەوەی کە قورئانی تێدا دابەزیووە.
١٢-زەیتوون.
لێرەدا دەتوانین بگەین بە سەرەنجامێك و لێکدانەوەیەکی سەرەتایی بۆ بکەین و بیان کەین بە دووبەشەوە لە کۆی هەموو ئەو ئایەتانەی باسی پیرۆزی تێدان، پیرۆزیەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم دووبەشە:
بەشی یەکەم: بۆ خوای گەورە، قورئان، فریشتە، سڵاوی خوای گەورە، پێغەمبەر عیسا علیه السلام.
بەشی دووهەم: بەیت و مەقدیس، مەککەی موکەڕەمە، کێوی جودی، دۆڵی طوی، شەوی قەدر، باران، زەیتون.
بەشی یەکەم کە خوای گەورەو جوبرەئیلی خۆی و پێغەمبەرەکەی لەگەڵ سڵاوی خۆیدا هەمووی بۆ خۆی دەگەڕێتەوەو هیچ هەڵەو پەڵەو غەلێك هەڵناگرێت بە بەردەوامی.
بەشی دووهەم بۆ جێگەو کات دەگەڕێتەوە لەگەڵ زەیتون و باراندا، جێگەکان وەك بەیت و مەقدیس و مەککەی موکەڕەمەو دۆڵی طوی، شەوی قەدر زەیتون و باران، ئەمانەش هەموویان تایبەتمەندی خۆیان هەیە وەك بەیتولمەقدیس کە ڕووگەی قیبلەی مسوڵمانان بووە یەکەم جارو جێگەی ڕێڕەوی پێغەمبەر بووە لە ئیسراو میعراجدا، کە ئەو شەوڕەویەو بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان تا ئێستەش جێگەی تێڕامان و هەڵوێستەکردنە لەسەری لە ڕووی زانستیشەوە، وە ئەو دوو جێگەش کە کێوی جودی و دۆڵی طوی بەهۆی پەیوەندی ئەو دوو پێغەمبەرە لەگەڵ خوای گەورەدا لەو دوو جێگەدا تایبەتمەندیەکە دروست دەکات، لە نیشتنەوەی کەشتی نوح لەو جێگەدا بوو بە مایەی دروست بوونەوەو

ژیانەوەی گشت مرۆڤایەتی جارێکی تر، وە دۆڵی طوی پێغەمبەر موسا لەگەڵ خوای گەورەدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوای گەورەدا قسەی کردووە، وەك خوای گەورە دەفەرمویێت{وکلم الله موسی تکلیما} النساء ١٦٤، وە هەروەها بارانیش تایبەتمەندیەکی زۆرگرنگی هەیەو بەهۆیەوە خوای گەورە ژیانی ڕاگرتووەو، زەیتونیش لە جێگەی تردا خوای گەورە سوێندنی پیخواردووە کە گرنگیەکەی دەردەکەوێت.

لێرەدا دەتوانین بڵێین هەموو ئەوانەی کە لە قورئاندا بە پیرۆز ناوبراون پیرۆزن لەبەر خودوو لەبەر گرنگیان بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

جگە لەوانە ناوهێنانی شتانی تر بە پیرۆز لە جێگەی خۆیدا نی یە، چونکە ئەگەرچی ئەو شتە گرنگ بێت بۆ کەسێك وەیان بۆ کەسانێك و هەتا نەتەوەیەکیش بەڵام وانی یە بە نسبەت هەموو مرۆڤایەتیەوە وەك ئەوەی ئەو پیرۆزیانەی کە لە قورئاندا باس کراون بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، جگە لەوەش کاتێك شتێك ناوی پیرۆزی لێ دەنرێت ئیتر بەربەستێك لەبەرانبەریدا دروست دەبێت لەوەی کەس بۆی نی یە قسەی لەسەر بکات بەو هۆیەوە ئەگەر جۆرێك لە پیرۆزیشی تێدا بێت بەو تێگەشتنەی کە خۆشیان دەیلێن ئەوا بە ووتنی ئەو ووشە زیاتر بەرتەسك دەکرێتەوە، جگە لەوەی کە ئەو شتانەی ناوی پیرۆزی لێ دەنرێت لە وولاتانی ئیسلامیدا لەبەر ئەو تێگەشتنە پێشینەی کە لە دین و قورئانەکەدا وەریان گرتووەو فێربوون لە لایەن مامۆستایانی ئاینیەوە ئەو شتەش کە باس دەکرێت لەگەڵ ئەودا تێکەڵی دەکەن، ئەمەش جۆرێکە لە تێکدانی بیری تاکی مسوڵمان و گەورەکردنی ئەو شتەیە کە ناوی پیرۆزی لێ دەنرێت، چونکە ئەگەر بۆ نمونە خاك بە پیرۆز ناو ببرێت جگە لە کێوی جودی و دۆڵی طوی، ئەوا چەندەها جێگەی ترمان هەیە کە پیرۆز نین و خوای گەورە غەزەبی لێگرتوون بەهۆی ئەو تاوانانەی کەلەسەری کراون هەرچەند

خاك بۆخۆی ئیرادەی تاوانی نی یە، بەڵام خوای گەورە ئەو دوو جێگەی جیا کردووەتەوە لە جێگەکانی تر بەهۆی قسە کردنی موسا لەگەڵ خوای گەورەداو بەهۆی دروستبوونەوەو ژیانەوەی مرۆڤایەتی لەدوای نیشتنەوەی کەشتیەکەی نوح لەسەر جودی، وەیان بەیتولمەقدیس و مەککەی موکەڕەمە بەهۆی ڕووگەی قیبلەو گەورەترین سونبولی ئیسلام تا ڕۆژی دوایی.

ناوهێنانی خاکی تایبەت و پەرلەمان و سەرۆك و دەستورو هەرشتێکی تر ناوی پیرۆز شیاو نین بۆیان، لەبەر ئەوەی نسبەتێکی زۆرگەورەی دەدرێتەپاڵ وەك ئەوەی لە خوای گەورەو فریشتەو پێغەمبەر عیساو قورئان ئەو شتانەی کە باسمان کرد هەیە، بەڵام دەکرێت بە ڕێزەوە سەیری هەموویان بکرێت و کاتێك لە خزمەتی کۆمەڵگادا بێت بەڵام گەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوسا ئەویش بە پێچەوانەوە دەبێت.

جگە لەوەش هەندێك دەستەواژەی ئاینی هەیە دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، لێرەدا ئەو پرسیارەش خۆی قیت دەکاتەوەو دەڵێ باشە بۆ لە وڵاتانی ئیسلامیدا هزری عەلمانی و لیبراڵیان بۆ هێناوەو هەوڵی پەیڕەوی کردنی دەدەن لە کاتێکدا بە ئاشکرا دین لە دەوڵەت جیا دەکەنەوەو بە ناشیاوی دەزانن دین و دەوڵەت و دین بە شتێکی تایبەتی و بەینی مرۆڤەکان و خوای گەورەدا ناوزەند دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵام هەرچی ووشەی گرنگی دین هەیە لەگەڵ سیاسەتی خۆیاندا تێکەڵی دەکەن؟!

پرسیارێکەو وەڵامێکی جدی دەوێت

# هەوڵی ڕاستەقینە نەك تاك پەرستی

کاتێك سەرنجی زۆرێك لە وڵاتانی پێشەکەوتوو دەدەین بە حیزبەکانیشیەوە دەبینین زۆر کەسانی کاراو ماندوو نەناسیان تێدایە، هەموو ئەو وڵات و لایەنانە هەوڵەکانیان خستۆتەگەر لە پێناو وڵاتەکەیان و ئەو هزرەی کە هەیانە، هەمووشی سەرقاڵە بەو کارەی کە پێیێ سپێراوەو بەشێوەیەکی چاك ئەنجامی دەدات، گەر کەسێك کەموکوڕی لەکارەکانیدا کرد هێزێکی وا هەیە بەسەریەوە کە بتوانێت بیگۆڕێت وە ئەو هێزەش لەلایەن ئەو وڵاتە وەیان لایەنەوە دانراوە، هەموو ئەو کارانەش بە موچەیەکی دیاری کراو، بۆ نمونە تۆنی بلێری سەرەك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا ١٠ ساڵ حوکمی کرد بە ئەو پەڕی توانایەوەو شەو ڕۆژی دابووە دەمی یەك لە پێناو بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەیدا هەموو ئەمە بە مووچەیەکی دیار کراو، کاتێك هاوڵاتیان گەشتنە ئەو بڕوایەی کە هەڵەی کردووە فشارێکی وایان خستەسەری نەیتوانی ئەو دوو ساڵەی کە مایبوو وەك مافێکی خۆی تەواوی بکات، ناچاریان کرد خۆی بە ئارەزووی خۆی واز لە پۆستەکەی بهێنێ وەك بینیمان کە کامێرای ڕاستەوخۆ لەسەری بوو کە چۆن پۆستەکەی دا بە گۆردن براون سەرەك وەزیرانی بەریتانیای ئێستە، وە ئەو تۆنی بلێرەی کە ١٠ ساڵ خەباتی کرد وەك کورد دەڵێ، نەمان بیست ئەو ماوەی سەرۆکایەتیەی کردبێتە هەلێك بۆ خۆ پێگەیاندن لەسەر حسابی هاوڵاتیان شایەتی بۆ ئەم ووتانەش ئەوەتا چەندێك بەسەر وازهێنانی ناو براودا ڕۆشتووە نەمان بیست لە هیچ لایەنێك و ڕۆژنامەیەك کە بڵێن تۆنی بلێری سەرەك وەزیرانی بەریتانیای گەورە ناوی لە ڕیز میلۆنەرەکانی جیهاندایە...ئەو ڕاگەیاندنە ئەورووپیەی کە شەرم و ترسی لە هیچ کەس نی یە.

ئیتر بۆ کەس نی یە بێت هەوڵەکانی خۆی بکاتە چەکێك لە پێناو بەرژەوەندی

تاکی خۆیدا، ئەمەیە کە ئێمە چەندەهای ساڵە پیوەی دەناڵێنین، ئەوەی کە کوردی کۆڵەوار کردووەو هەنکوکە پێوەی دەناڵێنی تاك پەرستی یە لە نێو هەموو حیزبە کوردیەکاندا بە عەلمانی و ئیسلامیەوە، لێردا پێوستە هەم هاوڵاتیان وە هەم دەستەڵاتدارانی کورد بەخۆیاندا بچنەوە بەوەی کە هێزێکی وا چاودێر بەسەر هەموویانەوە دروست بکەن کە بێ دەنگ نەبن لە ئاستی هیچ کەموکوڕی و دژ بە گەندەڵی هەروەك چۆن پێوستە هاوڵاتیانیش بەخۆیاندا بچنەوە چیتر گەورەو دەستەڵاتداران نەبەنە ئەو ئاستەو بەسەر خۆیانەوە بیکەن بەدەستەڵاتدار بەشێوەیەکی وا خۆیان یارمەتی دەری دواکەوتنیان بن هەروەك گرنگیشە بێدەنگ نەبن لە ئاست کەموکوڕیەکان نەوەك بەو چاوەوە سەیری بکەن کە چاوپۆشی لە هەموو شتەکانیان بکرێت ئەوسا دەبین وولاتمان گۆڕاوە.

## هاوارکردن توندوو تیژیە، فیشەك باران کردن دیموکراسی!

هەموو ئەو ناوانەی لە شتەکان یان کردارەکان دەنرێت هەر لە سەرەتای منداڵیەوە منداڵ لە سەرەتای دووساڵیداو بەرەو سەرەوە بە ناوەکان ئاشنا دەبێت، بۆ نموونە منداڵێك ئەگەر هەر لەسەرەتای منداڵیەوە بۆ نموونە ڕەنگی سپی بەڕەش لای ناو ببەن کە گەورە بوو ئیتر ئەو منداڵە بە پێچەوانەی گشت کۆمەڵگا بە ڕەنگی سپی دەڵێ ڕەش.

لە هزری پارتی و یەکیەتیشدا دیارە هەر لەسەرەتای لە دایك بوونیانەوە شەڕو شۆڕو تۆقاندن و گولە باران کردن بە دیموکراسی پێیان فرۆشراوە، لەبەر ئەوە زۆر ئاستەمە لەم ئانووساتەدا بتوانرێت بڕوایان بەوە پێبهێنرێت کە فیشەك باران کردن پێچەوانەی ئەو ناوەیە کە لەسەرەتای منداڵیەوە پێی گۆشکراون.

زیاتر لە دوو مانگە هاوڵاتیانی کوردستان هاوار دەکەن و بە زمانی کوردی و

عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و چەندەها زمانی تر ووتارو شیعاریان بەرز دەکەنەوەو داوای ڕەوای خۆیان دەکەن کەچی دەستەڵات هەر سورە لەسەر ئەوەی ڕەنگەکە نەخێر هەر ڕەشە.

ئەوەی زۆر جێگەی داخ و نیگەرانیە دوای کوشتنی ١٠ هاولاتی سڤیلی بێ تاوان و بریندار کردنی سەدەهای تروو جینۆسایدکردنی بیرۆکەو بانگەشی هەزارانی تر هێشتا ئەو دەستەڵاتە زۆر بێ منەتانە مامەڵە لەگەڵ ئەو زۆرینەدا دەکات و قەزافی و بەشار ئەسەد ئاسا کەوتوونەتە گیانی هاوڵاتیان و گشت دەنگە نارەزایەکان، سەدام ئاساش ڕاوەدونان و گرتن و لێدان لە چەندەها کەسایەتی ڕاست و دیاری ناو خۆپیشاندەران.

ئەوەشی جێگەی نیگەرانی و هەڵوێستەکردنە لەسەری هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسۆنە، کە تتا ئێستەش نەیانتوانیووە بەیداخی یەکلای کەرەوەی خۆیان بە ڕوونی بدەن بە دەستەڵات، هەریەك لە لایەنەکان خۆیان بۆ دەستکەوتی حیزبی مەڵاس داوەو دەستەڵاتیش زۆر بێ ئینسافانە تر هێرشی هەمە جۆرە بەرانبەر هەر سێ لایەنی ناوبراو بەردەوامی هەیە، هەر لە تەشویش خستنە سەر کەی ئێن ئێن و گەمارۆدانی پەیام و تەقەکردن بەناو ڕادیۆو بارەگاکانی یەکگرتوودا.

بە دەیان و سەدان بەیاننامەو داواکاری و خاڵ بەندی و کاتی جۆراو جۆر دیاری کرا بۆ دەستەڵات کەچی وەك بەڕێز کاك تۆفیق کەریم لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی پەیامدا ووتی زانیاریان هەیە لەسەر ئەوەی کە زۆرێکیشیان هەر نەخوێنراونەتەوە.

لەولاشەوە کەناڵی زاگرۆس میوانداری جەماڵ عەبدوڵای سەرنووسەری گۆڤاری بەڵگە دەکات و وێنەی ئاسای بەڕێز ڕێبین هەردی و دکتۆر کەمال میراودەلی دەکات بە بەڵگە، ئەوە ڕۆشنبیرەکەیان بێت و هێشتا لەوە تێ نەگەشتبێت

که وێنە بە تەنها بەڵگە نی یەو بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڵگەیە بەرانبەر درۆکانی خۆی، نازانین بۆ چاوی نوقابوو لە ئاست ئەو هەموو وێنە دەبابانەی کە بەرزانی لە پێش بینای پەرلەمانەوە لە ٣١ی ئابدا وەستانبووی، ئەوەی جێگەی تێڕامان بوو ئەگەر کەسێك ئەو کەسایەتیانە نەناسێت و ئاگاداری دۆخەکە نەبێت وا دەزانێ ڕاست دەکات چونکە خۆشی ئەوەندە بە حەماسەتەوە قسەی دەکردوو کەف لە دەمی دەردەپەڕی هەر بە ڕاستی لە ڕاست دەچوو، بەڵام ناتوانم بڕوام بەو بۆچوونە نەبێت کە دەڵێن زۆرجار بە سەرخۆشیش قسە دەکەن.
جێگەی خۆیەتی گشت هاوڵاتیان ئەو ئەزموونەی کە دوومانگی ڕابردوودا هاتە ئاراوەو بەردەوامی هەبوو درێژەی پێ بدرێت.
هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسۆنیش دەبێت چیتر دووفاقانە کار نەکەن و تەنها هێرشەکانی بەرانبەری کەناڵ و کەسایەتیەکانیان بەسە بۆ تێگەشتن لەو دەستەڵاتەی کە فیشەك و کوشت و بڕ بە ئەزموونی سەرکەوتوو ناوببات و هات و هاواری خەڵکی مەزڵوم و ستەم لێکراو بە گێرەشێوێنی و تێکدەرو توندوو تیژی.
سپی هەر سپی یە با ناوی ڕەشیشی لێ بنرێت. ڕەشیش هەر ڕەشە با ناوی سپیشی لێ بنرێت.

## کارمەندانی حکومەت
## هۆکارێك بۆ بێزاری و دوورکەوتنەوەی هاوڵاتیان

زۆرن ئەوکەسانەی لە دەرەوەیووڵات دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و بە ئومێدی مانەوەو خزمەت کردن تێیدا، زۆرن ئەو کەسانەش هەر زوو پەشیمان دەبنەوەو هەم دیسان دەگەڕێنەوە بۆ دەرەوەی ووڵات لە کاتێکدا کە بەیەکجاری ماڵ

ئاواییان لێ کردبوو، وازیان لە کارو کەسابەت هێنابوو تێیدا، هەتا ماڵەکەشیان بەفیڕۆ دابوو هەموو ئەمانە لە حەسرەت خاك وووڵات و گەڕانەوە بۆی جارێکی تر. لە هۆکاری گەڕانەوەیمان دەپرسین بۆچی هەم دیسان گەڕانەوە بۆ دەرەوەی ووڵات؟ خۆ ئێوە وازتان لە هەموو شتێکی خۆتان هێنابوو زۆر بە تامەزرۆییەوە گەڕانەوە؟ ئەم هەموو ئەمسەرەو سەرەتان لەچی؟ خۆ هەم تەمەنێکی دەوێت ببنەوە خاوەنی ئەوەی کە بەئاسانی وازتان لێ هێنا؟ ئەی نەدەکرا ئارام بگرن و هەم دیسان نەگەڕێنەوە؟ وە...؟ لەوەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەو وە زۆرێکی تریشدا بە دەم هەناسەیەکەوە دەیانووت: نەخێر! ئاخر بۆ؟ دەیانووت: ئەگەر ئیشت دەکەوێتە دائیرەیەك ناڵێیت بۆ! دیسان دەمان ووت: بۆ هاو خاك و هاو زمان نین؟ دەیان ووت: بەڵێ، بەڵام خۆزگە هاو خاك و هاوزمان نەبوینایە خۆ ئەوانەی ئێرەش هاوخاك و هاو زمان نین بەڵام دەبینین هیچ جیاوازیەك ناکەن و بە پێکەنینیشەوە کارەکانمان بۆ ئەنجام دەدەن! لە کۆتایشدا ئەوان سوپاسی ئێمە دەکەن!.

جا وا خۆشمان کارمان کەوتەوە کوردستان و وە ئیشمان کەوتە چەند دائیرەیەك وە هەموو ووتەی ئەو بەڕێزانەشمام هەر لەبیر بوو لە دڵی خۆماندا ووتمان هەلێکی باشە بۆ بە کرداری گەشتن لەو کارانەو وە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی چیتر بەو بیانەوەوە دەگەڕێنەوە دەرەوەی ووڵات دوای گەڕانەوەی یەکجاریان، نمونەی دوو لەو دائیرانە لێرەدا باس دەکەین، نمونەی یەکەم:

دائیرەی مروری هاتووچۆی سلێمانی: هەر کە گەشتمەوە کوردستان کەسوکارمان پێیان ووتین دەبێت مۆڵەتی شۆفێریەکەتان ببەن بۆ مروری هاتوچۆی سلێمانی بۆ ئەوەی مۆری بکەن و ئیمزای بکەن تا بتوانن ئوتومبێل بەکار بهێنن، ئێمەش ووتمان: بەخوا پێ ناچێت ئەوەی بوێت ئەم مۆڵەت نامە مۆڵەت نامەیەکی نێودەوڵەتیەو وە بڕوا پێکراوەو لە هیچ ووڵاتێك ئەمەی ناوێت

بەتایبەت ئەگەر سەفەرەکە کورت بێت، بۆ نمونە مۆڵەتی عێراقی لە بەریتانیا بۆ ماوەی ساڵێك کاری پێ دەکرێت، ئەوانیش ووتیان: ئاخر لێرە زۆر کاری نا یاسایی کراوەو زۆرێك مۆڵەتی ساختەیان هێناوەتەوە!، ئێمەش ووتمان دەی خۆ دەکرێت کاتێك مرور کەسەکەی گرت بزانێت ئەو مۆڵەتە ساختەیە یان نە، بۆ نمونە تەلەفۆن بکات بۆ بەشی مۆڵەتی ئەو ووڵاتە، ووتیان: ئەوە لێرە ناکرێت تۆ دەڵێی چی لێرە مامۆستای زانکۆ ئینگلیزی نازانێت چ جای مرورێکی داماو، ئێمەش ووتمان: زۆر باشە کەوابوو بۆ ئەوەی کارەکەمان یاسایی بێت هەر بەیانی دەڕۆین بۆ مروری سلێمانی ڕۆشتین بۆ مرور مروری چی هەر بەردەم دەرگاکەی کارێکمان لێ هات وەك وا بێت کەسێکی نزیکمان مردووەو خۆمان بۆ خستووەتە قوڕ ئەوەندە قوڕ بوو، هەرچەند خۆت لێ بپاراستایە قوڕەکەی ئەوەندە دۆست بوو هەر دەلکا پێتەوە، دوای پشکنین لە پرسگە ڕۆشتینە ژوورەوە ژوورەوەی چی ڕۆژی حەشر، وە ئێمەش نە شارەزا پرسیارێکمان کرد لە مرورێك بەشێوەیەکی نەرم ئەویش بەلا دەمێکەوە ووتی: بچن بۆ ژوورەوە! ڕۆشتینە ژوورەوە ئەی خۆ ژوور یەك ژوور نی یە، هەر کە ڕۆشتینە ژوورەوە بینیمان چەند کارمەندێك جگەرە دەکێشن! ووتمان ئەی مەگەر پەرلەمان جگەرەی قەدەغە نەکرد لە شوێنەگشتی و داخراوەکاندا؟ ئەی خۆ ئەمانە کارمەندیشن جا خۆ ئەگەر ئەمانە پەیڕەوی نەکەن کێ پەیڕەوی بکات؟ دیسان پرسیارمان کرد لە یەکێك لە ژوورەکان ووتیان: ژوورەکەی ترە! بەوشێوەیە باوەڕ ناکەم هیچ ژوورێك مابێت سەرمان پێدا نەکردبێت بەڵام هەر هیچ ئێمەش زۆر بێ هیوا بوون بەڵام خوا کردی پرسیارێکمان کرد لە مرورێکی تر ئەویش ووتی: ئاها ئەو کەسەی کە دەتوانێت کارەکەی ئێوە جێ بەجێ بکات ئەمڕۆ نەهاتووە! ووتمان: بۆ ئەمڕۆ خۆ پشتوو نی یە، ووتی: نا نا ئەو نەخۆشە، ئەی نابێت کەسێکی تر ئەو کارەی پێ بکرێت، ووتی: نەخێر شتی وا نابێت هەر بە ئەو

دەکرێت، ووتمان: کارەکە چی یەو چۆنە؟ ووتی: تەنها مۆرو ئیمزایەکە، ووتمان: ئەی کەی ئەو بەڕێزە دێت؟ ووتی: والله نازانم تەنها خۆی و خوا دەزانێت، ووتمان: ئەی ئێمە لە ڕێگەیەکی دوورەوە هاتووین یارمەتیەك شتێك هەروا بێ هیواو کار نادیار بڕۆینەوە؟ ووتی: جا ئیتر هەر ئەوەیە، گەڕاینەوە بەبێ هیچ وە گیریشمان خواردبوو لەو بەینەدا، نازانین چ بکەین کارمان بە ئوتومبێل هەیەو بەم شێوەش نا یاساییە وە یاساش نەخۆشەو چارەنوسیش نادیارە! دوای چەند ڕۆژێك بۆ هەمان مەبەست بەچەند سەیارەو داخلیەك دیسان بەیانیتان باش دائیرەی مرور یەك بەیەکی هەموو ژوورەکان گەڕاینەوە خۆزگەمان بە جاری پێشوو دەخوارد، دواتر ووتیان: بەشەکەی ئەو بەرەوەیە ئەو بینا شینە، ڕۆشتینە بیانی شین قسە لەوەدا نی یە دەبێت هەموو ژوورەکان سەری پێدا بکەیت وە دواتر ووتیان: دەرەوەیە پەنجەری هەشت، ڕۆشتینە دەرەوە پەنجەرەی هەشت بەناو سەرە گیراوە بەڵام زۆر زەحمەتە بەسەرە کارت بۆ بکرێت هەرکەس زیرەك بێت زوو دەچێتە پێشەوە بەین بەین ئافرەتێکی سفورەش هەروا بەبێ سەرە خۆی پێدا دەکات! ئێمەش لەبەر ئەوەی کە ئەوەندە ئەم ژوورو ئەو ژووریان پێ کردبووین متمانەمان نەمابوو بەوەی کە ئەم ژوورەش ژووری ڕاستەقینە بێت هەروەك دەرچوو ئەویش نەبوو، کارمەند هەر مەپرسە ئەوەندە ڕوویان گرژ بوو حەزمان دەکرد کارەکەمان بۆ نەکرێت بەڵام پرسیاریان لێ نەکەین، بەڵام ناچارین و یاسایە وە ئێمەش پێداگر بوون لە کردنی کاری یاسایی، ووتمان بە کابرایەك دوای شیکردنەوەی بارودۆخەکەمان ئەرێ ئێرەیە یان نە؟ ئەویش ووتی: بڕۆ لەو پەنجەرە پرسیار بکە پێت دەڵێن، ڕۆشتینە پەنجەرەکەو هەمان بارودۆخمان شی کردەوە وە تەنها وەڵامێکیش کە وویستمان هەر بەڵێ یان نەخێر بوو، بەڵام ئەو بە توڕەییەوە ووتی: لە پەنجەرەکەی کە پرسیار بکە ئەو پەنجەرەکەش ئەو پەنجەرەبوو کە خەڵك بەناو سەرەی تێدا گرتبوو، ئێمەش

یەکێکمان ڕۆشتینە سەرەوە بۆ ئەوەی سەرەکەمان نەفەوتێت، وە ئەوانی تریشمان هەر پرسیارمان دەکرد بۆ ئەوەی تەئکیدی بکەینەوە کە ئەوێیە یان نە، ناچار پەنامان بردەوە بەر پەنجەرەکە چونکە ئەوێ تەنها جێگەیەك بوو کە نزیك بوو لێمانەوەو وە بۆنی ڕووناکی لێوە بێت، هەم دیسان پێمان نا بە جەرگی خۆمانداو بەشێوەیەکی جوانتر هەمان پرسیارمان کردەوە ئەویش دەتگووت سوێندی خواردووە پێمان نەڵێ، هەر دەیووت: بڕۆن بۆ ئەو پەنجەرەکەی تر پرسیار بکەن، هەرچەند دەمانووت برا گیان ئەو پەنجەرەکە دەوام دادەخرێت سەرەمان نایەت بەڵام ئێمە هەر ئەوەندەمان دەوێت بڵێ ئێرەیە یان نە، خۆ مەعقول نی یە ئێمە ڕۆژەکە هەمووی بە کوشتنی بەناو سەرەوە بکوژین دواتریش بڵێین واللە ئێرە نی یە ژوورێکی ترە، بەڵام قسە لەگەڵ ئەو بەڕێزەدا! هەر هیچ فائیدەی نەبوو، گەڕاینەوە بۆلای هاوڕێکەمان بینیمان تەنها یەك نەفەریش لە دوایەوە نی یە، چونکە ئەو ڕانەهاتبوو لەسەر پاڵ پاڵێن و مافی کەس خواردن هەرکەس هاتبوو چووبووە پێشیەوە، لە کاتێدا ئەو پاڵ پاڵێنە چارەسەرەکەی شتێك نی یە تەکنەلۆژیاو ئامێرێکی پێشکەوتووی وای بوێت بە حکومەت دابین نەکرێت بەڵکو چارەسەرەکەی یەك خولەکیش نابات ئەویش ئەوەیە هەرکەسەو کە بیەوێت سەرە بگرێت با وەرەقەیەکی بدەنێ کە ژمارەی لەسەر بێت وە دواتر بە پێی ژمارە بانگیان بکەن، ئەو کاتە نە کەس مافی کەس دەخواو وە هەتا بۆ خۆشیان ئاسان ترە، چونکە لە پەنجەرەکەوە بەجارێك دە پازدە دەست دەچووە ناوەوە کارمەندەکە هەر نەیدەزانی دەست بۆ کێ بەرێ، وە زۆرێکیش کە کارەکەی تەواو دەبوو تا ئەوراقەکانی دەست کەوتایەتەوە زۆری دەویست، ڕۆژمان بەسەر بردوو دووبارە گەڕاینەوە بەوشێوە ئەوەندە ماندوویان کردین پێویستمان بەچەند ڕۆژێك پشوو دەبوو تا جارێکی تر بگەڕێینەوە، تا کاتێك تەواومان کرد هەر چەند ڕۆژێك داوای ئەوە گەڕاینەوە، لە کاتێکدا هەموو

مۆڵەتی شۆفێریەکە لە بەریتانیا بە تاقیکرنەوەی ئەزموونی و کرداریەوە زۆر لەوە کەمتری پێچوو.

نمونەی دووەم: پێویستمان بە تازەکرنەوەی تەسکەرەی عێراقی هەبوو، وە هەر پرسیارێکت هەبوو دەبێت هەر لە هاوڵاتی بکەیت بزانی چۆنە! پێیان ووتین: دەبێت تەئید سەکەنێك بکەن و مۆری قایمقامیەتی لێ بدەن وە دواتر نفوستان کوێیە بڕۆن بۆ ئەوێ، هەموو ئەو کارانەمان هەرچۆنێك بێت کرد، دواتر ماڵەوەش پێیان ووتین: نفوسمان عەربەتە، ووتیان دەبێت زۆر زوو بڕۆن ئەگینا بۆتان تەواو ناکرێ و دواتر قەرەباڵغ دەبێت ئێمەش ووتمان خوا دەکات بەوە بێت هەر دوای مەلا بانگدان دەڕۆین، ووتیان: سەعات هەشت دەوام دەکرێتەوە، بەیانی زوو ڕۆشتین کاتێك گەشتینە ئەوێ سەعات هەشت و بیست دەقیقە بوو، ڕۆشتینە ژوورەوە سەرمان کرد بەچەند ژوورێکدا هەموو مێزو کورسی بەتاڵ کەسمان نەدی، بەڵام بەرپرسی ئەو دائیرە لە یەکێك لە ژوورەکاندا بوو کە ئێمە نەمان دەبینی چونکە لەسەر کورسی لای مێزەکە نەبوو لە قوژبنێکدا بوو. وە منیش بەهاوڕێکەم ووت: کەسی تێدا نی یە، لەبەینی خۆماندا ئەم قسەمان کرد ئێمە کەسێکمان نەبینیوە! وە تەنها ئەوەشمان ووتووە، وە لەنێوان خۆشماندا، ئەو کابرای کە لە قوژبنەکەدا بوو گوێی لە ووتەکانی ئێمە بوو! زۆر بە تووڕەییەوە وە بەدەنگی زۆر قایم قیڕاندی و ووتی: ئەی بۆ نایەیت محاسەبەشمان بکەیت بڕۆنە دەرەوە! ئەوەی ڕاستی بێت منیش زۆر تووڕە بووم و ووتم: ئەی بۆ نایەیت تێریشمان تێ هەڵبدەیت، هاتە دەرەوەو هەندێك دەمەقرەمان بوو، پێم ووت ئاخر تۆ بۆ وا تووڕە دەبیت خۆ من تۆ ناناسم هیچ گرفتێکم لەگەڵتدا نەبوو پێشتر، لە هەموو ژیانی مندا ئەمە یەکەم جارمە بێمە ئەم دائیرەوە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر تووڕەی خۆی و ووتی: ئێستە زووە دەوام نەکراوەتەوە دەوام سەعات نۆیە، هەر کارمەندێکی

تری خۆیان ووتی: نا هەشت و نیوە!، وە دواتر بۆ ئەوەی کارەکەم بۆ جێبەجێ نەکات دەیگووت ئەم تەئید سەکەنە ناوی موختاری پێوە نی یە، ئێمەش ئەمانە نازانین، دواتر لە قایمقامیەتی دەربەندیخان پرسیارمان کرد کە ئەو کابرا وای وتووە ئەوانیش ووتیان موختارەکانمان بڕوانامەی ساختەیان هەبووەو دەرکراون وە پێویست بەو ناوەش ناکات چونکە دەکرێت موختار زوو زوو بگۆڕدرێت گرنگ مۆرەکەیە، ئەگەر ئەو گرفتێکی لەوەدا هەیە خۆ ژمارەی ئێمەی لایە. کابرایەکی مراجیعیش دوای دەنگە دەنگەکەمان دوای لە دەرەوە بەدەنگی بەرز بۆ ئەوەی ئەو گوێی لێی بێت دەیوت: کاکە والله ئەو کابرا زۆر پیاوی چاکە! منیش ووتم: تۆش خراپی مادام بە ئەوە دەڵێی چاك خۆ من نەم ووتووە ئەو کابرا خراپە وە نە دەیناسم وە نە دیومە، وە نە دەشزانم ناوی چی یە، من تەنها قسەیەکم کردووە لەگەڵ هاوڕێکەمدا ئەو لێم توڕە بوو! ئەمە چەندی بە چەند، خۆ ئەگەر گرفتێکی پێشینەم لەگەڵیدا بوایە دەمگووت: دیارە دەنگەکەی ناسیوم و هەقم پێ دەدا، بەو شێوە ئەو ڕۆژەش بەڕێ کرا.

لە کۆتایدا ئەگەر سەرنجێکی کارمەندانی ووڵاتانی تر بدەین دەبینین چەندەها مەشق و خولی جۆراو جۆریان بۆ دەکرێتەوە، جگە لەوەی کە دەبێت چەندەهاشیان بینی بێت پێش دامەزراندنیان دوای وەرگرتنی بڕوانامەش لەو بوارەدا، بەڵام لە ووڵاتی ئێمەدا... چونکە ئەو کەسەی کە ئیشی دەکەوێتە دائیرەکان دەبێت کارمەندان ئاسان کاری بۆ بکەن و ڕوویان خۆش بێت بەرانبەریان و ڕەچاوی باری دەرونیشیان بکەن چونکە ئەو کەسەی کە کارمەندە دەبێت دڵی گەورە بێت، وە دەبێت ئەوە بزانێت هاوڵاتیان لەوانەوە دەڕواننە حکومەت، وە نابێت ئەوانیش ببنە مایەی ڕەنجاندنی هاوڵاتیان لە حکومەت، چونکە نازانێت ئەوەی کە دێ بۆلای چی یەو چۆنە، دەبێت ئەوان لە خزمەتدا بن نەك خزمەت بەخەڵك بکەن بۆ خۆیان! ماوەتەوە بڵێین دەتوانین بڵێین

ئێستە لەوانە گەشتین کە دیسان دەگەڕانەوە بۆ دەرەوەی وولات.
ئەوە تەنها دوو نمونەی واقعی بوو کە بە زمانێکی ئاسایی باسمانکرد بۆ باشتر تێگەشتن، هیچ دەزگاو دامەزراوەیەك نی یە وەك مرۆڤ و بە حەقی خۆت کارت بە ڕوو خۆشیەوە بۆ بکەن، مەگەر کەسێکی بەرپرست لە پشت بێت و پێش ڕۆشتنن ئاگادار کرابن یان نامەی تایبەتت لەگەڵ خۆت پێ بێت!

## هاوڵاتیانی کوردستان لە حکومەت گەندەڵترن

گەرچی ووشەی گەندەڵ ووشەیەکی زۆر ناشرین و ناشایستەیە بەڵام لە کوردستاندا ئەم ووشە وای لێهاتووە خەریکە مانای پێچەوانەکەی وەربگرێت، بۆیە دەبینین و دەبیستین کاتێك باس لە گەندەڵی دەکرێت زۆر بەسادەی و ساکارییەوەیە، وە زۆرێکیش لەوانەیە کەیفیشی پێی بێت! ئەوەی بوەتە سەرباست و خواستی هاوڵاتیانی کوردستان گەندەڵی حکومەتە، ئەو گەندەڵیەش شتێکی حاشا هەڵنەگرەو بەچاوێکی نیوە تەواویشەوە هەر دەبینرێت بۆ نمونە کە دەچیتە هەر شارێکەوە ئەو خانووەی کە لە خانووی ماڵان ناچێت و وەك دائیرەو کۆمپانیا وایە پرسیار بکەیت و بڵێیت ئەرە ئەو ماڵە وەیان ئەو بینایە هی کێیە وەڵامەکەی فڵان مەسئول، هەر لە خانووەوە تا دەگاتە بانکەکانی ئەوروپا، زۆری لەسەر ووتراوەو وە حکومەتیش خۆشیان دانیان پێدا ناوەو وە لە زاری خۆشیانە زۆرجار بیستوومانە. ئەوەی لێرەدا ئێمە دەمانەوێت دەستی بۆ ڕابکێشین هاوڵاتیانی ئاساییە کە زۆرێك لەوانە بەردەوام گلەیی و گازندەیان بەرز دەکەنەوە لەسەر گەندەڵی کەچی گەر بڕۆینە ناو ووردەکاری خۆشیانەوە دەبینین خۆشیان هەمان خەسڵەتیان تێدایە! بۆ نمونە هەیە موچەی بۆ بڕاوەتەوە بەڵام هەرگیز دەوامی نەکردووە وەیان نایکات کە

ناوی بندیواریان لێ نراوە، هەیە موچەی بۆ بڕاوەتەوە لە کاتێکدا شایستەی ئەو موچەش نی یە لە ڕاستیدا کەچی نارازیشە، هەیە دوو موچەی هەیە لە دووجێگەی جیاوازەوە کە نا یاساییە وە لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەکەمی دەزانێ! هەیە کارێکی زۆر زۆر کەم دەکات بەڵام پارەیەکی یەکجار خەیاڵی وەردەگرێت، نمونە زۆرن لەوانە کە هەرکەس تۆزێك تێکەڵی هاوڵاتیان ببێت هەموو لەوانە دەبیستێت، بەڵام کەسێك نایەت و بڵێن ئەم پارە بۆ ؟ ئەم پارە من شایستەی نیم، وەیان کەمتر هەقی منە، وەیان من هیچ دەوامێك ناکەم ئەم پارە ئایا بە چ حەقێك وەربگرم، ئەوە لایەنی حەرامی هەر بخە ئەو لاوە. هەیە بۆ خۆی کار دەکات کەچی پارەش لە حکومەت وەردەگرێت، هەیە بۆ خۆی دەخوێنێ پارەش لە حکومەت وەردەگرێت و نارازیشە!

لێرەدا شایستەی ووتنە پێویستە هاوڵاتیان خۆیان چاك بکەن وە ئەو کات حکومەت خۆی بۆ خۆی ئۆتۆماتیکی چاك دەبێت، چونکە حکومەتیش پێکهاتەی هاوڵاتیانە، وەگەر ئێمە بەهەمان شێوە بین چاوەڕوانی چاکسازی هەر خەیاڵ دەبێت وەگەر ئێمە خۆمان چاك نەکەین نابێت گلەیش لە حکومەت بکەین.

گەر دەستەڵات لەسەرەوە چاك بێت ئاسایی بۆ خوارەوە پەڵ دەکێشێت گەر چاك نەبوو، دەکرێت لە خواریشەوە بۆ سەرەوە پەڵ بهاوێت گەرچی کاتی زیاترو هەوڵی زیاتری دەوێت.

# کەسایەتی پێغەمبەرو،هەڵوێستی مسوڵمانان

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف المرسلين معلم الأمة ومرشدها سيدنا محمد صلى الله عليه وسلم النبي الأمين وعلى آله وصحبه أجمعين .

برایان و خوشکانی بەڕێزم سەلام و ڕەحمەتی خواتان لێ بێت، خۆشحاڵبووم کە گوێبیستی کۆڕێکی وا بووم لەم ڕۆژەدا ٢٠٠٨/٠٩/٣٠ بەناوی (سەرمان لە ڕێتە) ئەی پێغەمبەر (ص) بۆ دەرخستنی هەڵوێستمان لە پێناو پێغەمبەر (ص) و، وە بەرەنگاری هەموو ناحەزانی. ئەوانەی کە چاویان بەم پەیامە پیرۆزو پاکە هەڵنایەت. هەردەم لەهەوڵی کپ کردن و لەناو بردنیدان. بەڵام بێگومان جگە لە خۆسوك کردن و خۆ هیلاك کردن نەبێت هیچی تریان دەست ناکەوێت. دینێك کە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی دابێت هەرگیز بەکەس لەناو ناچێت. جا کەوابوو ئەو جۆرە هەوڵانە هەر خۆ هیلاك کردنە.

خوای گەورە خێری ئەوە بنوسێت کە ئەم بیرۆکەی بۆ هات لەگەڵ هەموو ئەدیمینە بەڕێزەکانی ترداو وە هەموو ئەوانەی بەشدار بوون لەگەڵ ئامادەبوانی بەڕێز انشاءالله. ئەگەر سەرنجێکی زۆر خێراش بدەین لە ئیسلام لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت. ئەم ئیسلامە بریتیە لە دوو شت. وە یان دوو کۆمەڵە شت یەکێك لەوانە بە جەستە دەکرێت وە یەکێکیان بە پارەو ماڵ، لەو شتانەی کە بەجەستە دەکرێت زۆرن وە هەڵوێستی مسوڵمانان بەرانبەر کاری ناڕەوا دەتوانین بڵێین یەکێکە لەو شتانە. وە ئەم کارەی ئێمەش ئومێد دەکەم کە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بوو بێت و شەفاعەتی پێغەمبەرمان (ص) بۆ حەڵاڵ بکات.

زۆر گرنگە ئێمەی مسوڵمان خاوەن هەڵوێستی مەردانەی مسوڵمانێتی ڕاستەقینەی خۆمان بین، وەگەر وامان نەکرد بێگومان سستیەکمان نواندووە بەرانبەر دینەکەو وە بەرپرسیارین لێی لە ڕۆژی دوایدا. لەو سستی و کەمتەرخەمیەمان. لەو ڕۆژەی کە هەمووومان دەچینەوە لای خوای پەروەردگار یەك بە یەك پرسیارمان لێ دەکات [وکلهم آتیه یوم القیامة فردا] سورة مریم ٩٥ چی وەڵامێکت هەیە بۆ ئەو ڕۆژەی کە بەرانبەر خوای گەورەیت بە تەنها. دەڵێی واللە خوایە گیان ترسام، ترسام نەوەك لە کامیرەی ڤیدیۆوە دەربچم و دوای بانگم بکەن. وەیان ترسام جاسوسێك لە ژوورەکەدا بێت و دەنگم بناسێتەوەو خەبەرم لێبدات. ئەی باشە نازانیت مردن و ئەجەل بەدەستی خوایە.تەنها خوا خۆی نەبێت کەس ناتوانێت لێت بسەنێت ئەگەر ویستی ئەوی لەسەر نەبێ، خۆ ئەگەر ویستی ئەو لەسەر ئەوەش بوو کە بمریت بێگومان لە خەویشدا بێت هەر لێتی دەسەنێتەوە. ئیتر کەوا بوو ترسەکەمان سودی نەبوو هەر سەرشۆڕی بەردەم خوای گەورە نەبیت. برایان و خوشکانی بەڕێزم دووشت هەیە کە لەگەڵ ئیسلامەتیدا یەکناگرنەوە لۆمەی ئەو کەسانە کراوە ئەگەر ئەو سیفەتانەیان تێدا بێت ئەویش. ترس و ڕەزیلی. وەك لەسەرەوەش ئاماژەمان پێکرد جا کەوابوو زۆر نەگونجاو نەنگیە بۆ مسوڵمان ئەگەر ئەو دوو سیفەتەی تێدا بێت. ترس لەبەر چی کە ئەجەل و مردن بەدەست خوایە. ڕەزیلی و چروکی لەبەرچی کە ڕزق و ڕۆزی بەدەست خوایە. جا کەوابوو دەبێت مسوڵمان هەڵوێستی ببێت بەرانبەر هەموو کارێکی ناڕەوا ئەگەر بە کۆڕو سیمینار وچاوپێکەوتن بێت. نەترسانە بڕواتە پێشەوە. ئەگەر بە جیهادو ڕووبەڕوو بوونەوە بوو هەروەها، نابێت ڕەزیل و چروك بێت ئەگەر هەڵویستیك پێویستی بەپارە کرد بیکات مادام لەدەستیدا بوو، ئەی بەسەرهاتی ئەو هاوەڵە بەڕێزانەتان نەبیستووە چۆن ماڵو دارایەکانیان لە پێناو خوای گەورەو سەرخستنی دینەکەیدا سەرف کردووە، لێرەدا با

لەباسەکە لانەدەم و بێینە سەر مەبەستی کۆڕەکەمان کە لەسەر پێغەمبەری ئازیزمانە (ص) بەڵام پێـم خۆش بوو هەروەك پێشەکیەك ئاماژە بەو چەند شتە بکەم.
کەسایەتیەکی وەك پێغەمبەر (ص) زۆر لەوە گەورەترە ئێمە بتوانین مافی خۆی پێبدەین چ بە نوسین، ووتار، باسکردنی بەچاکە. بەڵام لەبەردەم ئەو هەموو هێرشە ناشیاوانە کە لەلایەن دانیمارکەوە کراو وە دووبارە بوونەوەی لەلایەن هۆڵنداوە بە دەرکردنی فلیمی فیتنە و وە ئەو هەموو هێرشە لاوەکیانەی کە لە سەرانسەری دونیادا دەکرێت بەدژایەتی کردنی و گومان دروست کردن بەرانبەری، لەژێر ناوی ئازادیدا. جێگەی خۆیەتی ئێمەش وەك خۆشەویستیەکمان بۆ ئەو زاتە پاکەو وەفایەك بۆی بەرانبەر ئەو هێرشانە بوەستینەوەو بە گوڕتر لەوانەی دژایەتی دەکەن ئێمە بەرپەرچیان بدەینەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین بۆ دژایەتی کەرانی کە ئێمە شوێنکەوتەی قورئان و ئەو ڕێبازەین کە ئەو پێغەمبەرە نازدارە هێناویەتی. ئەی چۆن ڕاستێتی شوێنکەوتنمان بسەلمێنین بەرانبەر پێغەمبەر (ص) کە دەبێت لە هەموو کەس زیاتر خۆشمان بوێت تەنانەت لە خۆشمان.
باس کردن لە کەسایەتیەکی گەورەی وەك پێغەمبەر (ص) ئێمە چۆن بتوانین مافی خۆی پێبدەین ووتەکانمان لەئاستی بەرزی ئەو کەسایەتیەدا بێت کە قورئان شایەتی بۆ ئەدات وەك دەفەرموێ [وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ] سورة القلم ٤ شتیك خوای گەورە ئەو شایەتیەی بۆ بدات مانای وایە هەر خراپەو شتیك بەرانبەری بڵێین هەمووی بێگومان نەشیاوە. هەندێك فەرمووده باس دەکەن لەسەر پیغەمبەر (ص). کە زیاتر بەڕێزی و گەورەی ئەو زاتە پاکە نیشان دەدات. ئەڵبەت زۆرن ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە پاکی و بەرزی پێغەمبەر (ص) نیشان بدات بەڵام ئومێد دەکەم بە ئەم بڕە کەمەی ئێمە ئاماژەیان پێ دەکەین

دڵەکانمان ئاو بخواتەوە لەوانە:
عن أنس رضي الله عنه قال» كان النبي صلى الله عليه وسلم أحسن الناس خلقًا» - رواه الشيخان
ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە و دەڵێ پێغەمبەر بە ڕەوشت ترین کەس بووە.
قالت عائشة لما سئلت رضي الله عنها عن خلق النبي عليه الصلاة والسلام ، قالت : ( كان خلقه القرآن) صحيح مسلم.
عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت کاتێك پرسیاری لێ کرا دەربارەی ڕەوشتی پێغەمبەر (ص) لە وەڵامدا فەرمووی خوڕەوشتی وەك قورئان بوو. قورئانیش ئاشکرایە چەند داکۆکی لەسەر هەموو شتێکی ڕەوا دەکات و وە بەرەنگاری خراپە دەبێتەوە چ جای ئەوانەی کە دەیدەنە پاڵ پێغەمبەر (ص) بۆیە ئەو قسانە تەنها جگە لە ڕق و قینی ناخێکی پیس هیچی تر ناسەلمێنێ.
خوای گەورە دەفەرموێ : (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) (الانبياء:١٠٧
خوای گەورە دەفەرمووێ ئێمە تۆمان نەناردووە تەنها بۆ ڕەحمەت نەبێ بۆ هەموو جیهان. پێغەمبەر (ص) ڕەحمەتە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی هەر لەسەردەمی خۆیەوە تا ڕۆژی دوایی وە ئەم کۆبوونەوەی ئێستەی ئێمەش یەکێکە لەو ڕەحمەتانە، هەر یەکەمان لە وولات و شوێنێکەوە هاتووین و کۆبووینەتەوە لە پێناو تازەکردنەوەی هەڵوێستمان بەرانبەر ئەو زاتە پاکەو ئیسلامدا.
[فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ] سورة ال عمران ١٥٣
ئەم ئایەتەش زیاتر دڵفراوانی و چاکەی پێغەمبەر (ص) نیشان دەدات بەرانبەر خەڵکی خۆ ئەگەر وا نەبوایە ئەو کەسانە لە دەوری کۆ نەدەبوونەوە.

( خيركم خيركم لأهله وأنا خيركم لأهلي ) سنن الترمذي .
پێغەمبەر (ص) باشرین کەس بووە لە ووتەی شیرینی و ووتەی شیاوی کردەوەی چاکە بەرانبەر هەموو کەس و وە بەرانبەر خێزانەکانی، هەر بۆیەش دەفەرموێ باشترینتان ئەوەن کە بۆ خێزانەکانتان چاکبن وە من چاکترین کەسم لەگەڵ خێزانەکانم.
وعن انس رضي الله عنه قال كان صلى الله عليه وسلم يمر بالصبيان فيسلم عليهم - رواه البخاري واللفظ له ومسلم. ئەنەس دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ص) کاتیك بیدایە بەلای منداڵدا سەلامی لێ دەکردن.
كان صلى الله عليه وسلم يسمع بكاء الصبي فيسرع في الصلاة مخافة أن تفتتن أمه.
ئەگەر پێغەمبەر لە نوێژدا گوێی لە گریانی منداڵ بوایە پەلەی دەکرد لە تەواو کردنی نوێژەکەی بۆ بەدەمەوە چوونی منداڵەکە، نەوەك دایکەکەی توشی نارەحەتیەك ببێت بەهۆیەوە.
عن أنس رضي الله عنه قال» خدمت النبي صلى الله عليه وسلم عشر سنين، والله ما قال أف قط، ولا قال لشيء لم فعلت كذا وهلا فعلت كذا» - رواه الشيخان وأبو داود و الترمذي.
ئەنەس کە خزمەتکاری پێغەمبەر بوو (ص) دەڵێ دەساڵ خزمەتی پێغەمبەر (ص)م کرد ڕۆژێك لە ڕۆژان ئۆفێکی بەرانبەر نەکردم، وە هەرگیز سەرزەنشتی نەکردووم لەسەر کارێك بڵێ بۆ وات کردو وات نەکرد.
قال تعالى: (مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاء عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ ) الفتح:٢٩
خوای گەورە دەفەرموێ موحەمەد (ص) پێغەمبەری خوایە وە ئەوانەی کە لەگەڵیدان توندن بەرانبەر کافران و وە بە بەزەین لەناو خۆیاندا.

زۆرن ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە پاکی و بەڕێزی و گەورەی ئەو زادە پاکە پێغەمبەر (ص)مان بۆ دەردەخات وە کۆتایی پی دەهێنم بەوەی تەنها ئەم ئایەتە بەسە بۆ وەسفی ئەو زاتە پاکە [وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ] سورة القلم ٤ وصلي اللهم وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم. صلاة تنجينا بها من اهوال يوم القيامة وتحرم بها وجوهنا على النار وتجعلنا ممن يستحقون شفاعته برحمتك يا ارحم الراحمين.

لەم شەوەدا بوو
لەم شەوەدا بوو، تاریکیی جیهان
کە چەند سەدە بوو دیدەی ئەنووقان
ڕۆیی، ڕەویەوە خۆری نوێ هەڵهات
خێری و بێر کەوتە ناو کێڵگەی ژیان

لەم شەوەدا بوو ئەستێرەی ئاسمان
خۆیان بە وورشەو پرشەوە ئەنووان
بە جۆرێکی وا لێوی بارگرتووی
ئەم سەرزەمینەی یەکسەر ئەبزووان

لەم شەوەدا بوو تەم و دووی بێ بن
کە بە مێشك و گیان دوژمن بوون، دوژمن
ملی کەچ کرد و خۆی پێ نەگیرا
کە زانی هەڵهات خۆرێکی ڕۆشن

لەم شەوەدا بوو ڕەشێتی مێژوو

که ئاشنای هەموو ڕووی سەرزەوی بوو
سپێتی هات و جێگەی گرتەوە
گومڕایی، وێڵیی، چەرخی بەسەرچوو

لەم شەوەدا بوو سەدان دنیاوەر
گورگانی گیانی گرۆهی بەشەر
کەڵبەیان کول بوو، قورگیان گیرا
بە بەرزییناڵەی «الله اکبر»

لەم شەوەدا بوو بە پەنجەی قەدەر
تەختی سەدەهای وەك (کیسراو قەیسەر)
وەك بوومەلەرزە هێنانیە شۆکە
ناڵە و ئاوازەی: «الله اکبر»

لەم شەوەدا بوو لە ڕووی زویرا
ئاڵای تاغووتی یەکسەر داگیرا
ئاڵای برایەتیی و ڕەوایی ژیان
لەسەر زەویدا بڵند هەڵکرا

لەم شەوەدا بوو گرۆهی حاڵزار
چینی چەوساوەی ژێر دەستی زۆردار
نێچیری چنگی دڵڕەقی خۆنخوار
مژدەی ئازادی لە بۆ هاتەخوار

لەم شەوەدا بوو ئاڵ و گۆڕ کرا
دادپەروەریی هات، ستەم داخرا
خاڵی یەکیەتیی و یەکسانیی مرۆڤ
لە سەرانسەری جیهاندا درا

لەم شەوەدا بوو بەندیی توایەوە
یەك بە یەك هەڵقەی کۆت کرایەوە
گوڵی ژاکاوی گوڵزاری ڕاستی
بە ئاوی ڕەحمەت هەم گەشایەوە

لەم شەوەدا بوو بوونەوەر یەکسەر
لەگەڵ فریشتەی فەرمان جێهێنەر
دەنگیان کردە یەك هەموو بەجارێ
یەنانگوت: «الله..الله اکبر»

لەم شەوەدا بوو لەلایەن خواوە
دەروازەی هەر حەوت ئاسمان کراوە
چونکە پێشەوای ئازادیی خوازی
تێکڕای گیان لەبەر هاتە دنیاوە
ئەم پارچە هەڵبەستە بە یادی لە دایك بوونی پێغەبەری ئیسلام محەمەد (ص) دانراوە لە هۆنراوەکانی جمال حبیب الله لە سروەی بێداریدا.

# گەورەترین پێگەی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت

سروشتی مرۆڤەکان وەهایە ئەگەر دژایەتیان بکەیت دژایەتیت دەکەنەوە. ئەگەر ڕووبەڕوویان بیتەوە بەشتێك ڕوو بەڕووت دەبێتەوە بە هەمان شت. ئەگەر درۆو بوختانی بۆ هەڵبەستیت لە شتێکدا هەوڵدەدەن هەمان شتت بۆ ڕاست بکەنەوە. دەعوەو بانگەواز کارێکی داواکراوە لە شەرعدا بە هەردوو ڕەگەزیەوە. وە بانگەوازکەر جگە لەوەی کە ئەرکێکی خۆی بەجێهێناوە لە هەمان کاتدا هەڵسانی بەم کارە لەهەمانکاتدا دڵسۆزیەکە بۆ بەرانبەر.. بەڵام زۆر کات لەوانەیە بەرانبەر بەهەڵە تێبگات وە بێگەڕێنێتەوە بۆ چەندەها ناوی جۆراو جۆر!! ئەوەی لەم چەند ساڵەی ڕابووردودا کە کرا لە دژایەتی کردنی پێغەمبەرمان درودی خوای لێ بێت لەلایەن دانیمارکەوە وە بەردەوامی ئەو دژایەتیە لەلایەن زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسان و وە حکومەتەوە، وە تا دواجار دەرکردنی فیلم لە لایەن هۆڵنداوە، سەرئەنجامی ئەم کارانە بووە مایەی زیاتر هۆشیاری مسوڵمانان، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەوان مەبەستیان بوو! چونکە مەبەست لەو کارانە ناشرین کردنی کەسایەتی پێغەمبەرمان بوو درودی خوای لێ بێت وە بە ناشرین کردنی کەسایەتی ئەو بێگومان کاردانەوەی دەبێت وەکو بینیمان. جگە لەوەی کەسایەتیەکی وەك پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت کە هەڵە هەڵناگرێت، بەتایبەت ئەوانەی کە ئەوان دەیدەنە پاڵی، وە لەهەمانکاتدا ناشرین کردن و بە خراپ پێشاندانی ئیسلامە کەئەمەش دیسان هەر هەڵە هەڵناگرێت، چونکە دینێك کە دوا دین بێت و لەلایەن خواوە هاتبێت زۆر لەوە گەورەترە کە مرۆڤەکان بتوانن ڕەدی بکەنەوە، نمونە زۆرە بۆ ڕاستێتی ئەمانە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە لە بابەتێکدا بەناوی (تێگەیشتن لە قورئان) نەتوانراوەو ناتوانرێت کە دینی ئیسلام ڕەد بکرێتەوە، وەدژایەتی

کردنیشی بێسودە. ئەمەش مانای ئەو نیە کە مەجالی ئینسان نەدرابێ بە هیچ شێوەیەک بەڵام مەجالی مرۆڤەکان دیاری کراوە. وە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومان و درۆیانەی کە بەرانبەر پێغەمبەر کرا کۆمەڵێك فکرەی لای مسوڵمانان دروست کرد یەکێك لەوانە: ئەمەیە کە ئێستا من لەسەری دەنوسم ئەو پێگەیەیە کە لەلایەن مسوڵمانانەوە دروست کراوە بۆ زیاتر تێگەشتن لە ژیانی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت وە هەموو ئەوشتانەی پەیوەندی بەوەوە هەیە نامەوێت زیاتر تێشك بخەمە سەری بەڵام بەسەردانی پێگەکە بەڕێزتان زیاتر تێدەگەن ئەمەش لینکی پێگەگەیە کە بەزمانی ١-عەرەبی٢-ئینگلیزی٣-ئیتالی٤-فەرەنسی٥-پۆڵەندی٦-ئەڵمانی ٧-ئیسپانی

/http://www.rasoulallah.net

ئەمەش مەجالێکی زۆر زیاتر و وەئاسانترە بۆ تێگەشتن لەو بارەوە. بە دژایەتی کردنی ئیسلام و وە کەسایەتی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت، وای لە مسوڵمانان کرد بیر لەمە بکەنەوە. وە دژایەتی ئیسلام ومسوڵمانان کرا بۆ ئەوەی لای خەڵك ناشرین بکرێ بەڵام بوو بەهۆی هاتنی خەڵك زیاتر بەرەو ئیسلام. وە هاتنی خەڵکی بەرەو ئیسلام بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو بەتایبەت لە ئەوروپاو ئەمەریکادا، سەرەتا کە کاهتینە بەریتانیا کاتێك پرسیاری دینیان لێدەکردین کە دەمان ووت مسوڵمانین دەبوایە ڕونکردنەوەیەکمان بدایە لەگەڵیا بۆ ئەوەی بزانن مسوڵمان چیە. بەڵام ئێستە لەوەدە نەماوە لە جێگەیەك کارم دەکرد زۆر جار ئینگلیزەکان کاتی نوێژیان بە بیردەهێنامەوە!! سەیری جیاوازیەکان بکەن!. هەروەك پرسیاریشیان لێدەکردین خەڵکی کوێن دەمانووت کوردستان دەبوایە ڕونمان بکردایەتەوە کە کوردستان کۆێیە. بەڵام ئێستە کە دەڵێین کوردستان دەڵێن کام پارچە لە کوردستان!. وەکۆتایی پێدەهێنم بە ووتەیەکی کوردی.( ئەوی چاڵ بکەنێ بن چاڵ جێیەتی).

# هەڵەیەکی عەلمانی و هەڵەیەکی ئیسلامی

کاتێك باس لە هەر کێشەیەك دەکرێت وەیان هەر هەڵەیەك چ لایەنی حیزبانی عەلمانی وە چ ئیسلامی وە هەتا لەسەر کاری تاك و بێ لایەنەکانیش دەبێت ئەوە لە پێش چاو بگیرێ مەبەست لەو دەستنیشان کردنە چارەسەرکردن بێت نەك تەشهیر، ئەویش بەچی دەردەکەوێت بە قسە کردن لەسەر کارەکە نەك کەسەکان ئیتر هەتا ئەگەر ناویش هاتبێت بەڕای من شتێکی ئاساییەو نابێت بە تەشهیر لێك بدرێتەوە گرنگ ناوەرۆکی باسەکە باس لە خودی هەڵە وەیان کەم و کوڕیەکان بکات ئەویش بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەرچەند زۆرجار ئەمە تەفسیری زۆر بۆ دەکرێت و کەسی خاوەن ووتار چەندە تۆمەتی جۆراو جۆری بۆ دروست بکەن، هۆکاری نا تەندروست مامەڵە کردنە کەوا دەکات بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بستێنێ لە کاتێکدا لە سەرەتاوە بە ئاسایی بووە بەڵام دواتر زۆرجار وای لێ هاتووە ئەو کەسەی کە دڵسۆزی نواندووە کەسی بەرانبەر لێی تێ نەگەشتووەو ئەو نا تێگەشتنە ئاگری خۆش کردووەو لە ئیتاری خۆی دەرچووە، ئەوەی زۆرجار باس دەکرێت لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا دیاردەی ئیسلامی و عەلمانی یە، وە بەشێوەیەکی وا تەفسیری دەکرێت وەك وا بێت دوو دوژمن بن و لەسەنگەردا بن بۆ یەك دەکرێت لە ڕووی فکریەوە کێشەکان گەورەبن بەڵام لە خودی کارەکاندا بە پێچەوانەوە وە یان خاڵی هاوبەش لەو نێوەندەدا بێت و کاری لەسەر بکرێت ئیتر مەسەلەکە بە ئەحکامی شەرعیەوە زۆر پابەند نەکرێت چونکە ئەحکامە شەرعیەکان ووردەکاری خۆی تێدایەو ئەو بوارەی ڕەخساندووە جۆرێك لە هاوبەشی لە کارەکاندا بکرێت وە ئەوەش بەمانای تەنازول کردن نی یە لە ئەحکامی شەرعی بۆ نمونە خوای گەورە کە دەفەرمێ[وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡ بِرِّ وَٱلتَّقۡ وَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡ إِثۡ مِ وَٱلۡ عُدۡ وَٰنِۚ ]دەکرێت ئێمە ئەو هاوکاریە

لە نێوانماندا هەبێت ئەگەر لەسەر بیرو ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتیش بین و لەگەڵ بیری بەرانبەردا نەگونجێت بەڵام پیوەرێك کە هەیە لەبەیندا هاوکاریەکەیە لەسەر چاکە، وە نەکردنیەتی لەسەر خراپە، ئەمە بە نسبەت ئیسلامیەوە چ لە نێو خۆیاندا وە چ لەگەڵ هەر لایەن و تاکێکی تردا، عەلمانیش ئەو پێوەرەی خۆی هەیەتی بۆ کارەکان دەبێت ئەو دووخاڵە لەخۆی بگرێت هەرچەند کە دەکرێت دژایەتیش هەبێت لە شێوەو چۆنێتی چاکەی دینی و پێچەوانەکەی جا ئەو کات ئیسلامی و کەسە دینیەکان سەیری دەکەن ئەگەر دژایەتی ئاینی تێدا نەبوو شایەنی قبوڵ کردنە بۆ پێکەوە ژیان و بەرەو پێشبردنی کارەکان کە لە بەرژەوەندی هەر دوولادا دەشکێتەوە ئیتر نابێت تەفسیری هەڵە بکرێن و تێکەڵ بە وەلاء و بەرائی بکرێت چونکە خۆش ویستن و ڕق لێبوونەوەی ئاینی کە بەناوبانگە لەناو ئیسلامیەکاندا بە وەلاء و بەراء کە خوای گەورە لە سورەتی مومتەحینەدا باسی کردووە ئەوە ئاشکرایەو شتێك نی یە تەنەزولی تێدا بکرێت هەر بۆیە گرنگە شتەکان وەك خۆی لێی تێ بگەین و لە بەرانبەر کارێکدا ئەگەر هەڵەش بێت بەچەندەها کاردانەوەی هەڵەی تر وەڵام نەدرێتەوە لە ژێر ناوی چاك کردندا کە وەك دەبینرێت مەسەلەیەك کە کەسێك باسی لێوە دەکات لەبەر لێ تێنەگەشتنی بەرانبەر وەیان بە هەڵە تێگەشتنی بگاتە ئەو ئاستەی چەندەها ئەحکامی شەرعی تر هەن پێ شێل بکرێن خۆ ئەگەر دەستنیشان کردنەکەش هەڵە بوو نابێت بە هەڵە چارەسەری بکەین، پێم خۆش بوو ئەو چەند دێڕەی سەرەوە بکەم بە دەسپێك بۆ ووتارەکەم و تێگەشتن لەوەی دەمەوێت بیڵێم و تەفسیراتی هەڵەی بۆ نەکرێت و مەبەستەکە ڕوون بێت و هەریەك بەجۆرێك تەفسیری بکات ئیسلامی تێکەڵی وەلاء و بەرائی بکات عەلمانیش بەجۆرێك، ئەوە گرنگە کە تێڕامانی لەسەر بکرێت ئەوەیە خودی کارەکەیە کە قسەی لەسەر دەکرێت نەك بادانەوە بەلای خودی خۆمداو ناو ناتۆرەی جۆراو

جۆر دواتر لەناو خەڵکدا.
ئەوەی بووەتە دیاردەو خۆی بۆ خۆی بەڵگەیەو پێویست بە سەرچاوە ناکات ئەوەیە حیزبە عەلمانیەکانی کوردستان وەیان ڕوونتر بڵێم یەکێتی و پارتی حیزبیان تێکەڵ کردووە لەگەڵ حکوومەتدا وە بووتە مایەی شیرازە تێکدانی ووڵات وە بە جۆرێکیان لێ کردووە هیچ کارمەندێك خۆی بە سەربەخۆ نەزانێ و هەردووی حیزبی دەستەڵات وەك حیزب بە گەورەی خۆی بزانێ و ئەگەر بە شێوەیەکی باشیش بە کارەکەی هەستابێت حیزب لێی ڕازی نابێت ئەگەر لە ژێر بڕیارەکانی ئەوان دەربچێت وە گەورەترین بەڵگەش ئەم هەڵبژاردنەی ٢٥ی مانگ شایەتی ئەوەیدا کە چۆن کارمەندانیان هان دەداو قورئان و تڵاقیان پێ دەخواردن بۆ ئەوەی دەنگ بۆ لیستی کوردستانی بدەن، لەکاتێکدا مامۆستا بۆ نمونە وەیان پاسەوانی سنورو پۆلیس و زۆرێك لەوانە چ پەیوەندەی بە حیزبەوە هەیە هەر حیزبێك بێت ئەو دەبێت هەر کاری خۆی بکات و کاری خۆی دیاری کراوە خۆ گونجاو نی یە ئەگەر لیستێکی تر دەرچوو وەیان زۆرینەی کورسیەکانی بەدەست هێنا هەموو مامۆستاو پۆلیس و پاسەوانەکان لەسەر کار لا ببات و کەسانی سەر بە حیزبی خۆیان بخاتە جێگەکەیان، هەر بۆیە زۆر گرنگە حیزبە عەلمانیەکان بەخۆیاندا بچنەوە لەوەی کە چیتر حیزب و کاری حیزبایەتی لە حکوومەت جیا بکرێتەوەو کاری جدی بۆ ئەوە بکەن وە ئەم خاڵە بکەنە خاڵی دەستپێکی کاریان و لە پەرلەمانی تازەدا بیچەسپێنن و ئەو متمانە بە هاوڵاتیان ببەخشن کە کارەکانیان بە دڵسۆزیەوە بکەن و تێکەڵی حیزبی نەکەن تەزکیەو تەزکیە کاری نەمێنی هەرکەس هەرچی یە گرنگ نەبێت گرنگ دڵسۆزیە لە کارەکەیدا مامۆستایە بەجوانی وانەی خۆی بڵێتەوەو پابەند بێت بە دەوامی خۆیەوە دەنگ بۆ کێ دەدات نەکرێتە پێوەر بۆی و وەیان پۆلیسە هەر کارمەندێکی ترە تڵاق و قورئانی پێ نەخۆن و لەبری چارەسەرکردنی کێشە

گشتیەکان کێشەی تاکیشی بۆ دروست بکەن وەك دڵ کرمین بوونی بەرانبەر خێزانی و ئاینەکەی بۆ نمونە من مامۆستام لە قوتابخانەیەك یان زانکۆیەك بایی ئەوەندە تێگەشتووم کە دەنگ بۆ کێ بدەم ئیتر بۆ ئەو ئازادیەم لێ زەوت دەکرێت بە تەڵاق و سوێند ڕێگیرم لێ بکرێت لەکاتێدا وەك ئەرکێکی ئاینی کە سوێندەکە دەدرێم بەلامەوە گونجاو نی یە دەنگ بەو لیستە بدەم ئەو کاتە هەر سوێندەکەش لەگەڵ دەنگدانەکەدا یەك ناگرێتەوەو تەوقیف ناکرێت دین دەڵێ دڵسۆزبە بۆ وولات خیانەتی لێ مەکە وە دەڵێ سوێندی ناحەق و درۆش مەخۆ جا کەسێك سوێند بدرێت بۆ دەنگ دان بە لیستێك و ئەو لیستە لە بڕوای کەسەکەدا بەشیاو دانەرێت خیانەتە لە وولاتەکە چۆن چۆنین ئەوە چارەسەر بکرێت، هەر بۆیە زۆر گرنگە لەم پەرلەمانی تازەدا کار لەسەر ئەوە بکرێت کە ئەو بڕوا لە دڵی هاوڵاتیاندا بچێنرێت کە حیزب کاری بە کارمەندەوە نی یە ئەوە ئیشی حکوومەتە وە حکوومەتیش دەبێت مامەڵەی حکوومەتانە بێت نەك حیزب ئەوسا هەموو چینەکان بە دڵسۆزی کار بۆ وولاتەکە دەکەن بەڵام ئەگەر شتەکان هەمووی خرایە چوارچێوەی حیزبیەوە دەکرێت کەسەکان مەیلیان بەلای ئەو حیزبەدا نەچێت و ببێتە مایەی سستیان لەکارەکانیان و وولاتیش دەبێت باجەکەی بدات.

وە ئەوەش کە دەبێت ئیسلامیەکان کاری لەسەر بکەن و بەهەمان شێوەی عەلمانیەکان ئەوەیە کە کارو چۆنێتی ئیشەکان لە دین جیا بکرێتەوەو بەو شێوەیە خەڵکی تێ نەگەیەنرێت کە هەرچی حیزبە ئیسلامیەکان بیکەن ئیتر دەقی قورئانەو لادان لێی گومڕای و سەرلێشوان بێت وەلاء و بەراء بکەن بە دەستکەلای دەستیان چونکە ئەوکات حیزبە ئیسلامیەکان وەك شیعەی لێ دێت وەك چۆن ئاخون هەرچی ووت ئیتر خەڵك هەر جێبەجێ کردنی لەسەرە، هەرچەند کەسی مسوڵمان ئەوەی کە دەیکات بێگومان دەبێت لە پێناوی خوادا

بیكات ئیتر هەر كارێك بێت بەڵام زۆرێك لەو كارانە دەكرێت هەڵە بن نابێت وەك دەقی قورئان خەڵكی لێ تێ بگەیەنرێت بۆ نمونە لە هەڵبژاردندا كاتێك حیزبی ئیسلامی بە تەنها دابەزی وەیان لەگەڵ حیزبی تردا هاوپەیمانی كرد ئەمە ئیجتیهادی لایەنەكەیە نەك دەقی قورئان دەكرێت بەچاك وەیان خراپەش بشكێتەوە ئەوەی گرنگە مسوڵمانان و هەتا ئەندامانیشی لێ تێبگەیەنرێت جۆرێتی ئەو كارانە دەقی قورئان نین و كەسی لەسەر تاوانبار نەكرێت ئەوە بووترێت كە هاوپەیمانێتی لەسەر ئەساسی ئەو ئایەتەیە كە باسمان كرد بۆ نمونە خەڵكی دەڵێ من دەنگ بدەم بە لیستی خزمەتگوزاری و چاكسازی لایەنی جۆراو جۆری تێدایە دەنگەكەی من بەر كێ دەكەوێت ئەگەر یەكگرتوو كۆمەڵ بێت قبوڵمە بەڵام لایەنەكانی تر نا، وەیان خۆشیان بەو شێوەیە بڵاوی نەكەنەوە كە دەنگ نەدان بەو لیستە حەرامەو تاوانی كردووە چونكە هەروەك چۆن حیزبەكە ئیجتیهای كردووە لە هاوپەیمانێتیدا كە دەكرێت بە هەردوو دیوی پێچەوانە لێك بدرێتەوە بەهەمان شێوەش دەنگدانی هاوڵاتیانیش نەك كاری خۆی بە پیرۆز بزانێت و وەك دەقێكی نەگۆڕ سەیر بكرێت و وە كاری هاوڵاتیان بە پێچەوانەی شەرع و گومڕاو نەبونی وەلاء و بەراء، بە بڕوای من گەر ئەو دوو خاڵە لەبەرچاو بگیری وەك جیا كردنەوەی حیزب لە دەوڵەتووڵات پێش دەكەوێت، وە جیا كردنەوەی زۆرێك لە كاری ئیسلامی لە دین و وەسف كردنیان بە ئیجتیهاد لایەنە ئیسلامیەكانیش پێش دەكەون و وە هاوڵاتیانیش لەو دڵە ڕاوكە نەجاتیان دەبێت و تەفسیری جۆراو جۆری بۆ ناكرێت.

# ئاوات کەرکوکی: پالتۆك وێستگەی دەنگی کپ کراوی موسوڵمانانی کورد بوو، فێرگەی پێگەیاندن وتێگەیاندنی تاکی موسوڵمانی کورد بوو



کاریگەری ڕاگەیاندن بە گشت جۆرەکانیەوە جێگای ئاماژە پێ کردنە، هەربۆیە لە گشت وولاّتان و هەموو داموو دەزگا حکوومی و حیزبی و ڕێکخراوەیەکاندا بڕێکی زۆر بودجەی بۆ تەرخان دەکەن و کادیرو کەسانی پسپۆڕی لەدەور کۆ دەکەنەوە، گەر هەندێك دوور بۆ پێشینە بیر بکەینەوە کەرەستەی ڕاگەیاندن زۆر کەم بوون بە بەراورد لەگەڵ ئێستەدا، جاران لەسەردەمی کۆندا، بە کۆکردنەوەی خەڵك بە کرداری و قسەکردن بوو بۆیان لە ڕێگەی ووتاری بەهێزو شیعرو موناقەشەی ڕوو بەڕووی، بەلاّم ئێستە سەرەڕای ئەوانە چەندەها کەرەستەی تر دونیای مۆدێرن و تازەی تەکنەلۆژیا مەیدانیەکەی زۆر زیاتر فراوان کردووە، تا وای لێهاتووە زۆرێك هەتا ڕاگەیاندنی تایبەتی خۆشی هەیەو جۆرێك لە کارئاسانیش لە کارەکاندا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە مامۆستایەکی ئاینی گەر بیەوێت وانەیەکی تایبەتی بۆ کۆمەڵێك کەس دابنێت لە مزگەوتدا مەشغەڵەت و کاری تایبەتی زۆری کەسەکان وا دەکات ئەو مامۆستایە کەسانێکی زۆر کەمی بۆ کۆببێتەوە، وەیان زۆرجار مامۆستاکە بۆخۆشی دەرفەتی ئەو وانانەی نابێت

بەهۆی کار یان کێشەی تایبەتەوە، ئەوەی لە ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا وەك کەرەستەیەکی ڕاگەیاندن لەلایەن کوردەکانەوە بەکار هێنراو وە بەردەوامیشی هەیە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت و لەژێر ناوی پاڵتۆکدایە کە کاریگەری بەرچاوی خۆی هەیە، کە بەرنامەیەکی تایبەتەو بە بێ بەرانبەر لە ئەنتەرنێتەوە دەست دەکەوێت و هەموو کەسێك کە ئەنتەرنێتی هەبێت دەتوانێت دایبگرێتە سەر داتاکەی و ناوی خۆی تۆمار بکات و هەر ژوورێکی پێ خۆشە بەکاری بهێنێت، یەکێك لەو ژوورە کوردیە قەرەباڵغانە بەبەردەوامی ژووری کوردستان کوردو ئیسلام دیدی نوێ یە کە بەردەوامی لە ڕیزەکانی سەرەوەدا دەبینرێت، یەك لە ئەدمینە دیاریەکانی ئەو ژوورە بەڕێز ئاوات کەرکوکیە کە بە کەسێکی چالاکی بواری ئەدمینی ناوی هێنراوەو دەناسرێت و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی فەرمی دینی نوێیە لە بەریتانیا پێمان باش بوو لەسەر ئەو باسە بەچەند پرسیارێك ڕوو بەڕووی بەڕێزیان ببینەوە، سەرەتا بەم شێوەیە دەستمان پێکرد.

قیبلە: زۆر کەس هەیە ئێستەش نازانێت پاڵتۆك چی یە؟ دەکرێت پێناسەیەکی کورت و پوختی پاڵتۆکمان بۆ بکەن؟

ئاوات کەرکوکی:بسم الله الرحمن الرحيم..دوای دەست خۆشبوون وماندوو نەبونتان .. پاڵتۆک ئەگەر پێناسەیەکی سادەی بکەین بەرنامەیەکی تایبەتە لەسەر هێڵی نێت دەستەبەر کراوە بۆ گفتوگۆکردن، کە بێگومان جگە لەم بەرنامەیە چەندین بەرنامەی تری هاوشێوە هەیە بۆ هەمان مەبەست بەکار دێت، بەڵام پاڵتۆک بەناوبانگترین وبڵاوترینیانە،بەهۆی ئاسانی وخێرایی لەبەکارهێناندا توانیویەتی زۆرترین بەکارهێنەر بۆخۆی کۆبکاتەوە.

قیبلە: لایەنە ئەرێنیەکانی بەکارهێنانی پاڵتۆك چی یەو تا چ ڕادەیەك لە واقعدا بە ئەرێنی بینراوە؟

ئاوات کەرکوکی: بێگومان پاڵتۆک وەک هەموو دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن

ئەتوانیرێت بە هەردوو ڕووەکە باش یان خراپ بەکار بهێنرێت، کەواتە ئەکەوێتە سەر خودی بەکار هێنەر بۆ کام مەبەست بەکاری ئەبات ،یەکێک لەهەرە لایەنە ئەرێنیەکانی؛ تاکەکان کۆ ئەکاتەوە لەیەک ژووردا لەهەر کوێی ئەم جیهانە بن ئەتوانن بە ئاسانی گفتوگۆو بۆچوونەکانی خۆیان ئاڵوگۆربکەن.

قیبلە: هەندێك لایەنی دیاری کراو لە گرنگی پاڵتۆك کەم دەکەنەوەو تانەو تەشەر لەو کەسانە دەدەن کە پاڵتۆك بەکار دەهێنن و بە کارێکی بێ بایەخ ناویان بردووە! چۆن وەڵامی ئەو کەسانە دەدەنەوە؟

ئاوات کەرکوکی: ووتمان پاڵتۆك وەك هەردەزگایەکی تر ڕووی باش وخراپی هەیە،گێلیە بڵێین تەنها لایەنی باشی هەیە بەهەمان شێوە بێ وویژدانیە کە بشڵێین تەنها ڕووی خراپی هەیە.

قیبلە: وەك لە یەك دوو ساڵی ڕابردوودا هەستی پێکرا کەسانێك لە ڕێگەی پاڵتۆکەوە کاری دزێوو موخابەراتی کردووە لەسەر یەکتر، پرسیارەکە ئەوەیە تاچەند ئەو هەواڵانە ڕاستی تێدا هەبووەو چیتان لەوبارەوە هەیە؟

ئاوات کەرکوکی:بەراستی هەتا ئێستا لەسەر قسەکردنم لەپاڵتۆك بەرپرسیار نەکراوم هیچ یەکێکم نەبینیوە بڵێت منیان لەسەر قسەکردن لەپاڵتۆك لە هیچ کام لە وڵاتانی ئەوروپی تۆمەتبار کردووە، بەڵام بۆ کوردستانەکەی خۆمان هاوشێوەی وڵاتە دیکتاتۆرەکانی تر بەڵێ ئەبیستین یاخود ئەبینین کە مافی هاتنە ناو پاڵتۆکیان لە خەڵک بڕیوە کە دەمیش ئەکەنەوە باسی ئازادی تاك وکۆمەڵگا ئەکەن،بەڵام بەدڵنیایەوە تا بە ئێستا لەلایەنی موخابەراتی بەریتانیا نەبووە دەنگی خۆمیان بۆ نەهێنابم بڵێن ئەمە تۆ بۆ ئەم قسانە ئەکەی، بەڵام ووتویانە مامۆستا کرێکار باسی چیتان بۆئەکات پێمان ووتن باسی ئەوەمان بۆ ئەکات کە خواو پێغەمبەرەکەی(سەلامی خوای لێبێت) بۆیان باس کردووین،ژوور کراوەیە بۆ هەموو کەسێك ئێوەش فەرموون وەرن گوێ بگرن.

قیبلە: کەسانێك بەناوی خوازراوەوە پاڵتۆك بەکار دێنن ئایا هیچ مەترسیەکی وا هەیە لە ڕووی ئەو کەسانەدا کە ناوی ڕاستی خۆیان بشارنەوە؟ وە یان ئەو کەسەی پەنا بۆ ناوی خوازراو دەبات بڕوای بە ئەمینی خۆی نی یە؟
ئاوات کەرکوکی: بەکارهێنانی ناوی خوازراو ئەشێت ئەم کەسە هەر حەزی لەناوە خوازراوەکە بێت، بەڵام ئەگەر لە ترس بێت ئەمە تارادەیەك نەگونجاوە، چونکە ئەبێت ئەم بەکار هێنەرە هیچ کات قسە نەکات، بۆ ئەوەی دەنگی نەناسرێتەوە مەبەستم بۆ کوردستانە، بەڵام لە ئەوروپا تارادەیەك ڕاگەیاندن ئازادە بەبەڵگەی ئەوەی چەندین ساڵە بێ سنوور قسەئەکەین لانی کەم لە لێکۆڵینەوەکاندا ناوی پاڵتۆك نەبراوە،بەڵام دەنگی تۆمارکراوی تەلەفۆن لە دادگاکان ئەکەن بە بەڵگە.
قیبلە: لایەنە نەرێنیەکانی پاڵتۆك چی یە؟
ئاوات کەرکوکی:وەك خۆت ئەزانی وپێشتر وتمان بەکار هێنەر دیاری ئەکات،هەر لەسەر تۆڕی پاڵتۆك خەڵکانێك بانگەوازبۆ لای خوا ئەکەن خەڵکانێکی تریش بانگەواز بۆلای شەیتان ئەکەن.
قیبلە: تاچەند لە ڕێگەی پاڵتۆکەوە لە ئامانجەکانتان وەیان ئەوەی مەبەستان بووە پێکراوە؟
ئاوات کەرکوکی:بۆ موسوڵمانانی کورد بەگشتی باڵە سەلەفیە جیهادیەکەی مامۆستا کرێکار بەتایبەتی زۆر سود بەخش بووە ،پالتۆك وێستگەی دەنگی کپ کراوی موسوڵمانانی کوردبوو، فێرگەی پێگەیاندن وتێگەیاندنی تاکی موسوڵمانی کورد بوو،ئینجا هەر لەم ڕێگایەوە واتا تەنها لەم ژوورەی پاڵتۆکەوە بەدەر لە پێشکەشکردنی هەزارەها وانەی بەسودی مامۆستایانی مامۆستا کرێکارلە دوای فەزڵی خوای گەورە لەسەر ئەرکی موسوڵمانان هەزارەها دانە کتێبمان بەچاپ وبڵاو کردنەوە گەیاندوە وبەردەوامیشین لەبەچاپ گەیاندن بۆ بەرچاو ڕۆشنی وخۆپڕ چەککردنمان بەزانستی شەرعی،کەوایە ئەتوانین بڵێن

زۆر له ئامانجه‌كان به‌رجه‌سته بوون به‌دڵنیایه‌وه پشت به‌خوا به‌رده‌وام ئه‌بین هه‌تا له‌م ڕێگه‌وه موسوڵمانانی كورد دینه ڕه‌سه‌نه‌كه وه‌ك خۆی وه‌ربگرن كه خواو پێغه‌به‌ر(سه‌لامی لێبێت)ئه‌یانه‌وێت نه‌ك ده‌سه‌ڵاتدارانی كافر.

قیبله: هه‌ندێك په‌یوه‌ندی ئه‌نته‌رنێتی به نه‌رێنی لێكده‌داته‌وه‌و ده‌ڵێن كاریگه‌ری نه‌رێنی له‌سه‌ر كاره كرداریه‌كان ده‌بێت تاچه‌ند له‌گه‌ڵ ئه‌م بۆچوونه‌دان؟

ئاوات كه‌ركوكی:تاراده‌یه‌ك ئه‌مه ئه‌كرێت بڵێین ڕاسته، به‌ڵام سوده‌كه‌ی ئه‌وه‌نده گه‌وره‌یه كه ئه‌م زیانه بچوكه په‌رده‌پۆش ئه‌كات بچوكترین نمونه بۆ خوێنه‌رانی سایت ورِژنامه‌كان هه‌ر تاكێك له‌ڕۆژێكدا چه‌نده بواری بێت ئه‌توانێت هه‌ر ڕۆژنامه‌و گۆڤارێكی به‌هه‌ر زمانێک مه‌به‌ست بێت ده‌سته به‌ری بكات، ده‌ی تۆ به‌راوردی بكه به ده‌یه‌ی كۆتای سه‌ده‌ی رابردوو گه‌لێك خوێنه‌رمان بووه نه‌یتوانیوه ئیمكانیه‌تی نه‌بووه بگره یه‌ك ڕۆژنامه بكڕیت!ئیمرۆ به ئاره‌زووی خۆی ئه‌خوێنێته‌وه،یان ئێمه له‌گه‌ڵ مامۆستا كرێكار له‌م زرووفه تایبه‌ته‌ی خۆی له وڵاتی نه‌رویج ئێمه‌ش هه‌ر یه‌ك له وڵآتێك ئایا ئه‌گه‌ر ئه‌م پاڵتۆكه نه‌بوایه چۆن گوێبیستی بوینایه ؟! ئه‌مه‌وده‌یان نمونه‌ی تری زیندوو بۆ به‌رپه‌رچدانه‌وه‌ی ئه‌م بۆچونه كاڵه.

قیبله: تاچه‌ند ئیسلامیه‌كان به گشتی سودیان له پاڵتۆك بینووه وه‌ك وه‌سیله‌یه‌ك بۆ گه‌یاندنی دین و ئه‌ركێكی دینی؟

ئاوات كه‌ركوكی: دووباره ئه‌ڵیم ئه‌توانم بڵێم موسوڵمانانی بێ بڵیندگۆ یه‌كه‌م سودمه‌ند بوون له‌م ده‌زگایه،ئه‌م موسوڵمانه‌ی ئه‌ڵێت وانیه هه‌تا ئێستا گومانم هه‌یه پاڵتۆكی به‌كار هێنابێت یان به‌كاری هێناوه به‌ڵآم نه‌یزانیوه سودی لێببینێت یاخود به شێوه‌یه‌كی سنوردار دینه‌كه‌ی ڕاگه‌یاندوه له‌به‌ر خاتری چاو ودڵی ئه‌م لایه‌ن وئه‌و لایه‌ن، وه‌ک خۆی دینه‌كه‌ی نه‌گه‌یاندوه خه‌ڵكیش له ژووره‌كه‌ی یان له‌ده‌وری كشاونه‌ته‌وه بۆیه ئێستا به‌نابه‌دڵیه‌وه ئه‌ڵێت پاڵتۆك

باش نیە خراپەی لێ فەراهەم دێت.

دوا ووتەتان چی یە؟

ئاوات کەرکوکی: سوپاس ورێزم بۆ بەڕێزتان بۆ هەوڵ وکردارەکانت کە هەمیشە لەهەوڵی خزمەت کردنی ئیسلامەکە ناسرەوی بێ گوێدانە لۆمەی لۆمەکاران خوای گەورە سەرکەوتتان بکات لە کارەکانتاندا،بەدڵنیایەوە ئەڵێم ئەزیەتتان کێشا.

# یاد عەلی: لە پۆلی پێنجی ناوەندی، ماوەیەکی زۆر هەوڵماندا تا برینپێچێکمان دۆزیەوە وانەی فیزیامان پێ بڵێتەوە!



کێشەی دامەزراندن و پشتگوێ خستنی داواکاری ئەو قوتابیانەی کەوا پەیمانگاو زانکۆیان تەواو کردووە یەکێکە لە کێشە زیندووەکانی ساحەی کوردی، زۆرجار خۆپیشاندانیش دژی بەدەمەوە نەچوونیان بەڕێوە چووە، بەشێوەیەکی گشتیش ئەو قوتابیانە ئەوانەن کەوا پشتگیریەی بەهێزی لایەنێکی دەستەڵاتیان نی یە، ئێمە زیاتر لەناو کۆمەڵگەدا ئەم دیاردە بەر گوێمان دەکەوێت و لە خۆ پیشاندانەکاندا، بۆ زیاتر تێگەشتن لە گرفتی ئەو قوتابیانەی کەوا پەیمانگا یان زانکۆیان تەواو کردووەو لە دوو ڕیانی قوتابی بوون و مامۆستایی و فەرمانبەریدان پێمان باش بوو لە نزیکەوە بیان دوێنین، چونکە هەندێك جار لە کاتی دەنگداندا زۆر گوێمان لە بەرپرسیان بووە بەڵێنی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیان داوە، بەڵام لە زەمینەی کرداریدا وەك کێشەی کارەباکە دەیبینین و جۆرێك لە جۆرەکان پاڵیان پێوە نراوە بۆ چوونیان بۆ مۆلیدەکان، هەرچەند لە زۆرێك وولاتاندا هەموو ئەو کەسانەی کەوا بڕوانامە بەدەست دەهێنن گەرەنتی دامەزراندیان لەلایەن حکوومەتەوە نی یە، بەڵام زەمینەیەکی فراوانی وا دروست بووە کە خاوەن بڕوانامەکانیش بێ منەت بن

له حکوومەت، ئاشکرایە ئێستە لە کوردستاندا سەرەتایە بۆ ئەو زەمینەو هەمو سەرەتاییەکیش سنورداره، بەم پێیە نەتوانراوە پێداویستیەکانی ئەو خاوەن بڕوانامانە جێ بەجێ بکرێت ( یاد عەلی)ەو نووسەرێکی بەتوانای دیاری ناو پێگەکانی ئەنتەرنێتەو زۆرجار بە تووندی ڕەخنەی لە حکوومەت و ئەدای کارەکانی گرتووە، بەم شێوەیە پرسیارەکانمان ڕوو بەڕوو کردنەوە.
سازدانی دیمانە: قیبلە

پ١/ پێم باشە کورتەیەك لە ژیان و گرفتەکانی نێو پەیمانگا یان زانکۆتاندا بکەنە دەرگایەك بۆ چوونە ناو باسەکەمانەوە؟
یاد عەلی: سەرەتا سوپاستان ئەکەم، خۆزگە ئەتوانرا هەڵوێستە لەسەر زۆرێک لەو دیاردە نامۆیانە بکەین کە وا خەریکە وهەندێکیشیان بە ئاسایی کراون، هەموو تەلەبەیەک لە قۆناغەکانی پێش زانکۆدا جۆرێک لە خەون وخولیای بەرزی هەیە بەرامبەر ژیان وقۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆ، مەڵبەندی رۆشنبیری، ئەم تەئسیراتە وگەشبینیەش لە ئاستی سروشتی خۆیدایە، بەڵام بە پێنانە ناو حەرەمی زانکۆ، ئیدی وردە وردە ئەو هەموو خەون وپلانانە کاڵ ئەبنەوە، لەولاشەوە سەرابێک خۆی پیشان ئەدات لەناو واقعی دەرس لە پاڵ هاندانی دکتۆرەکان، سەرابی دانەمەزرادن، وەکو ئەڵێ: لە هەڕیش بوون ولە مەڕیش بوون، چونکە دوای تەخەروج نە ئەتوانی لەو درەنگ وەختەدا جێی خۆت بکەیتەوە لە بوارێکی ئیشی دەستی وە نە لە ناو چینی کرێکار، وەکو بەدیل بۆ بێکاری، لەولاشەوە مەنهەج هیچ لەو ئاستەدا نیە بتوانێ تاکێکی ئەکادیمی پێبگەیەنێت، کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاریەکان، بۆ نمونە، نەبوونی ئامێری پێویست بۆ تاقیگەکان، دروستکردنی هەیمەنەی حیزبی لەناو حەرەمی زانکۆ، ئەویش بە دروست کردنی ژووری تایبەت بۆ نوێنەرایەتی

یەکێتی قوتابیان!، ململانێی سیاسی هەندێ جار لە نێوان دکتۆرەکان بە ئاشکرا!، تاکرەوی ووشکی مامۆستاکانیش کێشەیەکی دیکەن.
پ٢/ زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری زانکۆو پەیمانگاکانم و سەردانی مەیدانیم بۆی کردووەو لە گشت زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان ماومەتەوە لە داخلی و ئامادەی وانەکانیش بووم، زۆر شتی ئەرێنی تێدایە بە تایبەت یارمەتی لە ڕووی مادیەوەو خوێندن بە بێ بەرانبەر، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی قوتابیان هەر هاوار دەکەن؟ ئەو نارەزایانە لە چی یەوە سەرچاوەی گرتووە؟
یاد عەلی: لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، هەر لەسەرەتاییەوە بگرە، ناراستەوخۆ لە خزمەت پەروەردە کردنی نەوەیەکی قین لەدڵ ونادڵسۆزە بەرامبەر دەوروبەر، وەکو هەمووشمان ئەزانین، لێدان بە وشە ولایەنی مەعنەوی زۆر وێرانکەرترو کوشندەترە لە هێز ولایەنی ماددی، رەنگە مانەوە لە قسم داخیلی وزانکۆ وپەیمانگاکان بۆ چەند رۆژێک نەتوانی بە باشی لە کێشە وگیرۆگرفتەکان تێ بگەی، جاران کە بەعس لە بەچەند دێرە نووسراوێکی کەم باسی لە بە خۆڕایی کردنی خوێندن ئەکرد ومنەتی ئەکرد بەسەر خەڵکدا تا حەددێک حەقی بوو، چونکە ئەوکات، حکومەت خزمەت گۆزاریەکانی ئاسایی پێشکەش ئەکرد، بێ ئەوەی خۆپیشاندان وهاواری بۆ بکرێت، قوتابی بە درێژای تەمەنی خوێندکاریی درۆی لەگەڵدا ئەکرێ وهیچیشی بۆ ناکرێت، ئەوەی ئەکرێ ئەوە بەشێکی زۆر بچوکی ئەرکی دەزگاکانی دەوڵەتە کە جێ بەجێی بکات، زیاتر لە کۆمەڵە فەرمانێکی رۆتینی ئەچێت، کە بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی رۆژ جا گرنگ نیە ئەو دەسەڵاتە چەند راست یان چەوت بێت، لایەنێکی دیکەی قێزەون ئەوەیە، حیزب رێکخراوی تایبەتی هەیە بۆ ناو دەمودەستگاکانی پەروەردە، جا ئەو درۆکردن وپاساوهێنانەوە بۆ حکومەت وحیزب لە ئەستۆی ئەواندایە، گرفتەکە هەر لە قۆناغەکانی زانکۆ وپەیمانگادا

نیە، من بیرمە لە زۆربەی مەرحەلەکاندا پارەمان داوە بۆ مامۆستا، جگە لەمەش مامۆستای فیزیا بیرکاریشی ئەوتەوە، عەرەبی ئینگلیزی، ئاین عەرەبی، کوردی ئینگلیزی...هتد، فشاری گەورەش بۆ دابینکردنی مامۆستا وخستەنە سەرپێی پرۆسەکە تەلەبە خۆی بوو، ئێمەی قوتابی ئەوکات پایزان چەند خەمی بێ نەوتی وویرانی وبێ سەروبەری مەکتەبمان بوو، هێندە زیاتیرش خەممان بوو دیسان چۆن مامۆستا بۆ خۆمان دابین بکەین، تۆ لەوانەیە لات سەیر بێت کە بڵێم، لە پۆلی پێنجی ناوەندی، ماوەیەکی زۆر هەوڵماندا تا برینپێچێکمان دۆزیەوە وانەی فیزیامان پێ بڵێتەوە، بەم هەموو دەردە سەریە خوێندن تەواو ئەکەی، بەڵام لە دوا قۆناغدا هەست ئەکەی کە چۆن مایە پووچ ئەبی، تۆ باسی یارمەتی ئەکەی! مانگانە ٣٧٥٠٠ سی وحەوت هەزاروپێنج سەد دیناریان پێ ئەدایـن، دوایی کردیان بە پەنجا هەزار، بەڵام ژیانی زانکۆ ئەبێ تا چەند بڕبکا بە پەنجا هەزار؟!! بۆیە ناحەقی قوتابیانت نەئەگرت کە گوێبیستی ئەوە ئەبوون کە ئەو دووسێ قرانە سەرف ئەکرا هەموو زەردەخەنەیان ئەگرت!!!
من ورەفیقەکەم لە قۆناغی دووەمدا، (١٥) پازدە رۆژ لە ماڵی خزم وهاوپۆلەکانمان ماینەوە، چونکە بینایە کۆنەکە رەفس کرابووەوە لەلایەن خاوەنەکەی، هەموو رۆژێک ئەچووین داوای ژوورمان ئەکرد، بەڕیوەبەرەکە بۆی ئەنووسین، ئەچووین بۆ ئەدرەسەکە، سەیرمان ئەکرد پڕ لە تەلەبە بوو، هەتا رۆژێک ناونیشانی ژوورێکی پێدایـن لە قسمداخیلەیک، وتی بڕۆن لەمەو پێش ئی کچان بوو، ئێستا چۆڵە، ئێمەش چوین بینیمان نە چوڵ بوو نە هیچ باسی چۆلکردنیش لە ئارادا بوو!، دوایی زۆر ماندوو وبێتاقەت بووبووین، من زۆر بە ئارامی وریزەوە پێم وت» بەڕێز ئێمە ئەوە پازدە رۆژە لە سەر ماڵانین، ئاگامان لە دەرس ودەوام نیە، تۆ ئەگەر تەئکید نیت ئەوە مەماننێرە ئەو جێیانە« بەڵام ئەو یەکسەر هەستایە سەرپێ ووتی ئەمر بەسەر مندا ئەکەی؟! کۆمەڵێک

قسەی ناشیرینی پێ وتم، دوای هەر خواخوام بوو وەکو خۆی لێبێتەوە، دیسان ناونیشانی جێیەکی دیکەی بۆ نووسین، هەمان تاسوحەمام بوو، بۆیە وازمان لێ هێناو بەواستەی ناسیاوێکمان ژوورێکی چۆلمان دیتەوە، ئێستاشی لەگەڵ دابێ سیمای مودیرمان نەدیتەوە، ئەمەیە هاوکاری ورۆتیناتیان، باشە ئەی حکومەت ودام ودەستگا بۆ چیە ومانای چیە ئەگەر هیچ خزمەتت پێشکەش نەکات!یان هەمووی بە گران بە خەڵک بفۆرشێتەوە!.

پ٣/چ هەستێکیات لە دواساڵی خوێندندا بۆ دروست بوو بوو؟

یاد عەلی: هەڵبەتە ئەمەوێ ئەوە بەراشکاوی بدرکێنم کە خۆم تا حەددێک کەسێک بووم دایم لێکدانەوەی خۆم هەبووە بۆ حاڵەت ودیاردە ودیمەنەکان، بەڵام تا چەند ئەتوانی گوزارشتیان لێ بکەی ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام بەدرێژای وگۆڕانی بارودۆخەکان ئێمەش لە موجادەلەدابووین، لە مەرحەلە چواردا رەفیقێکم رۆژێک لەناو گفتۆکاندا کە بێتاقەتی هەموو ئەو ناعەدالەتیانە بوو، پێی وتم» کاکە گیان ئێمەی تاکەکەس ناتوانین ئەم وەزعە بگۆڕین، ئەو موناقەشانەشمان بەلاشە، ئینسان ئەگەر بیەوێ لەم وڵاتە بژێت ئەبێ گێل ئاسا بژێت» ئینجا دوو کۆپلە شیعری وت، هەر رێک مانای ئەم رستەیەی خۆی ئەدا، من شیعرەکەم بیرنەماوە، بۆیە من لە مەرحەلە چواردا کاریکاتێرێکم کێشا لەسەر ئایندەی دەرچوانی زانکۆ بەتایبەتتر کۆلێژی پەوەردە، تێیدا دەرچووەکانم لە سێڕیانێک دانابوو دوای دەرچوون، رێەک دامەزراندن بە هەزار ویەک دەستماچ کردن وواستە، رێیەکی دیکە رۆیشتن بۆ هەندەران کە دیار نیە چۆن ئەگیرسێیتەوە، رێیەکەی دیکە بێکاری وموشتەری گازینۆ وباخچەکان ودۆمینە وئۆکەی کردن، هەڵبەتە کاردانەوەی جیاجیام بینی، ئەوانەی سەریح بوون دەستخۆشیان ئەکرد، ئەوانەی هێشتا نەیان ئەویست ئەو واقعە تاڵە ببینن بێدەنگ ئەبوون بە خەمباری، ئەوانەش کە نوێنەری رێکخراوەکانی قوتابیان

وخوێندکاران بوون، یان توانجیان تێ ئەگرت یان بە بێ مانایان حساب ئەکرد، بۆیەش هەر زوو لە لەوحەی ئازادیان کردەوە ودڕاندیان.
پ٤/دوای دەرچوونتان تا ئێستە چەند جار هەوڵی خۆ دامەزراندنتان داوەو کار ئاسانیتان بۆ کراوە؟
یاد عەلی: دوای دەرچونم ساڵی یەکەم بەدرێژایی ساڵەکە هەوڵمدا، بۆ هەموو شوێنێک بێ جیاوازی، هەر جارە وبە بیانوویەک ئیهمالیان ئەکردین، لە هەمووی گاڵتە جاڕتر شەهادەی کۆلێژی پەروەردەیە، بە پێی یاسا نابێ لە هیچ شوێنێک دابمەزرێت جگە لە پیشەی وانەبێژی لە مەکتەبەکان وبواری سەربازی!! بە حسابی خۆیان چونکە ئێمەی لەو چوار ساڵەدا دەرونزانی و(طرق تدريس) ئەخوێنین و کۆلێژەکانی دیکە ئەم وانەیەیان نیە، بەڵام تا ئەم ساڵ بێ جیاوازی هەموو کۆلێژەکان لە قۆناغەکانی پەروەردەدا وەرئەگیران!!
شتێکی دیکە باس ئەکەم کە لەوانەیە لە نوکتەش بچێت، نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی یەکێتی لە قۆناغەکانی یەک ودوو کەسێکی کارا بوو، دوایی بینیم لە نوێنەری یەکێتی قوتابیانی پارتی ئەپاڕایەوە لە مەرحەلە چوار بۆ ئەوەی فایلی ئەندامێتی بۆ دروست بکات، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بۆ دامەزراندن کارئاسانی بۆ بکرێت وگێچەڵی پێ نەکرێت، جا شەهادە لێرە قیمەتی نیە، مەگەر شەهادە+واستەیەکی بەقوەت ودڵسۆز، ئێستاش تەسکیەی حیزبی مەرجێکی سەرەکیە بۆ دامەزراندن.
پ٥/ئەو بەڵێنانەی کە لە کاتی نزیك بوونەوەی دەنگدانەکانەوە ئەدرا تا چەند گشتگیر بوو وە ئایا بۆ ئێوەی نەگرتەوە؟
یاد عەلی: لە خۆیدا کۆکردنەوەی خەڵک لە پێش هەڵبژاردن وقسەی بریقەدار و وەعددان پێیان گاڵتە کردنە بە تاکی ئینسان، جا لە هەر لایەنێکەوە بێت، خۆ ئیتر خەڵک قسەکانیان لەبەر کردووە، پێش ئەوەی قسە بکەن ئەزانن

چی ئەڵێن دووبارە، دەهەزار فەرمانبەریان دامەزراند لەم دواییە، کەس نازانێ کێ بوون ولە کوێ دامەزران، ئێستاش دیسان بڕیاریان داوە چەند هەزارێکی دیکە دامەزرێنن، بەڵام ئایا لەم زروفە غەرق بووە لە گەندەڵی وواستە وواستەکاری، ئەبێ ئەو چەند هەزارانە تا چەند ببنە حەل!! ئەگەر بە عادیلانە کاریشی بۆ بکرێت، بۆ نمونە زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، لە (١٧) حەڤدە کۆلێژ پێکهاتووە، هەر کۆلێژەش چەندان بەشی هەیە، ئیتر هەموو ساڵێک ئەو هەموو خوێنکارە دەرئەچێت، بە تەنها لەیەک زانکۆ ئاوایە، ئەی چوار زانکۆکەی دیکە، ئەی ئەو هەموو پەیمانگایە، ئەی زانکۆ ئەهلیەکانی دیکە!!!، جگە لەمەش، ئەم قەیرانە درێژەی هەیە، خۆ ئەوە حاڵەتێک نیە تۆ بە بڕیارێکی سەرپێی چارەسەری بکەی، لەلایەکی دیکەوە تا ئێستاش کە دامەزراندن نیە لەبەر نەبوونی شوێن نیە، ئێمەی خەڵکی ئاسایی هەر یەکێکمان شارەزایی دامودەستگاکانی مەنتیقەی خۆمانین، ئیتر کێشەی کەمی بودجەش بوونی نیە، ئەی کە ئاوا نایکەن ئەو خۆی مانای خۆی هەیە، ئێستا زۆر بە ئاشکرا وبێ شەرم گوێت نەک هەر لە کەسی ئاسایی ئەبێت کە پێت ئەڵێن بڕۆ واستە بکە، بەڵکو زۆر جار گوێت لە کارمەندانی ناو دائیرەکانیش ئەبێت!! لێرەوە تێ ئەگەی بارودۆخەکانیان بە چ ئاراستەیەکدا بردووە.

پ٦/ئایا هەوڵی دامەزراندنتان لە پەیمانگاو زانکۆ ئەهلیەکان داوە؟ وە کاری ئەوان چۆن هەڵدەسەنگێنن لەبواری خزمەتگوزاری دامەزراندنەوە؟

یاد عەلی: زانکۆ ئەهلیەکان وکۆمپانیاکانی لای خۆمان زۆر فەرقیان نیە، چونکە هەردووکیان پارەی چاکیان پێ کۆئەکرێتەوە، ئیشەکەشیان راستەوخۆ پەیوەندی بە چینە راقیەکە یان حکومەتەوە هەیە، چینە راقیەکە وحکومەتیش لای ئێمە میزانیەکانیان بێ پێوەرە، زانکۆ ئەهلیەکان تایبەتن بە قەوم وقیلەی خۆیان، کوڕ وکچی کاربەدەستانی وڵات وتاجیرەکان، هەڵبەتە ئەگەر منیش

لەو چینە بووبام رەنگە هەوڵم بۆیان دابا!
پ٧/ هەندێك لەو کەسانەی کەوا پەیمانگاو زانکۆ تەواو دەکەن بزنزی تایبەتی خۆیان لە چوارچێوەی بڕوانامەکەی خۆیاندا دەکەنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە هەوڵی لەو جۆرەتان داوە؟
یاد عەلی: من خۆم فرسەتێکی وا لێرە نابینم، ئەگەر هەشبێت ئەوە بۆ هەندێک مەجالی زۆر موحەدەدە، وەکو بواری طبی وهەندەسی وتارادەیەکیش زانستەکانی کۆمپیوتەر، رەنگە دەسەڵات بە جۆرێکی دیکە باسی بواری کارکردن بکات لە هەرێم، بەڵام ئایا عیادەی لاکۆڵان، سەرتاشی، شاگردایەتی وەستا، چەکداری...هتد ئەبێ ئەمانە بە فرسەتی کارکردن دابندرێ؟!! جگە لەمانەش فرسەتەکان قۆرخ کراون، ئەگەر پرۆژەیەکی گەورەشت هەبێ ئەوە حەتمەن لە نیوەکەیدا پەشیمان ئەبیتەوە بەهۆی زۆری رۆتینات ودروست کردنی گێچەڵ.
پ٨/ لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا باس لە پێدانی مووچەیەکی دیاری کراو کرا لە لایەن حکوومەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان، تا چەند ئەمە کاری پێکراوەو کەلێنی ئێوەی پێ پڕ دەکرێتەوە؟
یاد عەلی: هەڵبەتە ئەم بڕیارە سەرەتا لە بەغدا دەرچوو، نازانم ئێستا چۆتە بواری جێ بەجێ کردن یان نە، پێش هەموو شت، تۆ سەیرکە دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لە بەناو حکومەتی کوردی، تا ئێستا بیریان لە شتێکی ئاوها نەکردۆتەوە، بەڵام ئەبێ ئێستا بکەونە ژێر کاریگەری بەغدا وئەوانیش بڕیارێکی لەم شێوەیە بدەن، ئەمانە هەمووی لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ئەم جۆرە بڕیارانە بەم ئاستەیان گاڵتەکردنێکی ئاشکرایە بە گەنج ودەرچوانی زانکۆ وپەیمانگاکان، ئەوەندە ساڵە خوێندن دوایش وەکو وتت بە سەد هەزار خانەنشینت ئەکەن! ئەمە سوکایەتی کردنە بە پرۆسەی خوێندن وخودی ماندووبوون وشەهادەکان، ئەم جۆرە بڕیارانە ئەوەندە ئومێدەی ماویشە ئەیکوژن، ئایا کام مەسئول هەیە

بەس پێڵاوەکەی لە پێیدایە بایی چەند وەرەقەیەک نەبێت!، لە کاتێکیدا زۆربەیان یان ئاستی خوێندەواری زۆر نزمە، یان شەهادەکەی تەزویرە، ئەم دووسێ قڕانە وەکو باقی بەناو یارمەتیەکانی ترە، بۆ نمونە سلفەی زەواج، کە یەک ملیۆنیان پێ ئەدای بە هەزار ویەک کاری رۆتینات، بڕیاری دروست ئەوەیە تۆ حسابی رۆژانە بکەی بۆ ئەو تاکە، جا ژیانێکی هاکەزایی زۆر سادە چەند مەسرەفی ئەوێ ئەوەندە مووچەی بۆ دیاری بکەی، بۆ زانیاریتان بودجەی پارساڵ، هەر تاکێکی هەرێم نزیکەی پێنج وەرەقە ونیو بەشی هەبوو بۆ هەر مانگێک، کە ئەکاتە نزیکەی (٦٥٠٠٠٠) شەش سەد وپەنجا هەزار، ئەمە بۆهەر تاکێک، ئەی کوا رێزی ئەو چەند ساڵ خوێندنە، کوا رێزی شەهادە؟!!! خۆ دەرچوانی دانەمەزراو یەکدوانێک نین تا حکومەت ئاوا خێریان پێ بکات، ئەمە بۆتە قەیران لە ئێراق وبەتایبەت لە هەرێم، باشە ئەیانەوێ بڵێن چی، بڵێن چی بکەن بەم سەد هەزارە!، بەڵام حەیف بۆ زۆرێک لە خەڵکی رۆشنبیر کە دایم سەبارەت بڕیارێکی وا ئەڵێن: باشە باش خۆ لە نەبوونی باشترە.

پ٩/ ئایا هەوڵی خوێندنی زیاترتان داوە دوای دەرچوونتان بۆ دەستکەوتنی بڕوانامەی بەرزتر؟ وە ئایا تا چەند بەدەم داواکاریەکانەوە بوون؟

یاد عەلی: خوێندنی ماستەر هەندێ شەرتوشروتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە نابێ کۆ نمرەی کۆلێژت لە (٦٤) نمرە کەمتر بێت، ئەمەش شمولی هەموو کەس ناکات، جگە لەمەش داهاتوو وژیانی ئێرە زۆربەی قەدەر وسودفەیە بۆ کەسی ئاسایی، بەدوای خەونێکتەوە رائەکەی، هەوڵی بۆ ئەدەی، دوایی لە ئاخیردا بە هۆکارێکی سادە وهەر بە قەدەرێکی لەناکاو مایەپوچ دەرئەچی، کاتێکی زۆریشت ئەبات، یەکێک لە خەونەکانم تا ئێستاش دووبارە گەڕانەوەیە بۆ خوێندن بۆ بەشێک کە بە ئارەزووی خۆم بێت، بەڵام بارودۆخەکان شتێکی دیکەن.

پ١٠/ ئەگەر شتێك ئێمە باسمان نەكردبێت و شایەنی باسكردن بێت لای ئێوە؟

دواكەوتوويمان، چەقبەستوويمان، هەتا ئەم گەندەڵیەش هەمووی لە سەپاندنی ئەقڵێكی دیكەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر لە باوكێكی دڵ وكەلەرەقەوە بگرە تا ئەگات بە سەرۆكێكی بێباكی وڵات، لێرەوە نەوەیەک پەروەردە ئەكرێت كە ئاساییە چاوەڕێی هەموو شتێک بكەیت لەسەر دەستیەوە، زیاتر لایەنی سلبی، چونكە تۆ كە خەونەكانت لە گۆڕنان، هیواكانت كوشتن، داتبڕی لە ئارەزووەكانی، خستە ناو چوارچێوەیەكی تەسكەوە، كۆمەڵێک یاسای بێ بنەماشت بۆ دانا وگاڵتەت پێی كرد، ئەوە زۆر ئاساییە رۆژێک لەرۆژان كەسێكی دڕندەی لێ دەرچێت، دوایی ئەگەر بۆشی هەڵنەكەوێ تۆڵەی خۆی لە بكەرەكە بكاتەوە ئەوا ناراستەوخۆ ئەبێتە دكتاتۆرێكی شاراوە بۆ دەوروبەرەكەی، تۆ بێنە پێش چاوت تەلەبە چۆن بە شەوقەوە، ساویلكانە بە هەموو كێشەكانەوە ئەڕوانێتە قۆناغەكانی زانكۆ، كاتێ لە پۆلی دوازدە دەرئەچێ نیمچە حەفلەیەک ئەكات، چوكلات وشیرینی دابەشی دەرودراوسی ئەكات، دوایی ئەچێ سەیر ئەكات ناوی نەگەڕاوەتەوە وبۆ ئەبەدی وەرنەگیراوە لە هیچ زانكۆ وپەیمانگایەک، هەر بۆ ئەم ساڵ لە ٦٢ بۆ ٥٠ كۆنمرە وەرنەئەگیرا، نزیكەی دەهەزار خوێندكار وەرنەگیرا، ئیدی ئەمە لە خۆیدا كوشتنی ئیرادەی ئەو جیلەیە، زۆربەی ئەوانەش كە دەرەجەكەیان كەمە كوڕ وكچی چینی خوارەوەن هەموویان فەقیرن، ناشتوانن بچنە كۆلێژەكانی ئێواران، هەیە ونیە چەكداریەكەیە دیسان ئەویش بۆ رەگەزی نێر وبە تەسكیەی یەكێتی یان پارتی!، ئاستی رۆشنبیری خەڵكیش ئەوە خۆی دێوەزمەیەكی دیكەیە، بۆ نمونە رۆژێک بۆیان ئەگێڕامەوە كە چۆن وەستا وشاگردەكان قۆشمەیان بە تازەكرێكارێكەوە كردبوو، كە كۆلێژی ئەندازیاری تەواو كردبوو، بەڵام دوایی بێ ئەمەل بووبوو لە دامەزراندن چووبوو

دەستی دابووە کرێکاری.
زۆر سوپاستان ئەکەم، هیوادارم سەرکەوتوو وبەختەوەربن...

زۆر سوپاس بۆ ئێوەش و هیواداریین وەڵامەکان دەستەڵاتداران بجوڵێنێت و ئەنجامی ئەرێنی لێ بکەوێتەوەو ئەم دەنگە وەك خۆی بگات
پرۆفایڵ
یاد علی عبدالله
لە دایك بووی ١٩٨٤ لە قەزای رانیە
دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین/بەشی کیمیا/٢٠٠٧
ساڵانێک لە ریزی رێکخراوەکانی (ئازادی لاوانی کوردستان، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) کاری کردووە.
ئێستاش بەگوێرەی کات بابەت بۆ هەریەک لە کوردستانپۆست وئیسلام پەیك وچەند سایتێکی دیکە دەنگوسێت.

# شاخەوان حەسەن:
# حەز دەکەم شەلەل لێم بدات نەمگەڕێننەوە بۆ کوردستان



ناردنەوەی کوردەکان لە وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ کوردستان نارەزایەکی زۆری لای کوردەکان دروست کردووەو هەردەم هاواری خۆیان بۆ سەرووی خۆیان دووپات دەکەنەوە، زۆرێك لە ڕێکخراوە مەدەنی و هەتا حوکمیەکانیش بەیاننامەیان زۆرجار لە دژی بە زۆر گەڕاندنەوە دەربڕیەوە, بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤیش هەندێك جار وەسف کراوە، لای کوردان ئەوە جێگیر بووە ئەگەر بێت و حوکوومەتی هەرێم ناڕەزابێت و کوردان وەرنەگرێتەوە ئەوا هیچ کات وڵاتانی ئەوروپا ناتوانن بەزۆر ڕەوانەیان بکەنەوە، گەرچی نەك نا ڕەزای بەڵکو زۆرجار باس لە ڕێکەوتنیش دەکرێت لە نێوان حکوومەتی هەرێم و وڵاتانی ئەوروپا بۆ ناردنەوە کوردەکان, هەربۆیە کوردان زۆر زیاتر تووڕەن بەرانبەر حکوومەتی هەرێم و سەفەرکردنیان بۆ وڵاتانی ئەوروپا ئەوانیان بە هۆکار زانیوەو ئێستەش هەر ئەوان دەبنە هۆکار بۆ گەڕانەوەیان، بۆیە دەبینین زۆرێك لەوانە کە

دەگەڕێنرێنەوە کوردستان کەسانێکی دەستەوسان و نا کارا لە کوردستان دەردەکەون, ئەویش بەهۆی ئەو تەنگژە دەرونیەی کە تێی کەوتوون, هەربۆیەش هەندێك جار پەنا بۆ خۆ کوشتن دەبەن.
لەم دوایەدا دەنگۆی ئەوە بڵاو بوویەوە کە ٧٠ کوردیان ڕەوانەی فڕۆکەخانەی سلێمانی کردووە لەلایەن بەریتانیاوەو لە سلێمانی وەرنەگیراون و کوردەکانیان دەیسان ڕەوانەی بەریتانیا کردووەتەوە. ئەمەش بوو بە مایەی خۆشحاڵی زۆرێك لە کوردانی بەریتانیاو وەسفی ئەو هەنگاوەیان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە ڕۆشتینە ناو گرتووخانەی ئۆکسفۆرد یەکێك لەو ٧٠ نەفەرە کە گوایە ڕەوانەی کوردستان کراوەو گەڕێندراوەتەوە لەوی دیتمان و ئەو هەواڵەی بە درۆ خستەوەو ووتی ئێمە هەر ئەسڵەن سواری تەیارەش نەبووین بە بیانوی ئەوەی تەیارەکە خراپ بووە, ئێمەش ووتوومانە بۆ جگە لەو تەیارە تەیارەی تر دەست نەکەوت، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی حەز بکەن بیان نێرنەوە بەڵکو بە پلان سەیری بڕیارەکەیان کردووە.
شاخەوان حەسەن یەکێك لەو کەسانەی کە لە گرتووخانەی ئۆکسفۆردەو چارەنووسی لە دوو ڕیانی ناردنەوەو ئازاد کردندایە، زۆر بە غەمباریەوە چیرۆکی خۆی بۆ گەڕاندینەوە دوای ئەوەی سەردانمان کرد لە بەرواری ١٢,٠٤,٢٠١٠ سەرەتا لە پرسگە هەندێك پرسیارمان کرد لە چارەنووسی ئەو کەسانەی کە و لە گرتووخانەدان ئێستە کە ژمارەیان ١١ کورد بوون، ئەوانیش هیچ وەڵامێکیان پێمان نەدا کە چیان بەسەر دەکەن تەنها ئەوەندەیان دەووت ئەوە شتێکە لە نیوان خۆیان و هۆم هۆفیسدایە ئێمە تەنها کارمەندین و خزمەتیان دەکەین لەم گرتووخانەدا کە باشترین گرتووخانەیە، لە میانەی چاوپێکەتنەکەمان لەگەڵ شاخەوان حەسندا لە گرتووخانەکە نا ڕازی نەبوو دەیووت هەموو شتمان هەیەو ڕۆژی سێ ژەم خواردنمان پێ دەدەن هەرچەند ڕازی نەبوو لە جۆرێتی و

کەمێتی خواردنەکە بەڵام دەیووت ئیتر سجنە چی بکەم.
بەڵام ئەوەی زۆر شاخەوان حەسەنی ئازار دەدا کەوا هیچ تاوانێکی نەکردووەو بۆ ئیمزا کردن ڕۆژشتووە بۆ بنکەی پۆلیسی سۆلیهۆڵ هەر بە گەشتنی بەوێ و خوێندنەوەی ژمارەی تکتەکەی دەستگیر کراوەو لە ژووریکی تاکە کەسیدا بۆ ماوەی شەش کاتژمێر هێڵراوەتەوەو دوای ڕەوانەی گرتووخانەی ئۆکسفۆرد کراوە، ئەوەی کە لەو گرتووخانە مولاحەزە دەکرێت بەناوی ناردنەوەوەیەو هەتا پۆلیسەکانیش دەیانووت ئەوەی دێتە ئێرە بۆ ناردنەوەیە بەڵام ئیتر ئەوە لە نێوان هۆم ئۆفیزو کەسەکەدایەو ئەوان زانیاریان نەدەدا.
شاخەوان حەسەن زۆر نیگەرانی ئەوە بوو کە بۆ بەبێ ڕەزامەندی خۆی و بەبێ هەبوونی هیچ تاوانێك بەم شێوەیە دەستگیریان کردووم و دەمنێرنەوە, بۆ دەبێت حکوومەتی ڕەزامەندی هەبێت لەم جۆرە ناردنانەوە، من بەرگەی ئەم نارەحەتیانە چون بگرم بەبێ تاوان دوای ٧ ساڵ مانەوە لە چاوەڕوانیدا ئێستە بەزۆر بۆ کوردستانم بنێرنەوەوە لەوێش خەڵکی بەچاوێکی ترەوە سەیرم بکات و بە تاوانباریشم بزانن! تاوانی من چی یە کە مۆڵەتی مانەوەم پێ نەدراوە لە کاتێکدا زۆرینەی هاوڕێکانم هەروەك من بوون و ئەوان ئێستە ڕەگەزنامەی بەریتانیاو مۆڵەتی مانەوەی هەمیشەییان پێ دراوە، لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیدا دەیووت حەز دەکەم شەلەل لیمبدات بەڵام نەمگەڕێننەوە کوردستان چونکە ناتوانم بەرگەی قسەی خەڵکی بگرم, لە کاتێکدا من بێ تاوانم و بەتاوانبارم بزانن، ئەگەرچی توانیوویەتی پارێزەرەکەی ببینێت بەڵام زۆر بڕوای بەوە نەبوو کە بتوانرێت کارێکی لەو ڕێگەوە بۆ بکرێت و تاوانەکەی دەگەڕاندەوە بۆ حکوومەتی هەرێم و دەیگووت ئەگەر ئەوان ڕەزامەندیان لەسەر نەبێت ئەگەر من پارێزەریشم نەبێت ئەوا نامنێرنەوە.
گەرچی ووڵات لە شەکر شیرنترە وەك ووتراوە، وە لەسەر هەموو هاوڵاتیانیەتی

کەوا هەوڵی پێشخستن و پێشکەوتنی بدەن بەڵام بە بڕوای زۆرێك لە کوردانی دەرەوە دەتوانن لە دەرەوە زیاتر دەستیان لەو یارمەتیەدا هەبێت وەك ئاشکرایە بەشێکی زۆری بوژانەوەی کوردستان بە دەستی کوردانی دەرەوە بوو بە تایبەت ئەوروپا کە بە کار کردن و شەونخونی توانیوویانە ئاگایان لە کەس و کاریان بێت و توانا مادیەکانیان لە کوردستاندا بخەنە گەڕ.

لە کۆتایدا هەر ئەوەندە دەڵێین بەناردنەوەی کوردان بۆ کوردستان بە زۆر لە بەرژەوەندی کوردستاندا نی یەو ئەوکەسەی کە بەزۆر دەنێردرێتەوە تێیدا هەیە خۆی دەکوژێت تێیدا هەیە جارێکی تر هەم دیسان ڕێگەی هات و نەهات دەگرێتەوەبەر، کە ئەویش زیانێکەو بە کوردستان دەگات چونکە ئەو پارەی کە لەو ڕێگەیەدا سەرف دەکرێتەوە گەر وا نەبێت لە بوژانەوەی کوردستان و یارمەتی دۆست و هەژاراندا سەرف دەکرێت، جگە لەوەی ئەو کەسانەی کە بەزۆر دەنێردرێنەوە تێیاندا هەیە لە ئەوروپا خەریکی خوێندن و پرۆژەی بەسودی بە دەستەوەیەو بە گرتنی لە پرۆژەکەی دادەبڕێت و بەمەش لە سودەکە دوا دەکەوێت.

تێبینی. ڕێگەیان پێ نەداین بەهیچ شێوەیەك وێنە لەناو گرتووخانەکەدا بگرین و هەتا موبایلەکەشمان لێ سەندرا تا گەڕاینەوە، بەڵام زیاتر لە ٣ کاتژمێرمان لە گرتووخانەی ئۆکفسۆرددا بەسەر برد.

# قیبلە: دەبێت مسوڵمانان لە ئەوروپا بە کردەوە جوانەکانیان سەرنجی خەڵك ڕابکێشن

شرۆڤە: فەرەنسا، ئەو ڕووداوانە کار بوون یان کاردانەوە؟ ئەگەر کاردانەوە بون کاردانەوەیەکی عەقڵانی بوو؟ دەرئەنجامە سیاسیەکانی چی ئەبیت و چ کاریگەرییەکی لەسەر موسلمانان لە ئەوروپا دەبیت؟ پیویستە موسلمانان چۆن کاروادانەوەیان هەبووایە لەسەر کاریکاتیرەکان و سوکایەتی یەکان کە بەرامبەر پیغەمبەر ص دەکریت؟

قیبلە: بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس بۆ گرنگیدانتان بە بۆچوونی بەندە لەمەڕ ئەو ڕووداوانە.

زۆر بە نادادگەری دەبینین گەر ئێمەش وەك میدیای ئەوروپی خێرا بڕیارەکان لەسەر مسوڵمانان یەکلا بکەینەوە، ناتوانین باوەڕ بەو ڕاستیە نەکەین کە دەوترێت ڕاگەیاندنی ئەوروپی ماسۆنیەت دەیجوڵێنێت و بە ئاراستەی بیری ئەواندا دەبرێت کە زۆر بە خێرای کار لەسەر ئیسلام و مسوڵمانان دەکەن... کاتێك کارێك یان کاردانەوەیەك کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە پێویستە کات بدرێت بە لێکۆڵینەوە لەسەری و هەڵوێستە لەسەر لیژنەکەش بکرێت...بەڵگەکانی پۆلیس و شایەتحاڵەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن...تەواوی بەڵگەکان پۆلێن بکرێن و توێژینەوەی لەسەر بکرێت، لە وڵاتانی ئەوروپا زانکۆکانیان بەشێکی تایبەت هەیە بەناوی کرمەنۆلۆجی ، بەشێك بە هەمان ناوەوە لەگەڵ دەزگای پۆلیسدا کار دەکەن و چەندین ئامێری پێشکەوتوویان هەیە بۆ دۆزینەوەی تاوانکارەکان، کەچی پێش بەکارهێنانیان ئێمە بڕیارەکان دەخوێنینەوە! زۆر هەڵەیە هەرکەس بە سیمایەکی ئیسلامیەوە کارێکی کرد بەسەر مسوڵمانان یان ئیسلامدا ساغی بکەیتەوە، ناکرێت هەرکەس بە ئاڵای وڵاتێك یان لایەنێك کارەساتێکی خولقاند

تەنها سەیری ئاڵاکە بکرێت! ئەوکات دەزگای ئەمنی و پۆلیس و گشت ئەو دەزگایانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کارەساتەکان لەلایەن وڵاتانەوە هەیە چ مانایەکی بۆ دەمێنێتەوە؟! بە بڕوای ئێمە فۆکۆسی ڕاگەیاندن بە وەرگرتنی تەنها سیما دیارەکانی ڕووداوەکان هەڵەیەکی گەورەیەو ناتوانرێت ئەو دەزگایانە بە پرۆفیشناڵ و سەربەخۆ ناوببرێن، زیاتر گومانەکان لەسەر ئەم ڕووداوە لەوەشدا زەق دەبێتەوە کە گومانلێکراوەکان بە کوشتن کۆتایی پێهات!

بۆ کوشتنیان گەر دەستێك لە پشت ونکردنی ئەو ڕووداوەوە نیە؟ بە کورتی و پوختی بڕیاردانی خێرای ڕاگەیاندن و هەتا دەزگا ئەمنیەکانیش لەسەر سیما دیارەکانی ڕووداوەکان دەرگایەکی گەورەی بۆ تاوانی گەورەو جۆربەجۆر کردووەتەوە! گەر کەسێك یان لایەنێك بیەوێت پشێویەك یان کارەساتێك دروست بکات و ئاراستە ڕاستەکەی بگۆڕێت ئەوا بە ڕیشێکی دروستکراو یان پەڕۆیەکی سەوز یان زەرد یان ڕەش دەتوانێت بیگۆڕێت.

سەرەڕای گشت گومانەکان و وەك ئەگەرو گریمانەیەك وای دابنێین ئەو چەند کەسەی کە ڕۆژنامەنووسەکانیان کوشت مسوڵمانن و هیچ دەستێکیان لە پشت نەبووە ئەوا بێگومان کاردانەوەیەکی شەخسیەو تەنها تایبەتە بەو چەند کەسەی کە کاردانەوەکەیان هەبووە.

بێگومان هەڵەیەو هەتا گەر یاسایی ئیسلامیس لەو وڵاتەدا جێبەجێ بکرێت بۆ ئالیەتی عقوباتە ئیسلامیەکان بەو شێوەیە نی یە، گومانیش لەوەدا نی یە دەبێتەوە هۆکاری ئەزیەتی زیاتری مسوڵمانان لەو وڵاتەداو لە تەواوی جیهانیشدا، ئەوەی من بە ئەزموون لە ئەوروپا بینیوومە کاردانەوەی لایەنە ئەمنیەکان و هەتا هاوڵاتیە ئەوروپیەکان لەسەر سیمای مسوڵمانیەتی یەکجار زۆرە، ئێمە ئێستە قسەمان لەسەر کاردانەوەی هەڵەی سێ گەنجە بەرانبەر هەڵەی ڕۆژنامەیەك، بەڵام کاردانەوەی لایەنە ئەمنیەکانی ئەو وڵاتەو

هاوڵاتیانیان یەکجار زۆرترە، بۆ نموونە ئێستە بە تایبەتی لەم کاتەداو وە بە گشتیش گەر بۆ سەفرەو خۆشی خۆشت ڕوو لە ئەوروپا بکەیت توشی ئەزیەت و پرسیارگەلێکی یەکجار زۆرو دەبیتەوە بە شێوەیەك خۆت وەك تاوانبارێك دێتە پێش چاو، ئافرەتێك تەنها لەبەر حیجابەکەی دوور نی یە هەرئاگای لەم ڕووداوانەش نەبووبێت و بکەوێتە بەر هێرشی ڕەگەزپەرستەکان لە کۆڵانێکدا، ئەوەبینیمان هەتا پێش ئەم ڕووداوە لە سویددا مزگەوت سوتێنرا! بەشێوەیەکی گشتی فەزایەکی وا دەخولقێنن مسوڵمانەکان مەحکومکردنیان بەبێ تاوان لا دروست ببێت، بە دووری ناگرم کاردانەوەی ئەوانیش هەم دیسان کاردانەوەی تری لێ نەکەوێتەوە! بەوە کۆتایی پێدەهێنین وەك وەڵامێکیش بۆ بەشی کۆتایی پرسیارەکەتان پێویستە مسوڵمانەکان زیاتر واقعی بن، یاسای ئیسلام لەو وڵاتانەدا حوکم ناکات، ئەوان کەمینەن و دەبێت بە ئەخلاق و کردارە جوانەکانیان سەرنجی هاوڵاتیان ڕابکێشن بۆلای خۆیان، بە کرداری نیشانی بدەن کە شەڕخوازنین و پەیامێکی گەورە لەژێر حیجاب و ڕیش و سیما ئیسلامیەکانیانەوە خۆشی حەشارداوە نەك ترس و توقاندن.

لەسەر ڕووداوی چاری ئیبدۆ ئەم دیدارە کراوە

## قورئان سوتێنەکان بسوتێنن

بەبیستنی سوتاندنی قورئانی پیرۆز لە لایەن چەند کوردێکی دانیشتووی نەرویجەوە زۆرم بەلاوە سەیربوو، نەم دەتوانی باوەڕ بەخۆم بکەم کە کەسێك هەبێت و بزانێت قورئان چی یەو لەو جۆرە کارە بکات، زۆر کوردی خوێڕیم لە ئەوروپا بینووە کە بەلایەوە ئاسای بووە ئەرکە دینیەکان بەجێ نەهێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا زینا بکات، مەشروب بخواتەوە، درۆبکات، دزی بکات، بەڵام زۆر زۆر

دەگمەنە کەسێك دەست بکەوێت گۆشتی بەراز بخوات، لەوە زۆر دەگمەنترە کە سوکایەتی بە ئاین بکات گەرچی خۆشی هیچ ئەرکێکی جێ بەجێ نەکات، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز باوەڕم نەکردووە کوردێك کە باکگراوندی مسوڵمان بێت و لە وولاتی مسوڵماندا ژیا بێت و ئێستەش لە ئەوروپا بێت و بزانێت کە دین بە دینە دەستکردە دونیایەکانیشەوە کە لە ئەوروپا ڕێز لە هەموویان دەگیرێت کەسێکی وا گەمژەو تێ نەگەشتوو بێ سەلیقەو چاونەترس هەبێت کارێکی لەو شێوەیە بکات و دانیشی پێدا بنێت کە کردوویەتی واتە بە نەزانی نەبووە، لەبەرئەوە بەبڕوای من تەنها پاداشت بۆ ئەو جۆرە کەسانە هەمان کاری خۆیانە کە بەرانبەر قورئانەکەیان کردووە.

لە وولاتانی ئەوروپا کە زۆر داکۆکی لە پێکەوە ژیان دەکەن کەسانێکی بێ ئەدەب بە نەتەوەکەی خۆی و گشت مسوڵمانان بە کردەوە ڕەوشی پێکەوە ژیان بشێوێنێت، لەبەر ئەوە جێگەی خۆیەتی گشت کوردانی ئەوروپاو مسوڵمانان دەنگیان یەك خەن بۆ سزادان و لەناو بردنی ئەو کەسانەی کەوا پێکەوە ژیان دەشێوێنێت.

## کاریگەری مسوڵمانان لەسەر ئەوروپیەکان

کاتێك سەیری مێژووی ئەوروپا دەکەین دەبینین ڕێژەی مسوڵمان تیایاندا هەر نەبوو وە یان ئەوەندە کەم بوو لەهیچ لایەکەوە دیاردەیان نەدەبینرا. بەڵام هۆێ کۆچکردنی زۆرێك لە مسوڵمانان لە وولاتە ئیسلامیەکانەوە بەرەو ئەوروپا ئێستا ئەودیاردەیە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبینرێت لە زۆر وڵاتی ئەوروپی مسوڵمانان ڕێژەیەکی بەرچاو و وە دانپێدانراون لەلایەن دەوڵەتیشەوە، زۆرێك لە شارەکان ئێستا مزگەوتی تیدایەو وە هەر بەرەو زیاتریش دەڕوات. هۆی بونی

ئەو مسوڵمانانە لە وڵاتە ئەوروپپیەکاندا بوەتە مایەی دروست بوونی پرسیار لە لایەن زۆرێك لە ئەوروپپیەکانەوە، وای لە زۆرێك کردووە کە بڕۆن دیراسەتی ئیسلام بکەن تێبگەن لە ئاینی ئیسلام، هەروەها تێکەڵاوی زۆرێك لەو مسوڵمانانە لەگەڵ ئەوروپپیەکاندا بووەتە هۆی کاریگەری لەسەریان کە بێنە ناو ئیسلامەوە. هەرچەند هۆکاری تریش هەن ...

هەرچەند زۆرێکیش لە مسوڵمانان بوونیان لە ئەوروپادا بەشێوەیەکی سلبی دەبینن، بە هۆێ کاریگەری ئەوروپپیەکانیش هەروەها لە سەر ڕەفتاری هەندێك لە مسوڵمانان ! بەڵام سوپاس بۆ خوا دەگمەن و زۆر نامۆیە ئەگەر ببیستین یەکێك لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە وە زۆر جار هەر دیعایەیە، بەڵام بوونی خەڵك بە مسوڵمان زۆر ئاسایی یەو وە زۆرێکمان بە چاوی خۆمان بینیومانە، زۆر جار بەکۆمەڵ ئەو ئیعلانانە دەکەن لە مزگەوتەکاندا و وە ئاهەنگیان بۆ دەگێڕێت و وە بەشێوەیەکی ئاشکراو بەدەنگی بەرز شەهادەت دەهێنن. زۆر شانازیشی پێوە دەکەن وەکو لەزمانی خۆیانەوە گوێمان لێ دەبێت هەتا زۆربەیان ناوی خۆشیان دەگۆڕن بەناوی ئیسلامی کەچی لە هەندێك لە وڵاتانی ئیسلامی وای لێهاتووە ئەو ناوانە نامۆ بن! زۆربەی ئەوانەی کە دێنە ناو ئیسلامەوە زۆر بە پەرۆش تر دەبینرێن تا ئەوانەی کە هەر لە سەرەتاوە مسوڵمان بوون، پەنا بۆ خوێندنی شەرعی دەبەن لە زۆرێك لە زانکۆکاندا ئەوانەی کە بەشی شەریعە وە یان دیراساتی ئیسلامی تیادایە لەو کەسانە دەبینرێت.لە کۆتایدا دەڵێین کەسانێك کە تازە دێنە ناو ئیسلامەوە ئاوا بەو شێوە دڵ خۆش و شانازی دەکەن بە ئیسلامەکەوە، دەبێت ئێمە زیاتر دڵ خۆش بین و شانازی پێوە بکەین نەك شەرم بکەین! پێویستە هەردەم و پڕ بە دەم و زۆر بە شانازیەوە بڵێین ئێمە مسوڵمانین و شوین کەوتەی قورئانین

# ڤاتیکان شەکەرێکی تری شکاند

زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ زۆرشت لنگاو قوچ بووەتەوە، دەبینین زۆرجار سەرۆکێك ڕەفتاری منداڵانە وەیان گەنجانە دەنوێنێت لەوانەیە هەقی گلەیشی نەبێت ئەوە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە لەناخیدایە، بەڵام ئیتر هەرچۆنێك!بێت ئەو مەنسەبەی پێبەخشراوە!؟ زۆر جار دەبینین ڕەفتاری وا لە جۆرە کەسانێك بەدەر دەکەوێت شایەنی خەڵاتێکی زۆر گەورەیە بەڵام کەس بایەخیشی پێنادات،دەتوانین بڵێین زۆر لە کارەکانی ئەمڕۆ وایە، ئەوەش یەکێکە لە نیشانەکانی دوا ڕۆژ وەك لەوەڵامی پرسیارێکدا پێغەمبەرمان درودو سەلامی خوای لێ بێت فەرمووی ( إذا أسند الأمر إلى غير أهله فانتظر الساعة) رواه البخاري

واتە ئەگەر کەسانێك دانران لە غەیری جێگەی خۆیان چاوەڕوانی دوا ڕۆژ بە. نامانەوێت زۆر لەسەر باسەکە بڕۆین تەنها مەبەست لەم نوسینە قسەکەی پاپای ڤاتیکانە کە ڕەتی دەکاتەوە قورئان کەلامی خوای گەورە بێت. ئەم باسە دەتوانین بڵێین چەندەها کتێب هەڵدەگرێت نەك تەنها یەك کتێب، بەڵام ئێمە تەنها ئەوە دەڵێین پاپا ئەمە یەکەم قسەی نیە لەبارەی قورئان و ئیسلامەوە دەیکات، هەر ساڵەو جۆرێك لەم قسانە دەکات و وە دوایش پەشیمان دەبێتەوە، ئێمە تەنها ئەوەندە دەڵێین ئەگەر تەنها جارێکیش قورئانی خوێندبێتەوە ئەو قسەی نەدەکرد، وە ئەگەر قورئان کەلامی خوا نەبوایە و وەخۆی بڕیاری پاراستنی نەدایە ئێستا تەنها ووشەیەکیشی وەك خۆی نەما بوو. هەروەك بەسەر ئینجیلدا هاتووە هەر جارەو بەرگێك دەردەچێت وەهەریەکەو بەجۆرێك. وەك وابێ پاپا تا ئێستا چەند قورئانێکی دانابێت ئاوا قسەدەکات، ئەو هەموو هەوڵ و تێگۆشان و دژایەتیەی کە کرا بەرانبەر قورئان هەر لەسەردەمی پێغەمبەرمان درودو سەلامی خوای لێ بێت لەلایەن شاعیران و خەڵکەوە هەتا

ئێستا هەموو پوچەڵ بووەوە ئێستا پاپا دەیەوێت تەحەدای قورئان بکات!! ئەی جارێك پێش ئەوەی ئەو قسە بکەی سورەتێك وەیان چەند ئایەتێك دابنێ وەك قورئان خۆی تەحەدای پێدەکات بەرانبەر هەموو مرۆڤایەتی، ئینجا بێ و بڵێ قورئان کەلامی خوای گەورە نیە، بەڵام زۆر زۆر ئاشکرایە ئەو جۆرە قسانە نەك لەسەر بنەمای زانیاری نەکراوە، بەڵکو سادەی و بێ زانیارو ڕقو قینی خۆی دەسەلمێنێ بەرانبەر ئیسلام و مسوڵمانان،ئەگینا وەڵامەکەی ئاشکرایە.

## گرانی و هەرزانی خوای بوزیەکان

پێش نزیکی حەوت ساڵ لە کاریگەیەك کارم دەکرد، سروشتی کارەکەم وابوو لەسەر کورسیەك دانیشتبووم تەبەقی پلاستیکی شیرنی چوکلات بە دەزگایەکدا بە بەردەممدا بە بەتاڵی دەڕۆشت، دوای ئەوەی بە ئامێرێك شیرینیەکانی هەڵدەگیرا، ئەو تەبەقە بەتاڵانە جار هەبوو ئامێرەکە بە باشی هەموو شیرنیەکە کە لە شێوەی هێلکەدا بوو هەڵی نەدەگرت، منیش ئەوەی کە لە تەبەقەکەدا دەمایەوە هەڵم دەگرت و لەبەردەممدا سەتڵێکی گەورە کە عەلاگەی گەورەی بەبەردا کرابوو دەمخستە ناویەوە، جار هەبوو ئامێرەکە خراپ دەبوو تەبەقەکان بە پڕی هەمووی دەهاتن ئەوسا دەبوو منیش هۆڕینی هۆشیاری لێ بدەم و وەستاکانی کارگەکە بهاتایەن و چاکیان بکردایەتەوە، چونکە ئەو تەبەقانە دەبوو هەموو بەخاڵی بەبەردەمی مندا تێپەڕێت، لەبەر ئەوەی دوای من هەم دیسان شیرینی تری تێ دەکرایەوە، جا ئەگەر تەنها یەك قاڵبی دانەیەك شیرینی تێدا بمایەتەوە کە شیرینی تری بەسەردا دەکرا ئەوسا جگە لەوەی شیرینیەکە خەسار دەبوو کاریگەری لەسەر دەزگاکانیش هەبوو، بە تایبەت دوای ئەوە بەرگی ئەلەمنیۆنی بەسەردا دەکرا بەهۆی تێك چونی

قەبارەکەیەوە ڕێك نەدەکەوت.
ئەم ئیشەی من لەگەڵ کوڕێکی ئەفغانیدا بوو کە شیعە مەزهەب بوو پێکەوە دەمانکردوو لە ئیسراحەتەکانیشدا بە نۆرە دەمانکرد، کوڕە شیعەکە کوڕێکی لەسەرخۆو خۆش دەمەتەقە بوو هەستم دەکرد حەزی لە نزیك بوونەوە هەیە لێم، منیش قسەی خۆشم زۆر بۆ دەکرد بە کوردیەکەی پێکەوە گونجاو بووین، مانگی ڕەمەزان هات ئەو هەموو ڕۆژێك ١٥ خولەك دوای من ڕۆژووی دەشکاند دەیووت ئێمە لە ئەفغانستان هەروا دەکەین و شیعە درەنگتر دەیشکێنن، ئەمەیان بۆمن لەو کاتەدا باش بوو من زووتر نانم دەخوارد، ئیتر بەهۆی ئەوەوە زۆر زۆر گفتوگۆی دینی دەکەوتە بەینمان زۆر دەردی سەری خۆیانی باس دەکرد بەسەر ئاخونە شیعەکانەوە کە چۆن پێنج یەکیان لێ وەردەگرن ساڵانە، سوێندی دەخوارد دەیگوت باوکم و باوام ساڵی وا هەبوو بەزۆر نەك جارێك چەندەها جار پێنج یەکیان لێ وەرگرتووە تا وای لێهاتووە ماڵەکەیان بە تالانی بردووەو ئەوانیش هەڵ هاتوون ئەمە لەناو شیعەکاندا، منیش دەمووت ئەوەتە کاکە سونەکان چاکن ئەویش دەیووت والله من مەلا عومەر خەیلێ خۆشدارم، ئەڵبەت من نە مەلا عومەری خۆیان، بە کورتیەکەی گفتوگۆی دینی لە نێوانماندا هەبوو، سودمان لە یەکتر وەردەگرت، ڕۆژێك بەرپرسی بەشێکی تری کارگەکە هات بۆلای من و ووتی ئەمڕۆ پێویستمان بە کەسێکە یارمەتیمان بدات، تەنها بۆ ئەمڕۆ، دەزانم کارەکەی تۆ ئاسانەو ئەوەی ئێمە لەم کارە گرانترە، بەڵام گەر یارمەتیمان بدەیت تەنها ئەمڕۆیە کەسێکمان نەهاتووە، بەرپرسی بەشەکەی تۆش ڕازیە بەم کارە، منیش ووتم ئاساییە، کە ڕۆشتم ئیشی ئەو ڕۆژەم لەگەڵ ئافرەتێکدا بوو قاڵبی بەتاڵ دەهاتە بەردەممان و ووردە چوکلاتی پێوە مابوو ئێمەش دەمان تەکاند، بۆ بەکارهێنانەوەی جارێکی تر، لەگەڵ ئیش کرندا گفتوگۆیەك کەوتە نێوانمان و یەکترناسینی سەرەتایی و ئەو شتانە، من

پرسیارێکم لێکرد ئەویش دەستی بەرزەوەکرد بەشێوەیەك بڵێ بوەستەو قسە مەکە، منیش بێ دەنگ بووم دوای نزیکی ٢ خولەك کەوتەوە قسەکردن و داوای لێبوردنی کرد لەوەی ڕایگرتم کە لەبەر ئەوە بووە نوێژی کردووە لەوکاتەدا، زۆر باسی خۆی کرد کە کەسێکی قومار چی یەو چی پەیدا دەکات لەو کارگەیەدا سەری حەفتە هەمووی دەدۆڕێنێت لەگەڵ هەندێك پارەی تر کە لە مێردەکەی وەری دەگرێت، بەهەرحاڵ گفتوگۆی دینی لەوەوە دەستی پێکرد من کەوتمە پرسیار کردن لێی بەم شێوەیە:

تۆ چ دینێکت هەیە؟

ئافرەتەکە: بوزی.

چەند خواتان هەیە؟

ئافرەتەکە: دوای هەندێك بیرکردنەوە، نازانم زۆر؟

ئەی خۆت چەند خوات هەیە لە ماڵەوە؟

ئافرەتەکە: دوای هەندێك بیرکردنەوە کە وا دەهاتە پێش چاوم لە دڵی خۆیدا بڵێ دانەیەك لەسەر سەلاجەکە، دوان بەملاو لای تەلەفزیۆنەکەوە، دانەیەك لەسەر مێزی تەوالێتی میکیاجەکە، دوان لە ژووری خەوتنەکە، دانەیەك بە ئەمانەت لای فڵانە کەس، ئیتر بەو شێوەیە، دوای بیرکردنەوەکە ووتی خۆشم زۆرم هەیە هەر نازانم.

دەی باشە سبەی خوایەکی خۆتم بۆ بهێنە.

ئافرەتەکە: باشە بەڵێن بێت سبەی خوایەکی خۆمت بە دیاری بۆ بهێنم.

سبەی هاتەوە هەرچەند من گەڕابوومەوە بۆ جێگەکەی خۆم بەڵام دەمتوانی سەری لێ بدەم و لە ڕێگەی ڕۆشتن بۆ ئیسراحەتەکانیش زۆرجارم پێم دەگەشت، پێی گەشتم و ووتم کوا خوات بۆ هێنام؟

ئافرەتەکە: نا ئەو خوایانەی کە لە ماڵەوە هەمن هەمووی خوای چاك چاکن و بۆ

خۆم دامناون و حەزناکەم لەناویان بدەم!
بۆ خواکان چاك و خراپی هەیە؟
ئافرەتەکە: بێگومان خوا تا خوایە خوای وا هەیە زۆر بەکەڵك و باشەو هی واش هەیە هەر ناوی خوایە!
ئەی گرانی و هەرزانی؟
ئافرەتەکە: جێگە تا جێگە کەوتووە من لە تایلەند ساڵانە زۆر خوا دەکڕم بە هەرزان و لێرە زۆری بە دیاری دەبەخشم بە هاوڕێکانم، جێگەی وا هەیە خواکانیان زۆر بە موناسب دەفرۆشن، جێگەی واش هەیە زۆر گرانە، ئەڵبەت بە جوملەش بیانکڕیت هەرزانتر دەکەوێت، وە مادەکەش جیاوازی دروست دەکات بۆ نموونە خوای وا هەیە لە قوڕ دروست دەکرێت ئەوە بێگومان هەرزانە، هی وا هەیە لە مس و ئاڵتون و زیو دروست دەکرێت ئەوە گرانترە، وە قورسی و قەبارەش هەر پەیوەستە بە نرخەکەیەوە، کەسی واش هەیە بە زەمیرە بە موناسب دەیفرۆشێت هی واش هەیە زۆر گرانجانە.
باشە تۆ بەڵێنت پێدام خوایەکی خۆتم بۆ بهێنیت! بەڵام ئێستە بەڵێنەکەت نەبردە سەر!
ئافرەتەکە: دەی باششە سبەی دانەیەکت بۆدەهێنم.
سبەی ئا کوا خوات بۆ هێنام؟
ئافرەتەکە: بەڵێ، دەستی کرد بە باخەڵیداو لایلۆنێکی لە شێوەی ئەو لایلۆنانەی کە لای خۆمان حەبی تێ دەکەن کە سەرەکەی وەك لەزگە پێکەوە دەنوسێ شتێکی تێدا بوو وەك قەباخی ئەڵقەی دەست، دەری هێنا قەباخەکە دەکرایەوە لەناویدا پەیکەرێکی بچوکی لە شێوەی ئافرەتێك کە بە داینشتنەوە نوێژ بکات وابوو، پێی دام و ووتی تکا دەکەم مەیخەرە باخەڵی دواوەت چونکە ئەمە خوایەو ئیتر باش نی یە بۆ باخەڵی دواوە بیخە باخەڵی پێشەوە قەمیسەکەت

یان پاڵتۆکەت، ووتی ئەگەر لە بەر تۆ نەبوایە ئەم خوایەم هەرگیز لەناو نەدەدا چونکە ئەم خوایە یەکێکە لە خوا زۆر چاکەکان و بۆ خۆمم دانابوو کەسی تریش داوای لێکردبووم حەیفم لێ دەهات لەناوی ببەم.
منیش باشە ئەم خوایە زۆر بچوك و لاوازە خۆ تۆزێك دەستی لەسەر توند بکەم دەشکێت!
ئافرەتەکە: ئەگەر بێت و لە تایلەند بیت و بیشکێنیت پۆلیس دەتگرێت.
لەم گفتوگۆیەدا بووین کوڕێك زۆر بە دیقەتەوە گوێی بۆ گرتبووین و حەپەسابوو کە ئێمە بەم شێوەیە بەبێ پێکەنین ئاخاوتن دەکەین، تەواو بووین ئەویش دەستی کرد بە قاقای پێکەنین و بەرز دەبوویەوە بۆ ئاسمان و بەڕانی خۆیەوە دەکێشا بەرەو ڕووی من هات و وەك ئەوەی سەرسوڕمانی خۆی نیشان بدات لە ژێری ئەو ئافرەتە کە بە قەناعەتەوە لەسەر ئەو شتە قسە دەکات، وە پێی ووتم ئەوەی ئەو ئافرەتە دەیڵێ شتێکی مەنتیقی نی یە لەگەڵ ژیریدا یەك ناگرێتەوە، منیش ووتم باشە ئەی تۆ چ دینێکت هەیە؟ ووتی من بە حساب مەسیحیم بەڵام لە ژیانمدا نەچوومەتە کەنیسەوە.
ئەمە ئەو دینەیە لە میانمار بۆرما ئێستە مسوڵمانەکانی لەپێناودا دەکوژن، ئەمە ئەو خوایەیە ئەوان هەیانەو شانازی پێکەوە دەکەن کە لە عەلوەکە هەرزانترە تا لەناو بازاڕ، ئەمە ئەو دینەیە کە مرۆڤی لە دونیادا بۆ دەخەنە جەهەنم و دەیسوتێنن، ئەمە ئەو دینەیە کە هیچ مافێکی سەرەتای بە کۆمەڵێك مسوڵمان نادات کە لەسەر یەك خاکن و هی باو باپیرانیانە، ئەمە ئەو دینەیە من گاڵتەی پێ ناکەم بەڵام خۆی جێگەی گاڵتەیە، ئەمە ئەو دینەیە بەلای ئەمەریکاو ووڵاتانی جیهانەوە جێگەی ڕێزەو ئەوە دینەکەی ئێمەشە لایان تیرۆرو بڤەیە، ئەوە خواکانی ئەوانەوە خوای ئێمەش ئاشکرایە.
ئەوە ئەوان و ئەمەش ئێمە..............................!!!!!!!!!!!!

# نامەیەك بۆ نوسەران

نوسین کارێکی ئاسان نیە ئەگەر بێت و نوسەرەکەی هەقی تەواوی خۆی پێ بدات. لیرەدا پرسیارێك دروست دەبێت، هەقی پێدانی نوسین دەبێت چ بێ، بێگومان نوسین وەك هەر کارێکی تر کۆمەڵێك هەقی خۆی هەیە دەبێت نوسەرەکەی ڕەچاوی بکات وە گەرنا نەکردنی باشترە. ئەو شتانەی کە دەبێت نوسەر ڕەچاویان بکات لە نوسینەکەیدا دەتوانین بەکورتی ئاماژەیان پێ بکەین. ڕاست گۆیی لە نووسیندا چونکە ئەگەر درۆ بوو وەرگیراو نابێت هەر کاتێك دەرکەوت هەم نوسینەکەو هەم نوسەرەکە میسداقیەتیان نامێنێت لای خوێنەر، وە بە درۆزن لەقەڵەم دەدرێت چونکە درۆ مەرج نیە هەر بە گفتار بێت، ئەم ڕاست گۆییە مەرج نیە هەر نوسینەکە ڕاست بێت دەبێت لەسەر چاوەیەکی ڕاست و دروستەوە وەرگیرا بێت چونکە زۆر جار نوسەر ئەوەی دەینوسێت ڕاستە نوسینەکەی بەڵام لەسەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە ئەو ڕاست نیە جا دەبێت نوسەر پێش ئەوەی نوسینەکەی بڵاو بکاتەوە ئەگەر هەواڵە دەبێت لێی بکۆڵێتەوە بەتایبەت ئەگەر سەرچاوەکە ناسراو نەبوو، گەرنا بە ئاشکرا بوونی هەردوولا تاوانبار دەبن، ئەگەر نوسینەکە لەشوێنێکی ترەوە وەرگیرا بوو دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت زۆر جار دەبێت ئیزنیش وەرگیراو بێت پێش بڵاو کردنەوەی بەتایبەت ئەو نوسینانەی کە مافی پارێزاوە وە گەر نا دەچێتە قاڵبی دزییەوە وە بەئاشکرا بوونی هەم تاوانبار دەبێت وە دەتوانرێت ڕوو بەڕوی کێشەی یاسایش بکرێت جگە لەوەی لای خوێنەر هیچ ئەرزشی نامێنی بۆ نمونە مەروان هەڵەبجەی ئەو کتێبەی کە بەچاپی گەیان هەم ئیزنی وەرنەگرتبوو وە هەروەها نوسینەکەش هی خۆی نەبوو، خۆ ئەگەر ئیزنی وەر بگرتایەو ئاماژەی بە نوسەرە ئەسڵیەکەی بکردایە ئەو کاتە ئەو دەوری وەرگێرێکی دەبینی و وەئەو کاتە بەم شێوەیەی لێ

نەدەهات، هەرچەند زۆر کەس دەڵی ئەو تەنها ئامانجێکی هەبوو کە بەهۆی ئەو کارەوە بگات بە ئەوروپا !!! بەڵام ئایا ئەو ئامانجە ئەوە دەهێنی ئینسان بەو شێوەیە بکات بە خۆی !!! بەهەزاران کەس گەشتنە ئەوروپاو نەمان بیست کەسێك کارێکی وای کردبێت لەبەر ئەو ئامانجە؟؟؟. وە ئەگەر نوسینەکە دینی بوو ئایەت و فەرموودەی تیابوو ئامەژە بەڕەقەم و سەرچاوەکەی بکرێت. ئەگەر فیکرەکە هی خۆی نەبوو هەروەها دەبیت ئاماژەی پێ بکات. ئەگەر دەقێکی کەسێکی ترت خستە ناو نوسینەکەوە دەبیت بکرێتە ناو کەوانەوەو ئاماژە بەسەرچاوەکە بکەیت. باشترین سەرچاوە تا ئێستا بینیبێتم لەسەر نوسین ئەم دوو کتێبەی لای خوارەوەیە بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن دەستیان بخەت زۆر بە تێرو تەسەل باس لە نوسین و چۆنێتی نوسین دەکەن یەکێکیان عەرەبیە وە یەکێکیان ئینگلیزیە. وە زۆر گرنگە نوسەر یەکێك لەو کتێبانە وە یان هاوشێوەیان بخوێنێتەوە بەتایبەتی ئەگەر ویستی کتێب وە یان بەحسێکی درێژ بنوسێت-١ (المنهج الحديث للبحث في العلوم الاءنسانية) تأليف فاروق السامرائي.

٢- MHRA STYLE GUIDE, ISBN ٠٩٤٧٦٢٣٦٢٠

ئەو دوو کتێبە زۆر بەسودە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت نامەی ماجیستێر وەیان دکتۆرا بنوسن.

لەبەر فراوانی تەکنەلۆژیاو نەبوونی سانسۆر یان کەمبوونی وایکردووە زۆرکەس دەستبداتە قەڵەم و حقدو قینی خۆی بەسەر ئیسلامدا بڕێژێت بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەو بنەما زانستیانەی نووسین بێت

# قیبلە: زۆرێك لەو كوردانەی لە دەرەوە كار دەكەن مەرج نی یە كارەكانیان بۆ كورد نەبێت

زۆرن ئەو كوردانەی لەناو زانست و تەكنەلۆژیای ئەوروپادا دەژین، كەمن ئەوانەی سوودیان لەو زانست و تەكنەلۆژیا وەرگرتووە، كەمترن ئەوانەی بە تەواوەتی واز لە ژیان و ڕەفاهیەتی ئەوروپا بهێنن و بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و خزمەت بە هاوزمانانی خۆیان بكەن، خاوەن پرۆژەی قیبلە خاوەن چەندەها بڕوانامەی جیا جیاو لەسەروی هەموویانەوە بڕوانامەی ماستەر لە زمان و مامۆستای ئینگلیزدا، دوای گەڕانەوەی بۆ كوردستان و دەست بەكاربوونی وەك مامۆستا ووردەكاری ژیانی ئەوروپاو كوردستان و خزمەتگوزاریەكانی هەردووولاو مانەوەی كوردانی ئەوروپاو نەگەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان لەم چاوپێكەوتنەدا باس دەكات.

ڕێگا: بۆ زۆربەی كوردانی ئەوروپا سوودیان لە زانست و تەكنەلۆژیای ئەوروپا نەبینیووە؟

قیبلە: وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێتی ژیانی ئەو كوردانە لەسەرەتای ژیانیانەوە، كە لە وڵاتێكدا ژیاون زانست و تەكنەلۆژیا نەبووەتە ڕۆڵێكی گرنگ لە بەرەو پێشچوونی كۆمەڵگەدا، وەیان پێوەرەكان لەسەر بنەمای زانست نەبووە، وڵاتێكی قەیراناوی كە جگە لە دەنگی فیشەك و ململانێی نەخوازراوی حیزبی و ئیشكردن لەسەر بیركردنەوەی كۆمەڵگە، كە ئەمانە خەڵكی پێی دەژی نەك زانست، زۆرێك وا بیردەكاتەوە لە ئەوروپاو دەڵێ من بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ناچاری ژێرباری حیزبێك نەبم كارێك دەكەم پێویستم بەو نەبێت، لەبیرمە مامۆستایەكی هاوڕێم كە دەرچووی بایەلۆجی بوو لە زانكۆی سەلاحەدین دوای ئەوەی لە بەریتانیا نیشتەجی بوو لەسەرەتاوە گرنگی بە زانستەكانی كۆمپیوتەر دەداو لەو بوارەدا دەیخوێند، دواتر گرنگیەكی

زۆری بە خولی ئاسنگەری و دارتاشی دەدا، منیش زۆر بە سەرسوڕمانەوە لێم پرسی مامۆستا گیان ئەمە تۆ چ کارێکە دەیکەیت؟ بایەلۆجی و کۆمپیوتەر لە کوێی و ئاسن و دار لە کوێ؟! ئەویش ووتی: من خۆم چاك دەزانم چ دەکەم، لە ئایندەدا من هەر دەگەڕێمەو کوردستان داوای دامەزراندن دەکەم ئەگەر داوای ئینتیمای حیزبی و ئەو شتانەم لێکرا خولی کۆمپیوتەر دەکەمەوە ئەگەر لەوەش ڕێگریان لێکردم خەریکی ئاسنگەری یان دارتاشی دەبم. لەبەر ئەوە زانست وەك خودی خۆی بە تەنها نەبووەتە ڕێگەیەك بۆ خۆشکردنی ژیان و گوزەران و کارەکان لەسەر بنەمای تر بنیات دەنرێن، هەربۆیە من وای دەبینم ئەو باکگراوندوو کارکردنە کە لە کوردستاندا هەیە کاریگەری لەسەر کوردانی هەندارن کردووە لەوەی سوودلە زانست و تەکنەلۆژیا نەبینن.

ڕێگا: کەسانێك زۆر بە تواناو ئەکادیمی کوردیش لە هەندەران کار دەکەن لە زانکۆو پەیمانگاو ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیریەکاندا، ئەگەر پرسیارەکە بەم شێوەیە سیاغە بکەین و بڵێین بۆ ئەو کەسانە ناگەڕێنەوە کوردستان و هەوڵەکانیان لێرە ناخەنە گەڕ؟

قیبلە: زۆرێك لەو کەسانە کە لە دەرەوە خزمەت دەکەن مەرج نی یە هەموو هەوڵەکانیان بۆ کورد نەبوو بێت، لە دەرەوەش ڕەوەندی کوردی زۆرن و ئەوانیش پێویستە کاریان لەسەر بکرێت و ئەو کەسانەش کاریگەری ئەرێنیان لەسەریان هەبووە، ئێستە دەبینین چەندەها ڕێکخراوی جۆر بەجۆر هەیە بۆ هۆشیار کردنەوەی ڕەوەندی کوردی و سوود وەرگرتن لە لایەنە باشەکانی ئەورووپا، لە لایەکی تریشەوە زۆریشن ئەو کەسانەی کە بە هەستێکی بەرزی نیشتمانیەوە دێنەوە کوردستان بۆ خزمەت کردن و ڕیگریان لێ دەکرێت و بیانوی جۆر بەجۆریان بۆ دەدۆزرێتەوەو ناچار دەکرێن بگەڕینەوە.

ڕێگا: دەوترێت ئەوانەی لە ئەوروپان و خاوەن بڕوانامەن بۆ بەهێزی کەسایەتی

**خۆیان و خۆشی ژیانیان نایەنوێت لە کوردستاندا بژین ئێوە چۆن ئەمە هەڵدەسەنگێنن.**
**قیبلە: لەوانەیە نسبیەن ئەوە ڕاست بێت، بەڵام زۆرن ئەوانەشی کە حەز دەکەن بگەڕێنەوە کوردستان و ڕێگریان لێ دەکرێت، وەیان زەمینە سازیان بۆ نەکراوە، بۆ نموونە مامۆستا کرێکار کە کەسایەتیەکی بەهێزە لە ڕووی سیاسەتەوە، لە ڕووی شەرعەوە، لە ڕووی ئەکادیمیەوە، وولاتان ئۆفەری دەخەنە بەردەم کەچی لە کوردستانەوە کوا؟ چی بۆ کراوە؟ جگە لەوەی ناشرینیشی دەکەن! لەوانەیە کێشەکەی ئەو تا ڕادەیەك ئاڵۆزی تێدا بێت، وەك کێشەیەکی نێو دەوڵەتی سەیر بکرێت، بەڵام زۆر کەسی تر هەن کە هیچ کێشەشیان نی یە لێرە لە کوردستان کێشەیان بۆ دروست دەکەن، ئێ ئەوانیش ئۆپشنی تریان لەبەردەستدایە ناچارنین ئەوە قبوڵ بکەن، من ئەم ماوە بۆ کێشەیەکی خۆم لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بووم ئافرەتێك لەوێ بوو هەردووکمان چاوەڕێی هەمان کەسمان دەکرد کە بگەڕێتەوە چەند کاتژمێرێکمان بە چاوەڕوانی بردە سەر، دوای پرسیارو ئەوشتانە بۆم دەرکەوت ئافرەتەکە ٢٤ ساڵ بوو لە بەریتانیا بوو، بە بڕوانامەیەکی بەرزەوە هاتبووەوە ئەوەندە کێشەیان بۆ دروست کردبوو لە هاتنەوەی زۆر پەشیمان بوو بوویەوە، هەتا ووتی: بەڵێنم داوە ئەگەر ئەم جارە بگەڕێمەوە بەریتانیا ١٠ کەسی یەکەم دوای دابەزینم لە فڕۆکەخانەی لەندەن باوەشیان پێدا بکەم و ماچیان بکەم، منیش بە پێکەنینەوە ووتم ئەگەر پیاویش بێت ئەویش ووتی: ئەرە واللە ئەگەر پیاویش بێت، ئەمە جێگەی پرسیارە چ وای لەم ئافرەتە کردووە لەو جۆرە بەڵێنە بدات!**
**ڕێگا: لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەرکەوتن کە ئێوەش کێشەتان هەیە دەکرێت بزانین چین؟ وە ئایا وای کردووە ئێوەش بڕیاری گەڕانەوە بۆ ئەوروپا بدەن؟**
**قیبلە: کێشەکان ئەوەن کەسێك نی یە گوێمان لێبگرێت و لێمان تێبگات،**

من ماستەرم لە زمان و مامۆستای ئینگلیزدا هێناوە، بە هەزار دەردی سەری و لەسەر ئەرکی خۆم، کە تەنها دینارێکی عێراقیم لەلایەن دەستەڵات و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سەرف نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەمپەر دەخەنە بەردەمم و نایانەوێت هیچ حسابێك بۆ ئەم بڕوانامەیە بکەن، دوای داکۆکیەکی زۆرو ئەزیەتێکی زۆر ناچار وازم لە وانە ووتنەوە هێنا، لە پەیمانگای تەکنیکی دەربەندیخان، کە پێنج مادەی جیاوازم تێدا دەوتەوە کە نزیکەی ٩٠٠ قوتابیم هەبوو، بە بێ ئەوەی نە کێشەم لەگەڵ کارمەندانی پەیمانگاو نە قوتابیدا هەبێت و دوای داکۆکیەکی زۆری ئەوانیش بە مامۆستاو قوتابیەوە ناچاربووم وازی لێ بهێنم، بڕیاری گەڕانەوەشم حساب نەکردن بووە بۆم وەك هاوڵاتیەك، گوێ نەدانە بەو زانستەی کە من گشت تەمەنم لەگەڵیدا خەرج کردووە، گوێ نەدانە بە خواست و پێویستیەکانی ئەم میللەتەش، لەبەر ئەوە ناچار دەبم بگەڕێمەوە لای ئەو کەسانەی کەوا لە ئەوروپاش خزمەت بە ڕەوەندی کوردی و دۆسیەی کورد دەکەن، تەنها ئەوەندە دەڵێم سەدان و هەزارەها شاهیدم هەن کە من پێم خۆش بوو لە کوردستاندا بە ئەوپەڕی توانامەوە خزمەتی بکەم، بەڵام لەمپەرەکان وام لێ دەکات ناچاری گەڕانەوە بم نەك بە سەرپشکی بێت، لە ووڵاتی بێگانەدا ڕێزمان زیاترە وەك لە ووڵاتی خۆمان.

ڕێگا: کێن ئەو کەسانەی کەسانی وەك ئێوە ناچاری گەڕانەوە دەکەن؟

قیبلە: ئەو کەسانەن کە کارەکانمان دەچێتە بەر دەستیان و بە عەقڵیەتێکی کۆن و خەوتووەوە سەیری کارەکان دەکەن، نایانەوێت بابەتیانەو وەك خۆی سەیری کارەکان بکرێت، ئاستی ئێمەو مانان دادەبەزێنن بۆ کەمتر لەوەی کە هەین، وەك مرۆڤ مامەڵەمان لەگەڵدا ناکرێت، ناچاری واسیتەمان دەکەن، کارەکان بە ئاستێکی نا زانستیدا دەبەن، بڕوانامە وەك بڕوانامە سەیر ناکەن،

تەزکیەو ئینتیمای حیزبی لە پێش دادەنێن.
ڕێگا: ئایا ناکرێت ئەو کەسانەی کە لە دەرەوە دەگەڕێنەوە پرۆژەی سەر بەخۆیان هەبێت و چاویان لە دەستی حکوومەت نەبێت؟
قیبلە: ئێمە با خۆمان نەخەڵەتێنین واقعیانە بیر بکەینەوە چەندن ئەو کەسانەی پرۆژەیان هەبووەو بەرپرسێك لە پشتیان نەبووە ڕێگریان لێ کردووە؟ وەیان بۆ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ دەبێت پشکی بەرپرسێکی تێدا هەبێت، وە من وەك خۆشم زۆر هەوڵی لەوەها پرۆژەیەك بووم، وویستم ناوەندێکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و زانستەکانی کۆمپیوتەر بکەمەوەو موافەقەشم لە بەریتانیا بۆ وەرگرت و هێنامەوە، دواتر لێرە پێیان ووتم ئەگەر بێت و ئەم موافەقە ببینرێت ڕێگریت لێ دەکەن، بەو شێوەش هەوڵێکی زۆرم دا مۆڵەتم لە ئاسایش، قائیمقامیەت، پەروەردەی دەربەندیخانیش وەرگرت، دواتر لە بەشی پەیمانگا ئەهلیەکان لە سلێمانی کارەکەم پەکی کەوت و گشت ڕێسەکان دیسانەوە بوون بە خوری.

## قوتابیانی زانکۆ توشی شۆکیان کردم!

گەر بەهەر شێوەیك لێکی بەینەوە قوتابیانی زانکۆ دەبێت چینێکی بەرزو لێهاتوو بن، چینێك بن ئامادە بن بۆ پێشەنگی، چینێك بن پڕبن لە زانست و زانیاری، چینێك بن لە چەندەها بیروبۆچونی تازەو داهاتوو، چینێك بن بۆ زیاتر پێکەوە ژیان، چینێك بن بۆ چارەسەری کێشەکان، چینێك بن بۆ بەدەمەوچوونی هاوڵاتیان، چینێك بن بۆ بەدەمەوە چوونی ووڵاتەکەیان، چینێك بن بۆ داهاتوویەکی ڕوون، چینێك بن پڕ بن لە بەهاو ڕەوشتی جوان، چینێك بن بۆ خۆشی مامەڵەو کار لەگەڵ کردن، چینێك بن کامل مواسەفات.

ئەوانەو زۆرێکی تریش دەبێت لە قوتابیانی زانکۆ چاوەڕوان بکرێت، سەرەنجامی خوێندن و بەدوادا چوون و وە هەروەها وەك هاوڵاتیش ژیان دەبێت چاوەڕوانی ڕوونی لێ بکرێت.
کاتێك لە کەناڵە کوردیەکانەوە دەمڕوانیە زانکۆکانی کوردستان زۆر پێی دەگەشامەوەو وە نمونەی جوانیانم لە ناو هاوپۆل و هاوڕێکانماندا باس دەکردن بە شانازییەوە. زۆر ئاواتم بوو ڕۆژێك بێت و لە نزیکەوە بیاندوێنم، بەڵام وەك ئەو شاعیرەی کە ئاواتی بوو قانعی شاعیر ببینێت وە دواتر کە بینای زۆر پەشیمان بوو وەك خۆی دەڵێ :
گڕی تێ بەردەی بەسۆی لێ نایە
زۆر پەشیمانم خۆزگە نەم دیایە.
منیش دوای گەڕانم بەتەوای زانکۆکانی کوردستاندا هەمان ڕای ئەو شاعیرەم بۆ دروست بوو!
زۆرجار دەمگوت خۆزگە هەر کەناڵەکان بوایەو بەس، ئیتر چی بڵێم لەناو هاوڕێکانمدا درۆیان بۆ بکەم؟ بڵێم واو وا؟ وە خۆم پرسیارم لە خۆم دەکرد باشە من بۆ ئەو بابەتەم هەڵبژارد ماستەرنامەکەی لەسەر بنوسم؟ ئەی باشە خۆ ناکرێت درۆش بکەم؟ خۆشیش نی یە هاو وڵات و هاوزمانانم بشکێنم و بەوشێوە باسیان بکەم، ئەی خۆ گەر باسی مەنهەجیش بکەم بەخوا ئەویش زۆری لە قوتابیان کەمتر نی یە؟ ئەمانەو زۆر پرسیاری تر تا ئێستەش دێت بە مێشکمدا، زۆر جار دەڵێم باشتر وایە بابەتە بگۆڕم بۆ شتێکی تر، هەر زوو بەبیرم  دێتەوەو دەڵێم نا نا چۆن دەبێت من بەرنامەم بۆ دارِشتووەو چەندێك سەرقاڵ بووم پێیەوە، پلەی زۆر باشەشم هێنا لەو پرۆجەکتەی کە نوسیم، وەهەر خۆم بە خۆم دەڵێم دەی خۆ من ستەمیان لێ ناکەم خۆیان وان و گوێی تێنادەن من بۆ لەسەریان بکەمەوە، لە کۆتایدا ووتم دەی خۆ من هیچ نەبێت

کورتە مێژوویەکی کوردستانی تێدا باس دەکەم و چارەسەری ئەو گرفتانەش وەگەرچی خاڵی سلبی زۆرەو دواتر لە ماستەرنامەکەدا دەبینرێت. وەگەرچی ئێستەش هەر جۆرێك لە دوو دڵیم تێدا ماوە بەڵام پێم وایە گۆڕینی ئەو بابەتەم کێشەیەکم بۆ دروست بکات چونکە لەکاتی خۆیدا زۆر گفتوگۆم لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەمدا کرد تا ڕازی بوو بەوەی کە کورتە مێژوویەك لە ماستەر نامەکەمدا بنوسم ئەویش نەك بەهۆی ئەوەوە کە ڕقی لە کورد بێت بەڵکو لەبەر نەبوونی پەیوەندی بابەتەکەوە بوو، دواتر بەوشێوەیە ڕەزامەندی دەربڕی کە ووتم ماستەرنامەکەی من لەسەر ڕەوشی خوێندنە لە کوردستاندا لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە وە خوێندنی ئینگلیزی بەتایبەتی، وە کاتێك من باس لەمە دەکەم دەبێت خوێنەر بزانێت کوردستان کوێیە؟ چونکە تێکەڵاوی و هەندێك شت هەیە لەسەر کوردستان جوانترە بخرێتە ڕوو، یارمەتی دەری خوێنەر دەبێت کاتیك ئەو ماستەرنامە دەخوێنێتەوە دەزانێت لەسەر کوێیە، ئەویش ڕازی بوو. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵە کاریك دەبێت بکرێت لەوانە: پرسیار بۆ قوتابی و وە پرسیار بۆ مامۆستایان، سەردانی زانکۆکانی کوردستان مانەوە لە داخلی و ڕاوەرگرتنی قوتابیان، چوونە وانەوەو تێگەشتن لە هەموو ڕەوشەکان بە گشتی، سەرەنجامی هەموو ئەو شتانەو کردنیان بەشێوەیەکی کرداری باری دەروونیان تێك دام.

لێرەدا ناکرێت بەوردی هەموو شتەکان باس بکرێت تەنها چەند شتیك دەخەینە ڕوو بۆ ئێستە وە دواتر بە تێرو تەسەلی لە ماستەرنامەکەدا باسیان دەکەین.

سەرەتا لە داخلی و ڕەوشی قوتابیان و ژیانیان تێیدا باس دەکەین:

لە داخلیەکاندا هەر لە دهۆکەوە تا کەلارو خانەقین: ئەوەی من لە خەیاڵمدا بوو وە بەدەم ڕێگەوە بەخۆم دەووت ئەوە بوو کە قوتابیان لە داخلیدا کارەکانیان بەشێوەیەکی باش ڕێکخستبێت و وە سەرقاڵی خوێندن و خوێندنەوە بن و

وە موناقەشەی ئەو وانانەی کە پێشتر خوێندنوویانن و وە وتوو وێژی ئیجابی بەردەوام. بەڵام هیچم لەوانە نەدی بەبێ هیچ موبالەغەش، قوتابیان لە داخلیەکاندا شەو تا نیوەشەو تەپڵ و گۆرانی بوو بەشێوەیەکی وا هەندێکیان ماندوو دەبوون کە نەیان دەتوانی بچن بۆ وانەکانیان دوای ڕۆژ بوونەوە لەبەر سەرقاڵیان بە تەپڵ و گۆرانی بەردەوامەوە تا بەرەبەیان! لە زۆر داخلیدا دەبوایە جلی کارکردنت لەبەر بکردایە لەبەر پیسی داخلیەکان بەتایبەت داخلی زانکۆی سەلاحەدین و وە دوکان، ئەوەندە پیس بوون وە شتی وای تێدا بوو شەرم دەمگرێت بیان نوسم. قوتابیان لەبری کۆڕی زانست و وتوو وێژی زانستی تا دوای خەوتنی من ئیتر نازانم کەی ئەوان تەواو دەبوو هەر کۆنکەن و وەرەقێن بوو! خوێندنەوە هەر باوی نەبوو! سەعی کردن تاقەتی دەوێت! وەك زۆرێکیان دەیانووت! تەلەفۆن و بلوتوس لەجێگەیاندا بوو ئەگەر بەکارهێنانی موبایل و بلوتوس جێگەی خوێندنی بگرتایە بەبڕوای من هەموویان زانا دەردەچوون! باسی ئەم و ئەو و وە مامۆستایان هەردەم لەسەر زاریان بوو، بەیناو بەین زۆرێکیان باسی دەرەوەی وولاتیان دەهێنایە کایەوە ئەوە داهێنراوەکەیان بوو! لەوانەیە بپرسن و بڵێن ئەی خۆ خۆشت لەدەرەوەی ئیتر بۆ ناهەقی ئەوان دەگریت، وەلامەکەی ئەوەیە بۆ لەسەر حسابی خوێندن بێت کەسێك هێشتا سەرەتایی زانکۆیەتی و سور دەزانێ چوار ساڵی لەبەردەمەوە وە دەشیەوێت تەواوی بکات بۆ هەر لە ئێستەوە بیری خۆی سەرقاڵ دەکات بە دەرچوونیەوە لە وولات و هەموو تواناکانی خۆی دەمرێنێت بەو بیرەوە، جل و بەرگ و شێوازی نوێ و لەبری پەرتوکدا بەدواچوونی لەسەر دەکرا، کتێبخانە زۆرێکیان هەر نەیان دەزانی لە کوێیە! چونکە کاریان پێی نەبووە! کێ کاتی ئەوانەی هەیە وەك خۆیان دەیانووت! بەڵام ڕۆژشتن بۆ شارێکی تر بۆ تەنها پێڵاوێکی نوێتر ئاساییەو هەروەك خۆشیان دەیانووت پیاسەیەکیشە! نەچوونە ناو وانەوەو

مانەوە لە داخلیدا پێویستیەکی زۆریان بوو!جگەرە لەبری قەڵەمدا بەکار دەهێنرا! پلەی ستەیشین خۆشە بۆ بێکاری! هەروەها خۆشیشە بە ئارەزووی خۆت هەستیت لەخەو وەك پیشە هەندێکیان بوو.
ئەمانەو زۆرێکی تریش لە داخلیەکاندا دەبینرێت، ووتم لەوانەیە بەیانیان زوو هەستن بۆ سەعی کردن و خوێندنەوە هەروەك ووتوویانە خوێندنەوەی بەیانیان زۆر چاکە، خوا هەڵناگرێت تێیدا بوو هەر خەبەری نەدەبووەوە ئەو موبایلەی کە بەردەوام یاری بلوتوسی پێ دەکرد نەیدەکرد تەنها ئەو سودەی لێ وەربگرێت سبەینان زوو خەبەری بکاتەوە، ەندێکیشیان زۆر زوو هەڵدەستان بەڵام هەر فریای ئەوە دەکەوتن زۆر بەجوانی خۆیان ڕێك بخەن، هەروەك چۆن تێشیاندا بوو بە پەلە پەل خۆی دەکردە بەر دەموچاو شتنەکە گرنگ نی یە کات زۆری بەبەرەوە ماوە دوای گەڕانەوە لە دەوام.
وا ڕۆژەو کات کاتی دەرس و وانەیە زۆربەی تەنها جەستەی لە پۆلدایەو وەك وا بێت بەزۆر هێنرابن بۆ ناو پۆل! هەر خوا خوایان بوو کەی جەڕەس لێ بدات و بڕۆنە دەرەوە هەوایەك بگۆڕن، ئەگەر کەسێك شتێکی تازەی پێ بێت و بە بلوتوسدا بینێرێت بۆ هاوڕێکەی زۆر چاکە، بەیناو بەین باسی سەفرەی عیلمیان دەکردو چۆنێتی ڕێکخستنی ناوەکەی زۆر گرنگ بوو بەلامەوە بەڵام کە لە ناوەرۆکەکەیم پرسی ئەویش هیچی لە کۆنکەن و وەرەقێنەکەی شەو کەمتر نەبوو! حیز حیزبێنە لای هەندێکیان وەك سەرەتای نەوەدەکان بوو! قسەکردن دژی دەستەڵات و مەنهەج پیشەیان بوو، گەرچی ئەم کۆمەڵە هەقیان بێت لەهەندێك ڕووەوە بەڵام ناهەقیەکانی ئەوان دەرهەق بە خۆیان هەمووی شاردبووەوە، لە کۆتایدا هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ئەم کۆمەڵە زانکۆیان تەواو کرد چی ڕوو دەدات؟ وەڵامەکەی جێدەهێڵم بۆ بەڕێزتان...

# د.موسەنا ئەمین: ئاگرەکەی بادینان پارتی سوتاند




ئەمڕۆ ٢٠١١/١٢/٣١ ئێوارە کۆڕێك لەژێر باڵەخانەی لقی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان بەڕێوەچوو بە میوانداری د.موسەنا ئەمین.
بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و ڕۆشنبیرانی دەربەندیخان دکتۆر موسەنا ئەمین جەختی خستە ناوەرۆکی گۆڕانکاریە نوێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەیرانە ناوخۆیەکانی کوردستان، لەژێر ناونیشانی بەهاری عەرەبی بەهاری عەرەبی نی یە بەهاری دیموکراسی یە، هەروەك ناوێکی تریشی بۆ بەکار دەهێنا کە ئەویش بەهارێکی بێ ئایدۆلۆژیاو بێ سەرکردە.
سەرەتای دەسپێك بە مەستی دەستەڵات بەهۆی کورسی و پارەوە ناوبردوو ووتی وای لێکردوون بەهار وەلا بنێن و لەبیری خۆیانی ببەنەوە. ڕۆڵی میدیای نرخاند لەم سەردەمەدا وەك دەستەڵاتی چوارەم و کاریگەری لەسەر بەهاری عەرەبی

و گۆڕانکاریەکان، هەروەك ڕۆڵی گەنجیشی زۆر بەرزنرخاندوو گەنجیشی بە تواناو هێزەوە وەسف کرد وەك لە تەمەنێکی دیاری کراو.
ڕخنەی لە هەندێك کەسایەتی گرت بەبێ ناوهێنان لەوەی لەسەرای ئازادیدا دەوری هەبووەو ئێستە باس لە ترسی ئیسلامیەکان دەکات!، هەروەك بەلاشیەوە سەیر بوو پۆلێن کردنی ئیسلامیەکان هەمووی وەك یەك، هەروەك ووتیشی ئایا؟ گشت عەلمانیەکان وەك یەکن؟
لەو کۆڕەو لە میانەی شیکردنەوەی بابەتەکەیدا د. موسەنا ئەمین ڕەخنەی توندی لەو کەسانەگرت کە فویان تێ بووەو لە قاڵبی خۆیان دەرچوون چ وەك هێزو بازو چ وەك هێزی میلیشیای بێت چ وەك فرۆشتنی فکری ئێکسپایەر، وە بەڕێزیان ووتیان دەبێت ئەوکەسانە بفسێنرێنەوە، هەروەك ڕەخنەی توندیشی بەڕووی ئەو کەسانەدا دا کە حیزب دەپەرستن، شەڕەپەڕۆو فرۆشتنی فکرو ئایدۆلۆژیان لەژێر ناوی حیزب و بە پەڕۆبازی بەکەم و ئاست نزمی هاوڵاتیان لێك دایەوە، جێگەی ئاماژە پێکردنە د. موسەنا داکۆکی لە گۆڕینی عەقڵیەتەکان دەکردوو بەشێوەیەك گەورەتر لەوەی تەنها سەرکردەکان بە گەورە بزانن، هەر لەهەمان ووتارو لە درێژەیدا سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی لە دەڤەری بادینان بە دەستێکی تێکدەرو عەقڵیەتێکی پڕقین کراو وەسفکرد، هەربۆیە ئاماژەی بەوەشدا گەر بێت و بارزانی بتوانێت لە زاخۆدا بەسەر کێشەکاندا زاڵ ببێت بەجۆرێك لە سەرکەوتن بۆی دەگەڕاندەوە... ئەم سەردەمەشی بەسەردەمی سەرکەوتنی حەقیقەتەکان وەسفکردوو ووتیشی دەبێت سەرکردەی حەقیقیش دروست بکەین.
جێگەی خۆشیەتی بووترێت ڕەخنەی تووندی لە هەریەك دەزگای تەنفیزی و پەرلەمان گرت و ووتی دەزگاری دادوەری جێگەی ئومێد نی یە.
شایەنی باسە خوای گەورەی بەبیر هەریەك لەو دەزگایانە هێنایەوەو ئاماژەی بە

بوونی خوای گەورەدا لە سەروی هەموویەوە.
قەیرانەکانی کوردستان و حیزبی دەستەڵاتی بە قتارێك وەسف کرد کە لە سکەی خۆی لایدابێت و لە دەرەوەی سکەکەدا بیەوێت ڕایبکێشێت، هەروەك ناوی بێ ناوەرۆکیشی لە ئاستیاندا بەکار دەهێنا.
دەربارەی خستنە ئەستۆی هەندێك لەو قەیرانانەی لە کوردستاندا هەیەو وەك وەڵامێك بۆ ئەو تۆمەتانە د.موسەنا ووتی لە گشت کوردستاندا مودیر مەکتەبێکی یەکگرتوو نی یە!... وەك ئاماژەیەك بێت بەوەی لەپای چی یەکگرتوو تاوانبار دەکەن.
لە درێژەی ووتارەکەیدا د.موسەنا ئەمین ئاماژەی بەخاڵی زۆرگرنگ و هەستیارو تایبەت بە عێراق و کوردستان دەوروژاند، وەك ووتی مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئیتلافی عێراقیەیە، لە ئاستی کوردستانیشدا ڕەخنەی لە وەزیری ناوخۆ گرت کە ووتوویەتی ئاسایش سەر بەمن نی یە...!
وە ووتیشی ئەم حکوومەتە سەرەتانیەتی و کەس خێری لێ نابینێت، لە زیاتر ڕوونکردنەوەی پرسە کوردیەکاندا دیسان دەگەڕایەوە بۆ سەر بەهاری عەرەبی و ووتیان بەشار ئەسەد شەرعیەتی نەماوەو ڕووی بەلای کوردستاندا وەردەچەرخاندوو دەیووت ئێمە نامانەوێت سەرکردەکانی ئێمە وەك ئەوانیان لێ بێت.
خەباتی شاری بەبیر دەستەڵات دەهێنایەوە کە یەکگرتوو دەستێکی باڵای تێدا هەبووە.
کۆڕەکە بە پرسیارو بەژداری و ڕەخنەی هەندێك لە ئامادەبوانەوە کۆتای پێهات و هەوڵەکانی د.موسەنا لەناو ئامادەبواندا بە ئیجابی وەسف دەکرا.
د. موسەنا ئەمین: تۆ ناوماڵی کوردت پێ ڕێك نەکرێت بەچی ڕوویەکەوە ڕوو دەکەیتە بەغدا.

ئەوەشی کە کرا لە شەڕی ناوخۆداو لەسەر پانکردنەوەی یەکترداو دووبارە هەر ناوی کوردایەتی لێ دەنرا.
ئایدۆلۆژیاو پاساو بۆ بەردەوام بوون لەسەر دەستەڵات یاخود بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵە تاوانێك لە دژ خەڵك.
لیژنە بۆ پەردە پۆشکردنی ئەم عەیبانەیەو شاردنەوەی ڕاستیەکانە.
یەکگترووزوڵمی لێکراوە وە لەو کاتەی کە زوڵمی لێکراوە وای لێ نەهاتووە کە ئەویش زوڵم بکات.
یەکگرتوو نە حیزبەکەی بە پیرۆز دەزانێت نە یەکگرتوو بە دین دەزانێ نە ووتوویەتی هەرکەس یەکگرتوو نەبێت دینی نوقسانە، نە ووتوویەتی تەنها سەرکردەکەی ئێمە باشە.
قیبلە: دوای ئەوەی کۆمەڵێك بارەگای یەکگرتوو سوتان لە دەڤەری بادینان و کۆمەڵێك لە ئەندام و ڕۆژنامەنووسەکانیان دەستگیر کران بارگرژیەکی چڕ لە نێوان یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروست بوو، کە بە درێژای مێژووی پێکەوە ژیانی ئەو دوو حیزبە خۆی لەم ئاستەدا نەبینیووەتەوە بە کارەساتی ٢٠٠٥یشی لەگەڵدا بێت، هەریەك بۆ سەرخستنی دۆسیەکەی خۆی پەنا بۆ ڕاگەیاندن و جوڵانی شەقام دەدەن، د.موسەنا ئەمین بە یەکەمین سەرکردەی دیاری یەکگرتوو ناودەبرێت لە ناو شەقامدا بە دیفاع کردن و ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان بۆ ڕای گشتی، لە کۆڕێکی تایبەت کە ڕێکخراوێکی سەربەو حیزبە کە لە دەربەندیخان ڕێکیان خستبوو د. موسەنا تیشکی ووردی خستە سەر کۆی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانیشی بەو بەهارەوە گرێدا، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەسەر کۆی ئەو تێبینیانەی لەسەر کۆڕەکە دروست بوو وە هەندێك پرسیاری تری شەقام ڕووبەڕووی د. موسەنا ئەمینمان کردوو بەڕێزیشیان بەوپەڕی سنگفراوانیەوە

وەڵامی یەك بە یەك پرسیارەكانی داینەوە.

قیبلە: یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی ئیسلام واقعیە، ئایا یەكگرتووی ئیسلامی تاچەند سوودی لەو واقع بینیە وەرگرتووە؟ لە وڵاتێكی میلشیاگەری و نیشاندانی بازوی دەستەڵات و كاركردنی یەكگرتووش بەم نەرمیە تاچەند؟ لەگەڵ واقعەكەدا یەكدەگرێتەوە؟ وە ئایا سوتاندنی بارەگاكانی یەكگرتوو وا لە یەكگرتوو ناكات لە كۆنگرەی داهاتوودا ڕیفۆڕمی واقعیانە لەناوخۆیدا بكات؟

د.موسەنا ئەمین: بسم الله الرحمن الرحیم، واقعی بوون وەك یەكێك لە ڕەهەندە ڕەسەنەكانی فكری ئیسلامی بریتیە: لەوەی كە ئەو كۆمەڵە مسوڵمانە خوێندنەوەیان بۆ ئەو واقعە خوێندنەوەیەكی دروست و ڕێك بێت و وە واقعی خۆیان دەرك پێكردبێت، بەو جۆرە مامەڵە بكەن لە چوارچێوەی ئەو واقعەداو وە لە چوارچێوەی نەگۆڕەكاندا نەچنە دەرەوە، یەعنی ئەگەر بێت و واقعیش ڕێگەیان پێ بدات بچنە دەرەوە یان زیادە ڕەوی بەكار بهێنن و مافی كەسێك یان بەرانبەر زەوت بكەن نابێت بیكەن، چونكە شەرع ڕێگەی بەوە نەداوە، یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان هەمیشە یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی ئەوە بووە لە واقعی كوردستان باش تێگەشتووەو خۆی باش ناسیووە وە دەوروبەرەكەشی باش ناسیووە، وە هەوڵی ئەوەی داوە لە چوارچێوەی ئەوەی شەرع ڕێگەی پێداوە ئەو واقعە بگۆڕێت وەك ئەوەی خوای گەورە ئەمری پێكردووەو بەرژەوەندی خەڵكی كوردستانی تێدایە، بەڵام وەكو لە كۆڕەكەش ووتم، دەبێت ئینسان بەپێی بەڕەی خۆی پێ ڕاكێشێت ئەگەر زیاتر لە بەڕەكە پێی ڕاكێشێت ئاقڵی نی یەو ئەگەر بەڕەكەش لەپێی زیاتر درێژتر بێت هەر ئاقڵی نی یە، هەمووكات ئاقڵی و واقعی بوون ئەوەیە كە تۆ بزانیت كە چەند بەڕەكەت درێژە بەقەدەر ئەوە پێ ڕابكێشیت، بزانی ووڵاخەكە چەند هەڵدەگرێت ئەوەندەی لێ بنێیت، بزانیت توانای كارت چەندێكە ئەوەندە دروشم بەرز بكەیتەوە كە بتوانیت

ئەو دروشمانە بکەیت بەواقع، هەموو ئەمانە مانای واقعی بوونن وا دەزانم یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش لە هەموو قۆناغەکاندا ناڵێم بێ تەقصیر نەبووە بەڵام بە دڵنیاییەوە بەردەوام هەوڵی داوە هەم ڕەچاوەی شەرعەکە بکات و وە هەم بەرژەوەندی گشتیشی لە پێش چاو بێت، وە واقعی بوون ئەوە نی یە تۆ تەسلیمی واقع بیت لە ڕووی ئامانجەکاندا، واقع بینی ئەوەیە لە بەجێهێنانی میکانیزمی ئامانجەکاندا تۆ واقعەکەی خۆت باش بخوێنیتەوە وە خوێندنەوەت بۆ واقعەکە دروست بێت، واقع بوون ئەوەنی یە نزم ببیتەوە بۆ ئاستی ئەو واقعەی ئامانجەکان بدۆڕێنیت، یاخود میکانیزمێکی ناڕەسەن و ناشەرعی بەکار بهێنیت.

قیبلە: گەر گشت دەقە ئاینیەکانیش وەلانێین و لە ڕووی سروشتی و واقعیەوە بۆ شەڕی دیفاع بڕوانین ئەوا گشت سروشتێکی سەلیم پشتگیریەتی، ئەگەر پرسیارەکە بەم شێوەیە سیاغەبکەم و بڵێم بۆ پاسەوانەکانی یەکگرتوو دیفاعیان لە بارەگاکان نەکرد وەیان هیچ نەبێت دەستی ئەو کەسانەیان نەگرت کە زوڵم نەکەن؟

د.موسەنا ئەمین: لە ڕووی قانونی و لە ڕووی شەرعیشەوە کاتێك تۆ بزانیت مونکەرێك دەگۆڕیت بە مونکەرێکی لەو خراپتر ئەوە بێگومان نە لە ڕووی واقعی نە لە ڕووی یاسای نە لە ڕووی شەرعیەوە تۆ ڕێگەت پێ نەدراوە ئەوە بکەیت، پاسەوانەکانی یەکگرتوو بۆ ئەوە پاسەوانن کە دزێك، شەوکوتێك، ئاژەڵێك لەو جۆرە شتانە بگێڕنەوە لە بارەگاکان، ئەمما کەسێك بە پلانێکی چەکدارەوە کە بە چەکدارەکانی خۆی ئەو کارە ئەنجام دەدات ئەوە نە شەرع و نە عەقڵ ڕێگە بەوە نادات تۆ بەرگری لە خۆت بکەیت، چونکە دیفاع کردن لە خۆ لەو کاتەدا ئەو ئامانجە ناپێکێت کە خوای گەورە دایناوە، لە جیاتی ئەوەی تۆ بتەوێت مەقەڕەکەت بپارێزیت ئەوا خوێنی چەند کەسێکیش بە

هەدەر دەڕوات و دەرەنجام مەقەڕەکەش هەر دەسوتێنرێت، ئالەم شوێنەدا نە عەقڵ و نە مەنتیق و نەشەرع ڕێگە بەوە نادات کە ئەم پۆلیسە ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەو ئەو پۆلیسەش خۆی بۆ خۆی ئەو کارەی پێ نەسپێراوە بیکات نە لەلای حکوومەتەوە نە لەلای یەکگرتووشەوە، بۆیە کارێکی باشیان کردووە کە بەرگریان نەکردووە، چونکە زانیوویانە کارەکە ڕێکخراوەو حکوومەت ئەنجامی دەدات، وە حکوومەتیش ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵی بەچەك هیچ سوودی نی یە، چونکە دەرەنجام پاسەوانەکان خوێنی چەند کەسێك بڕێژن دواتر خوێنی ئەوانیش دەڕژێنرێت لە کۆتایشدا بارەگاکانیش هەر دەسووتێنرێت، لەم حاڵەدا هەر بارەگاکان بسوتێنن باشترە لەوەی خوێنی مسوڵمانان بڕژێ لە نێوان یەکتریدا، ئێمە قەناعەتمان وایە ئەوە ئەرکی حکوومەتە دەبێت بارەگاکان بپارێزێت، نەك ئەرکی پاسەوانەکانی یەکگرتوو، وە نە حکوومەت بۆ ئەوە ئەم چەکەی داوە بە یەکگرتوو هەرکەس هاتە سەری تەقەی لێبکات وە نە ئێمەش وەك یەکگرتوو بۆ ئەوە ڕێگەمان داوە ئەو پاسەوانە بۆ ئەوە لەوێ بێت کە خەڵك بکوژێت، ئێمە بۆچی ڕەخنەمان لە برادەرانی پارتی دەگرت ئێمە دەمانووت خۆ بارەگاکەتان کەعبە نی یە، خەڵك پەنجەرەی شکاندووە ئێوە بۆ حەوت کەس دەکوژن و پەنجاو هەشت کەس بریندار دەکەن بە فیشەك، ئایا فیشەك ڕوو بکەیتە برای مسوڵمانی خۆت دروستە؟، ئێمە بە دروست و شەرعیمان نەزانیووەو ئێستاش بە دروست و شەرعی نازانین، لە کاتێکدا مەسەلەی دیفاع لە نەفس دەبێت بکرێتەوە بە ماف، دیفاع لە نەفس بۆ ئەوە هاتووە کەسێك دێت لە ماڵی خۆتدا بتکوژێت تۆش بۆ دیفاع کردن لە خۆت لە کاتێکدا بزانیت ئەم دیفاعە نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی تاوانی گەورەتری لێوە دروست ببێت یان کارێکی خراپتر دەبێت ئەگەر زانیت وا دەبێت، ئەوە دەتوانیت ئەو کەسەی کە هاتووەتە سەرت تۆ ماڵ و منداڵەکە بپێچیتەوەو بڕۆیت و دیفاع لە خۆت

نەکەیت، چونکە دەزانیت دەرنجامەکەی خراپترە، لە مەنتیقی قورئانیش سەیر بکەیت قورئان دەفەرمووێت(( الْآنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنْكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا فَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ ))
زانایان و شەرع ناسان لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموون هەرجارەو بێ باوەڕان دوو هێندەی موجاهیدەکان بوون دروستە بۆیان پشتیان تێ بکەن و لەگەڵیاندا نەجەنگن، وە ئەوە حسێب نابێت بە تولی یوم الزحف، چونە سنوری تواناکانی مرۆڤ سنوردارە، پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر بێت بە جەماعەتەکەی خالیدی فەرموو کەرارن فەرارنین، واتە هاتوون بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵمەت بەرنەوە نەك ڕایان کردبێت لە جەبهەو لە جیهاد، بۆیە بەدەر لەوەش ئەم مەفهومانە لەم بوارەدا بەکار نایەت کە خەڵکێکی مسوڵمان دێنە سەر خەڵکێکی مسوڵمان، بەڵام بەهەرحاڵ ئەمجۆرە فکرە ئەم جۆرە عەقڵیەتە یان سیاسیە کە دەزانێت کارەساتی زیاتر لەوە دەخولقێت وە بڕیار دەدات ئەمە نەکات لەبەر ئەوە کارەساتی گەورەتر نەخولقێت هەم لە ڕووی سیاسیەوە هەم لە ڕووی شەرعیەوە ئیشێکی باشیان کردووە، وە هەمیشەش یەکگرتوو بەتەمایە کەوابکات، ئێمە ئامادەنین لەبەر ئەوەی بارەگاکانمان نەسوتێن ئێمە لەوان بکوژین و ئەوان لە ئێمە بکوژین و سەنگەر بۆ یەکتری دابنێین.
قیبلە: شلگیری یەکگرتوو کارنەدانەوەی لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بۆ نموونە ٢٠٠٥ بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕیخۆشکەر بوون بۆ دووبارە بوونەوەی ئەم زنجیرە هێرشانەی ئێستە، لێدوانی توندی کۆمەڵی ئیسلامی و نیشاندانی جۆرێك لە هێز بەرانبەر یەکیەتی وەك ئەوەی ووتیان یەکیەتی و پارتی لێمان دەترسن چونکە ئێمە ئەزموونی چەکداریمان هەیە، ئەگەر پرسیارەکە بەم شێوەیە بکەم ئایا گۆڕینی ئەدای لێدوان و کاردانەوەکانی ئێوە واناکات ڕێگربێت لە دووبارە

نەبوونەوەی ئەم هێرشانە وە وەڵامیشتان بۆ ئەوە چی یە گەر پاسەوانەکان بە گەندەڵ ناوببرێت لەوەی موچەی بەلاش دەخۆن لەکاتێکدا ئەو موچانە پارەی سەدەقەو زەکاتی تێدایە.

د.موسەنا ئەمین: ئەو قسانە هیچ نرخێکیان نی یە لای ئێمە لەبەر ئەوە نە شەرعین نە سیاسین، شەرعی فیقهی یەکگرتوو لەم بوارەدا واضحە، ئەو فیقهە بوو کە برادەرانی کۆمەڵ دانیان پێدا نەدەناو دواتر دوای چەندیین ساڵ دانیان پێدانا، نە ئەوان دەگەڕێنەوە سەر ئەو فیقهە کۆنە نە ئێمەش بەم ئاخرە دەچینە سەر ئەو فیقهەی ئەوان، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەزموونمان هەیەو خەڵك لێمان دەترسێت هیچ وانی یە، وە ئەگەر برادەرانی کۆمەڵ ئەو هێزەی ئێمەیان هەبوایە لە بادینان لە پێش ئێمەوە دەیان سوتاند، وە سڵیشیان لێ ناکەن، هێزیشت هەبێت هێزی تۆ چیٚ پیٚ دەکرێت، دوو پاسەوان لەبەر ئەو دەرگادا دانیشتوون لەسەرچی دەیان دەیت بە کوشت؟ لەبەرچی ئەعنی دیفاع لە کەعبە دەکەن؟!، حکوومەتێك کە دەستەڵاتدارە هاتووە دەیسوتێنێت، دەتوانن بیشی سوتێنن و حەرەسەکەشت بکوژن، ئەی بۆچی ئەم حەرەسە بکوژرێت لەپای چی ئەم شەڕەی بۆ بکەیت، ئەگەر یەکگرتوو قەراربێ شەڕی وا بکات کە باوەڕی پێی نی یەو ناشیکات، ئەوکاتە هەر ڕۆژەو شتێکی وا ڕوویدا دوو حەرەسی فەقیر نادات بە کوشت، ئەگەر ئەوە بکات دەبێت لە سەرکردایەتیەکانەوە چەك هەڵبگرن و دواتر ئەوانی تر، ئەوسا دەبێت بە دەیان کەس چەکدار بکەن و دیفاع بکەن نەك بە دوو حەرەس بڵێ بۆ دیفاعتان نەکردوو دوو حەرەس بە کوشت بدەن، ئەم بۆچوونە لەگەڵ ڕێزم بۆچوونێکی سادەو ساویلکەیە، بۆچونێکی نە مەنتیقی نە شەرعی نە سیاسیە.

قیبلە: بۆچونێك لەناو ئەندامانی یەکگرتوودا هەیەو دەڵێ ئەم جۆرە هێرشانە لەبەرژەوەندیماندایەو دەنگەکانمان لە ئایندەدا زیاد دەکات، لەو لاشەوە

**بۆچونێکی خاوەن ئیمتیازی دەزگای ستاندەر هەیە وەك لە چاوپێکەوتنێکدا درکاندوویەتی و دەڵێ ئیسلامیەکان بەرگریان لە ئەندامانی خۆیان پێ ناکرێت چۆن؟ دەتوانن بەرگری لە میللەتێك بکەن، ئەگەر من ئەم دوو بۆچوونە تێکەڵ بکەم و بەم شێوەیە سیاغی بکەم و بپرسم ئایا ئەگەر لە ئایندەشدا یەکگرتوو دەنگی زیاتر بهێنێت پێتان وا نی یە ئەو دەنگانە زیاتر لە کانگایەکی سۆزو عاتیفەوە سەرچاوەی گرتووە وەك ئەوەی بەزەیتان پێدا بێتەوە نەك ئەوەی دەنگەکان واقعی بن.**

**د. موسەنا ئەمین: نا من جارێك نازانم ئەو برایانە بەچی بۆچونێك دەڵێن یەکگرتوو ناتوانێ خۆی بپارێزێت، یەکگرتوو مەگەر قەرارە خۆی بپارێزێت، خۆی لەچی بپارێزێت خۆ ئێمە لە جەنگەڵستاندا نین، یەعنی وەحشی گەری نی یە ئەم وولاتە، ئەم وولاتە بڕیار وایە یاسای تێدا بێت، بڕیار وایە پەرلەمانی تێدا بێت، ئێمە هەوڵ دەدەین دەزگایەك دروست بکەین حکوومەت خۆی بەرپرسیار بێت لە پاراستنی هاوڵاتیان، ئێمە قەناعەتمان وانی یە بڕیارمان وا نی یە میلشیایەك دروست بکەین بمان پارێزێت، وە هەرکاتێك ئێمە میلشیایەکمان نەبێت بمان پارێزێت ئیتر ئێمە بە کەڵکی حوکمڕانی نایەین!، بە پێچەوانەوە ئێمە دەڵێین ئەوانەی میلشیایان هەیە دەبێت بڕۆنەوە بۆ شاخ، ئەگەر قەراربێت ئەم شتانە ئەوا بێت دەبێت ئێمە ئەم ئەقڵە بەجی بهێڵین، هەرکەس میلشیای نەبێت، جا خۆ ئێستە برایانی کۆمەڵیش میلشیایان نەماوە، گۆڕانیش میلشیای نی یە دەبێت بڵێین دەنگ بەوانیش مەدەن، کەوا بێت دەبێت بڵێین تەنها دەنگ بە دەستەڵات بدەن چونکە تەنها ئەوان میلشیایان هەیەو تەنها ئەوان دەتوانن خەڵك بکوژن و ببڕن، ئەمە خاڵێك خاڵێکی تر خەڵك لەسەر ئەساسی ئەوەی عاتیفیە بۆیە دەنگ بە یەکگرتوو دەدات بەڵام لەسەر ئەساسی ئەوە نی یە هەرچەند عاتیفیش کاریگەرە، خەڵك هەیە سیناریۆی**

تراژیدیا دروست دەکات بۆ ئەوەی عاتیفی خەڵك ڕاکێشێت، بەڵام یەکگرتوو جلی دڕاوو سواڵکەرانەی لەبەر نەکردووە تا خەڵکی بەزەی پێدا بێتەوەو دەنگی بۆ بدات، یەکگرتوو سەلماندوویەتی هێزێکی کاریگەرەو ڕکەبەرێکی سەرەکی برادەرانی پارتیەو لێی دەترسن بۆیە ماڵەکەیان دەسوتێنن، ئەمە وا لەو خەڵکە دەکات دەنگ بە یەکگرتوو بدەن کە برادەرانی پارتی ئەوەندە لێی دەترسن، لە هەمانکاتیشدا ئەوەندە ڕەوایەتی هەیە دەست بۆماڵیشی درێژ دەکەن و دەیسوتێنن کەچی ئەو دەست بۆ کەس درێژ ناکات، ئەمە دەلیلی ئەوەیە ئەم حیزبە هەم حیزبێکی کاریگەرە وە حیزبێکە بە ئەخلاقە سنوری هەڵسوکەوتە شەرعیەکانی خۆی دەزانێت، وە سنوری هەڵسوکەوتە یاسایەکانی خۆی دەزانێت، ئەمە وا دەکات عادەتەن ئەو کەسەی زوڵمی لێ دەکرێت وا دەکات ئەو خەڵکە خۆشیان دەوێت، مەرج نی یە ئەوە مانای ئەوە بێت بەزەییان پێدا دێتەوە توخوا چەند فەقیرە... لەبەر ئەوە نی یە، لەبەر ئەوەیە زوڵمی لێکراوە وە لەو کاتەی کە زوڵمی لێکراوە وای لێ نەهاتووە کە ئەویش زوڵم بکات وە ئەویش خۆی بخاتە ئاستی هێزەکەی ترەوە، کەواتە ئەوە شایەنی ئەوەیە تۆ عەقڵی لێ بخوێنیتەوە، شایەنی ئەوەیە یاسا سەروەری لێ بخوێنیتەوە، شایەنی ئەوەیە بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی و سیاسی لێ بخوێنیتەوە، لەبەر ئائەمەیە ئەو خەڵکە دەنگ بە یەکگرتوو دەدەن، بۆیە وای لێ دەکەن چونکە حیزبێکی کاریگەرە، وە بۆیە وای لێ دەکەن چونکە مەترسی هەیە لەسەر گەندەڵکاران لەم وڵاتە، من وا دەزانم ئەو مەنتیقەی وا لە یەکگرتوو دەکات دەنگی بداتێ ئەمەیە واتە ئەو بەزەییە نی یە کە بۆ کەسێکی ڕوتاڵ ئەوە نی یە.

قیبلە: لەسەروبەندی زۆرێك لە قەیرانە ناوخۆیەکاندا بارزانی خۆی بەلای لایەنە عەرەبیەکاندا با دەدات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بارزانی ئەوەندە سەنگ و کاریگەری هەیە وەیان جۆرێکە لە خۆ دزینەوە لە قەیرانە ناوخۆیەکان.

د. موسەنا ئەمین: گومانی تێدا نی یە ئێستە کێشەکان حەقیقین، یەعنی ئەوەی کێشەیەکی حەقیقی لە عێراق هەیەو مەترسیە بۆ کۆی عێراق و ناڕاستەوخۆش بۆ کوردستان، بەس ئەوەی ئێمە خوا خوامان بێت لە هەر شوێنێك پەنێکماندا یان گیرمان خوارد بۆ ئەوەی چاکسازی نەکەین یان نەمان توانی سەرەتایی ترین مافەکانی حکوومەت جێ بەجێ بکەین، ئا لەم کاتەدا خوا خوامان بێت مەسەلەیەك هەبێت و ڕاگەیاندن و دانیشتنەکان و هەموو خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین ئەم ڕادەی خۆ سەرقاڵ کردن بە مەسەلەکەوە جێگەی پرسیارە، بەڵام قیادەی سیاسی کوردستان دەبێت ئەوەی بیر نەچێت وەك چۆن خەمی دەرەوە دەخوات دەبێت خەمی ناوماڵی کوردی بێت لە پێشەوە، دوای ئەوە تۆ ناوماڵی کوردت پێ ڕێك نەکرێت بەچی ڕوویەکەوە ڕوو دەکەیتە بەغدا، تۆ دەڵێی با مالیکی ئیستبداد نەکات تۆ خۆت موستەبیدی، تۆ دەڵێی با مالیکی سەرۆکی ئەم وولاتە قوت نەدات تۆ لێرە سەرۆکی هەرێمت قوت داوە، ئەڵێی با زوڵم لە سونەکان و قائیمەی عێراقیە نەکرێت، تۆ خۆت لیستی یەکگرتووت سوتاندووەو زەبونت کردووە، ئەمە خەڵك ئەمەت لێ قبوڵ ناکات، نە مالیکیش ئەو ڕێزەت لێ دەگرێت نە ناوخۆش، لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش بەڕێزەوە دەڕوانن بۆ ئەم هەولانە، ئەگەر بێت و لە بەینی قەوسدا لەسەر ئەساسی خۆ گێلکردن بێت، بەڵام خۆ ئاشکرایە پارتی ئەم کێشانەی عێراقی دروست نەکردووە بۆ ئەوەی ئەمە بشارێتەوە، بەڵام جۆری مامەڵەکردن لەسەر بابەتەکە دەیسەلمێنێت دەیەوێت بەم بیانووەوە خۆ بدزێتەوە لە قەزیە ناوخۆیەکان یاخود ئەو کارە نەکات، بە دڵنیایەوە دەڵێم هەمیشە ئەم دەستەڵاتەی ئێمە خوا خوای بووە شتێکی وای بە پارە کڕیووەو هەبێت و گەورە بێت و عەیبەکانی ئەمان بشارێتەوەو ئاراستەی میدیاو ڕای گشتی بۆ بەرێت و مەسەلە ناوخۆیەکانی لەبیر بچێت، ئەوە ئەو ئەندازەیە ڕاستە، بەڵام هەموو

مەسەلەکە وا نی یە.
قیبلە: باوەڕێکی تاڕادە بەهێزهەیە لەلایەن ئۆپۆزیسۆنەوە کە دادگاکان سەربەخۆ نی یە، وە باوەڕتان بە لیژنەکان نی یە، ئایا هیچ هەوڵێکتان داوە ئەم دۆسیانە لە ڕێگەی دادگا نێو دەوڵەتیەکانەوە بجوڵێنن لە کاتێکدا دەزانن لەناوخۆدا ئیشی پێویستی لەسەر ناکرێت و پشتگوێ دەخرێت.
د. موسەنا ئەمین: خۆی ئەم مەسەلانە ئێمە تەبعەن ئەو قسانە بە نسبەت لیژنە جیایە لە مەسەلەی دادگا، ئێمە نەمان ووتووە باوەڕمان بە دادگا نی یە، بەڵام ووتوومانە باوەڕمان بە لیژنە نی یە، ئەزانین لیژنە بۆ پەردە پۆشکردنی ئەم عەیبانەیەو شاردنەوەی ڕاستیەکانە، بەڵام گەر مەلەفەکان بدرێنە دادگاو ڕێگا نەگیرێ لە دادگا ئیشی خۆی بکات ئێمە قەناعەتمان بە دادگا هەیە، ئەگەر ئەو دادگایەش نەتوانێت کێشەکان وەك خۆی سەد لە سەد چارەسەر بکات لانی کەم دەتوانێت ئەو کێشانە لە سەدا هەشتا دەتوانێت چارەسەر بکات، وە ئێمە بەو لە سەدا هەشتایەی دادگاش ڕازین بە مەرجێك دەست نەخرێتە بڕیارەکانی دادگاوە ئەگەر دادگاکە دادگایەکی یاسایی و سروشتی بێت نەك دادگایەکی ڕێکخراوبێت لەلایەن ئاسایش و پاراستن، بۆیە باسی دادگامان نەکردووە بەو شێوەیەی باسی بەدگومانی خۆمان لە  لیژنە کردووە، بەڵکو ئەزموونی خۆمانمان باس کردووە لەسەر لیژنە کە هەمیشە هەر ئەوە حاڵی بووە، وە لە دونیا مەعروفە ئەوەی دەسپێردرێت بە لیژنە، بەڵام ئەوە لە بەرچاوی میدیاو کامیرەوە ئەنجام دراوە یەعنی لیژنە پێك دەهێنیت بۆچی؟ چەك بەدەستن و حکوومەت ناردوونی بیسوتێنن، کەواتە چەك بەدەست هەیە کەسێکیش هەیە بڕیاری داوە ئەو کەسەش بەرپرسێکی پارتیە یان حکوومیە ئیتر لەمە زیاتر نی یە، تەحقیقی ناوێت، ئەمە ئیجرائاتی دادگای دەوێت، برایانی پارتی ئامادە نین ئەم ئیجرائاتە بکەن دەیبەستن بە لیژنەو بە دانیشتنی حیزبەکان  ئەمە

بۆ خۆ دزینەوەیە لە ڕاستیەکان، ئەوەی پەیوەندی بە دادگای نێو دەوڵەتیەوە هەیە بە تایبەت ئەو دادگای لە بەشێکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەك ئەوەی لە ڕۆمایە، ئەوە پێویستی بە مەجلیس ئەمنە کە ئەو مەلەفە بنێرێت و باس بکات کە ئەو مەلەفە کاریگەری هەیە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی، وە عادەتەن ئەوە لە کێشە ناوخۆیەکاندا هەیەو لە کێشە نێو دەوڵەتیەکانیش، بەڵام لە کاتێکدا ئەو کێشە نێو دەوڵەتیە یان ناوخۆییە گەشتبێتە ئاستی ئەوەی کە قەناعەتی مەجلیس ئەمن بەوە هاتبێت کە دەبیت بدرێت بە دادگای نێو دەوڵەتی، ئەو مەحکەمەی جەرائیم کە لە ڕۆما هەیە بە ئیتفاقیەی ڕۆما پێکهاتووە ئەوە دەتوانێت لەسەر کەیسی وا ئیحالە بکات، وە یەکگرتوو هەوڵ دەدات ئەگەر لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بێت یان لەسەر ڕای گشتی بێت بڕیاری داوە ئەم مەسەلە بوروژێنێت، ئەگەر ڕای گشتی بێت ئەگەر دیبلۆماتکارو ناوەندە دیبلۆماسیەکان بێت، وە هەتا ئەگەر ناوەندە قەزایەکانیش بێت، لە هەرکوێ بزانین دادگایەك هەیەو گوێ لەم قەزیە دەگرێت و دەتوانێت خزمەتی بکات و فایلێکی بۆ بکاتەوە، ئەگەر بۆ داهاتووش بێت ئێمە ئامادەین ئەو کارە بکەین.

قیبلە: واتە تا ئێستە نەیکردووەو هەنگاویشی بۆ نەناوە.

د. موسەنا ئەمین: تیمێکی ڕاوێژکاری یاسایمان ڕاسپاردووە بۆ ئەو کارە، ئەو تیمە ڕاوێژکارە بەرپرسیارن لەو کارە لە ڕووی فەنیەوە، بەڕاستی من لە تەفاصیلەکەی ئاگادارنیم، بەڵام بڕیارە وەك تیمێکی یاسایی کار بکەن لەسەر ئەو کەیسە.

قیبلە: لە کۆڕەکەدا زۆر باسی ئایدۆلۆژیاو سەپاندنیت کرد لەلایەن هێزی دەستەڵاتەوە، وە من گوێم لە یەکێك لە قیادیەکانی پارتی بوو لە کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە لەم ڕۆژانەدا کە دەیووت پارتی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی ئایدۆلۆژی نی یە، ئێوە ئەمە چۆن دەخوێننەوە.

د. موسەنا ئەمین: پارتی مافی خۆیەتی بلێ من چی نیم و چی هەم، بەس

ئەوەی کە خەڵك دەیزانێت پارتی و یەکیەتی ماوەیەکی زۆرە ئەوە چەندین ساڵە هەمیشە ئایدۆلۆژیای کوردیان کردووە بە بە ئایدۆلۆژیا بە مەعنا کردوویانە بە پاساو کردوویانە بە پیرۆزیەکی وا کە عەقڵی ئینسان لە ڕاستیەکان تێ نەگات، کردوویانە بە بەربەستێك بۆ کارتێکردنی عەقڵ لە بەردەم هەڵەکان، بۆ پەردە پۆش کردنی عەیبەکان و تاوانەکان، هەمیشە بە لەژێر ناوی کوردایەتی لەژێر دروشمی کوردایەتی و پاساوی کوردایەتی و زۆر کاری گەندەڵی و تاوانیان ئەنجامداوەو هەمیشەش وایان لە خەڵکی گەیاندووە کە ئێمە کوردایەتی دەکەین، لەم حاڵەتەدا لە ژێر هەر دروشمێك هەر ناوێك هەر ناوەرۆکێك هەرچەندە خۆی لە ئەسڵیشدا باش بێت وەکو کوردایەتی کاتێك کە بۆ ئەم ئامانجە بەکارهێنرا ئەوە بەکارهێنانێکی ئایدۆلۆژیانەیە، بۆ مەسەلەی کوردایەتی وە بەکارهێنانێکی براگماتیانەیە بۆ سوود وەرگرتن لە عینوانی کوردایەتی وەکو پاساوێك، وەکو بەهانەیەك، وەکو ڕێخۆشکەرێك، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان هەمیشە ڕاستیەکان نەبینن و تاوانەکان وەکو جۆرێك لە خەبات بۆ کورد لە قەڵەم بدەن، هەتا ئەوەشی کە کرا لە شەڕی ناوخۆداو لەسەر پانکردنەوەی یەکترداو دووبارە هەر ناوی کوردایەتی لێ دەنرا، هەر تەرەفێکیان هەوڵی دەدا بە خیانەت لە کوردو نەتەوەی کورد لە قەڵەم بدات، لە کاتێکدا ئەمیان پەنای بۆ ئەولا دەبردوو ئەویان پەنای ئەملا دەبرد!، هەموو ئەم پەنا بۆ بردنانەش بۆ ناحەزانی کوردیش هەر بە پاساوی کوردایەتی بوو، ئیتر تۆ ئا لەم حاڵەدا دەتوانین غەیری ئایدۆلۆژیای کوردایەتی چ ناوێکی لێ بنێیت، غەیری ئەوەی کوردایەتی کراوە بە ئایدۆلۆژیاو پاساو بۆ بەردەوام بوون لەسەر دەستەڵات یاخود بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵە تاوانێك لە دژ خەڵك.

قیبلە: باسی گەورە کردنی سەرکردەو پەرستنیت کرد لە کۆڕەکەدا لەلان هێزی دەستەڵاتەوە، ئەگەر ئێمە بە دیووی یەکگرتووشدا هەمان پرس بکەین و بڵێین

ئایا یەکگرتووش ئەوە نی یە ئەمیندار حەڤدە ساڵە دەپەرسترێت ئەڵبەت نەك بە مانا شەرعیەکەی، بەڵکو بەو مانای تا ئێستە لەسەرەوە ماوەتەوە، وەك ئەم پرسیارە بەردەوام ڕوو بەڕووتان دەبێتەوە.

د. موسەنا ئەمین: ئەمە ئاسمان و ڕێسمان لەیەکتری جیان، ئێمە کاتێك باسی سەرکردەیەك دەکەین ئەو سەرکردەیە کاتێك پیرۆز دەکرێت ڕێگەی ڕەخنە گرتنی پێ نەدرێت، یان شەرعی وناشەرعی و یاسای و نایاسایم پێ بڵێی و من جی بەجێی بکەم، وە بۆ هەموو جێ بەجێکردنێکیش پاساو بدۆزمەوە، لە پێناو ئەم سەرکردەیەدا من برای خۆم سەربڕم، ماڵی کوردی برای خۆم بسوتێنم، تاوان ئەنجام بدەم، ئێمە کەی یەکگرتووی ئیسلامی لە پێناو ئەمینداردا شتی وای کردووە، وە کەی ئەمینداری یەکگرتوو ئەوەندە جورتەی کردووە شتی واش بە یەکگرتوو بڵێ، لەبەر ئەوە ئێمە هیچ وەختێك ئامادە نی یە سەرکردە پیرۆز بکات وە لە بڕیاری هەڵەی ئەو گوێ بگرێت، بەڵام ئەمیندار سەرکەوتووترین کەسی یەکگرتوو بووە تا ئێستەو یەکەم کەسیش بووە لە گەڵ ئەم یەکگرتووەدا خەباتی کردووە، وە هەموو جارێکیش کە لەسەر دەستەڵات ماوەتەوە بە دەنگدانی کۆنگرە ماوەتەوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم بە ئیجماعی کۆنگرە، مەسەلەی ئەوە نی یە خۆی سەپاندبێت، مەسەلە ئەوە نی یە بنەماڵەیەك یان عەشیرەتێك یاخود چەکدارێك یا لۆبیەك یا عەسابەیەك لە پشتیەوەیەتی بۆیە ماوەتەوە، کەسێکی زۆر خۆ بە کەمزان و متەوازع و بە ئەدەب و مسوڵمان و بە ئەخلاق بووەو خەباتگێڕێکی زیرەك بووەو کەسێك بووە لە پێشەوە بووە، مێژووی هەیەو واقعیشی هەیە، بەم مێژووەشی و بەم واقعەشی بووەتە جێی متمانەی یەکگرتووەکان و دەنگیان پێی داوە، بەڵام مەرجیش نی یە لەم کۆنگرەیەدا هەڵبژێرێتەوە، نە لەبەر ئەوەی بە کەڵك نەماوە، بەڵکو لەوانەیە وا بە باشتر بزانرێت ئێمە پێشەنگ بین لەم وڵاتەداو هەر لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری هەبێت،

لەوانەیە ئەو بیرۆکەیە هەبێت لەکۆنگرەدا ئەو کارە بکرێت، وە دوو کۆنگرەشە ئەمیندار خۆی داوا دەکات هاوڕێکانی وازی لێ بهێنن تا خۆی هەڵنەبژێرێتەوە، تا کەسێکی تر ئەو کارە بکات، وە ئەم کۆنگرەی کە ڕابوورد ئەمیندار خۆی ئەو فۆڕمەی هێنایە کایەوە کە دەستەڵاتەکان بدرێنە سێ سەرکردە، وە ئەمینداری گشتی ببێتە شتێکی فەخری و شەرەفی، ئەمەش هەر داهێنانی خۆی بووەو کۆنگرەش قەبوڵی کرد، دوای ئەو قەیرانە ڕوویداو هەمتر سەرکەوتوو نەبوو لەوانەیە ئەمجارە سەرکەوتوو ببێت، ئەو کەسانەی ئەوە دەڵێن هیچ بنەمایەکی نی یە چونکە یەکگرتوو نە حیزبەکەی بە پیرۆز دەزانێت نە یەکگرتوو بە دین دەزانێ نە ووتوویەتی هەرکەس یەکگرتوو نەبێت دینی نوقسانە، نە ووتوویەتی تەنها سەرکردەکەی ئێمە باشەو هەرکەسیش لەگەڵی نەبێت وایەو... نە ئەمینداری گشتی بڕیارێکی هەڵەی بە ئێمە ووتووەو ئێمە پەیڕەوی لێ بکەین وە نە پەیڕەویشی لێ دەکەین، لەبەر ئەوە ئەو شتانە زۆر جیاوازن لەیەك.

قیبلە: من هیچێکی ترم نی یە ئەگەر بەڕێزتان کۆمێنتێك یان زیادەیەکتان نەبێت.

د. موسەنا ئەمین: من سوپاسی جەنابت دەکەم و سەرکەوتوو سەربەرزبیت، زۆر سوپاس.

# م حمید: دەبێت خۆمان مافی خۆمان بەدەست بهێنین و چاوەڕێی دەسەڵاتێك نەكەین ئازادیمان بداتێ



پێشەكی قیبلە: ئەگەرچی ئەم دیمانەیە چەند ساڵ بەسەر سازدانیدا تێپەڕیوەو هەندێك لە ووتەكانی مامۆستا حەمید زیاتر تایبەت بووە بەو كاتەی كە دیمانەكە كراوە، بەڵام زۆربەی ووتەكان ئێستەش دەگرێتەوەو وا پێ ناچێت بە ئاسانی نەجاتمان لێی ببێت وەك كێشە ناوخۆییەكان و دەرەكیەكان بە تایبەت تۆپبارانكردنی سنورەكان لەلایەن توركیاو ئێرانەوە كە بەچەندەها جار دوای ئەم دیمانەش بەردەوام بووەو تا ئێستەش چارەیەكی فەرمیمان بەرگوێ نەكەوتووە بەشێوەیەك دڵنیامان بكات لە بنبەست و دووبارە نەبوونەوەی ئەو جۆرە بۆردومانانە، كە زۆرێك لە لادیە نشینەكانی زەرەرمەندوو بێ تفاق دەكرد، جگە لە كوشتارو برینداروو زەرەری زۆری ئابووری و دڵەڕاوكەی بەردوامی زۆرێك، لەمەڕ ئەو تۆپبارانانەدا، بڵاوكردنەوەی ئەم دیمانەیە گەرچی لایەنی بێهێزی سەركردەكانمان دەردەخات و جێگەی نیگەرانیە لامان سەركردەی كورد بگات بەو ئاستەی كە خاڵی لاوازی ببێتە سەرباس و خواستی جەماوەر، بەڵام هێشتا

لەسەر کورسی دەستەڵاتن و دەتوانن و دەرفەتیان لەبەردەستدایە جارێکی تر متمانەی تەواو بە هاوڵاتیان ببەخشنەوەو وەك سەردەمی شاخ لە دڵەکانماندا زیندووبن.

سازدانی: قیبلە

لە دیمانەیەکی تایبەتدا پێمان خۆش بوو لە نزیکەوە مامۆستا حەمید عەزیز ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوان بدوێنین لەسەر ڕەوشی سیاسی کوردستان بە گشتی و وەهەروەها کێشە سنوریەکان. مامۆستا حەمیدیش بەڕاشکاوی وەڵامی یەك بەیەك پرسیارەکانی داینەوە بەم شێوەیە:

١-ماوەیەکی زۆرە بەیناو بەین تورکیاو ئێران تۆپبارانی ناوچە سنوریەکانی کوردستان دەکەن بە بیانوی پەژاك و پەکەکەوە تاچەند پێتان وایە ئەو دوولایەنە بیانوو بن؟

+ لەڕاستیدا پەژاک و پەکەکە بەرگری لەمیللەت و نیشتمان و فەرهەنگ و زمانی خۆیان دەکەن و نەچوونەتە سەر خاکی کەس و هێشتا لەو سنورە دەستکردەی دووژمنانی کورد ( قەندیل ) کەهیچ جۆرە پشوودانێکی مرۆیی و هێمای شارستانی تێدانی یە لەگەڵ سروشت و زووقم و سەرماو گەرماو گورگ و ورچدا ژیان بەسەر دەبەن هێشتا ئەو ژیانە گولەمەرگیەشیان پێ ڕەوا نابینن و هەموو ڕۆژێک بۆردوومانی سەرسەریان و خەڵکی سڤیل و ٢٣٠ گوندی ناوچەکە دەکەن بەهەزاران بەڵگە دەیسەلمێنین کەئەو شوێنەی ناوی قەندیلە کوردستانەو خاکی باووباپیری کوردو پەژاک و پەکەکەیە . ئێمە هەموومان دەزانین لەووڵاتی ئیران و تورکیادا ئازادی بۆ تورک و فارس کەنەتەوەی خۆیانن بوونی نی یە و ئازادی ڕادەربڕین و ڕاووبۆچوونی ڕامیاریان نی یە .!!. کەواتە ئەی چۆن میللەتی کورد مافی هەیە کەهاووڵاتی دووەم و سێهەممەو

دەسەڵاتەکانیش تاکڕەوو دیکتاتۆرو ناحاڵیین .؟. گریمان بیانووەکەیان تەواوەو مافی خۆیانە ئەوناوچەیە بۆردومان بکەن باشە نابێت بزانن چی ئەکوژن و کێ ئەکوژن .؟. ئەوان هەموو ڕۆژێک خەڵکی بێ تاوان و ژن و پیاوی پیرو منداڵ و شوانی بێتاوانی ناوچەکەو مەڕومالات و ئاژەڵ و پەلەوەری بێ گوناح دەکوژن کەئەمە بۆخۆی تاوانێکی گەورەیە . زۆرجاریش بەبۆردومان و هێزی ئاسمانی پردو جادەو ژێرخانی ئابووری کوردستانی باشووریش وێران دەکەن کەئەمەش پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و مافی دراوسێ و .. هتد. لەڕاستیدا وولاتی ئێران و تورکیا چاویان بەو نیمچە ئازادی و نیوەناچلەی ژیانی کوردستانی باشوورو کەلە ٦٠٪ ی زەوی باشوور بەدەست کوردەوەیە هێشتا ئاگریان تێبەربووەو چاویان پێدا هەڵنایەت و لەداخی دڵی خۆیان و ڕک و کینەی گیانیان ئەگەر بۆیان بلوێت ناو شارەکانی هەولێرو سلێمانیش بۆردومان دەکەن و هێرش دەبەن و داگیریشی دەکەن بەلام لەترسی ئەمریکا ناوێرن. بەڕای من ئەو دەوولەتانە واز لەپاڵەپەستۆو ئازاردانی مرۆڤی کورد بهێنن باشە چونکە خوای گەورە ژیانی بەیەکسانی بەخشیووە بەهەموو بونەوەران لەسەر ئەم زەوی یە وواتای وایە هەموو مرۆڤین و هەمووش مافی ژیانمان هەیە و کەس بۆی نی یە ئاغا بێت و کەسیش مسکێن نی یە ژیانیش بەیەکسانی بۆ هەموو بونەوەرانە وەکو چۆن لەهەموو ئاینە ئاسمانییەکاندا هەیە کەمێروولەش مافی ژیانی هەیە . دەبێت ئەوەش بزانین ئەنجامی زووڵم هەر زووڵمە چونکە ئەوەتا هەتا دوێنێ بوو کە چەندەها تاوانباری وەکو : سەدام و شاوشیسکۆو ستالین و مارکۆس و هتلەرو .. هتد خۆیان لەمرۆڤی ئاسایی بەبەرزتر دەزانی و ئازاری خەڵکیان دەدا کەچی ئێستا لەژێر گڵدان و مێژوویەکی ڕەشیان بۆخۆیان تۆمارکردووە . لەڕاستیشدا چەرخی ٢١ و زانست و تەکنەلۆجیاو ئاسمانی ئازادی بیرو ( فکری ) ئەم هەموو پێشکەوتنەی مرۆڤ و مرۆڤایەتیش هەمووی کارو کاردانەوەی هەیە بۆ

ڕۆشنبیری مرۆڤ و پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەکان بەشێوەیەکی مرۆڤانە و ڕێک و پێک .. بەڕای من ئیتر باوی چاکەو مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و ڕێزو پێکەوە ژیانە دەمێکە وولاتانی پێشکەوتوو ڕێز لەسەگ و پشیلەو مشک دەگرن با لەلای ئێمەش ئەو مێشک گرژی و خۆ بەزل زانینە نەمێنێت و توڕی بدەین چونکە سودی نی یە دەبێت لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانەدا دەووڵەتانی دراوسێی کوردیش هزرو هۆشی خۆیان بگۆڕن .

٢-لەگەڵ ئەو هەموو زیانەی کە ناوچە سنوریەکان پێیان گەشتووەو وە بەردەوام پێیان دەگا هەڵوێستی حکومەتی کوردی بەگوێرەی پێویست نەبووە! ئەم هۆکارە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

+ پێش ئەوەی باسی هۆکارەکەی بکەم دەمەوێت بڵێم سێ لایەن و دەسەڵات بەرپرسن لەو نەهامەتی و خوێن ڕشتن و بۆردوومانە دەسەڵات و پارتە ڕامیاریستەکان و بەتایبەت یەکێتی و پارتی و میری (حوکمەتی) کوردستان بەپلەی یەکەم دەسەڵاتی ناوەند کەبەغدایە بەپلەی دووەم هێزی ئەمریکا بەپلەی سێهەم . لەڕاستیدا ئەو بۆردوومانە بەردەوامە کەلە دەوروبەری بەرواری مانگی ١٠ ی ٢٠٠٧ ەوە بەردەوامە بێجگە لەوەی کارێکی نامرۆڤایەتی و بێ ویژدانی یە تاوانێکی گەورەشە دەرهەق بەکوردی هەژاری ناوچەکە دەکرێت و هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر کوردستانی باشوورو چاوترسانی لێپرسراوان و میری (حوکمەت)ی کوردستانە چونکە ئەو بۆردومان و جەنگە ئاسمانی و زەمینی یە زەرەرێکی گەورەیە بۆ دواڕۆژی ناوچەکەو هەروەها بەزەرەری تورکیاو ئیران خۆیشیان تەواو دەبێت. پێم وایە دەسەڵاتی کوردی کە بێدەنگە لەو بۆردومانانە ئەوەیە کە یەکێتی و پارتی خۆیانیش ووردە بۆرژواو نیمچە تاکڕەوو نادیموکراتن و لەبەر تێکنەچوونی بارە ئاسایشییەکەو کورسی و پلەوپایەی خۆیانە بەڵگەش بۆ ئەوە ١٧ ساڵە میرنشین و دەسەڵاتن لەباشووری کوردستان کەچی یەک

جار هەڵبژاردنیان کردووە کەساڵی ١٩٩٢ بوو ڕێکەووتنێکی ( ستراتیجی ) یان مۆر کردووە تەنها لەبەر مانەوەیان و بەرژەوەندییەکانیان . هەروەها لەوەش زۆر دەترسن ئەو هەموو دەستکەوتی ماڵی (مادی) یەیان لەکیس بچێت و کورد ووتەنی ( لەو هەموو نازو نیعمەتە ببن ) بۆیە هیچ وەڵامێکیان پێ نی یە بۆ ئەو هەموو غەدرەی لەو ناوچەیە دەکرێت . هەروەها میری (حکومەتی)ی عێراقیش لێپرسراوە بەرامبەر ئەو هەموو بۆردومانەی کە لەبناری قەندیل دا دەکرێت چونکە بوون و مانەوەی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ووڵاتی عێراقدا خۆی لەخۆیدا سیستمێکی فیدراڵی یەو عێراقیش لێی بەرپرسیارە، بەڵام بەداخەوە ئەوانیش بێدەنگن و بەتایبەت مام جەلال کەخۆی کوردە بە پەکەکە دەڵێت تیرۆریست کەئەم هەڵوێستە جێی داخێکی گرانە. ئەوەی شایانی باسە عێراق خۆی بەزەرەرمەند نازانێت لەوەیاندا بەپێچەوانەوە ئەو هەمیشە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا بەرامبەر بەکورد خۆیان بەیەک خێزان دەزانن . بەڕای من سبەی خراپتر بۆردوومان و هێرشمان دەکرێتە سەر چونکە ئەمڕۆ هێزەکانی ئەمریکا خۆیان لەناوچەکەدان ئاوامان پێدەکەن ئەی کەنەمان و ڕۆیشتن ئەوکات چی دەقەومێت .؟. بۆیە دەبێت ئەمریکاو عێراق و هەرێمی کوردستان هەرسێکیان پێکڤە ئەو بۆردوومان و هێرشە ناڕەوایانە بووەستێنن . هەرچەندە ئەمریکا هاوڕێ و دۆستی کەس نی یە بەڵام لەبەر بەرژەوەندی و مانەوەی لەعێراق و کوردستاندا دەتووانێت ئێران و تورکیا چاوترسێن بکەن .

٣-زۆر جار لە کۆنگرە ڕۆژمانەوانیەکاندا دەستەڵاتدارانی کورد پەکەکە بە تیرۆریست ناو دەبەن! وە مام جەلالیش لەسەردانەکەیدا بۆ تورکیا هەمان ووتەی دووبارە کردەوە! چۆن ئەم ناو بردنە هەڵ دەسەنگێنن؟

+ لەڕاستیدا ئێران و تورکیا خۆیان سەرچاوەی تیرۆرن بەوەی کە هیچ ماف و ئازادی یەک بەنەتەوەکانی خۆیان نادەن و ژمارەی پۆلیسخانەو گرتوخانەو

بەندینخانەکانی وولاتیان پترە لەقوتابخانەو باخچەو ..هتد. ئێران و تورکیا لەمێژە کاری تیرۆر دەکەن بەرامبەر نەیارو بەرهەڵستکارەکانیان بۆنمونە :
آ/ فڕاندنی سەرکردە بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان لەلایەن تورکیاوەو بەیارمەتی جاسوسی ئیسرائیلی و ئەمریکی ( میت ، مۆساد ، سی ئای ئەی ) لەساڵی ۱۹۹۹ ی میلادی و گەڕاندنەوەو بەندکردنی لە ناوچەی ئیمڕالی لەتورکیا .
ب/ شەهیدکردنی سەرکردە دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملۆو هاوڕێیانی لەڤیەنناى پایتەختی نەمسا ساڵی ۱۳٦۸ ی هەتاوی بەرامبەر ۱۹۸۹ ی زانینی لەلایەن ئیرانەوە .
ج/ شەهیدکردنی سەرکردە سادقی شەرەفکەندی لەپایتەختی ئەڵمانیا لەبەرلین ساڵی ۱۳۷۱ ی هەتاوی بەرامبەر ۱۹۹۲ ی زاینی لەلایەن ئێرانەوە .
لەبارەی سەفەرەکەی مام جەلالەوە من پێم وایە بانگهێشت کردن و میوانداری کردنی لەلایەن وولاتی نەژادپەرستی تورکانەوەو سەفەرکردنی مام جەلال بۆ ئەنکەرە لەبەرواری ۲۰۰۸/۳/۷ و گەڕانەوەی بۆ سبەینێ بۆ بەغداو پایتەختی عێراق بۆ پلان و مەرامی سووک کردنی میللەتی کورد بوو نەک ڕێزلێگرتن لە بەڕێز مام جەلال لەبەر ئەم پێنج خاڵەی خوارەوە :
۱/ وەکو سەرەک کۆمار پێشوازی لێنەکراو لەباتی سەرەک کۆماری تورکیا عەبدوڵا گۆل پێشوازی لێبکات سکرتێری سەرەک کۆمار پێشوازی لێکرد .
۲/ لەدەستووری یاسایی وولاتدا دەبێت فەرشی سوور بۆ پێشوازی لێکردن بۆ سەرەک کۆمار دابخرێت و سرودی نیشتمانی و (مارشاڵ) پاسەوانی ڕێزگرتن ئامادە بکرێت بەڵام نە یاساو نەسرودو نەپاسەوانی ڕێزگرتن و نەفەرش بەهیچ شێوەیەک بوونی نەبوو .
۳/ وەرگێڕی زمانی عارەبی دانرابوو بەڵام هەموو سەرانی توورک دەزانن مام جەلال کوردەو خۆیشی دەیتوانی بەزمانی ئینگلیزی بئاخڤێت .

٤/ ووتنی ووشەی تیرۆریست بە پەکەکە لەدەمی مام جەلالەوە بۆ میدیاکانی جیهان مایەی خۆشحاڵی تۆرانی یەکانە چونکە ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کەتورکەکان بتوانن بەجیهان بڵێن کورد تیرۆریستە ئەگەریش باوەڕناکەن ئەوەتا لەدەمی سەرکردەیەکی کوردەوە دەووترێت و دەبیسرێت و جیهان هەمووی ئاگادارە .. ئەوە بۆ تورکیا باشترین بەڵگەی بەرگری کردن بوو لەخۆ .

٥/ ساردووسڕی لەپێشوازی و سەفەرێکی پڕشەرم و بێ سوودو بەزەرەری کوردان تەواو بوو لەپێش هەموو کوردێکەوە بەزەرەری کەسایەتی مام جەلال خۆی شکایەوە . سەرم سوڕمابوو لە ووشەی سوپاس کە مام جەلال بە تورکەکانی دەووت و دەبووایە بەدەنگی بەرز بەو نەژادپەرست و لەخۆبایی بووانەی بووتایە : ( سوپاس کە دراوسێ یەکی باشن و نزیکەی پێنج مانگە ووڵاتمان وێران دەکەن و جادەو ماڵ و پردو ژێرخانی ئابووری کوردستان دەتەپێنن و ژن و منداڵی کورد دەکووژن و لەدووایشدا بەرگەی دەست و مەچەکی گەریلاتان نەگرت و کشانەوە دوواوە ) . ئەو قسانەش دەبووایە لە کوردستان یان لە پایتەختی عێراق بوترایە چونکە نەدەبوو مام جەلال بچێت بۆ تورکیا دەبوو ئەوان بهاتنایە بۆ عێراق یان کوردستان و داوای لێبوردنیشیان لەگەلی کورد بکردایە چونکە ئەوان زیاتر لە پێنج مانگە ووڵاتمان بۆردومان دەکەن کەچی بەپێچەوانەوە مام جەلال بێجگە لەوەی سەفەرو ڕۆیشتنەکەیشی کات و شوێنی خۆی نەبوو کەچی بۆینباغی ( قەرەوێت ) سووریشی بەستبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەنگی ئاڵاکەیان بگونجێ و جێی ڕەزامەندی ئەوان بێت . مخابن ئێستا تورکەکان خۆیان گاڵتەمان پێدەکەن و بەچاوی نزمتر تێمان دەڕوانن چونکە کەحاڵی مام جەلال دەبینن دەڵێن : ( ئەمە سەرەک کۆماری ووڵاتێکە هێندە زەلیلە لەبەردەستمانداو نزیکەی پێنج مانگە سنوری نێودەووڵەتیمان بەزاندووەو لێیان دەکووژین و ووڵاتیان دەسووتێنین و ژن و منداڵیان دەکووژین کەچی هاتووە سوپاسمان

دەکات ) . !! .
وولاتی تورکیا میوانداری یەکی ڕێزلێنانی بۆ مەدالیای ئەتاتورک بەخشی بە نیلسۆن ماندیلا لەڕۆژنامەی دەسەلاتی دەوولەتیی (الحرية) لەبەرواری ۱۹۹۲/٥/۱۹ ئەو میوانداری یە بلاوکرایەوە بەلام لەبەرئەوەی (نیلسۆن ماندیلا) کەسومبوولی ئازادی و سەربەستی یە لە کیشوەری ئەفەریقاداو پیاوو مرۆڤ و کەسایەتی یەکی بەهێزو سەرکردەو سوومبولێکی ڕامیارزان و هۆشیارو دیارە ڕاستەوخۆ میوانداریيەکەی تورکیای ڕەتکردەوەو نەیکردو نەیویست کەلەلایەن تورکیاوە بانگهێشتی لێکرابوو چونکە بەتورکیای ووت : ( من ناچمە وولاتێک کە مافی نەتەوەیی و ژیانی تێدا قەدەغە بێت بۆ کەمە نەتەوەکان ئەوەتا نزیکەی ۲۰ ملیۆن کورد لەباکوری کوردستان بێ ماڵ و بێ ماف و ژیانن بۆیە میوانداری یەکەتان ناکەم هەتا مافی ئەو میللەتە بەشخوراوە نەدەن ) . جێی خۆیەتی مرۆڤی ئەفریقی و کورد و مرۆڤی ئازادیخوازی دنیا شانازی بە نیلسۆن ماندێلاوە بکات کەئاوا بەرگری لەمرۆڤی چەوساوە دەکات . هەربۆیە تورکەکان لەهەمان ڕۆژنامەی ئەلحوریەدا نیلسۆن ماندێلایان بە زنجی و ڕەش و تیرۆریست لەقەڵەم دا بەڵام ئەوە شانازی یەکی گەورە بوو بۆ ئەو . بەخوا شەرمە کوردێک خۆی میللەتەکەی خۆی سووک و چروک دەکات و خۆی دەباتە پێشەوە بۆ دووژمنانی گەلەکەی بۆئەوەی پێی بڵێن پیاوی چاکە ، لەگەڵ ئەوەشداو زۆر بەداخەوە نەتەوەکەی کەپترە لە ٤٥ ملیۆن مرۆڤی کورد بەتیرۆریست و خراپیان لەقەڵەم دەدات و دەڵێت : (من لە ۱۰ دەساڵ لەمەوبەرەوە پەکەکە بەتیرۆریست دەزانم) . بەداخەوە مام جەلال ماف دەدات بەتورکیایەکی نەژادپەرستی داگیرکەری فاشیست کەسەرسەختترین دەسەلات و میللەتن بۆ ئازادی و پێکەوە ژیان ، بەڵام نەتەوەیەکی بندەستی بێکەس و نەداری وەک و کورد بەناهەق و تیرۆریست لەقەڵەم دەدات .. کەواتە تورکیا ژیرو ڕامیارزانە دەزانێت کەی و

کێ میوانداری بکات . مام جەلال بێجگە لەو هەڵە میژووییانەی بەرامبەری کورد کردویەتی بەم دووایییەش کەڕیش سپی و تەمەنێکی بەڕێکردووە (٧٥) ساڵ پێمان دەڵێ : ڕۆژنامەنووسان سەگن و بەمانگە شەو دەوەڕن (لەچاوپێکەوتنێکی کوردساتدا) بەردەوام دەبێت و دەڵیت ئێوە تیرۆریستن کەچی خۆی بەمانگەشەو لەقەڵەم دەدات لەڕاستیشدا دەبێت خەڵکی باست بکەن بەچاکەو .. هتد . هەڵەیەکی تری مام جەلال ئەوەیە کەداوای چەکی نوێ بۆعێراق دەکات . !! . باشە هەڕەشەی کام وولات لەسەر عێراقە .؟. یان عێراق بەو پاشەڵ جوانی یەوە بەتەمای شەڕە لەگەڵ کێ .؟. نەخێر من دەڵێم شەڕو چەکی عێراق تەنها بۆ لێدانی کوردە .
بابێینەوە سەر بابەتی تورکیاو کوردستانی باکوور من پرسیارێک لەمام جەلال دەکەم : باشە تۆ پەکەکە بەتیرۆریست دەزانی ئەی چۆن دەڵێی : ( بادانیشن و چەکەکانیان فڕێ بدەن و کاری ڕامیاری بکەن ) .؟. باشە چۆن ڕێکخراوێکی تیرۆریستی کاری ڕامیاری لەشێوەی یاسایی دەکات و تۆش وەکو یاسای عێراق ڕێگەو مۆڵەتی کاری پارتێکی ڕامیاری پێ دەدەیت .؟. بەڵام نەخێر تۆ دڵنیایت پەکەکە تیرۆریست نی یەو شۆڕشگێڕە بەڵام لەبەر پلەوپایەو کورسی سەرەک کۆمارییەکەت وەک و عارەبێکی عێراقی گفتووگۆ دەکەیت و خوێنی هەزاران شەهیدی نەتەوەکەت بەهەدەر دەبەیت دەنا ئەوە هەرتۆیت لە بەرواری ١٩٩١/١/٤ دا لەتەنیشت ئاپۆوە ( ئۆجەلان ) دانیشتوویت و بە پەکەکە دەڵێیت شاخوێن بەری خەباتی باکوور . ئەگەر لەبەر پلەوپایە نی یە لەهەشتاکاندا خەڵکتان دەگرت و بەندتان دەکرد لەسەر عێراق چێتی کەچی لەبەر ئەوەی پلەوپایەی سەرەک کۆماری عێراقتان هەیە خۆتان داوای چەکی قورس و نوێ دەکەن بۆ عێراق کەهەتا ئێستا ئەو عێراقە فیدڕاڵەی تۆ دانی بە خانەقین و کەرکوکدا نەناوە کەکوردستانە.

بەداخەوە زۆر بەداخەوە ئەوەی کەهەمیشە دووژمن دەیەوێت و دەخوازێت سەرکردەکانی کورد خۆیان بۆیان جێ بەجێ دەکەن . ئێمەی کورد بەوجۆرە گۆش کراوین کەهەمیشە دوواکەوتنمان و ناخۆشی و بەڵاکانمان بخەینە سەرشانی دووژمنانمان و لەهەموو ناشرینی یەکانمان و مۆڕاڵە سەقەتەکانمان بەدێرێک خۆمانی لێدەرباز دەکەین و پاڵی لێدەدەینەوە . لەهەرکاتێکدا خراپە یان هەڵەمان کردبێت ووتومانە : ( دووژمن نایەڵێت سەردەربێنین لەهێلکە ) بەو واتایەی کە ئێمە هیچ کەم و کورتی یەکمان نی یە و میللەتێکی دوواکەوتوونین و ئێمە خۆمان زۆرباشین و ئەوەی بەسەرماندا دێت هەمووی دووژمنانی گەلی کوردە پێمانی دەکات و هیچ خەتای خۆمانی تێدانی یە . لەڕاستیشدا وانی یەو زۆربەی نەهامەتی یەکانی بەسەر نەتەوەی کورددا دێت هەڵەی خۆی تێدایەو بە ڕێژەیەکی زۆریش هەڵەو خیانەتی سەرکردەکانێتی بێجگە لەوەی دەستی ڕەشی دووژمنان لەگەردەنمان ئاڵاوە . بۆئەوەی ووشیاربینەوەو هەنگاوێک پێش بکەوین دەبێت زیاتر بەخۆماندا بچینەوەو ڕەخنە لەخۆمان بگرین . ئامۆژگاریم بۆ دەستەو دڵسۆزانی مام جەلال تاڵەبانیش ئەوەیە کە هێڵێک و سنورێک دابنێن بۆ مام جەلال چونکە لەتەمەنی یاسایی ئیش و کاری ڕامیاری دەرچووەو دووژمنان کاری گەورەتری پێ ئەنجام دەدەن کەبەزەرەری میللەتی کورد تەواو دەبێت و ئابڕووشمان دەچێت لەجیهاندا و خوێنی ئەو هەموو شەهیدەش کەبەدرێژایی سەدەیەکە میللەتی کورد داوێتی بەخۆڕایی دەڕوات ، باشترین کارێکیش کەبیکەن ئەوەیە مام جەلال خانەنشین بکرێ و دانیشێت بەڵام بەشەرتێک کورەکەی لەجێی خۆی دانەنرێت .!. حەزیش دەکەم لێرەدا بۆ زۆربەی سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێناسەیەکی کاری ڕامیاری یان ڕامیار (السیاسة) بکەم چونکە هەندێک لەسەرکردەکانی کورد واحاڵی بوون کەکاری ڕامیاری یان گەمە ڕامیاری یەکان بریتین لەدرۆکردن و

فرۆفێڵ و هەندێ کرداری خراپی بەرزو نزم و زۆر ووتن و بەکارهێنانی ووشەی بێگانەو چەند ووشەیەکی ئینگلیزی بۆ خۆ دەرخستن و .. هتد لەڕاستیدا وانی یە و پێچەوانەکەی ڕاستە . کاری ڕامیاریش بریتی یە لەبەڕێوەبردنی خەڵک و پێشخستنی ووڵات و پارێزگاری لەخاک و نەتەوەو بەرژەوەندی هاووڵاتیان و دانی کارو دروست کردنی ژیان و باشکردنی بژێوی خەڵک و ئارامی و ئاسایشی نیشتمان .

٤-مادەی ١٤٠ دەتوانین بڵێین گەورەترین کێشەی ئێستەی کوردستانە ئایا پێتان وایە حکومەت بەگوێرەی پێویست لە ئەرزی واقعدا کاری بۆ ئەو مادە کردبێت؟ چونکە دەبیسین کە دەستەڵاتدارانی کورد لە بەغدا زۆر شەفاف نین وەك چۆن لە ڕاگەیاندنە کوردیەکاندا وا نیشان دەدەن.

+ لەڕاستیدا هەرکێشەیەکی کۆمەڵگا یان تەنگووچەڵەمەو تەگەرەکانی نەتەوەیەک لەهەر ووڵاتێکدا کرا بەژمارە وەکو ( ٥٨ ، ١٤٠ ، ٢٤ ) مەبەست لەدوواخستنی چارەسەری کێشەکەیە ، ئەگەر ئەو کێشەیە بەژمارە مایەوەو هەر دواخرا مەبەست لەنەکردنێتی . وەکو دەسەڵاتی ناوەند نابێت چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین کەخۆیان ماف و ژیان و ئازادیمان بۆ دەستەبەر بکەن چونکە دەبێت ئێمەی کورد هەوڵ و تاقیکردنەوەکانمان لەیاد نەچێت کە بەدرێژایی مێژووی سەدەیەکە لەگەڵ نەتەوەو دەسەڵاتە سەردەستەکاندا هەمانە وەکو عێراق و ئێران و تورکیاو سوریاو هەندێک یان زۆربەی ووڵاتانی کەنداووو نزیک بەئیمە هەمانە کەهەمیشە ڕاووبۆچوونیان خراپ بووە بەرامبەرمان و مافی کەمترین بوون و ژیانیان پێ ڕەوا نەبینیووین . کەواتە دەبێت خۆمان مافی خۆمان بەدەست بهێنین و چاوەڕێی دەسەڵاتێک نەکەین ئازادیمان بداتێ کەخۆی جارێ کۆیلەیە . وەکو دەسڵاتی کوردیش هەوڵی داوە بۆ ئامانجەکانی گەلەکەمان بەڵام لەچاو هەبوونی کەموکوڕی یەکان و بەگوێرەی پێویست

نەبووە زیاتر ململانێی پارتایەتی و وەدەستهێنانی باری ماکی ( مادی ) خۆیان بووە . لەوەدەچێت و پاڵەپەستۆش زۆربێت لەسەر دەسەڵاتی کوردی کە بەپارە بەرامبەر ناوچە دابڕاوەکان ڕازی بێت و هەرزوویش دەسەڵاتی ناوەند ڕایگەیاند کەبودجەی ساڵی ۲۰۰۹ ئەکاتە ٦۷ ملیار دۆلار ئەمە پیشاندان و مەرامی دەم چەورکردنی دسەڵاتی کوردی یە چونکە بەشی زۆری هەیە لەو پارەیەدا .

٥-بازاڕای کوردستان بەشێوەیەکی زۆر ناسەنگ بەرز دەبێتەوە هۆکاری ئەم کێشەیە بۆچی دەگەڕێننەوە؟ وە کێ بەرپرسە لە چاککردنی؟

+ کەباس لەئابووری و بازاڕ دەکرێت دەبێت بانک و کارو بەرهەم و ژێرخانی ئابووریت هەبێت . وەهەروەها کشتووکاڵ ، پیشەسازی ، نەوت ، بازرگانی و .. هتد گرنگن و ئابووری هەر وولاتیک بڕبڕەی پشتی ئەو وولاتەیە بەمەرجێک ئەگەر دەسەڵات بەشێوەیەکی پاک و ڕاست و دروست لەخزمەتی وولاتەکەیدا بێت .

پەرەپێدانی ئابووری و گەشە کردن و بەرەو پێشچوونی باری ژیانیی هاووڵاتی لەهەر ووڵاتێکدا لەهەموو بوارو بارێکی ئابووری یەوە پەیوەستە بەم خاڵانەی خوارەوە :

آ/ باشترین و دەووڵەمەندترین ئابووری لەجیهاندا کشتووکاڵە کەپێی دەڵێن نەوتی هەمیشەیی چونکە نەوت بیرەو لەدوارۆژدا تەواو دەبێت بەڵام کشتووکاڵ لەپتربووندایەو تەواوبوونی نی یە . کەواتە بوژاندنەوەی دێهات و گرنگیدان بەبەرهەمی ئاژەڵی و دانەوێڵەو .. هتد .

ب/ کەم کردنەوەی کڕین و هێنانی شتوومەک لەدەرەوەی وولات و پیشەسازی خۆماڵی و کارو بەرهەمی ناوخۆیی هەموو ووڵاتێک دەبێتە ئابووری باش و پتەو بۆ ئەو ناوچەیە .

ج/ کاری پاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و فراوان کردن و دروستکردنی

کارگەو وەبەرهێنانی خۆماڵی و خستنە بازاڕی پارەی زۆری دەووڵەت لەکارو فەرمانەکانی هاووڵاتیان و هەرزان فرۆشی هەندێک کەلوپەل بۆ هاووڵاتیان کەلەبنەڕەتدا گرانە لەبری دابەشکردنی بودجەی وولات وەکو پارەی نەوت ، کشتووکاڵ ، باج ، گومرگ .. هتد .
د/ یارمەتیدانی هاووڵاتیان لەباری مالی یەوە ( مادی ) لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆکارو پرۆژەی گەورەو سوودبەخش و گرنگیدان بەشتوومەکی خۆماڵی .
ها/ نەمانی بەرتیل و خزم خزمێنەو پارەخواردن لەدەرچوونی پرۆژەی گەورەو کاری بەڵێندەریدا .
و/ سیستمی یەکسانی کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری و یارمەتی هەژارانەو .. هتد .
ی/ قەدەغەکردنی بازرگانەکان و کردەوەکانیان بەرامبەر خەڵکی هەژارو بێدەرامەتی کورد و یاریکردن بەنرخی بازاڕو چارەنوسی خەڵکی و بەئارەزوی خۆیان بەرزو نزمیی بەبازاڕکردن.
٦-زۆرێك مەترسی ئەوەی هەیە کێشەی کوردو عەرەب پەر بسێنێ بەشێوەیەکی وا سەرەنجامەکەی بگاتە شەڕ ئایا تاچەند ئەم ترسە لە جێگەی خۆیدایە؟
+ لەڕاستیدا هەم بەعسیەکان و هەم قاعدە لەلایەک و وولاتانی دراوسێ و بەتایبەت سوریاو ئیران لەلایەکی ترەوە زۆر بەپەرۆشن و هاندەری باشن بۆ شەڕی ناوخۆی عێراق چونکە بەرژەوەندیان لەوەدایە کەعێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی تێک بچێت و هیچی بەسەرهیچەوە نەمێنێت و بەتایبەت کورد کە ئەوان هیواخوازن هەرگیز نەکەوێتە سەرپێی خۆی. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو دەستانەو پارەیەکی بێشوماریش خەرج دەکرێت بۆ تێکدانی عێراق و شەڕی ناوخۆی عێراق یان شەڕی کوردو عارەب بەڵام ئەوە دورە لەوەی کە شەڕی ناوخۆ دروست بکات بەتایبەت کوردو عارەب .

٧-ماوەیەکە بەشێوەیکی زۆر ئاشکرا تەکەتولات لەناو یەکێتی نیشتمانیدا دەبینرێت، وە سەرەنجامەکەی بەدەرکردنی هەندێك کادیری ناوداریان کۆتاییان پێهات ئایا پێتان وایە ئەم کارەی یەکێتی چارەسەری گرفتەکانیان بکات؟

+ دەرکردنی ئەندام دەبێت بەیاساو پەیڕەوی ناوخۆی ئەو پارتەبێت نەک هەروەها بەئاسانی و لەبەر ڕاوبۆچوونی جیاوازو لەدورەوە بەبڕیاری تەنها کەسێک ئەندام دەربکرێت کاری ئاوا جێگەی سەرسوڕمانە بەتایبەت لەلای خەڵکی ئازادیخواز . کێشەی ناو یەکێتی کێشەی ئێستا نی یەو لەبیست ساڵ لەمەوبەرەوە ئەو پارتە کێشەی ( فیکری ) تێدایە و بۆ نمونە خەڵکێکی شۆڕشگێڕو پاک دەیانەوێت گۆڕانکاری تێدابکەن و پێشکەووتن لەهزری سەرەوەی ئەم پارتەدا دروست بکەن وەکو پارتێکی سۆسیال دیموکراتی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەڵام هەوڵەکان بەهەدەر دەچن و بائاکام ناگەن ئەویش لەئەنجامی دەست بەرنەدانی سکرتێرو کۆمەڵێک خەڵکی دەوری سکرتێری ئەم پارتە کەوەکو سیستمی بنەماڵە دەستیان بەسەردا گرتووە هەم داهات و پارەکەی هەم دەسەلاتیش تێیدا . یەکێتی لەبەرواری ١٩٧٥/٦/١دا دامەزراوە ئێستاش کەساڵی ٢٠٠٨ ەو ماوەی ٣٣ ساڵە ئەم پارتە هەیە هەمان سکرتێری هەیە کە مام جەلالەو تەمەنی ٧٥ ساڵەو بەیاسای نێودەووڵەتی خانەنشینی ١٠ ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕیوە چونکە خانەنشینی بەگشتی لەئەوروپای ڕۆژئاوا لەتەمەنی ٦٥ ساڵیدا دەبێت و شتی ئاوا لەم جۆرەش لەهیچ پارتێکی سۆسیال دیموکراتدا نابێت و نەبووە . ئەو بزوتنەوە چەپ و شۆڕشگێڕی و هەوڵانە لەهەشتاکانەوە بەردەوامە لەناو یەکێتیدا هەتا ئێستا نمونەشیان : ( ئاڵای شۆڕش ، ڕیفۆرمخوازان ( گۆڕانکاران ) ، ڕەگ ) بەڵام لەبەرئەوەی جاران یەکێتی لەبەرەی شۆڕش و خەباتدابوو هەلێک نەخوڵقاوە کەکادێرەکانی کاری ڕەخنەو کاری ڕێکخراوەیی خۆیان وەکو یاسای پارت و ڕێکخراوەیی بچەسپێنن و سەردەمی شاخیش جیاوازبووە

لەئێستاو ئەوکات تارِادەیەک یەکێتی بۆنی شۆڕش و شۆڕشگێڕی لێهاتووە بەڵام ئێستا لەبەرەی گەلدا نی یەو خەڵکێکی دڵسۆزو کارامەی ناو ئەم پارتە دوورکەوتونەتەوەو کار ناکەن و ئێستاش یەکێتی نیشتمانی کوردستان پارتێکی یاسایی و ( شەرعی ) نی یە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

آ/ نزیکەی ۳۳ ساڵە یەکێتی وەکو پارت و ڕێکخراو هەمان سکرتێری هەیەو نەگۆڕاوەو تەمەنی ۷۵ ساڵ دەبێت و ماندوبوونی پێوەدیارەو .. هتد .

ب/ بۆتە پارتێکی بنەماڵەیی و مام جەلال لە کوڕو ژن و ژن براو ژن خوشکو برازاو .. هتد هەمووی دەووڵەمەندو دەسەڵات و پلەوپایەی بەرزیان هەیە لەناو یەکێتیداو بەتایبەت شاناز خانی ژن خوشکی هەموو شتێکە لەلەندەن تەنها ئەگەر یەکێتی بچووکترین و کەمترین داواکاری هەبێت دەبێت شانازخان ئەرێی لەسەربێت و ڕازی بێت . قوباد تاڵەبانی کەکوڕە گەورەی مام جەلالە نمایندەو سەفیری کوردە لە ئەمریکا .. هتد . کەچی سەدان و هەزاران خێزانی کوردیش هەن کەهەموو ژیانیان خۆبەختکردن و خەبات بووە بۆ کورد کەچی ئەمڕۆ برسی و بێکارو وەلانراون .

ج/ سیستمی ماستاوچێتی و خزم خزمێنەو ناسین کاری پێدەکرێت چونکە هیچ پێوەرێکی تر نی یە لەناو یەکێتیدا بۆ کارکردن بەوواتایەکی تر پەیڕەوو بەرنامە خەڵکن نەک پرۆگرام و کار .

د/ ڕانەگەیاندنی بوودجەو شێوەی خەرجکردنی و دەووڵەمەندبوونی زۆربەی ئەندام و لێپرسراوانی بەشێوەیەکی ناسروشتی و بێ بەرنامەیی و بێ پلانی و کەم و کوڕی زۆرو نزمی ئاستی ئابووی و ژیانیی خەڵک و گرانی و بێ دەرامەتی زۆرینەی هاووڵاتیان و بۆردوومانی سنورو بێ ڕێزی کردن بەگەنج و هەڵهاتنیان بۆ دەرەوەی ووڵات .

۸-گەندەڵی دەستەڵاتدارانی کوردستان گەشتۆتە ئاستێکی وا لەهەموو

کۆڕو کۆبونەوەیەکدا باسی لێوە دەکرێت، ئایا پێتان وانی یە سەرنجامی ئەو گەندەڵیانە ئۆپۆزسیۆنێك لەناو خۆیاندا دروست بکات دژ بەو گەندەڵیە؟
+ بەڵێ ڕاستەو بەرهەڵستکار ( ئۆپۆزیسیۆن ) ی دروست کردووەو بەشێوەیەکی بەربڵاوو زۆر بەڵام لەبەرئەوەی ئەم پارتە هەم کۆنگرەو هەم کۆنفراس نابەستێت بۆیە ئەندامی گەورەو بچوکی ئەو پارتە هەموو ئەو ڕەخنەو پرسیارانەی هەیانە لەلایان دەمێنێتەوەو هەڵئاوسانێکی ناسروشتی ڕامیاری دروست دەکات . خەڵکی وەکو هاووڵاتی سادەی بەرهەڵستکار لەشەقام و ماڵ و کۆڵانەکان هاواریانەو وەکو نوسەران و ڕامیارزان و مرۆڤی شۆڕشگێڕیش لەم شوێن و ئەو شوێن و لەڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان دەنووسن و مقۆمقۆیانەو ئەوەتا دەبینی گەورەترین هەڵەی یەکێتی لەوەدایە گوێ ناگرێ و خەڵکانی باشی لەلانەماوەو خەڵکی دلسۆزیش لەلایەن مام جەلالەوە دەردەکرێن و خەڵکی پاشەڵ پیس و داوێن پیس و .. هتد دەمێننەوەو گەورە دەکرێن و ڕێزیان لێدەگیرێت و من بەش بەحاڵی خۆم لەمێژە هەستم بەکەموکووڕی و ناسروشتێتی کاری ڕامیاری لەناو یەکێتیدا کردوەو بۆ وێنە ووتارێکم هەیە بەناوونیشانی ( یەکێتی و سۆسیال دیموکراتی کوجا مەرحەبا ) لەبەرواری ٢٠٠٦/٢/١٣ دا نووسیومەو لەئارشیفی کوردستان نێتدا هەیە دەتوانن بیخوێننەوەو ڕاووبۆچوون و ڕەخنەکانی کەئەمڕۆ لەیەکێتی دەگیرێت و لەبەر بەرژەوەندی خەڵکی سڤیلی ناوچەکەو یەکێتیدایە هەمووی پێش سێ ساڵ من نووسیومەتەوەو بەیەکێتیم ووتوە بەڵام خەڵکانی ماستاوچی لەلایەک و نزمی ئاستی لێپرسراوەکان لەلایەکی تر بارەکەی ئاڵۆزتر کردووەو بەداخیشەوە زەرەرمەندی یەکەم خەڵکی هەژاری کوردستانە .
دوا ووتە:
کارێک بکریت سەردەمیانەو ژیرانە بێت و هیوایەک ببەخشرێتەوە بە نائومێدی خەڵک و کارێک کە دووژمنانی گەلەکەمانی پێ خۆش نەبێت و مام جەلال خۆی

خانەنشین بکات و بەڕێوەبەرانی ڕامیاری سەرەوەی یەکێتی (مەکتەبی سیاسی) خەڵکانی دڵسۆزو پاک لەخۆیان کۆبکەنەوەو دادگایی خۆفرۆشان بکەن و هەوڵ بدەن گەندەڵی کەم بکرێتەوەو بودجەو پارەی کوردستان بۆهەموان بێت و نەک یەکێک هێندەی دەووڵەتیکی هەبێت و هەزارانی تریش برسی و بێ ماڵ و ژیان بن چونکە ئەگەر یەکێتی لەسەر ئەو ڕایەی خۆی بمێنێ و خۆی بە سۆسیال دیموکرات بزانێت ئەوە هەڵەیەکی گەورەیەو پەیڕەوو پرۆگرامی لەو جۆرە پارتە ئاوا نی یەو بەڵکو بەپێچەوانەوەیە . خوای گەورە مرۆڤی دروست کرد چاوو گوێی بۆدروست کرد بۆ بینین و گوێ گرتن لەیەکتری و زمانیشی دروست کرد بۆ ئەوەی ڕێزو پێکەوە ژیان و ئازارو ناخۆشی یەکانی خۆی پێ بڵێت و چارەسەر بکات .. کەواتە کاتێک مرۆڤێکی ڕاستەقینەین کەگوێ لەیەکتر بگرین و بەزمانێکی شیرین و سەردەمیانە گفتووگۆو ڕاوێژبکەین. دوواهەمین ڕستەم ئەوەیە بۆ یەکێتی کە کۆنگرە ببەستن و کاری باش و دیموکراتیانە بکەن و هەست بەلێپرسراوێتی بکەن بەرامبەر خەڵکی کوردستان چونکە خەڵکی چاویان کراوەتەوەو دوای تاک ڕەووی و زووڵم و تاریکی و درۆ ناکەون .

کورتەیەك لە ژیانی مامۆستا حەمید عەزیز

ناو : حەمید عەزیز شوکور

لەدایک بووی ساڵی ١٩٦٣ / سلێمانی / گەڕەکی سەرشەقام

لەخێزانێکی هەژارو نیشتمان پەروەردا گەورەبووە

دەرچووی ئامۆژگای مامۆستایان / هەولێر ساڵی ١٩٨٦/ ١٩٨٧

دەرچووی خولی ئامۆژگای مامۆستایان / سوید ساڵی ٢٠٠٤ / ٢٠٠٥

خێزاندارو خاوەنی سێ منداڵە دوو کوڕو کچێک بەناوەکانی ( پاشا،پایان ،پاراو ) تەمەن درێژ بن

کاروپیشە : مامۆستای سەرەتایی لەووڵاتی سوید.

# هەرێم سەرتەکی: پێویستە لەدەستوری تورکیا مافی کورد وەك ناسنامەو زمان و کلتوری دیاری بکرێت



زۆرێك بەردەوام گلەی و گازندەی خۆیان بەرز دەکەنەوە لە دەستەڵاتدارانی کوردی بەهەموو بەشەکانیەوە، زۆرجار هۆی بێزاریان کاردانەوەی خراپیشی لێ دەکەوێتەوە، زۆر جاریش گەشتۆتە خۆ سوتاندن، هەردەم دەستەڵاتداران بە چەندەها ناوی جۆراو جۆر ناوزەند دەکەن و بە ناکاراو هەتا نەزانیش ناو دەبەن، ئەم کێ بەرکێیە ئاستەنگەکانی زیاتر بەرز کردۆتەوە، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە حیزبە کوردیەکان بە ناکاراو کەمتەرخەم ناو دەبەن پێمان خۆش بوو ڕووبەڕووی باڵی سیاسی پەکەکە بەناوی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بکەینەوە وە وەڵامی بەڕێزیان وەربگرین بۆ ڕەواندنەوەی ئەو جۆرە ووتانە ئەم پرسیارەو چەند پرسیارێکی ترش ڕووبەڕووی هەرێم سەرتەکیمان کردەوە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و باڵی سیاسی پەکەکە بەڕێزیشیان بەڕاشکاوی وەڵامی یەك بەیەك پرسیارەکانی داینەوە بەم شێوەیە:
قیبلە: تاچەند بڕواتان بە دانوستان هەیە لەگەڵ تورکیادا؟ ئایا پێتان وا نی یە

حکومەتی تازەی تورکیا زیاتر دەرفەتی ڕەخساندبێت بۆ دانوستان؟
ئێمە وەك حەرەکەتی ئازادی پەکەکە هەر لە سەرەتاوە بڕوامان بە دانوستان هەبووەو خەباتی سیاسیمان بەڕێوە بردووە، بە ناچاری دەستمان بە خەباتی چەکداریش کردووە، چونکە لەو کاتەدا دەوڵەتی تورك بڕوای بە کێشەی کورد نەبووە. حکومەتی تازەی تورك نەخێر هیچ دەرفەتی نەڕەخساندووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەر چەندە لە سەرەتای هەڵبژاردنی تورکیادا دادو گەشەپێدان پڕوپاگەندەیەکی زۆری کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڵام هەر لە سەرەتای هاتنە سەر حوکم دادو گەشەپێدان لەگەڵ سەرۆکی عەسکەریەکان ڕێکەوتن بۆ هێرش کردنە سەر باشوری کوردستان، تا ئێستاش کێشەی کورد ئەیەوێت بە ڕێگەی سەربازی چارەسەر بکات. بەڵام کێشەی کورد بێگومان هەر دەبێت بەڕێگەی سیاسی چارەسەر بکرێت.
قیبلە: حکومەتی کوردی تا چەند هاوکارتانن وە پێشنیارتان چی یە بۆیان؟
حکومەتی کوردی نەك هاوکاری ئێمە ناکات بەڵکو ساڵانێکی زۆر هەردوو حیزبی دەستەڵاتدار یەکێتی و پارتی پەلاماری ئێمەیان دا! ئەو شەڕانەش بووە هۆی ئەوەی کێشەی کورد بەرەو دواوە بڕوات. چونکە ئەگەر ئەو شەڕانە ڕوویان نەدایە ئێمە دەمانویست لەو کاتەدا خەباتی عەسکەری خۆمان لە باکوری کوردستاندا بەرەو پێش ببەین، ئێستەش جۆرە شەڕێکی ڕاگەیاندنمان لەگەڵ دەکەن، هیوادارم واز لەو پڕو پاگەندە ڕاگەیاندنەیان بهێنن، چونکە کیشەی کورد لە هەر چوار چێوەی کوردستاندا یەك کێشەیە هەتا کێشەی کوردی لە باکوری کوردستاندا چارەسەر نەبێت لە باشوریشدا چارەسەر نابێت. ئێستەش دەمانەوێت کۆنفراسی نەتەوەی ببەستین هیواداریین ئەوانیش بەشدار بن تیایدا، چونکە هەتا یەکێتی نەتەوەی دروست نەبێت کێشەی کورد بەباشی چارەسەر نابێت.

**قیبله: پێشنیاری حکومەتی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنن بەوەی کە داوای چەك دانانیان کرد لە پەکەکە؟ وەڵامتان چی یە بەوەی کە بە تیرۆریست ناویان بردن؟**

**تا ئێستە ئێمە پێنج جار ئاگر بەستمان ڕاگەیاندووە بەڵام دەوڵەتی تورك هیچ هەڵوێستێکی دیموکراتی نەبووە، بەڵکو هەتا دوای بە چەك و توندو تیژی و ئینکاری کردنی کورد وەڵامی ئاگر بەستیان داوەتەوە، بێگومان ئێمە هەر لەیەکەم ڕۆژی شۆڕشدا هەتا ئێستا شەڕو سیلاح ئامانجمان نەبووە، بەڵام هۆی نەبوونی بناغەی گفتوگۆو دانیشتن لەسەر چۆنێتی چارەسەری کێشەی کورد ئێمە پاراستنی خۆمان دەکەین و هەوڵ بەرەو پێش دەخەین، هەرکاتێك بناغەی گفتوگۆ پێش بکەوێت و کێشەی کورد بەرەو چارەسەری بڕوات ئێمە واز لە شەڕی چەکداری دێنین. هەڵوێستی حکومەتی هەرێم کە ئەڵێت پەکەکە تیرۆریستە تەنها هەڵوێستێکی داگیر کەرانەیە، حکومەتی کوردی دەزانێت بەو پێشنیارانە ئێمە چەك دانانێین بەڵام ئەیانەوێت بەو بانگەشە بێ بنەمایانە ئێمە بچوك بکەنەوە لە بەرانبەر حکومەتی تورکیدا. کێشەی کورد کێشەیەکی ڕەوایە چ لە باکور چ لە باشور چ لە ڕۆژهەڵات وە چ لە ڕۆژئاوا بە باشی و خراپی پێکەوەیە وە ئەو سیاسەتەی کەلە سەر ئێمە پەیڕەو دەکرێت تەنیا سیاسەتی پارچەکردنی کوردە بەزمانی دەسڵات دارێتی کورد ئەمە پێش دەخەن.**

**قیبله: تا چەند دەست پێشخەر بوون بۆ زیاتر نزیك بوونەوەو لێك تێگەشتن لەگەڵ حکومەتی تورکیادا؟ بە مەبەستی چارەسەری کێشەکان بە سیاسی؟**

**تا ئێستا پێنج جار دەست پیشخەریمان کردووە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان بەڵام دەوڵەتی تورك هەموو جارێك بەچەك و توندو تیژی وەڵامی ئێمەی داوەتەوە ئێمە پێمان وایە هەتا دەستوری تورکیا نەگۆڕێت کێشەی کورد لەو پارچەیەدا هیچ چارەسەر ناکرێت، چونکە دەستوری تورکیا هیچ مافێك بۆ کورد**

دیاری ناکات، پێویستە لەدەستوری تورکیا مافی کورد وەك ناسنامەو زمان و کلتوری دیاری بکرێت بۆ چارسەرکردنی کێشەی کورد لەو پارچەیەدا.

قیبلە: جموجوڵی سیاسیتان چۆن دەبینن لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستاندا؟

ئێمە وەك حەرەکەتێکی سیاسی خەباتی خۆمان لەناو خۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا بە ئیرادەی پۆڵاینەوە بەڕێوە دەبەین وە هەوڵ دەدەین پێشی بخەین هەرچەند زۆر جار لە باشوری کوردستاندا زەختێکی زۆرمان لەسەرە لەلایەن حیزبە دەسەڵات دارەکانی یەکێتی و پارتی یەوە بەڵام ئێمە هەر خەباتی خۆمان بەڕێوە دەبەین، هەروەها لە دەرەوەی کوردستانیشدا هەندێك وڵات هەتا ئێستا ڕێ لە چالاکیەکانی ئێمە دەگرن کە ئەوەش دوورە لەهەموو بنەماکانی دیموکراتیەتەوە بەڵام ئێمە هەر خەباتی خۆمان بەڕێوە دەبەین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئێمە خەباتی ڕێکخستنی سیاسی و ڕاگەیاندنی خۆمان بەڕێوە دەبەین لەباکوری کوردستاندا، ئێمە خەباتی خۆمان بەرەو پێش دەبەین هەوڵی زیاتر دەدەین لە هەڵبژاردنی ٢٩ی ئازاردا دەنگی باش بەدەست بێنین لەڕۆژئاوای کوردستانیشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەباتی ئێمە بەرەو پێش دەچێت بەگشتی ئێمە خەباتی خۆمان لە هەر چوار پارچەی کوردستانداو دەرەوەی کوردستان بەڕێوە دەبەین وە پێشی دەخەین هەوڵ دەدەین کێشەی کورد بەگشتی بەشێوەیەکی دیموکراتی چارەسەر بکەین

قیبلە: هەموو لایەنە پۆزەتیف و نەگەتیفی ئەو جموجوڵانە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

لایەنی پۆزەتیفی ئەم حەرەکەتەی ئێمە بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێنمەوە وەك ئەم حەرەکەتی ئێمە لەسەر بنەمای کێشەی ڕەوای کورد دروست بووە، داوای کێشەی ڕەوای خۆی دەکات، بەلای منەوە ئەم حەرەکەتە هیچ لایەنێکی نەگەتیفی نی یە هەتا ئێستە قوربانیەکی زۆری داوە بۆ کێشە ڕەواکەی خۆی کە

کێشەی گەلی کوردە.
قیبلە: ئایندەی خۆتان چۆن دەبینن؟
ئێمە هەر لە دەرچوونی حەرەکەتی پەکەکەوە لایەنی ئایدۆلۆژی فەلسەفی و ڕێکخستنی خۆمان بە پێشەنگی کوردستانێکی ئازادو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی دیموکراتێك خۆمان دەبینین.
دوا ووتە: لە ئاکامی ئەم هەموو کێشمە کێشمە بە گەواهی مێژوو پێویستە ببێتە وانەیەك بۆمان و وە زیاتر لەمە بۆ خۆمان نەکەین و یەکگرین.
قیبلە: زۆر سوپاس بۆ وەڵامەکانتان و کاتمان گرتن
بەخێر بێن و سوپاس بۆ ئێوەش
پەیامی قیبلە: کاتێك بە مێژووی دێرێنی کورددا دەڕوانین زۆرجار بەئاشکرا دەبینین هەلی زۆر زێڕین لەلایەن دەستەڵاتدارانی کوردەوە لە دەست دراوە لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر دڵسۆزی و ئەوپەڕی توانایانەوە کاریان بۆ کردووە، لە دوای نەمانی حیزبی بەعسەوەو کەوتنەوە دەستی هەندیك لەو خاکە داگیر کراوەی کە بەدەستیانەوە بوو پێمان وایە هەلی زۆر زێڕینیش لەلایەن دەستەڵاتدارانی کوردەوە لەدەست دران یەکێك لەوانە شەڕەکانی نێوان حیزبە کوردیەکانی کوردستانەوە بوو لەگەڵ پەکەکەدا، کە ئەم شەڕانە بێگومان بەهیچ شێوەیەك لەبەرژەوەندی کورددا نەبوون، وە مێژوویەکی ڕەشی تۆمار کرد، هەروەها ئەو زەمینەش کە بۆ ئێستەی کورد ڕەخسیوەو وە بەدەمەوە نەچوونی وەك پێویست لەلایەکی تر، وە زۆر جار شەڕی سارد، نەش ڕۆشتووە بڕوات هەروەك چۆن پشتاوپشت ئەم کێشانە هاتووەو وە خەریکە لە ئێمەش ڕەد دەبێت دەتوانین لە هەر هەڵەیەك سودێك وەربگرین وە گەر بە تەمەتی ئێمەش چارەسەر نەبوون با کارەکان بۆ نەوەکانمان ئاسانتر بکەین.
هەروەك چۆن گرنگە فکری ئیلحادی تێکەڵی کاری شۆڕشگێری نەکرێت لە

کاتێکدا میللەتی کورد میللەتێکی مسوڵمانەو بە ڕۆحیەتی بەرزی دینیشەوە دەڕوانێتە ئەو شۆڕشانەو گەر لەو پێناوەدا بمرێت خۆی بە شەهید دەزانێت، لەبەر ئەوە گرنگە فکری دینی و ڕۆحیەتی بەرزی ئیسلامی پاك و بەرز ڕابگیرێت ئەوسا بێگومان خزمەت بە شۆڕشەکەش دەکات.

٢٠٠٩/٠٤/٠١

## نمونەی وتارو هەڵوێستێکی هەرێم سەرتەکی، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆری دەربەندیخاندا

تەنها بەناوی خوا

ئامادەبوانی بەڕێز پێش هەموو شتێك بەناوی دەستەی ڕێکخەرانی ئەم خۆ پیشاندانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەین و هەوڵ و ماندوو نەبوونتان بەرز دەنرخێنن.

بەڕێزان چەند خاڵێك  بە گرنگ و پێویست دەزانن لەم ساتەدا تیشکیان بخەینەسەرو ڕوون بێت لای بەڕێزتان.

ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد لە شاری دەربەندیخاندا هەڵوێستی نەتەوەی لە ئاست تۆپبارانەکانی ئێران و تورکیا هەر لەسەرەتاوە بکرایە، ئەڵبەت دیارە نە دەستەڵات و نە ئۆپۆزیسۆن بەداخەوە نەیان کرد کە دەبوو دەربەندیخانیش هاوشانی شارەکانی تر هەڵوێستی دوانەکەوتایەو تا ئێستە چەند جار ئەم کارە بکرایە.

وە ئێمە پێمان باش بوو لەناو شاردا ئەم خۆپیشاندانەمان بکردایە بەڵام دەستەڵات بە نارەحەت مۆڵەتی ئێرەشیان پێداین.

تۆپبارانەکانی تورکیاو ئێران ئەگەر بە ووردی خوێندنەوەی بۆ بکرێت بەئاشکرا

دەگەین بەو بڕوایەی ئامانجی تورکیاو ئێران تێدا لاوازکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. گەرچی بە بیانوی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پەژاك، وە پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە، کە دوو حیزبی چالاکی کوردین لە ڕۆژهەڵات و باکورداو خەبات دەکەن بەشێوەیەکی چالاکانە، ئەو کارانە دەکەن. ئەوەش  بە کردەوە نا مرۆڤانە جیا بەجیاکانیاندا بۆمان دەردەکەوێت لەلایەك ئاو دەگرنەوەو لەلایەك خەڵکی بێ تاوان دەکوژن لە سەروی هەمووشیەوە بەردەوامیان لەسەر کردەوە ڕەشەکانیان.

بەداخیشەوە لە سەردەمی جیهانی تازەگەری و بەناو مافی مرۆڤ و ناوی جۆر بەجۆردا، نەمان بینی ئەو وواڵاتانەی لاف و گەزافی مافی مرۆڤ لێ دەدەن هەڵوێستی دیارو ڕێگریان لە ئاست تۆپبارانەکاندا هەبوایە، لەسەروی هەموویانەوە ئەمەریکا کە خۆی تا ئێستەش دەستیان لە عێراقدا وەك سەربازی و دیبلۆماتی هەیە، وە وواڵاتانی عەرەبیش بەلایەك.

تورکیاو ئێران بە هەموو شێوەیەك دژایەتی کوردەکان دەکەن و داوای چەك دانانیان لێ دەکەن و بەناوی سیاسەت و خەباتی سیاسەتەوە دەیانەوێت پەڕوباڵی کورد بکەن، کەچی پەژاك و پەکەکە چەکی ئاسای و سوك بەکار دەهێنن، ئەوان تۆپ و تەیارەو ئەوەی پێیان بکرێت بەکاری دەهێنن، خەباتی سیاسیش نموونەی زۆرمان لەبەردەستدایە چۆن لە تورکیا تەنگژەی سیاسی بۆ کوردانی باکورد دروست دەکەن، بینیمان خەتیب دیجلە  نەوەد هەزار دەنگی بەدەست هێنا کەچی ئێستەش لە زینداندایەو لە جێگەیدا کەسێکی تریان دانا حیزبی دەستەڵات، وە وەفدی ئاشتی کە پەکەکە ناردیان کوا سیاسی و دیبلۆماتیەکان هەموویان زیندانی کردن، وە ئەوەش ڕوونە کە ئێران ڕۆژانە کوردانی ڕۆژهەڵات لە سێدارە دەدات، ئیتر بەچی شێوەیەك ئەوان متمانە بکەن چەك دانێن و دەستەڵاتی کوردیش بەچی لۆژیکێکەوە قسەکانی

ئەوانیان بۆ دووبارە دەکەنەوە، ئەگەر هەمان ووتە بە سەرکردەکانی یەکیەتی و پارتی بوترایە لە زەمانی شاخدا چییان دەووت، بێگومان نەك شتێکی نەشیاوە بەڵکو جێگەی شەرمیشە ووتنی.

کۆتای بەوە دەهێنم گرنگە هەستی نەتەوایەتیمان بەگشتی بەهێز تر بکەینەوەو گشتگیرانە تر هەڵوێستمان هەبێت نەك هەر کۆمەڵەوە لە لایەك و بەجۆرێك لە جۆرەکان پەرش و بڵاوی پێوە ببینرێت، چەند گرنگ و کاریگەر بوو سەرتاسەری کوردستان پێکەوە خۆپیشاندانیان لە دژ ئێران و تورکیا بکردایە، ئازاری کوردێك لە هەر جێگەیەکی ئەم خاکەدا بێت دەبێت وەك ئازاری خۆمان تێی بڕوانین، بەڵام بێگومان بن مەترسیەکان زۆرن و دوور نی یە ڕۆژێك ئاوی سیروانیش لە ئێمەش نەگرن و بناری بەمۆش تۆپباران نەکەن، خۆ لە یادمان نەچووە نەوەدەکان قەسڵانیان تۆپباران دەکرد، گرنگە هەڵویستمان زیاتر پتەو یەك خەین و بەئومێدی هێزێکی تۆکمەو کوردسانێکی سەربەخۆدا.

با هەستی حیزبایەتی و لایەنداریێتی و گروپ گروپێن وەلا نێین بۆ ئامانجە هاوبەشەکانمان کار بکەین.

لەگەڵ ڕێزماندا

## گەریلاکانی قەندیل و مانای ڕاستی کوردایەتی

من ناتوانم باوەڕم بەو دژایەتیەی پەکەکە هەبێت لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوەو پشتگیری کردنیان بۆ تورکیاو کاربەدەستانیان لە دژی پەکەکە.

ئەگەرچی زۆرجار لیدوانی جۆراو جۆر لەلایەن سەرکردە کوردەکانەوە دەبیستین، دەمێك بە چەك دانان، دەمێك دانووستان کردن لەگەڵ تورکیادا، دەمێك بە چارەسەکردنی لە ڕێگەی سیاسیەوە، دەمێك دەوڵەتی کوردی خەون

و خەیاڵە...هتد.
چونکە پەکەکە هەموو ئەو هەوڵانەی داوە، جگە لەوەش گونجاو نی یە کەسانێك خۆیان بە ئەزموونێکدا تێپەڕیبن و جۆرێك لە ئەنجامەکەشیان بەدەست هێنا بێت و ئێستە ئەزموونە هاوشێوەکانیان ڕەد بکەنەوە.
هەر ئەو دۆخەی کەوا ئێستە کوردستانی باشووری تێدایە خۆی بۆ خۆی دژایەتی لەگەڵ ئەو جۆرە لێدوانانەدا دەدات و وەڵامێکە بەپێچەوانەی ئەوەوەیە کە دەوترێت.
زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەوا کوردەکانی باشووری کوردستان سەردەمانێك کۆمەڵانێکیان هەبوو بە شاخەوەو خەباتیان دەکرد دژی حکوومەتی بەعسی و داواکردنەوەی ئەو خاکەیان کەوا داگیرکرابوو، گەرچی بە دۆخێکی چاوەڕوان نەکراو هاتە ئاراوەو ئەو خاکە جارێکی تر گەڕایەوە دەستی کوردەکان، بەڵام خۆ ئەگەر کەسانێك لە شاخ نەبوونایە کێ ئەو هەلەی بقۆستایەتەوە؟.
ئێستە گەریلاکان گەر شاخ بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە ناو شارەکان و تێکەڵی ژیانی ئاسایی خۆیان ببنەوە گومان لەوەدا نی یە بە تێپەڕاندنی کات وورده وورده دەتوێنەوە، چونکە خۆ ئەو کوردانەی کەوا ئێستە لەناو شارەکاندان لە کەمیان نی یە کەوا هیچیان پێ ناکرێت، چونکە ئاشکرایە ژمارەی گەریلا بە بەراورد لەگەڵ کوردانی تری دانیشتووانەوە کەمییان بەراورد ناکرێت، هەروەك پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان و کاتی ڕژێمی بەعس بە هەمان شێوە، بەڵام خۆ هەر ئەو کۆمەڵە کەمە بوون بوو بوون بە نموونەو جوڵێنەری ئەوانەی کەوا لەناو شاردابوون، تەنزیمکردن، چالاکیەکان زۆربەی زۆری لە شاخەوە بۆ ناو شار دادەبەزی، تا هەلەکە دروست بوو بەو شێوەیەی لە بەهاری ١٩٩١دا بینیمان قۆسترایەوە، ژیانیش هەمووی کۆمەڵە هەلێکە.
خۆ ئەگەر بەراوردی ژیانی گەریلاکانی باکووری کوردستان لەگەڵ

پێشمەرگەکانی سەردەمی شاخی باشووری کوردستان بکەین جیاوازیەکی زۆر دەبینین لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی کەوا لە باشووری کوردستان لە شاخ بوون و باوکی خۆشم یەکێك بووە لە نێویاندا.
لێرەدا بە بەراوردێکی سەرەتایی تایتڵی ووتارەکەم دەسەلمێنم.
هەندێك لە پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان لە ترسی عەسکەری بەردەوام و ترسانیان لە مردن پەنایان بۆ شاخ دەبرد بە تایبەت لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا.
گەریلاکان ئەو ترسەیان نی یە چونکە ئاشکرایە تورکیا تەنها دوو ساڵ سەربازی بە کوردەکان دەکات هەروەك هەر هاوڵاتیەکی تری تورك.
هەندێك لە پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان تووشی کێشەی عەشایەری و ئەخلاقی دەبوون و پەنایان بۆ شاخ دەبرد.
بەڵام ئەم چینە لەناو گەریلاکاندا جێگەی نابێتەوەو نموونەی لەم جۆرەش زۆرە جارێکیان لە ئێرانەوە کوڕێك کچێکی هەڵگرتبوو ڕۆشتبوون بۆ قەندیل لەوێ گەڕاندبوویانەوە.
ئەو فشارە سەختەی کەوا لەسەر کوردەکانی باشوور بوو زۆر نارەحەت بوو، چونکە بەردەوام بە هێز دژیان دەوەستێنرایەوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.
ئەو زەبرو ئاسنە لە باکوری کوردستان کەمترە وەك لایەنە فیزیکیەکە، بەڵام گەریلاکان داوای هەموو مافەکان دەکەن بە مەعنەویەکانیشەوە.
هەندێك لە پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان لە ترسی گیانی خۆیان ڕایان کردبوو، بەهۆی کەسێکیانەوە وەیان گومان و شکاتێکەوە کە دروست دەبوو.
گەریلاکان ئەوەی دەچێت ئەگەر بە تەواوی لێ نەبڕابێت ناتوانێت بمێنێتەوە.
ڕەوشتی گەریلاکان نموونەییە وە تا ئێستە کەس قسەی لەسەریان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە کوڕوو کچ هاوشانی یەکترین، بەڵام هەندێك لە

**پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان هەندێك جار ئەو سنورانەیان بەزاندووە.**
**هەندێك لە پێشمەرگەکانی باشووری کوردسان لە کاتی عەفواتەکاندا بە هەلیان دەزانی و براکانیان لە شاخ بەجێ دەهێشت، بەڵام گەریلاکان زۆر دەگمەنە ئەوەی چووە شاخ واز بهێنێت مەگەر بۆ کاری سیاسی دابەزێت.**
**هەندێك جار پێشمەرگەکانی باشووری کوردسان لەنێو خۆیاندا دەیانکرد بەشەڕی براکوژی لەو کاتە ناسکانەشدا، بەڵام تا ئێستە لەم جۆرە شەڕانە لەناو گەریلاکاندا ڕووی نەداوە.**
**بەهۆی یەکتر قبوڵ نەکردنەوەو ئاراستەی فکری جیاواز پێشمەرگەکانی باشووری کوردسان حیزبی جۆر بەجۆرو کوتلەکاری لەو کاتە ناسکانەدا جیا دەبوویەوە، بەڵام گەریلاکان یەکڕیزیان زۆر پتەوو زیاتر پاراستووە.**
**هەندێك جار پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان ئەمنیەتی کوردانی ناو شاریان دەخستە خەتەرەوە، گەریلاکان زۆر ئەم لایەنەیان پاراستووە.**
**هەربۆیە لەو بەراورد کردنە سەرەتاییانەوە بۆمان دەردەکەوێت گەریلاکانی قەندیل ڕووی ڕاستی کوردایەتین.**
**ئێستە لە باشووری کوردستاندا ڕۆڵی پێشمەرگە زۆر دەنرخێت و موچەی جۆر بەجۆریان بۆ دەبڕدرێتەوە لەبەر ئەو هەوڵانەیە کە لە کۆندا داویانە.**
**ڕۆژێکیش دێت ڕۆڵی گەریلاکان زۆر بەرزتر بنرخێنرێت، ئیتر مەرج نی یە بە پارەو پول بێت، گومانیشم لەوەدا نی یە دەوڵەتی کوردی زۆر بەرەو واقع بوونێکی خوازراو دەڕوات و دامەزراندی دەوڵەتێکی کوردیش پێویستیەکی حەتمیە.**
**قیبلە: لە ئیسلامدا داواکراوە کە دادگەرانە بجوڵێینەوە گەرچی بەرانبەریش دادگەرنەبێت، نابێت نادادگەری کەسانێکی تر وامان لێ بکات ئێمەش نادادگەربین، لە ڕووی فکری و ئایدۆلۆژیەوە پەکەکە جێگەی ڕەخنەن و خۆشیان بەخۆیاندا ڕۆشتوونەتەوەو هەستیان بەو هەڵانە کردووە، هەربۆیە ئەوەتا**

لەسەر داوای خودی ئۆجەلان کۆنگرەیی ئیسلامی لە ئامەددا دەبەسترێت، کورد زۆر قوربانی لایەنی فکری داوە گەرچی هەوڵی زۆریشی داوە، جا گەر لایەنە فکریەکە ڕێك بکرێتەوە لەگەڵ بیروباوەڕی میللەتەکەدا بێگومان دۆزی کوردیش زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت.

## دەڵێن کورد سودی لە ئیسلام وەرنەگرتووە! ئەوەش وەڵام...

پێش هەموو شت دەبێت بپرسین چۆن سود لە ئیسلام وەرگرین؟ ڕێگەکانی سودوەرگرن لە ئیسلام کامانەن؟ ئایا ئەو چۆنیەتی و ڕێگایانە کامانەن کە دەبێتە مایەی سودوەرگرتن لە ئیسلام؟ دەستپێکی سودی ئیسلامی چۆن و لە کوێوە دەستپێدەکات؟
چەندەها پرسیاری تر کە دەکرێت و پێویستە بوروژێنرێت دەربارەی ئیسلامی و سودەکان...
سود وەرگرتن لە ئیسلام لە تاکەوە دەستپێدەکات، ئەویش بە مومارەسەی پەیڕەوی کردنی خودی ئەو تاکە لە ئیسلام، گەر تاکێك بوو پەیڕەوی فەرمان و بەرگریە ئیسلامیەکانی کرد دەبێتە کەسێکی سودمەند لە ئیسلام، چۆن؟
پیاو کوشتن تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ پیاو مەکوژە با نامۆو قاچاخ نەبیت لەناو کۆمەڵگەدا.
زیناکردن تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ زینا مەکە بەدوور دەبیت لە گشت کێشە ئەخلاقیەکان.
خواردنەوە مەشروبات تاوانی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ مەیخۆ هەرگیز نابیتە گاڵتەجاڕو مەزەی کەسانی تر.

درۆ تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ درۆ مەکە هەرگیز زەرد نابیتەوە لەناو کۆمەڵگەدا.
قومار تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ قومار مەکە بزان قەت هیچ دەدۆڕێنیت.
دزی تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ دزی مەکە هەرگیز پێویستت بە پاسەوان نابێت و کۆمەڵگە پاسەوانت دەبێت.
پرسیارەکە لێرەوە خۆی لەم تاکە قیت دەکاتەوەو دەڵێ: ئایا؟ تۆ پەیڕەوی ئەو فەرمان و بەرگریە ئیسلامیانە نەبیت ئیتر چیت دەوێت لە ئیسلام! بۆ لۆمەی ئیسلام دەکەیت؟ پەیڕەوی بکەو سودەکەی نۆش بکە.
دەستەڵات دەبێت دادگەر بێت، دادگەر نەبێت میللەت دادگایت دەکات با ماوەیەکیش درێژە بکێشێت، مرۆڤایەتی بە سروشت دەستەڵاتی دادگەری دەوێت.
بەداخەوە چ لە ئاستی هەندێك لە تاکەکاندا چ لە ئاستی هەندێك لە ئەحزابەکاندا، بە گشت شێوەیەك ئیسلام و پرۆگرامەکەی ڕەد دەکاتەوەو داوای سودیشی لێ دەکات! ئیش ناکات و پاداشتی دەوێت! دژایەتی دەکات و حەزی لە بەهەشتیشە! قورئان بە کۆنەپەرستی دەزانێت و داوای دادگەریەکەشی دەکات!
دەستەڵاتی عومەرەکان، عومەری کوڕی خەتاب و عومەری کوڕی عەبدول عەزیز، بۆ بە بەردەوامی وەك نموونەی جوانی ئیسلام دەهێنرێتەوە؟ سەیری پابەندی ئەوان بکەن بە ئیسلام و سەیری خۆشمان بکەین!
هەربۆیە گرنگ و پێویست و کاتی خۆیەتی بەخۆماندا بچینەوە کە بۆ سودمان لە ئیسلام وەرنەگرتووە؟ وە چۆن سودی لێ وەرگرین؟ هەموو ئەمانە جێگەی مشتومڕەو وەڵامەکانیشی هیچی لە ئیسلامدا نەپەڕێنراون، کەسی خۆی دەوێت بیدۆزێتەوەو کەسی خۆشی دەوێت پەیڕەوی بکات، لەوانەدا خۆمان

ماندوو بکەین، هیچ گومانی تێدا نی یە دەستمان لەسەر سکی تێر دەبێت.

عومەر عەلی/ ئامەد دیاربەکر
ئەندامی کۆنفرانسی ئیسلامی

ئیسلام چارەسەرە............
مێژووی ئیسلام ئەزموونی سەرکەوتووی پێکەوە ژیانە............
کێشەکان بە مومارسەی ئیسلام چارەسەردەکرێت......
کوردباجی هەڵەی دووری لە ئیسلام وەرگرتووەو کاتی بەخۆداچوونەوەیە............
دەقەکانی قورئان و شەریعەت نموونەی بەرزو پێکەوە ژیانە............
ئیسلام پەروەردەکەری چەندەها کەسایەتی بەرزو نموونەی مێژوویی‌یەو شایەنی چاولێکردنە..........
مافەکان لە ئیسلامدا بە جوانی دیاری کراوە............
لە شەڕیشدا ئەخلاقیاتی تایبەتی ئیسلامی هەیە............
زۆر ئیعترافاتی ترو هەڵوێستە لەسەر ئەزموونی کاری سیاسی و ڕابردووی خۆمان............
دەستێك بۆ تێکدان و لەباربردنی ئەم هەوڵەو دانپێدانانی ئەم ڕاستیانە لە ئارادانە............
...گەورەی ئیسلام لەناو کۆنفرانسەکەدا هەستی پێدەکرێت و گریانی پەنگخواردووی چەندساڵە میدیاکان شاهیدی بۆ دەدات...

# خوێندنەوەیەك بۆ كۆنگرەی ئیسلام و دیموكراسی ئامەد

لەسەر داوای بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان ڕێكەوتی ١٠-٢٠١٤/٠٥/١١ە لە ئامەد بە ئامەدەبوونی ٣٥٠ ئەندام و كۆمەڵێكی زۆر چاودێر كۆنگرەیەك بەناونیشانی ئیسلام و دیموكراسی بەسترا.

لە مێژە پارتەكەی ئۆجەلان بە ماركسی و دژ بە دین و بەها ڕۆحیەكان ناودەبرێت و لەناو خەڵكدا باس دەكرێت، ئەوەشی لە ڕیزەكانی ئەو پارتەدا دەبینرێت دوورە لە هەندێك سیمای ئیسلامی، نەبوونی حیجاب لەناو گەریلاكاندا، خۆبوراندن لە مەراسیمە دینیەكان، ناوهێنان، بەها دیارەكانی ئاینی ئیسلام.

گەلی كوردیش گەلێكی مسوڵمانەو كێشەی لەگەڵ ئیسلامدا نی یە، تەنها بیانوی پارتە چەپەكانیش بۆ وەلانانی دین هەر ئەوە بووە، كە مادان كورد كێشەی لەگەڵ دیندا نی یە ئیتر پێویست ناكات خۆمان بە دینەوە سەرقاڵ بكەین و دەبێت هەوڵی كێشە نەتەوەییەكان بدەین كە كێشەی قوڵ و لە مێژینەمان تێیدا هەیە.

ناشاردرێتەوەو پێویست و لە جێگەی خۆیدایە كە بڵێین ئەو فكرو ئایدۆلۆژیانەی كەوا پارتەكەی ئۆجەلان و زۆرێك لە پارتە كوردیەكانی تریش بە تایبەت باشوور دژ بە دین بوون و لەسەردەمانێكدا شانازی تەواویشیان پێوە كردووە! مێژوو ئەوەی سەلماند كاركردن بە ئاراستەیەكی دژ بە دین وەیان بەخۆبوراندن لە ڕاستیەكانی ئیسلام نەك چارەسەری كێشەی كورد ناكات، بەڵكو وا دەكات كوردان ئاوی ڕۆحیان لە جێگەی تر بدەن و بتەكێنەوە لە پارتە كوردیەكان، ڕاستە كورد كێشەی لەگەڵ ئیسلامدا نی یە، بەڵام هۆكاری ئەو بیرۆكانە بوون بە كێشە! گرنگی دانی زیاتر بە عەلەوی لە باكورو زەردەشتیەكان لە باشوور

زیانی گەورەی بە دۆزی کوردو کاڵبونەوەی ئینتیمای نەتەوایەتی گەیاندووە.
پارتە کوردیەکان و بە تایبەت پەکەکە کە خەباتی لە باکورەوە دەستپێکردو گەورەترین بەشی داگیرکراوی کوردستانە، وڵاتێکە خەلافەتی عوسمانی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ڕەنگدانەوەی ئاینی ئیسلام و فکری ئیسلامی لەو وڵاتەدا مێژوویەکی گەورەو درێژی هەیە، خەڵکەکەشی عەلمانیەت و زەبروزۆری کەمالیزمیش بەو هەموو هێزەیەوە نەیتوانیووە ئیسلامەکەی لێ بسەنێتەوەو خەڵکی هەر خۆڕسکانەو بەدوور لە بەرژەوەندیە دونیایەکان ئیسلام هەر هەڵبژاردەی بووە، هەربۆیە دەبینین پارتێك گەرچی ناوی ئیسلامیش نەبێت بەڵام بە ڕەفتاری ئیسلامیانەو بە شێوەیەکی دیمکراسی دەتوانێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنن و پێشوازی گەرمی لێبکرێت.
ئەو ئەزموونە ئەوە دەسەلمێنێت گەربێت و ئیسلام بە شێوەیەکی دروست بەکار بێت دەتوانێت خزمەت بە دۆزی کوردیش بکات، کاری چەپەڵی زۆر نامرۆڤانە بەناوی ئیسلامەوە کراوەو لە ژێر ئەو ناوانەدا کورد چەوساندنەوەیەکی قوڵ و فراوانی بەخۆیەوە بینیووە! هەربۆیە هەموو ئەو هەڵانە بەجۆرێکی لنگەوقوچانە لەلایەن پارتە چەپەکانەوە تەبەنی کراوەو خراوەتە پاڵ ئیسلام!، ئەمەش وایکردووە شەقامی کوردی لە دووڕێیانی ئیسلام و کوردایەتیدا بەردەوام لە کێبەرکێدابن، نەیان توانیووە واز لە دینەکە بهێنن و هاندانێکی سروشتی و ڕۆحی هەردەم پاڵی پێوەناون، لەولاشەوە کێشە نەتەوەییەکان ئازارێکی فیزکی بووەو نەتوانراوە وازی لێبهێنرێت.
گرێنەدانی ئەو دووچەمکەو جیاکردنەوەی لەیەکتری بۆشاییەکی وای دروست کرد لە باشوردا بە چەند حیزبێکی ئیسلامی تەقیەوەو لە باکوردا دوورکەوتنەوە لە حیزبە کوردیەکان و نزیك بوونەوە لە حیزبە نا کوردیەکان.
هەربۆیە لە باشووردا بینیمان فکری سۆسیالیستی و دیموکراسی و حیزبە

گەورەکانی بەناچاری بەلای دیندا کردەوە، هەرچەند کرانەوەکەش تا ئێستە ئاوی دڵی جەماوەکەی نەداوەو هەردەم جیاکاری عەلمانی و ئیسلامی بۆ بەکاردێت، وەیان قاعیدەی حیزبەکانیان بەیناو بەین بە گوێماندا دەدەنەوە ئەوان عەلمانین و دین و دەوڵەت لەیەك جیا بێت و دین تەنها نێوان خوای گەورەو مرۆڤەکانە تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە، ئیسلامیەکانیش دەنگدان بە حیزبە عەلمانیەکان بەجۆرێك لە بێ دینی و نەبونی چەمکی (الولاء والبراء) خۆشویست و ڕقلێبونەوە بەکار دەهێنن، هەتا هەندێك جار بە (کفر) بێ دینی ئاماژەی پێکراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت هەڵەیەکی مێژووی لەناو و ناوەرۆکەکاندا ڕوویداوە، نەتوانراوە ئامانجە نەتەوەییەکان بپێکرێت بە بیرێکی نادینی، گەرچی زۆریش کاریگەر بوو بێت، هەروەك چۆن نەشتوانراوە بە بیرێکی ئیسلامی و لاوازی ئینتیما کوردیەکە ئامانجەکان بپێکرێت.

ئەوەی ئێستە لە ژێر دەستی سەرکردەیەکی بەهێزو کاریگەری نێو ساحەی کوردایەتی وەك ئۆجەلان کە ئاوڕێك بەلای دیندا دەداتەوە بریتیە لە واقعبینیەکی دروست و هەڵوێستەو بەخۆداچوونەوەیەك لەو بوارەدا، موراجەعاتێکە کە زۆر بەهەند وەردەگیرێت و چاوەڕوانی سەرەنجامێکی گەورەی لێ دەکرێت، کەسێکی خوێندەواری وەك ئۆجەلان کە قوڵبوونەوەیەکی فراوانی لە تێگەشتن لە فکرو ئایدۆلۆژیە جیا جیاکاندا کردووەو لەم کاتەدا جاڕی کۆنگرەی ئیسلامی لێ دەدات و گرنگیەکی بەرچاوی پێدەدرێت لە ئامەددا بە خوێدنەوەیەکی نا دەمارگیری و هەستی خەمخۆری و چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لێك دەدرێتەوە. ئەوەشی لە زەمینەو خاکی باکوردا دەبینرێت قودسیەتێکی یەکجار گەورە بۆ دین هەیە، لە بازاڕدا ئافرەت بە پیری مەلاکانمانەوە دەهاتن و تەکلیفی ئەوەیان دەکرد دەستیان ماچ بکەن و دەستێك بخەنە سەر سەریان، هەرچەند ئەوەش لێکدانەوەیەکی دینی بۆ کراوەو بەجۆرێك لە ناتەندروست لە قەڵەم

دەدرێت، بەڵام ناتوانرێت ئەو هەستە بەهێزەی کە لەناخی کورددا بەرانبەر دین هەیە لەناو ببرێت و بشاردرێتەوە.
ئەوەی لە کۆنگرەکەدا لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەرکرابوو وە وەك توێژنەوەی زانستی خرایە ڕوو دەرکەوت:
١-هیچ کێشەمان لەگەڵ ئیسلامدا نی یە.
٢-باوەڕمان بە دەقەکانی ئیسلام هەیەو کاریگەری خۆی هەیە.
٣-ئەزموون و مێژووی مەدینە چارەسەرە بۆ ئەمڕۆی کورد.
٤-دەستەڵاتدارانی دراوسێ نا تەندروست دینیان بەکارهێناوەو لە ئیسلامدا ئەو کارە قێزەونانە جێگەی نابێتەوە.
٥-ئیسلام دینێکی عەرەبی نی یە، بەڵکو جیهانیەو لە ڕووی مێژوو وە وەك کەسایەتی بەهێزی ئەو ساحە کورد پشکی شێری بەرکەوتووە.
٦-کورد نەیویستووە دین بە خراپ بەکار بهێنێت.
٧-لە ئیسلامدا ڕەچاوی پێکەوە ژیان و کەمینەکان بە بایەخەوە باسکراوە.
٨-دەبێت گرنگی زیاتر بە ئیسلام بدرێت و خۆ نەبوراند لە چەمکە دینیەکان.
٩-مافی ئافرەت جێگەی بایەخی گەورەیە لە ئیسلامدا.
١٠-ئیسلام لەگەڵ چینی هەژارو ستەملێکراواندایە.
بە کورتی و پوختی دەتوانرێت بوترێت ئەم ئاوڕدانەوە، ئاوڕدانەوەیەکی مێژووی و واقعی یە، لە هەستێکی پەرپرسانەوە سەرچاوە دەگرێت، واقعی پێویستی و شەقامی کوردیە، نابێت چیتر کێشەکانی کورد بە قوربانی فکرو ئایدۆلۆژی غەربی بکەوێت.

# مێژوو بۆ ڕاستیمان دەگەڕێنێتەوە/ئەزموونی پەکەکەو کۆنگرەی ئیسلامی بە نموونە

لە مێژە دەوترێن کورد کێشەی لەگەڵ ئیسلامدا نی یەو کێشەی قەومی هەیە! کەچی بە هاوردەکردنی چەندەها فکرو ئایدۆلۆژیای غەربی دەیان ساڵ بۆ دواوەی گەڕاندینەوە، غەرب وازی لە دین هێنا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، هەمان ئەزموون لە شەرقدا پێچەوانەکەی ڕاست بوو، لە بنەڕەتدا ئاینی مەسیحیەت لە غەربداو ممارەسەی سیاسەتی خۆسەپێن و زۆرکاری عەلمانیەتی هێنایە بوون و سەرکەوتنی بە خۆیەوە بینی، واقع نەبینی و لێکچواندنی واقعی شەرقی بە غەربی و ممارەسەری هەمان ئەزموونی ئەوان ئێمەی پاش خست، چونکە ئاینی ئیسلام نەك ستەمی لە ئێمە نەکردووە لە شەرقدا بەڵکو بەردەوام ستەم لە خودی دینەکەش کراوەو پیاوانی دینیش نەك ستەمیان نەکردووە بەردەوام هەژارترینی کۆمەڵگەبوون و لە جێگەی بەزەیی کۆمەڵگەدابوون و زەکات و سەرفترەیان پێدراوە، هەربۆیە مێژووی سەلماندی ستەم بەستەم پێشکەوتن بەرهەم ناهێنێت.

هێنانی فکرو ئایدۆلۆژیای غەربی و غەریب بۆناو کۆمەڵگەی کوردی و خەباتکردنی لەژێر ئەو ناوانەدا مێژووی پاکی ئیسلامی و وەرگرتنی بە ئاشتی خستە ژێر پرسیارەوە! هەتا وایلێهات زیاتر بە میللەتێکی نادینی و مارکسی و لینینی و زەردەشتی بناسرێین، باجی قورسی گشت ئەو فکرو ئایدۆلۆژیانەماندا، کە دەکرا تەبەنی ئیسلامی و بیرۆکە دینیەکان و ئەزموونیە مێژوویەکان بکرایە، وەیان هەر نەبێت ناوی غەربی و خەیاڵ پڵاوی کاری لەسەر نەکرایە.

بەستنی ئەم کۆنگرەو هەڵسەنگاندنی بابەتە دینیەکان و هەڵوێستەی ورد لەسەر ژیان و حوکمڕانی پێغەمبەری مەزن لە مەدینە زۆر جێگەی دەستخۆشی

ئەندامانی کۆنگرە بوو، ئەوەی لە کۆنگرەدا هەستی پێدەکرا هەڵوێستەکردن لەسەر واقعێك کە دەبوو پێشتر کاری لەسەر بکرایە، سیاسەتی هەڵەی ڕابردوو ئەوە بووە حیزبە کوردیەکان نەیان توانیووە تەمسیلی واقعی شارعی کوردی بکەن و ئەم کۆنگرە فعلەن هەڵقوڵانی ناخی شەقامی کوردیە.
ئەوەی کە پێویستە بوترێن و جێگەی هەڵوێستەکردن لەسەری بەستنی کۆنگرەی ئیسلامیە لەسەر بڕیاری بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان و لەژێر دەستی حیزبێکی چەپی کوردیدا کە تا ئێستە ئیسلامی ڕەدکردۆتەوەو خۆی لێ بوراندووە!، وتراوەو دەوترێن وڵاتانی عەرەبی و بەناوی ئیسلامی ستەمیان لە ئێمە کردووە بەناوی ئیسلامەوەو ڕقی خەڵکی جوڵێنراوە بەرانبەر خودی ئیسلام، لە هەمان کاتدا هەر خودی کورد شەڕی جۆربەجۆری لەگەڵ کورددا کردووە، گەر هەمان بیرۆکە بۆ ئەم شەڕو پێکدادانی کورد لەگەڵ کوردەدا دەبێت کورد واز لە کوردایەتی بهێنێت مادام فڵان حیزب ستەمی لە کورد کردووەو گەنج و خوێنگەرمی وڵاتەکەی خۆی کوشتووە، ئێمە نابێت بە ناوەکان بخەڵەتێین و دەبێت بابەتیانە سەیری مەواقیف و کاردانەوەکان بکەین.
سەرەنجامی وەلانانی دین لە کۆمەڵگەی کوردی لەژێر دەستی چەپ ڕەوەکاندا بۆشایەکی وای دروستکرد بە چەند حیزبێکی ئیسلامی ئاوی ئەو فەراغە دەدرێتەوە،  کە دەکرا لە بنەڕەتدا نە حیزبی عەلمانی و وە نە ئیسلامیش هەر بوونی پێویستبایە، بەڵکو هەرناوێکی تر بەدوور لە فکری دژە دینی و بۆ ئامانجەکانی مافەڕەواکانی گەلی کورد هەوڵی بدایەو وە ئیسلامیشی بە ڕاستی پراکتیزە بکردایە، چونکە ئێمە دەبێت خۆمان بۆ خۆمان کاربکەین نەوەك چاوەڕێی بەرانبەربین، چما بەرانبەر خۆی بۆ خۆی زۆر چاکە تا بۆ ئێمە چاك بێت!
ماوەتەوە بڵێم بەستنی ئەم کۆنگرە لەم کاتەو لە ژێر دەستی سەرکردەیەکی باڵای شۆڕشگێڕو ناوداری کورد جێگەی دەستخۆشیەو ئومێد دەکەین ئەو

فەراغە بە شێوەیەکی دروست پڕبکرێتەوەو ئەوەی ئێمە دژی بەرانبەری پێ دەبینەوە کە ئیسلامیان بۆ مەرامی سیاسی و کاری چەپەڵی خۆیان بەکارهێناوە ئێمە پێچەوانەی ئەوە بین و سەرەنجام ئێمە مۆمینێکی ڕاستەقینەین و ئەوان مونافیقێکی درۆینە.

## بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ئیسلام و دیموکراسی- ئیسلام چارەسەر بە نموونەو دانپێدانان

عومەر عەلی: ئەندامی کۆنگرەی ئیسلام و دیموکراسی
لە مێژە داوای خۆشبەختی لە ئیسلام دەکرێت و لە هەمان کاتدا دژایەتیشی دەکرێت! مێژوویەك بەسەرکورددا تێپەڕی و خۆی لە خۆشبەختیەکانی ئیسلام بەری کردو هیچی لە دەرەوەی ئیسلام دەست نەکەوت، گەر ڕۆژئاوا بە وازهێنانی لە دین وەك مەسیحیەت پێشکەوت ئەو بیرۆکە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین جگە لە نەهامەتی هیچی تری بەدوای خۆیدا نەهێنا!، هەروەك چۆن چەندەها گروپ و دەستەڵاتی نادینی بەناوی دینەوە خەڵکیان چەوساندووەتەوەو بەردەوامیش هەر دەیچەوسێننەوە، بە هەمان شێوە عەلمانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش بەدەر نەبوون لەو چەوساندنەوە، ڕۆژئاوا بەرهەمی وازهێنانی لە دین و لە سایەی عەلمانیەتدا هەناسەیەکی ئازادی هەڵکێشاو ڕۆژهەڵاتی ناوینیش گەرچی خەڵکەکەی خەڵکانێکی مسوڵمانن بەڵام باجی ئەو بیرۆکە هاوردەی تا ئێستە داوە!، مێژوو هەڵەکان ڕاست دەکاتەوە، مرۆڤە ژیرەکانیش پەندی لێوەردەگرن...، هەموو کەس دەبێت خۆی بێت، بۆ ئەوەی خۆی لەدەست نەدات، سیاسەتی نکۆڵی کردن و بیشفرێت هەر بزنەبەسەرچووە.
ناوەرۆکی کۆنگرە لە دەستپێکەوە تا کۆتایی:-

وڵاتانی دراوسێ هەریەکەو بەناوێك و بەرگێکەوە ستەمیان لەگەڵی کورد کردووە! مێژووی شاهیدی ئەو ڕاستیانەیەو ستەمەکان نکۆڵیان لێناکرێت، هەرپارچەیەکی کوردستان بە نموونە بهێنرێتەوە لەهیچ جۆرە ستەمێك بێ بەش نەبووە! زۆرێکی بەناوی دینەوە کراوەو ناوی دینیشی لێنراوە، کۆمەڵکوژی و قڕکردن و جینوساید ناو نراوە ئەنفال! سڵ لە هیچ چینەکانی کۆمەڵگە نەکراوەو منداڵ وەك گەورە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئافرەت وەك پیاو کوژراوە، پیر وەك گەنج لە سێدارە دراوە!، دیل وەك ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵ کراوە، سەروەتەکان وشەی حەڵاڵی ئیسلامی بۆ بەکارهاتووە!، هەموو ئەمانە جێگەی مشتومڕی ناو وردەکاری کۆنگرەکەبوو، بە هەڵسەنگاندنی دەقە قورئانیەکان و مێژووی ئیسلامی و ئەزموونی مەدینە ئەو کارانە پوچەڵکرانەوە، دوورو نزیك ئیسلام لەگەڵ ئەو جۆرەکارانەدا نە وەك دەق لەگەڵیەتی، نە وەك مێژووی، ووردەکاریەکانی پەیماننامەی مەدینەو ئەزموونی سەرکەوتووی پێکەوەژیانی پێغەمبەری مەزن شاهیدی گەورەی ئەو ڕاستیانەن.
ئەندامانی کۆنگرەو دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە هەموولا هاوڕابوون لەگەڵ خودی ئیسلام وەك دینێکی پاکی ئیلاهی و کۆتا دینی ئاسمانی کە بەریە لە هەر کارێکی ناڕەوا کە بەناو ئیسلامەوە کراوەو دەکرێت، دەقەکان ڕاستیەکان دەسەلمێنن و چەندەها دەقی قورئانی و فەرموودە بە نموونە دەهێنرایەوەو دەکران بە بەڵگەی ڕاست و دروستی پاکی ئیسلام و بەریئی لە خراپەکان و خراپ بەکارهێنانی دەستە چەپەڵەکان.
هیچ کەسێك نەبوو بابەت پێشکەش بکات و نموونەی هاوپەیمانی و ئەزموونی سەرکەوتووی پێکەوە ژیانی پێغەمبەری مەزن بە نموونە نەهێنێتەوە، کە چۆن توانیویەتی ئاوی سازگاری پاکی ئیسلام بەسەر شەڕو نەهامەتیەکانی ١٢٠ ساڵەی مەدینەدا بهێنێت.

جەختی قوڵ لەسەر ئەزموونی پێکەوەژیانی چینە جیاوازەکان و نموونەی دەستەڵاتێکی دادگەرو سەرکەوتووی مەدینە جێگەی بایەخی کۆنگرەکەبوو.
دەستەڵاتدارانی دراوسێ ئیسلامیان وەك هێزێك بەکارهێناوە بۆ ڕەوایەتیدان بەکارە چەپەڵەکانیان و کوردیش وەك مسوڵمانێکی چەوساوە کە نەیویستووە موونافیقانە یاری بەناوە ئیسلامیەکانەوە بکات، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینی و هەڵوێستەکردن و ئەندامانی کۆنگرەبوو بایەخ بە دەرکەوتنی ئیسلامیەتی کورد زیاتر بدرێت وەك قەرەبوویەك بۆ هەر کەموکوڕیەکی ڕابردوو لەو بوارەدا.
ئیسلام تام و زەوقی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، ئازادی و پاراستنی مافەکانی تاك لە ئیسلامدا قوربانی و کۆچی لە پێناودا کراوە، وەك کۆچکردن بۆ طائیف و مەدینە، واقعی ئێستەی کوردو ڕۆژئاوا نموونەی مەدینەی بۆ دەهێنرایەوە بۆ چارەسەرکردن و دەربازبوون لە قەیرانە قوڵەکانیان.
نورەدین شاکر بە باسکردنی ژیان و واقعی کوردانی سوریا زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی هێنایە گریان و میدیاکارانی گورج و گۆڵ کردەوەو هەستەکانی لە ناخەوە دەهەژاندن، کە چ ستەمێك لە ڕۆژئاوادا دەگوزەرێت و بەناوی ئیسلامەوە ژن و منداڵ و پیر دەکوژرێت و ماڵان بە تاڵان دەبرێت و ڕەچاوی ئەدەبی جەنگ ناکرێت.
پەیامی عبدالله ئۆجەلان لەلایەن نوێنەرێکیەوە خوێنراوە، کە گرنگی زیاتر بە ئاشتی و پێکەوە ژیان بوو، هەروەك چۆن لەسەر داوای بەڕێزیان ئەو کۆنگرە هاتبووە بەستن و گرنگی گەڕانەوە بۆ ئیسلام و بە چارەسەر زانینی ئیسلامی ڕاستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، چاوکردن لە پەیمانی مەدینە بە نموونەی سەرکەوتن و ئەزموونی واقعی و لێکچوون ناوبرد بۆ ئەمڕۆ.
ئەحمەد تورك ئاماژەی بەوە دەدا کە ئەو ستەمانەی بەناوی ئیسلامەوە کراوە لە ئیسلامدا جێگەی نابێتەوە.

هەر لە هەمان کۆنگرەدا پەیمانی مەدینە بە ئیلهامێکی ڕاستەقینەی چارەسەر دەزانرا بۆ کێشەکانی ئەمڕۆ.
ئیسلام زیاتر لەوە باسی گرنگی و ڕۆڵی لەبەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەدا کراو پێشکەوتنی ئەوروپاو ڕۆژئاوا بۆ شارستانیەتی ئیسلام دەگەڕێنرایەوە.
ئەوەی جێگەی تێبینی لای کۆمەڵێك ئەندامانی کوردانی باشووربوو دەستێکی دژ بە دین و تێکدانی ئەو هەوڵە دەکرا، کە کەسانێك لە پشت پەردەو دانیشتنە نا فەرمیەکاندا ڕق و حقدی دژ بە دین و هەڵ دەڕێژرا! وەك هەندێك ناکۆکی و دڵگرانی لێکەوتەوە ڕۆژێك پێش کۆنگرە، ئەوەش دەوترا ئەم کۆنگرە بۆ مامۆستاو زاناو کەسایەتیە دینیەکانەو ئەو بۆچوونانە لەگەڵ ناوەرۆك و هەوڵەکانی کۆنگرەدا یەك ناگرێتەوە، خەیرە ئەو جۆرە کەسانە دزەیان کردووەتە ناو کۆنگرە!، بەڵام جێگەی خۆیەتی بوترێت ئەو کەسانە هیچ جۆرە بەژداریەکیان لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەدا پێنەکرابوو هەتا بە تێبینیەکیش بەژداریان نەدەکردوو زیاتر ژێر بەژێر کارەکانیان هەستی پێ دەکرا.
بە کورتی و پوختی ئەنجامی کۆنگرەی ئەمڕۆ هیچکەس نەبوو لە پاکی ئیسلام و گەورەی دەقەکان و بنەماکانی پێکەوەژیان و پێشکەوتنی هاوڕا نەبێت.
مێژووی ئیسلامی نموونەی واقعی و پراکتیزەکردن و بە چارەسەرە دادەنراو لێکچوونی ئەم سەردەمە بە سەردەمی مەدینە جەختی تەواوی لەسەر دەکرایەوە.
ماوەتەوە بڵێین بەژداری ئامادەبوان زیاتر کۆنگرەی دەوڵەمەندکرد، بۆچوونی ئەندامانی کۆنگرە بە هەند وەردەگرێت لە هەر گۆڕانکاریەك و زیاتر بەرەو پێشچوونی ئەم هەوڵەو چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئیسلام و گەڕانەوە بۆ دەقە پیرۆزو ئەزموونە مێژوویە دینیە سەرکەوتووەکان، زۆر بە تایبەتی ئەزموونی مەدینە، تێکەڵکردنی ناوی کۆنفرانس و کۆنگرەو ئیسلام و دیموکراسی یەکێك

بوو لەو تێبینیانەو چەند ئەندامێکی کۆنگرە ناوی ئیسلام و کورد بە بەدیلێکی جوانترو شیاوتر ناوهێنا بۆ داهاتوو، سبەی ٢٠١٤/٠٤/١١ کۆتای بە کۆنگرە دێت و بڕیاری کۆتای و کارنامەکانی داهاتوو ڕادەگەیەنرێت .
بە هیوای کرانەوەی زیاتر بە ڕووی ئیسلام و پڕکرنەوەی هەر فەراغێك کە لە ڕابردوودا هەبووە، پێشنیاری بەندەش بۆ میدیا کوردیەکان پێش دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە ئەوەیە گرنگی زیاتر بە بابەتە دینیەکان بدرێت و خۆمان زیاتر لە گەڵ ئیسلامدا ئاشت بکەینەوەو بە گەلانی دراوسێ و جیهان بڵێین ئەوەتا ئێمە بە کرداری ئیسلامیەکەمان دەسەلمێنین و چیتر مافی ئەوەتان نی یە بەناوی ئیسلامەوە بمان چەوسێننەوەو باشترین مرۆڤەکان لای خوای گەورە ئەوانەن کە بە تەقواترن! ئێمە لە تەقوادا پێشبڕکێ دەکەین و ئەوە ئێمەین ئیسلامی ڕاستەقینە ڕەچاو دەکەین و ئەوەش ئێوەن بەناوی ئیسلامەوە دراوسێکانی خۆتان دەچەوسێننەوە.

## هەولێر: ئەنفال لە ئێوارە کۆڕێکدا

ڕێکخراوی بزاڤی نوێ و بەهاوکاری دەزگای ستاندەر هەستان بە ڕێکخستی ئێوارە کۆڕێك بۆ بەڕێز د عومەر عەلی لە ژێر ناوی ئەنفالدا، بەڕێزیان جەختیان لە بەکارهێنانی هەڵەو چەمکە دینیەکان کردەوە کە ئامانجی سەدام و حیزبەکەی و فکرە دژە دینیەکان بووە هەر لە دێرزەمانەوە.
وەك ئاماژەیان پێکردو وتیان: لە دێر زەمانەوە بەناوی جیاجیاوەو لە ژێر فکری ئیلحادیدا ئیسلام بە ئامانجگیراوە! چەمك و ناوە دینیەکان بۆ مەرامی پیس و بەرژەوەندی تایبەتی بەکارهێنراوە! بەناوی سیاسەت و پاراستنی یەك پارچەیی ویستی پارچە پارچەکردنی دین وەك جیاکردنەوەی لە سیاسەت

و كایە گرنگەكانی دەوڵەت و كۆمەڵگە كاری لەسەر كراوە! لە حاڵەتی شەڕدا ناوی هاوەڵە بەڕێزەكانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت وەك ڕەوادان و ناشرینكردنیان زەق كراونەتەوە، ئەنفال كە یەكێكە لە سورەتەكانی قورئانی پیرۆز بەكارهێنراوەو لەچەمك و ناوەرۆك و ماناكانیشی لادراوە، لە كاتی ئاشتیدا ناوی جیاجیای ئاینی بازرگانی پێوەكراوە.

نموونەی هێنایەوە بەو شەڕوكاولكاریانەی كە سەدام و حیزبەكەی لەسەردەمی دەستەڵاتیاندا چۆن ویستوویانە دین لەبەرچاوی خەڵكی ناشرین بكەن و بەو باوەڕەی كە خەڵكەكە خۆی هەیەتی دژیان بوەستنەوە، وەك قات و قڕو كۆمەڵكوژی كوردانی باشوور بەناوی ئەنفال، لە كاتێكدا سورەتی ئەنفال و ئامانجی قورئانی پڕاوپڕ پێچەوانەی ئەو جۆرە كارانەیەو خودی قورئان و هەمان سورەتیش كە ئێستە لەبەردەستە شایەتی ئەو ڕاستیە دەدەن.

سەدام وەك كەسێكی تاوانكار تەنها لەگەڵ كورد ئەو كارەی نەكرد بەڵكو لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا هەم دیسان ناوی دینی بەكار هێناوەو ئەو ساروخانەی كە دەینان بە ئێرانەوە ناوی لێ نابوون ساروخی حەسەن و ساروخی حسێن و عەباس، ئەمە ئەوە دەردەخات دژی باوەڕی ئەو گەلانە بووەو دیراسەی باوەڕیان كراوە هەر بە باوەڕەكەی خۆیان و بەشێوەیەكی پێچەوانەی مەفهوم و چەمكەكان بەكاری هێناون.

جگە لە ناساندنی سەدام و حیزبەكەی وەك حیزبێكی ئیلحادو دژ بە دین كە بەڵگەی كافرێتی لە كۆڕەكەدا خستە ڕوو وەك فەتوای شێخ ابن باز كە بە ئاشكرا لەكاتی خۆیدا كافری كردووەو ئەو نوێژو حەج و عیبادەتە ڕووكەشیانەی كە لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە نیشان دەدرا بن باز شوبهاندوویەتی بە عەبدوڵای كوڕی ئوبەی كە گەورە مونافیقی سەردەمی مەدینە بووە، مونافیقیش لە دیندا بەكەسی دوو ڕووی دەوترێت و ئەوەی كە دەیكات لە دڵیدا نی یەو كارەكانیشی

ئەو دوو ڕوویە ڕوون دەکاتەوە.
ئەوەی کە زانایانی ئاینی و لایەنە دینیەکەی پێ تاوانبار دەکرێت تەنها بێ ئاگاییە ئەویش هەمان درێژە دەری هەمان فکری ئیلحادیە بەردەوام زانایانی ئاینی بە ئامانج گرتووەو کارە قێزەونەکانی سەرکردەو وڵاتانی عەرەبی لکێنراوە بە دینەوە.
بۆ بەڵگەی ئەوانە ئامانجەکانی قورئانی خستە ڕوو کە کارەکانی پێ لە چوارچێوەی شەرعی دەدرێت و زانایان کۆیان کردووەتەوە لە ٥ ئامانجی سەرەکیدا کە ئەوانیش بریتین لە:
پاراستنی دین
پاراستنی مرۆڤ
پاراستنی ژیری
پاراستی وەچە
پاراستنی ماڵ
هەریەك لەو ئامانجانەی کە لە قورئاندا هاتووە بەڵگەی ئەقڵی و نەقڵی بۆ هێنرایەوەو کارەکانی سەدام و هاوفکرەکانی بە پێچەوانەی ئەو ئامانجانەوە کاریان کردووە وە بۆ ناشرین کردنی ئامانجە قورئانیەکان لەیبڵی قورئانی و دینیان لێداوە.
کارەکانی سەدام و حیزبەکەی و هاوبیرەکانی یەکەم چەمکێك کە کاریان لەسەرکردبێت و بە ئامانجیان گرتبێت دین بووە وە بە پێچەوانە قورئانیەکە، وەك دژایەتی کردنی باوەڕەکەیان و بە حیزبی کردنی زۆرە ملەی هاوڵاتیان. کوشتن و بڕین و لە چاڵنان و قاتوقڕکردنی خەڵکی سڤیلی بێ تاوان، هەموو ئەو کارانە تەنها دەرخەری کەسێکی شەڕانی و خوێنمژ نەبێت هیچ پاساوێکی تری هەڵنەگرتووە.

هەر لەسەر هەمان ئامانجە ئاینیەکان هاوفکرەکانی تری خستە ژێر پرسیارەوە کە لە ئیسلامدا بە دەق و پێش هەموویان مافەکانی بڕاندووەتەوەو ئەمڕۆ ناوانێکی زەق و بۆ جوانکردنی کارەکانی خۆیان بە مسوڵمان دەفرۆشریتەوە وەك منداڵ پارێزی و مافی ئافرەت و زۆر ناوی تر لە کاتێکدا لە ئیسلامدا وەك بیروباوەڕی نەگۆڕ ئەوانە لە قورئاندا هاتووەو بە دەقی ڕاستەوخۆ ئەو مافانەی پاراستووە، وە بە وردی لە قورئاندا ئالیەتی ئەو پاراستنەشی دیاری کردووە، وەك بۆ پاراستنی منداڵ زینای حەرام کردووە، ئافرەتێك کە تەڵاقدراوە یان مێردی مردووە کاتێکی بۆ دیاری کراوە کە شوو بکاتەوە کە حەملی ئافرەتەکە یەکلا بووبێتەوە نەوەك وەچەکان تێکەڵ ببن، ئەمڕۆ عەلمانیەتی ئەوروپاش و زۆر کۆمەڵگە نا پابەندەکان بە ئاینەوە بەدەست ئەو کێشانەوە دەناڵێن و قوربانی زۆری لەسەر دراوە، ئەوەندە بێ متمانەی دروست بووە زۆرجار کە منداڵ دەبێت پشکنیکی بۆ دەکرێت و بزانرێت کە ئایا لە پیاوەکەی خۆیەتی یان! پاراستنی ماڵ بەدەق و وردی شیکراوەتەوە کەچی لە هزرەکانی تردا پارەو پول و ماڵەکان زیاتر لە لە خزمەتی خۆیاندایەو ئامانجی ئیسلام لە دەستبڕین بۆ بنبڕکردنی ئەو کارە قێزەونانەیە کە ئاشتی و ئابووری کۆمەڵگە تێك دەدات و هاتوون ناوی دزی و دەستبڕینیان ناشرین کردووە لەبری ئەوەی خودی دزیەکە بخەنە ژێر پرسیارو شیکاریەوە کە لە بنەڕەتدا ناشرینە، وە نموونەی هەندێك وڵاتانی پێشکەوتووی هێنایەوە کە بۆ جەریمەی دزی ئەوانیش سزای سەختیان بۆی هەیەو کارێك خۆی قێزەون و نا شەرعی بێت هەردەبێت سزای بۆی هەبێت و وە هیچ سزایەك وەك سزا ئیسلامیەکە بنبڕ نی یە، وەك بە پێکەنینیشەوە وتی گەر ئەم سزا لە کوردستاندا جێبەجێ  بکرایە نەوەدەکان دەستی چەند کەسێك دەبڕاو دواتر دەبوو بە پەندو کۆتایی پێ دەهات بەڵام گەر ئێستە جێبەجێ بکرێت مەگەر ئامێری پێشکەوتووی دەستبڕینمان لە وڵاتەکانەوە بۆ دروست بکەن گەرنا فریا

ناکەوین، هەموو ئەمانە سەرەنجامی کاڵبوونەوە ئاسایی کردنەوەی دزیە کە بەرگێکی خەڵەتێنەری لێنراوەو بەتاڵانبردنی قوتی خەڵکی وماڵی خەڵکی لە ڕابردوودا بەناوی ئەنفالەوە هیچ پاساوێکی شەرعی هەڵنەگرتووە.
پوختەی باسەکە لەوەدا کۆبوویەوە کە هەرکارێك هەر کەسێك و فکرو ئایدۆلۆژیایەك هەڵگری بێت و بلکێنرێت بە دینەوە ئەوسا دەبێت بە پێوەرە دینیەکان بپێورێت و پێوەرە قورئانی و شەرعیەکانیش ڕوونە بەڵام ئەوەش هۆشیاری دەوێت.
شایانی باسە تەوەرەکە بە بەژداری کۆمەڵێك کەسایەتی دیارو بواری ئەکادیمی و ئاینی زیاتر دەوڵەمەندکرا:
م مەسعود عەبدولخالق جەختی لە هەیمەنەی عروبە کرد لە بەژداری ئەو تاوانانەداو بەکارهێنانی دین وەك خزمەتی عروبەت شیکردنەوە بۆ ئامادەبوان خستە ڕوو.
د محەمەد بازیانی ئەزموونی کارو ڕابردوویان وەك بەڵگەو بەناو و ناونیشان و دوکومێنت و هەتا بەرواریشەوە خستە ڕوو، جگە لە شیکردنەوەی چەمکی شەڕو ئاشتی وەك بەڕێزیان ئاماژەیان پێکرد لە قورئاندا تەنها ٦ جار باسی شەڕ هاتووە بەڵام ٢٣٣ جار باسی ئاشتی و مەفهومی ئایشتی هاتووە، بە کورتی ئەوەی نیشان دەدا کە ئاینی ڕاستی ئیسلام ئاینی ئاشتی و پێکەوە ژیانەو فکرو هێزەکانی تر ئیسلامیان وەك هێزێکی شەڕانی نیشان داوە.
م شوان ڕابەر ئامانج لەو کارانەی کە بەناو ئەنفالەوە کرا بە ڕوونی شیکردەوە کە بۆ بەحەڵاکردنی کارەکانیان بووە، هەروەك ڕەخنەشی گرت لەوانەی کە دەستیان هەبووە کە لە کارەساتی گەورەی بەناو ئەنفال.
م مەلا مەظهەر خۆراسانی بە هێمنی و زۆر بە ڕوونی باسی ئەو دەستکەوتانەی کرد لە شەڕدا بەدەست دەکەن و پۆلێنی کردن بە بەسەر:

**شتوومەکە بە بەهاکان**
**شتوومەکە بێ بەهاکان**
**هەروەها مرۆڤەکان**
**لەگەڵ شیکردنەوەی وشەی ئەنفال و جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ شتوومەکداو جیاکاریەکان هەتا لە ڕووی قورئانەوە، وەك بەڕێزیان ڕەخنەی خۆشیان ئاراستەی ئەوانە کرد کە ڕێنیشاندەری تاوانبارانی بەناو ئەنفال بوون و ئەگەر ئەوان پێشیان نەکەوتایەن خۆ ئەوان شارەزایی ئەو ناوچانەیان نەبووە، هەتا نموونەیان بە خۆیان هێنایەوە کە هێشتا ناوچەی قەرەداغ کە ناوچەی خۆیەتی بەهۆی نەبوونی دەرفەتەوە شارەزا نەبووە، ئەمە ئەوە دەردەخات کەسانی ناوچەکەو شارەزا هاوکاری ئەو ڕژێمە پیسە بووە لەو تاوانە گەورەدا.**
**م مەلا هندرین بالیسانی زیاتر کۆڕەکەی فراوانکرد بە بەژداری و نموونەی واقعی و ئەزموونی خۆیان لە دینداری و وەك تاقانەی ماوەی خانەوادەیان، وە کاریگەری خەڵکانی تر بەو کارەو دوورکەوتنەوەی لە دین و ڕقیان بەرانبەری وەك ئاماژەیان پێکرد بە سەرسوڕمانەوە پێی وتراوە تۆ کەسەکانت لەو کارەساتەدا لەناو چوون چۆن تۆ ئێستە هەڵگری ئاینی ئیسلامیت و بۆ خۆشت بوویت بە مامۆستایی ئاینی، بەڵام شارەزایی بەڕیزایان لە ئاینی ئیسلام و چەمکەکانی و هێزە دژەکان زیاتر شاهیدی دەرو فراوانکردنی تەوەرەکان بوو.**
**م ڕێکان، م دڵدار و چەندین ئامادەبووی تر بە بەژداری و ڕەخنەو تێبینیەکانیان کۆڕەکە کۆتایی پێهات لە کەشێکی دیندارانەو زۆر تەباداو ئومێدی دەرفەتی هاوشێوەو بەردەوام جەختی لەسەر کرایەوە.**

# بۆشاییەکانی نێوان عەلمانیەت و کۆمەڵگەی کوردەواریی لە ئێوارە کۆڕێکدا ٢٠١٥/٠٥/٢١





ڕێکخراوی بزاڤی نوێ لە قاوەخانەی کلتوری سلێمانی
کۆڕی هاوبەشی هەردوو بەڕێزان: (د عومەر عەلی و م عبدالرحمن محمد عارف)

لە دونیای کۆن و نوێدا وە بە گەواهی مێژوو ئەو سەرکردانە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە کە حسابیان بۆ بیروباوەڕی کۆمەڵگەکەی خۆیان کردبێت، گەرچی باوەڕەکەشیان ساختەو نا لۆژیکی بوو بێت، تەنها تاکە سەرکردەیەك نەبێت لە ناو هەموویاندا جیاوازبووە ئەویش پێغەمبەر بووە محمد درودی خوای لەسەر بێت، هۆکاری سەرکەوتنەکەی ئەویش بۆ ئەو هێزە بەهێزە ئاسمانیە بووە کە مەبەستی بووە ئەو پەیامە بگات بە گشت مرۆڤایەتی و ڕەحمەتەکەی کەس لێی بێ بەش نەبێت، بۆیە دەبینین تا ئێستە تاکە دینە دوای نەمانی سەرکردەکەی زۆرترین تەشەنەی بە دونیادا کردبێت.
غاندی و جیڤاراو زۆرێك لەو سەرکردانەی کە ناونیشانی کاریزمایی و پاڵەوانێتی بواری سیاسەت و سەرکەوتنیان پێ دەدرێت پشتیان لە باوەڕی کۆمەڵگەکەیان

نەکرد، بە جیا لەو سەرکردە کارتۆنیانەی ئەمڕۆ کە بەردەوام چاویان لە ڕۆژئاوایەو بەبێ ئەوان خۆیان خاوەنی بڕیاری سیاسی نین، لە کاتێکدا زۆرینەی چاودێران و سیاسیەکان نەقدیان بۆ ئەم جۆرە پاشکۆیی و دەستەمۆییە هەیە.
ئەو وڵاتانەش کە وەك پاشکۆیەکی ڕۆژئاواو لەژێر ناوی تازەگەری و عەلمانیەت و زۆر ناوی بریقەدارو خەڵەتێنەردا دەرکەوتن بینیمان و دەبینین چۆن شۆڕش دوای شۆڕ بەرپا دەکرێت بەسەریاندا، هۆکاری ئەو شۆڕش و بەهارو ناوە جیاوازانەش فەشەلی عەلمانیەتە لە شەرقداو ئەو پێڵاوەی کە بەزۆر ویستوویانە لەپێی میللەتی بکەن تەنگ بووەو بەپێی نەکردوون! هەروەك شاعیرێك دەڵێ:
پێی پەتی باشە تا پێڵاوی تەنگ
لانەی چۆڵ خۆشە تا لانەی وە جەنگ
بەڵام ئەو سەرکردە ساختانە ویستوویانە یان بە زۆر ئەو پێڵاوە لەپێی میللەتەکە بکەن یان دەبێت جەنگ هەڵبژێرن، هەربۆیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبەردەوامی شەڕو جەنگی لێ نەبڕاوە! دەستە چەورەکەش بە ئیسلامدا سڕاوە، کەسێکی وەك سەدام، قەزافی، موبارك کێ و کێ کە ڕوونە بەچ ئاراستەو چۆن ئاراستە کراوە کەچی دوای شکستیان بە نوێژێکی مونافیقانە یان سەفەرێکی سعودیەو لەبەرکردنی بەرگێکی خیانەت بەناوی عەمرەوە شکستەکان دەدەنە پاڵ ئیسلام!.
وەك د عومەر عەلی ئاماژەی پێکردوو ووتی: گەر لە مێژووی سەردەمی خەلافەتیشدا ناکۆکی و شەڕێك بوو بێت هەر لە چوارچێوەی ئەو چاکسازیانەدا بووە کە دینی ڕاستی ئیسلام خۆی ئالیەتەکانی پێیەو قبوڵی نەکردووە بەناوی دینەوە قۆرخکاری و پاوانخوازی بەناوەوە بکرێت، ئەوەی ئەمڕۆ وەك تانە لە ئیسلامی دەدەن و بە دینێکی ئاژاوەگێڕی وێنا دەکەن، هەروەك وتیشی خۆ گەر گریمان دین هەر بە شمشێریش سەرکەوتبێت جا خۆ هیچ میللەتێك

وەك كورد پێویستی بە شمشێر نەبووە! دەبوو كورد ئەو شمشێرە ماچ بكات كە ببێتە مایەی سەرخستنی و بەدەستهێنانی مافەكانی، چما میللەتانی تر سودیان لەو شمشێرە بینیوەو كورد سودی لێ نەبینێت، ئێستە كورد پێویستی بە چەك و تەقەمەنی هەر وڵاتێك هەیە كە یارمەتی دەری بێت و مافەكانی بۆ بسەنێتەوە بۆ تەنها شمشێرەكەی ئیسلام جێگەی قسە لەسەر كردنە، بۆ تۆپ و تەیارەی نەیارانی كورد بە سوپاسەوەو بە ناڕاستەوخۆش قبوڵ بكرێت بەڵام هێزی ئیسلام بەلەكەداری باس بكرێت، بۆ چەكی وڵاتانی دوژمن بەكارهاتووە بۆ دژی كوردو جێگەی قسەش نی یە.

وەك مامۆستا عبدالرحمن محمد عارف بە وردی تیشكی خستەسەر ئەو جۆرە عەلمانیەتەو بە فكرەیەكی ناوبرد كە بەسەردیواردا خۆی سەرخستبێت و بەبێ حسابكردن بۆ كۆمەڵگەو ڕاوەرگرتنیان بەزۆر هەوڵی خۆ سەپاندنی داوەو قاچاخانە خۆی خزاندووەتە ناو كۆمەڵگەی كوردەواری، ئەوەی كە ئەمڕۆ بەناوی عەلمانیەت و لەژێر بیرۆكەی ئیلحادیدا بەردەوام گومان بڵاو دەكاتەوەو ئیسلام بەوە ناشرین دەكات و دەڵێ باشە ئەگەر ئێمە ئیسلامیشمان قبوڵ بێت چ جۆرە ئیسلامێك بێت؟ سعودی بێت! ئەڤغانی بێت! یان عەرەبی و فارسی بێت! گەرچی دەكرێت هەمان پرسیاریش ڕووبەڕووی عەلمانیەكان بكرێتەوەو بە هەمان لۆژێك هەمان پرسیاری خۆیان ئاراستە بكرێتەوە ئایا ئەی ئەگەر عەلمانیەتمان قبوڵ كرد چ جۆرە عەلمانیەك بێت؟ ئەمریكی بێت! بەریتانی بێت! ئیسپانی بێت! یان ...
هەروەك د عومەر عەلی یش لە میانەی وتەكانیداو وەك وەڵامێكیش بۆ پرسیاری ئامادەبوویەك وتی هەروەك چۆن لە ڕۆژئاوا شۆڕشكرا بەسەر دینی مەسیحیەتدا دەكرێت ئەمڕۆش ئەو وڵاتانەی كە ناوی خۆیان ناوە ئیسلامی

شۆڕشیان بەسەردا بکرێت بەڵام نەك بە هزرێکی دەرەکی چونکە خودی ئیسلام ئەوەندە بەشی ئەو شۆڕشگێڕیەیی تێدایەو لە چوارچێوەی دەقە شەرعیەکاندا دەتوانێت مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، بەجیا لە دەقە دەستکاری کراوەکانی مەسیحیەت کە گەر کێشەیەکیان بهاتایەتە بەردەست نەیان دەزانی چۆن حوکمی بکەن و پرسیاریان لە پیاوە پیرەکان دەکرد کە جاران ئەو کێشەی چۆن چارەسەر کراوە.
هەردوو بەڕێزان مامۆستا عبدالرحمن محمد عارف و د عومەر عەلی لە کۆڕەکەیاندا کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە پێی دەوترێت عەلمانیەت لە کوردستاندا یان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە گشتی وێنایەکی بێ دینی و ئیلحادیان لە مێشکی تاکی کوردا دروست کردووە، لە کاتێکدا هەر بە پێوەرە عەلمانیەتەکە ئەوەی لێرە دەگوزەرێت جیاوازی هەیە لەوەی لە ڕۆژئاوا کاری لەسەر دەکرێت، وەك د عومەر عەلی بە چەند نموونەیەك و وەك بەڵگەی ڕاستێتی خستیە ڕوو کە چۆن لە ڕۆژئاوا بوار بە مومارەسەی دین دەدەن و حسابی تایبەتی بۆ دەکەن گەرچی سیاسەتی ئەو وڵاتانە بە پێچەوانەی لای خۆمان لە ناوخۆدا سیاسەتێکی نەرمەو بۆ دەرەوە ڕەقە بەڵام لە کوردستاندا لە ناوخۆدا بۆخۆمان خراپین و بۆ دەرەوە نەرمین!
هەروەك مامۆستا عبدالرحمن محمد عارف لە تەوەری یەکەمی وتەکانیدا ئاماژەیان پێدا: ئەوانەی لە قۆناغێکی ژیانیاندا بە حەرامی شیری ئیسلامیان خواردووە بەڵام ئێستا بوونەتە تەتەری عەلمانیەتی کوردیی!
وەك د عومەر عەلی ش دیسان دووپاتی کردەوەو وتی: ئەو بۆشاییانەی کە لەنێوان خەڵك و عەلمانیەتدا دروست بووە یەکجار زۆرن لەم کۆمەڵگەیەداو هەمووشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەقڵیەتە پاوەنخوازەی کە پێش کۆمەڵگە خودی عەلمانیەتی ناشرین کردووەو خستووەتە ژێر پرسیارەوە! بەجۆرێك

وێنەی عەلمانیەت لە زهنی تاکی کوردیدا دروست بووە واتە دژە دین و دژ بە بەها کۆمەڵایەتیەکان، لە کاتێکدا ئەکرێت عەلمانیەت لەسەردەمێکدا وەك دژە دین و بەرانبەر مەسیحیەت ئەو مانایەی هەڵگرتبێت کە بەرانبەر ئەو دەستەڵاتداریەتی و ستەم و قۆرخکاریەی پیاوانی مەسیحیەت، بەڵام لە بنەڕەتدا وا نەبووە عەلمانیەت دژی ستەمێکی پاوانخوازی کاری کردووەو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانانە هاتن و دینیان لە سیاسەت جیاکردەوە بە شۆڕشکردن بەسەر ئاینی مەسیحیەتدا. وە ڕەخنەی توندی لە هەندێك ڕۆشنبیری بواری عەلمانی گرت بەوە کە نەیانوانیووە وەك ئیسلامیەکانیش بەدەنگ بێن بەرانبەر ئەوانەی بەناوی ئەوانەوە کاری خراپ دەکەن وەك وتی: بە بڕوای من وەك چۆن هێزێك یان لایەنێك لێرەو لەوێ دروست دەبێت بەناوی ئیسلامەوە کارانێك دەکات و زانا ئیسلامیەکان لێی بەدەنگ دێن و دەیکەن بە هەرا لەسەری و بەڵگەی بۆ دەهێننەوە کە کارەکانیان لە چوارچێوەی شەرعدا جێگەی نابێتەوە یان لایداوە دەبوو ڕۆشنبیرانیش لە ئاست ئەو کەسانە بەدەنگ بهاتایەن کە عەلمانیەتیان تاپۆکردووە بۆ خۆیان! وە لەبەرانبەردا دەنگێکی وا نی یە یان نابیسترێت بەم کۆمەڵگە بڵێت ئەم وێناکردنە پێچەوانەی ئەو سستمە عەلمانیەتەیە کە هەیە، عەلمانیەت بریتی نی یە لەبەرازخواردن و ڕابواردن و مەساج خانەو دیسکۆو ئەو جۆرە شتانە!. نەهامەتیەکانی گەلی کوردیشی خستە پاڵ ئەم جۆرە هزرو بیرکردنەوانە بە شاهیدی مێژوو ئێمە گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەم حیزبە کوردستانیانەی کە ئێستە لەسەر عەلمانیەت پۆلێن دەکرێت و لە خەباتی شاخیانەوە تا ئەم کاتە بەبێ هیچ دوو دڵی و گومانێك دەتوانین بڵێین خواستەکانی گەلی کوردیان کردووەتە قوربانی ئایدۆلۆژی عەلمانیەت، ئەویش بە هەڵە واتە بەشێوەیەك وێنای عەلمانیەتیان لە ناخی تاکی کوردا کێشاوە کە واتە بێ دینی لە کاتێکدا ئەم بێ دینیە بەرانبەر بە مەسیحیەت بووە نەك

ئیسلام! هەربۆیە لە شاخەوە تا ئێستە ئەو بۆشاییە لەنێواندا دروست بووە!
هۆکاری هەرە سەرەکی دروستبوونی ئەحزابی ئیسلامی لە کوردستاندا هەر ئەمە بووە، چونکە گەر تۆزێك لۆژکیانە بیربکەینەوە شتێکی زۆر نالۆژیکیە ئەحزابی ئیسلامی لە وڵاتی ئیسلامیدا هەبێت! یانی چی میللەتێك خۆی مسوڵمان بێت و حیزبی ئیسلامی تێدا بێت! دەکرێت ڕێکخراوی جۆربەجۆری ئیسلامی هەبێت بەڵام حیزب و جیاکردنەوەی خۆت لە خەڵکی بەناوی ئیسلامەوە جێگەی پرسیارە! بەڵام ئەو بۆشاییەی ئەحزابە عەلمانیەکان دروستیان کرد ئەویش بە دژایەتی کردن و حساب بۆ نەکردنی دین تا ئێستە ئەم فەوزا لە کوردستاندا دروست بووەو خەڵکی دابەش بێت بەسەر ئیسلامی و عەلمانیدا وە لەسەردەمێکیشدا شەڕ بەناوی ئیسلام و کافرەوە لەنێوانیاندا ڕوویداوە، دواتر دابەش بێت بەسەر چەندین بەناو فکرو ئایدۆلۆژیایی جیاوازدا، لە هیچ شتێکدا لە عەلمانی غەربیش ناچن و هەرکەس کورسیەکەی گرت نموونەیەک نی یە بەخۆشی وەك ئەوەی لە ڕۆژئاوا هەیە بەری بدات، هەردەبێت لەسەر کورسیەکە بمرێت یان بە شەق لایبەریت! ئەو هەموو بۆشایی و لێك دووریە کە زۆر جێگەی پرسیارو سروشتی نی یە بۆ هەرێمکی چکۆلانەی قەیراناوی و باوەڕپێنەکراو، کە دەبوو هەمووی پێکەوە کاریان بۆ ئەوە بکردایە ئینتیمای خەڵکیان بۆ خاك و نەتەوەو دینەکەیان کە هەرچێ بێت هەبێت و بۆشاییەکە بەجۆرێك لێ نەکەن کەسێکی دیندار خۆی بەجیاواز ببینێت و هەستی غوربەت و بێ کەسی و میوانی لەم وڵاتەدا هەبێت.
ئەگەر کێشەی ئەم بۆشاییە نەبوایە بۆ کۆمەڵێك مەلا کە هەمووی دژی بەعس بوو نەیانتوانی لەگەڵ ئەم هێزە ئەگەر فعلەن نیشتمانیە بتوانن کار بکەن، ئەوەی دواتر بزووتنەوەی لێ دروست بوو.
لە کەلار کابرایەکیان گرتبوو تا بردبوویانە ئاسایش بە نوکە تفەنگ و شەق

و چەپۆکە بەبێ ئەوەی بزانێت لەسەر چی گیراوەو بەبێ ئەوەی قسەی بۆ بکەن، لەوێ وتبووی تەنها پێم بڵێن لەسەرچی منتان گرتووە ئەویش وتبووی تۆ ئیسلامیت! ئەویش وتبووی کورە بەرم دەن با هەزار کفر نەکەم لە داخی ئێوە! هەرکە وای وتبووی ووتبویان بەریدەن بەخوا ئەوە ئیسلامی بوایە ئاوا بە ئاسانی کفری نەدەکرد، دواتر دەرکەوتبوو بەهەڵە بووەو ناوەکەی لێکچووە لەگەڵ کەسێکی تردا! هەر باش بوو نەیانکوشتبوو چونکە کوشتنی بەهەڵەی لەم شێوەش بەداخەوە هەبووە!
عەلمانیەت هێزی خۆی وەك کاسپی نیشانی خەڵك داوە، کابرایەك دەیگوت ئەم چەکدارانە چەکەکانیانم وەك خاکەنازو قوڵنگەو ئالیەتی ئیشکردن دێتە پێش چاو.
بەڵام لەم وڵاتەدا هەرچی دژایەتی لەگەڵ دیندا هەبێت لە زەمینەی واقعیدا ئاسانکاری بۆ دەکرێت، ڕاقیسەیەك موچەکەی بەرانبەر سێ مەلایە، جێگەی گشتی دەدرێت بە شەخس بۆ کردنەوەی مەشروبخانەو پێوەرەکان زۆر فشۆڵن و بە منداڵ مەشروب دەفرۆشرێت و گوێ بە خەڵکی ناوچەکە نادرێت گەر لەگەڵ ئەو کارەدا نەبێت، لە ئەوروپا ئیمزا کاری پێ دەکرێت و تەنها یەك دراوسێ قسەکانی جێگەی ئیعتبارە بەڵام لێرە!
بۆیە ئەوەی خۆی کردووە بە نوماینەدەی عەلمانیەت لەم وڵاتەدا میزاجی شەخسی خۆی و حەزو ئارەزووەکانی کردووە بە پێوەر نەك هیچ دەقێك کە لەچوارچێوەی بەها کۆمەڵایەتیەکاندا جێگەی ببێتەوە کە لەدەرەوە زۆر بەرز دەنرخێنرێت و لێرە نرخی سەلکە تورێکی نی یە.
لە دەرەوە فکر ئازادە دەتوانیت باسی فکرەکەی خۆت بکەیت هەتا هەندێك جار خودی فکرەکە یان دینەکە جیاواز بێت لەگەڵ بەرانبەرو پێچەوانەی یەکتریش بن، وەك د عومەر عەلی ووتی من لە مزگەوت باسی یەکتا پەرستی

بۆ خەڵكی دەكەم، بەڵام لە كەنیسە عیسا سەلامی خوای لەسەر بێت بە خوا وەسف دەكەن، لە مەعبەدی بووزیەكان خواكەیان لەبەردەم بیناكەیان داناوە، لە مەعبەدی سیخەكان مشك و مانگا، بەڵام مادام نەگاتە ئاست ئەكشنێكی نەخوازراوە هەموو ئەوانە ئاساییە، بەڵام لێرە لەسەر ووتارێك ڕۆژنامەنووس كوژراوە، لەسەر قسەیەك دەمی خەڵك هەڕاوە، لەسەر قسەیەك فەسڵ كراوە، لەسەر قسەیەك گواستراوەتەوە.
هەربۆیە دیمەنەكانی كوردستان لەماوەی ٢٤ ساڵی ڕابردوودا بهێنەرە بەرچاوی خۆت وەك چۆن لە تیڤیەكانەوە دەڵێن وێنەكان دەدوێن ئیتر پێویست بە قسەكردن ناكات.
بەڵام ئەمانە لەبری ڕۆشنبری كاریان بۆ گەوجاندنی خەڵك كردووە، وەك دەوترێت ماسی لە ئاوی لێڵدا زووتر ڕاو دەكرێت.
كابرایەك هەبوو جاش بوو سەردەمی بەعس و هەمووی دەزانێت موچەی جاش ٨٠ دیار بوو مانگانە، كە ڕاپەڕینە بوو دواتر بوو بە پێشمەركە زۆرجار پرسیاریان لێ دەكرد كە موچەكەت چەندە؟ ئەویش دەیگوت بەخوا هەر ٨٠ دینارەكەیەو زیادی نەكردووە.
پەكەكە دوای ساڵانێكی تولانی و خەباتی شاخ ئێستە دەگاتە ئەو قەناعەتە كە بۆشاییان لە نێوان خۆیان و خەڵكدا دروستكردووەو كۆنگرەی ئیسلام و دیموكراسی لە ئامادە (دیاربەكر) دەبەستێت كە د عومەر عەلی خۆی ئەندام بووە تێیداو دەڵێ: بە هەموو ئیعترافاتێكەوە لە كۆنگرەدا دەوترێت ئەزموونی مەدینەوەو پێكەوە ژیانی دەستەڵاتدارێتی محمد درودی خوای لەسەر بێت چارەسەرو لێكچووە لەگەڵ ئەزموونی ئێمەو ئێستەدا، دەمیرتاش بە یەك وتەو پشتگیری هاوڕەگەزبازەكان بالانسی دەنگەكان دەگۆڕێت ئاخر هەقی ئەوە نی یە تەمبێ بكرێت كە مافی ئەو نی یە ئەو قسەیە بكات و هەڵەی ئەو دواتر ئێمە

هەموومان باجی دەدەین.
ئەگەر ماوەی حوكمڕانیەتی ئەم هەرێمە حوكمێكی ئیسلامی بوایە! پەڵەیەكی ڕەشی گەورە دەبوو لە مێژووی ئیسلامیدا.
بە كورت و پوختی دەكراو وە دەكرێت خواستەكانی گەلی كورد لەم جۆرە فكرو ئایدۆلۆژیە جیابكرێتەوە بەڵام بەداخەوە ئەوان سودیان هەر لەم تێكەڵی و پێكەڵیە وەرگرتووە هەربۆیە تا ئێستەش نەتوانراوە حیزب لە حكومەت جیا بكرێتەوە هەر باسی باسی ئەوەیە دین لە دەستەڵات جیابكرێتەوە، ئاخر دین كەی دەستەڵاتی هەبووە تا جیا بكرێتەوە، لەوەتەی كوردستان هەیە یەك نموونەم پێ بڵێن دەستی دزێك بڕا بێت، جەڵد لەكەسێكی زیناكەر درابێت، كەسێك هەڵواسرابێت لەسەر تاوانی ڕێگەگرتن و تاڵانی كردن، زۆر بەداخەوە ئەزموونی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا بەردەوام تێكەڵ دەكرێت و تا ئێستە نەمانتوانیووە خۆمان بین وەك دكتۆر لە باسەكەیدا جەختی لەسەر كردەوە.
مامۆستا عبدالرحمن محمەد عارف ڕەخنەی توندی لە عەلمانیەت گرت و ووتی: ئەوانەی كەلە سەرەتاوە بە عەلمانی هێناوییانە و هەشیانە عەلمانیەكی بەعسی بووەو دواتر بووەتە عەلمانی كوردیی! ئەو تاك و تەرا خوێنەوارەی كە نیازیان خراپ نیە بەڵام بەخۆیان بزانن یان نا لە بواری كارو فیكری ئیسلامییدا كەوتوونەتە ژێر فشەو فشاری عەلمانیەتەوە.
ئەو ئیسلامیەی كە عەلمانیەت دەیەوێت مامۆستا بەو شێوەیە وێنای كرد كە:
ئیسلامێكی كەم ئەندام و پەل و پۆ بڕاو، ئیسلامێك بە عەرەبانە بڕوات بەڕێوە! جێگەی خۆیەتی بووترێت كەسایەتیە ئیسلامیەكان لە ماوەی ڕابردوداو تا ئێستە چەندین كۆڕیان سازكردووە وەك دیبەت و بە هاوبەشی ئەوانەی كە كاریگەرن بە فكرو ئایدۆلۆژی عەلمانیەت و ڕۆژئاوایی بەڵام عەلمانیەكان خۆیان لەو جۆرە كۆڕو كۆبوونەوانە دەبوێرن و هەوڵی جیاكاری دەدەن و بۆشاییەكە

دیسان قوڵتر دەکەنەوە، خاوەن فکریش نابێت بترسێت لە ڕووبەڕووبوونەوەو بوار بۆ ڕەخساندن، دواتر ئەوان لە فەزایەك دەبن و کۆمەڵگە لە فەزایەکی تر، جگە لەوەی ماوەی حوکمڕانیەتی ئەم هەرێمەو لە ژێر ناوی عەلمانیەت و فکری غەریبیدا هۆکارێکی گەورە بووە بۆ بە کافر زانینمان و ڕەوایەتی دان بەو گروپانەی کار لەسەر ئەو دەستەواژانە دەکەنەوە، هەربۆیە دەبێت عەلمانیەت بەبەرگێتی ترو حساب بۆ کۆمەلگە بێتەوە مەیدان و قەرەبوونی ڕابردووی بە تەوبەیەکی کرداری بکاتەوە.

بەشێك لە وتارەکەی دکتۆر عومەر عەلی
پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم هەتا بۆ ڕەخساندنی دەرفەت و قسەکردن لەسەر دۆخە هەستیارەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەوە دیسان بۆشاییەکی تر دروست کراوە لەنێوان کۆمەڵگەو عەلمانیەتدا! بەوەی هەندێك کەس دەکەن بە پاڵەوان و پسپۆری بواری عەلمانیەت و لەبەرانبەردا زۆر دەنگی تر دەخنکێنرێت و کپ دەکرێتەوە، هەر لە ڕاگەیاندنەکانەوە بیگرە تا دەگاتە هۆڵ و جێگە جیاوازەکان.
بۆشایی ئەو دوو چەمکە لە کوێدایە؟هۆکاری ئەو جیاکاریە بۆ؟هاتنی ئەم بیرۆکانە بۆ؟چ سودێکمان لەم بیرۆکانە وەرگرتووە؟بۆ ئەم بیرۆکانە سەرکەوتوو نەبووە؟بەردەوامی و شەڕکردن لەسەر ئەم بیرۆکانە بۆ؟
پێش هەموو شت دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت دین پێداویستیەکی تاکەو بۆشاییەکە لە ناخی مرۆڤدا هەیەو هەر بە دین خۆی نەبێت پڕ نابێتەوە، زۆرجار دەبینین پەنا بۆ دینی دەستکردیش دەبرێت بۆ ئەم پڕکردنەوە.
وەك چۆن حەزو پێداویستی خواردن و خواردنەوەو جنس و ئەمانە لەناخی گشت تاکێکی تەندروستدا هەیە دینیش بەهەمان شێوەیە، وەك چۆن برسێتی

توینێتی ناشکێنێت ئەواش لادان لە دین و مانەوە نایشکێنێت، ئەوە تەنها لە ڕووی پەرستشەوە ، هەروەك چۆن كەسێك كە برسی بوو دەبێت ئیتر نان بخوات، وە بۆ ئەوەی جەستە تەندروست بێت دەبێت لەو خواردنانە بخوات كە سودی بۆ جەستە هەیە، بەڵام خۆ ئەگەر ئەو خواردنانەشی دەست نەكەوێت ئەوا هەر دەبێت هەر خواردنێك بێت بیخوات، گەرچی دواتر توشی نەخۆشیشی بكات و هەمان نەخۆشیشی بیكوژێت ئاواش لادان لە دین و نەبوونی دینێكی ڕاستی مرۆڤەكان لە ناخەوە دەكوژن و زۆرجار وا لە مرۆڤەكان دەكات خۆشی بە دەستی خۆی خۆی بكوژێت، عەلمانیەت كراوە بە بەدیلی دین لەم وڵاتەدا.
لێرە بۆ دروستبوونی كێشە مەعبەدی زەردەشتی حكوومەت بودجەی زۆری بۆ سەرف دەكات دروستی بكاتەوە وە مزگەوت لەسەر ئەركی خێرخوازیش ڕێگری لێ دەكرێت و سنوردار دەكرێت.
لە دینی ئیسلامدا شتگەلێكی جێگیر هەیە(الثوابت) نابێت هیچ كات دەستی بۆ ببرێت و بڕاوەتەوەو لە ڕاستیدا ئەركی پەرلەمان سوككراوە لە ئاستیدا نەك بە پێچەوانەوە.
ئەگەر بە وردی سەیری ئەو جێگیرو نەگۆڕانە بكەین هیچ كات بە گۆڕینیان هیچ بەرهەمێكی پێشكەوتنی دونیای بەدوادا نایەت، بەڵكو زۆر بە پێچەوانەوە هەركات ئەو شتانە گۆڕان شتی قیزەون و خراپ جێگەی دەگرێتەوە.
بۆ نموونە لە دینی ئیسلامدا یەكتا پەرستی هەیەو بڕاوەتەوەو هەرئەوەش لە بەرژەوەندی و سودی گشتیدایە، ئەگەر تۆ بێیت و وازت لەوە هێنا ئەوا بت و ئارەزووكان جێگەی دەگرێتەوە.
دزی بڕاوەتەوەو هەرشتێك بچێتە چوارچێوەیەوە، كە تۆ بێیت و وازت لەوە هێنا ئەوا سەدان یاسای داتاشراو دزیەكان سپی دەكاتەوەو یاساكە جێگەی قورئانی پێ دەگرێتەوەو خۆی بۆ خۆی دەبێتە دین و پیرۆز دەكرێت لە بەرژەوەندی

**کۆمەڵێك کەسدا نەك گشتی.**
**زینا بڕاوەتەوە کە واز لەوە دەهێنێت ئەو سەرگەردانیە دروست دەبێت ناڵێم لە وڵاتانی خۆمان لە وڵاتانی غەرب خۆی پێوەی دەناڵێنن بە دەستی منداڵی بێ دایك و بێ باوك و شەڕو کێشەو نا ئارامی.**
**خواردنی مادەی سەرخۆشکەر بڕاوەوە، کە واز لەو یاسا بڕاوە خواییە دەهێنرێت ئەوا کێشەو کوشت و بڕو پێکدادانی ئوتومبێل بەرهەم دەهێنێت.**
**ڕیبا بڕاوەتەوە کە واز لە ڕیبا دەهێنرێت ئەوا قەرزارو سودمەند بوونی دەوڵەمەندەکانی لێ دەکەوێتەوە، کەسێك قەرز دەکات لە کێ قەرز دەکات خۆ هەژار پارەی نی یە بیدات بە قەرز دەبێت لە دەوڵەمەندی بکەیت! دواتر ئەویش بە زیادەوە وەری دەگرێتەوەو بەردەوام لە قازانجدایە.**
**هەموو ئەو شتانەی پێویستی بە گۆڕانکاریە لە دینی ڕاستی ئیسلامدا نەك ڕێگری لێ ناکات بەڵکو ئەرکە دەبێت ئیجتهادی تێدا بکرێت، هەتا لە ئوموری عیبادات و زۆر شتیشدا، ئەوەتا موجتەهیدێك هەر کە هەوڵ دەدات خێرێکی بۆ دەنوسێت ئەگەر نەشی پێکێت، خۆگەر پێکای دوو خێری بۆ دەنووسێت.**
**بیناسازی و تەکنەلۆژیاو هاتوچۆو هەرچی ئەو شتانە هەیە کە پەیوەستە بە پێشکەوتنەوە هیچی دەقێکی ڕێگری لەسەر نی یە، بەڵکو هەندێك شتیش هەیە کە لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکرێت سەرەنجامی جەهلە بەرانبەر دین، بۆ نموونە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت کە ووتاری بۆ خەڵکی دەداو خەڵکی زۆر بوو بوون و لە دواوە نەیان دەبینی، کابرایەك وتی ئەی پێغەمبەری خوا بۆ شتێك دروست نەکەین بچیتە سەری و تا خەڵکی بتان بینن، ئەویش فەرمووی دروستی بکەن، دواتر دارتاشێك میحرابێکی بۆ دروست کرد کە بە ٣ قادرمە دەچووە سەری، ئیتر پێویستی ئەو کاتە هەر ئەوەندە بووەو ڕێگری لێ نەکراوە، ئێستە کەسێك دێت دەڵێ بیدعەیە لە ٣ قادرمە زیاتر چونکە ئەوەی پێغەمبەر**

درودی خوای لەسەر بێت هەر ٣ قادرمە بووە ئەوە جەهلە، خۆ دارتاش ئەوەی دروست کردووە نەك موجتەهیدی شەرعی.
ئێمە گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی عەلمانیەت دژی پیاوانی کەنیسە هەوڵی ئەوان بۆ لابردنی ستەم بوو بەناوی دینەوە، گەرنا بە ئێستەشەوە نەیان توانیووە دینەکە بسڕنەوەو لەگەڵ ئەوەی دینی مەسیحیەت بە کەڵکی حکومەتداری نایەت هەر پێویستیشیان پێیەتی و ناسنامەیان هەر بە مەسیحیە ناسراوە.
کێشە ئەو سیاسیانەی کە ئێستە دین هەمووی وەك یەك سەیر دەکەن نە شارەزاییانە بەرانبەر ئیسلام و یاساکانی وەیان فێڵزانیانە.
لە ئیسلامدا حوکم هەیە کە لە کتێبە شەرعیەکاندا دەرهێنراون و بەناوی ئایات الأحکام، ئەو ئایەتانەی کە حوکمی تێدایە.
هەروەها لە فەرموودەکانیشدا هەیە.
عەدالەت بنچینەی حوکمڕانیەتەو یاساکانی لە قورئاندا بۆ کێشراوە کە چ عەدالەتەوە چ نا عەدالەتە.
پێویستە چیتر ئیسلام نامۆ نەکرێت لە کۆمەڵگەداو ڕێزی لێ بگیرێت وەك هەڵبژاردەیەکی زۆرینە گەر حوکمی گەلیش بۆگەل بێت وەك بنچینەکانی دیموکراتی دەبێت ئەوەشت قبوڵ بێت ئەوان چی هەڵ دەبژێرن.
پێویستە سنورێك بۆ ئەو کەسانە دابنرێت کە خواستەکانی کورد بە قوربانی قسەی باق و بریق دەکات و بە کردەوە فەشەلیمان لە بواری دەستەڵاتداریدا بینووەو کردەوەکانی بۆمان دەدوێت.

# هەردی ئەنوەر: تەنکە ڕیشێکم هەبوو لە پەیمانگاو لەناو وانەدا دکتۆرێك پێی ووتم ئەوە بۆ ڕیشت ناتاشی!!



**سازدانی: قیبلە**

**کێشەی دامەزراندن و پشتگوێ خستنی داواکاری ئەو قوتابیانەی کەوا پەیمانگاو زانکۆیان تەواو کردووە یەکێشە لە کێشە زیندووەکانی ساحەی کوردی، زۆرجار خوپیشاندانیش دژی بەدەمەوە نەچوونیان بەڕێوە چووە، بەشێوەیەکی گشتیش ئەو قوتابیانە ئەوانەن کەوا پشتگیریەی بەهێزی لایەنێکی دەستەلاتیان نی یە، ئێمە زیاتر لەناو کومەڵگەدا ئەم دیاردە بەر گوێمان دەکەوێت و لە خو پیشاندانەکاندا، بۆ زیاتر تێگەشتن لە گرفتی ئەو قوتابیانەی کەوا پەیمانگا یان زانکۆیان تەواو کردووەو لە دوو ڕیانی قوتابی بوون و ماموستایی و فەرمانبەریدان پێمان باش بوو لە نزیکەوە بیان دوێنین، چونکە هەندێك جار لە کاتی دەنگداندا زۆر گوێمان لە بەرپرسیان بووە بەپێی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیان داوە، بەڵام لە زەمینەی کرداریدا وەك کێشەی کارەباکە دەیبینین و جورێك لە جورەکان پاڵیان پێوە نراوە بۆ چوونیان بۆ مولیدەکان، هەرچەند لە زۆرێك وولاتاندا هەموو ئەو کەسانەی کەوا بڕوانامە**

بەدەست دەهێنن گەرەنتی دامەزراندیان لەلایەن حکوومەتەوە نی یە، بەڵام زەمینەیەکی فراوانی وا دروست بووە کە خاوەن بڕوانامەکانیش بێ منەت بن لە حکوومەت، ئاشکرایە ئێستە لە کوردستاندا سەرەتایە بۆ ئەو زەمینەو هەموو سەرەتاییەکیش سنورداره، بەم پێیە نەتوانراوە پێداویستیەکانی ئەو خاوەن بڕوانامانە جێ بەجێ بکرێت، جگە لەوەی دڵیشیان ئاوی نەخواردووە، لە یەکێك لە هەوڵەکانی ئەم دوایەداو وەك جورێك لە چارەسەر باس لە پێدانی بڕێك مووچەی کەم بۆ ئەو کەسانە باسکرا، هەرچەند ئەو بڕە ئاشکرایە هیچ کارێکی وای پێ ناکرێت و کێشەی دامەزراندن تەنها هەر مووچەش نی یە، کەسێك چواردە ساڵ خوێندوویەتی یان شازدە ساڵ بۆ ئەوە نەیخوێندووە بە سەد هەزارێك لە ماڵەوە خانەنشین بکریت بەبێ خزمەت، ئەوان بۆ خزمەت خوێندوویانە کە ئاشکرایە هەستانەوەی گشت ئاستەکانی کوردستان پێویستی بە کەسانی پسپوڕە، نەبوونی پسپوڕی تەواو لە گشت دامودەزگاکانی حکوومەتدا یەکێکە لەو کێشانەی کەوا هاوڵاتیان پێوەی دەناڵێنن، دائیرەی وا هەیە ئەو کەسانەی کەوا کاری تێدا دەکەن تێیدایە دەرچووی زانکۆیە، تێیدایە بڕوانامەیەکی سێی ناوەندی بە هەزار شەڕە شەق و مەسایی و بگرە ...دەرهێناوەو لە شانی کەسێکی زۆر باڵا لە خویدا کار دەکات، ئەم جورەو زۆرێکی تریش نا دادگەری لە دڵی دەرچواندا دروست کردووە بەرانبەر حکوومەت، دەچینە خزمەت یەکێك لەو قوتابیانەی کەوا بە بڕواو هیوایەکی زۆرەوە پلەکانی خوێندنی تەواو کردووەو دوای تەواوکردنی هیچی بۆ نەکراوەو لە نزیکەوە دەی دوێنین کە ئەویش بەڕیز ( هەردی ئەنوەر)ەو نووسەرێکی بەتوانای دیاری ناو پێگەکانی ئەنتەرنێتەو لە بواری وەرگێرانی فارسیدا کەسێکی زۆر بە توانایە، بەم شێوەیە پرسیارەکانمان ڕوو بەڕوو کردنەوە.

قیبلە: پێم باشە کورتەیەك لە ژیان و گرفتەکانی نێو پەیمانگا یان زانکۆتاندا

بکەنە دەرگایەك بۆ چوونە ناو باسەکەمانەوە؟
هەردی ئەنوەر: سەرەتا هەموو سوپاس و ستایشم بۆ خوای تەنها، تەنها ئەو دەپەرەستم و تەنها داوای یارمەتیش لەو دەکەم...سوپاسی جەنابتان دەکەم کە ئەرکتان کێشە بۆ ئەم چاو پێکەوتنە. ناوم (هەردی ئەنوەر)ە دەرچووی بەشی پەیمانگای پزیشکیم لە هەولێر. ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ ئاوارەی ئێران بووین تا ساڵی ١٤/١٠/١٩٩٩ گەڕاینەوە کوردستان. خوێندنی سەرەتایم لەوێ لە(سەقز) کوردستانی ئێرانی تەواو کردووە. ناوەندی و دواناوەنیم لە کوردستانی عێراق تەواو کردووە. پەیمانگای پزیشکیم لە هەولێر تەواو کردووە. خەریجی ساڵ ٢٠٠٨- ٢٠٠٩م. م. گرفت نەك لە ناو پەیمانگای پزیشکی بەڵکو لە هەموو زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان کێشە هەیە و ئەو کێشانە بۆنەتە بەربەستێك بۆ ئەو قوتابیانەی کە دەخوێنن. بۆ نمونە کێشەکان: ١- دەستێوردانی حیزب لە خوێندن.٢- نەبوونی پێداویستی بۆ نمونە: ماددەی کیمیای بۆ دروستکردنی دەرمان٣- کەمی ئەجهیزە بۆ ئیش پێ کردنی کارەکانمان٤- نەبوونی ماموستای پسپۆڕ لەو بەشەی دەیڵێتەوە..٥- نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ خوێندن و وەك هوڵ٦- نەبۆنی خول بۆ ماموستاکان بۆ نمونە ئێمە دکتورێکمان هەبوو ناوی دکتور هوگر بوو، سەر بە حیزبی (یەکێتی قوتابیان) بوو. لە بیرم دێ لە دەرسێك کە ناوی فارماکولوجی بوو لە دە دەم نەهێنایا نوم ئەهێنا بەڵام وەرەقەم بۆ هاتەوە پێنجم هێنابوو. ئەوەش نەبوو کە رقم لێبێت بەڵکو زۆرڕێزم لێ ی دەگرت نەك لەو بگرە هەموو دکتورەکانی ترڕێزم لێ ی دەگرتن و خوشم دەویستن بۆ نمونە: دکتور ئەمیل مەسیحیش بوو بەڵام بەڕاستی جیاوازی نەدەکرد هەم ماموستام بوو هەم هاوڕێشم بوو وە دکتور بورهان سەروك بەش بوو بەڕاستی ئەویش بە هەمان شێوە، ئیتر نازانم لەبەر ئەوە بووە کە تەنکە ریشێکم هەبووە!! جارێکیان ئەو دکتورە پێ ی وتم ئەوە بۆ ڕیشت ناتاشی . ڕیشت داناوە؟؟!! تەماشای ئەو

پرسیارە لە کاتی دەرس و موحازەرە...!! ئەمە ئەگەر خولێکی بۆ بکرێتەوە بۆ حەقی خەڵکی ئەخوا هی ئەو ئەقرتێنێ ئەیدا بەو!! ئیتر بێجگە لەوەی کە کاتێ داخلی ناو پەیمانگا دەبووم جامتاکەیان دەپشکنیم و پرسیاریان دەکرد چیت پێیە چیت پێ نییە تەنها بۆ منیش وابوو وەك خۆم ئاگاداربم. چونکە ڕۆژێکیان لەسەر کاغەزێك بێ ئەوەی ناوی حیزبی لەسەر بێ یان بە خراپ باسی کەسم کردبێ تەنها باسی حەزرەتی عومەرم کردبوو لەو پارچە کاغەزە.. قوتابیەکان پێ یان خوش بوو لەو بابەتانە. ئیتر لە دوای ئەوە بانگیان کردم بۆ لقی دووی ناوچەی زانکۆ و پەیمانگاکان...من هەموو ئەو ئیشانەی کە ڕۆژانە دەمکرد لە دڵسافیا ئەمکرد و مروڤدوستانە بوو بەڵام ئەوان بەو شێوە بوون!!

قیبلە: من خۆم دەرچووی زانکۆم لە بەریتانیاو ئێستەش لە دواین پلەی ماستەرەکەمدام کە لەسەر ڕەوشی خوێندنی ئینگلیزیە لە کوردستاندا، مەبەست لەوە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری زانکۆو پەیمانگاکانم و سەردانی مەیدانیم بۆی کردووەو لە گشت زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان ماومەتەوە لە داخلی و وە ئامادەی وانەکانیش بووم، زۆر شتی ئەرێنی تێدایە بە تایبەت یارمەتی لە ڕووی مادیەوەو خوێندن بە بێ بەرانبەر، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی قوتابیان هەر هاوار دەکەن؟ ئەو نارەزایانە لە چی یەوە سەرچاوەی گرتووە؟

هەردی ئەنوەر: ئەوەی بۆ ئەو قوتابیانەی وڵاتانی تر فەراهە دەستەبەرکراوەکراوە بۆ قوتابیانی کوردستان دوای ٣٠ ساڵی تر ئەگەر فەراهەم بکرێ.. نەبوونی داخلییەکی وا کە قوتابیان تێیدا ئاسوودە بن، بە زستان یان نەوتیان نییە، یان بە هاوین کارەبات نییەو موبەریدە نییە. لەم رواژانا لە داخلییەك لە ئاکرێ داخلییەك لە رووی کارەباوە تەواو نەبوو، ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بەو بەشەوە هەیە ئاگاداریان کردنەوە بەڵام گوێیان پێ نەدابوون تا داخلییەك ئاگری گرتبوو، کومەپێ شتی قوتابیەکان وەك کتێب و جێگاو...هتد.

سووتابوو. راگەیاندنەکان چووبۆن لێدوان وەرگرن، نەیانهێشتبوو بە تایبەت لە کاتی لێدوانێکی قوتابیەك بۆ راگەیاندن دەدا بەدەسیاو ناهێلێی لێدوان بدات. هیچ داخلییەکی کوردستان کتێبخانەییەکی وای تێیدا نییە کە قوتابی سوود وەرگرێ و پێوە مەشغوڵ بێت.. مەجبوور خویان بە تەماشای تەلەفزێن و کونکان و دومینە خەریك دەکەن!!! یان موبایل و شەڕە بلووتوز!!

قیبلە: چ هەستێکیات لە دواساڵی خوێندندا بۆ دروست بوو بوو؟

هەردی ئەنوەر: بەپێ هەستی زۆر خوشم لا دروست بوو لە ناخی خۆما ئەم وت: انشاءالله تەواوی بکەم بەیانیان دادەمەزرێم و ئێوارەنیش دەخوێنم. چەند ڕۆژ پێش ئەوەی تەواوی بکەم باوکم وتی: الحمدالله ئیتر پێویستت بە من نامێنێ و یارمەتی ئێمەش ئەدەی؟؟... ئەو باوکەم کە چەند ساڵە بە پارەی کرێکاری و دەردەسەری پارە کودەکاتەوەو دەیدا بە من کە خوێندن تەواو کەم و دامەزرێم و من یارمەتی ئەو بدەم...ئێستاش ئەوە دوو ساڵە تەواوم کردووە هەر ئەو کرێ ی سەیارەکەم ئەدا!!

قیبلە: دوای دەرچوونتان تا ئێستە چەند جار هەوڵی خو دامەزراندنتان داوەو کار ئاسانیتان بۆ کراوە؟

هەردی ئەنوەر: لە دوای دەرچوونم تا ئێستا ٤- تا ٥ (چوار تا پێنج) جار فورمم پڕ کردوتەوە و لە (عەمادە)ی بەشی پەیمانگای پزیشکی ٢((دوو جار)) پشتگیریم بردووە بۆ فەرمانگەی تەندروستی بەڵام هێشتا هیچ جوابێك نییە... لەبەشی دەرمانسازی کە بەشی خۆم بوو سەدو سێ(١٠٣) قوتابی بووین، من چواردەیەم(١٤) بووم. ئەوەی کە هەشت(٨) دەرس کەوتبوو و بە دەوری دووەم ناجیح بوو ئێستا دامەزراوەو دەوام دەکات...دراوسێ ی خۆمە بەناوی(ە. ن) لە پەیمانگا بە ئاستی ناوەند دەرچوو، ئێستا جێگیر مەسئول(ردەهە) قاوشە... هەروەها خەفەر ئیداریشە لە نەخوشخانەی رزگاری ..لە کاتێکا دوو ووشەی

ئینگلیزی بەشەکەی خۆی لێ ی بپرسە بە تەواوی نازانێ. ئەمە نمونەییەکی بچوکە لە خەروارێك لە کاتێکدا تێیدا هەیە کە معاون مودیرە نەخوشخانەی رزگاری خەریجی دەرچوی سێ پەرەستاری شەهادەی ئیعدادی، لەو لاشەوە کومەڵێك دەرچووی کولیە((کولیژی)) پەرەستاری هەیە دانەمەزراون.. بۆنمونە: ئەکرەم، نورەدین، ئەیاد، دلاوەر....هتد. ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی دامەزراندنیان هەیە چووم بۆ لایان پێ یان دەپێم من من چواردەیەم(١٤) بووم لە بەشەکی خۆم لە کۆی سەدو سێ کەس بۆ من دانامەزرێنن؟ دەلێێن: هەتا ئەندامی خۆم هەبێ تو دانامەزرێنم ئەمە قسەی بەرزان بوو کە رێکخراوی قوتابیانە لە پەیمانگا بە تەلەفونی قسەم لەگەڵ کرد.

قیبلە: ئەو بەڵێنانەی کە لە کاتی نزیك بوونەوەی دەنگدانەکانەوە دەدرا تا چەند گشتگیر بوو وە ئایا بۆ ئێوەی نەگرتەوە؟

هەردی ئەنوەر: ئێستا منداڵێکیش تێ ی گەیشتوو لە چونییەتی بەڵێنەکان، لەبەر ئەوەی منی نەگرتوتە چونکە ١- حیزبی نیم و کەسێکی گەورەش لە بەرپرس لە پشتم نییە ، «واسیتەم نییە. « چووم بۆ فەرمانگە تەندروستی دەڵێم کاکە کەی دامەزراندن دەکرێتەوەو دووبارە ناوم خۆم بنووسم. دەڵێن ئەمە قسەی خویانە « ڤیتامین واوت هەیە واتە وایسیتەت هەیە؟؟ « ٢-شتێ نانوسم کە مانای نەبێت و مێشکی خوێنەر تێك بدات و لەسەر پێگەکان یا خود لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان شتێك دەنووسم کە هەم سوودی بۆ وڵات و هەم سووی بۆ خوێنەرو خۆم هەبێت...ئێستاش زۆربەی کات ئیشم ئەوەیە وەرگێڕانی فارسی بۆ کوردی دەکەم و پارەی ئەو وەرگیڕانە یارمەتی دەرە بۆ خەرجی ڕۆژانەو و یارمەتی ماڵەوە کە ئەوەش زۆر کەمەوە بە کەمی سوودم وەرگرتووە.

قیبلە: ئایا هەوڵی دامەزراندنتان لە پەیمانگاو زانکۆ ئەهلیەکان داوە؟ وە کاری ئەوان چۆن هەڵدەسەنگێنن لەبواری خزمەتگوزاری دامەزراندنەوە؟

**هەردی ئەنوەر: نەخێر هەوڵی دامەزراندنم نەداوە، دەنا زانکۆ ئەهلییەکان باشن و کەرتێکی باشن بۆ ئیش کردن...ماوە پێش ئێستا وتم باوکە با بچم بخوێنم؟ ووتی: ئەوانەی وا خەریجن و سەر بە خوێندنی باڵایە.. دانامەزرێن بۆ نمونە خوت، جا بگا بە ئەهلی...!!**

**قیبلە: هەندێك لەو کەسانەی کەوا پەیمانگاو زانکۆ تەواو دەکەن بزنزی تایبەتی خویان لە چوارچێوەی بڕوانامەکەی خویاندا دەکەنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە هەوڵی لەو جورەتان داوە؟**

**هەردی ئەنوەر: نەخێر هەوڵم نەداوە. هەندێ شتی سەرەتای هەیە کە دەبوایە دوو ساڵ لەوەو پێش بۆم بکرایە، جارێ خەریکی شتە سەرەتاییەکانم.**

**قیبلە: لەم چەند ڕوژەی ڕابردوودا باس لە پێدانی مووچەیەکی دیاری کراو کرا لە لایەن حکوومەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان، تا چەند ئەمە کاری پێکراوەو کەلێنی ئێوەی پێ پڕ دەکرێتەوە؟**

**هەردی ئەنوەر: هەموو شتێك پارە نییە، ئەوە گرنگە کە لە پەیمانگا چی فێر بووم و بەو زانستە بە پێی توانای خۆم خزمەتی خەڵکی پێ بکەم هەموو مروڤایەتی بە بێ جیاوازی بە تایبەت وڵاتەکەی خۆم...ئەوەش کە دەیدەن بۆ دەم بەست کردنەو بەشی چاکەتێك ناکات کە بیکەمە بەرم بۆ زستان، دەنا ئەگەر مەبەست پارە بێت دەچم کرێکاری دەکەم و شانازیشی پێوە دەکەم...!!**

**قیبلە: ئایا هەوڵی خوێندنی زیاترتان داوە دوای دەرچوونتان بۆ دەستکەوتنی بڕوانامەی بەرزتر؟ وە ئایا تا چەند بەدەم داواکاریەکانەوە بوون؟**

**هەردی ئەنوەر: بەڵێ زۆرم حەز لێیە بەڵام خوێندنی ئەهلی و بڕوانامەی بەرزتر دەرامەدێکی باشی دەوێت...ئەوەش کاتێك دەکرێت کە دامەزرێم و ئێواران بخوێنم تا بەو دامەزراندنە کەلێنی خوێندی پێ پڕ بکەمەوە...بەڵام حەیف!!! وە خوێندنی ئەهلی لە کوردستان جێ ی سیقە نییە، چونکە لەم ڕۆژانەدا**

زانكۆی شاهانەی بەریتانی كێشەی بۆ دروست بوو   دەیانوت دەبێ ناوەكەی بگوڕی دەنا ئێمە بەرپرسیار نین لە هیچ شتێك...
قیبلە: ئەگەر شتێك ئێمە باسمان نەكردبێت و شایەنی باسكردن بێت لای ئێوە؟
هەردی ئەنوەر: سوپاسی جەنابتان دەكەم كە ئەركتان كێشا بۆ ئەم چاوپێكەوتنە...زۆر شتی تر هەیە باسی بكەم و ئەوانەشی كە وەك منن هیوادارم هەوڵی خویان بدەن لە ژیان بێ ئومێد نەبن. داواكارم لە حكومەت..كەسێك كە شایەنی شوێنێك نییەو شارەزای لەو بەشە نییە با داینەنێن و بیدەن بە كەسێك كە شارەزاوز دڵسوزە و حەقی خۆی پێ ئەدا. نەك بە كەسێك نەك حەقی خۆی پێ نادا بەڵكو سوكیشی دەكات!! لەو بەشەی خۆمان كە ئیشی تێیدا دەكەین دڵسوز بین و ڕێزی یەكتری بگرین تا وڵاتمان پڕ بێت لە خوشەویستی!!...
باسكال شتێكی جوانی هەیە دەڵێت: تمام شان و عظمت انسان در فكر است « . « واتە هەر چی پلەو پایە و ڕێزوگەورەیی ئینسان هەیە لە بیركردنەوەیایەتی. «
پروفایڵ
لە ساڵی ١٩٨٥ لە شاری چەمچەماڵ لە دایك بووە
ساڵی ١٩٩٠ ئاوارەی ئێران بووە.
خوێندنی سەرەتای لە ((سەقز)) تەواو كردووەو خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە كوردستان تەواو كردووە.
شارەزای لە زمانی فارسی هەیەو وەرگێڕە.
دەرچووی بەشی دەرمانسازیە لە پەیمانگای پزیشكی هەولێر.
ئێستا مانگانە بە بڕی (سێ سەد هەزار دینار) لە دەرمانخانەییەكی ئەهلی دەوام دەكات كە ٦٠ هەزاری دەدات بە كرێ سیارە!! بە بێ نان خواردن!
سوپاس بۆ وەڵامەكانتان و هیوادارین بە هەند وەربگیرێن

# پێڕست


پێش پێشەکی:........................................................................................ ٣
پێشەکی.............................................................................................. ٨
د.کەمال میراودەلی:.................................................................................. ٩
دەستەڵاتی بنەماڵەی بەسەرچوو..................................................................... ٩
میراودەلی:داوا دەکەم بەردەوام بن لە خۆ پیشاندان ............................................... ٢٠
دکتۆر کەمال میراودەلی سێ شەممە کاتژمێر ٥ی ئێوارە دەگاتە فڕۆکەخانەی سلێمانی ..... ٢٦
دکتۆر کەمال میراودەلی گەشتە کوردستان و خۆپیشاندانەکان فراوان دەکات ................. ٢٨
کەمال میراودەلی: سیستمی حوکمڕانی بنەماڵەی جارێکی تر ................................... ٢٩
قیبلە: دڵم لەگەڵ خۆ پیشاندەرانەو بەم نزیکانە جەستەشم دەچێتە پاڵیان........................ ٣٢
پەیامێك بۆ مامۆستایانی حوجرەکان.............................................................. ٣٥
بە بەڵگەوە: ئیسلام ستەم و خیانەتی لە گەلی کورد کردووە.................................... ٤٠
پەیامی نەورۆز سەرپان کردنەوەی زاڵمانە نەك هەڵپەڕکێ!..................................... ٤٢
شەڕی مێژوو فرۆشتن............................................................................... ٤٤
دەستەڵات بە کۆکەیەکی ئۆپۆزسیۆن دەکەوێتە ئینزارەوە........................................ ٤٨
پێشمەرگەی ڕاستەقینە کێیە؟.................................................................... ٤٩
قوربانیەکانی ئەنفلۆنزای گەندەڵی............................................................... ٥١
خۆ پیشاندان و مۆڵەت! ........................................................................... ٥٢
دەستەڵاتدارانی کورد قوتابی قەزافین و (کتاب أخضر)یان خوێندووە ........................... ٥٤
بودجەو خۆپیشاندان!.............................................................................. ٥٥
بووین بەژێر پرۆژەوە !............................................................................. ٥٧
بزەی پێکهێنانی کابینەی نوێ..................................................................... ٥٨
ووڵاتی یەك ڕۆژی ................................................................................. ٥٩
بەهەڵپەڕکێ بوایە پێشکەوتوو ترین میللەت دەبووین............................................ ٦١
داواکاریی داخستن و سنوردارکردنی مەیخانەکانی دەربەندیخان................................. ٦٢

چی بەچی دەناسیتەوە؟ ........................................................................ ٦٦
کوردستان یان زبڵدان ........................................................................ ٦٨
ڕای ئازادو ڕووی ڕاستی خەڵکی........................................................................ ٧١
ڕای ئازادوو موزایەدەی لایەنە سیاسیەکان........................................................................ ٧٣
بە کورتی دەستنیشانی هەندێك لەو لایەنانە دەکەین........................................................................ ٧٤
ئەی ئافەرین وەزارەتی ئەوقاف!........................................................................ ٧٦
یەك ملیۆن واژۆ بۆ پشتگیری مامۆستایان و ووتاری هەینی کۆ دەکەمەوە ........................................ ٧٨
مەلاکان و هێڵی سور بەزاندن ........................................................................ ٨٢
نازانم بگریم یان پێبکەنم؟........................................................................ ٨٦
یاسای فرەژنی لە بەرژهوەندی ئافرەتاندایە........................................................................ ٨٦
یاسایەك دژایەتی لەگەڵ قورئاندا هەبێت، نابێت بخرێتە دەنگەوە ........................................ ٩٠
(یداك أوكتا و فوك نفخ) بە دەمی خۆت فوت تێکردووەو بە دەستی خۆت بەستووتە ...... ٩٣
ئەو پەنجە دەبڕم کە بچێتە ناو مەرەکەبی دەنگدانەوە/پێشمەرگەیەکی دێرین............... ٩٧
ئازادی سەردەمیانە (مۆدێرن)! ........................................................................ ١٠١
ئایندەمان لە مەترسیدایە........................................................................ ١٠٣
با مەرگی حەمایل خان بکەینە هەنگاوی پێکەوە ژیان........................................................................ ١٠٤
تاك: بەگشتی ئەدای لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟................١٠٦
هەمواری یاسایی هەڵبژاردن........................................................................ ١١١
ئەمەریکا تا قیامەت لە عێراق دەبێ، ........................................................................ ١١٣
ئەگەر ڕەوشی ئاسایش هۆکاری مانەوە بێ........................................................................ ١١٣
لە کوێن خۆشەویستانی قورئان........................................................................ ١١٨
نەیارانی ئیسلام ناوی محمد لە سەر پێڵاو دەنوسن ئێمەش لەسەر دڵمان ................ ١٢٠
مەلا موسلیم: ........................................................................ ١٢٢
لەهەولێرەوە داوا دەکەم لەمامۆستایانی ئاینی و موسڵمانان بە تێکڕاو بێ جیاوازی: بێ دەنگ نەبن لە هەر بێڕێزی و بێ ئەدەبیەك کە دەکرێت بەرامبەر بە پیرۆزیەکانی دینمان و ڕۆژانە دێتە پێشێ........................................................................ ١٢٢

له مەلا عومەرەوە بۆ مەلا عومەر ........................................................ ١٣٤
(وەك خۆی) بیرەوەریەکم لەگەڵ بەڕێز ........................................................ ١٣٧
کاك ئەحمەد شەش پەنجەدا........................................................ ١٣٧
ئەحمەد شەش پەنجە پێشمەرگەی دێرینی........................................................ ١٣٩
بزووتنەوەی ئیسلامی دوای شەش ساڵ زیندانی ئازاد کرا ........................................................ ١٣٩
تەقینەوەو کارە تیرۆریەکان ........................................................ ١٤١
سەبارەت بە تۆپبارانکردنی سنورەکان........................................................ ١٤٣
لە لایەن ئێران و تورکیاوە........................................................ ١٤٣
گەنجانی دەربەندیخان شایەنی خەڵات و سوپاسن نەك هەڕەشە........................................................ ١٥٠
ماری ژێر کا (ماسۆنی)........................................................ ١٥١
دیاردەی ماسۆنیەت لە کوردستاندا........................................................ ١٥٩
لە دەمارگیری مەزهەبیەوە بۆ دەمارگیری حیزبی........................................................ ١٦٣
شیوەنێك بۆ ئازادی ........................................................ ١٦٦
کوردایەتی یان خۆ پەرستی !........................................................ ١٦٨
محمد مورسی ڕوی دیموکراتی ڕەشکرد ........................................................ ١٧٠
کوردایەتی لە نیوان دژایەتی ئیسلام و ئینتیمای نەتەوەیدا ........................................................ ١٧٤
ئیسلامیەکان موشریکن!........................................................ ١٧٦
کورد یان ئیسلام کامیان لە پێشە ........................................................ ١٨١
کورت و پوختی وتەی من........................................................ ١٨٣
لە بارەی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش ........................................................ ١٨٣
شەهیدو بە شەهید کراوەکان........................................................ ١٨٥
دەسەڵاتی علوج مەلای علوج بەرهەم دەهێنێت ........................................................ ١٩٣
پەیامێك بۆ مامۆستایانی ئاینی ........................................................ ١٩٩
کاتێك تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنرێت ........................................................ ٢٠١
مزگەوت ڕووخاندن و دیسکۆ دروست کردن!........................................................ ٢٠٤
پیرۆزو بە پیرۆزکراوەکان........................................................ ٢٠٦

هەوڵی ڕاستەقینە نەك تاك پەرستی ........................................................ ٢٢٩
هاوارکردن توندوو تیژیە، فیشەك باران کردن دیموکراسی!........................ ٢٣٠
کارمەندانی حکومەت ........................................................................... ٢٣٢
هۆکارێك بۆ بێزاری و دوورکەوتنەوەی هاوڵاتیان...................................... ٢٣٢
هاوڵاتیانی کوردستان لە حکومەت گەندەڵترن........................................ ٢٣٩
کەسایەتی پێغەمبەرو،هەڵوێستی مسوڵمانان............................................ ٢٤١
گەورەترین پێگەی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت..................................... ٢٤٩
هەڵەیەکی عەلمانی و هەڵەیەکی ئیسلامی................................................ ٢٥١
ئاوات کەرکوکی: پالتۆك وێستگەی دەنگی کپ کراوی موسوڵمانانی کورد بوو.......... ٢٥٦
یاد عەلی: لە پۆلی پێنجی ناوەندی، ماوەیەکی زۆر هەوڵماندا..................... ٢٦٢
شاخەوان حەسەن:............................................................................... ٢٧٣
حەز دەکەم شەلەل لێم بدات نەمگەڕێننەوە بۆ کوردستان ......................... ٢٧٣
قیبلە: دەبێت مسوڵمانان لە ئەوروپا بە کردەوە جوانەکانیان سەرنجی خەڵك ڕابکێشن ..... ٢٧٧
قورئان سوتێنەکان بسوتێنن ................................................................. ٢٧٩
کاریگەری مسوڵمانان لەسەر ئەوروپیەکان ............................................. ٢٨٠
ڤاتیکان شەکەرێکی تری شکاند.............................................................. ٢٨٢
گرانی و هەرزانی خوای بوزیەکان.......................................................... ٢٨٣
نامەیەك بۆ نوسەران ............................................................................ ٢٨٨
قیبلە: زۆرێك لەو کوردانەی لە دەرەوە کار دەکەن مەرج نی یە...................... ٢٩٠
قوتابیانی زانکۆ توشی شۆکیان کردم!...................................................... ٢٩٤
د.موسەنا ئەمین: ئاگرەکەی بادینان پارتی سوتاند ..................................... ٢٩٩
م حمید: دەبێت خۆمان مافی خۆمان بەدەست بهێنین ............................ ٣١٦
هەرێم سەرتەکی: پێویستە لەدەستوری تورکیا مافی کورد دیاری بکرێت .............. ٣٣٣
نمونەی وتارو هەڵوێستێکی هەرێم سەرتەکی، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆردا ............ ٣٣٨
گەریلاکانی قەندیل و مانای ڕاستی کوردایەتی.......................................... ٣٤٠
دەڵێن کورد سودی لە ئیسلام وەرنەگرتووە! ئەوەش وەڵام........................ ٣٤٤

خوێندنەوەیەك بۆ كۆنگرەی ئیسلام و دیموكراسی ئامەد.......................................................... ٣٤٧
مێژوو بۆ ڕاستیمان دەگەڕێنێتەوە/ئەزموونی پەكەكەو كۆنگرەی ئیسلامی بە نموونە.......... ٣٥١
بەڕێوەچوونی كۆنگرەی ئیسلام و دیموكراسی-ئیسلام چارەسەر بە نموونەو دانپێدانان....... ٣٥٣
هەولێر: ئەنفال لە ئێوارە كۆڕێكدا.......................................................................... ٣٥٧
بۆشاییەكانی نێوان عەلمانیەت و كۆمەڵگەی كوردەواریی لە ئێوارە كۆڕێكدا......................... ٣٦٣
هەردی ئەنوەر: تەنكە ڕیشێكم هەبوو لە پەیمانگا !! ....................................................... ٣٧٦

گەرچی سیاسەت هیچیش جێگەی گرنگیت نەبێت و کەسێکی سیاسی و حیزبیش نەبیت بەڵام سیاسەت کاریگەری ڕاستەوخۆی لە ژیانی تۆدا هەیە.

گۆڕانکاری و بڕیارە سیاسیەکان پەیوەستی قوڵ و بەرفراوانی لە ژیانی هاوڵاتیاندا هەیە، نابینی زۆر لە نارِەزایەتیەکان گشت چینەکانی کۆمەڵگەی تێدایە، تێیدایە نازانێت سەرۆکی وڵاتەکە ناوی چی یە، تێیدایە نازانێت پەرلەمان و حکومەت چ مانایەکی هەیە، تێیدایە هیچ لە سیاسەت سەردەرناکات لە پێشی پێشەوەی نارِەزایەتیەکاندا دەبینرێت و لافیتەیەکیشی بە دەستەوەیە، هۆکاری ئەوانە چین؟ بڕیارێکی سیاسی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانیدا دروستکردووە، بەلایەوە گرنگ نی یە کێ سەرۆکەو کێ بەرپرسە، بەڵام دەبینێ موچەکەی نادرێتی و منداڵەکانی چاویان لە دەستی ئەمەوەیە، ئەمیش بەبێ ئومێدی دەگەڕێتەوە ماڵەوە بە دەستی خاڵی! تێدەگات کە چی بەسەرهاتووە!

# پەیامی سیاسی قبیلە

زنجیرەی ١٦

د.عومەر عەلی



ISBN 978-168454167-6